نابوخەزنەسەرو مەملەکەتی بابل

دۆخی رامیاری و ئایین و نەتەوە کۆنەکانی عێراق

أحمد ربيع عبدالمنعم

وەرگێڕانی: گەرمیان محەمەد ئەحمەد



منتدى إقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com



للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

نابوخەزنە سەر و
مەملەکەتی بابل

دۆخی ڕامیاری و ئایین و نەتەوە کۆنەکانی عێراق

نوسینی: احمد ربیع عبدالمنعم
وەرگێڕانی: گەرمیان محەمەد ئەحمەد

چاپی یەکەم
٢٠١٧

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

زنجیرە(٥٩٦)

ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب: نابوخەزنەسەر و مەملەکەتی بابل
- بابەت: مێژوویی
- نوسینی: احمد ربیع عبدالمنعم
- وەرگێڕانی: گەرمیان محەمەد ئەحمەد
- دیزاین و بەرگ: فواد کەوڵۆسی
- شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج
- ساڵی چاپ: ٢٠١٧
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردن: (١٤٦١)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

ناونیشان:

سلێمانی ـــ سابوونکەران ـــ نێوان گەراجی عوسمانی تەمین و شوقەکانی تەکیە ڕووتە.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣) (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

پێڕست

پێشەکی ٥
بەشی یەکەم ١١
نیشتمانی نێوان دوو ڕووبار ١١
بەشی دووەم ٤٩
وڵاتی دوو ڕووبار لەسەردەمی حامورابیدا ٤٩
بەشی سێیەم ٢٨٧
نابوخەزنەسەر٥ و وێرانکردنی نەینەوا-٦١٢پ.ز ٢٨٧
بەشی چوارەم ٣١٧
نابوخەزنەسەر کێیە؟ ٣١٧
بەشی پێنجەم ٣٤٩
کارتێکراویی جولەکە بە بیروباوەڕی بابلییەکان ٣٤٩

پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ پادشای ئاسمانەکان و زەوی، سەلاوت خۆشەویستی بۆ دیاری بەڕێزترین بوون-محەمەدی کوڕی عەبدولا- و شوێنکەوتووانی و هەتا دوایی..

پەڕەکانی ئەم کتێبە تایبەتە بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ژیانی پادشایەك کە دەستەلاتەکەی هەر چوار ئاڕاستەی ژیاریيە کۆنەکانی دۆڵی جووت چۆمانی تەنیوە. لەسەر پاشماوەی گەلانی جۆراوجۆر خۆی بەهێزترکردووە، زۆریش سوودی لەو گەلانە دەبینی کە داگیری دەکردن، هەموو جۆرە تواناییەکی مرۆیی و دارایی ئەو میللەتانەی قازانج دەکرد، تاڕادەی گەمەکردن بەژیانیانەوە هەڵیدەسوڕاندن، ئەم پادشایەیش((نابوخەزنەسەر))ی پادشای بابلە، لەکاتێکدا لەودەمەدا بابل بۆ خۆی یەکێك بووە لە شارستانییەتە مەزنەکانی مێژووی کۆنی ئەوکاتی جیهان کە تاوەکو ئێستاش زۆر بیرتیژەزانای تووشی حەپەسانکردووە لە تێگەیشتنی. ئەم پیاوە -نابەختناسۆر یان نابو خەزنەسەر- هیچ کات نە لەیادگەی مێژووکراوە و نە لەبیریشدەکرێت.. بەلام باشە بۆچی؟ چونکە بە کارەکانی جێ پەنجەی خۆی لای گەلانی جیاواز بەجێهێشتووە و ئەوانیش لەمێژوو و تۆمارنامەکانیاندا ناو و بەسەرهاتیان

هـەڵگرتووە. هـەر ئـەم پادشـایە بـوو کـە پڕۆیشـتە ئۆرشـەلیم و خەڵکەکـەی ملکەچـکرد، سـێ جـار لەسـەر یەکـدی گـەمارۆی ئۆرشـەلیمی داوە تـاوەکو وێرانیکرد، پەیکەری پیرۆزی سلێمان ی-کە هی جووەکانە- تێکشاند.
لەسـاڵی(٦٠٥پ.ز) شـارەکەی داگیرکـرد و ڕێگـەی بـە پادشـا "یـەهویاکیم"دا بەناوی ئەمـەوە وەکـو ملکەچـەبوویەك فەرمانڕەوایـەتی بکات. هـەروەها لەسـاڵی (٥٩٧ پ.ز) دووبـارە نابوختنەسـسـەر گەڕایـەوە بـۆ پـەلاماردانی شـار و پاشماوەکـانی پەیکـەر و گەنجـەکانی و "١٠ هـەزار" شـازادەی لەگـەڵ خۆیـدا بردەوە بۆ بابل. بۆ دواین جاریش لەسـاڵی (٥٨٦ پ.ز) گەڕایـەوە بـۆ سـزادانی "سـەدکیای" پادشـای ئۆرشـەلیم لەبـەر ئـەو یاخیبوونـەی لەبەرامبـەر نابوخەزنەسـەردا ئەنجامیـدا... گـەمارۆی شـاریدا و دیوارەکـانی وێرانکـرد و خانـەی خـودای سـوتاند لەگـەڵ سـوتاندنی سـەرجەم خانووەکانی ئۆرشـەلیم.. هـەموو کتێبـە پیرۆزەکـانی گڕتێبـەردا و نـاوگومیکردن، جووەکـان -بـەپێی سەرچاوەکانی خۆیان- بۆ ماوەی حەفتا ساڵ بە لاوازیی و کۆیلایەتی لـە بابلدا ژیـاون. ئەمـەش تـاوەکو ئەوکاتـەبوو کـە ((کـۆرش))ی پادشـای ئێـران -بـاوکی ئیلامـی و دایکـی مـادد-ی هـات و ڕزگـاریکردن و ڕێگەیـدان بگەڕێنـەوە بـۆ نیشتمانی خۆیان،لەگەڵ مۆڵەتدانیان بە دروستکردنەوەی پەیکـەری پیرۆزیان، لەگـەڵ دووبـارە نووسـینەوەی پـەرتووکی تـەورات بەدەسـتی قەشـە عـەزرا. سـەرباری چـەندین ڕوودواویـتری تایبـەت بـەم پادشـایە کـە لـە تەوراتـدا تۆمارنووسکراوە، لەگەڵ ئـەو هـەموو ڕوودواوانـەی لەسـەردەمی ئـەودا بەسـەریان هاتووە و باسکردنی چۆنێتی فراوانبوونی دەستەڵاتەکەی و لایـەنی باوەڕێتییـە بتپەرسـتانەکەی و دواتـریش هاتنەسـەر بـاوەڕی خـودای گـەلی ئیسـرائیل.

سەبارەت بە داستانی هێرشی نابوخەزنەسەر بۆ سەر جوو یان عەرەب ئەوا دەگێڕنەوە کە خودا سروشی بۆ "بەرخیای حنیای" کرد و پێی گوت کە داوا لە "نابوخەزنەسەر" بکات هێرشی عەرەبەکانی ئیسرائیل بکات و ئەنفالیان بکات، هەربۆیە "نابوخەزنەسەر" سەرەتا لەو بازرگانە عەرەبانەوە دەستی پێکرد کە هاتبوونە سنووری دەستەلاتی-واتە ئەو عەرەبانەی هاتبوونە ناو زەوی میزۆپۆتامیاوە، زۆرێکیانی کوشت و ئەوانی تریشی لە تەلبەنێکی گەورە و لە زەوییەکی نزیك نەجەفی ئەمڕۆدا بەندکرد، هەر کە هەواڵەکە بلاوبووییەوە ئەو عەرەبانەی نزیکی سنووری دەستەلاتی بوون هاتن و خۆیان دا بەدەستییەوە داوای ئامانیان کرد (پارێزبەندی)، ئەویش لە "سواد" لە نزیکی "ئەنبار"ی ئەمڕۆ داینیشاند، وەکو خزمەتکار سوودی لێ دەبینین، ئەمە یەکەمین نیشتەجێبوونی عەرەب بوو لەخاکی دوو ڕووبار وەك چۆنیش سەرەتای نیشتەجێبوونی عەرەب بوو لە سنووری عێراقدا، بەتایبەت لە "حیرە" و "سواد" و "ئەنبار"ی ئەمڕۆدا. لەم شەڕەدا عەرەبەکان-خەڵکی ئۆرشەلیم-بەسەرکردایەتی عەدنان کۆبوونەوە، بەڵام "نابوخەزنەسەر" وێرانیکردن. سەبارەت بە ئامادەکاریی ئەم شەڕەیش ئەوەبوو کە لەپێشدا "نابوخەزنەسەر" وەکو سیخوڕێکی بلیمەت ڕووی لەشام کردبووو کاتێك بۆی دەرکەوت خەڵکەکەی تاقەتی شەڕکردنیان نییە لە سەرکەوتن دڵنیابوویەوە، لەم کاتەیشدا پادشای پادشاکان "لوڕاسپ" بووە، پێدەچێت "بەهەمەنی کوڕی پشتاسپی کوڕی لوڕاسپیش" بووبێت...کاتێك سوپا بەڕێکەوت خەڵکی شام و دانیشتووانی خانووی پیرۆز (بیت المقدس) پەیمانی ئاشتییان پێدا، بەڵام دواتر عەرەبەکان دژی پادشاکانی خۆیان وەستانەوە بەوەی سەرشۆڕی

کـردوون و ملکەچـییان بـۆ پادشـایانی بابـل و ئێـران نوانـدووە، هەربۆیـە "نابوخەزنەسەر" گەڕایەوە و وێرانحاڵیکردن، کردنی بەسێ بەشەوە، بەشێکی کوشـتن، بەشـێکی کردنـە دیـل و هێنـانی بـۆ بابـل، بەشـەکەی تریشـی لـە ناوچـەکانی تـری شـام نیشـتەجێکرد. لـەم کاتەیشـدا ئارمیـا پێغەمبـەری جولەکەکان –عەرەبە–کان بوو، بەڵام خەڵکەکە لە تاواندا ڕۆچووبوون...لەنێو ئـەو جـووە دیلانـەی کـە نابوخەزنەسـەر هێنـانی بـۆ بابـل ((دانیـال، حـەنانیا، عـــەزاریا، میشـــاییل)) هـــەبوو. لەئـــەنجامی شـــیکردنەوەی خەوەکـــەی نابوخەزنەسـەردا کـە نیشانەی تێکشکانی بوو بڕیاردرا بخرێنـە قەفەزێکـەوە و درنـدەترین ئاژەڵیـان تـێ بەربـدرێت، بـەڵام هیچیان لـێ بەسـەر نـەهات، بـەڵکو نابوخەزنەسـەر خـۆی گـۆڕدرا بـۆ شـێرێك و بـوو بـە ئـاژەڵ، دەشـڵێن کاتێـك نابوخەزنەسەر نـەیتوانی بـەم شـێوەیە دانیالی پێغەمبـەر بکوژێت بڕیاریـدا مـەی زۆری دەرخـوارد بدات و فـەرمانی بـە پاسـەوانی دەرگاپـارێزکردبوو هەرکەسـێك لێـرەوە هاتـەدەر بیکـوژە تەنانـەت گـەر وتـی نابوخەزنەسەریشـم، هەربۆیـە لـەم کاتەدا نابوخەزنەسەر خۆی بـۆ میزکردن هاتـەدەر و پاسـەوان کوشـتی وایزانـی دانیالە، دەشڵێن کە مێشولەیەك چووەتە ناولوتیـەوە و لەوێوە بـۆ نێودەمـاخی و لەئەنجامـدا شـتێکیان بـە کەلەیـدا کێشـاوە و مـردووە. سـەبارەت بەگەڕانـەوەی عەرەبـەکان بـۆ ئیسـرائیل ئـەوا لـەڕێی پشتاسـپی کـۆڕی لوهەسـپی پادشـای پادشـایانەوە بـووە، بـەڵام دەشـڵێن کـە ئەمـە کۆڕشـی مـەزن بـووە، بـەڵام کـۆڕش بۆخۆی لەنوسراوە بەجێماوەکانیدا باسی ئەوە دەکات بەئاشتی بابلی گرتـووە، بـەڵام بـە جـەنگ مـاد و لیـدیا (بـاکوری کوردسـتان) و میسـری ملکەچـکردووە. دوای مردنی "نابوخەزنەسەر" وردە وردە عەرەب چەکەرەیانکرد، بەتایبـەت لـە

یەمەن و بەحرەین و باشووری شام، یەکەمین عەرەبێك بە ڕاستەوخۆیی ڕووی لە عێراق کرد کەسێك بوو بەناوی((حیقادی کوڕی حنق)) لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی هەمەجۆردا، پاش شەڕێکی زۆر دەیانویست جێگەی خۆیان لەکەناری خاکی عێراق بکەنەوە، بەڵام ئەردەوانییەکان تێکیانشکاندن و دووریانخستنەوە.. هاتنی هۆزی عەرەبی بەرەو عێراق و دەستگەیشتن بە ئاوی سازگار بەردەوامبوو، بەرگریش لەلایەن دانیشتووانە ڕەسەنەکەی عێراقەوە دژ بە عەرەبەکان بەردەوامبوو، نەختە نەختە دەستیانگرت بەسەر بیابانەکانی ئەنبار و حیجاز تا یەمەن، بەڵام نەگەیشتنە زەوییە بەپیتەکان تا سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی.

لەم پەرتووکەدا ڕاست و هەڵەیی نێوان تەورات و مێژووی ئەوکات دەخەینە بەرباس، لەگەڵ دیارخستنی پەیوەندی نێوان نابۆختناسۆر و پەیامهێنەکانی نەوەکانی ئیسرائیلی هاوسەردەمی کچبردنەکە، ئەم پادشایە خەوێکی دیتبو دانیالی پەیامهێن بۆی ڕاڤەکردبوو، کە ئەو خەوەی ئامارژەی تیاچوونی چوار شانشایەتی مەزنبوو، یەکەمینیان شانشایەتی بابل بوو، دوای ئەویش شانشایەتی خودایی بەنی ئیسرائیل دێت کە تێکشکێنەرە بەهاودژی تیاچوونی هەمی ئەو دەوڵەت و دەوڵەتۆچکانەی لەسەربنەمای داگیرکاری و چەوساندنەوەی گەلان دامەزرابوون. جووەکان باوەڕیان ئاوهایە کە دوایین شانشایەتی چاوەڕوانکراویان دەوڵەتی دوایین پەیامهێنە-پادشا مەسیا-مەسیحی چاوەڕوانکراو، هەروەها مەسیحییەکانیش باوەڕیان بەهەمان شتی جووەکان هەیە، وەك چۆن موسوڵمانەکانیش چاوەڕوانی مەهدی و دابەزینەوەی مەسیح دەکەن، بەڵام مەسیحییەکان دەڵێن کە ئەو دواین پادشایە

خودی عیسای کوڕی مەریەمە، جووەکان لەمەدا هاوبۆچوونیان نین، بەجۆرێك وای دەبینن کە ئەو پادشا مەسیایە پێغەمبەرێکە هێشتا نەهاتووە، چونکە تایبەتمەندییەکانی عیسای پێغەمبەر هاوتەکی نییە کە لە کتێبی پیرۆزیاندا چاوەڕوانی هاتنین، لەمەدا جووەکان ڕاست و هەڵەییان بۆ دیاردەکەوێت و زۆرشتیان لەبارەوە گوتووە و نوسیویانە. ڕاستی لای جووەکان ئەوەیە کە "عیسای کوڕی مەریەم" پێغەمبەری چاوەڕوانکراویان نییە، قسەی کۆتایی و ماوە لای ئەوان ئەوەیە کە هێشتاکە نەهاتووە، لەکاتێکدا ئەگەری هەیە پێشتر هاتبێت و هاوتایبەتمەندیی پەسنەکانی کتێبی پیرۆزیان بێت، بەڵام هەر ڕقیان لێ بوبێوە و باوەڕ بەوەش ناکەن "عیسا" پێغەمبەری چاوەڕوانکراویان بێت، وەك چۆن باوەڕیشیان بە "موحەمەد" نەهێنا هەرچەندە نەوەی نەوەکانی ئیبراهیمیشە و لەگەڵ جووەکاندا یەك ڕەچەڵەکیان هەیە. کەواتە ئەم دواینی پێغەمبەرە کێ دەبێت؟ ئەی باشە بۆچی ڕقیان لەو بوبێوە؟ ئەی بۆ مەسیحییەکان گوتیان کە ئەوە "عیسای کوڕی مەریەم" بووە؟ کەی هاتووە؟ ئەی چی دەربارەی ئەو لایەنگرانەی کە تەواوی زەوی تەنیوە؟

هەموو ئەمانە لەم پەرتووکەدا بەپشتیوانی خودا ڕاڤەدەکەین..خودا یارمەتکارە..

گەرمیان محەمەد

کەلار-گەرمیان-باشوری کوردستان

٢٠١٦/٣/٣

٣:٣١ خولەکی سەر لەبەیان



بەشی یەکەم

نیشتمانی نیّوان دوو ڕووبار



شارستانییەتی بابل[1] یەکێکە لەمێژترین و مەزنترین ژیارییەکانی سەردەمی پاش پەیدابوونی مرۆڤایەتی، ژیاریەتی بابلی لەپێشترین ژیارییەکانی مرۆڤ کردەیە،

---

١) بابل(کوردۆنیاس): شاری بابل شارێکی کۆنی کوردنشین بووە و پێشتر بە کوردۆنیاس و خاکی گۆتییان ناسراوە، بەلای کەمەوە لە ٢ هەزاری پێش زایینداا لەلایەن گۆتییەکانەوە فەرمانداریی کراوە، کە گۆتییەکان بەشێکی بنچینەیی بوونی کوردن لەمێژوودا، دواتریش ئەکادییەکان لە نیوە دورگەی چۆلەوە کە دواتر بە هی عەرەبی ناسێندرا بەکۆچ و ڕەو دێنە ناوچەکە و، هەڵی دڵنەرمی و خۆ ئامادەنەکردوویی پاشاکانی ناوچەکە دەقۆزنەوە و، تێیدا بالأدەست دەبن، ئەمەیش بە سەرکردایەتی سەرجۆن (سەر+جۆن یان گۆن)ی مەیگێڕی پادشا ئەنجام دەدەن، دواتریش سەرانسەری خاکی سۆمەرییانی داگیرکرد و شارێکی ناونیا ئاکاد و کردیە پایتەخت، ئەوجا خۆیشی گەیاندە ئیلام، زمانی ئاکادی داگیرکار جێی زمانی سۆمێری/گۆتی کوردانی گرتەوە، تاوەکو ئەوکاتەی دیسانەوە لەلایەن گۆتییەکانەوە تیابراون لە (٢٢١٨ پ.ز)..شایەنی ئامازەیە ئەم سارگۆنەی بابل جیاوازە لە سارگۆنی ئاشوری کە خۆی بەهەڵگری ناو و ڕێبازی ئەم و تەواوکاری کارەکانی زانیوە، هەربۆیە زۆرجار تێکەڵاوییی لەناوەکاندا دروست دەبێت و بەیەکیان دەبینن..دوای ئەمە نەوەی سێیەمی شاری ئور یان ئاور (ئاگر) دەرکەوتن و لەلایەن شا (پیرۆز)ەوە کە سەرخێڵی (کوردۆنیان) بوو و بەسەر ئایینی (میردۆخی= میهرادۆسی)بوو، کتێبەکەشی ناوی (ئابستاق یان ئاڤێستا) بوو، فەرمانداری ناوچەکە کرا. هەرچی تایبەتە بە وشەی بابل ئەوا: لەوشەی: (پاپل، پاپەل=پەل پەل)ی هوری و سۆمێری کوردەوە براون، کە مانای وردە لقی درەخت دەگەیەنێت سەرباری پێی پلیاو یاخود پێییەکی نارێک، ئەمەیش هەمان مانای ئەو

زانیارییەکانی تایبەت بە مێژووی ئەم ناوچەیە گەلێك کەم بووە، تەنها کورتکرابویەوە لە ناواخنی دیارخراوی کتێبە مێژوویییەکانی تایبەت بەمێژووی ناوچەکە و هەموو ئەوانەی لە کتێبی پیرۆز -پەیمانی کۆن = تەورات-دا هاتوون، بەلأم دەوروبەری سالی (١٧٨٦ ز) کۆمەڵە نێو دەوڵەتییەکان هەستان بە هەڵکۆڵینی شوێنەوارەکانی نیشتمانی دوو ڕووبار، لەسایەی لێکۆڵینەوەی مەیدانییەکان و هەڵکۆڵینەوە، نەختە نەختە ئاشنابوون بە مێژووی ناوچەکە

سەردەمەیە دۆخی ناوچەی پاپلاو بووە، کە هەر چەند هەزار مەتریك و دەوڵەتێك فەرمانڕەوای ناوچەکە بووە، واتا هەر ئەو ناوچەیە دەوڵەتی وردەبوونە لەشێوەی لقە درەختی پەرت. هەروەها بابل واتە: بیابانی بۆش، بای بڵ، خاکی پێکدادانی شارستانییەتەکان، ناوچەیەکی کۆنە کوردنشینی بە عەرەب ڕووپۆشراوە. بابل: (باوبل، پاپل، بابئیل = باوکە خوا، خوای باوك، بابەل، بایبەل، بای ڕەپ و تیژ، بالیس= باپل = گێژۆڵکە، بالولکە، وردەگەلأ، باول، باولّ، شاری بابلی سۆمەریی و گۆتی، کوردۆنیان، کاردۆنیاس. با+بیل=باوە بی ل، باوە خوا، خوای گەورە. باب+ئیلۆ = باوئیلۆ = باوە ئیلۆ - باوکە خوا یان خوای باوك. باوبر، بابر، باویل، با ولّ). ئەگەری زۆریشە بابل هەمان شەنگار (شونگ+ئار=شانی ئاگرین)ی خۆمان بێت، چونکە لێکچوونێکی مێژوویی زۆریان لەنێواندایە، بەتایبەت لەچیرۆکی فەرمانڕەوایی نەمرود، هەروەها ناوچەی (ئورك یان ئور)یش دەگونجێت ئورفای باکور (روحا)، یاخود ئورفەی باشور (نوزی-کەرکوك-ئارابەخا-ئەرێ بەخا - ئاگری بەغا = ئاگری خوا) بێت، دەوڵەتەکەی نەمرودیش کە بە خاکی کوش یان گوش ناسراوە هەمان خاکی گوتییەکانە کە لە زمانەکانی تردا بە دەستەلأتی کوسییەکان هاتووە یاخود بە کاسیت و کاشی و کۆشو، بەتایبەت ناوی ئازەری وەزیری نەمرودیش کە مانای (ئاگر) دەدات و، ناوی دایکی ئیبراهیم پێغەمبەریش کە (ئوشا)بووە بەمانای خودای بەیانیان تەنها لەنێو کورداندا ئەم خودایە باوبووە (وەرگێڕ).

فراوانتر و قوڵتر دەبوو، پشتبەستنیش دەبوو بە بەڵگەی ماددی، واتە لەسەر بنەمای پاشماوە کۆنەکان.

١-بنچینە و جوگرافیای وڵاتی دوو ڕووبار[1]: زەوی بابل: خاکی وڵاتێکە

دەکەوێتە نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فرەهات(فوڕات)ەوە و

---

١) وڵاتی دوو ڕووبار هەمیشە ئامازەبووە بۆ خاکی کوردستان؟ چونکە ڕووباری فورات بەتەواوەتی لەباکوری کوردستانەوە هەڵدەقوڵێت و لە ڕۆژئاوای کوردستانیش چەند ڕووبارۆچکە و باراناوێکی تێ دەڕژێت و سەدان کیلۆمەتر لەخاکی کوردستان دەبڕێت ئینجا دەگاتە خاکی عەرەبەکان کە پێش لە هاتنی ئیسلام عەرەب لەناوچەی دۆڵی دوو ڕووباردا نەبوون و نەتەوەیەکی تازەن -هاوشێوەی تورکمانەکانی عێراق و سوریا و تورکەکانی ئێران بەگشتی و تورکەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و هەمەدان و هەمەدان بەتایبەت، زۆرم سەیر لێدێت شاری هەگباتانا کە پایتەختی میدەکا بووە چۆن ئێستاکە پڕبووە لە تورک؟ ئەی ئیلام و ئازەربایجان کە تورکە کۆنەکۆیلەکان ئێستا بوونەتەسەردار-، هەرچی ڕووباری دیجلە یان دەچڵەشە ئەوا لە ڕۆژهەڵات هەڵدەقوڵێت و لە باشور ڕێڕەوەکەی تەواودەکات سەرباری ڕووباری خابور و هیزڵ کە لە باکورەوە دێنە باشورەوە و دەبنە بەشێکی دەچڵە و ئینجا دەگاتە داگیرگە عەرەبییەکان، واتە بەپوختی وڵاتی میزۆپۆتامیا ئامازەی خاکی کوردانە و شارستانییەتی میزۆپۆتامیایش شارستانییەتی کوردە. ناو چۆمان: (ناوڕووان، نێوان دووزێ، میزۆپۆتامیا، نێوچۆمان، هاوران): (وەرگێڕ).

بەشی زۆری سۆمەرییەکان لە باکوری باشووری کوردستان و بەشی باکور و ڕۆژئاوای کوردستانەوە هاتوون و لەناوچەی گەرمیاندا نیشتەجێ بوون و وردە وردە لەگەڵ کشانی ئاوی کەندراوی کوردزۆم-کەندراوی عەرەبی یان دەریای خواروو-بەرەو خوارکشاون و..هتد. میتانیەکانیش بنەماڵەی خانەوادەی پادشایانەی سۆبارییەکان (سۆپەرییەکان)ی کوردی کۆن لە دەوروبەری (٣٥٠٠ - ٣٣٦٠ ساڵ) لەمەوبەر دەوڵەتی سۆباری میتانی کوردیان

لەڕۆژئاوایشەوە تاوەکو سارا دەکشێت، ڕووبەرەکەشی نزیکەی "٤٠٠ میل" درێژیی و "١٠٠ میل" پانیی بووە، زەوییەکەشی بەزۆری پانەڕۆ و دەشتایی بووە[1]. خاکی نێوان دوو ڕووبار ((بیس نارین=بیت نەهرین Beth Nahrain بە وەرگێڕانی ئارامی)) یاخود میزۆپۆتامیا[2] ئەو نیشتمانەیە کە دەکەوێتە

پێکهێناوە لە کوردستان هاوشانی کاسییەکان بنەماڵەی پادشایانەی سۆمەری کوردی و هەروەها هاوسەردەمی فیرعەونییەکان بوون، پایتەختی (بان تەختی) فەرمان ڕەوایەتیاین لە شاری واشوکانی لە کوردستانی خۆرئاوای ئەمڕۆ بووە. بەزمانی سۆمەر نووسیویانە و خوێندویانە و چەندین نوسراویان هەیە لە لای فیرعەونییەکان و شوێنەکانی تر، شاری نوزی کە نزیک کەرکوکی ئێستایە شاری گەورە و پڕ بایەخیان بووە، بەردەوام لە شەڕی بەرگریدابوون لەگەڵ ئاشوورییەکان تا لەسەردەمی "ئاشور ناسەر بال" لەدەستەلآتخران و خۆیان تێکەڵاوی گروپە کوردییەکانی تر کرد، بەپێی هەندێ لێکۆڵینەوەی زانایانی میژوویی کورد دەرکەوتووە بنەماڵەی میتانییەکانی پادشایی باپیرانی ماددەکانن لە ڕابردوودا، هەربۆیە ماددەکان ئاشوورییەکانیان شکاند و بەزاندیان و لەناویان بردن بۆ هەتا هەتایە، لە ساڵی "٦١٢ پ.ز".

١) نووسەر کەوتۆتە هەڵەوە، ئەم درێژی و پانییەی باسی لێوەدەکات ڕووبەری دەوڵەتی عێراقی ئێستایە کە لەساڵی "١٩٢١ ز" و بگرە لەساڵی "١٩٢٥ ز" بەتەواوەتی دروستکراوە کە بەشێکی میزۆپۆتامیایە نەوەک هەموو میزۆپۆتامیا، بگرە بەشێکی ناوچەی کەربەلا و ئەنبار هەرگیز بەشێکی میزۆپۆتامیا نەبوونە و ناوچەی شارستانی نەبوونە کە ئێستاکە بەشێکی عێراقن و بەمیزۆپۆتامیا حسابدەکرێت، لەبەرامبەردا ناوچەیەکی زۆری ڕۆژهەلآت و باکور و ڕۆژئاوای کوردستان کە خاکی میزۆپۆتامیابوون و ئێستا لەنێو دەوڵەتی عێراقدا نین بە میزۆپۆتامیا حسابناکرێت، کەواتە ئەمە لادانێکی میژوویی و هەڵەیی گەورەیە.

٢) بەیت نەهرەین وەرگێڕاوێکی ئاسایی ئارامیانە بۆ دیاردە و ناوەکانی ناوچەکە، بەهاوشێوەی وەرگێڕانیان بۆ هەموو چەمکێکی کوردیی، بۆ نموونە: گەرمیان: ناوچەیەکی

نێـوان هـەردووک پووبـاری دیجلـه و فوراتـەوه. نیشـتمانی سـۆمەری و گـۆتی و ئەکەدییەکانـه، هـەروەها ناسراویشـه بـه بابـل (باب+ئیـل - خانـەی خـودا یـان دەرگای خودا)، خاکی ئەم ولاّتە لەمڕۆدا بـه ئـاراك یامـەکی عێـراق دەناسرێت و دابەشی دوو جۆر لەخاك و ناوچە دەبێت:

١- بەشـی باکوور: پێکدێت لـه دۆڵ و بـەرزایی چیایی، پێشـتر ئاشـوورییەکانی تیابووە[1].

مێـژوویی کوردسـتانە (کـەلار و خانـەقین و کفـری و خورمـاتو و چەمچـەماڵ و کـەرکوك و چەندین شار و شارۆچکەی تر دەگرێتەوە). لە بنەڕەتدا ناوەکە پێکدێت لە (گەرم+یان) کە لـە کوردیدا مانای (ناوچە/دەڤەری گـەرم) دەدات. وشـەی (گڕ) لـە کوردیـدا مانـای (ئاگر، کلّپـە) دەدات و لە سۆمەریدا (گڕ) مانای کلّپە دەدات و (گڕ/گرە) ناوی خوای ئاگرە، وشـەی (ماھ) لـە سۆمەریدا مانای گـەورەی هەیـە و هـەتاوەکو سـەردەمی میدەکان و دوای هاتنی ئیسـلامیش ئـەو وشـەیە لـە کوردیـدا مابوو و لـە زمـانی پەهلەویـدا هـەمان مانـای هەیـە. پاشـگری (یـان) وشـەیەکی هوری و کوردییە، مانای (خانوو، شوێن، ناوچە) دەدات. وەك لـە ناوی (ئاریـان - ئار+یان = ناوچەی ئاگر، یان بازیان)دا باسکرا، وشەکە بەرامبـەر وشـەی (بیـت) ی ئارامییـە. ئارامییەکان لە کاتی هاتنیان بۆ ناوچەکە، زیـاتر لـە دوو هـەزار سالّ لەمەوبـەر ناوی ناوچـە کوردییەکـەی گـەرمیانیان نیـوە تەرجومـەکردووە بـۆ (بیـت جرمـای-بیـت گرمـای) و دوایـی عەرەبـەکان کـە لەگـەلّ هـاتنی ئیسـلامدا هاتنـە عێراقـی ئـەمڕۆ، ئـەو ناوەیـان لـە سـەرچاوە ئارامییەکانـەوە وەرگرتووە و ناوەکـەیان کـردە (باجرمی- باگرمی). بـەڵام گۆڕینەکـە سـەری نەگرت و ناوە دێرینە کوردییەکە وەك خۆی هێڵراوەیەوە بە (گەرمیان).

١) نوسـەر لـەبیری کـردووە کوردەکـان بـەر لـە ئاشـوورییەکان لـەویا ژیـاون و لەلایـەن ئاشوورییەکانەوە داگیرکراون و دواتریش کوردەکان خۆیان ڕزگارکردۆتەوە -هـەروەها لـە زۆر سەرچاوەدا باسی داگیرکردنی ماننایی و خێڵە کوردەکانی تری کوردسـتانی گـەورە هـەمان بـاس و کـاتی داگیرکـاری تورکـەکانی بەسـەرکردایەتی ئەفراسـیاو، کەواتـە پێدەچـێت

هەردوکیان یەکبن، یان ئاشوریيەکان تورکن یاخود تورکەکان ئاشورین، بەتایبەت لەباسی جەنگی سەرجۆنی دووەم و داگیرکردنی دەوڵەتی مانناىی (میدی) لەساڵی (٧١٥پ.ز) و گرتنی دایاکۆ و هەناردنی بۆ حومز لە شام وەکو دیل- بەهاوچەشنی دۆخی هەرێمی کوردستان و دروستبوونی دەوڵەتی عێراق تا ساڵی "١٩٩١ز".دەشبێت ئەفراسیاو تورك نەبووبێت، بەڵکو کوردبێت، بەڵام شێوەزاری قسەکردنی لەگەڵ ماددەکاندا جیاوازبووبێت، چونکە مێژووی بوونی تورك لەئێران و ناوچەکەدا بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ دوای فتوحات نەوەك پێشی... ڕەنگە ئاشوریيەکانی ئەوکاتیش لە ڕووی نەتەوەوە جیاییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ خێڵە کوردەکانی تری نزیکیاندا نەبووبێت تەنها جیاوازییان خواکەیان بووە، کە ناوی ئاشووریيان لەوەوە وەرگرتووە، ڕەنگیشە چینە دەستەڵاتدارەکەی ناوچەکە نەتەوەیەکی تربووبن، بەڵام زۆرینەی خەڵك و دانیشتووانەکە هاونەتەوە و زمانی کوردانی ئەوکاتی نزیکیان بووبن، وەکو دۆخی ناوچەکانی موسڵ و دیالە و کەرکوکی سالأنی "١٩٩١ز بۆ ٢٠٠٣ز"کە دانیشتووانەکەی کوردبوون و لەلایەن عەرەبەوە فەرمانڕەوایەتی کراون. هەرگیز نابێت دشداشە خاوەنی شارستانییەتی ناوچە سارەکان بێت. بۆ ئەوەی بزانیت گەلێك لەمێژوویدا شارستانییەتی هەبووە دەبێت لە شێوازی دروستکردنی گوندەکانی و کەرەستەی بەکارهێنراوی بیناسازیی و چەند جۆریی جلەکانی و بوونی پێڵاو و هەڵکۆڵین لەمێژووی کلتوورییاندا بکۆڵیتەوە، تکایە لای خۆتەوە بەراوردێکی کورد و عەرەب و تورك و فارس بکە. مێژووی دەرکەوتنی نەتەوەکان لەناوچەکانی موسڵ و کەرکوکدا دەتوانین بەمشێوەیە ڕیزبەندی بکەین :

ا- دەرکەوتنی مرۆڤی کوردیانی و گۆتی و پاشان داگیرکاری ئاشوریی بە "٣٠٠٠ ساڵ پ.ز" بۆ ناوچەی موسێڵا و ئارراپخا.

ب- هاتنی عەرەب بۆ ناوچەی موسڵ و ئاراپخا یان کەرکووك، لە "سەدەی ٧ ی زاینی"، بەبیانوی گەیاندنی پەیامی ئیسلامەوە کۆمەڵێك لەعەرەبەکان لەوناوچەیە نیشتەجێ کران.

ج- هاتنی هۆزە تورکەکان دوای "سەدەی ١٣ ی زاینی"، بەسەرۆکایەتی هۆلاکۆ و دواتریش تەیمورلەنگ و ئینجا عوسمانییەکان بۆ ناوچەکە.

٢- بەشی باشوور: ئامارژەیە بۆ ناوچە زەلکاویی و نەشیاوەکان بۆ ژیان، بەتێپەڕینی سالّ و کۆبوونەوەی ئەو خاکانەی لەڕێی هەردوو ڕووبارەکەوە دەهاتن خاك دروستبوو و گونجا بۆ نیشتەجێبوون، دواتریش لەم دەشتەی باشوور خەڵکی نیشتەجێبوون و ناسرا بە دەشتی سۆمەر.

نیشتمانی دوو ڕووبار چەندین شارستانییەتی مایەی شانازی بۆ مرۆڤایەتی تێدا هەڵکەوتووە و کۆنترینیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەردەمی سۆمەرییەکان[1] بە "٣٧٠٠ سالّ پ.ز". بنچینەی دانیشتووانی عێراق

---

[1] سۆمەر: (سورمیری، کیانجیّ = کێویانجیّ = کوردیانجیّ، کەی+جیّ=پادشای ناوچەکە، سۆمار، ساومەر، ساومری، سورمار، سۆمار، سەومار، سورمێر، سورمێری، سورمیری، سامەر، سورمر= سەر ڕەشەکان. سەرزەمینی ژنان). شومرد= گومرد بەواتەی بەڕێز و مەزن بەکوریی، جومرد=جیّ مەرد، شوێنی پیاوی بەغیرەت، گەورەی شوێن. سۆمەرییەکان بەپێی دەقی بزماری سۆمەری ناویان (کەی ئان جیّ = کیانجیّ)بووە، کە بەزمانی سۆمەری واتە: ((سەرداری شوێن))، وشەی ((کەی)) لەزمانی کوردی کۆندا مانای ((کاکە یان سەرگەورە یاخود سەرا))ی داوە، زۆرینەی سەردارانی پێشینەی کوردیش پێشگری ((کەی))یان هەڵگرتووە، وەکو: ((کەی خەسرەو، کەی قوباد، کەی کاوس، کەی سەرا = کیسرا))، تەنانەت تاوەکو ئێستا وشەی ((کەی و کەلای))ی بەمانای بلیمەتی و نەبەزیوی بەکاردێت؛ سەرباری کاکە، هەرچی تایبەتیشە بە بڕگەی ((جیّ)) ئەوا هەر وشە کوردییەکە بەمانای ((جێگا یان شوێن)) دێت، کەواتە سۆمەرییەکان ناویان ((کەیانجیّ)) بووە، بەمانای ((سەرگەورەی ناوچەکە)). کێویانجیّ، ئاکنجیّ. زەوی شنگار. هەرچی سۆمەرییەکانە بەدڵنیاییەوە پێش کۆچکردنیان بەرەو باشوور لە چیای زاگرۆس و حەسارۆستدا ژیاون و بەهۆی بوونی زەوی فراوان لەخواروی باشووری زەویەکانیان و باری گونجاوی کەشوهەوا و سامانی گەورەی ماسی و درەخت و خاکی بەپیت و نەبوونی خێڵی شەڕانگێزی

دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خێڵانەی لە شەش هەزاری پێش زایینەوە لە ڕۆژهەڵات و باکورەوە کۆچیان بۆ دۆڵی دوو ڕووبار کردووە. دواتریش لە نیوە دوورگەی عەرەبەکانەوە کۆمەڵێك خێڵی کۆچەری بەناو ئاکاد هاتنە ناوچەکە و دواتر بوون بە فەرمانڕەوا.

شایەنی ئاماژەپێدانە هەرچی تایبەتە بەبنچینەی ناوی عێراق ئەوا چەندین ڕاوبۆچوون هەن لەوانەش: هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسان دەیگێڕنەوە بۆ ناوی شاری ئاورك (ئاگر)ی سۆمەری کە ئێستا پێی دەڵێن وەرکا، هەروەها لە داستانی گێلگامێشدا باسی شاری وەرکا کراوە بەوەی گێلگامێش هەستاوە بە دروستکردنی شورایەك بەدەوری شارەکە و پەرستگایەك بۆ خودای عەشتار، لەکاتێکدا هەندێکی تری وای دەبینن بنچینەی ناوەکەی لە وشەی ئاراکی مانای کەناری لمین یاخود زەوی بەردەڵان و گزەنگی ڕۆشن و دەمی بەیان و زەوی خۆرەوە هاتووە، لەکاتێکدا هەندێکی تر وشەی عێراق دەگێڕنەوە بۆ

هاوسێیانەوە کۆچیان بۆ باشوور کردووە و شارستانییەتی خۆیان لە باشووری کوردستانەوە بۆ باشووری عێراقی ئێستا گواستۆتەوە. لەمکاتەدا دانیشتووانی دوورگەی عەرەبی و باکوری ئەفەریقیا بەدەست برسێتییەوە دەیاننالاند، هەربۆیە ڕێگەی هاتوونەهاتی کۆچیان گرتەبەر تاوەکو گەیشتنە ڕۆژئاوای فورات و لەوێدا بەناوی ئەکەدییەوە نیشتەجێ بوون و بەرەبەرە تێکەڵاوی میدییەکان بوون، تەنانەت ((سەرجۆن)) گەورە پادشای داهاتوویان مەیگێڕی پاشای سۆمەری شاری کیش بووە، دواتر ئەکەدییەکانی هێنایە سوپاوە و بەنهێنی ڕێکیخستن و جەنگی لەدژ خاوەن زەوی دەستپێکرد...هتد. پاش لە "ساڵی ٢٠٠٤ پ.ز" و کەوتنی بنەماڵەی ئاوری سێیەمی سۆمەری زمانی سۆمەری پەکی کەوت وەك چۆن دەستەڵاتیشیان نەما. (وەرگێڕ).

وشەی عرق یاخود دەماڕە خوێنبەر، یان بەناوی ڕەگی دارخورماکانی باشووری عێراقەوە ناونراون! لەکاتێکدا کۆمەڵێکی تر وای دەبینێت کە بنچینەی ناولێنانی عێراق وشەی ئەراکەیە بەمانای ناوچەی پێ قوتدەر.

٢-بنچینەی دانیشتووانی نیشتمانی دوو ڕووبار:

دانیشتووانی جووت ڕووبار لەبنچینەدا سەر بە دوو ڕەگەزی لێکجودان: سۆمەرییەکان کە دانیشتووانە ناسامییەکانن و لە باشووری عێراق و لەسەر دەریای خوارو (کەنداوی عەرەبی-کوردیۆ) و بەرەو باکوور گیرساونەتەوە، تاوەکو ئێستایش لێکۆڵینەوەی زۆرکراوە سەبارەت بە بنچینە و شوێنی هەوەڵینی کۆچکردنی سۆمەرییەکانەوە، هەندێك باوەڕیان وایە لەبەرزاییەکانی لوڕستانی و بەرەو خوارترەوە هاتوون، لەکاتێکدا هەندێکی تر وای دەبینن لە ڕۆژهەڵآت و باکوری عێراقەوە هاتوون، واتە لە هەرێمی کوردستانەوە.

ڕەگەزی دووەمیش ئەکادییەکانن کە لە باکورتر گیرساونەتەوە و ڕێك لە دوورگەی عەرەبەوە هاتوون و لە ئاکادی باکووری سۆمەردا گیرساونەتەوە، ئەگەری هەیە هەر ئەمانیش باوەگەورەی سەردارانی ئاشوری.

هەندێك لە زانایان وای دەبینن سۆمەرییەکان سەر بە ڕەگەزی سامیین، بەڵام توێژینەوە ئەنسرۆپۆلۆجییەکان هەڵەیی ئەمەیان سەلماندووە، بەڵکو نزیکێتییان لە ئارییەوە چەسپاندووە.

نیشتمانی دوو ڕووبار دابەشی دوولەتکرابوو، ((سۆمەر)) لەباشوور و ((ئاکاد))یش لە باکوور. لەکاتێکدا سۆمەرییەکان توانیویانە دەستبگرن بەسەر خاکی جووت چۆماندا و بۆ ماوەی چەند هەزارسالێ فەرمانڕەوایەتی بکەن، ئەم

ماوەیەیش بەسەردەمی سۆمەر دەناسرێت و ئەو شارستانییەت و پاشماوانەی لەو ماوەیە بەجێماون بە ئاسەواری سۆمەرییەکان دەناسرێت. دوای ئەمانیش دەستەلآت گواستراوەتەوە بۆ ئاکادییەکان و لەلایەن "سەرجۆن"ی پادشایانەوە دەستگیراوەتەسەر هەموو خاکی جووت ڕووباردا[1]، ئەمەش بەهۆی ناکۆکی و لاوازیی پادشاکانی ولآتۆچکەکانی سۆمەر و بەردەوامی شەڕوشۆیان لەسەر دەستەلآت بووە، لەوسا بەدواوە ناوی دەستەلآت و خاکەکە گۆڕدرا بە ((ئاکاد)) و ((ئاکادی))ی. دواتریش ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکە لەنێوان ئاکادی و سۆمەرییاندا بەهێز دەستاودەستکراوە و بەماوەی ((سەواکدی))ی دەناسرێتەوە تاوەکو سالّی((۱۷۹۲پ.ز)) و هاتنی پادشای یەکخەری ولآت.

---

[1] ئەکەدییەکان گروپی خێڵگەلی بیابانی، بە شمشێر و ئاگر و خوێن پەلاماری کەیانجێ / سۆمەرییەکان و گووتییەکانیان داوە و کوردی لولوبی (لاولاوییەکان) یان جینۆساید کرد و لەناویان بردن، بەتایبەت لەسەر دەستی نارام سین کوڕی مانیشتو سوی کوڕی سەرکۆن کە پاش کوشتنی مامی هاتە دەسەلآت لە نێوان سالآنی " ٢٢٥٤– ٢٢١٨ پ. ز"لە میزۆپۆتامیا کە پاشتر گووتییەکان (کوردە کۆنەکان) هاتنەوە و لەناویان بردن و سۆمەرییەکانیان ڕزگارکرد و حوکمی کۆنفیدراڵییان گەڕاندەوە بۆ سۆمەرییەکان (شارە دەوڵەت)، پاشان ئەوانیش –گوتییەکان– وردە وردە پاشەکشەیان کردەوە بۆ چیاکانی زاگرۆس و دەشتەکانی گەرمیانی سەروو، هاوشێوەی سەردەمی سەلآحەدینی ئەیوبی و کەریم خانی زەند کە پاش مردنی پادشا یان سەرگەورەکەیان نەوەکانیان هەموو دەستەلآتەکانیان بەتەواوەتی دۆڕاندووە و بگرە خۆشیان دۆڕاندووە و خاکی باوانیشیان وێرانبارکردووە. کەوتنی سۆمەرییەکان بەهۆی پارت پارتێنەوەبووە، هاوشێوەی ئێستای دۆخی پارچەکانی کوردستان (وەرگێڕ).

٣- لە حامورابییەوە بۆ نابوخەزنەسەر:

ا- لەدەسپێکی هەزارەی دووەمی پێش زایینـدا لەعێراقـدا خێزانێکـی نـوێی فەرمانڕەوایەتی دەرکەوت کە ناسرا بە "خێزانی بابلی یەکەم" ئەمەش لەنێوان سـالأنی (١٨٩٤-١٥٩٥پ.ن)بـوو، بـەناوبانگترین پادشـایانی ئـەم زنجیرەیـە حامورابی بوو (١٧٢٨-١٦٨٦پ.ن)، کـە لـە کەسێتیدا کۆمـەڵێك تایبەتمەندی نـاوازەی تێـدا کۆبووبوویـەوە و وەهـای لێکردبـوو ببێتـە سـەردارێکی سـەرکەوتووی دیـاری ڕامیـاری و چاکسـازخواز و یاسـادارێژێکی بلیمەت..حامورابی توانی دەوڵەتۆچکە دابەشبووەکانی نێوان (ئاکاد، سۆمەر) یەکبخاتـەوە ناوی لێنـان "بابـل" یـاخود وای لـێ ناونرا، تەنانـەت دەستەڵاتی گەیشـتە دوایـین خـاڵی بـاکووری ئاشـووریش. دواتـریش جـەنگ لـە نـاوخۆی ئیلامییەکانـدا ڕوویـداوە و حامورابی بەسـەر ئەواندا سـەرکەوت. دوای ئەمـەش بـەرەو بـاکووری نیشـتمانی جـووت ڕووبـار و بـەرەو ناوچـەکانی مـانگی پیتـدار هەنگاوی هاویشتووە و دیارترین کارەکانیشی میلە یاساییەکەی بووە.

ب- هەرچـی تایبەتـە بـە میلەکـەی ئـەوا تیـابووی ٢٨٢ ماتـەی یاسـایی جۆراوجیاواز بووە[1].. پاش حامورابیش پێنج پادشای دیکە سەرفەرمانداری

---

[1] یەکەم کەس کە یاسای داناوە ((ئاور کاجێنا))ی پاشای شاری ئور (ئاور) و دوای ئەمیش بـە ٢٠٠ سالّ ((ئاور نامۆ)) یاسای داڕشتۆتەوە و ئینجا هامووڕابی (هامور = گشت+ ڕا- ڕێگە، بی= بوو= ڕێگە بۆ هـەموان هـەبوو، یـان خودای فراوانیـی و ڕێگـە ڕۆشـنکار) هاتۆتـە گۆڕەپانەوە.

دەتکۆژم ئەگەر یەکێك لەم شتانەی خوارەوە بکەیت:

ئەوە سەردێڕی یاساکانی حامورابی بوو کە لە ساڵانی (٣٧٢٨-٣٦٨٦) ژیا و لەدەستەڵاتدابوو، چەندین یاسای دانا و زۆر بەتووندی تا ئاستی کوشتن سزای دەدا لە زۆربەی مادەکانیدا. زۆربەی خەڵکی و یاساناسانیش هەروا دەزانن ئەو یەکەمین کەس بووە لەیاساداناندا، بەڵام ڕاستییەکەی یەکەم کەس ئەو نەبوو. ئەو سێیەم کەس بوو..

دووەم کەسی یاسادانەر ئاور نمو: (ئاور)ی پادشای مەزنی بوو یاسای داد و سزای لەمێژووی مرۆڤایەتی نووسی و بەکاریهێنا کە زیاتر خۆی لە سزادانی یاسایی و ماڵی و پارەدا دەبینییەوە و هاوشێوەی سزادانی ئەمڕۆی زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا بووە..

ئاور ناممو دامەزرێنەری زنجیرە بنەماڵەی ئاوری سێیەم بووە لە سەردەمی سۆمەرییەکان/ کەیانجێ و ماوەی "١٧ سالێ "حوکمی کردووە لەنێوان ساڵانی (٤١١٢ - ٤٠٩٥) سالێ بەر لەئێستا، لە خواروی میزۆپۆتامیا لە شارە دەوڵەتی ئاور، بەچەندین نازناو ناسراوە: ((پادشای ئاور و، پیاوی مەزن و، پادشای خاکی سۆمەر))، لە چاخی ژیانەوەی سۆمەری بووە و (٣٠٠ سالێ/سار)بەر لە هامووڕابی یاسای بۆ یەکەم جار لە کۆمەڵگا و فەرمانڕەوایەتی بەکارهێناوە لەمێژووی مرۆڤایەتی، کە بە دووبەش دۆزراونەتەوە مێخە تابلۆکانی بەشێکیان لە (نفر) و بەشێکی تریان لە (شوێنەواری) شاری (ئاور) لە خواروی میزۆپۆتامیا، کە بەشێکی خوراوە و کۆژاوەتەوە یان ناخوێنرێنەوە، بەڵام ئەوەی کە لەبەردەستدایە ئاوایە بەکورتی: مادەکانی لە "٣١ دانە" پێکهاتوون و ناسراوە بەیاساکانی ئاور-نمو (ئاوری مەزن) لە (٤١١٢سالێ) بەر لەئێستا و(٣٠٠ سالێ) پێش هامووڕابی: لە (مادەی ٤ تا مادەی ١٢)باس لە هاوسەرگیری و جیابوونەوە و نیشانەکردن و خیانەتی هاوسەری و سزاکانی دەکات کە زۆربەی بە پارە و سزا خەملێنراوە و مادەیەکی بە کوشتنە، (مادەی ٦و٧و٨) دەربارەی جیابوونەوە و مافەکانی ژن و هەردوولایە، (مادەی ١١) دەربارەی سزادانی کەسی شکاتکەر و بوختانچی درۆزنە لەسەر دووهاوسەری تر! (مادەی ١٢) دەربارەی مافی تازە زاوایە کە هەرچییەکی خەرجکردبوو بۆی بگێڕدرێتەوە لەکاتێکدا کچەکە یان ژنەکە بدرێت بە کەسێکی تر، (مادەی ١٣و١٤) دەربارەی ڕاکردنی کۆیلەیە، (مادەی ١٣تا

بنەماڵەیان بووە لەبابلدا، دواییەنیان ناوی"سمسودیتانا" بووە کە لە سەردەمیدا لەلایەن حیسییەکانەوە هێرشی کراوەتەسەر و پاش لاوازبوونی داگیریانکردووە، پایتەختەکەیان وێرانکردووە و هەرچی گەنجینەی تیابووە دزیویانەتەوە و بەرەو چیاکانی تۆڕۆس گەڕاونەتەوە. ئەمەش لەساڵی "١٥٩٤پ.ز" بووە. دەوڵەتەکەی حامورابی نزیکەی دوو سەدە بەردەوامبوو، چەرخی دوای ئەم چەرخەیش ناوبراوە بە" چەرخی بابلی ناوەند" یان"چەرخی حیسییەکان "کە دەمێکی تاریکستانی عێراق بووە.

ج- ئاشوورییەکان:

بنچینەی ئاشوورییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خێڵانەی لەنیوە دوورگەی عەرەبەوە هاتوونەتە ناوچەکە، بەتایبەت دوای "٤٠٠٠ ساڵ پ.ز"، ئەو خێڵانە بنچینەی شاری ئاشوریان دامەزراند، لەکاتێکدا هەندێکی دیکە باوەڕیان وایە لە باشووری عێراق و لەخاکی بابلەوە هاتوون و لەسەردەمی "ئەکادییەکان"دا

مادەی ٢٣) دەربارەی ئازاد کردنی کۆیلە و هەروەها مافەکانی و سزادانی کۆیلە لەکاتی هێرشکردنە سەر خاوەن کۆیلە، (مادەکانی ٢٥ و ٢٦) دەربارەی شایەتی درۆییەنە و سزادانی بە (١٥ شاقڵ)، (مادەکانی ٢٦ تا مادەی ٣٠) دەربارەی زەوی و کشتوکاڵ و کێشە و چارەسەر و سزاکانی. تێبینی ئەگەری هەیە ئەم بابلەی ئێستا (مەبەست شاری حیلەیە) پایتەختی حامورابی نەبووبێت، لەوانەیە هەر خودی شاری شوشی پۆژهەڵات بووبێت و بەهەڵە و سیاسییانەی بەپێی دۆخی ئەوکات لێکدانەوە بۆ شوێنی دۆزینەوەی میلەکە و پارچەکانی لەناوچەکانی دیکە کرابێت، هەروەها وڵاتی دوو ڕووباریش پێناچێت عێراقی ئێستابێت، هەرکەسێك شارەزایی لە زانستی ڕووبار و ڕێڕەویان و گۆڕانی بەپێی سەردەمەکان و چاخە جیۆلۆجییەکان هەبێت هەمان گومانی دەبێت، سەرباری ئەو پاشماوانەشی لێی دۆزراونەتەوە، ئەگەری هەیە شەنگال بابلی یەکەم بووبێت (وەرگێڕ).

هاتوونەتە باکوور و لەوێدا "ئاکنجێ" کراون یان بوون، ئەوەی پشتیوانی ئەم قسانەیە هاو زمانییانە لەگەڵ "ئاکادییەکان"دا کە شێوەیەکی زمانی "بابل"یان بووە، زۆرینەی شارەزایانیش باوەڕیان وایە ناوەکەیان بەهۆی پەرستنی خودای" ئاشور"ەوە وەرگرتووە.

"ئاشورییەکان" لە بەشی باکووری عێراقدا نیشتەجێبوون و لەدەقە بزمارییەکاندا بە"نیشتمانی ئاشور" ناسراوە، وەکو هەر بەشێکی تری ئەم خاکی عێراقە بینەری ژیانی چەرخی بەردینی کۆنبووە بەدەمێکی زۆری پێش لە بەشە باشوورییەکەی. هەروەك چۆن لەچەرخی بەردینی نوێدا گوندی کشتوکاڵی لێدەرکەوتووە.

د- دەوڵەتی کلدانی" بابلی نوێ":

ئاشورییەکان گەورەترین ئیمپراتۆرییەتیان دامەزراند لەمێژوودا تا ئەو کاتە، بەڵام بەهۆی کەمی شارەزایی لە باشیی بەڕێوەبردنی کاروباری ئیمپراتۆرییەتێکی بەم قەبارەیەوە، لە پووی زۆری گەل و بیروباوەڕی و کلتوور و ڕووبەریشەوە، هەربۆیە ئیمپراتۆریەتی ئاشوری دەستیدایە خۆخواردن و ئەمەش هەلێکی بە کلدانییەکاندا بەسەردارێتی نابۆپۆڵاسەر (٦٠٦-٦٢٥پ.ز) دەوڵەتی دووەمی "بابلیی" دابمەزرێنن.

کە فەرماندەری بابل بوو-مەبەست نابو پۆڵاسەرە-، لەگەڵ میدەکانی هاوپەیمانیدا لە دیوی ڕۆژهەڵاتەوە کشان و لەساڵی (٦١٤پ. ز)دا ئاشوریان تەفروتوناکرد. دواتریش بەردەوامبوون بەکشان بەرەو نەینەوا تا ساڵی (٦١٢پ.ز). دواتریش سوپای ئاشوری لە حەران لە ژێر سەردارێتی " ئاشور باڵیت"دا گیرسانەوە و پەنای یارمەتیخواستنیان گرتە " نخۆ"ی فیرعەونی

میسری، ئەویش وەلآمی ئەرێیی دانەوە، بەلآم هیچ کەڵکی نەبوو، سوپاکەی میسر لەنزیکی حەران لەبەرامبەر میدەکان تێکشکا و بەمەیش بەتەواوەتی هێز و سوپای ئاشورییەکان لەناوبرا. سەردەمێکی نوێی شارستانییەتی بابلی-

کلدانی-[1] دەرکەوت پاش ئەوەی "نابۆپەلاسەر" لە (٦٢٥پ.ز) هاتە

---

١) کلد (کەسدیم، کەستیم، کاشدیم،ك اشتیم، کەشدیم، کالدین) گومان دەکەم ئەم وشەیە لە وشەی کالدی یان خالدی میتانی: ماتینا، مەتیناوە هاتبێت کە هەرچی مەتیناشە: ناوی کێوێکە لەنزیکی شاری ئامێدی ئێستا و دواتر بووبە ناوی شارستانییەتی ئۆراراتۆ (ئارارات) و هوری یان خوری و خۆری و خۆردی و خالدی و ئینجا کالدی (کاردی) وهالدی و گومانیش دەکرێت ناوی کلدانەکان هەمان کالدی میتانی بێت. ڕەنگە واش نەبێت و تەواو هەڵەبم. چونکە سەردەمی میتانییەکان بە دە سەدە پێش لە کلدانەکان بووە و دەستەڵاتیشان تا کەرکوك بووە و نەگەیشتۆتە بابل، بەڵام گەیشتۆتە شەنگال کە ئەگەری هەیە بۆ ماوەیەك ئەویا بابل بوبێت نەوەك حلە، بەڵام لەکاتی دەستەڵاتی ئۆراراتۆی تازە و کۆنە میتانیدا دەستەڵاتیان تاوەکو لای میدەکان و نزیك بەغداد شۆڕبووەتەوە. هەروەها بەپێی هەندێك سەرچاوە کلدانەکان پاشماوەی کاسییەکانن کە ئەوان پاشماوی گۆتییەکانی پێشووترن و میتانییەکانیش هەمان کاسین یاخود کاسییەکان لە میتانەکانەوە جیابوونەوە و بەرەو خوار ڕۆیشتوون و دواتر پاش ڕووخانیان دیسانەوە بەناوی کالدییەوە هاتوونەتەسەر دەستەڵات.
وشەی کلد ئەگەر پیتی(ل)ی بگۆڕدرێت بە(ر) بەپێی بنەمای ڕێزمانیی باوی کۆن و ئەمڕۆی ناوچەی گەرمیانی باشووری کوردستان ئەوا بێ هیچ گومانێك دەبێتە (کرد) یان کورد، لەسەر کێشی: ناشرین=ناشلین، برۆ=بلۆ، کلدیا= کردیا= کوردیا، یاخود بگۆڕێت بۆ (و) دەبێتە(کود=کوت) لەسەر ناوی: کوتی-گوتی، یاخود لە کاشییەوە هاتبن بەوپێیەی ناوچەی دەستەڵاتیان هەمان ناوچەی کاشییەکانە، ڕەنگە ئەمە ڕایەکی دروستیش نەبێت، هەروەها هەندێك لەناوچەی کلدانەکان ئەم ناوانەی هەبووە کە زۆر لە کوردی ئەمڕۆوە نزیکە لەوانەیش: شیلانی، بۆڕ سێپا، گومبوو لۆ، سەر ئەنابا، ئاموکانی لەسەرکێشی ئاشوکانی،

شاڵی یان شەواڵی، هەروەها کەوتنی دەستەاڵتیان هاوسەردەمی میدەکانە، هەروەها پێغەمبەر ئیبراهیمیش بە هی خۆیان دەزانن لەکاتێکدا دەیان بەڵگەی مێژوویی دەیسەلمێنن کوردە، یاخود بەاڵی کەمەوە سامی نییە و گەر کلدانەکان سامی بن لەوان نییە و لەکتێبەکەیاندا بە ئابرام= هابرام ناوی هاتووە، هەروەها هارانیش برای ئابرام بووە کە هەمان واتای ئارانی ئێستای نێو کورد دەگەیەنێت بەواتای گەرمیان، هەروەها یەکەمین پادشایان ناوی نەمرد یان نەمرود بووە کە واتای : نەمری یاخود هەمیشە زیندوو دەگەیەنێت و هەمان نەمرودی کوردانە لە شەنگال، هەروەها خۆریشیان بەاڵوە گرنگە کە هەمان پیرۆزیی و بۆچوونی کوردان بووە بۆ گەرمی و ئاگر و خۆر. بەهێزترین پادشایان شاروکین بووە: شارۆ+کین. هەروەها خوداکەشیان مەردۆخی هەمان خودای کۆنی کوردانە، خۆیان بەیەکەمین گەاڵ سەرزەوی دادەنێن کە خودای تاکیان پەرستبێت کوردیش هەمان شت، بلیمەتن لە ئەستێرەناسی و فەلسەفەدا کوردانی کۆنیش هەمان تایبەتییان هەبووە، لەکاتی هاتنی ئیسلامدا بە ماد بوون لە نزیکی باخداد، کوردانیش هەمان شت، وەرگێڕ و گەیەنەری زمان و شارستانییەتەکان بوون، هەروەها هەمان شتیش بۆ کوردان دروستە، دوای هێرشەکەی هۆاڵکۆ هاتوونەتە سنووری هەرێمی کوردستانی ئێستا و نەینەوا بەاڵم زمانەکەیان بەهۆی کاریگەری عەرەبەوە گۆڕانی بەسەرهاتووە و بەرەو عەرەبی هەنگاوی ناوە و سەدان وشەی نوێی عەرەبی لەنێو زمانی ئێستایاندا هەیە. هەروەها وشەی کلدان بەکوردی ئێستا واتە: (جێ کل، شوێنی کل هەڵگرتن). هەرچی تایبەتیشە بە پایتەختی میتانییەکان ئەوا ئاشۆکانی بووە لە ڕۆژئاوای کوردستان، بەاڵم کەرکویشیان وەکو پایتەختی دووەم زانیوە و ئەرشێوخانەی گەورەیان لە کۆشکی ئارراپخادا بووە. هەروەها کێڵەشین (مەساسیر)ی سیدەکانی نزیک هەولێریان بە پایتەختی ئایینی خۆیان زانیوە، بەاڵم پایتەختی سەرەکییان لەناوچەی وانی باکووری کوردستاندابووە، بەاڵم ئەم ناوچەیە بەشێك

بووە لە کەناری سەرزەمینی ماننای، دوای شەڕی ماد و لیدەکان هەموو خاکی ئۆراراتۆ بووە سەرزەمینی میدەکان.. هەروەها لە "١٥٠٠ تاوەکو ١٣٥٠ پ.ز" تەواوی شاری نیشتەجێی ئاشوریانیش ڕێڕەوستەی میتانیان بوون، گومانیش هەیە کە تاوەکو نزیک بابلیان بەدەستەوە بووبێت. دۆخی ئەوکاتەی پەیوەندی هۆزە کوردەکانی وەکو ئۆراراتۆ و ماننای هەمان دۆخی ئێستای پارتە کوردییەکانی پارچە جیاوازەکانە، بەتایبەت پەیوەندی پارتی و پەکەکەی ئێستا (٢٠١٥ز-٢٠١٦ز) وێنەدەری دۆخی پەیوەندی ئەوکاتی ماد و ئۆراراتۆییەکان بووە، کە هەمیشە ئامادەبوون یارمەتی هێزی دوژمنیش بدەن تەنها بۆ ئەوەی براکەیان نەبێتە هیچ، نەیانزانی هەمان دوژمن خۆشیان لەناودەبات. مەبەست ئاشوورییەکانی ئەوکات و ئەرمەکانە، کە ماننایییەکانی ئاشوورییان هێنا و ئۆراۆراتۆییەکانیش ئەرمەنەکان، بۆ هەتاهەتایە ئەو دوو خێڵ نەتەوەیە لەکوردستاندا مانەوە و دیمۆگرافیای ناوچەکەیان گۆڕیی...دواتر ماننای ڕوخا و ماد پاشماوەکانی کۆکردنەوە و ئەوەی پێیکرا بۆسەرخستنی کوردان ئەنجامیدا.. بەئاسانی دوژمنایەتی ئەو دوو پارتە کۆنە کوردییەی قۆستەوە و بەیەک لەدوای یەک تیایبردن و ڕێڕەوستەی کردن؛ تا ئەوکاتەی مادەکان کە پاشماوەی هەموو پارتە کۆنە کوردییەکان بوون یەکیان گرت و نەک هەر ئاشور، بەڵکو تاوەکو نزیک میسریش ڕۆیشتن. بەڵام دیسانەوە ئەمان باوەڕیان بە بەڵێنە ناڕاستەکانی پادشای بابلیان کردبوو کە وەکو کوڕ و خەزوور بمێننەوە، بەڵام بەفیتی زاوای مادەکان کە پادشای بابلییەکان بوو کۆرشی کچەزای ئەستیاگی پادشای مادەکان کۆدەتای ئەنجامدا و ماددی ڕووخاند و دەوڵەتی ئەخمینی دامەزراند و دواتریش جارێکی تر بابلییەکان فێڵیان لەکۆرش کرد و لەشەڕی لید و میسردا کۆمەکیان نەکرد، هەربۆیە کۆرش بەیارمەتی سەربازە کۆنە ماددەکانی توانی بەجارێك هەرسێ دوژمنی لەناوبەرێت، تا ئەوکاتەی جارێکی تر دەستەڵات لەکوردەوە کەوتە دەست پارسەکان و ئەوانیش بۆ سەدەیەك شتێك زیاتر فەرمانڕەواییانکرد

سەردەستەلاّت و دەولّەتی کلدانیی دامەزراند و لەسەردەمی نابوخەزنەسەردا (٦٠٥-٥٦٢پ.ز) گەیشتە تروّپکی هێز، ئەمیش لای خوّیەوە چەندین شالاّوی سەربازیی ئەنجامدا، لەوانەیش ئەو هێرشانەی لەماوەی بیست ساڵدا بۆ سەر مەملەکەتی یەهودا بەردەوامیی پێدا، ئەمەش سەرەتاکەی لە (٦٠٦پ.ز) بوو، کە لەودەمەدا یەخودای پادشای یەهویاکین(٥٩٨پ.ز) دەستەلاّتداریان بوو. بەجوّرێك لەڕێی ئەم هێرشانەوەی دەستی گرت بەسەر گەنجینەکانی حەزرەتی سلێمانداو لە ئوّرشەلیم، هەروەك چوّن هەستا بە پەلکێشکردنی دیلە ئیسرائیلەکان و لەنێویشیاندا خێزانی " دانیال پێغەمبەر" و هێنانیان بوّ بابل و میدیا.

٤- بیروباوەڕییە ئایینییەکان:

ئەوەی جیاڕایی لەسەرنییە ئەوەیە کە ئایین لای گەلانی کوّن کە لە نیشتمانی جووت ڕووباراندا ژیاون ڕوّلّێکی گرنگی هەبوو لە ژیانی ڕوّژانەی خەلّکدا، کوّنە

و بەخشییان بە یوّنانییەکان و کە بەهاتنی ئەمان مادەکان نەختێك سەربەخوّبوونەوە و پەیوەندی باشیان لەگەلّ بەستن... هەروەها بەهوّی میدەکانەوە بووە کە کلدانەکان بونیان لەناوچەکەدا دەرکەوتووە و لەشەڕی ئاشورەکان ڕزگارکراون و نەختە نەختە خوّیان گرتووە، بەهاوشێوەی کوردی ئێستا و حەشدی شەعبی و هێزی چەکداری سوننەکانی داهاتوو، کە کورد ناوچەکانیان لەداعش پاك دەکاتەوە کەچی ئەوان دەبنە خاوەنی، ڕابردوویش هەمان شت ڕوویداوە، ئەوەی ئێستا تێیداین دەرئەنجامی هەڵەی باوانی کوّنمانە و دەبێت ئێمە لێرەوە ئەم هەڵەیە ڕابگرین. (وەرگێڕ).

پادشاکان بەناوی حەقی خوداوە فەرمانداریی ئاراکیان کردووە، بەوەی خۆیان وەکو نوێنەر و جێنشینی خودا لەسەر زەوی دەدایە قەڵەم، یاخود بەو شێوەیەی کە پێی دەگوترێت سیستمی" دەوڵەتی سیۆکراتی"، هەروەها خوداکانیش فرەچەشن بوون، هەرچی پادشایش بوو هەردووک دەستەڵاتی ئایینی و زەوینیی لای خۆیدا جەمکردبوو، سەرکردەی بااڵبوو لە جەنگدا، پادشایش لەدەمی ئاشتیدا، سەرۆکی کاهینەکان و نوێنەری خوداوەندیش لەبەڕێوەبردنی کاروباری پەرستگاکان و سەرپەرشتیاری هاوڵاتیانی خاکەکەی. پاش لە گواستنەوەی فەرمانڕەوایەتی لە سۆمەرییەکانەوە بۆ ئاکادییەکان وەها لەپادشا دەیانڕوانی کە خوداوەندێکی مرۆییە و بەنێوی خودایانەوە دەسەر زەویندا فەرمانچێتی دەکات بەهاوشێوەی فیرعەونەکانی میسر. هەربۆیە پادشایانی ئاکادی بەهاوتەکی ناوەکانیان ئامازەگەلی تایبەت بە خوداوەندیان لەخۆیان نابوو. ئەوانیش:

١- دەنگو سوریە یان (ئیلو-ئیلۆی سامی) کە مانای خوداوەند دەگەیەنێت، بەاڵم لەسەردەمی زنجیرە بنەماڵەی حامورابی یاخود دەوڵەتی بابلی یەکەمدا بیروباوەڕییەکە گۆڕانی بەسەرداهات. پادشا خودای سەر زەوی دەنواند بەوەی سەرباری ئەوەی مرۆڤە، بەاڵم لەگەڵ خودادا دەدوێت و دەیانبینێت و فەرمانیان لێ وەردەگرێت، ئەمەش بەڕوونی لە ستونی یاساکانی حامورابیدا دیارە کە لە پێشی خوداوەنددا ڕاوەستاوە.

٢- خۆر، خودای حەق و دادگەریی: حامورابی دەڵێت کە خودا منی هەناردووە پاش بانگهێشتکردنم بۆ ڕێگریکردن لە بەهێزەکان لە چەوساندنەوەی لاوازان، لەگەڵ بااڵوکردنەوەی ڕووناکی بەزەوی و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی ئافرێنەر و

ئافرێندراوان.. بەڵام لە دەوڵەتی ئاشوریدا چەمکی دەوڵەتداریی گۆڕانی بەسەرداهات، پادشا سەرۆکی بالای دەوڵەت و سەرکردەی سوپاکانی وڵات و سەرسواری شاسواران بوو، کارەکانی خۆی لە بابەتی سیاسی و سەربازیی و ئاینیشدا دەبینییەوە، لە خەویاندا خوایان دەبینی بەهاوشێوەی خوا بینینەکەی "ئاشور بانیپال".

٣- عەشتار، خودای ئاربائیلۆ کە لەگەڵ تی ئۆمانی ئیلامیاندا لەجەنگدابوون، بەهۆی زۆری خوداکانەوە بۆ هەر خوایەك خاوەنی کار و بۆنەی ئایینیی تایبەت بەخۆی بوو. بەڵام گرنگترینی ئەم جەژنانە جەژنی سەری ساڵی نوێبوو، یاخود جەژنی ساڵی بابلی کە ناسرابوو بە جەژنی حیتۆ (یان کیتۆ کە دەکاتە ڕۆژی بیست و یەکی نەورۆزی ئەمڕۆ، یەکەم ڕۆژی بەهار: وەرگێڕ).

٥- ڕێکخستەی کارگێڕی:

نیشتمانی نێوان دوو ڕووبار بەشێوەی فرە دەوڵەتۆچکەیی ڕێکخستەی کارگێڕی بووبوو، هەر دەوڵەتۆچکەیەك لەشارێك و زەوییەکانی دەوروپشتی پێکهاتبوو، بەم شێوەیە دەوڵەتەشار دامەزرا وەك چۆن مێژوونوسان ئاوهایان ناولێناوە، بەمجۆرەیش شار خانەی بنچینەیی بووە لە ڕێکخستنی سیاسیدا و دروستکردنی شاریش کارێکی خوداوەندییانە بووە و لەژێر فەرمانی خودادا دامەزراوە. بەڵگەنامە مێژووییەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە پادشایانی نێوان دوو ڕووبار پەنایان بە شالیارەکان گرتووە بۆ هاریکاریی کردنیان بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری وڵات، لەسەرووی ئەمانیشەوە شالیاری یەکەم هەبووە کە بەرپرسی یەکەمی پێشی پاتێسی (پادشا) بووە. هەرچی پەرستگاکانیشە ڕۆڵێکی

گـەورەیان هـەبووە لـە ژیـانی ئـابوری دانیشـتووانی ولاّتـدا، بـەجۆرێك خوداوەندەکانیش خاوەنی مولّکی تایبەتی و گەنجینە و کۆیلەی سەر بەخۆیان بـوون، هـەموو ئەمانـەیش دەبوونـە مـولّکی پەرستگاکان و بـەدڵی گـەورە کـاهین رەفتـاری پێـوەدەکرا. ئـەم مولّـك و مالاّنـەیش سەرچـاوەگرتووی ئـەو پێبەخشـراوانەبوون کـە لەلایـەن گـەورە خانەدانـەکان و خـەڵکی هەمـەجۆرەوە پێشکەشی پەرستگا دەکرا بۆ خۆلادان لە تووڕەیی خوداوەند و کاهینەکانی.

دامـەزراوە سـەرەکییەکانیش لەهـەموو شـارێکدا بریتـی بـووە لـە پەرسـتگا و کۆشـکی پادشـایەتی. لـە مـاوەی فەرمانچێتیی ناوەندییـەوە شـارەکان لەلایـەن خـودی پاتێسـییەکانەوە فەرمانـداری دەکـران، بـەلاّم شـارەکانی دەوروبـەری لەلایەن فەرمانڕەوا گچکەکانەوە بەڕێوەدەبران، لەڕاستیدا لەو دەمەدا دەستەلاّت لەنێوان سێ کۆمەڵەدا بوو، ئەوانیش:

١- پەرستگا.

٢- پادشا.

٣- کۆمەڵگە.

هەرچی پادشابوو سەرۆکی کارگێڕی بالاّی ولاّت بوو. پاتێسییەکان لەسەرەتای هاتنەسـەر دەسـتەلاّتدا قورسـییەکی زۆریـان لـەنێوان چـەمکی پادشـایەتی و چـەمکی سـەربەخۆیی شـارە ملکەچـەکانیان دەهاتـەپێش، بـەلاّم یەکخسـتنی سیاسـییانەی ولاّت لـە چـەرخی فەرمانـداریّتی بابلییەکانـدا بـووە هـۆی بـەهێزکردنی دەسـتەلاّتی ناوەنـدیی، لەگـەڵ ملکەچـی نوانـدنی هـەموو ناوچـە پاشـکۆکانی دەولّـەت بـۆ هـەر بەرپرسـێك پادشـا بـۆی دادەنـان، پادشـا ناوچـەییەکان جگـە لـە کارمەنـدێکی ولاّت وەك هیچـی تـر نەمانـەوە و کـەنگێ

پادشای پادشایان بیویستایە دەیگواستنەوە بۆ شارێکی دیکە یاخود لە دەستەلاتی دەخستن.

مووچەی کارمەندانیش وەکو پارەی مانگانەی سەربازان بوو کە سەربازییان وەکو پیشە گرتبوو، هەروەها پادشایش پارچەیەك زەوی پێ دەدان بۆ خۆ بژێوی، سەرباری بۆ مانەوەی پلە و پێگە لە باوانەوە.

شارْنیش یارمەتیدەرێکی باشی پادشابوو لە بەڕێوەبردنی ولاْتدا، هەروەها "نۆباندا" واتە: ((سەرپەرشتیاری گشتی))یش یارمەتی دەکرد کە نهێنیگری گەنجینەی پادشا و چاودێری بالاْی پرۆژەکان و کاروباری کشتکاریی بوو، پارێزبەندی کۆشك و نوسەری گرێبەستەکانیش بوو. بەڵگەنامەکان ئاماژەدەری بوونی چەندین ((نۆباندا))ن کە هەریەکەیان تایبەت بووە بە سەرپەرشتی کار و کەرتێکی تایبەت، هەریەکەشیان چەندین کارمەندی لەژێر دەستدا بووە. لەڕاستیدا لەو دەمەدا لەم خاکەدا ناسەقامگیری باری ڕامیاری کەمتر بووە وەك لە دۆخی میسری ئەوکات.

٦- سیستمی دادوەریی:

هەرچی تایبەتیشە بە دادگەریی ئەوا پادشا دادوەری بالاْی ولاْتی نێوان دوو ڕووبار بوو. بەلاْم ئەم تایبەتمەندییە بیانووەکەی لەسەردەمی پێشی بابلی و دەمی فەرماندارێتی بنەماڵەی بابلیاندا جیاوازبووە، دادگەریی تەواو لەخۆگرتەی خوازویستییەکی خودایان بوو. پادشایانیش کە نوێنەرانی خوداوەندن لە نێو مرۆیاندا دەبوو خوازویستییەکانی خودایان بەهەموو تەرز و ڕێگە بەردەستەکان بزانن، دواتریش پادشایان خۆیان وەکو بەرپرسی بالاْی

ئەنجامدەری دادگەری و ویژدانچێتی بۆ قایلکردنی خودایان و بەدیهێنانی ئاساییش و ئارامیی دەبینی. پادشا دادوەری گەورەیە چونکە کاهینی بالأیە. لێرەوە و لەسەرەتاوە دادگا تەرزێکی ئایینی لەخۆگرت، بەڕێوەبردنی شاریش بووبە کاری و پیشەی کاهینەکانی پەرستگاکان، چونکە ئەمان خۆیان وەکو جێگری پادشا دەزانی بۆ بەدیهێنانی دادگەریی لەنێو خەڵکیدا. هەربۆیە کاهینەکانیش لەنێو خەڵکیدا چ لەنێو پەرستگاکە یاخود لەبەر دەرکەکانی دانیشتن و دادگاییان لەنێوان خەڵکاندا ئەنجام دەگەیاند.

هەروەها بەزۆریش لەنێو پەرستگاکانیانەوە فەرمانە دادوەرییەکانیان دەردەکرد بۆ بە ئایینی کردنی دادگا، لە تەنیشتی ئەم دادگا ئاینییەوە جۆرێك لە دادگای هاولاتی بوونیش دیاربوو، کە لەلایەن سەرخێڵەکانەوە بەئەنجام دەگەیەنرا، یاوەکو لە کۆڕی پیران و پیاوماقوڵان و خانەدانانی شار یان دەوڵەتۆچکەوە بەڕێوەدەبرا، ئەم کۆڕەیش یارمەتیدەری پادشابوو لە بەڕێوەبردنی کاروباری ولاتۆچکەدا، دواتریش لەلایەن فەرمانڕەوای بابلییەکانەوە ئەم کۆڕە لە کارەکەی لاوازکرا و نەختە نەختە لەبیرکرا.

دادوەرەکان ئایینی و سڤیلیی بوون بەلاّم جۆری یاساکان هەریەك بوون، هەربۆیە هەندێك لە لێکۆڵیارانی ئەم قۆناغە مێژووییە وای دەبینن کە تاکە جیاوازیی نێوان ئەم جۆرە دادگایانە تەنها جێگەی بەستن و ئەنجامدانی ئەم دادگاییانە بوو.

دادوەرە سڤیلییەکان ناویان بەپێی ناوی ئەو شار و ناوچانەبوو کە فەرمانڕەوابوون تیایدا، بۆنموونە دەیانگوت: دادوەری بابل، دادوەر یاخود دادگای پارسیپا و دادوەری لارسا.

پادشا هەر وەکو گەورە دادوەریش مایەوە بەتایبەت دوای یەکخستنی سیاسییانەی ولاّت لەسەردەستی ((حاموورابی))، لە دەستپێکی دەمی فەرمانڕەوایەتی بابلییەکاندا، ولاّتی بابلیی یەکەم.

بەلاّم لەم کاتەدا پادشا هەڵگری تایبەتمەندیی کاهینی بالاّ نەبوو، بەڵکو خاوەنی تایبەتمەندییەکی خاوەن بڕیاری ڕاست و هەڵەبوو. بەپێی سەرچاوەکانیش لەهیچ کاتێکدا ناوی یەك دادوەر بەتەنها لەدەقەکاندا نەهاتووە بەڵکو هەمیشە باس لە سەرۆکی دادگاکان کراوە؛ کەواتە دادوەری دیکەیش لەو دادگاییەدا بوونیان هەبووە، بەسەرۆکی دادگایش گوتراوە ((دیان)) و ئەمەش واتە بوونی دادوەری دیکەش لەنێو دادگاییدا.

ژمارەی دادوەرانی دادگاکان لەنێوان چوار بۆ هەشت دادوەر بوون و ژمارەیەك کەسی دیکەی یارمەتیکاریان لەنێو دادگاکەدا بوون لەوانەیش:

١- نوسیار.

٢- هەڵگری نامە و بانگەشەکان.

٣- نهێنی پارێزی هەڵگیراوەکان.

٤-گەیەنەر یاخود پۆستەکار.

بەپێی جۆری کاری ئەنجامدەریشیان نازناوی خۆیان هەبووە.

٧- گرنگترین ڕووەدیارەکانی شارستانییەت لە عێراقی کۆندا:

شارستانییەتی عێراق بەهاوتای زیاری میسری کۆنە، هەریەکەشیان لە دێرزەمانەوە کاریان لە یەکدی کردووە، دیارترین ڕووەدیارەکانی شارستانییەتی نیشتمانی دوو ڕووباریش خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە:

١- ئاوەدانکاریی و بیناسازیی:

ا- سۆمەرییەکان گرنگییەکی زۆرباشیان داوە بە دروستکردنی شار و ڕازاندنەوەی، کۆشکی مەزن و پەرستگای گەورەیان دروستکردووە، لەتەنیشتی ئەمیشەوە خانووی گچکەلآنە هەبوو، بۆ ئەمەش بلیمەتترین کەسانی بواری بیناسازیی و داتاشین یارمەتیداون، لەگرنگترین ئەم شارانەیش شاری بابل بووە کە جیاکراوەتەوە بە شورا جوانەکانی و پەرستگا ڕازاوە بورجدارەکانی.

ب- بابلییەکان بلیمەتبوون لە چاندنی ڕووەك لەسەر لێژگاییەکانی شێوە چیاکان، بەمەیش باخچەیەکی زۆر نازەنینیان دروستکرد بەناوی" باخچە هەڵواسراوەکانی بابل" کە بەیەکێك لەسەر سۆڕهێنەرترین حەوت بونیاتنراوەکانی سەرزەوی دەژمێردرێت.

ج- شاری بلبل بە ڕێبازە پیرۆزە مەزنەکەی دەناسرایەوە، کە ڕەوی پیادەی خوداویستانی بۆنە ئایینییەکانی پێدا تێدەپەڕی، لەکۆتایی ئەم ڕێپێوانەدا دەرگایەکی مەزن بەناوی" دەرگای عەشتار" دروستکرابوو. بەهەمان شێوەش لەسەردەمی ئاشوورییەکاندا هەردوو شاری" ئاشور و نەینەوا" بەناوبانگ بوون. "سەنحاریب"ی پادشای ئاشوری گرنگی زۆریدا بە نوێکردنەوەی شاری نەینەوای پایتەختی ئاشوریی، دوای ئەوەی شاری بابل بەتەواوەتی وێران بووبوو، هەر لەوێدا پەرستگا و کۆشك و خانەی حکومەتی دروستکرد و بە شورا[1] دەوریگرت و جۆگەی لێدا بۆ دابینکردنی ئاوی شیرین لەبری ئاوی

---

١) شورا زۆر نزیکە لە وشەی : " شۆرە" بەمانای ((خوێی زۆر))کە تاوەکو ئێستایش بۆ دەرکردنی جن لەماڵ خوێ یان ((شور او=شۆراو) دەکرێتە بن سوچەکانی ماڵ یاخود خوێ دەکرێتە دەوری خواردن بۆ ئەوەی بوونە خراپەکان زەفەری پێ نەبەن، ڕەنگە شورایش لەوەو

پووباری دیجلەی پڕ لە خڵتە و پیسی نیشتوو. لەنێو پاشماوەی ئەم شارەدا ژمارەیەکی زۆر لەپەیکەری مەزن و داتاشراوی ناوازە دۆزراوەتەوە.

٢- ژیانی ئابووری:

ژیانی ئابووری و کشتیاریی و بازرگانی و پیشەسازیی دەگرێتەوە بەجۆرێك:

١- کشتیاریی:

سۆمەرییەکان کاریان بۆ وشککردنی زۆنگاوەکان کردووە، لەگەڵ لێدانی پرد بۆ خۆلادان لە لافاو، هەروەك چۆن ئامرازی کشتوکاڵیی لەشێوەی گاسن و تۆو چاندنیان داهێناوە. لەو کاتەشدا گرنگترین بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی عێراق بریتی بوون لە: دانەوێڵەی گەنم و جۆ، میوە و سەوزەوات، گرنگترین ئاژەڵەکانیش: مەڕ و بزن و مانگا و گامێش بوون. بەجۆرێك خودایەکی کۆنی عێراق نشینان شێوەیەکی مانگابووە، وایان دەزانی کە بەمکارە مالأتەکانیان دەپارێزرێت، بەهەمان شێوەیش میسرییە کۆنەکان مانگایان پەرستووە، شێوەیەکی چاکە و بەزەییان لێگرتووە (کەواتە مانگا پەرستی لای هندییەکان کە ئاریین ڕەنگە لە سۆمەرییەکانەوە وەریانگرتبێت یان هەر یەك نەتەوەبوون؛ سۆمەر بۆ ناوەڕاست و باشوری عێراق هاتوون و ئەوانیش لە کوردستانەوە بۆ هندستان: وەرگێڕ). لێرەوە بۆمان ڕوونەدەبێتەوە کە پەیوەندییەکی بەهێز هەبووە لەنێوان عێراقی کۆن و ولأتی فیرعەوناندا.

هاتبێت بەمانای پەرژینی شۆڕ یان خوێیی کە دژە هێزی بێگانە و نەگریسە. لەوانەشە لە سور یان شورەوە هاتبێت بەمانای خۆری پارێزەر کە تاوەکو ئێستایش سور لای خەڵکی گەرمیان مانای شتی گەرم و خۆریش دەگەیەنێت کە هێمای هێز و توانا و پارێزبەندییە.

بەڵام سەبارەت بە مۆڵکداریێتی زەوی لە عێراقدا ئەوا لەو کاتەدا بەپێچەوانەی فیرعەونانی میسرەوە تاکیش مافی خاوەندارێتی زەوی هەبووە. کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ماڵات بەشێکی گرنگی سامانی عێراقی پێکدەهێنا.

ب- بازرگانی:

گەلانی کۆنی عێراق هەروەها چالاکبوون لە گۆڕەپانی بازرگانیدا، عێراقییە کۆنەکان کانزاشیان بەکارهێناوە (مس و زێر و زیو)، وەکو ئامرازێک بۆ دەستاودەستکردن، چونکە تا ئەو دەمە ئاشنای پارە نەبوون، زیویان بەشێوەیەکی تەختکراو یاخود بازنەیی یان خەپلەی کونکراوی کێش دیار بەکارهێناوە[1].

---

١) بەر لە ٥٢٠٠ / تا ٥٧٠٠ ساڵ/سار لەمەوبەر لەلای کوردی کۆن (کەیانجێ /سۆمەرییەکان) شێوازی تایبەتییان هەبووە بە کاڵاو شتومەکەکانیان لەبواری بازرگانی و سەرمایەداریی، ئەوان -کوردەکۆنەکان- هاوشێوەی جیهانی ئەمڕۆی ئەژماریان هەبووە بەناوی (بۆڵە) کە ناوێکی کۆنی کوردییە و ئێستاش لەزمانی کوردی هاوچەرخ بەکاردێت: بۆڵ یان بۆڵە واتە شتە خڕەکان یان خڕیلە یان بۆڵ وەک بۆڵە تریێ یان بۆڵە کە چەندین شتی بچوکی شێوە خڕیلە لەخۆ دەگرێت، ئەمانەیان بەکارهێناوە لە ناو تۆپێکی خڕ (بۆڵە) کە بۆڵی زمانی ئینگلیزیش لەمەوە سەرچاوە دەگرێت وەک ڕەگ، دیسانەوە لەناو بۆڵەکەدا چەندین پارچە بابەتی تر کراوە کە وەک هێشووە تریێ و بۆڵە تریێ هەریەکە هێمایەک بووە بۆ کاڵایەک، بۆنموونە : تۆ ٢٠ پێستە گات فرۆشتووە بە من لەگەڵ ٤٠ سەرەمەڕ لەگەڵ ١٠ فەردە گەنم لەگەڵ ٨ بەراز و.... هتد هەمووی بەمۆرکراوی فرۆشیار مۆرکراوە لەسەر بۆڵەکان و هەمووی خراوەتە ناو بۆڵە گەورەکە و ناوی کڕیار و هەروەها کەسی نێوانیان وەک شایەت تیادا ئاماژەی پێکراوە تا لەبیر نەکرێن و ئەژماردەکانیان لێ وون نەبێت و تێکەڵاو نەبن، کاری بازرگانی و سەرمایەداری تەنانەت بۆ چەندین ساڵ هەڵیانگرتووە و وەچە بەدوای وەچە

بازرگانی لەعێراقی کۆندا لەسەر ئاستی دەرەکی فراوانبووە و زۆرینەی ولاّتانی ڕۆژهەلاّتی کۆنی گرتۆتەوە، بەرهەمە نێردراوەکانی عێراق بۆ دەرەوە –بۆ ولاّتانی دەوروبەر– لەوکاتەدا: دانەوێلّە، خورما، دروستکراوی کانزایی، چێنراوی خوریی، وەك چۆن هاوردەکاری: تەختەی گرانبەهایی و بەردی بەنرخیش بوون. لەو کاتەدا بابلییەکان لە لوتکەی پەیوەندی بازرگانیدا بوون لەگەلّ دانیشتووانی ناوچەی پەرستگای ئاشوور.

ج– پیشەسازیی:

عێراقییە کۆنەکان لە زۆر پیشەسازیی کانزاییدا لێهاتووبوون، چەك و کەرەستەی جوانکاریی و پەیکەری مسینیان داتاشیوە، بەهەمان شێوەیش زێڕ و زیویان لەپیشەسازیی گواڕە و ملوانکەدا بەکارهێناوە، وەك چۆن بلیمەت بوون لە داهێنانکاریی لە پیشەسازیی چنراوی خوریی، ئەمەش ئاسانی دەستەبەری خوریی یارمەتیدەریان بووە.

۳– هونەر:

سۆمەریی و بابلییەکان بەردیان لەگەلّ کانزا و بەتایبەت مس بەکارهێناوە لە دروستکردنی ئەو پەیکەرانەی وێنەدەری خودا و پیاوان و ئاژەلاّن بوون. وەك چۆنیش بابلییەکانی دواتر –سەردەمی نابوخەزنەسەر– خشتی کاشییان دەکارهێناوە بۆ ڕازاندنەوەی باڵەخانەکان.

زانیویەتی چی فرۆشتووە یان کڕیوە و کێ ئاگاداربووە و چی ڕوویداوە... ناوەکەشی (بۆڵە) دەریدەخات سۆمەرییەکان لەڕەچەڵەکی کام نەتەوەن؟! (وەرگێڕ وەرگیراوە).

بەهەمان شێوەیش ئاشوورییەکان لێهاتووبوون لە داتاشینی لەشی ئازەلآن، ئەمەش یارمەتیدەریان بووە بۆ ڕاو و سواربوونی ئەسپ، لەو شێوانەشی بلیمەتی وێنەکێشانی بوون وێنەی" گای باڵدار"بووە، کە هەڵگری لەشی گا و سەری مرۆڤ و باڵی مەل بووە. بەهەمان شێوەیش وێنەی شێر و فیلیان کێشاوە، لێکۆڵەرانیش شوێنەواری زۆرێکی لەمانەیان لە شاری نەینەوادا دۆزیوەتەوە.

٤- نووسینەوە:

سۆمەرییەکان داهێنەری نووسینی بزماری بوون، کە لەڕێیەوە و لەسەر خشتی قوڕین بەسەرهاتی ژیانیان تۆمارکردووە، هەروەک چۆن بۆ ئەمەش خامەی داندار ی دەرەختی حەیزەران یاخود تەختەی نوک تیژیان بەکارهێناوە، بەهەمان شێوەش بابلی و ئاشوورییەکان دوای ئاسانکردنی ئامازەپێدانەکانی بەکاریانهێناوە.

ئەوانەی زانیویانە بنوسن بە ڕێنوسی سۆمەریی پێیان گوتراوە نووسەر، خاوەنی پێگەیەکی گرنگ بوون، فێربوونی نووسین بە ڕێنوسی سۆمەریی کارێکی زۆر قورس بووە و چەندین ساڵی خایاندووە.

٥- ئەدەب:

ئەدەبی بابلی و ئاشوری فرەجۆر بوون، نەخشی مێژوویی و دەقی ئایینی و چیرۆک و ئەفسانە و لێکۆڵینەوەی زانستی و دەقی یاسایی لەخۆگرتووە[1]،

---

١) لەنموونەی یاساکانی حامورابی بابلی:

لەگەڵ گرێبەستی مامەڵە و بەڵگەنامەی هاوسەرگیری و نامەنارد نەکان و خشتەی هەژمارکاری و گەردوونناسیی و کاروباری بزیشکیی.

٦- ئایین:

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد عێراقی کۆن یەکەمین شوێنی ژیانی مرۆڤەکان بووە، زۆر لایەنی ژیانی مرۆڤ لێرەوە ئاڕاستەی وەرگرتووە، ئەمەش کاریکردەسەر دەرکەوتنی پەرستگای بورج بەرز و جوانەکان، هەرچی پەرستگاکانیش بوو ئەوا مەزنترین باڵەخانەی شاربوون، ئایینی کۆنی عێراقیش ناسرابوو بە:

ا- فرەیی خودایی: بەجۆرێک خودای عێراقییە کۆنەکان فرە و هەمەجۆربوون، وەک چۆن ئەمەش وەکو میسرییە کۆنەکان بوون، هەموو دیاردە سروشتییەکانی وەکو خۆر و مانگ بە خودا دادەنران، وەک چۆنیش خودای تایبەت بە جەنگ هەبووە. بەڵام بابلییەکان پێچەوانەی میسرییەکان هەنگاویان نەهاویشت بۆ یەکخستنی خوداکانیان بەهاوکاتی سەردەمی ئیخناتۆن، لە دیارترین خوداکانی ئەو کاتی عێراق نشینان خودای: "ئانو" کە ناسرابوو بە "باوکی خودا" و مەبەست لێی ئاسمان بوو، هەرچی عێراق نشینانی سەردەمە جیاوازەکان بوو پەرستویانە، هەروەها خودای "خۆر"یش کە یاساکانی

ا- هەرکەسێک گەواهی درۆیینە بدات لە دۆسێیەکی تاواندا ئەوا دەکوژرێت.

ب- هەرکەسێک لە پەرستگە یاخود کۆشک دزیبکات دەکوژرێت.

پ- گەر بەنایەک خانوویەکی دروستکرد و بەهۆی داڕووخانی ئەو خانووەوە کەسێک مرد ئەوا بەناکە دەکوژرێت.

ئاڕاستەی حامووڕابی کردبوو، خودای عەشتار (ئەستار= ئەستێرە. ئەشتر= نەمامکی گوڵ. وەرگێڕ) کە خوای خۆشەویستی و جەنگ بووە و شێوەی وەکو گوڵێك بوو.

ب- باوەڕبوون بە ژیانێکی دیکە: بەجۆرێك عێراقییە کۆنەکان باوەڕیان وەهابووە کە مردووەکان دووبارە لە جێیەکی ژێر زەویدا دەژینەوە، ئەویش جیهانی مردووەکانە و تێیدا هەموو چاکە و خراپەیەك یەکلا دەکرێتەوە، ئەم بیروباوەڕە جۆرێك لە تەڵخی پێوەدیاربوو، باوەڕیشیان وەهابووە کە مردووان بەهاوجۆری ژیانی سەرەتاییان پێویستیان بەهەمان کەلوپەل و پێداویستیی پێ بژێوییە، هەربۆیە بەهەموو ئەوەی هەیانبووە ئاخنیویانەتە نێو گۆڕەکانیانەوە بەتایبەت خۆراك و کەرەستەگەلی پێویستیی، وەك چۆنیش میسرییە کۆنەکان هەمان کاریان کردووە.

٧- ئەفسانەکانی بابل (چیرۆکی لافاوەکە):

لە بەناوبانگترین ئەفسانەی ئایینی کە لەسەردەمی سۆمەرییەکاندا بووە و لەهەموو چەرخەکاندا گرنگی خۆی لەدەست نەداوە چیرۆکی لافاوەکە بووە[1]، کە بەمشێوەیە ڕووداوەکەیان گێڕاوەتەوە:

---

[1]) بەپێی سەرچاوە میژوویییەکان دوای لەگیرسانەوەی کەشتییەکەی نووح لەلایەن کوردیۆمی کوڕی شایەری کوڕی نوحەوە لەناوچەی شەنار یاخود شەنگاردا یەکەمین شارستانییەت دروستکراوە و پاشاکەی ناوی کوردیۆم بووە بە نەمرود ناسراوە و ناوکەیشی مانای کەسەنەمرەکە یاخود پاشای زیندوو دەگەیەنێت، بەوپێپەی ((نەمرۆ)) هەر مانای نەمرە و

((ڕۆژێکیان خودا لەمرۆڤەکان تووڕەبوو بەهۆی زۆری تاوانکارییانەوە، هەربۆیە بڕیاری لەناوبردنی دان لەڕێگەی زاڵکردنی لافاوێکی مەزنەوە، بەڵام "ئەیا" خودای دانا ڕێنومایی پیاوچاکێکی کرد بۆ دروستکردنی کەشتییەك کە تێیدا نموونەی زیندەوەران هەڵبگرێت، هەر کە ئەمەی ئەنجامدا ئاو وشکانی

((د))یش لەکۆندا بەهەمان شێوازی پاشگری (ی) ئێستا بەکارهێناوە و پێکەوە مانای ((نەمرۆی)) یاخود ((نەمری)) دەگەیەنن.

گەر بەوردی لێکۆڵینەوە لە میژووی کورد و پەل پەل بوونەوەی بکەین ئەوا بۆمان دیاردەکەوێت ئێمە سەرچاوەی خولی دووەمی مرۆڤایەتین، کە خولی یەکەمین لە ئادەمەوە بۆ نوح و خولی دووەمیش دوای نوح تاوەکو موحەمەدی نەوەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم خەلیلە –و تا ئاخیر زەمان– کە ئەمیش یەکێك بووە لەو پێغەمبەرانەی بۆ کورد هاتووە و داوای لێکردوون دەست لە ئاینی زەردەشتی هەڵبگرن بەوەی وێنەی خودا لە ئاگر و بتدا بوونی نییە. دواتریش پێغەمبەر لوط نێردراوە بۆ ئەو گەلەی کە ئێستا بە عەرەبی عێراقی ناودەبرێن– ئەمانە لەناو کەشتییەکەی نوحیشدا زمانیان جیاوازبووە و نوح وەرگێڕی بۆ کردوون و هەر کە دابەزیون بەرەو دوور لە کۆمەڵی مرۆڤەکانی تر ڕۆیشتوون، باوەڕم وایە بەڕێکەوت سواری کەشتییەکە بوون، دیارە ئەمەیش ویستی خودا بووە بۆ مانەوەیان– لەوکاتەدا هەر خەریکی نێربازی بوون، ئەم دیاردەیە لەمێژووی عەرەبدا شانازی پێوەکراوە و باوی باوبووە، بەڵام لەسایەی نەوەی ئیبراهیمی کورددا مەبەست پێغەمبەر موحەمەدە، هەرچەندە پێشتر لوطی داماویش تکای لێکردن، بەڵام کەڵکی نەبوو تا خوا بنبڕیکردن، بەڵام دواتر وەکو گەنمی بەهارە سەوزبوونەوە.. – ئەم دیاردەیە تاڕادەیەك دەست لێ هەڵدەگرن (وەرگێڕ).

داگیرکرد و ئەم دۆخەش بۆ ماوەی شەش ڕۆژ بەردەوام بوو، لەڕۆژی حەوتەمدا لافاوەکە نەما و کەشتییەکە لەسەر چیایەك نیشتەوە، پیاوچاکەکە و خێزانەکەی لە کەشتییەکە وەدەرکەوتن، قوربانییان پێشکەشی خوداوەند کرد، ئەویش پێی خۆشبوو، نەمریی پێبەخشی و هاوشێوەی خۆی کردی بە خودا))[1].

---

[1] لەنوسراوی سۆمەری/کەیانجێی و بابلییەکان (کوردۆنیاسەکان)دا باسی لافاوەکەی نوح کراوە بەوەی لای سۆمەرییەکان بە کەشتی ((زیوسودرا)) و لای بابلییەکان بەکەشتی ((ئوتنا پیشتیم)) ناوبراوە و لەسەر چیای نێسیر (نوخ سیر- نوح سەر= لوتکەی نوح) کەچیای پیرەمەگرونی ئێستای نزیك بە شاری سلێمانییە لەنگەری گرتووە و لێرەوە زیوسودرا-نوح- هەستاوە بە باڵدانەوەی کۆترێك و دواتریش پەڕەسێلکەیەك کەچی گەڕاونەتەوە وەك نیشانەی نەبوونی وشکانی و دواتریش قەلەڕەشکەیەکی هەڵداوە و نەگەڕاوەتەوە و ئەمەیش مانای دەرکەوتنی وشکانی بووە لەسەر خاکی کوردستان. لە تەوراتیشدا کەشتییەکەی نوح لەسەر چیای ئارارات جێگیربووە کە بەکوردی چیای ئاگرییە و لەقورئانیشدا باس لەوەکراوە کەشتییەکە لەسەرچیای جودی یان گۆتی لەنگەری گرتووە و ئەم چیایە لەنزیکی شاری بۆتانی ئەمڕۆی باکوری کوردستانە. چیای پیرەمەگروون لە ڕۆژهەڵاتی شارستانییەتی گۆزانا و چیای ئاگری لە باکووری و چیای گوتی لە چەقی ناوچەکەدا ئەمەیش ئەوەمان بۆ دیاردەخات کە ئەم لافاوە لەڕێگەی ڕووبارەکانی کوردستانەوە سەرچاوەیان گرتووە و سۆمەرییەکان بۆ خۆیان خەڵکی ناوچەکەبوون و دەماودەم گێڕاویانەتەوە تاوەکو ئەوکاتەی نوسیویانەتەوە. تۆێژینەوە زانستییەکان ئەوەیان سەلماندووە سۆمەرییەکان لە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستانەوە بەتایبەت لەناوچەی زاگرۆسەوە دەرکەوتوون و بەرەو باشوری خاکی کوردان ڕۆیشتن و زاناکان هیچێکی ئەوتۆیان باس نەکردووە کە ئەوگەلانەی لەسەر خاکی کوردستان ژیاون لەناکاو قڕبووبن یان بوونیان بەلافاوێك یاوەکو کارەساتێکی خودایی تیاچووبێت. وەرگێڕ.

دەبینین ئەم گێڕانەوەیە زۆر لە گێڕانەوەکەی تەورات دەچێت کە دەرهەق بە لافاوەکەی نوحی پێغەمبەر، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کارتێکراوی بیروباوەڕی جولەکە بە باوەڕی گەلانی عێراق و ئەمەشیان دوای ڕووداوی کۆچبردنەکەی ئۆرشەلیمەوە پڕناخ بووبوو.

بەشی دووەم

ولاتی دوو ڕووبار لەسەردەمی حامورابیدا

یەکەم: ولاَت:[1]

پێش ئەوەی حامورابی بتوانێت هەموو بابل یەکبخاتەوە، سۆمەری و ئاکاد زۆرجار لەژێر یەك ئالاَدا یەکیانگرتووە و زۆرجاریش ململانێی نێوان پادشاکانی دیکەی ناوچەکە هۆکاری لێکترازانی پەیوەندییەکانیان بووە.

شارەکان پێکدێن لە دانیشتووان و زەوییەکانی دەوروبەری جا فراوان بێت یاخود تەسك و بچووك. دروستکردنی شارەکان سەرباری ئەرکە گرنگە مرۆییەکەی کارێکی گەورەی ئاییینی و فەرمانێکی خودایییە، چونکە شارەکان پێش لەهەموو شتێك ناوەندێکی خوا پەرستین. بۆیە دەبینین زۆرجار ناوی شارەکە و خواوەندە پەرستراوەکە تەواوکاری یەکتربوونە: بۆ نموونە دەبینین کە "نیپور" ناوەندی "ئانلیل"ی گەورەی هەموو سۆمەرە.

لەهەندێك ناوچەی دیکەدا دەبینین کە خواوەندەکان بەشێوەیەکی دیکە گەورەیی خۆیان دەنوێنن. بۆ نموونە لاگاش کە خواوەندەکەی ئینورتابووە و هەمیشە پێی دەوترا (ننگرسۆ)ی گەورەی گرسۆ کە ناوێکی زیندووی پەرستگاکەیەتی، کاتێك کە پادشاکانی خێزانی بابلی یەکەم شارێکی نوێیان دروست کردووە ناوی خواوەندێکیان لێ ناوە کە واتای خواوەند بگەیەنێت: کارشماش مانای پوورناکی خواوەندی ئاداد دەگەیەنێت، هەرچۆنێك بێت ئەوا

---

١) زۆرێك لە نووسینەکانی ئەم بەشە هی وەرگێرە.

دەستەلآتی ناوەندی بەهێز بووە و ئاڕاستە و کاریگەرییەکانی ئاین لە ولآتدا کەم بووە و زۆرجاریش ناوی پادشا جێگەی ناوی خواوەندی دەگرتەوە..حامورابی بڕیاری دا کە کەنالەکانی حامورابی لێبدرێت و دیوارەکانی ئەمیدیتانا و ئەمیزادوجا دروست بکرێت.

لەچەرخی خێزانی دووەمدا کوریجالزو هیچ خۆی بەدوور نەگرت لە ناونانی شارە نوێیەکە بە ناوی (دۆور کوریجالزو).

خواوەند بە گەورەی ڕاستەقینەی شار دەژمێردرا، خواوەند لەنێو خودی شارەکەدا بە خۆی و ژن و منداڵەکانیەوە نیشتەجێ بوو، پەرستگاش کە دەوڵەمەندترین شوێنی شارەکەبوو ناوچەی ئاکنجێ بوونی خواوەند بووە.

ئور – نینا بە تێچوونێکی زۆر بڕێکی بێشوماری تەختەی لەچیاکانەوە هێنا بۆ ڕازاندنەوەی پەیکەرەکان، هەروەك چۆن جودیا دانی بە چەندین جۆری بۆندا ناوە کە لە دارستانەکانەوە هێناویانە، سەرباری بەرد و کانزا بەنرخەکان کە بۆ بنیاتنانی "ئی–نینۆ" کۆی کردبوونەوە، لەگەڵ بەکارهێنانی چەندینَ هونەری دەستی کە لە ئیلامەوە هێناویانن بۆ نەخشاندن.

خواوەندەکان خاوەنی مووڵکی تایبەتی و زەوی بەپیت و کۆیلە بوون و، ئەیاناتۆوم دژ بە ئۆما وەستاوەتەوە لەبەرئەوەی پارچەیەك زەوی پیرۆزی بردووە کەتایبەت بووە بە نینجرسۆ.

لەسەردەمی "ئۆرکاجینا"دا خواوەند سەرجەم ئەو مووڵکانەی گێڕایەوە کە لوجالاندا دابووی بە هاوڵ و کەس و خزم و خێزانەکەی خۆی. بەڵگەکانمان بۆ ئەمە تەنها لەڕێگەی دەقە نەخشێنراوەکانەوە نییە، بەڵکو لەو تابلۆ ژماردنانەشەوەیە کە لەم ماوەیەدا نوسراونەتەوە، ئێمە لەماوەی چەرخی ئوردا

بۆ ماوەی سی ساڵ دەبینین کە لە کەناری پەرستگای "ئانلیل"ی نیشتمانیدا مەڕ و ماڵات و پارە و باجیان داوە بە پەرستگا. بەتێپەڕبوونی ماوەیەک پاش لەمەش پادشای کاسییەکان (نازی ماروتاش) مۆڵکێکی زۆری داوە بە خواوەندی ماردۆک کە بووەتە گەورەی کێڵگەکان.

خواوەند خۆی هەڵسوڕێنەری نیشتمان و شارەکە نەبووە، بەڵکو بریکارێکی هەڵدەبژارد: پادشایەک یان ئیشاکۆ، ئەویش بەڵێنی سەرپەرشتی کردنی گەلەکەی بەخواوەند دەدا و، ئنتمینای لاجاشی ئیشاکۆی گەورەی نینجرسۆ بووە، هەروەک چۆن لۆجال زاجیگی ئۆزۆکی دەستەڵاتی بەسەر سەرجەم ناوچەکانی سۆمیر ئیشاکۆ "ئینلیل"ی خواوەندی نیشتمانیدا هەبووە، شازادەی ولاّت لەهەمان کاتدا گەورەی پەرستگای ولاّت و نوێنەری خواوەند بووە، بەڵگەشمان بۆ ئەمە جودیا و لۆجال زاجیگی یە: کە هەردووکیان بڕیاردەدەن بەوەی کە: خواوەند دانی پێدا ناون بەوەی ببنە نوێنەریان لەهەرێمەکاندا، هەروەک چۆن کردوونی بە ئۆروکی گەورەی کەشیشانیش.

پادشاکانی ولاّت بەهۆی ئەوەی دەستەڵاتی تەواویان بەسەر هەردوو لایەنی ئاینی و گێتی ولاّتدا هەبووە بۆیە بەئاسانی توانیویانە زۆرجاری ناو و نازناوی خۆیان لەبری خواوەندەکان بەکاربێنن، بۆ نموونە: لەسەر میلەکەی "مانیشستۆسۆ"دا نوسراوە: شارۆوکین ئیلی، واتە: سەرجۆن خواوەندی منە و "نارام سین"یش کە هێشتاکە لەژیاندا بووە ناوی خۆی ناوە خواوەندی ئاجادە، هەروەک چۆن وشەی دونجی تایبەت بە خواوەند لەپێشی ناوەکەیانەوە داناوە و هەریەکەیان خاوەنی پەرستگا و پەیکەری تایبەت بەخۆیان بووە، حامورابیش -کە هاوچەرخێکی نێوی "حامورابی ئیلۆ"ی بۆ بەکاردێنێت

واتای حامۆرابی خواوەندە دەگەیەنێت – ناوی خواوەندی پادشاکانی بۆ خۆی هەڵبـژاردووە. کاسـییەکانیش هەرچـەندین بـواردا لەنەریتـەکانیان هەڵگەڕابوونەوە و شتی نوێیان خستبووە جێگەکەی کەچی نەیانتوانی بوو لـەم بابەتەدا خۆیان ببوێرن و تێوەی نەگلێن.

لەسەردەمەکانی پێشووتری سەرجۆنییەتدا لـە پـاڵ پادشادا شارۆنیش خاوەنی زەوی و مـوڵکێکی زۆر بـووە و خـۆی سەرپەرشـتی کـردووە: خـاوەنی کۆشـکی تایبـەت بـەخۆی بـووە و هاوبەشـی پـارەدارکردن و خەرجییـەکانی وڵاّت بـووە بەگشـتی، کوڕەکـانی پادشـاش هەریەکـە و کۆشـکێکی تایبـەت بـەخۆی و خزمـەتکار و کۆیلـە و دارتـاش و چـنەر و مۆزیکـژەن و جوانکـاری تایبـەت بەخۆیان هەبووە.

گـرنگترین کاربەدەسـتی وڵاّت سەرپەرشـتیاری کۆشـک بـووە، لەهـەمان کاتـدا ڕێکخەری سەرجەم پڕۆژەکانی سوودی گشتی و کاروباری کشتوکاڵی و سەر ڕاسـت و گەجینـەداری پادشـاش بـووە. تابلۆکـان ئامـاژە بـەبوونی چـەندین سەرپەرشتیار(نوباندا) دەکەن، لەوانەش نوبانداى خواوەند و نوبانداى ئەورد. چـینە جیاوازەکـانی کەشـیش و ڕەبەنـەکان و بریکـاری کـار و دادوەر و گەنجینـەدارەکانی خـۆراك و نوسـەر و تێبینیکـاران و کارمەنـدانی دیکـە بەشـێوەیەکی ڕوون و تـەواوەتی جـۆری کـاری ئەنجامـدراویان یـەکلایی نەکراوەتـەوە و دیـاری نـەکراوە. ئـافرەت کەشـیش و چـنەر و خـاوەنی چـەندین کـاری وەکـو دارتاشـی و بۆنفرۆشـی و پێستەخۆشـکاری و بـەردی گرانبـەها شکاندن و چاڵکەندن و بێستانەوانیش بوون.

هەموو ئەمانە لەسەردەمی ئوردا بووە، بەڵام کۆشک و خانووی پادشا لەخۆگری زۆرترین کارمەند و کرێکار و کۆیلە و پاسەوان بوون، بەجۆرێك ڕەنگە ژمارەی ئەو کەسانەی لەکۆشکدا بووبن زۆر زیاتر بووبێت لەژمارەی ئەو دەستی کار و کۆیلانەی لەشاردا بووبێتن.

لەم کاتەدا نوباندا خۆی تەرخانەدەکرد بۆ سەرپەرشتی کردنی هەموو جۆرە ئیش و کارێکی وەك جەنگ و کشتوکاڵی و لێدانی کەناڵی ئاو و بنیاتنانی دیوار و کۆشك و پرد و پەرستگا، نوباندا لەهەموو شوێنێکدا دەستەڵات و توانای کارکردنی هەبوو. لەتەنیشتی پادشاوە چەندین گەورە شالیار هەبوون، ئەوانیش یاخود ئیشاکۆ بوون یان فەرمانڕەواکانی شارەکان، هەروەها شالیاری دیکەش هەبوون کە تایبەت بوون بە کاروباری سەربازی و پۆستەکاری... هتد، لەم کات و چەرخەدا دانیشتووانی کۆشك و شار بەهەمان شێوەی سەردەمەکانی پێش و پاش خۆی لەکەسانی ئازاد و کۆیلە پێکهاتبوون.

پێویستە بگەڕێینەوە بۆ باسکردنی چەرخی حامورابی، بۆ ئەوەی دابەشکردنێکی تری جیاوازی کۆمەڵگە ببینین لەهەڵدێری مێژوودا.

یاساکانی بابلی لە وڵاتدا جیاوازی زۆری دەکرد لەنێوان مرۆڤی ئازاد و مۆشکینۆ و کۆیلە و مۆشکینۆدا –گەر تێبینی وشەی مۆشکینۆ و مۆسکینەی فەرەنسی بکەین دەبینین کەهەمان بنچینەیان هەیە– ئەم چینە هاوڵاتیانی چینی ناوەندی کۆمەڵگەی دەگرتەوە، کە دەکەوتنە نێوان هەردوو چینی ئازاد و کۆیلەوە، هاوڵاتییانی ئەم چینە بۆیان هەبوو ببنە خاوەنی کۆیلە و لەبەرامبەر سێ یەکی مینەیەك زیودا دەیتوانی ژنەکەی تەڵاقبدات، لەکاتێکدا مرۆڤێکی ئازاد لەم کاتەدا دەبوو بۆ جیابوونەوە لەژنەکەی یەك مینە زیو بدات بە

هاوسەرەکەی. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە، ئەو یاسایانەی کەتایبەت بوون بە نەشتەرگەری و ڕووداوەکانی ترەوە بە وردی چاوپۆشی وحیساب بۆ پێگە و چینە کۆمەڵایەتییەکەی کەسی تاوانبار دەکرا. ئەگەر کەسێك دەستی یاخود قاچ و سەری کەسێکی مۆشکینۆی شکاندبا ئەوا دەبوو بە زیو قەرەبووی بکردایەتەوە، بەڵام لەبەرامبەر کەسێکی ئازادا دەبوو بە ڕێسای (چاو بەرامبەر چاو، ددان بەرامبەر ددان) لەگەڵیدا ڕەفتاریان بکردایە، بەڵام ئەگەر کۆیلە بوایە ئەوا نیوەی نرخی ڕاستەقینەی قەرەبووەکەی پێدەدرا، ئەوەش نەك بەخودی کۆیلەکە بەڵکو بەخاوەنەکەی. ئەگەر یەکێك ددانێکی موشکینی بشکاندایە ئەوا سێیەکی مینەکی وەردەگرت و لەبەرامبەر هەر سەر شکاندنێکدا دە شاقڵ وەردەگیرا لەکاتێکدا بۆشکاندنی دانی هەرکەسێکی ئازاد یەك مینە زیو وەردەگیرا.

ئەگەر بەبێ قەست و لەکاتی شەڕدا کوژرا ئەوا هەر سێیەکی مینەیەکی پێدەدرێت لەبری خوێنەکەی لەکاتێکدا بۆ کەسێکی ئازاد نیو مینە دەدرێت.

ئەگەر کچکەی منداڵی لەبارچوو بەهۆی لێدانەوە ئەوا دەبێت ئەو کەسەی لێیداوە پێنج شاقڵی وەك قەرەبوو پێبدات، لەکاتی مردنیشیدا بەهۆی ڕووداوێکەوە نیو مینە نرخەکەی دەبێت، بەڵام ئەگەر باوکی کەسێکی ئازاد بوو، ئەوا لەکاتی منداڵ لەبار بردنی بەزۆردا دە شاقڵ وەردەگیرێت و لەکاتی کوشتنیشدا یاسای (چاو بەرامبەر چاو) بەسەر کەسی بەرامبەردا جێبەجێ دەکرێت، بەڵام ئەگەر کچی کۆیلەیەك بوو ئەوا قەرەبووەکە بۆ لەباربردنی منداڵەکەی تەنها دوو شاقڵ و لەکاتی کوشتنیشیدا تەنها سێ یەکی مینەیەك دەبێت.

لەکاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەریدا: ئەگەر کەسێکی ئازاد دە شاقڵی بدایە ئەوا مۆشکینۆ پێنج و کۆیلەش دوو شاقڵی دەدا، یاخود لەبریدا دەدرا.
لەڕاستیدا مۆشکینۆ لەپێگەی کۆمەڵایەتیدا خوارتربووە لە ئامیلۆ Amelou واتە پیاوی ئازاد.
لەیاساکەدا شتێکی زۆر سەیر هەیە هیچ باس لە کەسی ئازاد نەکراوە بەتایبەت لەبوارەکانی: دزی و خواستنی ئافرەتی ئازاد لەلایەن کۆیلە و لەخۆگرتن و شاردنەوەی کۆیلە...لەوکاتەی کە جیاوازییەکی زۆر هەبووە لەنێوان کۆشك و پەرستگا و چینی ئازاد و مۆشکینۆ و کۆیلەش لەلایەکی ترەوە.
کۆیلە مووڵکی خاوەنەکەی بووە: جا لەماڵی ئەودا لەدایك بووبێت یاخود کڕابێت یان دیلی جەنگ بووبێت.
مانیشتوسۆ پێنج پیاو و سێ ئافرەتی بە بیست شاقڵ کڕی بۆ هەر سەرێك، هەروەها کچێکیشی بە سێ شاقڵ و نیو کڕی.
لەسەردەمی ئوردا نرخی خێزانێك بەتەواوتی نیو مینە بووە و منداڵێکیش سێ شاقڵ و نیو بووە، کۆیلەکان بۆیان هەبوو تانە بدەن لەو نرخەی کە بۆفرۆشتنیان دانراوە و لەلای دادوەر سکالاّ تۆماربکەن بەدەستی ڕاستیشیان سوێند بخۆن بۆ پشت ڕاستکردنەوەی قسەکانیان. خزمەتکاری یەکێك لە پزیشکەکان تۆمەتبار کرا بە دزینی جلی بەڕێز بازی سزئێز و ئەویش دەیگووت: کە ئەم جلەی لەلایەن لوجال دوردوجی کۆیلەی ئەو بەڕێزەوە پێی دراوە، کاتێك کێشەکە چووە پەرستگای ننمارەوە لوجال دور دوج سوێندی خوارد کە هیچ پەیوەندی بەم دزی کردنەوە نییە، بۆیە ئەو خزمەتکارە پلەکەی بۆ لەشفرۆش دابەزێندرا و خرایە خزمەتی سەربازییەوە.

کڕینی کۆیلە پەشیمانی تێدا نییە بەتایبەت ئەگەر شایەت هەبوو لەوەی پارەی کۆیلەکە درابوو بە فرۆشیارەکەی. باوک و دایک دەتوانن کوڕەکەیان وەک کۆیلە بفرۆشن. هەروەها گەورەکانیش بۆیان هەبوو بەندە و کۆیلەکانیان ئازاد و سەربەست بکەن. نموونەی ئەمەش لەسەردەمی ئیللیل بانی پادشای ئیسین (۲۲۰۱-۲۱۷۸ پ.ز)دا دیارە کە، بیدور لیبۆر و ژنەکەی نیم ئۆتۆمو ئافرەتێکیان ئازادکرد، بەڵام ئەو هەر لەخزمەتکردنیان وازی نەهێنا، بەبێ ئەوەی کوڕ و کچەکەیان پەیوەندی و مافیان بەسەریانەوە هەبووبێت.

لەکاتی کڕینی کۆیلەدا ئاهەنگێك ڕێك دەخرا و لەو کاتەدا نیشانەی کۆیلەبوون بەنێو چاوانی کۆیلەکەوە دەچەسپێنرا و دواتر دەبووە کۆیلەی خاوەن مالّ. یاساکەی حامورابی خۆی دەنواند لە بڕینەوەی دەستی ئەو پزیشکەی کە مۆری ئەو جۆرە کۆیلایەتییە دەداتە نێو چاوی کۆیلەیەکەوە کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی خاوەن کۆیلەکە چیتر بۆی نییە بیفرۆشێت، لەکاتێکدا خاوەن کۆیلەکە خۆی بێئاگا کرد لەم نیشانە کوتانە.

لەسەدەی سێیەمی پێش زایینەدا ناوی پادشا یان گەورەی کۆیلەکە لەسەر دەستی ڕاستی ئەو بەندەیە دەنوسرایەوە، ئەگەر خاوەنەکەی بیفرۆشتایە ئەوا ناوی خاوەنە تازەکەی لەتەنیشتی ناوی خاوەنە کۆنەکەی لەسەر دەستی ڕاستی دەنوسرا.

ئەو کەنیزە یان کۆیلە ئافرەتەی کە منداڵی بۆ خاوەنەکەی خستۆتەوە ناتوانرێت بفرۆشرێت، بەڵکو تەنها دەتوانێت گلی بداتەوە و بیخاتە بری بارمتەوە و هیچی تر، لەم کاتەدا هەمان بارودۆخی ژن و کوڕ و منداڵەکانی دیکەی دەبێت، نەدەبوو ماوەی کۆیلایەتی هاوسەر یاخود کوڕ لەسێ ساڵ

زیاتر بوایە، تەنها مەگەر بەگۆڕینی یاساکە نەبێت: لەسەردەمی بابلی نوێدا دەتوانرا دە ساڵی لەسەر یەک کوڕ بکرایەتە خزمەتکاری کەشیشانەوە، ئەمەش وەک قەرەبووکردنەوەیەک بووە بۆ قەرزەکانی باوکی، حامووڕابی بیست شاقڵی داناوە بۆ کۆیلەی بازرگانی، ئەمەش هەمان نرخی کوشتنی مرۆڤێکە لەلایەن گایەکەوە.

لەم کاتەدا ژیانی کەسێکی ئازاد کەمتر نەبووە لە سی شاقڵ، ئەمەش بەپشت بەستن بە تەمەن و ڕەگەزەکەی (نێر یان مێ) و لێهاتوویی لەکارکردندا، زۆرێک لە کۆیلەکان تەنها چوار بۆ شەش شاقڵیان دەکرد لەکاتی فرۆشتندا، لەکاتێکدا چەند جۆرێک لەکۆیلە هەبوون بە ٥١ بۆ ٥٧ شاقڵ دەفرۆشران، واتە نزیکەی یەک مینە زیوی کردووە.

ئافرەتی ئازاد دەیتوانی شوو بە کوڕێکی کۆیلە بکات، منداڵەکانیش لەسەر دایکیان بە ئازادی لەدایک دەبوون، لەکاتێکدا نیوەی سامانەکەی باوکیان بۆ خاوەنەکەی باوکیان دەبێت. ئەگەر پیاوێکی ئازاد کەنیزەیەکی هێنا ئەوا منداڵەکانی لەپاش مردنی باوکیشیان هەر ئازاد دەبن، بەڵام ئەو منداڵانە هیچ کات نابنە میراتگری باوکیان مەگەر بەڵگەیەک لەنێوانیاندا هەبێت، کە باوکەکە دان بە منداڵەکانیدا بنێت.

کۆیلە بۆی هەبوو پارە کۆبکاتەوە و ئازادی خۆی پێ بستێنێت. دەیتوانی پارەی پێویستیش بۆ خۆ کڕینەوە بەقەرز وەربگرێت لە پەرستگای مەردۆک لەبابل و دواتریش دەبوو بیداتەوە. داواکردن و کڕینی تەواوەتی ئازادی کۆیلە لەلایەن خودی کەسەکەوە هیچ هێز و بڕیارێک نەیدەتوانی بێتە لەمپەر.

قەدەغەبوو لەسەر خەڵکی یارمەتی کۆیلەی هەڵهاتوو بدەن یان بیشارنەوە و ئەوەشی سەرپێچی بکردایە دەکوژرا بە لەسێدارە دان. ئەوەی کۆیلەیەکی بگرتایە و بیهێنایەتەوە بۆ خاوەنەکەی ئەوا یاسای حامورابی دوو شاقل پاداشت دەکرا. ئەم یاسایە لەخۆگری ئەم دەقەیە: ئەگەر کەسێك لەماڵی خۆیدا کۆیلەیەکی شاردەوە ئەوا سزای مەرگ چاوەڕوانی خاوەن ماڵەکە دەکات.

یاسای سۆمیریش هەبوو، کە کۆنترین یاسای ئاماژە بۆکراوە، سزایەکی کەمتر تووندی بۆ ئەم جۆرە حاڵەتانە دانابوو: ئەگەر خزمەتکارێك یاخود کۆیلەیەك هەڵهات بۆ دەرەوەی ماڵ و شاری گەورەکەی ئەوا، ئەو خاوەن ماڵەی ڕێگە دەدات بەمانەوەی ئەو کۆیلانە لە خانووەکەیدا بۆ ماوەی مانگێك ئەوا پێویستە بۆجێکردنەوەی هەر کۆیلەیەك یەك کۆیلە ببەخشێت بەخاوەن کۆیلە هەڵهاتووەکان، خۆ ئەگەر کۆیلەشی نەبوو ئەوا بۆ هەر کۆیلەیەك "٢٥ شاقڵ"ی زیوی دەداتە خاوەن کۆیلەکە.

دووەم: هێزی جەنگ

لەمێژە شارەکانی فوڕاتی نزیك لەشەڕدان، هەمیشە لەهەوڵی داگیرکردنی ناوچە و شار و وڵاتانی دەوروبەردا بوون، بۆ ئەمەش بەزۆری پشت بە هێزی سوپا دەبەستڕا.

لەڕێگەی تابلۆکانی عەقابنەوە کە پادشا ئەیاناتوم لە زەوییەکانی لاگاشدا دروستی کردووە بەب ۆنی سەرکەوتنی بەسەر پیاوەکانی ئۆمادا شێوازی ئامێر و کەرەستە جەنگییەکانی چەرخی سۆمەریی کۆنمان بۆ دەردەکەوێت.

پادشا ئەو کاتەی دەچوو بۆ جەنگ لەسەر شانی سەربازەکان هەڵدەگیرا و جلێکی بەهێز لەسەر سنگی دەپۆشی کە لە پارچەی کاوناکیس kaunakes دروستکرابوو، شانی چەپی بە پارچەیەکی نەرمتر دەپۆشی یان وەکو بە پێستی بزن. سەریشی بە کلاوێکی نیمچە قوچەکی دەپۆشی کە زیادەیەکی پێوەبوو بەرەو دواوە درێژبۆوە بۆ ئەوەی ملی لەبریندار بوون بپارێزێت. جلی سەربازەکان بەزۆری جلی ساف بووە، بەڵام پۆشاکی پادشا بەهێزتر و جوانتر و چاکتربووە، پادشا بەسواری بوایە یان پیادە ئەوا هەر گالیسکەی تایبەتی خۆی هەبووە، چەکی شازادە و پادشاکان بەزۆری چەقۆیەکی درێژ و کەوانێك یان گۆپاڵە و زەرگێك بووە.

شەڕوانان لە دوو پۆڵی جۆریی جەنگ پێکهاتبوون: چەکی پێکدادان، سەرکردەیەکی هەبوو کە پیاوە جەنگاوەرەکانی بە رێکی دادەبەزاندنە گۆڕەپانی جەنگەوە و خودی پادشای لەگەڵدابووە و، بەشێوەی پۆل پۆل چوونەتە پێشەوە بەرەو بەرەی جەنگ و هەر پۆلێکیان لە حەوت کەس پێکدەهات، یەکەمینیان چەکی بەرگری پێ بووە کە پێکهاتووە لە قەڵغانێکی درێژکۆلە، بەڵام ئەوانی دیکە بەزۆری هەڵگری زەرگ و شمشێر بوون. بەڵام ئەوانەی کەهێرشیان دەکرد لەپشتی گالیسکەی پادشاکەیانەوە بۆ ڕاوەدوونانی دوژمن هەڵگری تەور و چەقۆی درێژکۆلە بوون.

دوای سەرکەوتن پادشا بە سەربڕینی گا ئاهەنگی سەرکەوتنی دەست پێدەکرد. ئەوانەشی دیل کراون دەکوژران و لەسەریەك کۆمەڵ دەکران و پادشایش بیلبیلەی چاوی سەرکردەی دوژمنە دۆڕاوەکانی بۆخۆی هەڵدەگرت. تابلۆکەی سەرکەوتنی نارامسین شێوازی کەلوپەلەکانی پادشا و جەنگاوەرانی

لەچەرخی ئاجادەدا پیشان دەدات، شێوەکە پاوەدوونانی دوژمنە چیا نشینییەکان دەخاتەڕوو، پادشا تێیدا بە لەسەرکردنی کلاوی جەنگەوە وەستاوە و ملی بە شاخ یان قۆچ گەلێکی نیشانەی خوایەتی پازێنراوەتەوە، لەدەستی چەپیدا کەوانێکی جووت دانە هەیە و دەستەکەی دیکەی خستۆتەسەر سکی و لەشانی چەپیدا چەندین تیری دریژکۆلە هەن کە کلکەکەی بە پەڕ پازێندراوەتەوە و نووکەکەشی بەباشی تیژکراوە.

بەرەی هێزەکەش پێکهاتبوولە دوو دەستەی گەورەی جەنگاوەر، لەلایەن دوو بدۆزەوە سەرکردایەتی و ڕێنوێنی دەکران، یەکێکیان چەقۆیەکی دریژی بەدەستەوەبووە و ئەوی تریش تیرێکی پێ بووە کە نەختێك لەهی پادشا ئاسایی تر بووە، لەسەرووی هەر دەستەیەکیشەوە سەرکردەیەکی ئالا بەدەست هەبووە، جلەکەشی نەختێك لەهی سەربازە ئاساییەکان کورتتر بووە، سەریشی بە کلاوێکی جەنگی سەرباز ئاسا داپۆشراوە، یەکێك لە سەردەستەی هێزەکان دووجۆری چەکی لەشێوەی چەقۆی دریژ و تەوری پێ بووە و ئەوی دیکەشیان تەنها یەك تەوری پێ بووە، بەلام جل و کەرەستە جەنگییەکانی دوژمن زۆر لەوانەی ئاجادە دەچن.

بەشێك لەو تابلۆیە ئاماژەیە بۆ دروستکردنی کلاوی جەنگی لە پێست، لە دروستکردنیدا پێستی گا، یاخود خوری دروستدەکرا، بەلام هی دیکەش هەبوون کە لە بڕۆنزی پڕ لەزیو دروستدەکرا، چەقۆکان لە بڕۆنزی تێکەڵ لە مس دروستدەکرا، بەلام تووڕەکەی تیردانەکەیان لە پێست و خوری دروست کراوە.

لەسەردەمی ئوردا نۆوباندەکان سەر لەشکری سەربازەکان بوون، بەڵکو زیاتریش لەوە پەیوەست بوون بە خزمەتکردنی سەربازییەوە، ئۆوکوشەکانی خاوەنی سەرکردایەتی تایبەتیش ئەوان بوون.

یاساکانی حامورابی بەتەواوەتی بانگهێشتی دووجۆر هاوڵاتی دەکرد بۆ بەشداری کردن لەهەڵمەتە جەنگییەکانی پادشادا: ڕیدۆوم یان سەرکردەی گشتی کۆیلەکان (وشەیەکی سامییە و هاومانای وشەی ئۆوکوش یان بایرۆمی سۆمەرییە) و ڕاوچی، ناتوانین بەئاسانی و بەوردی وەرگێڕانی ئەو دوو زاراوەیە بکەین، چونکە خاوەن و لەخۆگری هیچ فەرمانبەرێکی ڕاستەقینە نەبوون: یەکەم زاراوە تایبەت بووە بە کۆکردنەوەی سەرباز بۆ جەنگ و کاری جەنگی ڕێکدەخست، بەڵام زاراوەی دووەم پەیوەست بووە بە باجاوش و حەیتەکانی ولاتەوە، هەردوو بەرەکە وەکو یەک دەبوو بانگهێشتەکانی پادشایان وەرگرتبایە و پێوەی پەیوەست بوونایە، هەرکەسێک لەئیشی خۆی هەڵهاتبایە ئەوا تاکە سزایەک کە شایەستەی دەبوو خۆی لە سێدارەدانیدا دەبینییەوە و کەسێکی بەکرێ گرتەشیان دەخستە جێگەکەی.

لەڕاستیدا هەندێک ئاسانکاری بۆ ئەم جۆرە تاوانبارانە لەئارادابووە، لەوانەش کڕینی تاوانەکەی بە پارەیەکی سالانە کە پێی دەگوترا ئیلکۆا ، ئیلکۆ مانای خزمەتکردنی پادشایە لە مولکەکانی دەوڵەتدا، واتە ئەو کەسەی توانای بوون بەسەربازی نەبوایە ئەوا لەبەرامبەر مووچەیەکی کەمدا دەبووە پاسەوان یان کرێکار یاخود باخەوان و شوان لە کێڵگەیەکی دەوڵەتدا.

دوو گوتار لەبەردەستماندان کە یەکێکیان فەرمانێکە لە سامسوایلونا و ئەوی دیکەش ئاشکراکراکردنی مەترسییەکانە بە پێڕاگەیشتنی فەرمانی یەکەم...

کەسێك هەبوو ناوی ئیبنی ئەداد بوو، خاوەنی زەوییەکی بەرفراوانی ١٨جانی بووە (زیاتر لە ٦ هێکتار زەوی) و پێکهاتووە لە چەندین کێڵگە و بێستان، ئەم پیاوە زەوییەکانی بەجێ هێشتووە بۆ ئەوەی زەوی باشتری پێبدرێت، دواتر پادشا داویەتی بەکەسێکی ئیلامی دیکە بەناوی والی، ئەمەش لەسەر تابلۆیەك نەخشێنراوە و نێردراوە بۆ کۆشك، ماردۆك ناتسیری گەورە کاربەدەستانی سیبار فەرمانە شاهانەییەکەی پێ گەیشتووە، کردیەوە و ناوەڕۆکەکەی خوێندەوە، دواتر خستییەوە نێو بەرگەکەی خۆی و ناردی بۆ بەڕێوەبەری بەشی مولکداری بۆ ئەوەی فەرمانەکە جێبەجێ بکەن.

زەوی و مولکەکانی ئیلکۆ ناتوانرێت بە داگیرکردن یان بە فرۆشتن ڕەفتاری پێبکرێت و ئەوەشی بیکڕێت پارەکەی خۆی لەدەست دەدات، واتە تەنها وەکو بارمتەیەك بۆ قەرزەکان دەتوانرا لێی بڕوانرێت و هیچی تر.

ئەو دەمەی ڕیدۆم و بایرۆم ون بوونایە و دەرنەکەوتبانایە بەهۆی بەرژەوەندییەوە، بەو مەبەستەی بەشی کارگێڕی هەڵی ئەوەی پێبدرێت ئەم زەوی و مالأنە بەناوی کوڕ و وەچەکانیانەوە تۆماربکاتەوە... ئەگەر منداڵەکانیان بچووك بوونایە ئەوا پەنا دەبرایە بەر دایکەکانیان و سێ یەکی ئەو مولك و ماڵەیان وەکو دەستخۆشانە دەدرایە سەرپەرشتی کارێك، بەڵام ئەگەر تاوەکو سێ ساڵ خاوەنی ئەو زەوییە بەدەوروخولی سەرپەرشتیارەکەشدا نەچوایە ئەوا دواتر هیچ مافێکی بەسەریەوە نەدەما، بەڵام ئەگەر لەماوەیەکی پێشتر و کەمتردا خاوەن زەوییەکە کەوتەخۆی و زەوییەکەی گێڕایەوە ئەوا دیسانەوە دەبێتەوە مولکی خۆی.

پیدۆوم خاوەنی چەندین تایبەتمەندیی زیاتری خودی و تایبەتی مۆڵکایەتی بووە: بەتەواوەتی سەربەخۆ بووە لە دەستەڵات و بەڕێوەبەرایەتی فەرمانڕەوای ناوچەکە و دوایین کەسیش بووە دووچاری سزای لەسێدارەدان بووبێتەوە. ئەگەر پیدۆوم و بایرۆم لە جەنگدا دەستبگیر بکرانایە و بەڕێوەبەری کارەکانیان پارەی قەرەبووەکەی بۆ بدانایە ئەوا دەبوو دواتر خۆیان بەدەستی خۆیان پارەکەیان بگەڕانایەتەوە؛ ئەگەر سامانە گواستراوەکەیان ڕێگەی بەو کارە بدایە، بەڵام مۆڵکە جێگیرەکانیان دەستکاری نەدەکران، بۆیە بەناچاری پەنایان دەبردە بەر پەرستگای شارەکەیان بۆ ئەوەی پارەکەیان بۆ بدات، خۆ ئەگەر لای ئەوانیش دەستەبەرنەبوایە ئەوا دەوڵەت خۆی دەبووە دەستەبەریان، بڕیارێکی حاموڕابی هەیە باسی چۆنێتی چەسپاندنی ئەم دەقە دەکات لەیاساکانیدا، ئەم بڕیارەش پەیوەست بووە بە دووکەس لە لارسا: تایبەت بە ئیمانینۆم کە دوژمن دەستگیری کردووە ئەوا لە پەرستگاوە دە مینە زیو دەدرێت بە بریکاری کارەکانی وەکو قەرەبوویەک.

لەچەرخی بابلی نوێشدا، زۆرێک لە باجدەران زێدەباجی جەنگیان دەدا و ناچاریش دەکران بە پارەدارکردنی تێچوونەکانی جەنگ و دابینکردنی خۆراک و جل و بەرگ و کەرەستەی جەنگی بۆ سەربازەکان: پێویست بوو یەکێک حەفتا شاقڵ بداتە دارا بۆ ماوەی پێنج ساڵ و یەکێکی دیکەش کرێی دووساڵ ئیشکردنی کەسێک بدات، یاخود تێچوونەکانی چەند سوارەیەک بخاتە ئەستۆی خۆی. لەم چەرخەدا هێز و لەشکری بابلی بەهەمان شێوەی ئاشوری ڕێکخراو بووە، بەتایبەت لەکۆتا سەردەمەکانی ئەمپراتۆریەتی "سەرجۆن"دا.

سێیەم: بنەماڵە و خێزان

خێزان لەمێژە لەڕێگەی هاوسەرگیریی کردن لەگەڵ تاکە ئافرەتێکدا دروست بووە، زۆرجاریش پیاوان لەژنێك زیاتریان هێناوە ئەگەر یاسا و ڕێسا و نەریتەکان ڕێگەیان پێدابێت ئەوا کەنیزەکیشی هەبووە.

هاوسەرگیری لەڕێگەی واژووکردنی پەیماننامەیەکەوە دەبێت کە تێیدا مێرد حەق و مافەکانی ژن دەستنیشان دەکات و، ئەو بڕە پارەیەش دیاریدەکات کە لەکاتی جیابوونەوەدا پێویستە وەك قەرەبوو بە ئافرەتەکەی بدات، ئەو سزایەش دیاریکراوە کە ژنان لەکاتی ناپاکی کردندا دووچاری دەبنەوە.

پێش واژووکردنی ئەم پەیماننامەیە دەبوو پیاوەکە لەگەڵ ماڵی باوکی کچێکدا قسەبکات و داوای ڕێگە پێدانیان لێبکات بۆ خوازبێنی کردنی کچەکەیان، یاساکانی نیسابا و حانی Nisabb&hani لە بەشێك لەناوچەکانی سۆمەرییەکاندا پێش دەرکەوتنی فەرمانڕەوای بابل ئەوەی سەلماندووە کە ئەگەر هاتوو کوڕێك دەستدرێژی سێکسی کردە سەر کچێك و دواتر نەیهێنا یاوەکو ماڵە باوکی کچێك قایل نەبوون بەوەی کچەکەیان بەو کوڕە بدەن ئەوا تەنها مەرگ چاوەڕوانی ئەو دەستدرێژیکارەیە.

لەسەردەمی بابلی و حامورابی بەتایبەت لەلایەن باوکەوە مێردی کچەکەی دیاری دەکرا و دواتر ڕێکدەکەوتن لەسەر شوێن و کاتی مارەبڕینەکە، لە ئاماژەکانی ئەم هاوسەرگیرییەش ئەوەیە کە کوڕ یان ماڵە باوکی زاوا دەبوو چەندین دیاری بنێرێت بۆ ماڵە باوکی کچەکە لەگەڵ پێدانی تیرهاتوو بەکچێك – زیاتر مانای مارەیی دەگەیەنێت– و زۆرجاریش ئەم تیر هاتوویە یەك شاقڵ

بووە لەسەردەمی یەکەمی بابلدا و گەلێك جاریش دەگەیشتە دە شاقڵ، بەڵکو نیو مینە زیویش، لەپەیماننامەکەی گودیادا ئەوە پوونکراوتەوە کە هاوسەرگیری ئەو کاتە بەزۆری شێوازی کڕینی کچی لەخۆگرتبوو: پاش لەوەی ئیشاکۆ هەستا بە بنیاتنانی پەرستگای باوو لەداهاتوودا دیاریەکانی بووکێی زیاتر کرد...ئەو دیاریانەش کە دەبوو لە جەژنی هەموو سەر سانێکدا نوێ بکرێتەوە بریتی بوون لە: مانگا و مەڕ و خورما و کەرە و هەنجیر و پەلەوەر و ماسی و تەختەی گەز.

هەروەها لەسەردەمی ئوری دواییندا لە باخچەی پەرستگای ئانلیل بەبۆنەی ئەو هاوسەرگیرییەوە کە بۆ یەکێك لە گەورە فەرمانبەرانی پادشا ڕێکخرابوو زیاتر لە پەنجا مانگای قەڵەو و سی کاوڕ و پێنج بەران بەخشرایە مااڵی بووکێ، هەروەها دیاری کۆشکدار بریتی بووە لە پێنج کاوڕ و سی مەڕ و دوو بزن.

تیرهاتوو بەشێوەیەکی گشتی ناچاری نەبووە، زۆرجار ئاهەنگی ماڕەبڕین ئەنجام دەدرا بەبێ پێدانی تیرهاتوو، هەروەها تیرهاتوو مانای دابەستنی پەیوەندی تامردن نەبووە، بەڵکو باوکی کچەکە بۆی هەبوو بەگێڕانەوەی دیاری و مارەییەکە ئاهەنگەکە هەڵبوەشێنێتەوە، بەاڵم ئەگەر کوڕ یان زاوا پەشیمان بوایەتەوە ئەوا نیوەی یاخود کەمتر لەبڕی تەواوی پێشکەشکراوی بۆ دەگەڕێندرایەوە. سەرباری ئەوەش تیرهاتوو تەنها بەس نەبووە لەکاتی پچڕاندن و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی هاوسەرگیریدا، بۆ نموونە: ئەگەر هاتوو کچێکی مارەکراو لەمااڵی باوکیدا بوو لەاڵیەن کوڕێکی دیکەوە بەزۆر ئابڕووی برا ئەوا ئەو کوڕە دەکوژرێت بەلەسێدارەدان، بەاڵم ئەگەر هاتوو گواستراباۆوە بۆ مااڵە خەزووری و هێشتاکە لەگەڵ زاوادا جووت نەبوو بوو، بەاڵم باوکی زاوا

دەستدرێژی کردەسەر بەڕەزامەندی خودی بووکێ ئەوا ئەو هاوسەرگیرییە هەڵدەوەشێتەوە و کچەکە بەزیادەی مارەییەکەیەوە دەگەڕێندرێتەوە بۆ ماڵە باوانی، سەرباری نیو مینەی زیو وەکو قەرەبووی ئابڕووەکەی، بەڵام ئەگەر دەستگیرانەکەی پێشتر لەگەڵیدا سەرجێیی کردبوو ئەوا ناتوانێت پاکێتی خۆی بسەلمێنێت و لەم کاتەدا هەم کچی تاوانبار و هەم کوڕی شەڕوالێ پیس فڕێ دەدرانە ئاوەوە بۆ ئەوەی بخنکێن.

باوک –ئەگەر باوک بمردایە ئەوا برایەکی– هەڵدەستا بە پێدانی شمەک و جل و بەرگی پێویست بە بووکێ پاش لە گواستنەوە و تاوەکو مردنی ئەو شتانە هی بووکێ دەبوون و بەبێ ڕەزامەندی ژنەکە مێردەکەی بۆی نەبوو بیانفرۆشێت، یاخود ئەگەر سەروەت و سامانیش بوایە نەیدەتوانی بەکاری بهێنێت، پاش لەمردنی ژنەکەش منداڵەکانی دەبوونە خاوەنی ئەو شتانەی کەدایکیان بەجێی هێشتووە، خۆ ئەگەر هیچ منداڵێکیشی نەخستبۆوە ئەوا موڵک و ماڵەکەی دەگەڕێندرێتەوە بۆ ماڵە باوانی. ئەگەر پیاو و ژن هاوسەرگیرییان کرد و قەرزار بوون ئەوا پێکەوە دەبنە بەرپرسیاری دانەوەی ئەو قەرزانە، بەڵام هەرچییەک لەپێشتردا ڕووی دابێت ئەوا ئەوی تر لێی بەرپرسیار نییە و دەتوانێت بەپێی خواست و توانای خۆی یارمەتی هاوبەشی ژیانی بدات، هەروەها ئەو موڵک و مالانەی کە هی ژن و مێرد بووە نەپیاو و نەژن بۆیان نەبووە بە ئارەزووی خۆیان و بەبێ ڕەزامەندی کەسی بەرامبەر ئەو مالێ و موڵکە بەکاربهێنن.

ژن لەسەردەمی سەرجۆنەوە بۆی هەبووە بێتە گەواهیدەر و دەشیتوانی ببێتە خاوەن موڵکی تایبەتی و بەبێ گوێدانە قسەی پیاوەکەشی دەیتوانی چۆنی بوێت وەها بەکاری بهێنێت، بۆی هەبوو کۆیلەکانی خۆی بفرۆشێت یاساش

دژی نـەبووە تـەنها مەگـەر لـەکاتی فرۆشـتنی کەنیزەیەکـدا کـە منـدالّی بـۆ مێردەکەی خستبێتەوە.

ئەگەر ژن پیاوەکەی بۆ ماوەیـەک نادیاربێـت-بـۆ نموونـە لەخزمـەتی سـەربازیدا بێـت- و کـوڕی پێگەیشـتووی نـەبێت ئـەوا بـۆی هەیـە خـۆی کاروبارەکـانی بەڕێوەببەرێت و خودی خۆشی سێیەکی بەرهەمەکانی دەبرد، لەم کاتانەدا ئەگەر ژنەکە بڕیـاری دووبـارە گێڕانـەوەی کۆیلەیـەکی دا کـە مێردەکـەی لـەبری بارمتـە بـەکاری دەهێنێت ئـەوا دووچـاری کێشـە دەبێتـەوە لـەدادگادا بەتایبـەت ئەگـەر دەرکـەوت کـە ئـەو ئـیش و کارانـەی کۆیلەکـە ئـەنجامی داوە هاوتـای بـڕی قەرزاریـیەکەیـەتی، واتـا بـەبێ ئـەوەی هـیچ مـافێکی مابێت بەسـەریەوە بیـەوێت دیسانەوە ئەو کەسە بکاتەوە بە کۆیلە.

یاسـاکانی حـامورابی مـاف بـەو ئافرەتانـە داوە کـە بەتـەواوەتی ئـیش و کـاری خۆیان بەگونجاوی ئەنجام داوە بۆ ئەوەی داوای جیابوونەوە و مافەکانی خـۆی لـە مێردەکـەی بکـات و سـەرلەنوێ بگەڕێتـەوە ژێـر سـەیوانی بنمیچـی بـاوکی، ئەمەش لەکاتی دیارنەبوونی مێردەکـەی بـۆ ماوەیـەکی زۆر، یـاخود پشـت گـوێ خستنی، بەلاّم ئەگەر ژنەکە تاوانبار بێت ئەوا بەپێی یاسا فرێ دەدرایە ئاوەوە.

پیـاویش مـاف خـۆی بەسـەر ژنەکەیـەوە هـەبووە، بـۆ نموونـە: دەیتـوانی پلـەی ژنەکەی بۆ کۆیلایەتی نزم بکاتەوە و بیکاتـە کۆیلـەی کەسێکی خانـەدان لـەبری پـارەدا و ئـەم نەریتـە تـاوەکو سـەردەمی فـەرمان فـەرمای نـوێ و لەسـەردەمی نابونیددا بەردەوام بووە. یاساکانی حامورابی ئەم جۆرە کۆیلایەتییەیان بە سێ سالّ داناوە، هەروەها پیاو بۆی هەبوو ژنە فێلاّوی و ناپاکەکەی بفرۆشێت وەکو سزایەک.

پیاو بۆی لوابوو که –ئەگەر هاوسەرگیرییەکە لەسەر ڕێڕەوی خۆی نەڕۆیشت– یەکێك لەم ڕێگایانە بگرێتەبەر: یاخود ئەوەتا ژنێکی پلە دوو دێنێت یان ئەو ژنە یەکەمینەی تەلاّق دەدات و مارەییەکەی پێدەداتەوە لەگەلّ یەك مینە یان سێیەکی مینەیەك زیو –بەپێی بار و کات و هۆکاری تەلاّق دانەکە– بەجۆرێك گونجاو بێت لەگەلّ باری کۆمەلاّیەتی ئەو ژنەدا. لەسەردەمەکانی دوای حامورابیدا سزای تەلاّقدان بە نیو مینە دیاریکرابوو، ئەو پیاوەی ژنی دووەمی لە بنەماڵەیەکی پلە دوو دەهێنێت بۆی نییە هەمان ماف ژنی یەکەمی پێبدات بەڵکو پێویستە ئەو مافانە دیاری بکات کە پێی دەبەخشێت لەکاتی مارەبڕین و جیابوونەوەیدا، بەلاّم جۆری کار و ئەرکەکانی ژنەکە دیاری ناکرێت.

لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی "سین مۆباللیت"ی باوکی حامورابیدا پیاو فەرمانی بە ژنی دووەمی دەکرد کە: پێیەکانی ژنی یەکەمی بشوات و کورسیشی بۆهەڵبگرێت کاتێك دەڕوات بۆ پەرستگای خوا مەردۆك، بەلاّم لەکاتی جیابوونەوەدا ژنی دووەمیش وەکو ژنی یەکەم هەمان ماف بەردەکەوت.

ئەگەر ژنی پیاوەکە بووبێتە دایك یان نا ئەوا بۆی هەبوو ڕێگە بەمێردەکەی بدات بۆ دیاری کردنی کەنیزەیەك وەك دۆست یاوەکو خۆی بۆی بکرێت و ئەوکاتەش منداڵێکی دەبوو ئەم کەنیزە کۆیلەیە ئازاد دەکرا، بەلاّم خاتوونەکەی یاخود ژنی ڕاستەقینەی پیاوە خانەدانەکە بۆی هەبوو دیسانەوە بیکاتەوە بە کەنیزەك ئەگەر ویستی کێڕکێی بکات، بەڵکو دەشتوانێت بیفرۆشێت ئەگەر منداڵی نەخستبۆوە، پیاویش بۆی نەبوو لەگەلّ ژنێکی دیکەدا بخەوێت ئەگەر ژنە خاوەن منداڵەکەی ڕێی پێی نەدایە.

ئەگەر ژنی پیاوەکە دووچاری نەخۆشییەکی درێژخایەن بوویەوە یاخود نەیتوانی کار و ئەرکەکانی ژن و مێردایەتی بەتەواوەتی جێبەجێ بکات ئەوا پیاوەکە بۆی نییە لێی جیابێتەوە، بەڵکو دەتوانێت ژنێکی دیکە بهێنێت بەو مەرجەی ژنی یەکەمی لەسەر مالێ بمێنێتەوە و هۆکارەکانی بژێوی بۆ دابین بکات و بەپێی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەشی کە هەیەتی دەبێت رێزی بگرێت، خۆ ئەگەر ژنەکە پێی باشتر بوو کە خۆی واز لەپیاوەکەی بهێنێت ئەوا دەڕواتەوە مالّی باوکی و مارەیی و موڵک و دیاریەکانی خۆی دەباتەوە بەبێ کەم و کورتی. یاساکانی سۆمەری رێگەی بە فرێدانە نێو ئاوی ئەو ژنە دابوو کە توانای سەرجێیی کردنی نییە و شوودەکات یاخود تاقەتی جووتبوونی نییە لەگەڵ مێردەکەیدا، بەڵام حامورابی جیاوازی کردووە لەنێوان بارودۆخەکاندا: ئەگەر ژن گێژ و وێژ و توانای ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆی نەبوو ئەوا یاساکەی بەسەردا دەسەپێندرێت، بەڵام ئەگەر توانی بیسلەمێنێت کە ئەوە مێردەکەیەتی نزیکی ناکەوێتەوە و جێی هێشتووە ئەوا بۆی هەبوو بگەڕێتەوە مالّی باوکی و هەرچی موڵک و مالێ و دەستکەوت و دیاری و مارەیی خۆی هەیە بۆی هەبوو ببیات، بەڵام ئەگەر هەڵە و تاوانی ژنەکە بوو ئەوا دەبوو پیاو یان ئەوەتا لە دادگا تەڵاقی دەدات و بەبێ هیچ دەستکەوتێك دەینێرێتەوە مالّە باوانی، یاخود دەیهێڵێتەوە و دەیکاتە کەنیزەك، لەهەردوو بارودۆخەکەدا پیاو بۆی هەبوو ژنێکی نوێ بهێنێت.

لەلایەکی تریشەوە پیاو بۆی هەبوو بەبێ بوونی هیچ بیانوویەك ژنەکەی تەڵاق بدات و کەنیزەکەکەشی دەربکات، لەبەرامبەردا دادگا مافی تەواوی دەدا بەو ژنانە و زێدە موڵک و مالّی لە هی پیاوەکە پێ دەبەخشین و منداڵەکانیشیان بۆ

خۆیان دەبوو، ئەوکاتەشی تەمەنی منداڵەکان دەگەیشتە تەمەنی پێگەیشتن ئەوا دەبوو ئەو ماڵەی لای دایکانە بۆ ئەو منداڵانە بگەڕێندرێنەوە و دواتریش دایکیان دیسانەوە مافی ئەوەی هەبوو شووبکاتەوە.

ئەگەر ژنی پیاوێک لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا جووت بوو ئەوا تاکە سزا کوشتنیەتی ئەگەر بەیەکەوە بگیرێن، لەم کاتەشدا ژن و پیاوە داوێن پیسەکە پێکەوە دەبەسترانەوە و فڕێ دەدرانە نێو ڕووبارەکەوە، تەنها مەگەر مێردی ژنەکە نەیویستبێت ژنەکەی بمرێت، خۆ ئەگەر نەتوانرا ئەو ژن و پیاوە داوێن پیسە لەکاتی سەرجێیی کردندا پێکەوە بگیرێن ئەوا ژنەکە بۆی هەبوو پاکانەی خۆی بکات لەڕێگەی سوێند خواردنەوە، بەڵام ئەگەر ئەمەش نەیتوانی دەنگۆکان دابمرکێنێتەوە ئەوا فڕێ دەدرایە نێو ڕووباری–خواوەندەوە بۆ پاککردنەوەی، لەڕاستیدا لەکۆندا ژن بۆی هەبووە دوو مێردی هەبێت لەیەک کاتدا بەتایبەت پێش لەسەردەمی ئۆرکاجینا، وەکو ئەوەی گوتوویەتی: لەپێش و ڕابردوودا ژن بۆی هەبووە دووپیاوی هەبێت بەبێ ئەوەی سزا بدرێت، بەڵام ئەمڕۆ لەم کاتەدا فڕێ دەدرێتە نێو ئاوەوە.

ئەگەر مێردی ژنەکە کرایە کۆیلە ئەوا بۆی نییە لەم کاتەدا شووی دیکە بکات بەو مەرجەی خۆراک و پێداویستی تەواوی هەبێت، ئەگەر شووی کرد ئەوا دووچاری دادگایی دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر ژنەکە هیچی نەبوو پێی بژێ و بیخوات ئەوا بۆی هەیە سەرلەنوێ شووبکاتەوە، بەڵام ئەگەر مێردی یەکەمی گەڕایەوە ئەوا دەبێت مێردی دووەمی بەجێ بهێڵێت و بگەڕێتەوە لای و ئەو منداڵانەشی لە مێردی دووەمی هەیەتی لای باوکیان بەجێی دەهێڵێت، ئەو ژنەشی بۆ ئەوەی شوو بەکەسێکی دیکە بکات هەوڵی کوشتنی مێردەکەی بدات

ئەوا لەسێدارە دەدرێت. لەکاتی هاوسەرگیریدا پیاو دەتوانێت دیارییەکی بەنرخ بدات بەهاوسەرەکەی بۆ ئەوەی لەپاش مردنی پێی بژێت، ئەمەش بەپێی یاسا پشتگیری کراوبوو، ئەم دیارییانەش ژن بۆی نەبوو بیفرۆشێتەوە تاوەکو مێردەکەی مابێت پیاویش بۆی نەبوو داوای بکاتەوە لە ژن.

ئەگەر پیاوێکی ئازاد کچێکی کۆیلەی هەڵبژارد بۆ هاوسەرگیری ئەوا یەکەمین دیاری بۆ ئەو ئازادکردنی بوو لەکۆیلایەتی، کچی ئەو پیاوە ئازادەی کە مێرد بە کۆیلەیەک دەکات نابێتە کەنیزەک، تەنانەت دوای مردنیشی ئەم پیاوە کۆیلەیە بۆی نەبوو کە سەروەت و سامانی ژنەکەی بەکاربهێنێت –بەتایبەت ئەو شت و دەستکەوتانەی کە لە ماڵە باوکیەوە هێناویەتی– بەڵکو پێویست بوو هەمووی بۆ ماڵە باوانی کچەکە بگێڕێتەوە، هەروەها نیوەی ئەو ماڵەشی دەکەوت کە دوای هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوەکەیدا پێکەوەیان ناوە لەکاتێکدا ئەو نیوەکەی تری ماڵەکە دەبووە مواڵکی خاوەن کۆیلەکە.

بەمشێوە یاسای باری شارستانی لەسەردەمی حامورابیدا دیاریکراوە، هەموو ئەو شتانەی کە لەبارەی پێشینانەوە دەستمان کەوتوون سەرچاوەکەی ئەو تابلۆ و دەستنووسە کۆنانەیە کە پێشینان بۆیان بەجێ هێشتووین.

هەندێک لەیاساکانی حامورابی پێگە و مافی منداڵی لەخێزاندا دەست نیشان دەکرد، ئەگەر دایکی منداڵ لەچینی ئازاد بوایە ئەوا منداڵەکە بە ئازادی لەدایک دەبوو، ئەگەر دایکی کەنیزەی پیاوێکی ئازاد بوایە ئەوا بەئازادی لە دایک دەبوو، ئەگەر باوک و دایکی کۆیلە بوونایە ئەوا منداڵەکەش دەبووە کۆیلە، بەڵام ئەگەر منداڵەکە هی لەشفرۆشێک بووایە ئەوا ئەو منداڵە دەدرایە ماڵێک و بەخێودەکراو دایک و باوکەکەشی بۆیان نەبووە داوای بکەنەوە، پێویست بوو

منداڵەکە بیر لەدایک و باوکە کۆنەکەی نەکاتەوە، خۆ ئەگەر ویستی ئەو دایک و باوکە جێبهێڵێت کە گەورەیان کردووە ئەوا یاسا سزای دەدات بە چاودەرکردن یان کوێرکردنی هەردوو چاوی.

منداڵ هەڵگرتنەوە بلاّو بووە -بەتایبەت لەنێو ئەو خێزانانەی کە بواری وەچە خستنەوەیان نەبووە یاخود بێزاربوون لە منداڵ هێنانە دونیاوە- لە بابل سەرباری بوونی یاسایەک بۆ ڕێگری کردن لەجووتبوونی بێ بەرهەم. منداڵ هەڵگرتنەوە ئەوەندە باوبووە هی وا هەبوون خاوەنی پێنج یان زیاتر لەوەش منداڵی هەبووە کەچی منداڵی دیکەی هەڵگرتۆتەوە. لەڕاستیدا ئەم منداڵە هەڵگیراوانە هەمان تایبەتمەندی منداڵی کەنیزەکیان هەبووە و هەرگیز باوک نەیتوانیوە جیاوازی نەکات لەنێوان منداڵەکانی ژنە ڕەسەنەکەی و منداڵی کەنیزەکەکەی یاخود منداڵە هەڵگیراوەکانیدا.

منداڵ هەڵگرتنەوە لەڕێگەی مۆرکردنی پەیماننامەیەکەوە دەبێت کە تێیدا مافی گێڕانەوە لەکەسی منداڵ بەخش دەستێنێتەوە و بۆی نابێت جارێکی دیکە داوای ئەو منداڵە بکاتەوە.

ئەگەر پیاو و ژنێک منداڵێکیان هەڵگرتەوە ئەوا پێویستە لەسەریان هەموو مافێکی خوێندن و خواردن و پۆشاک و..هتد بۆ دابین بکەن، خۆ ئەگەر ئەو ژن و میّردە تاوەکو پێش هەڵگرتنەوەی ئەو منداڵە وەچەی دیکەیان نەبێت و دواتر منداڵیان بێت ئەوا هەڵگیراوەکە دەبێتە برا و خوشکی گەورەی ئەو منداڵانە، بەڵام ئەگەر پێش هەڵگرتنەوەی ئەو منداڵە پیاو و ژنەکە منداڵی دیکەیان هەبێت ئەوا پێویستە لە پەیماننامەکەدا مافەکانی هەڵگیراوەکە دیاری بکەن بەمەرجێک منداڵەکانی دیکە بۆیان نەبێت ئەو مافانەی پێشێل بکەن. ئەگەر

پیاوێك مندالێکی هەڵگرتەوە و دواتر دەریکرد ئەوا بەپێی یاسا ئەو منداڵە سێ یەکی مافی منداڵێکی ڕەسەنی ئەو پیاوە دەبات لەسامانی بەردەست، بەڵام لەمووڵکی جێگیر هیچی ناکەوێت، بەڵام ئەو منداڵەی کە تانە لەو دایك و باوکە دەدات کەهەڵیان گرتۆتەوە و بەهیچی خۆی دانانێت ئەوا مۆری کۆیلایەتی دەدرێتە نێو چاوانی و بە زنجیر کۆت دەکرێت و دەفرۆشرێت و پەیماننامەی هەڵگرتنەوەکەشی لەناودەبرێت، ئەگەر منداڵە هەڵگیراوەکە دەرکەوت منداڵی گەواد یان داوێن پیسە ئەوا پاش نکۆڵی کردنی لەو دایك و باوکەی هەڵیانگرتۆتەوە زمانی دەبڕدرێت.

لەکۆندا و لەسەردەمی بابلییەکاندا کۆیلایەتی لەبری قەرز تەنها بۆ ماوەی سێ ساڵ بووە، بەڵام دواتر گۆڕانی بەسەرداهات، بەتایبەت ئەوکاتەی پیاو دەبووە کۆیلە، بۆ نموونە ئیناتسیل بابی ڕابی بۆ ماوەی "دە ساڵ" لەبری "٤٢ شاقڵ"ی زیوی بوو بە کۆیلەی ساجیتوم ئەهاتا، دەبوو ماوەیەکی زۆرتر چاوەڕوانی بکردایە ئەگەر مردن ڕزگاری نەکردبا، ئەمەش بەهۆی قەرزاری باوکیەوە بوو، لەو دە ساڵەدا ڕۆژانە شەش قای جۆی بۆ هەژماردەکرا واتە مانگی یەك جور.

خاتوو ئەهاتا لەچوارەم ساڵی کۆیلایەتی "ئیناتسیل"دا مرد و ئینا ئیساجیل شوێنی کارەکەی گرتەوە و بۆ ماوەی شەش ساڵی دیکە ئیناتسیل لەکۆیلایەتی بەردەوام بوو، بەڵام ئەوکاتەی ئاهوشونوی باوکی ئەو کوڕە کۆیلە گیانی لەدەست دا، لاوەکە هەژماری کرێکەی خۆی زانی و "٢٠ جور"ی دیکەی جۆی دا بە خاتوونەکەی لەبری ئەو قەرزەی ماویەتی، بۆیە دواتر لە "ساڵی ٥٥٨"دا چوونە دادگای ئوروك و دادوەرانیش گوێیان بۆ شلکردن، دادگا بۆی دەرکەوت

ئەو نرخەی لەسەر رێککەوتوون بە زیادەی "٢٠ ٪" و دواخستنی قەرزەکە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ وای کردووە کە بڕی ئەو قەرزە زیاد بکات بۆ دووەمینە و شەش شاقڵ، بڕی ئەو پارەیەشی ئەم کوڕە داویەتییەوە بەم ئافرەتە هەمان بڕە بۆیە دادگا بڕیاری ئازادکردنی ئەو لاوەی دا.

یاساکانی حامورابی ڕێوشوێنی تایبەتیان داناوە بۆ دابەشکردنی موڵک و سامانەکانی ئەو پیاوەی کە منداڵی نەبووە، یاخود میراتگر و جێگرەوەی خۆی دەست نیشان نەکردووە، لەم کاتەدا گەورەی ماڵ بۆی هەبوو بە ئارەزووی خۆی پارەکانی ببەخشێتەوە جا دەیدات بەهەرکەسێك بۆی هەبوو، بەومەرجەی بەفەرمی پەیماننامەیەکی بۆ واژوو بکردایە بۆ ئەوەی دواتر منداڵ و ژنەکانی بۆیان نەبێت داوای ئەو موڵکەی باوکیانی لێ بکەنەوە. هەر ژنێك لەلایەن پیاوەکەیەوە بڕێکی باش لەماڵ و سامانی پێدرا بەشایەتی کەس و خزم و پەیماننامە، یاخود کوڕێك یان کچێکی یان برا و خوشکێك خاوەن ماڵ شتێکی باشی پێدەبەخشی و دەستگیرۆیی دەکرد لە برەودان بە ژیان و خۆش ژیانیدا ئەوا پاش لەمردنی ئەو خاوەن ماڵە چیتر هیچ کام لەوانە بۆیان نەبووە داوای سەروەتی زیاتر یان بەشی خۆیان بکەنەوە لەو ماڵ و سامانەی ئەو پیاوە بەجێی هێشتووە.

بەپێی یاساکانی سۆمەری لە نسیابا و هالی دای ئەو کوڕەی دەیویست کە پاش لەهاوسەرگیری ماڵی جیای هەبێت لەماڵە باوانی ئەوا دەیتوانی مافی خۆی لە خێزانەکەی وەربگرێتەوە، بەڵام پاش لەمردنی باوکی هیچی بەرنەدەکەوت و بۆی نەبووە داوای سامانی زیاتر بکات.

لەکاتی مردنی باوکدا (تیرهاتوو–مارەیی ژن) بۆ کوڕە منداڵەکان وەلاوە دەنرا، دواتریش هەرچییەك بەجێ مابوو دابەش دەکرا بەمشێوەیە: یەك بەش بۆ دایك ئەگەر نودونوی وەرنەگرتبێت و بەشێکیش بۆ هەر منداڵێکی نێر و هەرکچێکیش بەشێکی وەردەگرت ئەگەر شرقتوی وەرنەگرتبێت و بەخێوکردنی دەکەوێتە ئەستۆی براکانی و ئەو کچەش کە بۆ خزمەتی خواوەند بەخشراوە یەك بەشی بەردەکەوێت و ئەو کچەشی لەخزمەتی خواوەندی مەردۆك دایە لە بابل سێ یەکی بەشەکەی پێدەدرێت. بڕی زیادە پارەی بەخشراو بە کچی کەنیزەك بۆ دوای هاوسەرگیری بەپێی چینی کۆمەڵایەتی ئەو خێزانە دەبوو، منداڵەکانی دیکەی پیاوەکە بۆیان نەبووە کچی باوکەکەیان لە کەنیزەکە دانپیادا نراوەکە بکەنەوە کۆیلە، بەڵام بۆ کوڕی کەنیزەك ئەگەر باوکەکە بڕی پارەی پێبەخشراو بۆ دیاری نەکردایە و بەڵێن نامەی هەڵگرتنەوەی ئەو منداڵەی بە وەچەکانی دیکەی نەدایە ئەوا هیچی بەرنەدەکەوت.

ئەگەر پیاو مرد و ژنەکەش لەگەڵ منداڵەکانیدا ناکۆك بوو ئەوا سامانە بەجێ ماوەکانی باوك دابەشدەکرێت بەپێی دابەشکردنی دادگا، پاش مردنی دایکەکەش باقی سەروەتە بەجێ ماوەکەی دابەش دەکرێتەوە لەنێوان منداڵەکانیدا، خۆ ئەگەر منداڵێك پێشتر بەشێوەیەکی تایبەتی لەدایکی مافی خۆی وەرگرتبوو ئەوا جارێکی تر بۆی نییە داوای بەشی خۆی بکاتەوە لە بەجێماوەکانی دایکی. زۆرجار بەجێماوەکان لەڕێگەی ڕێککەوتنی ناوخۆییەوە بووە جاربەجاریش براوەتە دادگا، بۆیە لەکاتێکدا باس و کێشە بگەیشتایەتە دادگا دەبوو هەریەکەیان بیانتوانیبایە پاکێتی و سودمەندنەبوونی پێشتری خۆیان لە مووڵك و مااڵی باوانیان دووپات بکەنەوە و بیسەلمێنن. ئەگەر پیاوێك

مـرد و هـیچ منـدالێکیٚ نـەبوو ئـەوا ژن بـۆی هەیـە تـەنها مـارەیی و دیاریـیـە تایبەتییەکانی خۆی لەو مالّە بەرێت و بگەڕێتەوە مالّی باوانی. خۆ ئەگـەر باوك مـرد و دایکـیش نودونـو یـانّ بەشـی کـوڕێکی وەرگرتبـوو ئـەوا ناتوانێـت سامانەکان بە ئارەزووی خۆی بەکاربهێنێت، بەڵکو تـەنها دەبێتـە سەرپەرشتی بەکارهێنانی و دواتـر لـەنێوان منداڵەکانیدا بەپێی یاسای باوی ولاّت دابەشی دەکات.

ئەگەر کەسی مردوو خانـەدانێکی بالاّبوو ئـەوا پـێش لـەوەی ئـەو مولّك و مالاّنـە دەستکاری بکـەن پێویستە لـە بارەگـای دەولّەتـدا پاکێتییـان لـەباج و قـەرزاری بسـەلمێنن، ئـەو مولّکانەشـی تایبـەتن بـە ئیلکـۆوە، کـە تایبەتـە بـەکاروباری جەنگەوە نابێتە مولّکی نەوەکانی پیاوە مردووەکە.

لـە تابلۆکانی چـەرخی بابلی نوێدا تابلۆیـەکمان هەیـە تایبەتـە بـە پڕۆسـەیەکی هاوسـەرگیرییەوە کـە لەڕێگـەی کڕینـەوە ئـەنجام دراوە، لەسـاڵی سـیانزەیەمی فەرمانڕەوایـەتی "ناپۆخودونوسـوردی دووەمـدا" "داجیـل ئیلـی" بـە "حـەمای کچی نرجال ئەدین"ی گوتووە: خوشکەکەت "لاتوباشینی"م بـدەرێ بـۆ ئـەوەی ببێتـە هاوسـەرم. گرێبەستەکە ڕێکخـراو "داجیـل ئیلـی" لەبەرامبـەر بردنـی خوشکەکەی "حەما"دا مینە و نیوێك زیوی داوەتـە "حـەما" لەگـەڵ کۆیلەیەکدا کـە بـەنیو مینـە زیـو کـڕادراوە، هـەروەها تێیـدا هـاتووە کـە ئەگـەر ژنـی دیکـەی بەسەردا بهێنێت ئـەوا پێویستە نیـو مینـە زیـوی پێبـدات وەکـو قەرەبوویـەك بـۆ جیابوونەوەکەیان.

وا دەردەکـەوێت کـە ئـەم شـێوازی هاوسـەرگیرییە ڕووداوێـك بـووە لـە کلتـووری "ئاشـوری"دا نـەوەك بەڵگەیـەك بێـت بـۆ شـێوازی تـەواوی هاوسـەرگیری لای

بابلییەکان، چونکە تەنانەت لەسەردەمی پادشا ئەکمینییەکاندا لەڕێگەی پێدانی ماڵییەوە بە باوکی کچ ماڵە دەکرا.

لەیانزەیەمین ساڵی فەرمانڕەوایی پادشا "دارا"دا "باتمو ئوستو" داوای "ناهیما ئۆشاکتۆم"ی خوشکی "سامان نابیر"ی کرد و دواتر پێی درا و کچەکەش لەلایەن ماڵە باوکییەوە خانوویەکی پێدرا لەگەڵ چەند کورسیەك و شوێن خەوتنێکی ئاکادی و.. هەندێك شتی تر، لەسەردەمی "نابوخەزنەسەر"ی دووەمدا خاتوو "سیلیم عەشتار" هەموو موڵك و سامانەکەی دا بە "شانا شیشۆ"ی کچی، ئەوەش لەو تۆمارەدا نوسراوە کە چۆن ئەو ژنە هەموو شتێکی ئەو بۆ کچەی ئامادە کردووە و لەگەڵ کچەکەیدا ناردوویەتی. باسی ئەم هاوسەرگیرییە بەمشێوەیە خراوەتەڕوو: دوو مینەی زیو لەگەڵ دووکۆیلە و هەندێك کەلوپەلی ناوماڵە و بەم شتانەش گوتراوە (نودونو)، ئەم ناوە لەو دیارییانە دەنرا کە لەسەردەمی "حامورابی"دا زاوا پێشکەشی بووکێی دەکرد، لەکاتێکدا ئێستاکە "شریقتۆ" دیاری زاوایە بۆ بووك، ئەم چاکسازیی کردنە لەم زاراوەیە بەکارهاتووە بابلییەدا شایەنی لەسەروەستانە. "نودونو" پارەی دەستی و موڵکی جێگیریشی دەگرتەوە لەئەرزە و زیو و کۆیلە و شمەکی جۆراوجۆر. زۆرجار بەهۆی ئەوەی کە خەزوور دوا دەکەوت لەپێدانی ئەو دیاری و مافەی بەکچەکەی کێشەی بۆ دروست دەبوو لەگەڵ زاواکەیدا و تەنانەت دەڕۆیشتنە بەردەم دادوەر بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم کێشەیە و، لەسەدەی حەڤدەدا یاسایەك دەرچووە و تیایدا داوا لە ماڵە باوکی کچەکە دەکات بەپێدانی ئەو دیارییانەی کە بەڵێنیان بەکچەکەیان داوە، بەمشێوەیە: نابێت کێشە لەنێوان زاوا و خەزووردا دروست بێت، واتا پێویستە لەسەر

خەزوور چی بەڵێن بە کچەکەی دەدات لەوەی لەکاتی شوکردنیدا پێی دەبەخشێت دوای شوکردنی بیداتێ و باشترین رێگەش بۆ ئەمە یەکلایی کردنەوەی ئەم کێشەیە بووە لەسەرەتای هاوسەرگیرییەکەوە بە واژۆکردنی بەڵێن نامەیەک و تێیدا پاشینەی دیاری و مافەکانی کچەکە دیاری دەکرێت بەوەی مۆڵک و ماڵێکی باوک دەبێتە دەستەبەر یان بارمتەی ئەو بەڵێننامەیە، بەمشێوەیە دەبینین کە (کوڕەکەی بەعلی ئەهی ئەدین) لەسااڵی یانزەی سەردەمی فەرمانڕەوایەتی "نابوخەزنەسەر"دا ئەم کوڕە لەکاتی گرێبەستەکەدا واژووی ئەوەی بەباوکی ژنەکەی کردبوو کە: پاشینەی "نودونو"ی "حەمای کچی ئەبلا"ی ژنی "بلانسۆ" ئامادەیە بۆ چوار مینە زیو کە پێویستە لە "ئەبلا"ی باوکییەوە وەربگرێت، تا ئەوکاتیش سەرجەم مۆڵک و ماڵەکانی دەبێتە بارمتەی "حەما"ی کچی و ئەو پیاوە بۆی نییە بەهیچ جۆرێک بەئارەزووی خۆی ئەو مۆڵک و ماڵەی بەکاربهێنێت، بەاڵم کە ئەو پارەیەی دا بە "حەما"ی کچی ئەوە باوکەکەش ئازاد دەبێت لەبەکارهێنانی هەموو سامانەکەی.

ژن بۆی هەبوو بەهەمان شێوەی پیاوەکەی ڕەفتار بکات لەبەکارهێنانی ئەو سامانەی لەماڵە باوکییەوە هێناویەتی، بۆ نموونە: "ئینا ئیساجیل باناتا" لە ساڵی شەشەمی فەرمانڕەوایەتی "نابونید"دا شووی کرد بە "ئۆباللیستۆ جۆلا" ئەم ژنە پارەی پێدراوی ماڵە باوانی مینەیەک زیو و سێ کۆیلە و هەندێک شتومەکی ناومااڵ بوو، ئەم ژنە دوای "پێنج ساڵ" لەو هاوسەرگیرییەی هەندێک قەرزی دا بە "ئیتی بعل ئبنۆ"ی کۆیلە و خودی نوسەری بەڵێننامەکە مێردەکەی بوو.

وا دیارە لەو سەردەمەدا پێژەی جیابوونەوەی ژن و مێر زۆر بوو بێت وەک لە تابلۆ بەجێماوەکاندا بۆمان دەردەکەوێت، بۆ نموونە هاتووە کە: "شماش نادین شوم" لە "سالی چوارەم"ی فەرمانڕەوایەتی "کیرۆش"دا بڕیاری دا کە هاوسەرگیری لەگەڵ "نادای کچی نابو زقیب"دا بکات، ئەو کاتەش لەسەر ئەم هاوسەرگیرییە پێکهاتن؛ بڕیاری دا ئەم بەڵێنەش جێبەجێ بکات: لەو ڕۆژەوەی کە "شماش نادین شوم" "نادای کچی نابو زقیب" تەلاق دەدات و ژنێکی تر دەهێنێت پێویست دەبێت لەسەری شەش مینە زیو بدات بەو ژنە. لە زۆر دەق و بەڵگەنامەی دیکەدا پێویست دەکرێت لەسەر پیاو موچەیەک بۆ ژنەکەی و منداڵەکانی ببڕێتەوە ئەگەر ویستی لەدایکی ئەو منداڵانەی جیابێتەوە، بۆ واژۆکردنی ئەم جۆرە بەڵێنانەش پێویستی بەئامادەبوونی "شانجو" (بەڕێوەبەری پەرستگا) دەبوو، بۆ ئەوەی دانی پێدابنرێت.

زۆرجار ئەگەر ژنێک لەلایەن مالّی باوکیەوە پارەیەکی زۆری پێبدرایە و نەیویستبایە کەسی دیکە سوودی لێ وەربگرێت و تەنها کچێکیشی هەبوایە ئەوا، دەیتوانی هەموو سەروەت و ماڵەکەی بخاتە خزمەتی کچەکەیەوە، هەروەک چۆن خاتوو "سیلیم عەشتار" لە سی و پێنجەمین سالّی فەرمانڕەوایەتی "نابوخەزنەسەری دووەم"دا هەستا بەئەنجامدانی ئەم کارە: لێرە بەدواوە هەموو موڵک و ماڵەکە دەبێتە هی کچەکەم "جۆلا قاعیشات" و بۆی هەیە بەهەر جۆرێک بەکاریبهێنێت بەو مەرجەی مێردەکەی لەشێوازی بەکارهێنانەکەی قایل بێت.

هەروەها لەکاتی هێنان و ئازادکردنی کۆیلەشدا پێویست بوو "شانجو" ئامادە بێت: لەحەوتەم سالّی فەرمانڕەوایەتی "کیرۆش"دا خاتوو "هەبتا"ی خاوەنی

"بازوزو"ی کۆیلە لەپێشی "شانجۆ"ی "سیبار"دا بڕیاری دا کە: لێرە بەدواوە ئەم کۆیلەیە دەبێتە کوڕی بەمەرجێك –وەك ئەوەی لە تابلۆکەدا هاتووە– هەرچی پێویستی خواردن و پۆن و جل و بەرگ هەیە بۆی بکرێت و دابینی بکات، خودی بەڕێوەبەری پەرستگاکە ئەو بڕە خۆراك و بەهارات و جل و بەرگ و شتانەی دیکەشی دەست نیشان کرد کە پێویستە ئەو کۆیلەیە بۆ ئەو ژنەی بکرێت.

یاسا بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی نەدەدا بەوەی پیاوێك لەیەك کاتدا دوو ژنی لەهەمان پلە و ئاستی کۆمەلایەتیدا هەبێت –تەنانەت دوو خوشکیش بن– چونکە هەرگیز ناتوانێت یەکسانییان لەنێواندا بکات، بۆیە پێویستە بوو هەمیشە ژنی دووەم پلەی کۆمەلایەتییەکەی لەژنی یەکەم نزمتر بێت، تەنانەت خودی یاسا ڕێگەی بەوە دابوو کە ژن لەیەك کاتدا دوو مێردی هەبێت بەو مەرجەی دانەیەکیان دیل بێت.

ئەگەر ژن بیویستایە ئەوا بۆی هەبوو دوای مردنی مێردەکەی لەسەر ماڵەکەی خۆی بمێنێتەوە و شووی دیکە نەکاتەوە، ئەمەش لەسەردەمی ئەکمینییەکاندا بەباشی پەسەندکراوە، بۆ نموونە: لەسەردەمی "قەمبیز"دا ئەو "موتابات"ی بێوەژنی "شاماش"ی مردوو لەپێش "بعل یان باللیت"ی "کەشیشی سیبار"دا سوێندی خوارد کە:–نایەوێت چیتر شوویەکی تر بکاتەوە، بەڵکو بەدیار سێ منداڵەکەیەوە دادەنیشێت تاوەکو گەورە دەبن و پێدەگەن.

بەڵام ئەو ژنەی کە دەیویست دوای مردنی مێردەکەی شووبکاتەوە ئەوا تەنها دیارییەکانی ماڵە باوانی و پێدراوە نوسراوەکانی مێردەکەی دەبرد و دوای

مردنیشی هەرچییەکی هەبوایە بەبێ جیاوازی لەنێوان منداڵەکاندا دابەشدەکرا، ئەم مەرجانە هەمان دەقی "مادەی ١٧٣"ی "یاساکەی حامورابی"ن.
ئەم یاسایانە بەجێ ماوی باوکی لەماڵ و سامان دیاریکردووە ئەگەر منداڵی لە دوو ژن هەبوایە. "حامورابی" لە "مادەی ١٦٧"دا دەڵێت: سەرجەم منداڵە دان پێدانراوەکانی بەبێ جیاوازی لە موڵك و ماڵە بەجێماوەکانی باوکیان دەبەن، بەڵام لە "سەدەی حەوت"دا بارودۆخەکە بەمشێوەیە نەبووە، بەڵکو منداڵەکانی ژنی یەکەم زیاتری دەکەوت لەمنداڵەکانی ژنی دووەم.
یاساکە تەنها باس لەو کچانە ناکات کە هاوسەرگیری دەکەن، بەڵکو بەوردی لەو کچانەش دەدوێت کە شوو ناکەن: ئەو کچە داوێن پاکانەی کە خۆیان بە خواوەند بەخشیوە یان کچە لەشفرۆشەکان، لەسەردەمی "حامورابی" ئەم جۆرە کچانەش پشکیان لەموڵکی باوکیان بەردەکەوت، باوك بۆی هەیە دیاری و مافەکانی کچە داوێن پاکەکەی دیاری بکات بە پێدانی بەشە موڵکەکەی، یاخود پێدانی مافی سوود وەرگرتنی ئەو کچەی لەو سامانەی هەیەتی دوای مردنی باوکەکە، لە باری یەکەمدا ئەگەر سامانەکە درایە کچەکە لەلایەن باوکەکە بەو جۆرەی کە بەشی خۆیەتی و مافی کەسی بەسەرەوە نییە و چۆنی بەکاردەهێنێت باوابێت ئەوا لەو کاتەدا کچەکە ئازاد دەبوو لەبەکاربردنی ئەو سامانەدا، بەڵام ئەگەر مافەکەی تەنها سوود وەرگرتن بوایە ئەوا بۆی نەبوو ئەو زەوی و ماڵانەی بەردەکەوێت بیانفرۆشێت، چونکە بەبراکانی سپێردراوە و ئەم چڕە تەنها دەتوانێت سوود لەداهاتەکەی وەربگرێت، بەڵام ئەگەر باوکەکە هیچی دیاری نەکردبوو بۆ کچەکە پاکیزەکەی ،یاخود کچە لەشفرۆشەکەی ئەوا دەتوانێت بڕ و پشکی کوڕێك وەربگرێت لەکاتێکدا خزمەتکاری کۆیلە (کادشتۆ) یان پاکیزە

(زیر ماشیتۆ) زیاتر لە سێ یەکی بەشێکی سوود وەرگرتنی بەرناکەوێت لەو سامانەی بەجێماوە، ڕەبەنێکی مێی "مەردۆك" لە "بابل"دا سێ یەکی بەشێك سوودی وەردەگرت، بەڵام بەتەواوەتی مافی ئەوەی هەبوو سوود لەم بەشە سامانەی خۆی وەربگرێت بەومەرجەی نەیفرۆشێت و خۆی بە تایبەتی سەرپەرشتی نەکات.

ڕەبەنە مێ و پاکیزەکان بۆیان هەبووە شووبکەن، بەڵام هەرگیز نەیاندەتوانی خۆیان لەو بەخشینەیان بە پەرستگا ڕزگاربکەن، لەڕاستیدا لەزۆر سەردەمدا تایبەتمەندی و مافیان گۆڕاوە لە شاری "سیببار"دا، بۆ نموونە لەسەردەمی "حامورابی"دا "ڕیباتۆم سار"ی ڕەبەنی پاکیزە هەندێك زەوی کڕی لە ڕەبەن "ئەیا ئانیل ڕیتیم" بە نرخی سێ مینە زیو.

لەکۆنەوە لەشفرۆشی لە ولاتی "سۆمەری"دا دەرکەوتووە، وەك دەشزانین کە "ئەنکیدۆ"ی پاڵەوانی چیرۆکە بەناوبانگەکەیان لەلایەن ئافرەتێکی زۆزانییەوە ڕزگارکراوە.

پەرستنی عەشتاری لەشفرۆش پلەی یەکەمی هەبووە لەنێو خواوەندە پەرستراوەکانی شاری "ئورك"دا، لەو شارەدا سێ جۆر سۆزانی لەشفرۆش هەبوون، ئەوانیش: کرزیت و سنهات و حریمات کە لەبەرخاتری ئەوان عەشتار پیاوی هێشتۆتەوە و لەناوی نەبردووە، لەبارەی ئەم لەشفرۆشانەشەوە دەڵێت: هەرگیز حریماتۆ مەکە بەهاوسەری خۆت، چونکە مێردی زۆر و نەژمێردراوی هەیە.

ئازارت دەدات و پشتگیریت ناکات.

کاتێك دووچاری کێشەیەك بوویت بوختانی زیاترت بۆ دەکات.

ڕێزگرتن و ملکەچی لەتایبەتمەندییەکانی ئەو نین.
لەهەرماڵێکەوە هاتەدەر ئەو ماڵەی تێکداوە.
ئافرەتێکە بەدرێژی لەهەموو پیاوێکی نامۆ دەڕوانێت.
بڕواتە هەرماڵێکە دەڕووخێت و هەرکەسیش بیخوازێت سەرکەوتوو نابێت.
لەسەردەمی "خێزانی یەکەمی بابلی"دا هەرگیز لەلایەن کۆشك نشینانەوە ڕێگە بە ئافرەتی لەشفرۆش و پیاوە خراپەکان نەدەدرا منداڵی گەورە خانەدان و پادشاکان پەروەردە بکەن، دیسانەوە ئەو لەشفرۆشانەشی لەکۆشکدا هەبوون ئەو منداڵانەی دەیانخستەوە خۆیان بۆیان نەبووە پەروەردەی بکەن و هەر لەشفرۆشێکیش خۆی یان منداڵەکەی بەدووی دایك و باوکیدا بگەڕایە ئەوا لەسێدارە دەدرا. لە "هەزارەی یەکەم"دا وەك لەوەی لە "کتێبی بارودخ"دا هاتووە ئافرەتەکان هەموویان لەسەر جادەکان بە نیمچەڕووتی بەسترابوونەوە و دانرابوون و لەوکاتەشدا خەریکی سووتاندنی ناوکە زەیتوون بوون بۆ خواوەندەکانیان، ئەو ئافرەتەی لەلایەن پیاوێکەوە شتێك پارەی بۆ فڕێ دەدرا باش دەبوو شوێنی بکەوێت. "هیرۆدۆت و ستراب" دەڵێن کە: پێویست بووە لەسەر ئافرەتی ئەو ناوچە و شارانە پێش ئەوەی هاوسەرگیری بکات خۆی بداتە دەستی پیاوێکی دیکەوە، بۆ ئەوەی بەپەردەی نەدڕاوەوە نەچێتە بەردەستی مێردەکەی و لەکاتی یەکەم جووتبووندا نابێت خوێن بڕێژرێت، یاخود بەمانایەکی تر پیاوی باوی ئەو کۆمەڵگەیە پێی باشتر بووە کە ئەو ژنەی دەیهێنێت شارەزاییەکی هەبێت لەجووتبووندا وەك لەوەی هیچی لێ نەزانێت. لەڕاستیدا ئەمە نەریتێکی زۆر کاڵفامانە بووە و چووەتە نێو پەرستنیشەوە، لەڕاستیدا ئامانج لەم جۆرە ڕەفتار نواندنانە تەنها تێرکردنی ئارەزووی

ڕەگەزبایەتی نەبووە، بەڵکو پێشکەش کردنی کچ و مێینەش بووە بە خواوەند، بەوەی یەکەم بەرهەمی ئەو کچە کە پەردەی کچێنییەتی دەبوو لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە بدرێندرایە پێش لەوەی مێردی یەکەمی بچوایەتە لای، ئەم جۆرە کارانە وەکو خۆکردنە قوربانی بۆ خواوەند وەها بووە، چونکە زۆریش ئازاراوی بووە، بەڵام "هیرۆدۆت" دەڵێت: ئەو کاتەی ئافرەتێک هەموو ئەرکەکانی لەبەرامبەر خواوەنددا بەجێ هێنا ناتوانرێت بەئاسانی چیتر بەپارە هەڵبخەڵەتێندرێت.

لەسەردەمی "نابوخەزنەسەری دووەم"دا خێزانی "ئاجیب"ی گەورەترین دەوڵەمەندی ناوچەکە بوون و تەنها ئیش و کاریان بەکرێ دانی کەنیزەکەکانیان بووە بە کرێ – واتە گەوادبوون– بە "نابواهی ئادین" لەم کارەشدا بۆهەر جووتبوونێك سێ لە چوار بەشی پارەکەی بۆ خێزانی "ئاجیب"ی بووە.

هەموو ئامانجی "بابل"ی لە داڕشتنەوەی ڕێسا و یاساکانی تایبەت بە میرات و بەجێماو و دابەشکردنی پارە و سامان لەهەموو سەردەمەکاندا بریتی بووە لە ڕێگەنەدان بە پچڕاندنی پەتی شیرازەی خێزان، بۆ ئەمەش چەندین ماف دانراون و هەوڵێکی زۆر دراوە تاوەکو بتوانرێت خێزان بەپتەوی بەیەکەوە بهێڵرێتەوە، لەڕاستیدا تاوەکو "سەدەی حەوتەم" هیچ نازناوێکی خێزانی نەبووە، بەڵام دواتر دەرکەوت بۆ نموونە خێزانی" وموراشۆ" یەکێك بووە لەخێزانە ئازادەکان و لەم چەرخەدا ناسراون و ناوی باو باپیرانیشیان تۆمارکراوە و بەو ناوەوە بانگهێشتکراون، بەڵام کۆیلە تەنها یەك ناوی هەبووە.

لەڕاستیدا لەسەردەمی "سۆمەری" و "ئاکاییەکان"دا ناوی کەسەکان بەزۆری ئاماژەی پەیوەست بوون بووە بە خواوەندەوە، بۆ نموونە: لەسەردەمی

"سەرجۆنی"دا ناوی "ئۆر نینا" هەبووە کە مانای خزمەتکاری "نینای خواوەند" دەگەیەنێت، "نتشوبور ئەمامۆ" واتە "نتشوبوری خواوەند" دایکمە، "سیب لاجاش کیاج" واتە "شوانی لاجاش"ی تایبەتکراو، لەڕەگەزی سامیشدا لەسەردەمی "ئەجادە"دا دەتوانین "نەرامسین" بخەینەروو کەمانای "خۆشەویستی سن" ە. لەسەردەمی "نابونید"دا بەڵگەی زۆرمان لایە لەوەی چۆن ناویان بۆ منداڵەکانیان هەڵبژاردووە، زۆرجار منداڵ هەبووە تاوەکو سێ یان چوار مانگیش ناوی نەبووە زۆری دیکەش هەبوون بەتێپەڕبوونی سااڵ ناویان گۆڕیوە و هەندێکی دیکەش بەوەرگرتنی پلەی بەرزتر ناویان گۆڕدراوە نموونەی ئەمەش، پاش لەوەی پادشا کچەکەی بەرزبۆوە بۆ پلەیەکی باڵاتری کەشیشی لە "پەرستگای نانا" لە "ئور"دا باوکی ناوێکی نوێی لێ نا ئەویش "بعل شالتی نانا" بوو، زۆرجاریش بەشێوەی ئاسایی ناو لەمنداڵ نراوە بەشایەتی "راموا"ی بانگهێشتکراو، بۆ نموونە "لوباللات"ی کەنیزە ناوی "تدانو"ی لەو منداڵەی نا کە هێنایە دونیاوە.

"پادشاکانی بابل و ئەکمین"ی ئەو بێگانانەیان ناچار دەکرد کە لەخزمەتیاندابوون بۆ ئەوەی ناوەکانیان بگۆڕن و "سلوقییەکان" زیاتر ناوی یۆنانییە پلەبەرزەکانیان بەکارهێناوە، زۆرجاریش بەتایبەت لەسەردەمی "خێزانی یەکەمی پادشاکانی ئور" و سەردەمەکانی پێشووتری "سەرجۆنییەت"دا ئەو منداڵانەی لەدایك دەبوون زیاتر لەنیوەی ناوەکەیان وەرگیراوی ناوی پادشاکە بووە بۆیە بەناچاری و دوای مردنی ئەو پادشایە خاوەنی ئەو ناوە ناچار دەبوو ناوەکەی بگۆڕێت.

* یاساسازیی

گرنگترین دۆزینەوەی پەیوەست بە یاسادانانی "بابلی"یەوە –وەك ئامارەمان پێدا– "یاساکانی حامورابی" بوو. "یاساکانی حامورابی" بەو بارستە تاتە بەردە دیۆریتییە دەگوترێت کە بەرزیەکەی ٢,٥م و چێوەی١,٩٠ م لەبنکیەوە، بەسێ پارچەی شکاو لەنێو پاشماوەکانی "شاری سوسە"دا لە "دیسەمبەری ١٩٠١ز و ینایەری ١٩٠٢ز"دا دۆزراونەتەوە و بەنەخشێکی دیار ڕازێندراوەتەوە کە "خوای خۆر شەماس" دەنوێنێت، کە دادگەری دەسپێرێت بە "حامورابی و دەگەڕێتەوە بۆ "ساڵی چل و سێی" فەرمانڕەوایەتییەکەی "حامورابی" لەم میلەدە دەتوانین "دووسەد و پەنجا" دەقی مادەی یاسایی ببینین کە دابەشکراون بەسەر "چل و شەش ستوندا".

لەڕاستیدا ئەم یاسایانە پێکدێن لەکۆمەڵێك دەقی بڕیاری پادشای ولاّت بەمەبەستی ڕێکخستنی کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی باشتر لێی تێبگەین پێویستە بەراوردی بکەین لەگەڵ چەندین پەیماننامەی هەمان سەردەمدا.

دەبینین ڕێکخستنێکی تایبەتی هەیە بۆ مادە یاساییەکانی ئەم دەقە هەڵکۆڵراوانە:

نوشتە"جادوو" و دووعای فاڵی ڕەش.

قسەوتن بە گەواهیدەران و سزادانیان بەهۆی درۆکردنیانەوە لە گەواهیداندا(٣–٤).

هەڵوەشاندنەوەی یاسا و بڕیارەکان بەپێی بڕیاردەرکار (٥)

جۆرەکانی دزی (٦–٢٥)

پابەندی کارمەندان (٢٦–٤١)

کشتوکاڵ (٤٢-٦٥)
دواتر -دەقە نادیارەکان-
وامدان بە سوود (أ-ج) و پاشان پەیماننامەی بریکاری (١٠٠-١٠٧)
یانە و خواردنەوەی مەی (١٠٨-١١١)
قەرز و ڕێوشوێنە تایبەتییەکانی (١١٢-١٢١)
گرێبەستی پێسپاردن (١٢٢-١٢٧)
خێزان (١٢٨-١٩١)
لێدان و برسێتی (١٩٢-٢٣٤)
پزیشك و ئەندازیاران و کەشتیوانان (٢١٥-٢٤٠)
ئاژەڵ و کۆیلە و مووڵکی کشتوکاڵی (٢٤١-٢٥٢).

لەڕاستیدا "یاساکانی حامورابی" کۆنترین یاسای دەرکەوتووی دەشتی فورات نییە: یاساکانی هەرچۆنێك بووبێتن، بەڵام پادشاکانی پێشووتری ناوچەکەش خاوەنی بڕیاری ڕەتنەکراوەی یاسا ئاسا بوون.

"ئورکاجینا" زۆر شانازی بەوەوە دەکرد کەتوانیویەتی دانیشتووانی شاری "لاگاش" ڕزگاربکات لە دز و جەردە و کوشتن و ڕاوەدونان لەلایەن بێگانەکان و ڕێگەنەدانی بە خواردنی لاواز لەلایەن بێهێزەوە.

لەڕاستیدا زۆرجار نەریتی ناوچەکە بووەتە یاسای فەرمی وڵاّت و هیچ کەس بۆی نەبووە لێی دەربازبێت، تەنانەت لە "سەردەمی بابلییەکان"یشدا بڕیاردرابوو کە نەریتەکانی خەڵکی "شاری سیبار" دەبێتە پێوەری بڕیاردان لەسەر کەسانی ناپەسەندکار.

هەرچەندە بێگومانین لەوەی پێش "سەردەمی سەرجۆنیش" پادشا و یاسادانەری دیکەش هەبوون، بەڵام ناو یان شارەکەیان نازانرێت، لەڕێگەی دەستە دواییەکانی "سۆمەری"یەوە دەتوانین باشتر لە "سۆمەری" بگەین: لە کۆمەڵەی "ئنا ئاتیشۆ"دا دەتوانین چەندین دەقی یاسایی ببینین کە پێش "حامورابی"دا پەیرەوکراوە: ئەگەر کوڕ بەباوکی خۆی گوت: تۆ بابی من نیت ئەوا باوکی بۆی هەیە دەریبکات و کۆتی بکات و بیفرۆشێت، ئەگەر ژنێك بە پیاوەکەی گوت: تۆ مێردی من نیت ئەوا فڕێ دەدرێتە ڕووبارەوە... لەڕاستیدا بڕیار و دەقی زیاتر لەمانەش هەن کەشایەنی یاسابوونن، هەندێك لەم پارچە دۆزراوانە هی "نیبۆر" و ئەوانی دیکەش سەرچاوەکەیان نەزانراوە و ڕەنگە بەشێك بن لە دەقی یاسا ناسراوەکان بە "یاساکانی خوا نیسابا و خواوەندی حانی".

ئەوەشی تایبەت بێت بەدەقی یاساکانی "سەردەمی حامورابی"ی دیسانەوە لەم بارەیەوەش کەم دەزانین، بەشێك لەدەقەکانی لەمۆزەخانەیەکی بەریتانیادایە و لەخۆگری چەندین بڕیار و مادەی یاساییە، دەتوانین بەراوردی بکەین لەگەڵ چەندین پارچە دەقی دیکەی یاسایی دۆزراوەی "سەردەمی بابلی نوێ".

لە سەردەمی پێش "سەرجۆن"دا لە "لاگاش" پاشماوەی یادەوەری فەرمانڕەوایەك دەبینین کەناوی "ئورانینی"یە، "جیمیل ئیلشۆ" لەسەردەمی "نارامسین"دا دیسانەوە ئەویش فەرمانڕەوا بووە و بڕیاری هەڵکۆڵینی مستیلە خڕەکەی دابوو لەوەی دەبێت لەسەر ئەو مستیلەیەی وێنەی ململانێی نێوان پاڵەوانی "گلگامش" و "شێر و گا"ی بۆ بکێشن، لە "سەردەمی ئور"دا چەندین فەرمانڕەوای دیکە هەبوون، فەرمانی وەزیری گەورەمان لایە کە

لەپێشیدا کەسێك وەستاوە و داواکاری لەسەر یەکێکی دیکە بەرزدەکاتەوە و گەورەی شالیاوان ناوی "ئاراد نانار" بووە کە لەهەمان کاتدا "ئیشاکۆ لاجاش"یش بووە و رەنگە خۆی بڕیاردەری دادگاش بووبێت، چونکە بۆ دەرکردنی زۆر بڕیار ناوی دادوەر بوونی نییە، بەڵکو ناوی "ئیشاکۆ" هاتووە لەبری دادوەران و هەر ئەویش بووە توانای پووچکردنەوەی بڕیارەکانی هەبووە، هەروەها لەهەمان کاتدا شوێنێکی تایبەت هەبووە کە تێیدا خەڵکی بەدەستی ڕاستیان سوێندیان خواردووە لەوەی ڕاست دەڵێن.

لەخێزانی یەکەمدا دادگا سەرەتاییەکان بڕیارەکانی دەردەکرد و تێهەڵچوونەوەش تەنها پادشا دەستەڵاتی ئەنجامدانی هەبووە، بەڵام هەرگیز هیچ دادوەرێك بۆی نەبووە لەهیچ کاتێکدا بڕیارەکانی خۆی بگۆڕێت و پەشیمانبوونەوەش لەهەر بڕیارێکی دراو تەنها دەرکردن لەپۆستەکەی پاداشتی ئەو دادوەرە دەبوو، ئەگەر خراپتریشی لێ بەسەر نەهێنرایە، "حامورابی" بڕیاردەدات: "ئەو دادوەرەی بڕیاری دا و بڕیارەکە نوسرایەوە و دواتر لێی پەشیمان بوویەوە ئەوا ئەو دادوەرە دادگایی دەکرێت لەسەر ئەم بڕیارەی و بۆ ئەمەش پێویستە "١٢ ئەوەندە"ی نرخی سزای کەسی سزا دراو بدات بە دەوڵەت و دواتریش لەپۆستەکەی دەردەکرێت و جارێکی دیکە بۆی نییە ببێتەوە دادوەر و تەنانەت ناشتوانێت لەگەڵ دادوەراندا دابنیشێت ".

پێویست بووە هەرکەسێك کێشەی لەگەڵ یەکێکی تردا هەیە ئەوا دەبێت بێتە "بابل" و سکالاڵ لەدژی ئەو کەسە تۆمار بکات، زۆرجاریش ڕێگە دەدرا بە دادوەرانی ناوچەکە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی خۆیان. دادگا سەرەتاییەکان دووجۆر بووە: ئاینی و سڤیلی، وا دیار دەکەوێت کەهەر

پەرستگایەك مافی خۆی بووە بێتە دادگا و کەشیشانیش دەبوونە دادوەر، ڕەبەنە نێر و مێیەکان بەپێی نەریتی ئەوکات لەپێشی دەرگای ئەو شوێنە پیرۆزەیاندا دادەنیشتن وزۆرجاریش ژمارەیان دەگەیشتە شەش دادوەر بۆیەك کێشە، دادوەرانی کاروباری سڤیلیش هیچ کات ژمارەیان لەمانە کەمتر نەبووە و زۆرجار –ئەگەر هەموو جارێك نەبووبێت– پێکهاتبوون لەپیاوە ناودار و بەڕێز و ژیرەکانی ناوچەکە و هەڵگری ناونیشانی دادوەر بوون، تەنانەت لەکاتێکدا دەبوونە گەواهیدەری کارێك ئەوا ڕەتکردنەوەی قسەکانیان جێگەی شەرم بووە.

هەر لەکۆنەوە بڕیار و دەقە یاساییەکان دەنوسرانەوە و ئەو پەیمانەشی واژۆدەکرا لەلایەن نوسەرێکەوە بەشێوەیەکی جوان لێی ورد دەبوونەوە و زۆرجاریش بەپێی شارەکان شێوازی بڕیارەکان گۆڕدراوە، بۆ هەر کێشەیەك پێویستی بە فۆرمێکی تایبەتی بۆ تۆمارکردنی سکالاّ و لێپێچینەوەکان و ناوی گەواهیدەران و بەروار و ناوی کەسەکانیشی تیادا دەنوسران، بە لێدانی مۆر دەبووە بەڵێننامە و بڕیاری یاسایی و زۆرجاریش لەبەرگیراوی یەکەمی دەخرایە تەرازووی بەرگێکەوە و هەڵدەگیرا کە شیکردنەوەی تەواوی ئەو دۆسیەیەی لەسەر بووە، هەرکەسێکیش بە گرنگ و پێویستی بزانیایە دەیتوانی سوود لە دەق و بڕیارەکانی ئەو دانیشتن و دادگاییکردنە وەربگرێت، لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکانەوە دانەیەکی لەبەردەگیرایەوە و دەخرایە هەڵگرتن خانەوە، زۆرینەی هەڵگیراوە دۆزراوەکانی "ئور" بەمشێوە و هۆکارە بووە.

ژمارەی دادوەرانی دادگاییکردنەکە لە سەردەمی ئەمپراتۆریەتی نوێدا –وەك لەپێشتریشدا وەهابووە– دەگەیشتە سێ یان چوار دادوەر، هەندێك جاریش تەنها یەك دادوەر داگایی ئەو کێشەیەی پێ دەسپێردرا. دۆسیەی

دادگاییکردنە لەسەرتاوە بەوە دەستی پێدەکرد کە پێویستە کەسێک سکالاّ لەیەکێکی دیکە بکات لە دادگا، یان بنکەی خەڵک و ماف پارێز، دواتر پاش لێوردبوونەوە لەو داوایە بانگهێشتی شکایەت لێکراو دەکرا بۆ ئەوەی بیانووەکانی تاوانەکەی بخاتەڕوو، پاشان فەرمانی بڕیاردان دەردەکرا. هەر لەدێرزەمانەوە گەورە پیاوانی شار دەبوونە دادوەری یەکلایی کردنەوەی کێشەکان بەبێ ئەوەی ڕادەی شارەزاییان لەم بوارەدا گونجاوبێت -یاخود ئێمە نایانزانین- بەزۆریش ئەم گەورە پیاوانە لەلایەن بنەماڵە و بەفەرمانی پادشا دەستنیشان دەکران و هەندێک جاریش ژنیش دەبووە دادوەر بەتایبەت لە خزمەتکارانی پەرستگا.

گەواهیدەرانی دادگاییەکان دووبەش و جۆربوون: گەواهیدەران هەندێکیان بەلای ڕاستیان سوێندیان دەخوارد لەوەی چییان بینیوە و بیستووە هەرئەوە بڵێنەوە، هەندێکی دیکەی تریان زۆرجار تەنها دەبوونە شایەتی ئەوەی کە لەپێش چاوانی ئەواندا دادوەر ئەو بڕیارەی داوە و بەپاشگەزبوونەوەی دادوەر لەبڕیارەکەی ئەمانە دەبوونە گەواهیدەری دژە دادوەر و ڕەنگە بەهۆیەوە دادوەرەکە دووربخرایەتەوە لەپێگەکەی.،نموونەی زۆری هاوشێوەی ئەم دادگاییکردنەمان لەمێژووی "ئور"دا هەیە.

لەسەردەمی "حامورابی"دا هەر گەواهیدەرێک نەیتوانیایە بیسەلمێنێت کە ئەو کەسەی گەواهی لەدژی دەدات تاوانبارە ئەوا سزای گەواهیدەرەکە لە هی تاوانبار کراو خراپتر بووە، یاخود کەمتر نەبووە لەهەمان چارەنوسی تاوانبارەکە، بەڵام ئەگەر کێشەکە پارە و دارایی ببوایە ئەوا ئەو کەسەی ماڵی دزراوە و دووەمیش کە کڕیویەتی و سێیەمیش کە لەوی کڕیوە دەبوو

هەموویان گەواهیدەرەکانیان بانگهێشتی بارەگای دادگا بکەن بۆ سەلماندنی بێتاوانی خۆیان، بۆیە ئەو یەکەم فرۆشیارەی کەشمەکەی فرۆشتووە بە کڕیاری یەکەم بە دز دادەنرێت و مالّ دزراویش ماڵەکەی وەردەگرێتەوە کڕیاریش پارەکەی وەردەگرێتەوە.

زۆرجار دادوەر بۆی هەبوو بۆ ماوەی شەش مانگ دەرکردنی بڕیارەکەی بوەستێنێت بەو مەرجەی ئەگەر ئەو کەسەی کە تاوانبارکراوە گەواهیدەرانی پاکێتی ئەو لە گەشت یان لەشوێنی دوور لەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بووبێت، ئەوا ئەگەر لەم ماوەیەدا کەسی تۆمەتبار نەیتوانیایە شایەتەکەی بیهێنێت تاوانەکەی بەسەردا ساغ دەبوویەوە.

بۆیە پێویست بووە لەهەر مامەڵەیەکی کڕین و فرۆشتنی مەڕ و بزن و گا و مانگا و کۆیلە و خانوو..هتد گەواهیدەر هەبێت، ئەگینا بەبێ گەواهیدەر سکالاّکار دادگاییەکەی دەدۆڕێنێت.

زۆرجاریش ئەگەر هەردوو بەرەی سکالاّکار و سکالاّ لێکراو بەڵگەی هاودژی سەلمێنراوی یەکتریان هەبوایە ئەوا دادگا بەناچاری سوێندی دەدان، سوێند خواردنەکەش بەناوی خواوەندی بڕوا پێکراوی ناوچەکەوە دەستی پێدەکرد بەتایبەت لەسەردەمەکانی پێش "سەرجۆن"ی و "سەرجۆنییەت"دا، بەلاّم دواتر و لەسەردەمی "ئور"ەوە تاوەکو سەردەمی "ئەکمینییەکان" سەرەتا لەکاتی سوێندخواردنا ناوی پادشا دەهێنرا، بۆیە زۆر گرنگ نەبووە بەلای سوێند خۆرەوە کە ناوی پادشا بهێنێت یان خواوەندەکەیان، چونکە زۆرجار هەردوکیان یەک ناو یان یەک کەس بوون لەدوو پێگەی جیاوازدا.

بۆ سوێند خواردن دەبوو بچونایەتە پەرستگاوە هەرچەندە دادگاییەکەش پەیوەندی بە کێشەکانی پەرستگاوە نەبوایە، هەندێك جاریش بۆ سوێند خواردن دەچوونە نزیکی شوێنی ڕووداوەکە ئەگەر ئەو کەسەی کە سوێند دەخوات بیویستایە لەوێدا قسەکانی پشت ڕاست بکاتەوە.

ئەو کەسەی دووچاری دزین دەهاتەوە ئەوا سوێندی دەخوارد بۆ ئەوەی قەرەبووی بکرێتەوە بە وەرگرتنەوەی مافەکانی لەوکەسەی کە زیانی پێگەیاندووە، لەکاتی سپاردنی شمەکێك بەکەسێك دەبوو پەیماننامەیەك، یاخود چەند گەواهیدەرێك لەوێدا ئامادەبن ئەگینا لەبەرژەوەندی خاوەن سپاردەدا دادگاییەکە کۆتایی نەدەهات.

زۆرجار باوك بۆ ئەوەی دواتر کێشە لەنێو منداڵەکانیدا دروست نەبێت لەکاتی کڕین و فرۆشتنی هەر پارچە زەوی و کۆیلە و شمەکێکی دیکەدا هەموویانی بانگهێشت و ئاگادار دەکردەوە.

ئەوکەسەی کە کەشتییەکەی نغرۆکراوە سوێندی دەخوارد بۆ ئەوەی قەرەبوو بکرێتەوە، دادگاییکردنەکە سڤیلی بوایە یان تاوانی ئەوا کەسی تۆمەتبارکراو بەسوێند خواردنێك دەیتوانی خۆی لەو کێشەیە قوتار و ڕزگار بکات.

ئەو کەسەی کۆیلەیەکی لەبری پارە لادەبوو، بەڵام پێش لەوەی بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی ئەو کۆیلە گیانی لەدەست دەدا، یاخود ئەوکەسەی کە ژنەکەی بەئەنجامدانی جوتبوونی ڕێپێنەدراو تۆمەتبار دەکرد یان دەکرا ئەوا دەیتوانی بەسوێند خواردنێك خۆی لەوکێشەیە ڕزگاربکات.

لەڕاستیدا دوای سوێندخواردن هیچ بەرەیەکیان بۆی نەبووە تانە لە بڕیارەکانی دادگا بدات، بەڵکو هەردوولایان ملکەچی خۆیان بۆ ئەو بڕیارە دووپات

دەکردەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەمەش زۆرجار سزایەکی دیکەش دانرابوو بۆ ئەو کەسەی قایل نابێت بەم بڕیارە و دیسانەوە سکالاّ تۆمار دەکاتەوە، یاخود دەیەوێت خۆی حەقی خۆی وەربگرێتەوە.

بەلاّم بابلییەکان زۆرجار لەبری سوێندخواردن وشەی نەفرەت و نەعلەتیان بەکاردەهێنا، بۆ نموونە لەدەقێکدا هاتووە: ئەوەی ئەم پەیمانە بشکێنێت ئەوا "مەردۆك و زربانیتۆم" خراپی دەخاتە ڕێگەی. هەروەها لە بەڵێننامەیەکی دیکەدا هاتووە کە لەسەردەمی "نابوخەزنەسەر"دا واژۆکراوە: لەسەردەمی "کیرۆش ئەنزنی"یەوە بۆمان ماوەتەوە کەهەرکەسێك هەوڵی تانەدان و جێبەجێ نەکردنی ئەم بڕیارە بدات ئەوا نەفرەتی "ئانو و ئینلیل و ئیا"ی لێبێت..کەواتە کەسەکان سەرپشکن لەوەی ژیان هەڵدەبژێن و ملکەچی ئەم بڕیارە دەبن یاخود تانەی لێ دەدەن و بەر نەفرەتی خوداوەندەکان دەکەون؟

لەسەردەمی" سن هو باللیت"دا هاتووە کە: باوکێك و چەند کوڕێکی خانوویەکیان هەبووە و فرۆشتویانە، بەلاّم دواتر یەکێك لەکوڕەکانی ویستویەتی لەو فرۆشتنە تانە بدات و خانووەکە بگێڕێتەوە؛ بۆیە دادگا بڕیاری دا لە نێوچاوانیدا نیشانەی کۆیلایەتی بنوسرێتەوە. زۆرجار چۆنێتی دابەشکردنی میراتی دەبووە هۆکار و هەموو برا و خوشك و میرات بەرکەوتووان دەهاتنە بەردەم دادگا.. لە "سی و سێیەمین" سالّی فەرمانڕەوایەتی "حامورابی"دا میاتگرانی مالّێك نەیانتوانیبوو لەنێو خۆیاندا کۆکبن لەچۆنێتی دابەشکردن و وەرگرتنی پشکی گونجاو، بۆیە بەناچاری پەنا برایە بەر دادگا. لە "سالّی سی و چواری" فەرمانڕەوایەتی "حامورابی"دا "ئەریبام سەن" سکالاّی لەدژی "تسللی عەشتار" و "ئەویل ئیلی" تۆمارکرد لەسەر نارێکی

دابەشکردنی ئەو سامان و ماڵەی بۆیان بەجێمابوو، بۆیە لەڕێگەی دادگاوە توانی مافی خۆی وەربگرێتەوە.

ئەگەر پیاوێك ژنی هەبوایە و هەڵبهاتایە بۆ شار یان ولاتێکی دیکە و پاش لەماوەیەکی تر بهاتایەتەوە بۆ ئەو شارە ئەوا بەپێی یاسا ئەو پیاوە کە ڕای کردووە بۆی نەبوو داوای ژنەکەی بکاتەوە بەتایبەت ئەگەر هاوسەرەکەی لەپاش ڕۆیشتنی ئەو شووی کردبایەتەوە

یاسای دیکەی "حامورابی" هەبووە کە لە "ساڵی حەوتەمی" فەرمانڕەوایەتییەکەیدا دەریکردبوو، ئەویش وەك پشتیوانییەك بۆ ئەو نەریتە کۆنەی کە ئەم دەقی یاساییەی لەسەر داڕێژرابوو: بەڕێز "سن ناتسیر" کە بۆ ماوەی "بیست و یەك" ساڵ ژنەکەی بەجێ هێشتبوو، ئەو کاتەش ئەو مرد هاتەوە بۆ داواکردنی میراتە بەجێماوەکانی ژنەکەی کە بۆ کچەکەی "هولاتۆم" بەجێی هێشتبوو، بۆیە لەم بارەیەوە "ڕایبنۆ سیبار" کۆبوونەوە و بڕیاریان دا کە "سن ناتسیر" هیچ ژنەکەی خۆش نەویستوە و بەجێی هێشتووە بۆیە هیچی ناکەوێت.

"ئەمات شماس" لەدادگا سکالای کرد بۆ وەرگرتنەوەی بەشە ماڵەکەی بەبیانووی ئەوەی کە کچی هەڵگیراوەی "شماش جایڵ" و "ئەومی ئاراهتۆم"ی خێزانیەتی، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی دان پێدانانی نەبوو بۆیە پاش لەوەی دۆسیەکەی چووە دادگا، دادوەر داوای لێ کردن بۆ ئەوەی سوێند بخۆن و بڵێن "ئەمات" کچمان نییە، ئەوانیش وەهایان کرد بۆیە دادگا هیچی پێنەدا، هەروەها "بابلیتۆم" لەدژی هەریەکە لە "ئاریش ساجیل" و "ئاوبار نایبۆم" و

"مەردۆك ناتسیر" سکالای تۆمارکرد بەهۆی ئەوەی بەشە میراتەکەیان بردووە، بۆیە دادوەریش پاش لێکۆڵینەوەی ورد بەشەکەی بۆ گێڕایەوە.
دادگا دەستی وەرنەدەدایە هەموو کێشەیەکەوە بۆ نموونە لە "هەشتەم" سالی فەرمانڕەوایەتی "حامورابی"دا دادگای بابل لێکۆڵینەوەی لە سکالایەك ڕەتکردەوە بەبیانووی ئەوەی شکاتکار خەڵك و دانیشتووی "سیبار"ە، بۆیە پێویستە بڕوات و لەشارەکەی خۆی شکاتەکەی تۆماربکات.
"یاساکانی حامورابی" لەزۆر بار و جاردا ڕێگەی بە دادوەران دابوو سزای مەرگ بسەپێنن بەسەر تاوانبارانداً، بەتایبەت لەسەر کێشەی جادوو و شایەتیدەری درۆزن لەتاوانی کوشتن و دزینی گەنجینەی پەرستگا و کۆشك و ئەو کەسەشی شمەکی دزراوی دزی دەشارێتەوە و کڕیاری شمەکی دزراو بەبێ لێکۆڵینەوەی لەچۆنێتی دەستکەوتنی ئەو شمەکە و دانانی گەواهیدەر لەنێواندا، ئەو کەسەشی شمەکی دزراو لە منداڵ یان کۆیلەیەك دەکڕێت بەبێ دانانی گەواهیدەر، سزای مەرگ چاوەڕوانی ئەو کەسە بوو کەهەڵی ڕاکردن بۆ کۆیلەیەك دەڕەخسێنێت، یاوەکو جێگەی شاردنەوەی بۆدابین دەکات و لەخۆی دەگرێت، یاسایەکی سۆمەری هەبووە ناوی "سەر بەرامبەر سەر" بووە، بۆیە ئەو کەسەی کۆیلەکەی شاردۆتەوە ئەگەر "٢٥ شاقڵی زیوی" نەبوایە ئەوا دەبوو کۆیلەیەکی لەبری شاردنەوەی هەر کۆیلەیەك بەو خاوەن کۆیلەیە بدایە.
سزای مردن جێبەجێ دەکرا بەسەر ئەو کەسەی کە جەردە و شەوکوت و ڕێگرە یان ئەو سەربازەی هەڵدێت و یاخی دەبێت تەنانەت ئەگەر سەربازێکی دیکەش جێگەی بگرێتەوە، ئەو ئەفسەرەشی ئەم هەڵهاتن و جێگرتنەوەیەی بۆ دەرکەوتبایە و خۆی لێ بێدەنگ بکردایە ئەویش دەکوژرا، هەروەها بەسەر ئەو

دادوەر و پارێزگارانەش دەسەپێندرا کە هەوڵ و ماندووبوونەکانی ئەفسەرانیان بە کەم و هیچ لەقەڵەم دەدا، ئەو بازرگانی خواردنەوەیەشی کە شۆڕشگێڕ و یاخیبویان دەشارێتەوە و، ئەو پیاوەی دەستدرێژی جوتبوون دەکاتە سەر کچێك و، ئەو پزیشکەشی نیشانەی کۆیلایەتی لادەبات بەبێ ڕێگەپێدانی خاوەن کۆیلەکە، تەنها مەرگ پاداشتیان دەبێت، هەروەها بەپێی "یاساکانی سۆمەری" تایبەت بە خواوەندی "نیسابا و حانی" ئەو پیاوە دەکوژرێت کە دەستدرێژی دەکاتە کچێك و ناشیەوێت بیخوازێت، لەچەندین بار و ساتی دیکەشدا سزای مەرگ چاوەڕوانی تاوانباری دەکرد، بەڵام شێوازی کوشتنی تاوانبارەکە دەستنیشان نەکراوە، ئەو خاوەن مەی خانەیەی کە نرخی مەیەکانی لە مەیخانەکانی دیکە گرانترە بە خنکان دەکوژرا و ئەو ژنەش دەکوژرا بە خنکان کە مێردەکەی بەندکراوە، بەڵام مالّ و سامانێکی زۆری بۆ بەجێ هێشتووە بۆ ئەوەی پێی بژێت کەچی ڕۆیشتووە و شووی بەکەسێکی دیکە کردووە.

ئەو کەیبانووە خراپەی کە ویستویەتی بەپارەی مێردەکەیەوە هەڵبێت یان مێردەکەی بکوژێت بۆ ئەوەی شوو بە کەسێکی دیکە بکات، لەیاسای سۆمەریشدا ئەو ژنەی کە لەم ڕێگەیەوە یان بەبێ هیچ بیانوویەك هەوڵی جیابوونەوەی دەدا دەکوژرا، ئەم سزایە چاوەڕوانی ئەو کەسەش بوو کە زیناکار بووە لەکاتێکدا ژن و یان مێردیشی هەبووە و لەگەڵ کەسە زینا کارەکەیدا پێکەوە دەست بەسەرکرابن لەکاتی جوتبووندا، بۆیە لەم کاتەدا هەردووکیان پێکەوە دەبەستراونەوە و فڕێ دەدرانە نێو ڕووبارێکەوە بۆ ئەوەی بخنکێن، تاوانی سووتاندن ئامادەیە بۆ ئەو کوڕ و دایکەی کە جوتبوون ئەنجام

دەدەن، ئــەو کەســەیش کــە یانــەی خواردنــەوە دەکاتــەوە و دەڕوات لەوێــدا دەخواتەوە، ئەو پیاوەشی کەهەڵی سووتاندنی ناوچە و ماڵێك دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی شتێك بدزێت، سزای هەڵدڕین چاوەڕوانی ئەو ژنەبوو کە پیاوەکەی کوشتووە بۆ ئەوەی شوو بە پیاوێکی دیکە بکات.

لەکۆتایشدا سزای "چاو بەرامبەر چاو و ددان بەرامبەر ددان" چاوەڕوانی ئەو کەسەی دەکرد کەتاوانی ئەنجام دەدا، ئەگەر پیاوێکی پێشتر ئازاد کە ئێستا کۆیلەیە بەهۆی قەرزەوە لای خاوەن قەرزەکە بمردایە بەهۆی ئازار و لێدانەوە ئەوا خاوەن قەرزەکە دەکوژرا، ئەگەر کۆیلە ئازادە مردووەکە کوڕی کابرای قەرزار بوایە ئەوا کوڕی خاوەن قەرزەکە دەکوژرا، ئەگەر ژنێکی ئازاد بەهۆی لێدانەوە منداڵەکەی لەباربچوایە ئەوا کوڕی کەسی ئازاردەر دەکوژرا، ئەگەر خانوویەك بڕووخایە و خاوەن ماڵەکەی بکوشتایە ئەوا خودی وەستای دروستکاری ئەو خانووە دەکوژرایەوە، ئەگەر کوڕەکەی بکوشتایە ئەوا کوڕەکەی وەستاکە دەکوژرایەوە.

دادگا بڕیار بڕینی زمانی ئەو کوڕەی دەدا کە دایك و باوکی جێهێشتووە بۆ خۆشگوزەرانی خۆی، یان ڕەتی ئەو باوك و دایکەی دەکاتەوە کەهەڵیانگرتۆتەوە و بەخێویانکردووە. دەست بڕینیش چاوەڕوانی ئەو کوڕەیە کە لەباوکی دەدا، ئەو پزیشکەی کەسێکی ئازاد دەکوژێت یان چاوی کوێردەکات، یان ئەو کەسەی کە نیشانەی قەدەغەکردنی فرۆشتنی کۆیلەیەك لەنێو چاوانی ئەو کۆیلەیە دادەکوتێ بەبێ ئاگاداری خاوەنی ئەو کۆیلەیە، ئەو وەرزێرەی لەبەرهەمەکان دەدزێت تەنها کوشتن شایستەیەتی.

سزای بڕینی مەمکیش بۆ ئەو دایەنە بوو کە دوومندالێ پێکەوە بەخێو دەکات و گرنگی بە دانەیەکیان نادات تاوەکو دەمرێت، ئەو کۆیلەیەشی کە ئامادەی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی گەورەکەی نییە گوێی دەبڕدرێت، یاسایەکی سۆمەری هەیە هانی فرۆشتنی تاوانبار دەدات لەم کاتەدا.

ئەو کەسەی لەکەسێکی سەرووی خۆی بدات ئەوا بەئاشکرا شەست شەلاقی لێدەدرا، دوورخستنەوەی تەواوەتی شایەنی ئەو باوکە بووە کە لەگەڵ کچەکەیدا جووت دەبێت.

پلە کاری هەبووە لەکاتی قەرەبووکردنەوەدا لە سێ ئەوەندەوە دەستی پێدەکرد تاوەکو سی ئەوەندەی شتی دزراو یان لەدەست دراو، سێ ئەوەندە سزای ئەو نوسەرەبووە کە دزی لە بریکاری کارەکانی دەکات، پێنج ئەوەندەش بۆ ئەو شتە دزراوەی کە پێش لەوەی بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکەی بگێڕدرێتەوە کرپیاری ئەو شمەکە دەتوانێت بێبەری بوونی خۆی بسەلمێنێت، شەش ئەوەندەش بۆ ئەو خاوەن کارەیە کە کرێکارەکەی تۆمەتبار دەکات، دە ئەوەندەش سزای ئەو کەسەیە کە شتێك لە "مۆشکینۆ" دەدزێت و دوانزە ئەوەندەش بۆ ئەو کەسەیە کە دووبارە ململانێ لەسەر شتێك دەکاتەوە کە پێشتر بەپێی یاسا یەکلایی کراوەتەوە، سی ئەوەندەش سزای ئەو کەسەیە کە شتێك لەپەرستگا یان کۆشك دەدزێت.

ئەو زیانانەی کە دزێك یان جەردەیەك لەماڵی کەسێکی دەدا لەلایەن دادگاوە دەقەبڵێنرا، ئەو ناوچەیەشی دزی گەورەی تیادا ڕوویدابایە ئەوا فەرمانڕەواکانی ئەو ناوچانە بەبەرپرسیار دەژمێردران. یاساش سزای ئەو

کشتکارەی دەدا کەبەهۆی زیادە ئاودانەوە بەرهەمی جوتیارە دراوسێکەی خراپ دەکرد.
دادگا بڕی ئەو قەرەبووانەی دیاری دەکرد کە پێویستە بەهۆی ئازەڵێکەوە یان بریندارکردنی کەسێك بەئەنقەست بدرێت، بەزۆریش یاسای باوی ولاّت بریتی بووە لە یاسای: "چاو بەرامبەر چاو ددان بەرامبەر ددان".

خودی حامورابی کێیە؟

"حامورابی" لەنێوان سالاّنی "١٧٩٢-١٧٥٠ پ.ز) فەرمانڕەوایی بابلی کردووە، لەکاتێکدا ئەو دەمە نیشتمانی زێڕ دەستەلاّتی دواتری "حامورابی" دابەشی چەندین دەوڵەتۆچکە بووبوون و هەریەکەیان لەجەنگدا بوو لەگەڵ ئەوی تردا، بەلاّم "حامورابی" توانی هەموو شارەکانی عێراق و چەندین شاری شام و تەنانەت کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست و نیشتمانی ئیلام و چەندین نیشتمان و شاری دیکەش بگرێت و یەکیانبخاتەوە.
حامورابی خاوەن کەسایەتییەکی سەربازی بووە و توانایەکی گەورەی کارگێڕی و ڕێکخستنی هەبووە. میلە بەناوبانگە لەبەرد هەڵکۆڵراوەکەشی ئێستا لە مۆزەخانە لۆڤرە لە پاریس و لەخۆگری لە پێشینەترین و گشتگیرترین یاسایە لە دۆڵی دوو ڕووبار و بەڵکو هەموو جیهانیشدا، ڕێکخستنی سەرجەم بوارەکانی ژیان و وردکاری ئەرك و مافەکانی تاك لەکۆمەڵگەی تێدایە.
دوای مردنی "حامورابی"ش پێنج پادشای دیکە هاتوونەتە سەر فەرمانڕەوایەتی کردن و کۆتا دانەشیان ناوی "سمسو دیتانا" بووە کە حیسییەکان لەساڵی "١٥٩٤ پ.ز" هێرشیان کردۆتەسەری و داگیریانکردووە

و، پایتەختەکەیان وێران و کاولکردووە و چی خشڵ و زێڕ و زیو و شتی بەنرخی تیابووە بەتاڵانیان بردووە بۆ چیاکانی تۆرۆس.

حامورابی و بابل

لەڕاستیدا "سۆموا ئابم" دادەنرێت بە دامەزرێنەری "بابل" لە (١٨٩٤پ.ن) کە توانیویەتی شورایەک بەچواردەوبەری بابلدا دروستبکات و زۆر بەتوندی دانیشتووانی شارەکە لە ئەگەری هێرش و مەترسی بێگانە بپارێزێت و دوای ئەمیش "سۆمۆ-لا ئیلۆ" هاتە سەر دەستەڵات، بەڵام کوڕی ئەو "سۆمۆ ئابم" نەبووە و ئەم پادشایە بەدامەزرێنەری فەرمی و ڕاستەقینەی وڵاتی بابل دادەنرێت و ناویشی لای شوێن گرەوەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر بە نەمری مایەوە و، لەم پادشایەوە دروستکردنی پەرستگا و لێدانی جۆگە فێربوون، زۆرێش هەوڵی چەسپاندنی دادگەری داوە، ئەم پادشایە سەرکەوتوو بووە لە دامرکاندنەوەی چەندین شۆڕشی شارچێتی، هەروەها توانیویەتی بڕەو بە دەستەڵاتی خۆی بدات لە "بۆڕەسپا" (برس نەمرود نزیکی حیللە) و ناوچەی "نفر"یشی داگیرکرد.

بێگومان گرنگترین پادشای ئەم بنەماڵەیە شەشەمین پادشای بووە بەناوی حامورابی[1]، ڕەنگە ناوەکەشی ئەمورابی بووبێت کە چل و دوو ساڵ "١٧٩٣-

---

[1] لە نوسراوی سۆمەری/کەیانجێی و بابلییەکان (کوردۆنیاسەکان)دا باسی لافاوەکەی نوح کراوە بەوەی لای سۆمەرییەکان بە کەشتی ((زیوسودرا)) و لای بابلییەکان بەکەشتی ((ئوتنا پیشتیم)) ناوبراوە و لەسەر چیای نێسیر (نوخ سیر- نوح سەر= لوتکەی نوح) کە چیای پیرەمەگروونی ئێستای نزیک بە شاری سلێمانییە لەنگەری گرتووە و لێرەوە زیوسودرا -

١٧٥١پ.ز" فەرمانڕەوایەتی کردووە. لەوکاتەی "حامورابی" هاتە سەر دەستەلآت تیرەی ولآتەکەی لە "٥٠ میل" زیاتر نەدەبوو، نەوەك هەر بەرەو فراوان بوون نەدەڕۆیشت، بەڵکو تادەهات کەمتریش دەبۆوە. شوێنەوارێك دۆزراوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سالّی "دە"ی فەرمانڕەوایی "حامورابی" و وای پیشان دەدات کە تاوەکو ئەم کاتە ئەم پادشایە ملکەچ و شوێن کەوتەی پادشا "شمشی ئادادا"ی ئاشوری بووە.

نوح- هەستاوە بە باڵدانەوەی کۆترێك و دواتریش پەڕەسێلکەیەك کەچی گەڕاونەتەوە وەك نیشانەی نەبوونی وشکانی و دواتریش قەلەڕەشکەیەکی هەڵداوە و نەگەڕاوەتەوە و ئەمەیش مانای دەرکەوتنی وشکانی بووە لەسەر خاکی کوردستان. لە تەوراتیشدا کەشتییەکەی نوح لەسەر چیای ئارارات جێگیربووە کە بەکوردی چیای ئاگرییە و لەقورئانیشدا باس لەوەکراوە کەشتییەکە لەسەرچیای جودی یان گوێتی لەنگەری گرتووە و ئەم چیایە لەنزیکی شاری بۆتانی ئەمڕۆی باکوری کوردستانە. چیای پیرەمەگروون لە ڕۆژهەلآتی شارستانییەتی گوزانا و چیای ئاگری لە باکووری و چیای گوتی لە چەقی ناوچەکەدا ئەمەیش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەم لافاوە لەڕێگەی ڕووبارەکانی کوردستانەوە سەرچاوەیان گرتووە و سۆمەرییەکان بۆ خۆیان خەڵکی ناوچەکەبوون و دەماودەم گێڕاویانەتەوە تاوەکو ئەوکاتەی نوسیویانەتەوە. توێژینەوە زانستییەکان ئەوەیان سەلماندووە سۆمەرییەکان لە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستانەوە بەتایبەت لەناوچەی زاگرۆسەوە دەرکەوتوون و بەرەو باشوری خاکی کوردان ڕۆیشتن و زاناکان هیچێکی ئەوتۆیان باس نەکردووە کە ئەوگەلانەی لەسەر خاکی کوردستان ژیاون لەناکاو قڕبووبن یان بوونیان بەلافاوێك یاوەکو کارەساتێکی خودایی تیاچووبێت. وەرگێڕ.

حامورابی لەدواتردا توانی پایەکانی حوکمڕانی ولاتەکەی بەهێزتر بکات و سەرجەم هاوسەرۆکەکانی سەردەمی خۆی لەناوبەرێت، لەگەڵ بەدیهێنانی ئامانجەکەی کەدەمێك بوو لەمێشکیدا نەخشەی بۆ کێشابوو ئەویش یەکخستنەوەی هەموو ناوچەکانی ولاتی دوو ڕووبار بوو لەژێر یەك ئالاّ و بەیداخدا، شەش ساڵی یەکەمی فەرمانڕەوایەتییەکەی تەنها تەرخانکردبوو بۆ بەهێزکردنی پێگەکانی دەستەلاتی لەناوخۆدا و ئەمەش لەڕێگەی دروست کردن و ڕێکخستنی کاری پەرستگا و کشتوکاڵ و بازرگانی و پەیڕەوی کاری کۆمەلاّیەتی و بەهێزکردنی قەلاّ و قولەکانی بووە، دواتریش لەساڵی "١٧٦٢ پ.ز"دا توانی بەیارمەتی "ئاشنونە و ماری" کۆتایی بەدەستەلاّتی پادشای "لارسە" بهێنێت.

"ریم سین" زۆر لە "حامورابی" دەترسا بۆیە لەنامەیەکیدا بۆ "حامورابی" داوای یەکخستنەوەی هێزەکانی نێوانیان دەکات بۆ بەرگری کردن لە هەردوو ولاّت لەکاتی پێویستدا، لەسەرەتاوە پەیوەندی نێوان ئەم دووبەرەیە باش و گونجاو بووە، ئامازەش هەیە کە دەڵێت: چوار نێردەی لارسە لە بابل و دوو نێردەی بابل لە لارسە نیشتەجێ بووبوون، "حامورابی" دەیتوانی لەڕێگەی نوێنەرەکانیەوە چاوی لەسەر دانیشتووانی لارسە بێت و زانیاری تەواویان لەسەر کۆبکاتەوە، دەڵێن: نوێنەرەکەی پادشا "زمری لم" ئاگاداری ولاّتەکەی کردبۆوە لەوەی "حامورابی" دەیەوێت ولاّتی لارسە داگیربکات، پێش لەوەی پەلاماری پایتەختی ئەو ولاّتە بدات "حامورابی" نامەیەکی بۆ "ڕیم سین" ناردبوو تێیدا دڵنیای کردەوە لەوەی زۆری خۆش دەوێت و هەمیشە یارمەتی و کۆمەکی ئەو بۆ ولاّتەکەی دەستەبەرە، ئەمەش فێڵێکی زۆرباش بوو بۆ

دڵنیاکردنەوەی پادشای ئەو ولاتە لەوەی "حامورابی" پەلاماری نادات بۆ ئەوەی بەیەکجاری لەناوی بەرێت.

هەنگاوی دواتری "حامورابی" یەکگرتنی بوو لەگەڵ پادشای "ماری" لەدژی "ئاشنونە"، لەنامەیەکیدا لەپادشای "ماری"یەوە بۆ "حامورابی" هاتووە: پادشای ولاتی "ئاشنونە" واخەریکی کۆکردنەوەی هێزەکانێتی و ئێستاکەش گەیشتۆتە "شوسولم" (نزیکی فەلوجەی ئێستا).

بەپشت بەستن بەم نامەیە "حامورابی" سەربازە بەکرێ گیراوەکان و هەندێك لە سوپای بابلی بۆ نارد و داوای لێکردن لەناوچەکانی باکوری عێراقدا داوا لە دەستەلاتدارەکانی ناوچەکە بکەن بێنە پاڵ "حامورابی"، "ئاشنونە"ش لەبەرامبەردا هێزی لە "عیلامەوە" هێنا ئەمەش "حامورابی" زۆر تووڕەکرد، بۆیە "حامورابی" بڕیاری پچڕاندنی هەموو جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ "عیلام"دا دەرکرد، جەنگی "زمری لم"ی پادشای ماری لەگەڵ "ئاشنونە"ییەکاندا لاوازی کردن بۆیە "حامورابی" دواتر توانی بەئاسانی لەناویان بەرێت، بەڵام "حامورابی" ڕاستەوخۆ "ئاشنونە"ی داگیرنەکرد بۆ ئەوەی "ماری" خۆی بۆجەنگ هازر نەکات، بۆیە لەپێشدا پەلاماری "ماری"دا و دواتر "ئاشنونە"ی بەتەواوەتی خست.

بەڵام وادیاربوو "حامورابی" زۆر لەجەنگی ماری ترساوە، چونکە نیشتمانێکی دەوڵەمەند و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ نیشتمانی "حەلەب"یشدا هەبووە، بەڵام هەرچۆنێك بێت لە ساڵی "١٧٥٩ پ.ز" پەلاماری "ماری"دا و لەساڵی "١٧٥٧پ.ز" ڕووخاندنی و پایتەختەکەی سووتاندن و لەساڵی "١٧٥٤ پ.ز" توانی "ئاشنونە"ش داگیر بکات و لەساڵی دواتردا سەرجەم شارە

ئاشوریيەکانی خستە ژێردەستەلاتی خۆیەوە، لە "ئایدا" (دیاربەکری ئێستا) هەندێك پاشماوە دۆزراونەتەوە ئاماژە بە گەیشتنی دەستەلاتی "حامورابی" دەکات بۆ ئەو ناوچەیە، لە دروستکراو و جێپەنجە بەجێ هێڵراوەکان "شمشو ئیلونای کوڕی حامورابی" و جێنشینی لەشاری "سکاراتیم"ەوە(لەشارەکانی خاپوری سەرەوەی دووردا) بۆمان دەردەکەوێت کە "حامورابی" توانیویەتی سەرجەم ناوچەکانی ژێردەستەلاتی "ماری" داگیربکات و چەندین ناو و نازناوی گەورەی بۆخۆی داناوە لەوانەش: "پادشای بابل، پادشای هەر چوار ئاڕاستەکە، پادشای ئامور، پادشای سۆمۆ و ئاکەد".

هەندێك لە "یاساکانی حامورابی"، ئەمەش مشتێکە لەخەروارێك:

یاسای حامورابی ٨:

گەرهاتوو کەسێك گایەك یان مەڕێك یان کەرێك یان بەرازێك، یاخود بەلەمێکی دزی و ماڵە دزراوەکە هی خواوەند یان کۆشك بوو ئەوا پێویستە ٣٠ ئەوەندەی لێوەربگیرێتەوە. بەڵام گەر هاتوو گەڕایەوە بۆ هەژارێك، یاخود مووڵکی نەدارێك بوو ئەوا دەبێت ١٠ ئەوەندەی لێبسەنرێتەوە، خۆ ئەگەر دزەکە هیچی نەبوو بۆ قەرەبوو کردنەوە ئەوا لە سێدارە دەدرێت.

یاسای تەورات:

گەرهاتوو کەسێك گایەك یان مەڕێکی دزی و سەری بڕی یاخود فرۆشتی ئەوا دەبێت لەبری گاکە پێنج سەر مەڕبدات، لەبری مەڕەکەش چوار کاوڕ بداتەوە خاوەنەکەی.

یاسای حامورابی ١٢٩:

گەرهاتوو ئافرەتێکیان گرت کە لەگەڵ پیاوێکی بێگانەدا نوستبوو ئەوا دەبێت هەردووکیان پێکەوە ببەسترێنەوە و فڕێبدرێنە ئاوەوە. مێردی ئافرەتە داوێن پیسەکە دەتوانێت ژیانی ژنەکەی بپارێزێت گەرویستی وەک چۆن پادشا دەتوانێت لەخراپەی ژێردەستەکانی خۆش بێت.

یاسای تەورات:

گەرهاتوو پیاوێك خەریکی ئافرەتێکی شووداربوو ئەوا پێویستە هەردووکیان بکوژرێن.

یاسای حامورابی ١٩٥:

گەر نەوەیەك لەباوکی خۆی دا ئەوا دەبێت دەستی ببڕدرێتەوە.

یاسای تەورات:

ئەوەی لەدایك و باوکی خۆی دا ئەوا دەبێت بکوژرێت.

یاسای حامورابی ١٩٦:

گەرهاتوو کەسێك لەلایەن نەوەی خانەدانێکەوە سوکایەتی پێکرا، ئەوا سوکایەتی بەو کەسە دەکرێتەوە.

یاسای تەورات:

شکاندن بەشکاندن، چاو بەچاو، لێدان بەلێدان حەقی دەکرێتەوە.

یاسای حامورابی ۱۹۷-۲۰۰:

گەرکەسێك ئێسکی کەسێکی دیکەی شکاند ئەوا پێویستە ئێسکی ئەو کەسەش بشکێندرێت.

گەر کەسێك ددانی کەسێکی دیکەی لەهەمان چیندا هەڵکێشا، ئەوا دەبێت ددانی ئەویش هەڵبکێشرێت.

یاسای حامورابی ۲٤٥:

گەر گایەك بەکرێ گیرا و لەکاتی کارپێکردندا بەهۆی پشت گوێخستنیەوە یان لێدانەوە مرداربوویەوە ئەوا دەبێت بەگایەکی هەمان تایبەتمەندییەوە قەرەبووی خاوەنەکەی بکرێتەوە.

یاسای حامورابی ۲٥۰:

گەر هاتوو گوێرەکەیەك لەڕێگەدا کەسێکی شێلا و کوشتی ئەوا هیچ قەرەبووی کەسەکانی کوژراوەکە ناکرێتەوە.

یاسای حامورابی ۲٥۱:

گەر هاتوو ئەوەی گایەکە کوشتی کۆیلەی کەسێك بوو ئەوا دەبێت "۱٥۱٥ گرام" زیو بدرێت لەجیاتیدا.

بێگومانین لەوەی حامورابی ئەو پادشایە بووە کە بابلی گەورەی دامەزراند، ولاتی پایتەختی میترۆپۆڵی یەکەم جار دەرکەوتووی مێژوو. زۆرێک لە شوێنەوارەکانی سەردەمی "حامورابی" (١٧٩٥-١٧٥٠پ.ز) تاوەکو ئێستا پارێزراون و ئەمڕۆش دەتوانین لەسایەیاندا تۆڕێنەوەی ژیاننامەی ئەم کەسە بەناوبانگە بکەین... وەک چۆن ئەمەش لە یاسادانانە بەناو و دەنگەکەشیدا دەرکەوتووە، یەکەمین دادوەر یاخود فەرمانڕەوا بووە کەسەرجەم یاساکانی ولاتی نوسیبێتەوە و پێشکەشی خەڵکی کردبێت، هەمووانی بەتەواوەتی پابەندکردبێت پێوەی و ڕێنوێنی کردبێتن.

"یاساکانی حامورابی" لەپێشترین یاسا نەبوو، نا بەڵکو سەرچاوەی پێش خستنی یاساکانی سۆمەرییە لەپێشینەکان بووە، ئەمەش دواتر بووە هۆی داڕشتنێکی تەواو گونجاوی "یاسای بابلییەکان". ڕێوشوێنە یاساییەکانی "حامورابی" زیاتر ڕێکخراوتر بووە وەک لە "کۆمەڵە یاسای سۆمەرییەکان"، بەجۆرێک تێیدا توانراوە چەندین یاسای دژ بەیەک پێکەوە ڕێکبخرێن. لەکاتێکدا هێشتاکە ناتوانرێت بە یاسایەکی تەواو دابنرێت بەمانای وشە، بەڵکو بریتییە لە کۆمەڵە بڕیارێکی لێکجوودا (یاسای ئاوارتەیی). زۆرێک لە زنجیرە یاسا پێشینەکان ون بوون، بەڵام توانراوە شوێنەواری چەندینیان بدۆزینەوە، یاساکانی "حامورابی" ئاماژەی شیاون بۆ بوونی یاسای لەپێشتر.

یاساکانی حامورابی لەسێ بەش پێکدێت:

١- پێشەکی.

٢- ناوەڕۆکی خودی یاساکان.

٣- کۆتایی.

لەسەرەتا و لەپێشی یاساکانەوە ئامازە بەوەکراوە کە: ئامانجی سەرەکی لەم زنجیرە یاسایەدا چەسپاندن و دانانە بە دادگەری لە ولاتدا. پاش لەمەش ناو و نازناوەکانی پادشا دێت لەگەڵ ئامازەکانی بەگەورە دانان و زەبەلاحکردنی، دەستکەوت و خزمەتەکانی بۆ نیشتمانیش دەخرێتەڕوو. لە بەشی ناوەڕاستدا، یاساکە تایبەتە بە: چەندین مادەی یاسایی تاوان، ڕێوشوێنەکانی دادگاییکردن، سزاکانی شکاندنی یاسای مولکایەتی تایبەت و گشتی و یاساکانی ماف چەکداری کردن. چەندین یاساشی تێدایە لەبارەی مافەکانی مولکایەتی نەگوازراوە و بازرگانی و باج و یاساکانی خێزانداری و لێقەومانە جەستەییەکان و، لەبارەی کاری بەکرێ و کۆیلایەتییەوە. لەکۆتاییشدا پادشا داوا لە خواوەندەکەی دەکات هەموو ئەوانە سەرکەوتوو بکات کە یاساکان جێبەجێ دەکەن، نەفرەتیش لەوانە دەکات پێوەی پابەند و پەیوەست نابن یاخود گوێڕایەڵی نابن.

یاساکانی "حامورابی" بەشێوەیەکی ڕێکوپێک کۆمەڵگە ڕێکدەخات، ئەو دادوەرەی خراپ پێگەکەی بەکاردەهێنێت، یاخود هەڵەدەکات لەدادگەریدا ئەوا بۆ هەتاهەتایە لەئیشەکەی دوورەدخرێتەوە و سزایەکی زۆری دارایی دەدرێت. ئەو گەواهیدەرەی درۆدەکات دەبێت بکوژرێت. بێگومان مردن

پاداشتی هەموو تاوانێکی گەورە بووە. گەرهاتوو کەسێك خانوویەکی بۆ یەکێك دروستکرد، بەڵام لەکاتی دروستکردنەکەیدا فێڵی تیاکرد و دواتر خانووەکە ڕووخاو خاوەنەکەی کوشت ئەوا دەبێت کەسی دروستکاریش بکوژرێتەوە، خۆ ئەگەر کوڕی خاوەن خانووەکەی کوشت ئەوا کوڕی وەستاکە دەکوژرێتەوە، لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە جولەکە "یاسای چاو بەرامبەر چاو" لەکوێوە فێربووون. ئەم یاسایانە هیچ پۆزشێك ناتوانێت بیانگۆڕێت و هیچ شیکردنەوەیەکیش سوودی نابێت، کەواتە باشترین ڕێگە بۆ ڕزگاربوون لەم جۆرە سزایانە نەکردنی تاوانە. زۆرجاریش بۆ دەربڕینی بێتاوانی ئەو کەسە فڕێ دەدرایە نێو ڕووباری فوڕاتەوە خۆ ئەگەر مەلەی بزانیایە ئەوا خۆی ڕزگار دەکر و دواتر بێتاوان دەبوو ئەگەریش نەیزانیایە ئەوا دەمرد و تاوانبار دەبوو، بۆیە دەبینین ئەم یاسایانە توانیویەتی جێگەی خۆی لەدڵی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەکەیدا بکاتەوە.

ئەو بەشانەی لە کتێبخانەکانی "ئاشوور بانیپاڵدا" دۆزراوەتەوە لە"نەمروود" و "لەبەرگیراوە بابلییەکانی" پاشتر ئەوە ڕوونەدەکەنەوە کە تۆێژینەوەی ئەم یاسایانەکراوە و دابەشی چەند بەشێك کراوە بەناوی "نینو ئیلو سیرۆم"، بۆ ماوەی زیاتر لە "هەزار و پێنج سەد سالّ" ماوەتەوە و هەڵگیراوە و لەبەری گیراوەتەوە، بەشەگەورەکەی وەکو خۆی ماوەتەوە تاوەکو فارسەکان (واتە ئێرانییەکان نەك خودی فارسەکان: وەرگێڕ) و دواتریش ئەغریقییەکان و پارسییەکان هێرشیان کردۆتەسەر ناوچەکە، تەنانەت مابۆوە تاوەکو کاری کردە سەر یاساکانی "سوری-ڕۆمانی"ی پاشتری نیشتمانی دوو ڕووبار. یاسا و نەریتە لەپێشینەکان ناوی (پێشینە)ی لێدەنێین، لەکاتێکدا یاساکانی تایبەت

بـە ئەمپراپۆریـەتی بـابلی نـوێ (هـەروەها فارسـی و ئـەغریقیش) نـاودەنێین (پاشینە). یاسای ئاشوورییەکان لـە بابلییەکانـەوە وەرگیراوە بـەلأم نـاوی تـازەی لەخۆگرتبوو.

ئەو دەمەی خێڵە سامی زمانەکان لە بابلدا ئاکنجێ بوون، نەریتـە باوەکانیان بـە یاسای گشـتی شـار توایـەوە، مێـژووی نـوێی ئـەو نیشـتمانە دیرۆکێکـی پـڕ لـە ململانێی شارچێتییە. پایتـەخت باج و پاڵپشـتی سـەربازی بەسـەر شـارەکانیدا سەپاندبوو، بەلأم لەڕووی نەریت و پەرستنەوە ئازادی کردبوون.

لەمێژووی پاشینەدا و بەهاتنە سەر دەستەلأتی هەریەکە لـە "ئاشوور بانیپاڵ" و "سمـس-سـوم- یـوکین" دەبینین بابلییـەکان یاسـای تایبـەت بـە بێگانـەکان دەردەکـەن لـەوەی هـەرجارە و دەتـوانن بیسـت بێگانـە پێکـەوە بێنـە نێـو شـارەکانیانەوە و بـەئازادی تێیـدا بجوڵێنـەوە، نابێـت بـەهیچ شـێوەیەك هـیچ کەسێکی بێگانە بکوژرێت تەنانەت ئەگەر سەگیش بێت.

دانیشتووانی بابل لەدێر زەمانەوە لە ڕەگ و نەتەوەی جودا پێکهاتبوون، نوێژی گۆڕدراوەی نێوان شارەکان بـەردەوام بـووە، لەهـەموو شارێدا زۆرکەسـی بێگانـە هەبوون کەتێیدا نیشتەجێ بووبوون. ئـەم جـۆرە ئازادییـە بـووە هـۆی توانـەوەی نەریتـە لێکجوداکـان، هەرچـۆنێك بێـت باشـییەکە بـۆ "حـامورابی" دەگەڕێتـەوە لـەوەی یاسـای بـۆ داناون و ڕێنـوێنی چـۆنێتی ڕەفتارکردنی کـردوون، بـەمـەش ئیمپراتۆرییەتەکەی بەهێزتر کردووە.

لـە ولأتەکـەی "حـامۆرابی"دا زۆربـەی نەریتـە خێڵـەکی و ناوچـەییەکان لەناوچووبوون و لەبەرامبەر یاسادا دەستەوەسـان مابوونـەوە، لەڕاستیدا ولأتـی یاسـابوو، یارمەتیـدانی خـود تێیـدا ون بووبـوو، هەڵچـوونی خوێنـاوی لێـی

دووربوو، هاوسەرگیری بەزۆریش نەمابوو، سەرباری بوونی گیانی هاریکاری نێوان خێزانەکان و خودی ئەندامەکانی خێزانەکان، هەمووان بەرپرس بوون. پادشاش کەسێکی ئەرەستۆکراتی شکۆمەند بوو، بەئاسانی تاکەکانی ژێر دەستی دەیانتوانی ببینن، بەتوانابوو لەپاراستنی لاواز لە زۆردار و بەهێز، ویستەریش بوو لە پێشکەشکردنی پاژە و خزمەتکردنی ئەوانی دیکەدا. لەکاتی بوونی ستەمدا تەنها ئەوکاتە لێبوردن هەبوو کە: کەسی ستەم لێکراو بە پەزامەندییەکی تەواوەوە وازی لەکەسی ستەمکار بهێنایە و لێی خۆشببوایە. دادگاییەکی دادوەرانە هەبووە و هەلی تێهەڵچوونەوەشی پێدراوە، زەوییەکانی ولاتەکە بەدەست دەرەبەگ و کۆکاری باج و پۆلیس و...هتدەوە بوو. پژێمێکی ڕێکخراو و کارای پۆستەش لەئارادا بوو، ئاسایشی بابل ئەوەندە بەهێز بوو دەیانتوانی گەرەنتی سەلامەتی هاوڵاتیانی خۆیان بکەن لەگەشتکردن لەبابلەوە بۆسەر دەریای ناوەڕاست.

یاساکان تەنها نەریتی هاوچەرخی لەخۆنەگرتبوو یاخود یاسای کۆن، بەڵکو لەخۆگری باری ڕاستینەی چەندین سەدەی پابەندبوون بووە بەیاسا و سەرپێچی کردنیەوە، ئەمەش لە هەڵگیراوەکانی شاردا کەڵەکە بووبوو لەشێوەی جبەخانەیەکی زەبەلاحی کردار و ڕەفتاری کۆن و تۆماری بڕیارە یاساییەکان لەبارەیانەوە، ئەمەش یارمەتیدەربوو بۆ دواتر توانەوە لەژێر سایەی یاسادا و وازهێنان لە دابونەریت و خووە کۆنەکان، هەرئەمەش بوو وای کرد نووسین زیاد بکات و لەڕێگەی نووسینیشەوە هەوڵی گۆڕینی نەریتەکان بدرێت و ڕێکبخرێن بەجۆرێك لەگەڵ سەردەمی نوێدا بگونجێت.

هەرکاتێك چەند کەسێکیش ویستوویانە سوود لە نەریتە کۆنەکان وەربگرن یان ڕەفتاری پێبکەن دەبوو بهاتنایە بۆ پەرستگا و بەڵگەنامەیەکیان پێبکردایەتەوە، لەوەی پادشا سەربەخۆیان دەکات و ڕێگەیان پێدەدات بۆ سوود وەرگرتن لە نەریتە کۆنەکان، بەڵام لەکاتی بوونی ناکۆکیدا ئەوا خۆیان بەرپرسیار دەبن و بەپێی یاسای نوێ سزا دەدرێن، لەسەرەتای بەڵگەنامەکەوە دەنوسرا (بەناوی خوا، بەناوی پادشاوە) پاشان بەئاشکرا ئەم ڕێککەوتنە ڕادەگەیەنرا و دواتریش چەندین کەس دەبووە گەواهیدەر، لەکاتی بوونی کێشەشدا یاسا لەبری پەیماننامەکە کاری خۆی دەکرد و زۆرجاریش تێهەڵچوونەوەیان بۆ کێشەکان دەکردەوە، زۆرێك لەگرێبەستەکان لەخۆگری مەرج بوون لەوەی گەرهاتوو لەداهاتوودا کێشەیەکتان دروست کرد ئەوا بە کۆتی یاسای پادشا کۆت و بەند دەکرێن، بۆ ئەمەش یاسا و مادە و بەندی گونجاو دانرابوو.

"یاساکانی حامورابی" دانیشتووانی بۆ سێ بەش دابەش کردبوو، "**ئامیلۆ، موسکینۆ، ئاردۆ**". "ئامیلۆ" چینی خانەدان بوو، لەدایك بوون و مردنی تۆمار دەکرا، خاوەنی مولك و دارایی و سامان بوو، پێبەخشراوی چەندین تایبەتمەندی بالآبوو، مافی حەقکردنەوەی هەبوو لەکاتی بریندارکردنیدا، لەبەردەم یاساشدا بەرپرس بوو لەوەی گەرهاتوو تاوانێکی ئەنجام دا ئەوا ڕەنگە بکوژرێت، پێویست بوو لەسەری باج و سەرانە بدات، لەگەڵ سزای دارایی زۆریش. ئەم چینە لە پادشاوە دەیگرتەوە تاوەکو دەست و پێوەندەکانی و گەورە کارمەند و کارزانان و پیشەوەران. "موسکینۆ" (مسکێنی ئەمرۆ، ئامیلۆیش شێخ بوونە: وەرگێڕ) بەئاسانی ناتوانرێت لێکبدرێتەوە، بەڵام مانای دەرۆزەکاریش دەگەیەنێت و ئەمەش مانای وایە

خەڵك یان چینی پلە نزمی گرتۆتەوە کەخاوەنی زەوی و زار نەبووە، بەڵام ئازادیش بووە و کەمترین باجی داوە و دیاری کەمیشی پێشکەشی خوایەکان کردووە. "موسیکنۆ" لە گەڕەکی تایبەت بەخۆیان لەشارەکەدا ژیاون، بەهیچ شێوەیەك ئەم چینە هەژمار نەکراون تەنها خەملێنراون.

چینی "ئاردۆ"(هاوشێوەی ئارد زۆربوون: وەرگێڕ)، واتە کۆیلەکان، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی گرتۆتەوە، خزمەتکار و بەردەستەی گەورەکانیان بوون، خاتوونەکەی لەبەرامبەر ئیشکردنیدا نانی پێدەدا و پزیشکی بۆ دەهێنا لەکاتی نەخۆشکەوتندا، بەڵام گەر هەرچیەك لەو بەندەیە بهاتایە ئەوا خاوەنەکەی قەرەبووەکەی وەردەگرت، زۆرجاریش خاوەنەکەی کەنیزەیەکی بۆ دەدۆزییەوە بۆ ئەوەی ببێتە هاوسەری و منداڵی بەندە و کۆیلەی دیکەی بۆ بخەنەوە، هەمیشە خاوەنەکەی دەیخستنە کونجی کێڵگەیەك یان شوێن کارێك و کرێی سالانەی ئەو شوێنەشی بۆدەدان بەبری ئیش پێکردن و بردنی بەرهەمەکانیان.

"ئاردۆ" بۆی هەبوو ئافرەتێکی ئازادیش مارەبکات، لەم کاتەدا وەچەکانیان نەدەبوون بەکۆیلە بەڵکو ئازاد دەبوون، دەبووە میراتگری باوکی و هەرچییەکی لێ بەجێ بمایە نیوەی بۆ گەورەکەی باوکی دەبوو نیوەکەی ترشی بۆ منداڵە ئازادەکە، لەم کاتەدا بۆ تەواوەتی خۆپاککردنەوە دەیتوانی بەپارە ئازادی خۆی لە گەورەکەی باوکی بکرێت، یاخود بۆماوەیەك دەبوو خزمەتی پەرستگای بکردایە یان لەلایەن کەسێکی ترەوە هەڵبگیرایەتەوە، لەم کاتەدا دەبووە ئامیلۆ مۆسکینۆ. کۆیلەکان یان ئەوەبوو لە ولاتانی دیکەوە دەکرێدران، یاخود لە دیلکراوەکان جەنگ دەبوون یان ئەو کەسە ئازادانە دەبوو کەبەهۆی قەرزارییەوە یان ئەنجامدانی تاوانەوە پلەکانیان بۆ کۆیلایەتی نزم دەبوویەوە و دەبوون بە

کۆیلە. هەرکاتێك کۆیلەیەك ڕای دەکرد دەبوو خاوەنەکەی نرخێکی وەکو دیاری دەست نیشان کردایە بۆ ئەوەی ئەوانەی دەیگرن بۆی بهێننەوە و، بەزۆری نرخی پاداشتەکان لەم کاتەدا دە هێندەی نرخی ڕاستەقینەی کۆیلەکە دەبوو، بەزۆری ئەو کۆیلانەش دەگیرانەوە یان دەستگیردەکرانەوە ئەوا سزای کوشتن و لەسێدارەدان چاوەڕوانیان دەبوو. هەرکۆیلەیەك نیشانەیەکی تایبەتی ناساندنەوەی پێوەبوو کەتەنها بە نەشتەرگەری دەتوانرا لابرێت کە بەزۆری ناو یان نیشانەی خاوەنەکەی پێوەبوو، ئەمەش لەڕێگەی داخکردنیەوە بوو.

لە زەوی و زارە بەرفراوانەکان لە ئاشوور و هەرێمەکانی دیکە ژمارەیەکی زۆری مسکێن هەبوون، بەزۆری لەو خەڵکانە بوون کە دیلی جەنگ یان کۆنەکۆیلە بوون و، پەیوەست کرابوون بە زەویەکانیانەوە و دەیانکێڵاڵ سەرباری ئەوەی لەگەڵ فرۆشتنی زەویەکەدا ئەوانیش دەفرۆشرانەوە، بەڵام دیسانەوە توانای بوون بەخاوەن زەوییان هەبوو، ئامارێکی زۆرکەمی بوونی مسکێن هەیە لەبابلدا، ئەوانەشی هەبوون دەرۆزەکاران بوون و گۆڕابوون بۆ مسکێن.

خواوەندی شارەکە (یاخود پادشا) هەموو زەوی و زارەکان دەگەڕانەوە بۆ ئەو، سەرجەم خەڵکانی دی ئەو زەوییەیان بەکرێ دەگرت یاخود لەبری بەکارهێنانیدا باج و سەرانەیان دەبەخشی بە پادشا، زۆرجاریش خودی پادشا بۆ ئەوەی نەڵێن زۆرداراە بە پارەیەکی زیاتر لەنرخی بازاڕ زەوییەکی بەرفراوان و باشی بۆ کوڕەکەی دەکڕی، یاساکانی ولاّت دانیان بە مولّکایەتی تایبەتدا دەنا لە ولاّتدا و زۆرجاریش بازرگان و دانیشتووانە بیانییەکانیش ئەو مافەیان پێدەدرا، بەڵام بۆ هەر زەوییەك لەکاتی فرۆشتندا باج و ڕێوشوێنی تایبەتی خۆی هەبووە، تەنها پادشا دەیتوانی خاوەنەکەی لەو باجە بێبەری بکات

ئەمەش بەدەرکردنی بڕیارێکی شاهانە. ولاّت پێویستی بە سوپا و ژێردەستە و داهات هەبوو، بۆیە ڕووبەرێکی گەورە دابینکرا بۆ دەستەبەرکردنی خۆراك بۆ زرێپۆشان و نێزە بەدەستەکان، ئەم زەوییە لە "سەدەی هەشتی پ.ز" ناوی (کەوان)ی لێنرا، بەلاّم بەکارهێنانی پێشتر و کۆنتر بووە. دواتریش سوارەکان زەوییەکی دیاریکراویان پێدەدرا بەومەرجەی شەش جار لەجەنگ یاخود لەکاری سەربازی گرنگدا بەشداریان هەبوایە، زەوییەکانی دیکەش پێویستیان بەکەسانی دیکە هەبوو بۆ ئەوەی سالاّنە بیکێڵن.

خزمەتکردن تایبەت بووە بە کۆیلە و مسکێنەکانەوە، بەلاّم "ئامیلۆ" و ئەگەری ئەوەش هەیە "موسکینۆ" پۆشتبن بۆ جەنگ یاخود جەنگاوەر بووبن. کارمەندانی پەرستگا و شوانکارەکان بەخشرابوون لە بەسەربازبوون، بەرپرسیارێتی تایبەتیش خرابووە ئەستۆی چاکسازان بۆ لێدانی کەنالّ و پرد و شۆستەی کەنارەکان و...هتد. ولاّتیش لەبەرامبەر بەشداری پێنەکردنیان لە جەنگ ڕێژەیەك لە بەرهەمەکەی دەبردن، پادشا و نێردەکانی دەیانتوانی بەئارەزووی خۆیان کام زەوی باش بووە دەستی بەسەردا بگرن بۆ دەولّەت، هەروەها بۆ هەر شارێك ڕێژەیەك باج دانرابوو بۆ ئەو شمەکانەی دێتە ناویەوە ئەمەش وەکو کرێیەك لەبەرامبەر بەکارهێنانی ڕێگاکان و ئاو و..هتددا بووە.

گەورە کاربەدەستان بەخشش و دیاری تایبەت بەخۆیان هەبووە، ئەودەمەی کەسێك یان خاوەن مولّکێك بەکارێکی فەرمی دەنێردرایە دەرەوەی ولاّت ئەوا کوڕەکەی دەبووە خاوەن زەوی و زارەکان خۆ ئەگەر کوڕیشی نەبوایە ئەوا کەسێکی دی دەبووە ناوبژیوان یان بەکارهێنانی زەوی و ماڵەکەی لەئەستۆ دەگرت و، سێ یەکی داهاتەکەی دەدا بە ژنی خاوەن ماڵەکە و هیچ کاتێك

نەدەبووە خاوەنی ئەو مولّکە تاوەکو خاوەنەکەی دەگەڕایەوە و دواتر بۆی دەگێڕایەوە.

پەرستگاکان خاوەنی داهاتێکی ئێجگار زۆربوون لەوەی خەڵك پێی دەبەخشین و کاهینەکانیش خاوەنی بڕێکی زۆری زەوی و مولّك بوون و بڕوادارانیش دیارییەکی زۆریان پێدەدان، لە پەرستگاکاندا ژمارەیەکی زۆری خزمەتکار هەبوون، زۆربەی شارەکان بەدەوری پەرستگاکاندا دروست دەبوون، هەموو سەرۆك خێزانێك مافی ئەوەی هەبوو لە پەرستگاکاندا خزمەت بکات و لەبەرامبەردا داهاتێك وەربگرێت، هەرچۆنێك بێت جێگاکانی خواپەرستن بوونە سەرچاوە و کۆگا و تۆمارهەڵگری شارەکان، هەندێك جار پەرستگای شار نرخی کۆیلەکانی دەدا و ئازادی دەکردن بەتایبەت لەکاتی جەنگدا، زۆرجاریش جوتیارێ هەژار بۆ وەرگرتنی بنەتۆو و دانەوێڵە پەنایان دەبردە بەر پەرستگا و دێوەڵەکان ئەوانیش دەیاندایە بەقەرز و دواتر بەبێ هیچ قازانجێك یاخود بەڕێژەیەکی سوودی کەمتر لە سوودی باوی ولاّت لێیان وەردەگرتنەوە، دەستەلاّتی پادشا بەسەر دێوەڵەکاندا تەنها لەڕێگەی کارگێڕییەوە بووە نەوەك مولّکداری، پادشا دەیتوانی قەرز لە پەرستگا بکات، بەلاّم دواتر دەبوو بیگێڕێتەوە و دەیەك قازانجیشی لەگەڵدا بۆبهنێرێت، بەلاّم نازانرێت ئایا هەموو کشتکاران دەیەکیان داوە بە دێوەڵ یاخود نا.

ئەوانەی لە پەرستگاکان بوون دەبوو خۆیان لەهەموو خۆشییەکی گێتی ببواردایە و هەرگیز توخنی یانەکان نەکەوتایە، هەموویان پێکەوە لە دێرێکی گەورەدا دەژیان و تامردن بەڕەبەنی دەمانەوە و خاوەنی ڕێزێکی گەورەش بوون هەم لای خەڵك و هەم لای کاربەدەستان.

یاساکانی تایبەت بە پەرستگا دانی بەچەندین ئامراز و ڕێوشوێندا نابوو لەبارەی مولکایەتییەوە: فرۆشتن، کرێ، سەوداکردن، پێبەخشین، پێسپاردن، بەڵێندان، هەموو ئەمانە پەیوەست بوون بەشێوازی پەیماننامەکەوە. فرۆشتن بریتی بووە لەپێدانی خواستراو بەشێوەی ڕاستەقینە بە کڕیار لەبەرامبەر هەندێك پارەدا، پەیماننامەیەك لەنێوان کڕیار و فرۆشیاردا واژۆ دەکرا. لەکاتی بوونی قەرز لە مامەڵەکەدا ئەوا دیسانەوە بەقەوانە و بەڵگەوە کات و چۆنێتی دانەوەی ئەو قەرزە دیاریدەکرا، لەکاتێکدا مامەڵەکەش بگەیشتایە بەئاستی دادگا واتا کێشە لە دانەوەی قەرزەکەدا دروست ببوایە ئەوا تەنها قسەی گەواهیدەرەکان و بەڵگەنامەکان بەکەڵك دەبوون و ئەوانی دیش پووچ دەبوون، گەرهاتوو کەسێك شتێکی لە بەندەیەك کڕیبایە بەبێ ئاگاداری دەوڵەت ئەوا بە دز لەقەڵەم دەدرا بەتایبەت ئەگەر شمەکی کڕدراو دزراوبێت و خاوەنەکەی داوای بکاتەوە، بۆیە پێویست بوو ئەوەی دەیکڕێت زۆر وریا بێت، خۆ ئەگەر وای نەکردایە ئەوا دەدرایە دادگا و دەکوژرا بەتۆمەتی دزی کردن، بەڵام ئەگەر گەواهیدەری هەبوو کە کڕیویەتی و نەیزانیوە کە ئەمە دزراوە ئەوا نەدەکوژرا بەڵکو دەبوو پێنج ئەوەندەی نرخی شمەکەکە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو شمەکە قەرەبوو بکاتەوە، گەر هاتوو کەسێك بەندەیەکی کڕی و بۆی دەرکەوت بەندەی کەسێکی تر بوە و دزراوە یان ڕای کردووە ئەوا دەبوو بۆ خاوەنە ڕەسەنەکەی بیگێڕێتەوە و هیچ قازانجێکی لێوەرنەگرێت، ئەگەر کەسێك شتێکی بکڕیایە و مولکی دزراوی گشتی یان حکومەت بوایە ئەوا دەبوو بەپێی نرخی کڕدراوی سزابدرایە و قەرەبووی لێدەکرایەوە.

زۆربەی جارەکان خاوەن زەوییەکان تەنها سەرپەرشتی وەبەرهێنانی زەوییەکانیان دەکرد و کشتکاریان بۆ بەکرێ دەگرت و دەیکێڵاڵ و تۆوی دەکرد و دەیدووریەوە. زەوییەکان جاروباریش بەکرێ دەدران و گەرهاتوو بەرهەمەکەی کەم بوایە ئەوا دەبوو کرێگرتە باجەکەی بدات، یاخود بەپێی رێککەوتنی نێوان بەکرێدەر و کرێگرتە دەبوو بەوەی نیو بەنیو لە قازانج و زیاندا هاوبەش بن یاخود تەنها لەقازانج.

گەرهاتوو تەنها لەبەرامبەر پێدانی بڕێك پارەدا ئەو زەوییە بەکرێ درا ئەوا خاوەن زەوی بۆی نییە دەست وەربداتە کاروباری کرێگرتەوە تاوەکو ماوەکەی تەواو دەبێت، یاخود تەنانەت لایەنی کرێ وەرگر دەیتوانی لەو ماوەیەدا بەلایەنی سێیەمی بەکرێ بدایە بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بە لایەنی خاوەن زەوییەوە بکردایە یان مۆڵەتی وەربگرتایە، زەوی بەیار بۆ ماوەی سێ ساڵ کرێکەی نادرێتەوە بەخاوەنەکەی و لەساڵی چوارەمدا بەمەرج کرێکەی پێدەدرێت، خۆئەگەر کەسی کرێگرتە خۆی لە کرێدان گێل کرد ئەوا دەبێت زەوییەکە بکێڵێت و بەباشی تۆوی بکات و لەڕێگەی یاساوە نرخێکی نوێی بۆ دیاری بکات. کێڵگە و دارستانەکانیش بەهەمان مەرج بەکرێ دەدران، بەڵام بۆ دارستانەکانی خورما رێگە دراوە بۆ ماوەی چوارساڵ بەبێ کرێدان کرێگرتە بەرهەمەکەی بخوات، پێویست بووە لەسەر خاوەن دارستانیش زەوی و کرێکار و گای کێڵەر و بیرجوڵێنەر و تۆوی گەنم و خۆراکی کرێکار و ئاڵفی ئاژەڵەکان دابین بکات، گەر هاتوو کەسی سەرپەرشتیکاری ئیش و کارەکانی خاوەن مالّ (شوانکارە) لە پارە و داهات و خۆراکی ژێر دەستی دزی ئەوا پەنجەکانی دەبڕدرێنەوە، خۆئەگەر شمەکەکانی نێو ئەو کێڵگەیەی فرۆشت یان خۆراکی

نەدا بەئاژەڵەکان و پشت گوێی خستن ئەوا سزایەکی زۆری دارایی بەسەردا دەسەپێنرێت، خۆئەگەر نەیتوانی ئەو بڕە پارە سزایە بداتەوە ئەوا ملی دەپەڕێندرێت.

ئاودانیش گرنگی زۆری پێ دراوە، گەرهاتوو کشتکار هەوڵی چاککردنەوەی کەناڵی ئاودانەکەی نەدات و بەهۆیەوە لافاوێك دروست بوو و زیانی بە کێڵگە و چێندراوەکانی دەوروبەری گەیاند ئەوا دەبێت قەرەبووی زیانی دراوسێکانی بکاتەوە، خۆئەگەر نەیتوانی ئەوە بکات ئەوا دەبێت زەوی و ماڵەکەی لەبریدا بدات، خۆ ئەگەر ئەمەش بەشی قەرەبووکردنەوەکەی نەکرد ئەوا خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی دەفرۆشێت بۆپێدانەوەی قەرەبووەکە، گەرهاتوو کەسێك دۆڵچەیەکی ئاودان یان ئامڕاز و ئامێرێکی ئاوداینی دزی ئەوا سزایەکی دارایی زۆری بەسەردا دەسەپێندرێت.

بەگشتی خانوو و ماڵ بۆ ماوەی ساڵێك بەکرێ دەدرێت، هەروەها بۆماوەی درێژتریش دەگونجێت، پێشەکی هەر شەش مانگ جارێك کرێکە دەدرێت. هەمیشە لە پەیماننامەکەدا پێویست بووە لەسەر کرێگرتە بەباشی ئەو ماڵ و خانووە بپارێزێت و چۆن دراوەتە دەستی ئاوها و بەباشترەوە بۆ خاوەنەکەی بگێڕێتەوە، هەرچی دەرگا و کلیل و دروستکراوی تەختەیی نێو خانووەکە هەبوو گەرهاتوو بەکرێ گرتە ویستی بیگۆڕێت ئەوا لەسەر خۆی دەبێت، هەروەها لەیاساکەدا هاتووە: گەرهاتوو خاوەن ماڵ ویستی بگەڕێتەوە بۆ نێو خانووە بەکرێ دراوەکەی پێش لەتەواوبوونی وادەی بەکرێ دانەکە ئەوا دەبێت بڕێکی شیاو لەکرێکە بۆ کەسی لەکرێ بوو بگێڕێتەوە. زەویش بەکرێ دەدرێت بۆ دروستکردنی خانوو یان بینا و لەبەرامبەردا کەسی خاوەن زەوی بۆ ماوەی

هەشت یان دەسالێ کرێ وەرناگرێت، بەڵام دواتر خانووەکەش دەبێتە موڵکی ئەو و کرێگرتە هیچ مافێکی پێوەی نامێنێت.

سەرباری زۆری کۆیلە و بەندەکان، بەڵام لەوەرزی درووێنەکردندا پێویستییەکان لەژمارەی بەردەست زۆرتر دەبوون، بۆیە بەناچاری پەنایان دەبردە بەر بەکرێ گرتنی کۆیلەی کەسانی دی و، ئەمەش لەڕێگەی پەیماننامەیەکەوە دەبوو، زۆرجاریش ئاژەڵ بەکرێ دەگیرا. هەروەها نرخی ئەو کرێکارەی کە درووێنە دەکات جیاواز بوو لەوەی گا لێدەخوڕێت یان تۆو دەچێنێت.

ڕەشە ولاخ و مەڕ بە کرێ دەدرانە شوانکارە و لەبەرامبەردا چەند سەرێکیان بۆ خۆیان لەبەرهەمەکە گل دەدایەوە یان مانگانە، یاخود سالانە شتێك کرێیان وەردەگرت بەو مەرجەی بەباشی ئالفیان بداتێ و بیانلەوەڕێنێت و نەهێڵن بەئاسانی مردار ببنەوە، خۆئەگەر ئاژەڵی کێوی و دڕندە پەلاماری دان یاخود نەخۆشی باو دووچاریان بوویەوە ئەوا هیچ لەسەر شوانکارە ناکەوێت و سزا نادرێت، بەڵام ئەگەر بەهۆی بێگوێیی کردن و بەرەڵا کردنیانەوە بتۆپن یاخود مرداربێنەوە ئەوا کەسی شوانکارە دەبێت ببڕێرێت.

وڵاتی نا ئاینی (عەلمانی)

"حامورابی" توانی ئامانجەکەی بەدیبهێنێت لەیەکخستنەوەی عێراقدا، بەمەش توانی سەرجەم پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە لەژێر سایەی یەك ئاڵادا کۆبکاتەوە، بۆ زیاتر چەسپاندنی پایەکانی ئەم دەستکەوتە لەهەموو لایەکەوە کاری بۆ پتەوکردنی دەستەڵات و ڕێکخستنی یاساکانی وڵات کردووە، لەڕووی کارگێڕییەوە سیستمی ناوەندی بەکاردەهێنا و سەرجەم ناوچەکانی وڵاتی

بەستبۆوە بە پایتەختەوە، دەستەلاتی لە کەشیشەکان سەندەوە بەجۆرێك هیچ بڕیارێکی گرنگی نابینین لەسەردەمی ئەمدا لەلایەن کەشیشەکانەوە درابێت، بەمەش "حامورابی" توانی ولاتێکی نائاینی و عەلمانی دابمەزرێنێت کە گونجاوبێت لەگەڵ بارودۆخەکانی چەرخەکەیدا، بەمەش توانی کاری پۆستی ناوەندگیری لەنێوان پەرستگا و پادشادا لەناوبەرێت و خۆی ڕاستەوخۆ دەستی بەرسەر پەرستگادا گرتبوو.

نامەکانی سەردەمی "حامورابی" بۆمان دەردەخەن کە ئەم پادشایە ویستویەتی لەبچووکترینەوە تا گەورەترین شتی ولاتەکەی ئاشنابێت، بەوی بەدەستەلاتی تاك ڕەوانەی خۆی داوە و فەرمانڕەوای هەرێمەکانی ولاتەکەی ناچارکرد شوێن بڕیارەکانی بکەون. "حامورابی" لە دوو نامەیدا کە بۆ "سین ئەدنام" و "شمش خاصر"ی ناردووە تێیدا لەنامەکەی "سین ئەدنام"دا داوای لێدەکات کارمەندێکی ژمێریاری لەگەڵ خۆی بەرێت بۆ هەژماردنی ژمارەی ئاژەڵە تایبەتییەکانی پادشا کە لای "سین ئەدنام"ن، ئەمەش مانای وایە "حامورابی" خودی خۆی خاوەنی ژمارەیەکی زۆری ئاژەڵ بووە و لەلایەن فەرمانڕەواکانی ناوچەکانەوە سەرپەرشتی بەخێوکردنیان کراوە، هەروەها کارمەندێکی تایبەتیش هەبووە کە تەنها کەموکورتییەکانی بە "حامورابی" گەیاندووە. لەنامەیەکی دیکەیدا "حامورابی" داوای زیادکردنی کانزاکاری دەکات لەشارێکی ولاتەکەیدا، هەروەها باسی قەبارەی دەرختی پێویستیش دەکات بۆ بڕینەوە و بنیاتنان، زۆر سەیرە تەنانەت هەموو پێوانەکانی درێژی و پانی تەختەکانیشی نوسیوەتەوە کە پێویستن لەو بوارەدا، ئەمەش مانای زۆری لێوردبوونەوەیەتی تەنانەت لەسەر بچووکترین کارەکانی ولاتیش، هەروەها

نامەکانی گرنگی پێدانی ئەم پادشایەمان بۆ دەخەنەڕوو لە بواری ڕێگاوبان و چاکسازی زەوی و باشترکردنی کەناڵەکانی ئاودان و کردنەوەی جۆگەی نوێ بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی خودی خۆی و بەچاودێری لاوەکی دەستەڵاتدارانی ناوچەکە، هەروەها گرنگی زۆریشی داوە بە بڵاوکردنەوەی دادگەری و مافەکان. لەنامەیەکی دیکەیدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە خودی "حامورابی" داڕێژەری ڕۆژئمێری ولاّت بووە بە پشت بەستن بەئاماژەکانی گەردوونناسانی کۆشکەکەی. لەنامەیەکیدا بۆ "سین ئەدنام" فەرمانی پێکردووە کەگرنگی بدات بە سکالاّی کەسێك کە شکایەتی تۆمارکردووە بەهۆی ئەوەی دانەوێڵەکەی دزراوە، هەروەها لەنامەیەکی دیکەیدا "سین ماکیر"ی فەرمانڕەوایەکی یەکێك لەقەڵاکانی ولاّتەکەی ناچاردەکات ئەو دانەوێڵەیە بداتەوە بەو بازرگانەی کە بە قەرز لێی وەرگرتبوو.

لەنامەیەکی دیکەدا "حامورابی" داوای ڕوون کردنەوەی ئەو دەنگۆیانە دەکات کە دەڵێن لەنیشتمانی "ئوردا" ژمارەیەکی زۆری سەرباز کۆبوونەتەوە، لەنامەیەکی تردا داوای پێدانی ڕۆنی ئاگرکردنەوە دەکات بەچەند کەسێکی تایبەت، ئەمەش مانای وایە کە "حامورابی" بەتەواوەتی چاودێری سەرجەم بەش و ناوچەکانی ولاّتەکەی کردووە و، جارێك دەنگۆی ئەوەیان بۆ هێنا کە فەرمانبەرێکی پلەبەرز پارەی بەرتیل دەخوات بۆیە ڕاستەوخۆ داوای لە "سین ئەدنام" دەکات کەیسێکی لێکۆڵینەوە بۆ ئەو کارمەندە بکاتەوە و ڕاست و دروستی ئەو بابەتەی بۆ ڕاست بکاتەوە. لە بۆنەیەکدا "حامورابی" بڕیارێکی شاهانە دەردەکات کە لەبەرژەوەندی بازرگانێکدایە بەوەی ئەم بازرگانە سکالاّی لەدژی فەرمانڕەوای ناوچەکەیان تۆمارکردووە، "حامورابی" داوای لە "سین

ئەدنام" کردووە کە سزای توندی ئەو کەسانە بدات کە تۆمەتبارن، واتە بەلێدان دانیان بە هەڵەکانی خۆیاندا پێ بنێت.
کۆمەڵێك نامەش هەن کە "حامورابی" بۆ "شمش خاصر"ی نارد‌ووە و زۆرینەی تایبەتە بە زەوی و بەکرێگرتەکانی زەوی میری و وەرگرتنی پاداشتەکەی لەڕێگەی پێدانی قازانجی پاستەوخۆ یان پاژەی سەربازی و سقیلی، هەرکەسێك زەوییەکی لە حکومەت بەکرێ بگرتایە لەڕێگەی بەڵگەنامەیەکەوە دەبوو، بەوەی تەنانەت گەر کەسی بەکرێگر بمردایە ئەوا دەبوو کوڕەکەی ئیشەکەی بۆ تەواوبکات و زەوییەکەش بکێڵێت، واتا دەبووە میرات وەرگری کەسی مردوو، بەڵام وەبەرهێنەر نەیدەتوانی بیدات بەکەسێکی تر یان بیکات بەناوی کەسێکی دیکەوە بەئارەزووی خۆی، هەروەها لەکاتی پشتگوێ خستنی زەوییەکەدا دەوڵەت بۆی هەبوو زەوییەکە لە بەکرێگرتە وەربگرێتەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە "شمش خاصر" سەرپەرشتی زەوییە بەکرێدراوەکانی وڵاتی کردووە، زۆرێك لەنامەکان سکاڵابووە لەدژی "شمش خاصر" لەشێوەی (مەهێڵە جارێکی تر بێتەوە ئێرە و بمبینێت)، چەندین بەڵگەش هەن کە ئاماژە بۆ دادگاییکردن دەکەن لەپێش چاوی پادشادا، نموونەی دیکەش هەن کە "حامورابی" دادگاییکردنەکەیانی بە دادگا ناوخۆییەکان سپاردووە، لەزۆر باریکیشدا داوای پاپۆرتی بارودۆخ و دۆسیەکانی لێدەکردن، لەگەڵ دەرخستنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان.

بۆ ئاسانکردنی پێگەیشتنی قەڵەمڕەوی دەستەڵاتی بەهەموو ناوچەکانی وڵات "حامورابی" پشتی بە پۆستەی خێرا بەستووە، بەجۆرێك چەندین وێستگەی گۆرینەی نامەی خێرا هەبوون و بەگۆرینەوەی خێرای ئەسپ نامەبەرەکان

بەخێرایی نامەکانیان دەگواستەوە. "حامورابی" چەندین کەنالی ئاوی لێدا و چەندین شورای نوێ کردەوە، پەرستگاکانی خواوەندی ئانو و عەشتاری لە بابل و زیابا و کیش و نرکال لە کوسا دامەزراند.

بۆ یەکخستنەوەی ولاّت لەپرووی فەرهەنگی و پۆشنبیرییەوە "حامورابی دوو خوێندنگەی دەمەزراند یەکێکیان لە "کیش" و ئەوی دیکەش لە "سبار"، لە پەرستگاکانیشدا منداڵ فێری ڕەوشت و ئاکاری ئاینی و مرۆیانە دەکرا، نیشتمانی دوو ڕووبار لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەی یەکەمی بابل و بەتایبەت لەسەردەمی "حامورابی"دا بزوتنەوە و جوڵانەوەیەکی بەرفراوانی کۆکردنەوەی کەلەپووری هزری بەخۆوە بینی و سەرلەنوێ بە زمانی ولاّتەکەیان هەموو نوسراوە پێویستەکانیان نوسییەوە، ئامانجی پشت ئەم کارانەشی یەکخستنەوەی نیشتمان بوو.

دەقە ئاینییەکان زیاتر بواری بەراوردکارییان لەخۆگرتبوو لەنێوان خواکانی "بابل" و "مەردۆخ"دا و بە ڕووخسار و تەواوکاری یەکتریان بینیوە، "بابل"ی پایتەخت خاوەنی خوایەکی تایبەتی خۆی بووە.

"حامورابی" گرنگی زۆری بە سوپا و هێزی نیشتمانی داوە، بە سەربازبوون لەسەردەمی ئەودا بەزۆر بووە و پێی دەگوترا: (ڕۆیشتن لەسەر ڕێگەی پادشا)، بۆ هیچ کەسێك نەبووە لەبری خۆی کەسێك یان کۆیلەیەك بنێرێتە سەربازگەکان بۆ بوون بە سەربازی دەوڵەت.

یاساکان لەسەردەمی "حامورابی"دا

بەمەبەستی یەکخستنەوەی وڵات لەڕووی یاساوە "حامورابی" یاسایەکی یەکگرتووی بۆ وڵاّت داڕشت، بەڵاّم بەتەواوەتی دەقەکەی نازانین، بەڵاّم لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە لەوەی "حامورابی" چۆن توانیویەتی یەك یاسای نیشتمانی زاڵبکات بەسەر یاسا خێڵەکییەکاندا و لەهەموو ناوچەکانی وڵاّتدا یەك جۆر یاسا پەیڕەو بکرێت لەکاتێکدا لەم سەردەمە نوێیەشدا بەئاسانی یاساکانی وڵاّت جێبەجێ ناکرێن، یاساکانی "حامورابی" جۆراو جۆربوون بەشێوەیەك دەتوانین بۆ دە جۆری پۆلێن بکەین:

١- مادەی تایبەت بە سکالاّ و تۆمەتی پووچ و شایەتی دانی درۆ و گۆڕینی فەرمانی دادوەر دوای فەرمان دانی.

٢- دەقی تایبەت بە دارایی و دزینی پارە و بەبارمتەگرتنی منداڵ و جێکردنەوەی کۆیلەی هەڵاتوو.

٣- مادەی تایبەت بە زەوی و پێویستییەکانی کشتوکاڵ و بەرپرسیارێتی کشتکار و چێنەران و، هەندێك دەق و بڕگەی تایبەت بە ڕووداوی ئاو لەبەر ڕۆیشتنی زیادە و خراپکردنی بەرهەمی خەڵکانی دیکە و لەوەڕاندن.

٤- بڕگەی تایبەت بە بازرگانی و یانەکانی خواردنەوە و ناوەندەکانی نیشتەجێ بوون و قەرز و بارمتە و سپاردە و لەلا بەجێهێڵراو.

٥- باری کەسێتی و بابەتی هاوسەرگیری وجیابوونەوە و میراتی جێماو و هەڵگرتنەوەی منداڵ و داوێنپیسی و هیتد.

٦- تانە و دەستدرێژی کردنە سەر وەکو قسەوتن بە باوك و لێدانی.

٧- مادەی تایبەت بە خاوەن پیشەکان، وەکو پزیشک و بینا دروستکار و ئاژەڵەوان و سەرتاش و کەشتی دروستکار و کەشتیوانان.
٨- فەرمانی تایبەت بە مەڕ و گا و بزن و ئامێرەکانی کشتوکاڵ و شێوازەکانی، بەکرێ گرتنی گالیسکە و ئاژەڵ و کرێکار.
٩- نرخ و کرێ، وەکو نرخی دروستکردنی کەشتی.
١٠- کۆیلە.

ئەگەر ئەم یاسایانە بەراوردبکەین لەگەڵ یاساکانی خێزانی کۆنی "سۆمەری"دا دەبینین زۆر لێکچوون، بەجۆرێك یاساکانی کۆنی "سۆمەری" ئەوپەڕی دەستەلاتی بەباوك داوە و بۆی هەبووە منداڵەکانی لەماڵ بکاتە دەرەوە و لە میراتیش بێبەشیان بکات، بەڵام لەمەیاندا "حامورابی" نەختێك ڕەهایەتی دەستەلاتی باوکی کەمکردۆتەوە بەجۆرێك ئەم کاروبارەی بە دادگا خۆجێییەکان سپاردووە بۆ دەرخستنی ڕاست و دروستی، خۆ ئەگەر دادگا ڕاستێتی سکاڵاکەی باوکی بسەلماندایە ئەوا ماف تەواوی بۆ باوکەکە دەگێڕایەوە، ئەگەر یەکەمین جار بووبێت کوڕەکەی هەڵەی لەبەرامبەر باوکیدا کردبێت ئەوا باوکەکە دەیتوانی لە کوڕەکەی خۆش بێت و ئاشتببنەوە و کۆتایی بەو کێشەیە بهێنن. "حامورابی" سنوورێکی بۆ دەستەلاتی پیاو بەمەبەستی جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی داناوە، بەڵام یاساکانی خێزانی "سۆمەری" دەستەلاتی ڕەهای بە مێرد دابوو بۆ تەڵاقدانی ژن بەپێی ویستی خۆی هەرکات بیویستایە ئەوا لێی جوودا دەبوویەوە، جا منداڵی بووبێت یان نا؛ ئەوا هیچ جێگەی گرنگی و بایەخ نەبووە، بەڵام "حامورابی" لەداڕشتنەوەی یاساکاندا نەختێك جیاوازی لەنێوان بارەکانی بوونی منداڵ و نەبوونیدا

کـردووە، ئەگـەر ژنەکـە منـدالّی لەپیاوەکـە هـەبووبێت ئـەوا حـەقی خـۆی و منداڵـەکانی مانگانـە یـاخود سالأنە وەردەگرێـت بـۆ ئـەوەی بتـوانن بـە ئاسـانی بژین، ئەوکاتەش منداڵەکان گەورە دەبن مافی بوون بە میراتگری باوکیان دەبێت، دوای مردنـی باوکەکـەش بەشـێوەیەکی یەکسـان مووڵەکـەی بەسـەر منداڵـەکانی هـەموو ژنەکانیـدا دابـەش دەکرێـت، بـەڵأم ئەگـەر ژنـە تەڵأقدراوەکـە منـدالّی لـەو مێردەی نەبوو ئەوا مـارەیی و هەرچییەکی لەگـەڵ خۆیـدا لەمالّـە باوکی هێناوە دەیباتـەوە، تەنانـەت دیـاری مێردەکەشـی هـەر بۆخـۆی دەبێـت. دەوڵـەت لەسـەردەمی "حامورابی"دا تاکی لەدەستەڵأت دامالّی و دەوڵـەت بوو بـە تاکـە سەرچـاوەی بڕیـار و فـەرمان، تەنانـەت دەسـتەڵأتی لـەباوك دامـالّی و دای بـە دادگـا، یاسـای "چاو بەرامبـەر چاو" و "ددان بەرامبـەر ددان" زۆر لەیاساکانی "حـامورابی"دا ڕوونـە، بـەڵأم هـیچ کەسـیش بـۆی نـەبوو خـۆی حـەقی خـۆی بسێنێت، بەڵکو پێویستە پەنا بۆ دادگا بەرێت بۆ ئەوەی ئەو حەقی بکاتەوە و مافـەکانی بـۆ بگێڕێتـەوە، هـەروەها "حـامورابی" یاسـای زۆر تونـدی بەسـەر خێزانـە خانەدانـە بەناوبانگەکانـدا سـەپاندبوو بـەجۆرێك ئەگـەر هەڵەیـەکیان بکردایە ئەوا سزایەکی زۆر تونديان دەدرا، چونکە "حامورابی" پێی وابوو کە پێویستە دەستەڵأتدار و خانەدانەکان ببنە نموونە ڕەوشت بەرزی بۆ باقی مەنی دانیشتووان.

هەرچەندە ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەی "حامورابی" درێژ بووە، بەڵأم ڕاهێنانی بـەهیچ کەسێك نـەکردووە بـۆ شـوێن گرتنـەوەی، بـە مردنـی و بەتێپـەڕبوونی ماوەیەکی کەم باشووری عێراق لەسـەر کـەناری دەریـاوە کۆمـەڵێك سـەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند و ناوی بنەمالّەی بابلی دووەمیان لەخۆیان نا و سەرکردەکەیان

ناوی "ئیلوما ئیلوّم" بوو، کوڕەکەی "حامورابی" و جێگرەکەشی "شمشو ئیلونا" نەیانتوانی بیهێننەوە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، چونکە ئەو هەڵمەتانەی بۆ گێڕانەوەی ناوچەکانی دەستەڵاتی یاخیبووان ئەنجامدرابوو بەشێوەی ڕاستەقینە و پێداگریانە نەبووە، سەرباری ڕوودانی چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین ڕاستەوخۆ دوای مردنی "حامورابی"، لەوانەش شۆڕشەکانی "لارسە" و "ئور" و "وەرکا"، سەرباری یاخی بوونی خێڵەکان لەناوچە دوورەدەستەکان، دوای مردنی "حامورابی" ولاّتی "کیشۆن" بەسەرکردایەتی "کندشی" پادشایان پەلاماری ولاّتی "بابلی"دا، بەلاّم سەرکەوتوو نەبوو لەداگیرکردنی دا.

"حامورابی" یاساساز و سەردار:

"ول دیۆرانت" دەڵێت: لەمێژوودا وێنەی کەسایەتییەکی گەورە دەبینین ئەویش "حامورابی" ڕزگارکار و یاسادانەرە کە بۆ ماوەی "چل و سێ سال" فەرمانڕەوایەتی کردووە، زۆر دەستنوس و هەڵکۆڵراوی بەجێماو ئاماژە بەم کەسایەتییە دەکەن، لەڕێگەی ئەو دەقانەوە دەتوانین وێنەی کەسایەتییەك ببینین کە ئاخنراوە بە جۆش و خرۆش و ژیری، لەجەنگدا وەکو گێژەڵۆکە و بۆران وەهایە، نینۆکی ئاژاوە دەبڕێت و دوژمنانی لەڕیشە وەدەردێنێت، چیا سەختەکان دەبڕێت و بەهەرچوار ئاڕاستەکەدا ئاشتی و دادگەری بلاّو دەکاتەوە، لەسایەی یاسا میژوویی بەناوبانگەکەیەوە توانیویەتی جیاوازی نەهێڵێت لەنێوان دانیشتووانی ناوچە تازە داگیرکراو و ڕەسەنەکەی خۆی.

"حامورابی" تەنها سەرکردەیەکی "ئاموری بابلی" نەبووە، تەنها سەرکردەیەکی جەنگی و سەربازی نەبووە، تەنها یاسادانەرێك نەبووە بۆ ئەوەی

کاروبارەکانی ولاّت ڕێکبخات، کۆمەڵناس و کۆمەڵگە ڕێکخار نەبووە و بەس، بەڵکو سەرجەم ئەم تایبەتمەندییانەی تیادا بەرجەستەبووە،سەرکردەیەکی ناوەند گەرابووە و ئەوپەڕی هەوڵی خۆیداوە بۆ بەدیهێنانی دەستەلاّتی ناوەندی نەتەوەیی و بەهێزی باری ئابوری – کۆمەلاّیەتی لەناوخۆ و سەربازیش لەدەرەوە.

"حامورابی" هەر لەسەرەتای فەرمانڕەوایەتییەکەیەوە پەلامارى شارەکانی "سۆمەر" و "ئیلامی"دا و خستنیە ژێر دەستەلاّتی خۆیەوە، دواتر هێرشی کردە سەر ولاّتۆچکەکانی سەر هەر دوو ڕووبار و، پاشان ڕووی لە "ماری" کرد و لکاندی بە نیشتمانەکەی خۆیەوە، بەرەو باکوری فورات ئاڕاستەی گۆڕی و پاشان بەرەو "توتال" و "مرسین" و پاشان خوارباوویەوە بۆ نیشتمانی بەهێزی "حەلەب" کە دەستەلاّتی بەسەر ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوای سوریای ئێستادا کشابوو و داگیری کردن، هەروەها یارمەتی دارایی و جەنگی ئەو ولاّتانەشی داوە کە بە ڕەزامەندی خۆیان هاتوونەتە ژێر دەستەلاّتی "حامورابی"یەوە. بۆ بەڵگەی ئەمەش میژوونووس "ج. کونتنو": دەڵێت: لەنامەیەکدا "حامورابی" بە پادشای "ماری" ڕادەگەیەنێت کە پادشای "ئۆگاریت" دەیەوێت سەردانی شاری "حەلەب" بکات، بۆیە ئێوەش ئاسانکاری بۆ بکەن.

"حامورابی" سەرداری ولاّت:

"حامورابی" نەیتوانی نیشتمانی دوو ڕووبار یەکبخاتەوە تاوەکو لەپێشدا هەموو لایەن و بەرەکانی ژێر دەستەلاّتی خۆی یەکخستەوە. "حامورابی" لەپێشدا پایە و کۆڵەکەکانی نێو خۆی بەهێز کرد، دواتر هێرشی دەرەوەی

ئەنجام دا، سوودی زۆریشی لە ئەزموونی دامەزرێنەران و پادشا لەپێشەکانی ولاتەکەی خۆی وەرگرت، بۆ دامەزراندنی ولاتە ناوەندگەرەییە بەهێزەکەی:
لەڕوانگەی ئاینییەوە، "حامورابی" سوودی زۆری لە هەڵەی پێشینەکانی خۆی وەرگرتبوو بەتایبەت پاش ئەوەی یەکێك لە پادشاکان ناوەندی دەستەلاّت و پایتەختی بۆ "ئاجادە" گواستبۆوە و ڕێگەی بە دەستەلاّتی پەرستگا دابوو کە لەگەڵ دەرەبەگەکاندا یەکبگرن و ئەمەش بووبووە هۆی زیادبوونی دەستەلاّتی پیاوانی ئاینی و دەرەبەگ، پیاوانی ئاینی دەیانتوانی لەڕێگەی دەقە هەڵخەڵەتێنەرەکانیانەوە خەڵکی فریوبدەن و بەئارەزووی خۆیان و بەبێ گەڕانەوە بۆ دەستەلاّتی ولاّت ڕێککەوتن لەگەڵ دوژمنانی گەلدا بکەن چ لەناوەوە بێت یان لەدەرەوە، تەنها مەبەست لەم کارەشیاندا هێشتنەوەی خۆشگوزەرانی و دەستەلاّتی خۆیان بوو، هەر ئەمانەش بوو کە "نەرامسین"ی ناچاری هەموو ئەو جەنگ و دەردەسەرییانە کردبوو، بۆیە "نەرامسین" بڕیاری ڕووخانی "ناوچەی نیبۆری" دابوو، چونکە پیاوانی ئاینی کردبوویانە لانکەی پیلانگێڕی و داونانەوە بۆ پیاوان و کاربەدەستانی ولاّت.
دواتر و پاش لەوەی گۆتییەکان "ئاجادە"یان داگیرکرد پیاوانی ئاینی دیسانەوە لەهەوڵی گێڕانەوەی شان و شکۆی پەرستگادابوون، بەمەبەستی وەرگرتنەوەی ئەو قووتانەی کە بۆ خەڵکی تەرخانکراون نەوەك بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر بەسەر خەڵکی هەژاردا دابەشی بکەن، بەڵکو بۆ ئەوەبوو بەناوی ئاینەوە بۆ خۆیانی بەرن و ورگیانی پێ زلتربکەن.

جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەتداریی

"سەرجۆنی ئەکەدی" دەیویست لەڕێگەی گواستنەوەی پایتەخت لە "نیبوڕ"ەوە بۆ "ئاجادە" دەستەڵاتی ی ئاینی لاواز و هەرەس پێببێنێت، بەڵام بەم کارەی تەنها وڵاتی دابەشی دوولەت کردبوو، ناوچەی دەستەڵاتی پیاوانی ئاینی لە "نیبوڕ و پیاوانی پادشاش لە "ئاجادە" بوو.

لەسەردەمی "سۆمەرییەکان"ەوە خوای "ئینلیل" تایبەت بووە بە دەستەڵات و هێزی پادشا، بۆ ئەوەی پادشا بەهێز دەرکەوتبێت پێویست بوو خوای "ئینلیل"ی لە پشتبوایە، بۆ ئەمەش پێویست بوو بڕوات و لەشاری "نیبوڕ"ی پیرۆز، پیرۆز وتەبەرویك بکرێت، لەم کاتەشدا پادشا پێویستی بە ڕەزامەندی پیاوانی ئاینی شاری "نیبوڕ"ی پیرۆز هەبووە کە بانگەشەی پیرۆزی و بەهێزی بۆ ئەم پادشایە بکەن و ئەمەش وای کردبوو کە پیاوانی پەرستگا خاوەنی هەمان دەستەڵات و شێوە شوێنکەوتوویی پادشابن و هیچ کەس نەیدەتوانی خۆی لە دەستەڵاتی پەیکەرە خواییەکانیان قوتاربکات. بۆ ئەوەی "حامورابی" بتوانێت کە کۆتایی بە گەورەیی دەستەڵاتی پیاوانی ئاینیی بهێنێت پێویستی بە لەناوبردنی گەورەیی "ئینلیل" بوو کە پیاوانی ئاینی کردبوویانە هۆکارێك بۆ پاراستنی چاوچنۆکی و ژەمە بەچێژ و چەورەکانی خۆیان، بۆیە "حامورابی" بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی "نیبوڕی"دا وەکو ناوەندێکی پیرۆزی ئاینی و لەناوبردنی خوای "ئینلیل" و لەبریدا خوای "مردوك"ی جوتیاری کرد بەخوای فەرمی وڵات و "بابل"یشی کرد بە شاری پیرۆزی ئاینی و لانکەی خواکان، یەك یاسای ئاینی داڕشت کە پێویست بوو هەموو دانیشتووانی وڵات

پێوەی پەیوەست بن، بابل بوو بە تاکە پووگە و قیبلەی باوەڕداران بەبێ جیاوازی، "مەردۆك"یش بوو بە تەنها خوای هەموو دانیشتووانی ولآت.

لەناوبردنی دەستەلآتی پیاوانی ئایینی

هەندێك لەباوانی "حامورابی" بەتایبەت "شولجی" و "ئورنامۆ" تاڕادەیکی زۆر نیمچە سەربەخۆییەکیان دابوو بە ناوچە دوورەدەست و دژبەرە هەمیشەییەکانی ژێر دەستیان؛ بەم کارەشیان هانی زیاتریان داون.بۆ سەرلەنوێ بوژاندنەوەی هەستەکانی جیابوونەوە و دروستکردنی ولآتی سەربەخۆ و گۆڕینی خوا و پەرستراوەکان، بۆ ئەوەی لەمپەری بەهێز دروست بێت لەنێوان دانیشتووانداو بەو مەبەستەی ئاسانکاری زیاتر بکات بۆ هەڵمەت و داواکارییەکانی جوداخوازی.

"حامورابی" بەتەواوەتی هەستی بەم کێشەیە کردبوو، بۆ ئەوەی سەرکەوتووبێت بەسەر ئەم لەمپەرانەدا دەستی دایە لێدانی بەرژەوەندییەکانی پیاوانی ئاینی لەهەموو ناوچەکان بۆ ئەوەی بەتەواوەتی دەستەلآتیان نەهێڵێت، بۆ ئەمەش خوای "ئینلیل"ی لابرد و لەبریدا خوای "مەردوك"ی دانا بۆ هەموو ناوچەکانی ژێردەستەلآتی و "مەردۆك"یش هەموو دەستەلآتەکانی خۆی دابووە پادشا و بەبێ هیچ ناوەندگیرییەك پادشا دەبووە جێنشینی "مەردۆك"ی سەرزەوی، کەواتە پادشا هەم فەرمانڕەوای ولآت بوو هەم گەورەترین کەسایەتی ئاینی و دادوەر و ڕێکخەری کۆمەلآیەتی و سەرکردەی گشتی هێزەکانی ولآتیش بوو، خوای "مەردۆك" خوای بنچینەی بابل بووە و

تایبەت بووە بە جوتیار و کشتوکاڵ کردنەوە، خەڵکی فێری چۆنێتی چاندن و بەرهەمهێنان دەکرد.

بەمشێوەیە "حامورابی" توانی ڕێگە لە دەستەڵاتدارانی ناوچەکانی ژێر دەستی بگرێت بۆ جیابوونەوە ئایا بەناوی جیاخوازی ئاینییەوە بووبێت یان نائاینی و ناوەندی شاری بابلیش بوو بە گەورەترین ناوەندی پەرستن و دەستەڵاتی کارگێڕی تەواوەتی.

٢- پاش لەوەی حامورابی بێزاربوو لە شێوازی پەروەردەی پیاوانی ئاینی و پەیکەر پەرستان، بڕیاری دا کە چیتر ئەو کەسانە وەکو ناوەندی گواستنەوەی زانست سەیر نەکرێن، بۆ ئەمەش خۆی چەندین یاسای ڕێکخەری کۆمەڵگەی داڕشت بۆ بەدیهێنانی دادگەری تەواوەتی لەوڵاتدا.

"جاك بیران"ی مێژوونوس لەم بارەیەوە دەڵێت: لەم کاتەدا بابەتی چاکە و خراپە لەسەر ڕاخەری خواکان دیاریکرا، بەڵام دامەزراندنی ڕێبازێك لەسەر بنەمای ئاینی بوونی نەبوو، پەرستن بووبە ئامرازێك بۆ بەخشینی ڕەزامەندی بە دەستەڵاتدارانی کۆشك و دەربارانی.

ئەگەر پیاوانی ئاینی و سۆفیانی میسر بۆ زانست و پشت ڕاستکردنەوەی کردار و گوفتارەکانیان پشتیان بە دەقە ئاینییەکان بەستبێت؛ ئەوا زاناکانی بابل و بەتایبەت فەلەك ناسەکان بەتەواوەتی پشتیان بە لێکۆڵینەوەی زانستی دوور لەئاین بەستووە، بەڵام دیسانەوە خودی دەربارانی کۆشك وەکو مرۆڤێك دەکەوتنە ژێر دەستەڵاتی خواکانەوە.

بەمشێوەیە "حامورابی" خۆی وەکو پارێزەری مافەکانی خەڵك و بەهێزکاری دادگەری نواند و تاوەکو ئێستاش ئەم کاریگەرییە جادوو ئاسایەی ماوەتەوە و زۆرێك لەدەستەڵاتدارانی جیهانی پێوەسەرقاڵە.

دووسالّ بەسەر فەمانڕەوایەتی "حامورابی"دا تێپەڕ نەبووبوو تاوەکو توانی نەریت و یاساکانی ولاّتی خۆی و دەقەکانی خوای "شمش" یان مردوك" لەچوارچێوەیەکی یاسایەکی گشتگیر و وردا بەشێوەیەکی نوێ دابڕێژێتەوە و دواتریش بەتەواوەتی بیسەپێنێت بەسەر سەرجەم پێکهاتەکانی ژێر دەستی دا، دواتریش دەقی ئەم یاسایانەی لەسەر میلێك نووسی و لەگۆڕەپانی شاردا هەڵیواسی بۆ ئەوەی هەموو خەڵك ئاشنای بن و دواتر هیچ بیانوویەك بۆ هەڵەکانیان نەهێننەوە. لەپاشماوەکانی "شاری سوس" (سەوز) لەساڵی "١٩٠٢ز"دا دەقی ئەم یاسایانەی پادشا "حامورابی" دۆزرایەوە و ئێستاش لە "مۆزەخانەی لۆڤەری" پاریس بەباشی هەڵگیراوە، لەسەرەتا و دەسپێکی یاساکەوە نوسراوە:

ئەوە منم "حامورابی" بلاّوکارەوەی دادگەریی:

ئەو دەمەی "ئانو"ی بالاّو پادشای "ئەنوناك"ی، خوای ئاسمان و زەوی بڕیاری چارەنووسی زەوی دا، ئەو دەمەی "ئانو" بڕیاری پێسپاردنی فەرمانڕەوایەتی کردنی مرۆڤی دا بە "مردۆك"، ئەو دەمەی ناوی بابلی بالاّی هێنا و ناوبانگییەکەی لە هەرچوار ئاڕاستەکەی زەویدا بلاّوکردەوە و لەنێوەندیدا نیشتمانێکی هەمیشەیی دامەزراند و پایەکانی جێگیرکرد، لەو کاتەدا "ئانو و بل" پێی وتم: تۆی "حامورابی" پادشای بالاّ، خوا پەرست، بڕۆ و دادگەری

لەهەموو جیهاندا بلاّوبکەرەوە و ئاژاوەگێڕەکان لەناوبەرە و ڕێگە لە زۆرداران بگرە لەوەی ستەم لە هەژاران نەکەن، ڕوونـاکی بە زەویـدا بلاّوبکـەرەوە و بەرژەوەندییەکانی چاکەکردن بپارێزە، بەڵێ ئەوە منم "حامورابی" کە هەموو فەرمانڕەواکان بەداناییەوە هەڵدەبژێرم و خێـر و بەرەکـەتم بـۆ نیشـتمانەکەم هێناوە، کـە هـەموو شـتێکم لـە "نیبـور" و "دور ئیلـۆ" کۆتاپێهێنـا و ژیـانم بـە شاری "ئورك" بەخشی و دانیشتووانەکەی تێرکران بەئاوی زۆر و شیرین، هـەر مـن بـووم شـاری "بارسـا"م باشترکرد و خۆشەویستیم بـە شـاری "ئـوراش"ی گـەورە بەخشـی، کـە خەڵکەکـەی نەهامـەتی زۆریـان چەشـتبوو، هـەر بـەهۆی داناییەکـەی منـەوە بـوو دانیشـتووانی بابـل توانییـان لـەماڵ و سـامانیان دڵنیـا ببنەوە، منم دادوەری بالاّی میللەت و ولاّت.

"وێـل دۆرانـت" دەڵێـت: ئـەو دەسـتەواژانەی لێـرەدا خسـتمانەڕوو ئـاوازێکی نوێیان هەیە، یاساکانیش لە "٢٨٥ بەند و مادە" پێکهاتبوون، کە بەشێوەیەکی جوان و زانستی ڕێکخرابوون، دابەشکرابوونە سەر یاسای تایبـەت بـە داهـاتی جێمـاو و مولّـك و بازرگـانی و پیشەسـازیی و خێـزان و زیانـە جەسـتەییەکان و کـارکردن، ئـەم یاسـایانە چوارچـێوەیەکی زیـاتر نـەرم و شارسـتانییان پێـوە دیاربووە وەك لە دەقی یاساکانی ئاشوورییەکان، لەڕووی باشێتییەوە هیچی کەم نییـە لەیاسـاکانی هـیچ ولاّتێکـی ئـەوروپی نـوێ، زۆر بەکـەمی لەمێـژووی مرۆڤایەتی دا یاسایەکی هاوتای ئەم یاسایانەی ئەم پادشا گەورەیە دەبینرێت.

بەڵام ئەو دەستەواژانەی کە "حامورابی" لەکۆتایی یاساکەیدا نوسیویەتی:

ئـەو یاسـا دادگەرانـەی کـە پادشـای دادوەر تیشـکی خستبوونەسـەر، کـە لەڕێگەیەوە کۆڵەکەی بەهێزی دادگەری لەزەویدا سەپاند و فەرمانڕەوایەتییەکی

پاکی لێ بەدیهێنا، هەر منم حوکمڕانی پارێزەری تەواو، لەدڵمدا خەڵکی "سۆمەر" و "ئەکاد"...م هەڵگرتووە و بەدانایی خۆم کۆنتم کردوون، بۆ ئەوەی بەهێز لاواز نەخوات، هەتیو مافی خۆی وەربگرێتەوە و بێوەژنانیش بەهەمان شێوە، هەرکەسێك ستەمی لێکراوە با ڕوو لەدەرگای دادگەری منەبکات خۆم مافی بۆ وەردەگرمەوە، با ئەو نەخشە بخوێنێتەوە کە یاساکانم لەسەر نوسیوەتەوە، باخۆتان بزانن چیم بۆ داناون و بەرەنجامی کردەوەکانتان چییە؟ ڕەنگە زۆرێکتان ڕێنوێنی بکات و دەستی زۆرێکیشتان لە ئەنجامدانی تاواندا بپرێتەوە، لەوانەشە هەندێکتان بڵێن: بەڕاستی "حامورابی" باوکێکی مافپەروەر و دادگەری ولاتە، خۆشبەختییەکی تەواوی بۆ خەڵکەکەی خۆی هێناوە، لەزەویدا فەرمانڕەوایەتییەکی پاك و چاکی چەسپاندووە، هەرئەمەشە یاسا و پەیڕەوی ولات جا لەکاتی فەرمانڕەوایەتی منداببێت یان دوای مردنیشم.

"حامورابی" سەرجەم دادگا ئاینییەکانی هەڵوەشاندەوە و خواکانی ولاتی خستەژێر دەستەلاتی خۆیەوە و لەبری کەشیش و حاخام و مەلا و ئاخون و ڕەبەنەکان پیاوانی دەستەلاتداری نائاینی فەرمانیان دەدا.

ئەم جۆرە بڕیارانە یارمەتی میللەتی داوە بۆ زیاتر هەستکردن بە ئازادی و ئاسایش و دڵنیایی لەبوون و پێدانی ماف و داواکارییەکانی، فەرمانڕەوا و پارێزگاری شار خۆی نوێنەری ڕاستەوخۆی پادشابوو، ئەوپەڕی هەوڵی داوە بۆ چەسپاندنی دادگەری.

لەبارەی ئەو زیانانەی کەبەر کەسێك بکەوتایە و تۆمەتبار سەرچاوەکەی دەرەوەی سنوور و توانای مرۆڤ بووبێت ئەوا "جاك بیران" دەڵێت: لەسەردەمی "حامورابی"دا بیرۆکەی قەرەبووکردنەوەی خاوەن مافەکان هەبوو، بەتایبەت

ئەو پێشێلکاری و دەست درێژییانەی کە دەوڵەت توانای پێشەکێش کردنی نەبوونایە، یان بەهۆکاری پرووداوی سروشتی دانیشتووانی ناوچەیەک دووچاری نەهامەتییەک بهاتنایە.

ئەمە هەمان ئەو هەنگاوەیە کەزۆرێک لە ولاتانی ئێستای سەدەی بیست و یەک هەنگاوی بۆ دەنێن لەوەی قەرەبووی کەسانی زیان لێکەوتوو بکەنەوە بەتایبەت لە پرووداوە بەدەر لەدەستەلاّت هاتووەکاندا، وەکو پرووداوی سروشتی و ئاگرکەوتنەوە و..هتد.

ئەمەش وای کردبوو دانیشتووانی ئەو ولاتە وا هەست بکەن کە مەرگ و ژیانیان بەندە بە مەرگ و ژیانی ئەو دەوڵەتەیانەوە و بەنەمانی دەمرن و بەبەهێزبوونی ژیانیان خۆشتر و باشتر دەبێت، هەرئەم جۆرە هەنگاوانەبوو وای لە دەستەلاّتی مرۆڤکوژ و سەرسەختانەی "ئینلیل" و پیاوانی پەرستگا کرد دابمالّرێن لەهەموو جۆرە بڕیار و دەستەلاّتێک بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە پێکدادانێک لەنێوان لایەنگران و نەیارانی ئەو ڕێبازەدا دروست بێت.

حامورابی و ئابووری ئازاد

لەبواری ئابوریدا "حامورابی" سەرجەم کۆت و لەمپەرەکانی لەپێش میللەتدا هەلّگرت، هانی بازرگانی کردنی دا بەپێی یاسا، کۆیلایەتی زەویداری میری و دەرەبەگی و ڕەبەنایەتی زەویداری هەلّوەشایەوە، جوتیار بەتەواوەتی ئازادکرا، توانای جێهێشتنی ئەو زەوییەی هەبوو کە سەدان سالّە بەزۆر خۆی و بنەمالّەکەی پێوەلکاوە و خەریککراوە.

مافی خاوەندارێتی کردن و کۆکردنەوەی پارە و کڕینی وەرگرت، جوتیار لەم یاسا نوێیانەدا ماف و تایبەتمەندییەکانی هیچی کەمتر نەبوو لە کەسە ئازادەکان، ڕێگەی پێدرابوو هاوسەرگیری بکات بەبێ پێدانی مارەیی و بەنیوەش کرێی تێچوونی سەردانی پزیشك و ئەندازیار و ئاژەڵەوانان بدات.

بێگومان ئەم جۆرە بارە کۆمەڵایەتییە تازەیە یارمەتیدەرە بۆ جوڵاندنی بازاڕ بەرەو باشتر و دەستاودەستکردنی دراو و سەرمایەداری و وەبەرهێنان، کە یارمەتیدەرن بۆ چڕکردنەوەی وەبەرهێنانی زەوی، بەتەواوەتی پێچەوانەی سیستمی دەرەبەگایەتی کۆن بووە کە تەنها گرنگی بە خاوەن زەوییە دەرەبەگە خوێنمژەکان دابوو.

ئەم شێوازە نوێیەی وەبەرهێنانی سەرجەم پڕۆژە کشتوکاڵی و پیشەسازیی و بازرگانییەکان توانی ببێتە بزوێنەری چوستی و چالاکییەکانی گەل بۆ وەبەرهێنانی باشتر، هەروەها بڕی داهاتیشی زیاترکرد بەجۆرێك کە پێشتر میللەت هەرگیز ئەو چەشنە خۆشگوزەرانییەی بەخۆوە نەدیبوو.

بوونی ئاسایشێکی توند لەسەرجەم بەشەکانی ولاتدا هانی بازرگانی کردنی بەرفراوانی دانیشتووانی دا و بەمەش ولات توانیبووی لەم ڕێگەیەوە هەردوو پێگەی ڕامیاری و ئابوری خۆی بە پتەوی ڕاگیربکات، "حامورابی" باش دەیزانی کە بەم کرانەوەی بازرگانی و کشتوکاڵی ئازادە زۆرینەی داهاتەکانی ولات دەکەوێتە چنگی بازرگان و سەرمایەدرانەوە بۆیە دواتر ئەمانیش دەبنە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ولات، بۆ ئەوەی ئەمە ڕوونەدات سنووری بۆ ئەو جۆرە بازرگانییانە دانا کە سامان و قازانجی زۆری تێدایە بەوەی دەبێت بازرگان و سەرمایەداران لەو جۆرە پڕۆژانەدا ولاتی لێ بەشدار بکەن ئەگینا

ڕێگەیان پێنادرێت و پاشان دەبێت بەتەواوەتی و لەکاتی خۆیدا باجەکانیان بدەن.

ئەمەش نیشانەی زیرەکی و لێهاتوویی "حامورابی"یە نەوەک بەتەنها لەبواری ڕامیاری و سەربازی، بەڵکو لەبواری ئابووری و کۆمەڵایەتیشدا، زیرەکی "حامورابی" تەنها لەداڕشتنی یاساکان و جێبەجێکردنی دا نەبووە، بەڵکو لەپێشبینی کردنی دەرەنجامەکانی خودی ئەو یاسایانەشی ڕوانیوە کە دایڕشتوونەتەوە، ئەمەش نیشانەی زیرەکی و لێهاتوویی "حامورابی"یە و دەتوانین بەبیرمەند و فەیلەسوف و یاسادانەر و کۆمەڵناس و دەروونزان و ئابووریناس و سیاسەتمەدار و سەرازێکی لێهاتووی نەخشەکێشی دابنێین.

"جاك پیران" دەڵێن: بڕیارەکانی "حامورابی" لە بەشداریپێکردنی سەرمایەداران و بازرگانان بەدەوڵەت لەکارەکانیاندا بە "چوار هەزار ساڵ" دوای حوکمڕانی ئەم زانایە بەڕوونی هەستی پێکراوە، واتا بەبیرۆکەکانی "چوار هەزار ساڵ" پێش سەردەمی خۆی کەوتووە.

هەروەها "جاك پیران" دەڵێت: بوونی یاسای قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان لەسەردەمی "حامورابی"دا هاندەر و یارمەتیدەربوو بۆ چاندنی سەرجەم زەوییەکانی وڵات و هەژاندنی بواری بازرگانی، کارکردن بووبووە ئەرکی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان کارمەندەکان، هەموو بەڵێندەرە پیشەسازیی و کشتوکاڵییەکانی ناچارکردبوو بۆ پێدانی مووچە بەکارمەندەکانیان هەموو "سی ڕۆژ" جارێك و پشوویەکی "سێ ڕۆژ"ەش لەسەر کرێکە هەژمار دەکرێت.

جێبەجێکردنی دادگەریی کۆمەڵایەتی:

لەکۆتاییدا دەوڵەت و پادشا توانییان پەرستگا ناچاری قەرز پێدانی هەژاران بکەن، کە لەوەوپێش سامانی ئەو کەسانە داهاتێکی زۆریان لەسەریەک نابوو، بۆ ئەوەی هەم پیاوانی ئاینی کەم پارەبن و هەم خەڵکیش بتوانن بەو قەرزە ئازادی خۆیان لەگەورەکانیان بکڕن؛ بەتایبەت ئەوانەی بەهۆی قەرزەوە دەبوونە کۆیلە و دیسانەوە ئەوکەسانەشی کە پێش لەکاتی دانەوەی قەرزەکە دەمردن نەدەبەخشران و لەخێزانەکەی وەردەگیرایەوە.

ئەم دەستهاتە گەورەیەی "حامورابی" زۆر گرنگ بوو تەنانەت دوای ڕووخانی ئیمپڕاتۆرییەتەکەشی هەر شوێنەواری یاساکانی مابوونەوە بەتایبەت لەنێو "فەرمانڕەوای ڕۆمانی"دا زۆر بەڕوونی زۆرێک لەیاساکانی بەرچاو دەکەون.

"حامورابی" لەناوچەکانی موڵکی دەوڵەت و پەیکەرەکاندا کۆیلایەتی نەهێشت و لەبریدا کرێی پێدان، یاخودی زەوییەکەی بەکرێ پێدەدان و هێزی دارایی پەرستگای گۆڕی بۆ هێزێکی پشتیوانی لە میللەتە هەژارەکە.

"حامورابی" بەتەنها لە چاکسازیکردنی یەک بواردا نەوەستاوە، بەڵکو هەستا بە نوێکردنەوە و لێدانی جۆگەی ئاوی نوێ و دروستکردنی چەندین بەنداو بۆ پاراستنی شارەکانی باشووری ولاّت لە لافاو.

"حامورابی" ئەوپەڕی هەوڵی خۆی داوە بۆ قایل کردنی خواکان؛ سەرباری ئەوەی ویستویەتی یاسایەکی گێتی پارێز بۆ خەڵکەکەی دابنێت، بۆ ئەمەش پەرستگای بۆ "مەردوخ و هاوسەرەکەی" دروستکرد (خوای میللەتە نەتەوەییەکان) و، داوای لە پیاوانی ئاینیی کرد لەشاری بابلدا پەیکەری

"مەردوك و ژنەکەی" دابنێن و لەڕێگەی بەخشینەکانەوە داهاتێکی باش بۆ خوا و پیاوانی ئاینی کۆبکرێنەوە، هەرچی دەستهاتی ئەو پەرستگایەش بوو بۆ پشتیوانی کردنی دەوڵەت و ڕژێمەکەی بەکاردەهێنرا و، هەندێکیشی بۆ نۆژەنکردنەوەی پایتەخت و دروستکردنی کۆشك و پرد لەسەر ڕووباری فوڕات بەکاردەهێنرا، بەم ڕێگەیەش توانییان شارەکە بەهەردوو دیوی ڕووباری فوڕاتدا فراوان بکەن، بەمەش بابل بە هەزاران ساڵ پێش لە دایك بوونی "عیسای پێغەمبەر" پێشکەوتووترین و دەوڵەمەندترین شاری ناوچەکە بووە.

لەبارەی ئەم قۆناغەی بابلەوە "کرستۆفەر دوسن" لە پەرتووکەکەیدا بەناونیشانی: (لێکۆڵینەوە لە ئاین و شارستانی)دا دەڵێت: بابل لەڕووی پێکهاتە ماددییەکانی شارستانییەتەوە گەیشتبووە ئاستێك لەو سەردەمەدا هیچ شارێکی دیکەی ئاسیای پێی ڕانەگەیشتبوو.

هەرکەسێك لەمڕۆدا لە "شاری بابل" بڕوانێت لەخۆی دەپرسێت: ئایا بەڕاست ئەم شارە گەرم و بیابانییە لەکۆندا لانکەی شارستانی بووە و لەخۆگری دامەزرێنەرانی زانستی گەردوونناسییە؟ ئایا بەڕاست ڕۆڵی هەبووە لە پێشکەوتنی زانستی پزیشکیدا و یەکەمین یاسای ڕێکخراو لێرەدا دەرکەوتووە؟ لێرەوە یۆنانییەکان فێری سەرەتای هەژمارکاری و سروشتناسی و فەلسەفەبوون و، جولەکەکانیشیان فێری چەندین سەرگوزەشتەی جیهان هەژێن کرد و، عەرەبیشیان فێری چەندین کاری زانستی و ئەندازیاری کرد کە ئەمانیش دواتر گیانیان بەبەر زانستی ئەوروپادا کرد و زیندووییانکردنەوە، گەر کەسێك لەمڕۆدا بڕواتە سەر ڕۆخی دیجلە و فوڕات و بەجوانی بڕوانێت، هەرگیز بڕوا بەوەناکات کە خودی ئەم دوو ڕووبارە بوون کە ئاویان بۆ باخچە

هەڵواسراوەکانی بابل دابین کردووە... بەڵام بەهۆی زۆری ئاوی ڕووبارەکانی دیجلە و فوڕاتەوە لەکاتی کۆندا نیشتمانی بابل بەهەشتی ئاسیا بووە.

لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێت: چیرۆکی ئێمە لەڕۆژهەڵاتەوە دەست پێدەکات، چونکە ئاسیا خاوەنی لەپێشترین شاری دروستکراوە و ناوەڕۆکی شارستانییەتی ئەو شارانە شارستانییەتی یۆنانی و ڕۆمانییان سیخاناخ کردووە بە شارستانی بەرجەستە و هەستی، کە "سێر هنری مین" وای دەزانی ئەو دوو شارستانییەتە تاکە لانکە و سەرچاوەی شارستانی و زانستی نوێن... لەم چرکەساتەدا شارستانییەتی ئەوروپی بەرەو داڕووخان دەچێت، تەنانەت لەخودی سەدەی بیست و یەکدا زۆر بەڕوونی ململانێی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەرکەوتووە، بۆیە دەبینین زۆرێك لەپەرتووکە مێژوویییەکانی کۆنی ئەوروپی کە نوسراون تەنها ئاماژە بە شارستانییەتی یۆنانی دەکەن و ئەوانەی ئاسیا پووچ دەکەنەوە کە لەهەمان شێوە و بارودۆخی ئێستادا نوسراونەتەوە، بەڵام ئاوەزی ڕۆژئاوایی چۆن دەتوانێت دان بە شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتدا بنێت؟

لەو نیشتمانانەدا (سۆمەر، ئەکاد، بابل) بەپێی ئەوەی دەستمان کەوتووە دەبینین کە مرۆڤ یەکەمین ئیمپراتۆریەتی لێرەوە بنیاتناوە و یەکەمین سیستمی ئاودێرییش بەهەمان شێوە، یەکەمین بەکارهێنانی زێڕ و زیو لەبەهێزکردنی شمەك و، یەکەمین ڕێککەوتنامەی بازرگانی و، یەکەم سیستمی دڵنیایی و، یەکەمین پەرتووکی یاسا و یەکەمین بەکارهێنانی نووسین لەچوارچێوەی بەرفراوان و یەکەم وێژە و هۆنراوە و، یەکەمین بەکارهاوردنی کانزا بۆ جوانکاری دەبینین، هەر لێرەشدا یەکەمین یاسای خانوو دروستکردن و

لێرەوەش بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا چەندین ئامازەی شارستانییەتی تەواوەتی دەرکەوتوون: ژیان لەو جیهانەدا جۆراوجۆر و بەرێزەوە ئالۆز و لێکنەچووبووە، ناز و نیعمەت دەستەبەر بووە، دیسانەوە لێرەشەوە کێشەی چینایەتی بەرجەستەبووە، بەڵام بەرجەستەیی ژیانی باوی شیاو دەبێتەهۆی باشترکردنی بارودۆخی دانیشتووان.

زانینی ڕاستییە مێژوویییەکان و پابەندبوون پێوەی ڕەگەزچێتی نییە، هەستکردن و دەرخستنی ڕاستییەکان کارێکی زانستی و بابەتییە، بەڵام خووگرتن بەقسە و بڕیاری نادروستی سەرزەمینی دوژمنەوە زۆر نەزانی و کاڵفامییە.

لە "٢٠٠٠ ساڵی پ. ز"ەوە دانیشتووانی بابل توانیویانە بەوردی دەرکەوتن و ئاوابوونی "هەسارەی زوهرە" بەراورد بە "خۆر" دیاری بکەن و پێگە و شوێنی زۆربەی ئەستێرەکانیان دەستنیشان کردووە، بەڵام ئەو کاتەی "کاشییەکان" دەستیانگرت بەسەر نیشتمانی بابلدا نزیکەی "هەزار ساڵ" ئەم پێشکەوتنە وەستا و دواتریش لەسەردەمی "نابوخەزنەسەر"دا زاناکان سەرلەنوێ ئاڕاستەکانی خۆر و مانگیان دەستنیشانکرد، تێبینی لێك نزیکبوونەوەیان لەیەکتر دابوو لەهەندێك کاتدا، هەروەها تێبینی خۆر و مانگ گیرانیان کردبوو، ئاڕاستەی هەسارەکانیان دەستنیشانکرد و یەکەمین میللەت بوون "ئەستێرەی جولاو"یان لە "گەڕۆك" جیاکردۆتەوە و مێژووی وەرچەرخانی زستانە و هاوینەیان دیاری کردووە و هەردوو کاتی هاوتایی و ناوەندی بەهارە و پایزەیان دەستنیشان کردووە، لەسەر هەمان ڕێبازی سۆمەرییەکانی پێشووتریان ڕۆیشتوون، بازنەی گەردوونیان بۆ "دوانزە بورج" دابەشکردبوو،

دوای ئەوەی بازنەیەکیان بۆ "٣٦٥ پلە" دابەشکرد؛ ئینجا هەر پلەیەکیشیان بۆ "٦٠خولەك" و هەر خولەکەیەکیش بۆ "٦٠ چرکە" دابەشکرد، بە کاتژمێری ئاوی و سێبەری کاتەکانیان دەژمارد، لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئەمانە فێری بەکارهێنانی ئەم زانستە نەبوون، بەڵکو خۆیان دایانهێناوە، ساڵیان بۆ "١٢ مانگ" و "٦ مانگ"یان بە "٣٠ ڕۆژ" دیاریکردووە و"٦ مانگ"ی دیکەش بە "٢٩ ڕۆژ" دانراوە، بەمەش تێکڕای ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵ بەم هەژمارکارییە "٣٥٤ ڕۆژ" بووە و چەند ساڵ جارێکیش مانگێکیان بۆ ساڵ زیاد دەکرد بۆ ئەوەی ڕۆژ ژمێرەکەیان هەڵەی تێنەکەوێت و وەرزەکان بەڕێکی دیاری بکەن.

"مانگ"یان بۆ "چوار هەفتە" دابەشکرد، کە هەر هەفتەیەکی لەگەڵ ڕوویەکی مانگدا یەکسا بووە، هەوڵیشیان داوە ڕۆژژمێرێکی نوێ دابنێن بەوەی مانگ دابەشی "شەش هەفتە" بکەن و هەر "هەفتەیەك"یش "پێنج ڕۆژ" بوو، بەڵام دواتر دەرکەوت کە وەرچەرخان و دەرکەوتنی ڕووەکانی مانگ زۆر لە خواستەکانی مرۆڤ بەهێزترە بۆیە بەناچاری گەڕانەوە بۆ دابەشکردنی "هەفتە" بۆ "حەوت ڕۆژ" و "مانگ" بۆ "چوار هەفتە"، ژماردنی ڕۆژ لە نیوەڕۆوە بۆ نیوە شەو نەبووە، بەڵکو بەپێی دەرکەوتن و دیارنەمانی مانگ هەژمار دەکرا، ئەم ماوەیەشیان بە دوازدە کاتژمێر دانابوو، کەواتە هەرچی تایبەتمەندی هەژمارکاری ڕۆژ و مانگ و ساڵمان هەیە لە بابلییەکانەوە وەرمانگرتووە.

بابلییەکان لە وێنەکردنی ئاسمانەوە بڕەویان بەوێنەکردنی زەوی داوە، لەوانەش وێنەکردن و نەخشەکێشانی ڕێگەکانی ئیمپراتۆرییەتی "نابوخەزنەسەر" و شارەکانی ژێر دەستەڵاتی، لێکۆڵەڕەوان توانیویانە لە پاشماوەکانی "جاسوور" کە سەد میل دەکەوێتە باکوری بابلەوە پارچە

قـوڕێکی سـورەوەکراو بدۆزنـەوە کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی "١٦٠٠ پ.ز" و لـەخۆگری نەخشـەیەکە قەبارەکـەی لـە "یـەک ئینـچ" کـەمترە و ئامـاژەیـە بـۆ "هـەرێمی دۆڵـی ئـازۆل" کـە ڕەنگـە ناوچـەی سـەنعای کـۆنی لـەخۆگرتبێت، چیاکانی ناوچەکە بەهێڵی لار دەستنیشانکراون و ڕووبارەکانیش بەهێڵی ڕێک و لەسەری ناوی چەندین شار نوسراونەتەوە و لەکۆتاییەکەشیدا ئاڕاستەکانی باکور و باشور دیاریکراون.

ڕەنگـە ئـەو هێڵانـەی ئـەوان کێشـاویانە هـەمان ئـەم هێـڵ و نەخشـانەی ئێسـتا نەبووبێتن، ڕەنگە هەمان شتیش بووبن؟

هـەر بابلیسـەکان بـوون چـیرۆکی جادووکـارە جوانەکـەیان داهێنـا و دواتـر جولەکـەکان لەسـایەی ڕەوانبێژەییـە وێـژە بەهێزەکەیانـەوە توانییـان بیکەنـە بەرهـەمی هونـەری ڕەسـەنی ئاینی ئـەوروپی،"یۆنانی"ەکان هـاتوون بـۆ "بابل" نـەوەک بـۆ "میسـر" بـۆ خوێندن و فێربـوونی بنـەماکانی بیرکـاری، گـەردوون و پزیشـکی و ڕێزمـان و یاسـاکانی زمـان و زانسـتی شوێنەوارناسـی و مێـژوو، فەلسەفە و دواتریش ئەم زانستانە لەشارەکانی یۆنانەوە گواستراینەوە بۆ ڕۆما و دواتریش بۆ ئەوروپا و ئەمریکا، هەموو ئەو ناوانەی کە یۆنانییەکان بۆ مۆزیک و ئامێرە مۆزیکییـەکان و زۆر دەرمانیـان داناوە تـەنها وەرگێڕانـی وشـە بابلییـە کۆنـەکانن و هیچـی تـر، زۆرجـاریش خـودی وشـەکانن، بـەڵام بـە شـێوە زمـانی یۆنانی نوسراونەتەوە و وەرگێڕانیشیان بۆ نەکراوە.

بابل دوای مردنی حامورابی

"حامورابی" نزیکەی ساڵی "١٧٥٠پ.ز" مرد و لەپاش خۆیەوە ولاتێکی پینەکراوی بەجێ هێشت کە هەرلە کەنارەکانی "دەریای عەرەبی-فارسی"یەوە درێژ بووبووەوە تاوەکو "ئالاشیا لە قوبرس" و "دەریای ناوەڕاست"، لە "باکوری چیاکانی تۆرۆس" و "دەریای ڕەش"ەوە بۆ "چیاکانی سەرات" و کەنارەکانی "دەریای سوور" و "دەریای عەرەب"، کە یاسا تاکە سەرچاوە و فەرمانڕەوا بووە و هیچ کەس بۆی نەبووە لەیاسا لابدات، بۆ پاراستنی ناوچە و هاوڵاتییەکانی ولات هێز و سوپایەکی زەبەلاح دامەزرێنرا کە سەرجەم ڕێگە و ناوچە بازرگانییەکانیان دەپاراست، بەتایبەت ئەو بارە بازرگانییانەی لە ڕێگەی "ئاوریشمەوە لە چینەوە" دەهاتن، یاخود لە "ئەنادۆڵ و ڕێگەی زیویەوە" دەهاتن یان کاروانە بازرگانییەکانی "دەریای عەرەب و سوور"، بازرگانییەکان بەزۆری هاوردەکار و هەناردەبەری: عاج و ئەپەنوس و سەندل و مێخوڕ و بەهارات و بۆن و مس و زیو و پێستەی ئاژەڵ و هی تر بوون.

کەناره فینیقییەکانیش ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە لەدابینکردنی خۆراك بۆ ناوچەکانی ئیمپڕاتۆریەتی بابل، ئەمەش وای کردبوو لە هەموو ناوچەکانی جیهانەوە بە کۆ شمەك و شت بێتە نێو ولاتەوە و لەهەموو شوێن و پەڵەکانی ولاتدا شمەك دەستەبەربووە، ئەمەش وایکردبوو بازرگانی و پیشەسازیی و جوڵەی سەرمایە شێوەیەکی بێوێنە بەخۆوە بینێت و بەگڕوتینەوە گەشەبکات. ئەمەش لەسایەی کەشێکی باڵکشاوی ئاسایشیدا بووە لەسەرجەم ناوچەکانی ولاتدا، ئەمەش دیسانەوە بەرئەنجامی بوونی دەستەلاتێکی بەهێزی ولات و

ناوەندبووە، هەموو ئەمانەش وای کردبوو ولأت بەقۆناغێکی گەشە بگات کە هیچ کات پێشتر پێی نەگەیشتبوو.

بەهۆی زۆری سامانی بابلەوە زۆرێک لە ئیمپراتۆریەت و خێڵەکان چاویان بڕیبووە بابل و لە هەل دەگەڕان بۆ لەناوبردنی بابل بەتایبەت خێڵەکانی ڕۆژهەلأت بەسەرۆکایەتی "کاشییەکان".

لەپشتی کەناری ڕۆژهەلأتی "کەنداوی عەرەب"ەوە خێڵە شوانکارەکان هەبوون و لە هەلێک دەگەڕان بۆ ڕۆچوونە نێو خاکی "ئیلام و سۆمەر"ەوە لەباشوور بۆ دەستکەوتنی زەوی باشتر بۆ لەوەڕگا.

خودی شارەکانی "سۆمەر و عیلام" پاش ڕۆچوونە نێو ئەم ولأتە تازەیەوە (بابل) دەستیان لەهەموو هەنگاوێکی جوداخوازی هەلگرت و بوون بە بەشێکی دانەبڕاوی ولأت و تەواوکاری هێزەکانی دەولەت، بەلأم لەگەلّ هەر هێرشێکی ترسناکی دەرەکیدا بۆ سەر ولأت چەندین کێشەی ناوخۆیی سەری هەلّدەدا بەتایبەت لەناوچە عەرەبییەکانی ئێستادا ولأت دابەشی دووبەرە دەبوو: "بەرەی ناوەندخواز" و "بەرەی دەرەبەگ و ئاینی دژە ناوەند"، واتە تەنها هەموو شارە داگیرکراوەکانی ژێر دەستەلأتی "حامورابی" لەکاتی ئاشتی و بەهێزی ولأتەکەدا لەگەلّیدا بوون و لەکاتی لاوازی و بێتوانایی لەهەلی جیابوونەوە گەڕاون تەنها چەند شارێکی نەبێت.

بەلأم لەناوچەکانی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای کە لە "ماری و ئیمار"ەوە درێژ دەبێتەوە بۆ "حەلەب و ئیبلا و حەما و حمس و دیمەشق و ئۆگاریت و جبیل و سەیدا و سور" بارودۆخەکە زۆر جیاوازتربووە لەناوچە و شارەکانی تر.

ئەم ناوچانە بە پێچەوانەی بۆچوونی مێژوونوسانەوە هاوکارێکی باشی دەستەلاتی ناوەند بوون بە چەك و دارایی، چونکە دانیشتووانی ئەم ناوچەیە تاڕادەیەکی باش سەربەخۆبوون و تەنها لەکاتی جەنگ و نەهامەتییەکاندا ئەمەکداریان بۆ پادشا دەرخستووە، سەرباری لێکجوودایی زمان و نەریت و سیستم و خوای دانیشتووانی ناوچەکانی ولاّت، بەلاّم لەبەرامبەر هەر فەرمانێکی ناوەنددا وەکو یەك بیریان لێکردۆتەوە و پێوەی پەیوەست بوون.

درێژبوونەوەی فەرمانڕەوایەتی یەك ولاّت لەناوچەی "چیاکانی تۆڕۆس"ەوە بۆ "بیابانی عەرەب" بەدرێژایی مێژوو هیچ ولاّتێك ئەوەی بەخۆوە نەدیووە کە لەماوەی ئەو دوو دەیەی "چەرخی برۆنزی ناوەند"دا ئەم ئیمپراتۆریەتە بەخۆیەوە بینی بووی.

بەردەوام بوون لەسەر پەیڕەوکردنی کلتووری کۆن بەهۆی بوونی گۆڕی "پادشاکانی ئاموری" بووە لە نێو دڵی شاری "ئیبیلا"دا و ئەم دیاردەیەش پەرەی سەندووە و بۆتە هۆی پەرستنی ئەو کەسایەتییە گەورانەی ولاّت وەکو خوا و ئەم دیاردەیە بەزۆری لەناوچەکانی "باشوری عێراق و ناوەندەی ئەنادۆل"دا باوبووە لە "هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە"، ئەمڕۆش هەمان شت دەبینینەوە لە گۆڕی "پادشاکانی ئور" لە "باشوری عێراق".

ئەو سێ گۆڕەی لە "ئیبیلا" دۆزرایەوە زۆر دوور نییە لە شێوازی گۆڕەکانی نیشتمانی شام، کە بە چەرخی دووەمی برۆنزی ناوەند ناودەبرێت، ئەم جۆرە گۆڕانە لەنێوان "ئەریحا و فەلّەستین و جبیل و لەسەر کەنارەکانی شام"دا دۆزراونەتەوە.

لەخوێندنەوەکردن بۆمێژوو پرووبەپرووی پەرستنی باوان دەبینەوە، بەتایبەت ئەو پیاوانەی توانیویانە کۆمەڵگەی هەژار و جوتیار بەرزبکەنەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی بالاّ و دەوڵەمەند و ئەمەش پێی دەگوترا پەرستنی (راعوم) کە لە دەقەکانی "ئۆگاریت"دا بەپرووی دیارن (دەقەکانی ئۆگاریت دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی چەرخی دووەمی برۆنزی نوێ لە دەوروبەری ١٤٠٠پ.ز)، بێگومان بنچینەی ئەم شێوە پەرستنانە دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی برۆنزی ناوەند لەنزیکەی "١٨٠٠پ.ز" بەتایبەت سەردەمی "حامورابی" کە زۆر گرنگی بەپاراستنی باوان دابوو لەبابلدا.

پێش لەوەی لە "ئیبیلا"وە بچینە سەر باسی "پۆژئاوای نیمچە دوورگەی عەرەب"ی پێویستە چەند تێبینییەك بخەینەپروو:

یەکەم: لەباسکردنی پەرستنی باپیران لەلایەن عەرەبە کۆنەکانەوە جا سریابن یان سوریی لەوەچەی سر، یاخود ئاموری لەنیمچە دوورگەی عەرەبدا، گەورە کردن و پیرۆزکردنیان تەنها بەهۆی دەستکەوتێکەوە نەبووە، بەڵکو بەهۆی ئەنجامدانی کارێکی گەورەی مرۆڤدۆستانەوە بووە، ئەمەش خاڵی لەسەر وەستانە لەکاتی گفتوگۆکردندا، کە لەباسی "عەرەبە کانعانییەکان"دا دواتر پرونی دەکەینەوە.

دووەم: ئێمە کاتێك باس لە "ئامورییەکانی سوریا" دەکەین مەبەستمان تەنها ئەوانە نەوەك لقەکانی دیکەی جیابۆوە لە عەرەب کەپاش لە ئامورییەکان دروستبوون و لەسەر نەخشەدا بوونێکیان نییە، ئەمەش هەمان شتە بۆ سەرجەم نەوەکانی ئادەم بەتایبەت "حامی و سامییەکان".

"ئارامی و سامی و حامی و ئاشوری و کەنعانی و فینیقی و ئەوانی تریش" هەمووان بەتێکڕایی لە نیشتمانی دوو ڕووباردا دەژیان و شارەکان پڕبوون لەهەمەجۆری مرۆڤ بەبێ بوونی کێشە، کەواتە دەتوانین بڵێین ئارەزووی پێکەوەیی زۆر لە شێوازی زمان و ڕەنگ و پێست و نەتەوەگەرایەتی بەهێزترە بۆ هاوژیانی لەنێو یەک خاکدا.

یاساگەلی حامورابی

وەکو پێشتر خستمانەڕوو لەساڵی "١٩٠١-١٩٠٢ز"دا کۆمەڵێکی شوێنەوارناسی فەڕەنسایی کە نێردرابوون بۆ نیشتمانی فارس بە سەرکردایەتی "جاك دی مۆرجان" شوێنەوارێکی گرنگیان دۆزییەوە کە دەقی "یاساکانی حامورابی" بووە، ئەم تاتە بەردە بۆ یەکەم جار لە شاری "سبار" لە ولاتی بابلدا هەڵواسرا و دواتر لەلایەن ئیلامییەکانەوە وەکو دەستکەوتی جەنگ برا بۆ پایتەختی ئیلامییەکان بەتایبەت لەسەردەمی "شرتك-نخنتی" (١٢٠٠-١١٠٠پ.ز)دا کە، لەنێو شاردا دایاننابوو وەکو ئاماژەیەك بۆ سەرکەوتنی جەنگەکەیان بەسەر دوژمندا. زۆرێك لەبەشەکانی ئەم یاسایە کە ون بووە لەسەر قوڕ و بەردی دیکە هەڵکۆڵراون و پاشان ئەوانیش دۆزراونەتەوە.

ئەم یاسایەی "حامورابی" تاکە یاسای تەواوکراوە کەبەدرێژایی مێژوو دەستمانکەوتووە، سەرباری ئەوەی یاساکە یاسایەکی هەڕەمەکی و سەرەتایی نییە، بەڵکو پێشکەوتنێکی تەواوی بەخۆوە بینیوە و زۆریش پێشکەوتوو بووە، ئەم لایەنە نابێت لەکاتی لێکۆڵینەوەی شارستانییەتەکاندا لەبیرمان

بچـنەوە، لێکۆڵـەری شارسـتانییەکان پێویسـتە ئاگایـان لـەم خاڵـەدا لـەکاتی کۆڵینەوەکانیاندا.

زانا ئاشووری ناسەکان تاوەکو ئێستا لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی دڵنیا و کۆڕا نین، زانینی ئەم کاتی فەرمانڕەوایەتییە تاکە سەرچاوەیە بۆ دیاریکردنی کاتی فەرمانڕەوایـەتی کردنـی بابـل، بـۆ ئەمـەش هەنـدێکیان دەیگێڕنـەوە بـۆ سـاڵی "٢٠٠٠ پ.ز" و هەنـدێکی دیکەشـیان دەیگێڕنـەوە بـۆ سـاڵی "٢٢٢٥ پ.ز" و دواتـر "مـاینر" دەیگێڕێتـەوە بـۆ سـاڵی "١٩٥٥پ.ز" (لەسـەر ئـەم بنەمایـە فەرمانڕەوایەتی "حامورابی" لە ١٩٥٥-١٩١٣ پ.ز بووە)، بەڵام ئەوەی گرنگە خودی یاساکە و پێشکەوتنەکەیەتی لەو ماوەیـەدا جا لـە "سـەدەی بیستەمی پێش زایین" بووبێت یان لە "سەدەی هەژدەی پێش زایین".

لەسەرەتای یاساکانیەوە ئەم پادشایە دەڵێت: بۆ ئەو مەبەستە ئەم یاسایەم دارشـتووە تـاوەکو دادگـەری بەتـەواوەتی لـە وڵاتـدا بـڵاو بکەمـەوە و خـەڵکانی شەڕەنگێز و ئازاوەچی لەناوبەرم، بۆ ئەوەی کەسی تاڵکە بەسـەر شیرپندا زاڵ نـەبێت، بـۆ ئـەوەی دادگـەری وەکـو خـۆر هەمیشـە بەسـەر خەڵکییـەوە بێـت و ڕووناکی بۆ هەموو ناوچەکانی وڵات ئاڕاستە بکات، پاشان ئەم پادشایە هەستا بەخۆ پڕچەککردن و بەهێزکردنی لایەنی سەربازی وڵات.

سەرباری ئەوەی ئەم یاسایە بە "زمانی ئاکەدی" نوسراوەتەوە، بەڵام بە نەریتی "سـۆمەری" داڕێـژراوە، جیاوازییـەکی زۆر هەیـە لـەنێوان ڕووی "یاسـای سـۆمەرییەکان" و ئەوانـەی "حـامورابی" بەپشـت بەسـتن بـەو دەقانـەی لەشارسـتانییەتی "سـۆمەری" بـەجێ مـاون و ئێسـتا لـە مۆزەخانـەی "فیلادلفیا"دان، هەروەها "حیسییەکان" لە "سەدەی چواردە و سیانزەی پێش

زایین"دا لاسایی یاسای بابلییەکانیان کردۆتەوە و تارادەیەکی زۆریش شوێنی کەوتوون و "ئاشوورییەکان"یش هەمان شتیان ئەنجامداوە لە "سەدەی نۆی پێش زایین"، هەروەها "عیبرانییەکان"یش هەمان شتیان دووبارەکردۆتەوە.
لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەو ناوبانگەی "ڕۆمانییەکان" هەیانە لە بواری یاسادانانداا "بابلییەکان" بە هەزار ساڵ پێش لەوان یاسایاندانناوە، بابلییەکان پێشبینی هەندێك گریمانەیان کردووە کە هەرگیز یاسادانان بەبێ ئەم گریمانانە بوونێکی تەواوی نابێت، بەشێوەیەکی گشتی کۆی یاسای بابلی و ئەوانی دیکەی ڕۆژهەلآت بەگشتی توند و بێ بیانووبوون و یاساکە "ددان بەرامبەر ددان" بووە، واتە هەرکەسێك دەستی کەسێکی بشکاندایە ئەوا دەستیان دەشکاندەوە، ئەمەش لەبنەمای چیرۆکەکاندا Lex talionis (دەست بەرامبەر دەست، چاو بەرامبەر چاو، قاچ بەرامبەر قاچ: سفر خروج ٢١:٤)دا بەدیاردەکەوێت، بەشێوەیەکی گشتی ئەم بنەمایە بنچینەی لە پێشچاوگیراوی قەرەبووکردنەوە بووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فرە جۆر و چەشنی نەتەوە و زمان و ئاین و ڕەگەز و ڕووخسارانەی کە لەژێر دەستەلآتی بابلدا بووە و لەنێو ئەو سنووری ولآتەدا ژیاون، بۆیە ناچاربووە ئەم شێوە یاسایانە دابنێت بۆ یەکخستنەوەی تەواوی ولآت.

پزیشکیی:

لێکۆڵینەوەی پزیشکی بابلی زۆر گرانترە لە توێژینەوەی پزیشکی میسری و دەرئەنجامەکەشی کەمتر متمانە پێکراوە، لەمیسردا زنجیرە و پلە بردی گەورەمان هەیە کە میژوویەکەی بۆچەند سەدەیەی پێش زایین دەگەڕێتەوە،

شیکردنەوەی دوو لە درێژترین دەقەکانی بەسە بۆ زانینی بواری پزیشکی ئەو کاتی شارستانییەتە، ئەو دەقەش دەناسرێنەوە بە :(بردی سمس و بردی ئیبرس).

بەڵام لەباری شیکردنەوەی بواری پزیشکی لە بابلدا ناچارین پشت بە بەڵگەنامە کۆنەکان ببەستین، بەتایبەت ئەو بەڵگەنامانەی کە لە تیاهەڵگیراوی پەرتووکەکانی پادشا (ئاشور بانیبال)دا دۆزراونەتەوە و ئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانیادان. ئەم پادشایە (ئاشور بانیبال) لە دەوروبەری سەدەی حەوتەمی پێش زایینەدا (٦٨٨-٦٢٦پ.ز) پادشای ئاشوری بووە، جگە لەوەش ئەوەی گومانی تێدا نییە زۆرینەی نوسراوە دۆزراوەکان بە "ئاکادی" نوسراونەتەوە کە لەبنچینەدا ئەمانیش نوسراوی "بابلی" و "سۆمەرین"، واتە دەتوانین سەرچاوە و کاتی نووسینی زۆرێك لەم پەرتووکانە بگێڕینەوە بۆ "سێ هەزاری پێش زایین"، بەڵام ئەمەش ناتوانێت زانینی خەڵکی ئەم ناوچانە لەم بوارەدا پێش میسرییەکان بخات، چونکە زانین و شارەزایی میسرییەکان دەتوانین بەهەزاران ساڵ پێش لە نوسراو و دەقە بردیە دۆزراوەکانیان دابنێین.

لەهەردوو بارودۆخەکەدا دەتوانین بڵێین کە زانین و نوسراوە پزیشکییەکانی هەردوو وڵات (میسر و بابل) دەگەڕێتەوە بۆ "هەزارەی سێیەمی پێش زایین"، سەرباری بوونی زۆری جیاوازی لەنێوانیاندا، چونکە ئەم زانستە لەمیسردا لەسەدەی "حەڤدە و شانزەی پێش زایینەدا" نوسراونەتەوە لەکاتێکدا پاش لە "هەزار ساڵ" لە ئاشوردا ئەم دەقانە نوسراونەتەوە.

سۆمەری بوونی زۆربەی دەقە ئاشورییەکان بەڕوونی دیارە، چونکە بە زمانی سۆمەری نوسراونەتەوە بەسۆمەری کۆنیش، هەروەها پزیشکانی ئاشوری

سەدەی حەوتەم هەمان شێوازی پزیشکانی سۆمەرییان بەکارهێناوە بۆ چارەسەرکردن، وەک چۆن فەرەنسییەکان لەسەدەی حەڤدەدا شێوازی پزیشکی لاتینیان بەکارهێناوە، بەهەمان شێوە بەمیرات بۆ بەجێمانی کلتوورەکان، لەبەرئەوەی سۆمەر و لاتینییەکان باشتر و لەپێشترن و لە چینی بژاردە و پێشکەوتوون و خەڵکی ئاسایی ناتوانن تێیانبگەن، بۆیە بەڵای ئەوانەوە پزیشکایەتی کارێکی پیرۆز و شایەنی ڕێزلێگرتن بووە.

بەڵام دیسانەوە ئەو دەقانەی دۆزراونەتەوە و باس لە پزیشکی دەکەن ئەوەندە کەمن کەبەبێ ڕاڤەکردن ناتوانین پزیشکی بوونیان بسەلمێنین، چونکە فێربوون بەزۆری بەشێوەی زارەکی و بینینی بووە وەک لەوەی بنوسرێتەوە و بەپەڕە فێر بکرێن، زانستی پزیشکی لە ماموستاوە بۆ خوێندکار گواستراوەتەوە و لەباوکەوە بۆ کوڕ، بۆردەکان بۆ خوێندن بەکارنەدەهێنران بەڵکو تەنها بۆ وەبیرکەوتنەوەی پێشینانی ئەم بوارە بووە، واتە وەکو یادگاری نامە بەکاریانهێناوە.

پلەکانی بردی میسری ئەوەندە زانیاری بەپێز لەخۆدەگرن کە زۆر لە پەرتووکەکانی هەنوکەی خوێندنگەیی ئێمە باشترن، بەڵام دەقە ئاشوورییەکان تەنها چەند سەرەداوێکمان بۆ دەخەنەڕوو لەم بوارەدا، بۆرد یان تاتە بەردی قوستەنتینییە باشترین و ڕوونترین دەقی پزیشکی لەسەر نوسراوە، سەرباری زۆر کورتێتی دەقەکەشی، چەندین چارەسەری ژان و ئازاری جۆراوجۆری تێدایە لەوانەش چارەسەرکردن لەکاتی پێوەدانی دوو پشکدا.

بەناوبانگترین بەڵگەی بابلی کە باس لە پزیشکان بکات دەقی "یاساکانی حامورابی" بووە، باس لە پزیشکانی هەناوی ناکات، بەڵکو تەنها باس لە برین

پێچان دەکات، کەوابێت پزیشکی هەناوی بەکەسێکی پیرۆز دانراوە و یاسای بەسەردا جێبەجێ نەکراوە، یاخود یاسای سزادانی بۆ دەسنیشان نەکراوە، بەڵام برین پێچ ئەگەر کاری چاکەی بکردایە ئەوا پاداشت دەدرایەوە و ئەگەر کاری خراپی بکردایە ئەوا سزا دەدرا، بۆ ئەمەش چەندین دەقی یاسایی دانراون و هەن کە سزا و پاداشتی لەخۆگرتووە، لێرەشدا چەندین دەقی یاسایی تایبەت بە پزیشکی دەخەینەڕوو:

مادەی ٢١٥ – "ئەگەر نەشتەرێك نەشتەرگەرییەکی بۆ خانەدانێك ئەنجامدا و سەرکەوتوو بوو، نەیهێشت ئەو خانەدانە بمرێت، یاخودی نەشتەرگەری بۆ چاوی ئەنجامدا ئەوا وەکو پاداشت دە شاقڵی زیوی پێدەدرێت".

مادەی ٢١٦– "ئەگەر نەخۆشەکە لەچینی گشتی یان چینی ئاسایی کۆمەڵگەبوو ئەوا پزیشکەکە پێنج شاقڵ وەردەگرێت".

مادەی٢١٧– "ئەگەر نەخۆشەکە کۆیلەی خانەدانێك بوو ئەوا پێویستە خاوەن کۆیلەکە دوو شاقڵ بدات بە پزیشکەکە".

مادەی٢١٨– " ئەگەر نەشتەرگەرییەك بۆ خانەدانێك ئەنجامدرا و کوشتی یاخود چاوی کوێرکرد ئەوا دەستی پزیشکەکە دەبڕدرێتەوە".

مادەی٢١٩– "ئەگەر نەشتەرگەرییەکە بۆ کۆیلەی خانەدانێك ئەنجامدرا و ئەو کۆیلەیە لەژێر نەشتەرگەری دەرنەچوو، ئەوا پزیشکەکە دەبێت کۆیلەیەك لەبری کۆیلە مردووە بە خانەدانەکە ببەخشێت ".

مادەی٢٢٠– "ئەگەر نەشتەرگەری بۆ چاوی کۆیلەیەك کرد و کوێری کرد ئەوا دەبێت پزیشکەکە نیوەی نرخی ئەو کۆیلەیە بە خانەدانەکە بدات".

مادەی۲۲۱- "ئەگەر پزیشکێك دەست و قاچی خانەدانێکی گرتەوە یاخود پێچ خواردنی ماسولکەیەکی لەشی خانەدانێکی چارەسەرکرد ئەوا پێنج شاقڵی زیوی بەو پزیشکە دەدرێت".

مادەی۲۲۲- "ئەگەر نەخۆشەکە لەچینی ئاسایی کۆمەڵگە بوو ئەوا سێ شاقڵی زیوی بەو پزیشکە دەدرێت".

مادەی۲۲۳- "ئەگەر نەخۆشەکە کۆیلەی پیاوێکی خانەدان بوو، ئەوا خاوەن کۆیلەکە دوو شاقڵی زیوی دەدات بەو نەشتەرگەرکارە".

ئەم دوو مادەیەش تایبەتن بە پزیشکی ئاژەڵان:

مادەی۲۲٤- "ئەگەر پزیشکێکی ئاژەڵەوان نەشتەرگەرییەکی گەورەی بۆ گایەك یان کەرێك ئەنجامدا و ژیانی پزگارکرد ئەوا خاوەنی ئاژەڵەکە ١/٦ ی شاقڵێك بەو پزیشکە دەدات".

مادەی۲۲۵- " ئەگەر پزیشکێکی ئاژەڵەوان نەشتەرگەرییەکی گەورەی بۆ گایەك یان کەرێك ئەنجامدا و ئاژەڵەکە تۆپی یان مرداربوویەوە ئەوا پێویستە هەمان نرخی کەر یان گاکە بۆ خاوەن ئاژەڵەکە بگێڕێتەوە".

نەفرەتەکانی گوێڕایەڵی نەکردنی خواکان:

خوا "ننکراك"ی کچی خوا "ئانوم" کە زاڵبوو بەسەر هەموو خۆشی و شادییەکانی "ئیکۆر"دا داوای کرد کە نەخۆشییەکی ترسناك دابەزێتەسەر ئەوکەسانەی گوێڕایەڵی نابن بەجۆرێك بەتەواوەتی لەناویان بەرێت و هیچ کەس نەتوانێت چارەیان بکات و پزیشکیش نەتوانێت جۆری نەخۆشییەکەی

دەستنیشان بکات، یاخود بە چارەسەر نەختێك ئێشەکەی کەم بکاتەوە و تەنانەت مردنیش نەتوانێت چارە بەخشی بێت.

بۆ ئەوەی ئێمە لە باری ڕاستی دوور نەکەوینەوە مەبەست لێرەدا پزیشکێتی بابلە (سیوکراتیا)، خوا ئافرێنەری باشە و خراپەیە، نەخۆشی و نەهامەتییەکان ئاماژەن بۆ هۆکارێك بۆ تێگەیاندنی خەڵکی و بۆ ئەمەش تاکە چارەسەر لەڕێگەی ڕازیکردنی خواوەندەوە دەبێت، لێرەدا مەبەستی سەرەکی ئەوەیە کە پزیشك هەمان ڕۆڵی مەلا و حاخام و کەشیشەکانی هەیە، سەرباری ئەوەی لەشێوازی کارکردنەکەیاندا جیاوازن، بەڵام هەردووکیان تەواوکاری یەکترن و پزیشك مەلایە و مەلاش پزیشکە، بۆ ئەوەی خەڵکی چارەسەر وەربگرن کۆمەڵێك خواوەند بۆ ئەم کارە دەستنیشانکراون و ناوی پزیشکە خوایان لێنرابوو، خەڵکی لەکاتی نەهامەتی و نەخۆشیدا پەنایان بۆ بردوون، بۆیە پزیشکایەتی لەبابلدا لایەنی دەروونیشی گرتۆتەوە، لەوەی کەسێك بەر چاوی پیس کەوتووە، یاخود دێو دەستی لێوەشاندووە و ئەهریمەن ڕۆیشتۆتە نێو لەشی ئەو مرۆڤەوە و جادووکاران جادوویان لێکردووە، بۆیە بەناچاری پەنایان بۆ ئەو خواوەند و کەشیشانە بردووە و داوایانلێکردوون لەخواکان بپارێنەوە بۆ چارەسەرکردنیان و ڕزگاربوونیان لەم جۆرە نەخۆشی و نەهامەتییانە.

ئەگەر نەخۆشییەکان بگەڕێنینەوە بۆ هۆکاری خوا و شەیتان ئەوا پزیشکی ڕاستەقینە ناتوانێت چارەسەریان بکات، بەڵکو تەنها کەشیش و پیاوانی ئایینی دەتوانن داوای چارەسەرکردنیان بۆبکەن و هەوڵی چاککردنەوەیان بدەن.

بابلییەکانیش لەسەر هەمان ئەم ڕێڕەوە ڕۆیشتوون، تەنها ئەوان وانەبوون، بەڵکو سۆمەرییەکانی باوانیشیان هەمان ڕێچکەیان گرتبووەبەر، یەکێك

لەپادشاکانی پێش لە لافاوەکەی نوح (بەناوی: ئینمیدرانکی) ناوبانگی دەرکردبوو بەوەی توانیویەتی شێواز و ڕێچکەکانی کەشیش گەرایی بدۆزێتەوە واتە دۆزینەوەی ئەو ئامرازانەی کە یارمەتی ڕازیکردنی خواکان دەدات بۆ چارەسەر پێبەخشینی نەخۆشەکان، لە "سەدەی بیست و هەشتی پێش زایین"، "ئۆرکاجینا"ی پادشای "لەگش" هەستا بە سزادانی جادووکاران بەوەی کرێی زۆر وەردەگرن، ئەمەش مانای بوونی بڕوا و کاریگەری جادوو و خوای خراپە و چاکە بووە لەناو دانیشتووانی ناوچەکەدا.

فاڵ و جادوو

شێواز و ڕێگەکانی جادووگەریی جۆراوجۆرن، بۆ هەر ڕووداو و دیاردەیەکی سروشتی و ناسروشتی ڕوونکردنەوەیەك هەبوو، جادووکاران ڕۆنی نەڕچیو "زەیت"یان دەڕشتە سەرئاوەکە و هەر شێوەیەکی بگرتایە ئەوا دەیانگووت ئەو ڕووداوە ڕوودەدات، ڕەنگە جادووکاران پشتیان بەقوڕی باڵندە یان ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی خەونەکان ببەستایە، زۆر بەڕوونی و وردی کاتەکانی لەدایك بوون دەستنیشاندەکرا، بەتایبەت لەبارودۆخە ناوازە و نەویستراو و پەرچوو ئاساکاندا (وەکو لەدایك بوونی منداڵێکی شەش پێ یان دوو سەر..هتد)، جادووکارە بابلییەکان زۆر بەجوانی چاودێری جوواڵەی ئەستێرەکانیان کردووە، بەاڵم ئەو گەردوونناسییەی لەڕێگەی ڕۆمانییەکانەوە پێمان ڕاگەیشتووە داهێنانەکەی بۆ ماوەیەکی زۆر پێشتر دەگەڕێتەوە بەتایبەت بۆ سەردەمی کلدانی. جادووکاری بابلی گرنگترین ڕێگەی مێژوونوسە

زانستییەکانە کە ئەویش پشکنینی جگەر بووە لەشیکردنەوەی دیاردەکاندا، واتە جادووکاری جگەریی.

فالّگرتنەوە و جادووگەری چاوبەستکاری بەناوی ئەستێرە شوناسییەوە باڵی کێشابوو بەسەر ژیانی بابلییەکاندا، ئەوەی دەیەوێت بەباشی لە ئەفسونگەریی چەرخی ئەغریقی-ڕۆمانی تێبگات ئەوا پێویستە کتێبی (مێژووی جادووگەریی لەچەرخە کۆنەکان)ی "پۆشیە لکریک" (١٨٤٢ ز-١٩٢٣ ز) بخوێنێتەوە، یان کتێبی "شیشرۆن" کەناونیشانی (جادووگەریی)بوو، هێشتاکەش لەم چەرخە نوێیەی ئێمەدا چەندین کەس گیرۆدەی ئەم کێشەیە بوون.

گەر تیشکێك بخەینەسەر بنچینەی ئەفسونگەرایی بەدرێژایی مێژوو ئەوا دەبینین لەنێوان ناوچەکاندا جیاوازییەکی بنچینەیی بوونی نییە، بۆیە ناتوانین بڵێین چینییەکان لەبابلەوە جادوو فێربوون، تەنانەت ئەگەر لێکچوونیشیان زۆربێت. پێش ئەوەی تیشك بخەینەسەر شێوازی جادووگەرایی لەڕووی ناوەڕۆکەوە و بەتایبەت شێوازی پشکنینی جگەر، پێویستە لەپێشدا بپرسین: تاچ ڕادەیەك بابلییەکان ئاشنای تۆێکاری بوون؟ لەوەڵامدا بۆمان دەردەکەوێت کە زانینیان زۆر لە میسرییەکان سەرەتایی تر بووە، ئەم زانینە کەمەشیان لە سەربڕینی ئاژەڵی قوربانی کراوی خواوەندەکانەوە فێربوون.

ئەوەی تایبەتە بە تۆێکاری مرۆییەوە ئەوا لەسایەی جەنگ و ڕووداوەکانەوە بۆیان دەرکەوتووە و فێربوون، تاکە بەڵگەی زانینیشیان پەیوەستە بە بوونی ناوی ئەندامەکانی تایبەت بە جادووگەریی لای ڕۆمان ئەوانیش شەش ئەندامی جەستەی مرۆڤ بوون: سپڵ و گەدە و هەردوو گورچیلە و دڵ و سی و جگەر

بوون، لەهەمووشیان گرنگتر جگەر بووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ڕۆڵی خوێن لەبەرەوپێدانی ژیاندا، کاتێک کەسێک خوێنی زۆری لێ بڕۆیشتایە و نەشتەرگەری دەماریان بۆ ئەنجامبدایە ئەوا پێش لەهەموو شتێک جگەریان دەپشکنی و بەو هۆیەی لەکاتی تۆکاری کردن بۆ جەستەی کەسەکە جگەر پێش لەئەندامەکانی تر دیاردەکەوت، جگەر شەش یەکی خوێنی مرۆڤی تیادا کۆبووەتەوە، بۆیە گرنگی زۆریان بە جگەر داوە و بەئەندامی ژیانیان هەژماردووە. هەروەها بابلییەکان گرنگی دڵیان بۆ دەرکەوتووە و دڵیان بە کۆگای تێگەیشتن و هەستەکان داناوە، دڵ شوێنی سۆز و خودی ژیانە، بەهۆی دابەش کردنی جگەر بۆ پێنج بەش ئەفسونگەر و فاڵچییەکان توانیویانە بۆ هەربەشێکی ناو و تایبەتمەندییەک دەستنیشان بکەن، بەڵام لەڕاستیشدا هیچ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ دەرخستنی ڕاست و دروستی قسەکانی ئەو جادووکارانە نییە، هەرچەندە ئەفسونکاران شارەزای بەشەکانی جگەر بوون، بەڵام ناشتوانرێت بەتوێکار هەژمار بکرێن، چونکە تەنها شارەزای جگەر بوون.

جادووگەریی بابلی پشت بەست بە پشکنینی جگەر لەچەندین دەقدا هاتوون (نزیکەی ٦٤٠ دەقی لە "ساڵی ١٩٣٨"دا لێ بلاوکراونەتەوە)، ئاماژە بەوەدەکەن لە قوڕ جگەریان داتاشیوە و دوونموونەی لەم شێوەیەش لە مۆزەخانەکانی بەریتانیادا هەیە، دانەکیان زۆر بەڕوونی نوسراوە بە ڕێنوسی (ش-٢٤) و نموونەی دیکەش لە "شاری بوگازکو"ی ئێستا هەیە و لەخۆگری شێوە نووسینی "ئاکەدی و حیسییە" (ش-٢٥) و نموونەی دیکەش لە "بروونز" هەن (دریژییەکەی ١٢٦ ملم)ە کەلە شوێنێکی "ئەترۆسکینی لەشاری بباتشتنزای ئیتالیا"دا (ش-٢٦) دۆزراوەتەوە. "ئەترۆسکینییەکان "فاڵچێتی

پشکنینی جگەری پۆژئاوای ئاسیایان هێناوەتە پۆماوە، ئەم سێ نموونەیە ئاماژەی گواستنەوەی فاڵگرتنەوە دەکەن لەنێوان ناوچەکاندا بەبێ ئەوەی ئاماژەیەك بەسەرچاوەکەی بکرێت.

بابلییەکان تەنها گرنگیان بە جگەر نەداوە بەڵکو پشکنینی دەوروبەری جگەریشیان کردووە، بەتایبەت ڕیخۆڵە.

تاکە ئامانجی پزیشکی بابلی قایل کردنی خواوەند بووە، لەگەڵ وەدەرنانی ئەهریمەن و گیانە خراپەکان لەجەستەی کەسی نەخۆش، ئەمەش لەڕێگەی نوێژ و پاڕانەوە و تکاکردن لەخواوەندەکانەوە ئەنجامدراوە، دواتریش قوربانییەکیان بۆ دەکرد و ڕێوڕەسمێکی شایستەشیان بۆ ڕێکدەخست.

بەمشێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەفسونگەران پاش لەدەست نیشانکردنی جۆری نەخۆشی کەسی بیمار مەراسیمی چارەسەرکردنیان بۆ دادەمەزراند و بەو هۆیەوە دەیانتوانی دەرمانی دژە سیحر و دژە ئەهریمەن بە نەخۆش بدەن و چارەی پێبەخشن، ئەگەر ئەم جۆرە چارەسەرکردنە ڕەتبکەینەوە ئەوا تەنها بەڵگەیەکی زۆر کەمان لادەمێنێتەوە کەشایەنی باسکردن بووبێت، زانا ئاشوری ناسەکان و لەسەرووی هەموویانەوە "د.کامبیل گومسون" (١٨٧٦ز-١٩٤١ز) توانیویەتی چەندین جۆر نەخۆشی لەدەقە ئاشورییە بەجێماوەکان بەبنچینە بابلی شیبکاتەوە، لەوانەش نەخۆشییەکانی کەچەڵی و سەرئێشە و چاو و گوێ ئێشە و کۆئەندامی هەناسە و هەرس و نەخۆشییەکانی ماسولکە و قنگ لەهاوشێوەی مایەسیری، هەروەها کۆدی چەندین تاتە بەردی دیکەیان کردۆتەوە کە باس لە منداڵ بوون و ئازارەکانی ئەندامەکانی نێرینە و

چارەسەرکردنیان، دەرمانەکانیش یان لەڕێگەی دەمەوە بووە یاخود قنگ و کۆم.

بابلییەکان ئاماژەیان کردووە بە نەخۆشییە درمی و زووبلاوەکانی هاوشێوەی هەلامەت و تا و چاوەقوڵە وەک ئەوەی زۆرجار باشووری عێراق پێوەی نالاندویەتی و دووچاری بوونەتەوە، بەلام لێرەدا لەمێژوودا پرسیارێکی ڕاستەقینەمان دووچار دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە: ئاخۆ بەڕاستی بابلییەکان زانیویانە کام جۆری نەخۆشی درم و پەتایە؟ لەکاتێکدا تەنها بڕوایان بەنەخۆشی گواستنەوەی ساحیرانە هەبووە نەوەک نەخۆشی ڕاستەقینەی جەستەیی، ئایا ئەم جۆرەی نەخۆشی هەمان جۆری نەخۆشی ئاماژە پێکراوی تەوراتە؟ ئایا عیبرانییەکان زانیویانە گەڕی چییە؟ سەرباری چارەسەرکردن بە نوشتە ئایا بابلییەکان چارەسەری دابڕینی نەخۆشیان زانیوە کەلە تەوراتدا باسکراوە؟ نوسەر دەتوانێت وەلامی ئەم پرسیارانە بە ئەڕێیی بداتەوە، بەلام ناتوانێت بە دەقی پشتگیری تەواو بیسەلمێنێت.

هەرگیز ناتوانین بڵێین شارستانییەتی نیشمانی دوو ڕووبار پێش لەشارستانییەتی ڕووباری نیل بووە، چونکە پێویستە لە دەستەواژەی سەرەتای شارستانی تێبگەین لەوەی کەی سەرەتای شارستانییەتە، یاخود بەمانایەکی دی سەرەتای دەرکەوتنی پەلکە زێڕینەی ئاسمان کەی بووە؟ وەک دەزانین کە سۆمەرییەکان لە "٣٥٠٠ بۆ ٢٠٠٠ پ.ز" دەستیانگرتبوو بەسەر ڕۆژهەلاتی نزیک و فەرمانڕەوای میسری تاوەکو "سەدەی شانزەی پێش زایین" نەگەیشتبووە لوتکە، هەروەها دەتوانین بڵێین کە وێژەی نیشتمانی دوو ڕووبار بنچینەی وێژەی میسرییە و لەڕاستیشدا کۆنترین دەرکەوتنی وێژە دەگەڕێتەوە

بۆ نیشتمانی دوو پووبار، بەپێی بۆچوونی "کرامر": بەدڵنیاییەوە بەپێی ئەوەی هەمانە دەتوانین بڵێین کە بۆردە دەقییە جادوویی سۆمەرییەکان کە دەگەڕێنەوە بۆ"٢٠٠٠ پ.ز"، زۆرێك لە وێژەی سۆمەری لەسەر نوسراون، بەڵام هۆکاری کەمی ماده و دەقی وێژەیی دۆزراوەی سەردەمی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ماوەی بەژێرەوەبوونی ئەو نوسراوانە بەچەندین ملیۆن تەن خۆڵ و خاشاك و ئەوەشی دۆزراونەتەوە تەنها بەشێوەی لەناکاو و چاوەڕوان نەکراو بووە ".

ئێستاش با ئەم میژووە بەراوردبکەین بە میژووی وێژە کۆنە ناسراوەکانی لای ئێمە، بۆ نموونە لە ولاتی میسردا، لێکۆڵەر پێشبینی دۆزینەوەی وێژەیەکی کۆن دەکات کە بەشێوەیەکی وەها نوسرابێتەوە لەگەڵ پێشکەوتنی ئێستادا گونجاوبێت، لەڕاستیدا میسرییەکان لە "هەزارەی سێیەمی پێش زایین"ەوە خاوەنی نوسراوی وێژەیین، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانیی ئەوەیە کە زۆرینەی لەسەر بردی نوسراونەتەوە (بردی مەبەست لەبەرد نیە، بەڵکو مادەیەکی دیکەیە)، کە مادەیەکی زوو تێکچووە، بۆیە گریمانەیەکی کەم هەیە بۆ دۆزینەوەی دەقی وێژەیی میسری کۆنی گونجاو. دواتریش وێژەی کەنعانی هەیە کە تاوەکو ماوەیەك پێش ئێستا هیچ کەس ئاشنای نەبوو بوو، بەجۆرێك لێکۆڵەرە فەرەنسییەکان لەکاتی هەڵکۆڵینی "سەری شەمرە" لە باکوری سوریادا چەندین تاتە بەردی نیشانەی وێژەی کەنعانیان دۆزییەوە کە میژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ "١٤٠٠پ.ز"، واتە بە پێنج سەد سالّ دوای نووسینی دەقەکانی وێژەی سۆمەری نوسراونەتەوە، بەڵام وێژەی بابلی سامی وەکو "داستانی حەلیقە" و "داستانی گلگامش" و پارچە وێژەییەکانی دیکە،

ناتوانین بڵێین لە دەقی سۆمەرییەکان نوێتر نییە، بەڵکو وەرگێراو و شوێنکەوتەی وێژەی سۆمەرییە.

ئێستاش دەچینە سەر گرنگترین دەقە وێژەییە کۆنە کاریگەرەکانی وەکو تەورات کە لەخۆگری وێژەی داهێنراوی عیبرییە و "ئیلیادە و ئۆدیسا"ش کە ئاخنراون بە داهێنانی وێژەیی هۆنراوەیی لای یۆنانییەکان و "پیج فیدا"ی وێژەی هیندستانی کۆن و "ئاڤێستا"ی کۆنە بەرهەمی ئێرانی، ئەوەی شایەنی تێبینی کردنە ئەوەیە هیچ کام لەم دەقانە بەمشێوەیەی ئێستایان تاوەکو "نیوەی یەکەمی هەزارەی پێش " نەنوسراونەتەوە، هەموویان دوای دەقە سۆمەرییەکان بە نزیکەی "هەزار سال" داڕێژراونەتەوە، هەروەها خودی دەقی تەورات و ئیلیادە و ئۆدیسە و پیج فیدا و ئاڤێستا تاوەکو بەدەستی ئێمە گەیشتووە بەچەندین شێوازی جۆراوجۆر دەستکاری و شیکردنەوەی بۆکراوە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر، بەڵام لە وێژەی سۆمەریدا ئەم شتە کەم ڕوویداوە.

دەستەی لێکۆڵینەوەکانی "زانکۆی پەتسڤالیا" کە نێردرابوون بۆ ناوچەی "نفر" و لە ساڵی "١٨٨٩ز-١٩٠٠ز" خەریکی هەڵکۆڵین بوون، توانییان نزیکەی "٥٠٠٠٠ پارچە شوێنەوار" بدۆزنەوە کە نزیکەی"٣٠٠٠ دانە"یان بە "هێڵی مێخی سۆمەری" نوسراونەتەوە و دەگەڕێنەوە بۆ "٢٠٠٠پ.ز" و ئێستا لە "زانکۆی فیلادلفیا"دا هەڵگیراون، تاوەکو ئێستا نەتوانراوە سەرجەم ئەم دەقانە بەتەواوەتی کۆدەکانیان بشکێندرێت و شیکردنەوەی تەواویان بۆ بکرێت. بۆ شیکردنەوەی دەقەکان زمانەوانان پێویستیان بەماوەیەکی زیاتر دەبێت وەک لە دەقە ئاکەدی و میسرییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی باشی ڕاڤە و شیکردنەوەی بۆکراوە، وەک "کرامر" دەڵێت: زۆر شانازییە، زۆرێک

لەدەقەکانی ئەم نوسراوانە لەپێشتردا نەنوسراو و نەبینراون، زۆرێکیان سروتی ئاینین بۆ خوا و نموونە و پەند و بۆچوونی پەیوەست بە ئافراندنن.
سۆمەرییەکان خۆیان بە دامەزرێنەری شارستانی هەژمار نەکردووە، بەڵکو میراتگری کلتوورێکی پێشکەوتوترن، خاوەنی بیرۆکەی تێپەڕینی مرۆڤ بەچەرخی زێڕینن، بەڵگەی ئەمەش چیرۆک و داستانەکانیانە.
لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا نە مار هەبووە و نە دووپشک، نە کەمتیار و نە شێر، نە سەگی دڕندە و نە گورگ لە بووندا نەبوون. لەو ڕۆژگارەدا زەوییەکانی "شۆبر" (ڕۆژهەڵات)، پێگەی چاکەی گشتی بوو، لانکەی دانایی و دادپەروەری بووە.
"نیشتمانی سۆمەر" (باشور) خاکێک بووە کە تێیدا خەڵکەکەی خاوەن یەک زمان بوون، نیشتمانی دەرکەوتنی پەیڕەوەکانی میرنشینی بووە.
"ئور"ی (باکور) زەوییەکی زۆر بەپیت و فەڕ بووە، لەخۆگری هەموو ئەو شتانە بووە کە پێویستن بۆ ژیان.
"نیشتمانی مارتۆ" (ڕۆژئاوا) ئاسایشدار و لانکەی دڵنەوایی بووە.
هەموو گەردوون، سەرجەم خەڵک بەکۆڕا، ستایش و سەنای "ئانلیل"یان دەکرد پێکەوە.
بەپێی ئەو تاتەی دۆزراوەتەوە لەو دەمەدا سەرباری زۆری قەیرانەکان، بەڵام ناوچەکە لە ئارامییەکی تەواودا بووە، ئەمەش مانای وایە مرۆڤ لەسەرەتاوە بە پێگەیشتوویی تەواوەوە دەرکەوتووە لەبری پێنەگەیشتوویی و پێش نەکەوتن، ئەمەش پێچەوانەی بیرۆکەی گەشەکردنی مرۆڤە، تەنانەت تاوەکو ئەم چەرخانەی تازە هیچ بیرۆکەیەک نەبووە لەبارەی چۆنێتی گەشەکردنی مرۆڤەوە،

بەتایبەت تاوەکو سەدەی نۆزدەهەم، تا ئەم کاتەی ئێستاش هێشتاکە بەهۆی زۆری زوڵم و ستەمەوە زۆرێک هەن بیرۆکەی گەشەکردنی مرۆڤیان بەلاوە پەسەندە لەکاتێکدا خۆی بیرۆکەیەکی ناپەسەندە.

لەگەڵ ئەوەی دەقی دۆزراوەی نوسراوی سۆمەرییەکان بەشێوەیەکی گشتی بۆ "٢٠٠٠پ.ز" دەگەڕێتەوە، بەڵام لەسایەی چەندین بەڵگەوە دەتوانین بۆ لەوە پێشتری بگێڕینەوە، بۆ نموونە زۆرێک لەدەقەکانی پادشای ئاکەدی "سەرجوون" (٢٦٣٧-٢٥٨٢ یان ٢٤٥٠-٢٣٥٠پ.ز) دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە پێش لە نوسراوە دۆزراوەکان. ئەو دەستنوسە وێژەییە سۆمەرییانە هۆکاربووە بۆ کردنی زمانی سۆمەری بە زمانی باوی ئاینی و وێژەیی، نوسەرە بابلییەکان هەوڵێکی زۆریانداوە بۆ هێشتنەوەی دەقە ڕەسەنە سۆمەرییەکان و شیکردنەوەی، ئامارژەش هەن کە تایبەتن بە نوسراوەکانی میسر، بەڵام جیاوازە لەوەی سۆمەرییەکان، چونکە نووسینی میسری گۆڕاوە سەرباری مانەوەی زمانەکەیان وەکو خۆی، لەکاتێکدا زمانی سۆمەرییەکان جیاوازبووە لە زمان بابلییەکان.

دوو تاتە بۆردی دۆزراوەی "نفر" کە یەکێکیان لە "لۆڤەر" لە پاریس و ئەوی تریش لە "فیلادلفیا"یە باس لە گیانی مرۆڤ دەکات لای سۆمەرییەکان و ڕادەی هۆشیاریی وێژەیی سۆمەرییش دەخەنەڕوو، ئەم دوو تابلۆیە لەخۆگری نووسین و پێڕستی ناوی کتێبەکانن، کۆنترین جۆری دەستنووسی هاوبواری خۆیەتی، تابلۆکەی "فیلادلفیا" لەخۆگری "٦٢ ناونیشانە"، تابلۆکەی "لۆڤەر"یش هەڵگری "٦٨ ناونیشان"ی پەرتووکی وێژەییە و تاوەکو ئێستا توانراوە ناوی "٢٨ پەرتووک"ی بزانرێت.

لەڕاستیدا تابلۆ سۆمەرییە دۆزراوەکان بۆ مێژوونوسی وێژەیی و ئاینی زیاتر بەکەڵکترە وەك لە مێژوونوسی زانستی، هەروەها چەندین دەقی سۆمەری کۆنیش هەن کە زۆر لە دەقی میسرییەکان دەچن، لەم دەقە کورتانەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە وێژدانی مرۆڤ بە تەنها لە نیشتمانی دوو ڕووباردا پەرەی نەسەندووە، وەکو ئەوەی لەمیسردا دەرکەوتبوو، بەڵکو خۆی بووبووە بیسەری خودی خۆی.

ڕەنگە سۆمەرییەکان وایان هەست نەکردبێت خواکانیان تەواوکراون، بەڵام توانیویانە لەڕێگەی پەناگرتن بەخواکانیانەوە خراپە لە خۆیان دووربخەنەوە، هەوڵی زۆریانداوە بۆ دیاریکردنی پێگەی مرۆڤ لەگەردووندا، لەژێر سێبەری خواکان و لەسەرووی پێگەی هەموو ئازەڵەکانەوە و دواتریش پرسیویانە شارستانی چۆن دەستی پێکردووە؟ سەرگوزەشتە و داستانەکانیان ئامانجی شیکردنەوەی فەرهەنگ و کلتووری بووە، شێوەی ئەو شتانەشیان کردووە کە بەچاوی خۆیان بینیویانە، یاخود شێوەی ئەو دیمەنانەشیان کردووە کە لە داهاتوودا دەیبینن، وێنەی خەون و ویستراوەکانیان کردووە، هەموو ئەمانە بەبێ ڕۆچوونێکی قوڵانە ئەنجامدراوە، بەڵام لێرە و لەوێ کۆمەڵێك دێڕ دەبینین کە باس لە نیگەرانی و دوودڵی و لەخواترسانی مرۆڤ دەکەن، ئەمەش هانی داون بۆ باش بیرکردنەوە و تێڕامان لەشتەکان.

لێکۆڵەران هەوڵێکی زۆریانداوە بۆ شیکردنەوەی نۆتە مۆزیکییەکانی سەر نوسراوە کۆنەکان، هەندێکیان دەڵێن: ئەم تابلۆیانە وێنەی ئاوازی "تەموورە"ی تایبەت بە سۆمەرین لەبواری مرۆڤ دەرکەوتندا، ڕەنگە ئەمە زیادە گوزاڤ لێدان بێت، بەڵام دیارە کە سۆمەری و جێگرەوەکانیان زۆریان حەز بە مۆزیك کردووە،

زۆر ئامێری مۆزیکیشیان ناسیوە، لەوانەش: تەپڵ و زەنگ و نەی و شەیپور و زورنا و عود و دێژامور تار و چەنگ.

بەهۆی گرانی هێڵی بزمارییەوە تەنها چەند کەسێکی نەبێت هاوڵاتیان سۆمەر نەیانتوانیوە بنوسن و بخوێننەوە (تەنها نوسەر و بنەماڵەی پادشا و کاربەدەستە گرنگەکانی دەوڵەت و کەشیشەکان شارەزای ئەم بوارە بوون)، بۆیە لەکاتی هەر مامەڵە و گرێبەستێکدا بەناچاری پەنابراوەتە بەر نوسەرەکان بۆ نووسینەوەی سەرجەم دەقەکانی ڕێککەوتنەکەی نێوانیان لەسەر قوڕێکی تازە و دواتریش بە مستیلەیەک مۆرێک لەسەر قوڕەکە دەدرا کە هی خاوەن مامەڵەکە بوو، لەبەرئەوەی بۆ هەر کەسێک نیشانەیەک پێویست بووە بۆ واژۆکردنی گرێبەست بۆیە هەرکەسە و خاوەنی مستیلەیەکی تایبەتی خۆی بووە، ئەمەش وای کردووە ژمارەیەکی زۆری مستیلەمان بۆ بەجێ بمێنێت و بیاندۆزینەوە. بۆ دروستکردنی ئەم کلکەوانانە لەبەرد و مس پێویستی بەدەست ڕەنگینییەکی زۆر هەبووە (باشترینیان لەبەردی بەهێز و پتەوی وەکو لازورد و یەشم و بەردەمار و گەوهەر هەڵکۆڵراون)، ئەو مستیلانەی دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی "سەرجۆن" زۆر پێشکەوتووترن لەڕووی هونەرییەوە لەسەرجەم مستیلەکانی تر، زۆرێک لەم مستیلانە لەخۆگری ناوی خاوەنەکەی بووە، یەکێک لەم جۆرە مۆرانە لە "مۆزەخانەی لۆفەر"دا پارێزراوە کە هی پزیشکێکە بەناوی (ئور – لوکال–ئەدنا) مستیلەیەکی قەبارە گەورەی (٦٠ملم بەرزە و تیرەکەی ٣٣ملم ه) و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ "نیوەی هەزارەی سێیەمی پێش زایین" (ش–٢٧).

زۆربەی باڵەخانە سۆمەرییەکان لەناوچوون، بەڵام زۆرێک لەداتاشراوەکانی سۆمەری ماونەتەوە و جێگەی سەرسوڕمانی زۆربەی بینەرانی مۆزەخانەکانی جیهانن، لێرەدا چەندین نموونەی دیکەی شوێنەوار بەجێماونەتەوە، لەوانەش: (تاتی داڵەکان) کە پادشا "ئینانامت"ی لەگەشی دروستی کردووە و ئێستاش لە "مۆزەخانەی لۆفر"ە، تاتی "نەرامسین"ی کوڕەزای "سەرجۆنی ئەکادی" و چەندین نموونەی دەستنوس و پەیکەری "گۆتی" دیکە لەم بوارەدا ماونەتەوە، بۆ نموونە: ئەو قاپە زیوییەی هەڵگری ناوی "ئینتمینا"یە کە هی پادشای "لەگشە" و لەسەر پووەکەیدا شێوەی داڵێک دروستکراوە و لەپێشترین دروشمی داڵە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا و هەرچی هەن پاش ئەوە و لەمەوە وەرگیراون، تەنانەت خودی داڵە دروشمەکەی هەرێمە یەکگرتووەکان، هەروەها بەرانەکەی دیکە و سەری گای لە زێڕ و بەردی لازورد دروستکراو و کلاوی جەنگی لەئالتون دروستکراوی تایبەت بە پادشا "مس-کلام-دج" لە "مۆزەخانەی بەغداد"ە و، ئەو جامە زێڕینەی کە لەشاری "ئوری یەکەم" دۆزراوەتەوە، سۆمەرییەکان خاوەنی یەکەمین نوسراوی بیرکارین، دانەری سیستمی شەستی کاتن، ئەوەی جێگەی شانازی کردنە ئەوەیە کە سۆمەرییەکان بە "سێ هەزار ساڵ" پێش لە "برکلیس" ژیاون و لەداهێناندا پێش یۆنانییەکان کەوتوون.

بازرگانی لە بابل

ڕێگە و شێوازی باو لە ڕەوتی بازرگانیدا بریتی بووە لەوەی بازرگانێک شمەک یان پارە و سامانەکەی بەکەسێک دەسپارد و ئەو کەسەش دەبووە سەرۆک

کاروان و بەدووی بازاڕێکی باشدا دەگەڕا بۆ ساغ کردنەوە و فرۆشتنی ئەو شمەکەی پێیدراوە یاخود هێناویەتی. کاروانەکان بۆ مەودایەکی درێژ گەشتیان کردووە و تەنانەت سنووری ئیمپراتۆریەتییەکەشیان تێپەڕاندووە. یاساکە دەڵێت: پێویستە کەسی پێسپێردراو بەباشی شمەکەکان بژمێرێت و بەشوێنی مەبەستی بگەیەنێت، نابێت درۆبکات لەمامەڵەکەدا و ئەوەی ناتوانێت ئەنجامی بدات پێویستە دانی پێدا بنێت.

پێویستە لەسەر بریکار –گەر هاتوو تەنانەت قازانجیشی نەکرد– زیاد لەوەی وەریگرتووە بۆ خاوەنەکەی بگێڕێتەوە، خۆ ئەگەر قازانجێکی کەمیشی کرد ئەوا پێویستە بەو بڕە سوودەی پشکی خۆیەتی کورت هێنانەکەی ئەو مامەڵە بازرگانییەی پێداپۆشێت، بەڵام بەرپرس نییە لە لەدەستدانی شمەکەکە بەهۆی دزی و تاڵانکردنەوە. لەکاتی گەڕانەوەشدا پێویستە بازرگانەکە شتێك پارە بە بریکارەکەی بدات لەبری ئەو ئەرکەی کێشاویەتی لەو گەشتە بازرگانییەیدا، هەر فرت و فێڵێك لەلایەن بریکارەوە بەسێ ئەوەندە سزا دەدرێت و گەر هاتوو بازرگان فێڵی لەبریکارەکە کرد ئەوا بەشەش هێندە سزا دەدرێت. زۆرجاریش رێککەوتن نیوە بەنیوە دەبێت لەقازانج و زیاندا.

زۆرجار بارە بازرگانییەکان بە گەرەنتی دەدران بەوەی دەبێت بەجێی خۆی بگەیەنێت، خۆ ئەگەر وای نەکرد ئەوا پێویستە بەپێنج ئەوەندە قەرەبووی خاوەن شمەك بکاتەوە. بەزۆریش کرێی گەیاندن پێشەکی دەدرێت، خۆراك و دانەوێڵە شەش یەکی دەدرێت بەکەسی گەیەنەر، گەیەنەر کەمییەکان پردەکاتەوە و بڕی ونبووشی دەخاتەوەسەر، واتا نابێت هیچی لەدەست بدرێت.

دەریاوانیش لەئاوەکانی پووباری فورات و کەنالەکانی دیکەی ناوچەکەدا لە مێژەوە باو بووە. یاسای تایبەت بەم بوارە دەڵێت: پێویستە هەر کەشتییەک دروست دەکرێت بۆ گواستنەوەی شمەک و خۆراک بەرگەی زیاد لەیەک ساڵ بگرێت، هەروەها نرخی تایبەتیشی بۆ دانراوە، دیسانەوە کاپتن یان سەرۆکی کەشتییەکە بەرپرس دەبێت لەهەر زیانێک لە شمەک و خەڵکی گواستراوە بکەوێت لەکاتێکدا ئەوان هێشتاکە لەنێو کەشتییەکەی ئەودابن. لەکاتی دەریاوانی کردنی هەڵە و نغرۆبوونی کەشتییەکەدا بە نرخی نیوەی کەشتییەکە کاپتنی کەشتییەکە سزا دەدرێت، لەکاتی پێکداکێشانیشدا پێویستە خاوەن کەشتیی هۆکاری ئەم پروداوە ئەو زیانانانە بدۆزێرێت کە کەوتوونەتەوە. هەروەها یاساکە جوولەی شلەمەنیشی دەستنیشانکردووە و نرخێکی تایبەتی بۆ بیرە داناوە و نابێت لەوە زیاتر وەربگرن و لەکاتی نواندنی هەر ڕەوشتێکی نابەجێ یان گەلەکۆمەکیدا ئەوا سزای مەرگ چاوەڕوانی بەشداربوو و هۆکار دەکات لەو یانەیەدا. بۆ ئەوەی خاوەن یانەکە پێوە نەبێت دەبوو خۆی ئیش ڕەش و خراپەکارەکانی بگرتایە و بیناردنایە بۆ لای پۆلیس، بۆیە بەمشێوەیەش کاری پۆلیس و حەیتەکان ئاسان دەبوویەوە و ئاسایشی ولاتیش باشتر دەبوو.

پێدانی پارە لەڕێگەی بانک یان هەواڵەوە یان پێ سپاردن و وەرگرتنەوەوە کارێکی باو بووە، بۆیە ئەو کەسانەی ئەم جۆرە کارەیان دەکرد بەتایبەت پارە پێدەر "٢-٣٪ " قازانجیان وەردەگرت لەبەرامبەردا، بۆیە گرنگ نەبوو خاوەن ئەو پارەیە کۆشک بێت یان بازرگان یاخود دێوەڵ.

هاوسەرگیری بەزۆری شێوازی کڕینی لەخۆگرتبوو، باوکی کوڕ دەچووە خوازبێنی کچەکە و نرخێکی پێدەدان و گەر ئەوانیش ڕازی بوونایە ئەوا لەگەڵ خۆیدا بووکەکەی بۆ کوڕەکەی دەبردەوە. نرخی هاوسەرگیری بەپێی ئاست و پلەی کۆمەڵایەتی هەردوولا دەگۆڕا، دەبوو ئەو نرخەی باوکی کوڕ دەیدات بۆ کچی پیاوێك زیاتر بوایە لە نرخی کۆیلەیەك، دیسانەوە گەر هاتوو باوکی کچ ڕازیبوو بە پڕۆسەی هاوسەرگیری و باوکی کوڕ دیاری بۆ ناردن، بەڵام دواتر ئەوان پەشیمانبوونەوە پێویستە باوکی کچ دووهێندە شمەك و دیاری بۆ ماڵی کوڕ بگێڕێتەوە. بەڵام ئەگەر هەردوولا قایل بوون ئەوا بووکێ بەدرێژایی ژیانی دەبێتە مووڵکی زاوا، خۆ ئەگەر زاوا پەشیمانبوویەوە لە هاوسەرگیرییەکە ئەوا هەموو ئەو دیارییانەی هێناویەتی دەبێت بەجێی بهێڵێت و هاوسەرگیرییەکەش هەڵدەوەشێتەوە. مارەیی بەدرێژایی تەمەن مووڵکی بووکێ دەبێت. ئاهەنگی بووك گواستنەوەش بەوەدەبێت زاوا دەستی بووکێ دەگرێت و هەندێك قسە و ئاماژەی تایبەتی دەڵێنەوە، بۆ نموونە، زاوا دەڵێت: من کوڕی خانەدانم، ئامێزت پڕدەکەم لە زێڕ و زیو، کەواتە ژنی من بە منیش مێردت دەبم. ئەم بۆنەیەش لەلایەن کەسێکی ئازادەوە سەرپەرشتی دەکرێت و بەڕێوەدەبرێت.

گرێبەستی هاوسەرگیری مەرجی سەرەکی دامەزراوی ئەو هاوسەرگیرییە دەبێت و بەبێ ئەو گرێبەستە ئەو هاوسەرگیرییە هەڵدەوەشێتەوە، یاخود لای دەوڵەت بوونێکی نابێت. لە گرێبەستەکەدا زۆرمەرج هەیە بۆ نموونە: دەبێت بووکێ وەکو بەردەستە و کەنیزەك ئیش و کاری ناومانڵ بکات و نەهێڵێت خەسووی دەست لە هیچ شتێکەوە بدات، یاخود دەبێتە خزمەتکاری ژنی یەکەمی مێردەکەی، پیاوەکەش زۆرجار دەبوو هەرچی قەرز و کۆنە باجی لای ژنە

تازەکەیەتی بیبـژێرێت، بـەلاّم لـەو قـەرز و باجانـەی لـەپاش هاوسـەرگیریدا بەسـەریاندا دەسـەپێندرێن ئـەوا هاوبەشـن، پیـاو خـانوو و مـاڵ بـۆ ژنەکـەی دابینـدەکات، ئەگەر ژنەکە دەوڵەمەندتر بوو ئەوا ئەو دابینـی دەکات و لەپاش خۆشـیانەوە منداڵـەکانیان بۆیـان هەیـە ببنـە میراتگـر و هـیچ کەسـێکی هـیچ کامێکیـان بۆیـان نییـە داوای میراتـی بکـەن جگـە لـە منداڵـەکانیان، سـەرباری ئەوەی ئافرەتەکە شووی کردووە، بەلاّم زۆرجار وەکو ئەندامی خێزانە کۆنەکەی (ماڵی باوکی) دەمایەوە بۆیە پێیان دەگووت کچی کابرای...دایکی فلاّنە کەس.

جیابوونەوە لەلایـەن پیـاوەوە بـەئارەزووی خـۆی بـووە، واتـا ڕێگـە بـەپیاو دراوە هەر ساتێك بیەوێت لە ژنەکەی جودا بێتەوە بەو مەرجەی مارەییەکە بۆ ژنەکـەی بگێڕێتەوە، ئەگەر منداڵیان لە نێواندابوو پێویستە پیاوەکـە بـەخێوی بکـات، بـۆ ئەمـەش دەبێـت تائەوکاتـەی منداڵـەکان گـەورە دەبـن پیاوەکـە بەشـێك لـە داهاتەکەی بـۆ ئـەو منداڵانە تـەرخان بکـات، تەنانـەت گـەر هـاتوو باوکەکـە مـرد، ئـەوا بـەبێ جیـاوازی لەگـەڵ منداڵـەکانی تـری ژنـەکانی دیکەیـدا سـامانە بەجێهێڵراوەکەی دابەش دەکرێت، بەلاّم دیسانەوە دوای جیابوونـەوەی پیـاو لـە ژن، مێردەکە بۆی هەیە بە ئاسوودەیی بۆ خۆی ژنێکی دیکە بهێنێت، خۆ ئەگەر ژنـی تەلاّقـدراو منـداڵی نـەبوو ئـەوا تـەنها مارەییەکـەی بـۆ دەگێڕدرێتـەوە یـان مینەیـەك لـە زیـو، دەسـتەواوژەی مینەیـەك لـەزیو سـزای هەڵوەشـاندنەوەی هاوسەرگیرییەکەیە.

ئەگـەر هـاتوو ژنەکـە کەسـێکی خـراپ بـوو ئـەوا یاسـا ڕێگـەی پێـدەدات بـۆ دوورخسـتنەوەی بـەبێ پێـدانی منـداڵ و شـیرباییەکەی، یـاخود دابەزانـدنی پلەکـەی بـۆ ئاستی کـەنیزەك و دانـانی لـە کۆشـکێکی تایبەتیـدا و تـەنها بـۆی

هەبوو نان و خۆراك وەربگرێت و بخوات. پیاو دەتوانێت بەتۆمەتی تووندوتیژی یان بێگوێیی کردن سکالاّ لەدژی هاوسەرەکەی تۆماربکات و، ئەگەر توانی بیسەلمێنێت ئەوا بەپێی یاسا لەیەکتری جیادەبنەوە، پیاوەکەش هیچ سزایەك نادرێت، خۆ ئەگەر مێردەکە نەیتوانی داواکەی خۆی بسەلمێنێت ئەوا لە ڕووبارێکدا دەخنکێندرێت. ئەگەر ژن بەبێ خۆراك و پارە بەجێبهێڵرێت ئەوا بۆی هەیە پەنا بۆ پیاوێکی دیکە ببات، بەلاّم پاش هاتنەوەی مێردەکەی یاخود دووبارە داواکردنەوەی بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ماڵەکەی ئەوا بۆی هەیە بگەڕێتەوە بۆ نێو منداڵەکانی لەکاتێکدا لەو کاتەدا منداڵەکان لەلای باوکی ڕاستەقینەیان دەبن. بەلاّم ئەگەر مێردەکەی پارە و داهاتی باشی بۆ بەجێ هێشتبوو ئەوا لەکاتی ئامادە نەبوونیدا بۆی نییە لەگەڵ پیاوی دیکەدا بخەوێت، یاخود هاوژیانی دروست بکات و، ئەگەر دروستیش کرد ئەوا داوێن پیسی کردووە، بۆیە لەم کاتەدا مێردەکەی بۆی هەیە یان تەلاّقی بدات یاخود دووری بخاتەوە بۆ شوێنی دوورەدەست و هاوسەرگیرییەکەشیان هەڵوەشاوە دەبێت.

بێوەژن، هاوسەر شوێنی مێردەکەی دەگرێتەوە لە خێزانەکەدا، لەماڵی خۆیدا دەمێنێتەوە و سەرپەرشتی منداڵەکانی دەکات. تەنها بە ڕاوێژ و ڕێگەپێدانی یاسایی بۆی هەیە هاوسەرگیری بکاتەوە، لەمکاتەشدا پێویستە لەسەر دادوەر هەژماری موڵك و سامانە بەجێ هێشتراوەکانی پیاوە مردووەکەی بکات و وەکو سپاردەیەکی منداڵەکان دەیداتە دەستی دایکی منداڵەکان و باوەپیارە نوێیەکەوە. موڵك و سامان پاش گەورەبوونی منداڵەکان بەوان دەدرێتەوە و لەمارەیی دایکەکەش نیوەی بەر منداڵەکان دەکەوێت، بەلاّم دیاری و خەلاّتەکانی هاوسەری یەکەمی واتا باوکی منداڵەکانی دیسانەوە بۆ منداڵەکان

دەگێڕدرێنەوە یاخود دەدرێت بە چەند منداڵێك کە دایکەکە خۆی هەڵیدەبژێرێت.

هاوسەرگیری مونوجامی (تاکی) شتێکی باو بووە، ژنی نەزۆك دەیتوانی دۆستێك بۆ مێردەکەی بێنێت بۆ منداڵ خستنەوە بەبێ ئەوەی بێتە ژنی فەرمی و پلەکەی بکرێتە هاوشانی ئەم، پاش ئەوەی کەنیزەکەکە منداڵی دەخستەوە ئەوا دەبوون بە منداڵی ژنی ڕاستەقینەی پیاوەکە نە وەك هی کەنیزەکەکە یان دۆستەکە. لەکاتێکدا کەنیزەکەکە کاری خراپی بکردایە ئەوا پلەکەیان دادەبەزاندن بۆ ئاستی کۆیلە، بەڵام بۆیان نەبوو بیفرۆشنەوە ئەگەر منداڵی بۆ مێردەکەی هێنابێتە دنیاوە. ئەگەر ژنی پیاوەکە نەزۆك بوو ئەوا مێردەکە بۆی هەیە بەپێی یاسا ژنی دووەمی بهێنێت و منداڵی یاسایی و ڕێگەپێدراوی لێبخاتەوە و جیابوونەوەشی تەنها لەڕێگەی یاساوە دەبێت.

گەرهاتوو پیاوە منداڵی لە کەنیزەیەك خستەوە ئەوا ئەو منداڵانە ئازاد دەبن و ناشتوانرێت دایکەکە بفرۆشرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرا بەبارمتە بگیرێت و ئاسوودەیی لێبسەنرێتەوە، بەڵام پاش مردنی پیاوەکەی ئەویش ئازاد دەبوو، ئەو منداڵانە دەتوانرێت لەڕێگەی ددان پێدانانی فەرمی باوکیانەوە ببنە میراتگری، بەزۆریش هەڵدەگیرانەوە وەکو منداڵی خۆیان بۆ ئەوەی ناویان نەزڕێت، خۆ ئەگەر باوکەکە هەڵینەگرتنایەتەوە یان دانی پیادانەنان ئەوا هیچ مافێکی بەشداریێتی میراتگرییان نەدەبوو.

ڕەبەنەکان بۆیان نەبوو هاوسەرگیری بکەن ،یاخود خۆیان پێیان باش نەبوو بەڵام دەیانتوانی منداڵ هەڵبگرنەوە و بەوەچەی خۆیانی دابنێن.

ژنی ئازادیش دەیتوانی لەگەڵ کۆیلەدا شوو بکات و مارەیی پێشکەش بکات، منداڵەکانیان ئازاد دەبوو، لەکاتی مردنی کۆیلەکەدا ژنەکەی نیوەی داهاتەکەی دەبات لەگەڵ مارەییەکەیدا و خاوەن کۆیلەکەش نیوەی داهاتەکەی تری دەبات بەوەی تاکە میراتگری کۆیلەکەیە.

باوک دەستەلاّتی هەموو شتێکی بەسەر منداڵەکانیدا هەیە تاوەکو هاوسەرگیری دەکەن، دەتوانێت ئیشیان پێبکات و داهاتەکانیشیان بەرێت، بەڵکو بۆی هەیە ڕاستەوخۆ بیانفرۆشێت، دایکەکانیش هەمان مافیان هەیە لەکاتی نەبوونی باوکدا تەنانەت برای گەورەش بەتایبەت لەکاتی مردنی باوکەکەدا. باوکی مافی بەسەر وەچەی ژندار و شووکردوودا نییە و تەنها مەگەر خۆیان یارمەتی بدەن، پاش مردنیشی دەبنەوە میراتگری و مووڵکەکەی دابەش دەکەن.

کچ تەنها ئەوەندەبوو باوک بۆی هەبوو زاوای بۆ دەستنیشان بکات، بەڵکو دەیتوانی لەخزمەتی خواوەندێکدا دایبنێت و بیکات بە خزمەتکاری ئەو پەرستگایە.

کچ هیچ جێگرەوەیەکی نەدەبوو بۆ بڕیارەکانی باوکی بەتایبەت گەرهاتوو لەمنداڵییەوە ئەو بڕیارە درابێت. کچ دەیتوانی لەبری هاوسەرگیری نەخوازراو بەدرێژایی تەمەنی بە ڕەبەنی بمایەتەوە و لەبری ئەوەشدا باوکی دەبوو نرخێکی بۆ دابنایە، خۆئەگەر نەیتوانیایە پێی ببەخشیایە ئەوا دەبوو پاش مردنی کوڕەکانی پێیانبەخشیایە، بەزۆریش سێ یەکی داهاتی کەسێکی ئاسایی پێدەبەخشرا، لەم بارەشدا کچەکە (پاش ئەوەی بۆتە کاهین) لە هەموو باجێکی دەوڵەت دەبەخشرا. بەڵام ئافرەتەکانی تر دەیانتوانی سوود و چێژ لە ژیان و مارەییەکانیان وەربگرن. مووڵکی خوشکی زۆر یان بێ بەرهەم بۆ برا و

خوشکەکانی دەبێت ئەگەر هیچ بریکارێکی نەبێت، خۆ ئەگەر مێردی هەبوو ئەوا ئەو دەبێتە بەڕێوەبەری کارەکانی.

کوڕ پاش لەهاوسەرگیری دواین کەس دەبوو کە سوود لە موڵک و ماڵی باوکی وەربگرێت، ئاسایی بوو گەربێت و کوڕەکە ژنەکەی بهێنێتەوە بۆ ماڵی باوکی خۆی و لەوێ پێکەوە نیشتەجێ بن.

منداڵ هەڵگرتنەوەش کارێکی باو بووە، بەتایبەت کاتێک باوک (دایک)ەکە بێ منداڵبوونایە، یاخود هەموو منداڵەکانی ژنیان هێناوە و شوویان کردووە و دووركەوتوونەتەوە، لەم کاتەدا کوڕێك هەڵدەگرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ژن و پیاوە بەسالاچووە بەخێوبکات، ئەمەش لەڕێگەی گرێبەستێکەوە دەبێت، لەم گرێبەستدا هەمیشە کار و ئەرکەکانی منداڵە هەڵگیراوەکە لەبەرامبەر باوك و دایکە تازەکەی و موڵك و ماڵە بۆ بەجێهێڵراو و مافەکانی دەستنیشان دەکرا. ئەگەر منداڵی هەڵگیراوە نەیتوانی ئەرکەکانی بەجێبهێنێت ئەوا لەڕێگەی دادگاوە ئەو گرێبەستە هەڵدەوەشێنرایەوە، بەزۆریش ئەوانەی هەڵدەگیرانەوە کۆیلەکان بوون، کاتێك ئیشەکانی خۆیان ئەنجام نەدەدا دیسانەوە دەکرانەوە بەکۆیلە.

زۆرجار خاوەن پیشەیەك منداڵێکی هەڵدەگرتەوە بۆ ئەوەی فێری هەمان پیشەی بکاتەوە و خۆشی ماندوویەتی دەربچێت و بحەسێتەوە، ئەگەر خاوەن پیشەکە نەیتوانی ئەو منداڵە فێربکات ئەوا کوڕەکە یان منداڵەکە دەیتوانی ئەو گرێبەستە هەڵبوەشێنێتەوە، ئەمە جۆرێك بووە لەگرێبەستی پیشەوەری، بەڵام نازانرێت ئایا هیچ پەیوەندییەکی بە پەیوەستەیی باوکایەتییەوە هەبووە یان نا؟

ئەو کەسەی کوڕێک یان منداڵێک هەڵدەگرێتەوە و دواتر ژن دەهێنێت و منداڵی لێدەخاتەوە ئەوا دەتوانێت ئەو گرێبەستە هەڵبوەشێنێتەوە، بەو مەرجەی سێ یەکی بەشی منداڵێکی خۆی پێبدات لەوەی لەبەردەستیدا هەیەتی، نەوەک لە مووڵکی زەوی و مااڵ بەڵکو شمەک و پارە. کچی ڕەبەنی قەیرەبوو هەمیشە منداڵی مێینە هەڵدەگرێتەوە بۆ ئەوەی لە پیرێتیدا سوودی بۆی هەبێت.

منداڵ هەڵگرتنەوەش بە وتووێژ دەبێت لەگەڵ باوک و دایکی ڕاستەقینەی منداڵەکەدا. گەر هاتوو منداڵێکی بێ سەرپەرشتی هەڵگیراوە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر دایک و باوکی خۆی دۆزییەوە و هەڵهات بۆ الیان ئەوا گەر دەستگیربکرێتەوە ئەوا یان چاوی دەردەهێنن یان زمانی دەبڕن. تاکە منداڵی هەڵگیراوە میراتگری تەواوی خاوەن ماڵە و گرێبەستەکەش ئاست و توانای سوود وەرگرتنی ئەو کوڕە دیاری دەکات لە خێزانەکەدا، بەزۆریش هەر ئەومنداڵە دەبێتە تاکە جێگرەوە و میراتگر.

منداڵە بەجێماوەکانی باوکی کۆچ کردووە بە یەکسانی داهاتە بەجێهێڵراوەکە دابەش دەکەن بە لەبەرچاوگرتنی دابینکردنی پارەی پێویست بۆ ئەو برایانەیان کە هێشتاکە هاوسەرگیرییان نەکردووە و مارەییش بۆ کچ یاخود پێدانی بەشی منداڵەکانی دیکەی لەباوکەوە برا و خوشکیان بوو.

هەرگیز ئەوەنییە کەبڵێت کوڕی گەورە زۆرترین داهات دەبات، نەخێر بەڵکو تەنها سەرپەرشتیاری یەکسان دابەشکردنە، بەڵکو پێویستە نەختێک لە بەشەکەی خۆشی دابەشبکات بەسەر ئەوانی دیکەدا، ئەگەر منداڵە بەجێماوەکان هی دوو دایک بوون یاخود دوو خێزان بوون لەیەک ماڵدا؛ ئەوا بەیەکسانی ئەو داهاتە دابەشی دوو دەکەن. گەرهاتوو خوشک ئامادە و برا

لەگەشتدا بوو ئەوا خوشکەکە پشکی براکەی وەردەگرێت و دواتر بۆی دەگێڕێتەوە، ئەگەر تەنها کچیش بوون ئەوا وەکو کوڕ مافی خۆیان پێدەدرێت. منداڵەکان بۆیان هەیە داهاتی دایکیان دابەش بکەن، بەڵام زۆرایکیان هیچی بەرناکەوێت.

باوک زۆرجار بۆی هەبوو تاکە منداڵێکی لەداهاتە بەجێماوەکەی بێبەش بکات، ئەمەش لەڕێگەی یاساوە دەبوو، زۆرجاریش ئەم کوڕە بەشخوراوە پێشە قژیان پەرچەمیان دەبڕی و نیشانەی کۆیلایەتییان لەسەر بااڵی دەدا و دەشتوانرا وەکو کۆیلە بفرۆشرێت، بەڵام ئەگەر دایکی بەمە قایل نەبوایە ئەوا تەنها پێشە پرچیان دەبڕی و بەچواردەوری شاردا فڕەیەکی لێدەدا و ئەو ماڵەی بەجێ دەهێشت، بەڵام پلەکەی دانەدەبەزێنرا بۆ ئاستی کۆیلایەتی.

ناپاکی هاوسەرگیری سزاکەی مەرگ بووە بۆ هەردوو ئەنجامدەر، بەوەی لەڕووبارێکدا دەخنکێندران، بەڵام گەرهاتوو مێردەکەی ویستی لە هاوسەرەکەی ببوورێت ئەوا پادشاش دەتوانێت لە پیاوی ئەنجامدەر خۆش بێت. جووتبوون لەگەڵ دایکدا سزاکەی سووتانە بەزیندوویی و لەگەڵ زۆرایکیشدا بێبەشکردنی کوڕە لە میرات، لەگەڵ کچی خۆی جووت بێت دوور دەخرێتەوە، لەگەڵ بووکدا بێت باوکەکە دەکوژرێت یان دەخنکێرێت، لەگەڵ دەزگیرانی کوڕدا باوک سزا دەدرێت بەسزای ئابووری. ئەو ئافرەتەی بیەوێت پیاوەکەی بمرێت لەپێناو پیاوە دۆستەکەیدا ئەوا لەقەنارە دەدرێت، ئەو کچە دەزگیراندارەی باوکی زاوا فێڵی لێدەکات ئەوا مارەییەکەی بەردەکەوێت و دەگەڕێتەوە ماڵی باوکی، بۆی هەیە بەئازادی خۆی کەسێک هەڵبژێرێت و هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات.

بنەمای سەرەکی لەیاسای تاواندا بریتی بووە لە "چاو بەرامبەر چاو، ددان بە ددان"، شان بەشان لەباری دەستدرێژی کردنە سەر چینی "ئامیلۆ". ئەو کەسانەی دەستیان لەباوکیان هەڵدەبڕی (واتا لێیاندەدان) یان خیانەتیان لە سپاردە دەکرد ئەوا دەستەکانیان دەبڕدرایەوە، گەرهاتوو کەسێك منداڵێکی پێسپێردرایە بۆ ئەوەی بەخێوی بکات و شیری پێببدات ئەویش ئەو منداڵەی گۆڕی بەیەکێکی دی ئەوا مەمکەکانی دەبڕدرێنەوە، ئەوەشی نکۆڵی لەباوك و دایکی خۆی بکات ئەوا زمانی دەبڕدرێتەوە، ئەوەی بەدووی نهێنی پۆشراوی قەدەغەدا بگەڕێت ئەوا چاوی دەردێنن.

هەر پزیشکێك بەندەیەك بکوژێت یان گۆڕ و ناتەواوی بکات لەکاتی نەشتەرگەری بۆکردنی یان هەوڵدان بۆ لابردنی نیشانەی کۆیلایەتییەکەی ئەوا دەستەکانی خۆی لەدەست دەدات. هەربەندەیەك لەکەسێکی ئازاد بدات یان نکۆڵی لە کارەپێسپێردراوەکانی گەورەکەی بکات و ئەنجامی نەدات ئەوا گوێیەکی لەدەست دەدات، بۆیە گوێش وەکو نیشانەیەکی گوێڕایەڵی ئەژمارکراوە. ئەوەی بەڵگەنامەی فەرمی یان هەر شتێکی دیکە لەبەربگرێتەوە و بۆکاری ناڕەوا بەکاریبهێنێت ئەوا دەکوژرێت. ئەوەی بەدرۆوە گەواهی بدات ئەوا سزا تاوانبارەکەی بەسەردا دەسەپێنن، یاخود ئەگەر دەوڵەمەندبوو هەژاری دەخەن و دەبێتە دەرۆزەکار.

ئەوەی بوختان بۆ کچێکی داوێن پاك یاخود ڕەبەنێك بکات ئەوا دەکرێتە کۆیلە، هەر دادوەرێك گەندەڵی بکات بەدرێژایی ژیانی لەکاروباری ولاّت بەدوور دەخرێت.

ئەوەی سزای جەستەیی "مۆسکینۆ" یان بەندەیەک بدات ئەوا بە پارە سزادەدرێتەوە.

یاساکە گرنگی بە مەبەستیش داوە، لەوەی گەرهاتوو کەسێک یەکێکی دی کوشت لەدەمەقاڵێیەکدا و دواتر سوێندی یاسایی خوارد بەئەنقەست نەیکوشتووە ئەوا لەم کاتەدا بەپێی پلەی کەسی کوژراو بکوژ سزای دارایی دەدرێت. یاساکە ناڵێت سزای جۆری کوشتن چییە؟ بەڵام ئەگەر بە ئەنقەست بوو ئەوا دەکوژرێتەوە، ئەگەر لەکاتی پێکداهەڵپژانێکدا یەکێک بریندارببوو، ئەوا پێویستە کەسی بریندارکار پارەی چارەسەرە پزیشکییەکە بدات. هەرکەسێک نیشانەی کۆیلایەتی کەسێکی لابرد ئەوا دەبێت سوێند بخوات کە نەیزانیوە و دواتر دەبوردرێت و ئازاد دەکرێت. ئەگەر خاوەن گایەک هاتوو گاکەی زیانی بەکەسانی دیکە گەیاند ئەوا دەبێت بیبژێرێت بەومەرجەی خەڵکانی دیکەی و خۆیشی بزانێت کە گایەکی شێت و بەزیاناوییە. گەرهاتوو کەسی بەبارمتەگیراو بە سروشتی و بەبێ هیچ هۆکارێک لەلای کەسی بەبارمتەگر گیانی لەدەستدا ئەوا هیچ سزایەکی بارمتەگیر نادرێت. لەکاتی هەڵاتنی ژندا پیاو بۆی هەیە چەند ژنێکی دیکە بهێنێت.

هەر پزیشکێکی ئازەڵی بێتەهۆی کوشتنی مانگایەک یان گایەک ئەوا دەبێت پارە و نرخی ئەو گایە بەخاوەنەکەی بدات. کەشتی دروستکار دەبێت کوون و خەوش لەکەشتییەکەدا نەهێڵێت ئەگینا خۆی بەرپرسیار دەبێت و لەبەرامبەر قەبارەی زیانەکاندا سزادەدرێت.

بەپێی پێگەکۆمەڵایەتییەکان لەیاساکاندا ڕێزێکی کۆمەڵایەتی هەبووە:

هەرکەسێك دەستگیر بکرایە ئەوا دەبوو شمەك یان کەرەستەی پێویستی لابدۆزرایەتەوە بۆ ئەوەی تۆمەتەکەی بەسەردا ساغ بێتەوە، بۆ نموونە گەرهاتوو ژنی پیاوێك بە داوێن پیسی تۆمەتبار بکرایە ئەوا دەبوو هەردوو داوێن پیسەکە پێکەوە دەستبگیر بکرانایە یان ئەوەی بەزۆر دەستدرێژی بکردایەسەر یەکێك ئەوا پێویست بوو کەسی سکالاکار بەڵگەی تەواوی لابوایە، یاخود تۆمەتبارکردنی کەسێك بەدزی دەبوو شمەکی پێویست بۆ بەڵگە لەماڵی دزەکەدا دۆزرابایەتەوە.

لەکاتی پێشکەش کردنی سکالاّدا دەبوو بنوسرێتەوە و هیچیش پێویستی بە پارێزەر یان ناوەندگیر نەدەبوو، کەسانی دیکەش بانگهێشت دەکران و گەواهییان لێوەردەگیرا، گەر گەواهیدەران ئامادەنەبوونایە ئەوا بەرزکردنەوەی سکالاکە بۆ کاتێکی تر دوادەخرا، بۆ ئەمەش ماوەی شەش مانگ دیاری دەکرا وەکو دوا مۆڵەت بۆهێنانی گەواهیدەران. دادگاش پێکهاتبوو لە دادوەرێك و دوانزە پیر، بەڵام تەنها دادوەرەکە بڕیاری دەردەکرد و ئەوانی دیکەش تەنها ڕاوێژیان پێدەکرد و لەڕاستیدا کاری ڕاستەقینەی ئەوان ناڕۆشن بووە، ئایا بەڵگەهێنەربوون یان ڕێکخاری کاروباری دادگاکە؟

هەردوولایەنی سکالاکار و شکایەت کراو و گەواهیدەران سوێندەدران بەوەی چی ڕاستە ئەوە بڵێن، ئەوەی شایەتی بە درۆوە بدایە ئەوا سزای چاوەڕوان کراوی سەر تۆمەتباری بەسەردا دەسەپێنرا. لەهەندێك کاروباری دیکەی نادیار و بێبەڵگەی وەکو جادوو دادوەر بڕیاری دەدا کەسی گومان لەسەرکراو فڕێ

بدرێتە نێو ڕووباری پیرۆزەوە خۆ ئەگەر تاوانبار بوو ئەوا دەمرد و ئەگەر بێتاوان بوایە بەزیندوویی لەڕووبارەکە دەپەڕییەوە، ئەمەبووە پێوەری پاکی و ناپاکی بۆ کاری مەترسیداری بێ بەڵگە.

ئەو بڕیارەی لە دادگاوە دەردەچوو نوسراو دەبوو، مۆریش دەکرا و شایەتی دادوەر و پیران و گەواهیدەران و نوسەری دۆسیەکەیشی لەسەر بوو، ئەمەش بەو شێوەیە دەبوو هەر لایەنێکیان لەبەرگیراوییەکی بڕیارەکەی پێدەدراو و دادگاش بەڵگەنامە ڕاستەقینەکەی لە ئەرشیفی خۆیدا هەڵدەگرت. پادشاش بۆی هەبوو بە بڕیارەکەدا بچێتەوە، لەبابلدا دادگای باڵای هەرێمەکان بوونی هەبووە، بەڵام تاوانبار دەیتوانی داوای داگایی کردنی خۆی بکات لە دادگای ناوخۆیی شار یان هەرێمەکەی خۆیدا لەبری دادگای بابل.

لەکۆتاشدا پێویستە بڵێین: لەبابلدا یاساکان تەنها لایەنی کۆمەڵایەتییان ڕێکنەدەخست، بەڵکو ڕێکخاری گشتی باری ئابووری وڵاتیش بوون. گەر لە زەوییە بەرفراوانەکانی فەرمانڕەوای بابل بڕوانین ئەوا ئاسایی دەبێت دەوڵەت دەست وەربداتە نێو کاری ئابووریەوە. ئەنجامدانی کاری ئابووری لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ مەبەستی زیاتر پێشخستنی ئەو کەرتە و باشترکردنی باری ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی نیشتمانەکە بووە، ئەمەش دابینکردنی کەرەستەی پێویستی خانوو دروستکردن و چاڵ هەڵکەندن و ڕاکێشانی جۆگەی ئاو بۆ زەوییە وشکەکان و ئاودانی دەستکرد، هەروەها لەلایەن خودی پادشاوە دارستانەکان بەباشی دەپارێزران لەوەی دابەشی چەند کەرتێك دەکران و هەریەکەیان بەڕێوەبەرێکی دەبوو، بۆ هەموو بەڕێوەبەرەکانیش بەڕێوەبەرێکی گشتی هەبوو کەپەیوەست بوو بە پادشاوە. بۆ نموونە بەڵگەنامەیەك هەیە

ئاماژە بەوەدەکات کەلەلایەن خودی پادشاوە داواکراوە لەبەڕێوەبەری گشتی دارستانەکان "ئیبلیانوم" و جێگرەکەی "سینماجیر" بزانرێت کێ بووە درەختەکانی بڕیوەتەوە، ئایا لە بەڕێوەبەرانی دارستانەکانن یان دەستی بێگانە؟ سزای مەرگ چاوەڕوانی ئەوانەی دەکرد کە بەباشی ئەرك و کارەکانیان جێبەجێ نەدەکرد. شوانکارەیی و مەڕداری کاریگەرییەکێ گەورەی هەبووە لەسەر باری ئابووری ولاّت، بۆیە یاسایەکیش بۆ ڕێکخستنی مولکداری لە مەڕ و ڕەشەولاّخ دانرابوو.

ئەم پڕۆژە دەستوورە یان ڕێکخستنی کاروباری مەڕومالاّتە بۆ ئەوەبووە کە مولّك و شینایی دەولّەمەندەکان لەلایەن خاوەن مەڕەکانەوە نەخورێت و تیانەبرێت. بۆ نموونە ڕوونمان کردووە کە: بەپێی یاساکە دەبێت کەسی شوانکارە تەواوی بەرپرسیارێتی مەڕ و ڕەشەولاّخەکان هەلّبگرێت و هەرچییەکیان لێبەسەربێت (مردار،بێتەوە، کلکی بڕدرێت،گ وّج و شەل بێت، کوێربێت..هتد) ئەوا دەبێت بۆ خاوەن مالّی ببژێرێت. تۆندی یاساکانی بەخێوکردن و بەکرێگرتنی مەڕ و مالاّت هۆکار بووە بۆ کەمبوونەوەی ژمارەی هەژارە بەکرێگرتەکان. دەشتی لیتەیی فوڕات یارمەتی دەربووە بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکالّی بەتایبەت لەسەردەمی بابلییەکاندا. کەسێکی بابلی لەنامەیەکدا نوسیویەتی: "نازانیت کە کێلّگە کشتوکالّییەکان گیانی ولاّتن".

ئابووری کشتوکالّی گەشەی زۆری کرد، بەتایبەت لەسەردەمی "حامورابی"دا هەولّدراوە ولاّت بگۆڕدرێت بۆ ناوەندێکی سەرچاوەی خۆراکی بەهێز و بەردەستە، ئەو دانیشتووانەی کە لەسەردەمی سۆمەرییەکاندا پەرش و بلاّوبوونەوە هەموویانی گردکردەوە و لەڕێگەی جۆگەی ئاوەوە ئاوی بۆ خۆیان

و مەڕ و ماڵات و کشتوکاڵەکانیان دابینکرد و ژیانیشیانی باشتر و بەرەوپێشتر برد. بۆ ئەمەش جۆگەی ناسراو بە "ئاگری حامورابی" لێدرا، کەبڕێکی زۆر ئاوی لەفوڕاتەوە دەهێنا بەرەو ناوچەکانی پێشووتری سۆمەر و ئەکاد و لەتەنیشتییەوە ناوەندی گەورەی شارستانی پڕ لە دانەوێڵە دامەزرا.

ولاّت و پادشا تەنها گرنگییان بە لێدانی جۆگە نەدەدا، بەڵکو بە وردیش چاودێرییان دەکرد و ڕێکیاندەخست، بۆ ئەمەش بەڵگەنامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە: بەبەردەوامی لەلایەن پادشاوە فەرمان بە گەورە کاربەدەستان کراوە بۆ ئەوەی بەبەردەوامی ئەو جۆگایانە پاک بکرێنەوە و ڕۆڵی گرنگیان هەبێت لە پێشخستن و زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی دا.

بەپێی "مادەکانی ٥٣-٥٦"ی یاسای ولاّتی "حامورابی": هەرکەسێك یاخود هەر گوندنشینێك بەرپرسە لەو درێژی جۆگەیەی کە بە زەویەکەیدا تێپەڕدەبێت، لەوەی گەرهاتوو لەلایەن ئەمەوە یاخود لەزەوییەکەی ئەمەوە جۆگەکە تێکچوو و زیانی بەزەوی و بەرهەمەکانی دەوروبەری گەیاند ئەوا بەرپرسە و دەبێت هەموو زیانەکانی جوتیارەکانی دەوروبەری ببڕێرێت بەهەمان شێوە بۆ هەموو دانیشتووانی گوندەکانی ولاّت، پێویستە لەسەریان ئاگایان لەو جۆگەی ئاوەبێت کە لە سنووری گوند یان دێهاتەکەیاندا هەیە و لەهەموو زیانگەیاندێك بە دێیەکەی تەنیشتیان بەرپرسیارن. لە "مادەی ٥٤"دا هاتووە: گەرهاتوو فرۆشتنی زەوی و ماڵەکانی کەسی زیان پێگەیەنەر نرخی ئەو زەرەرەی نەبوو کە ناویەتییەوە ئەوا دەبێت خۆی و مندالّ و خێزانەکەشی بۆ بڕاردنی زیانی کەسی بەرامبەر بفرۆشێت، ئەمەش مانای بەهێزی

دەستەلاّتی ناوەند دەگەیەنێت لەبواری ئاودان و کشتوکاڵ و ئابووری و کۆمەلاّیەتیدا.

گەر هاتوو داواکارییەک بەرزکرایەوە بۆ کۆشک و داوای دروستکردنی پڕۆژەی ئاودێری کرا بۆ ناوچەیەک ئەوا ڕاستەوخۆ فەرمانی دروستکردنی بۆ کەسانی خوارەوە دەردەچێت و کاربەدەستانی ناوچەکەش دواتر دەست دەدەنە کارتێداکردنی، لەکاتی دەستەبەرنەبوونی زەوی ئاوی بۆ جوتیاران و نەبوونی ئاو لەناوچە زۆر وشکەکاندا ئەوا جوتیارەکان دەگوازرانەوە بۆ ناوچەیەکی باشتر و زەوی چاکتر و بەپیت و فەڕتریان پێدەدرا، گەر هاتوو بڕی داهات یان دەستکەوتی درووێنە لە بڕی چاوەڕوانکراو کەمتر بوو بەهۆی خراپی ئاودانەوە ئەوا پێویستە کاربەدەستانی ناوچەکە خۆیان کورتهێنانەکە پڕبکەنەوە و بۆ پادشای بنێرن.

جگە لەکشتوکاڵ و مەڕداری دەوڵەت گرنگییەکی زۆریشی دابوو بەدارستانەکان بەجۆرێک ولاّتی دوو ڕووبار بووبووە نیشتمانێکی پڕ لەدرەخت و گوڵزار و تەنانەت بە ئەفسانەی بەهەشتی ئاسمانیش ناوبانگی دەرکردبوو لەوەی میوەی ناوازەی تێدا ڕوێنراوە، بەپێی یاسای ولاّت هەرکەسێک درەختێکی ببڕیایە و هی خۆی نەبوایە ئەوا بە نیو مینا لە زیو (نزیکەی ٥,٢٥٢گرام) سزا دەدرا.

بەداخەوە یاساکان تەنها چەند ئاماژەیەکی کەمیان تیادایە لەبارەی جۆری شمەکی بڕەوپێدەری بازرگانییەوە کە بەشێوەیەکی گشتی بەشداربووە لەو بوارەدا، بەلاّم دەتوانرێت بگوترێت کە بابل لەبەرئەوەی ولاّتێکی کشتوکاڵییە بۆیە هەناردەکارێکی باشی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بووە. لە "مادەی ١٠٤"ی یاساکەدا هاتووە کە: پێویستە هەژمارکارییەک بکرێت بۆ شمەکەکانی وەکو

گـەنم و،خـوری و کـەرە. لـە "مـادەی ٢٣٧"دا خورمـاش بـۆ ئـەو کەرەسـتانە زیادکراوە.

بازرگانی بابل شێوەیەکی جودای وەرگرتبوو. بەزۆری هـەناردەکان لەشارەکانی "بابل و سیبار"ەوە بـووە، کـە دوو گـەورەترین شـاری ولاّتەکـەبوون و باشـترین ناوەندی بازرگانیشیان لێ بووە. شاری "سیبار" لەو دەمەدا گـەورەترین شـاری پیشەسـازیی چـێندراوە خوریـیـەکان بـووە، سـەرباری ئەمـە بـۆ ناوچـەکانی "ئیلام"یش خورما و کەرە و دانەوێلّەی هەناردە کردووە.

شمەکە هاوردەکانی "ئیلام" بۆ نیشتمانی بابل خۆی لـە مسـی خاو و زیـودا دەبینییەوە. شارەکانی بابل بازرگانییەکی زۆرباشیان لەگـەلّ ئاشـووردا هـەبووە و بڕێکـی باشـی قوڕقوشمیـان هـاوردەکردووە، سـەرباری کانزاکـانی تـر. مـۆرە بابلییـە بازنەییـەکان کـە لـە لـە کـەنارەکانی "فینیقی" و و "دوورگـەی کریـت"دا دۆزراونەتەوە ڕێگە بەگریمانەی بوونی پەیوەندی بازرگانی دەدات لـەنێوان بابل و شارە "فینیقییەکان"دا. باشترین داهات بـەزۆری لەڕێگـەی فرۆشتنی بەندە و کۆیلـەوەبووە، بەتایبـەت ئـەو کۆیلانـەی کـە لـە "جۆتیومـا"ی چـیاییەوە دەیانهێنـان. لـە هەڵکۆڵراوێکـدا دەرکـەوتووە کـە بازرگـانێکی بـابلی لـە "جۆتیوما"وە سپیاوی ڕووخساری هێناوە بۆ بابل.

سـەرباری بازرگـانی دەرەکـی بازرگـانی نـاوەکیش زۆر بەسـوود بـووە، دیـارە ئەمەش لەڕێگـەی بـەکارهێنانی کەشتییـەوە بووە لـە هـەردوو ڕووبـاری دیجلـە و فوراتدا و، لەڕێی ئەم جۆرە بازرگانییانەوە بڕێکی زۆرباش شمەك و کەلوپەل بۆ ناوچـەکانی ژێـر دەسـتەلاّتی بابـل گواسـتراوەتەوە و هەمیشـە بازرگـانی لەبەرەودابووە، بەزۆریش شمەکی گواستراوە بریتی بووە لە: بەرهـەمی خـۆراکی،

خوری، تەختە، کانزا، جغری خڕ و خشت..هتد. لەتەنیشتی "بابل و سیبار"دا شارە سۆمەرییەکانی وەکو "لارسا و نیپور" بەشدارییەکی چالاکیان هەبووە لە بازرگانی ناوخۆییدا. بازرگانیی و گرێبەستە گرنگەکان بەزۆری لەدەستی خودی دەوڵەت و بازرگانە بەهێزەکاندا بووە کە بە (داماکاری) ناسراوبوون. ئەم بازرگانە داماکارانە خۆیان بازرگانییان بۆخۆیان کردووە و سەرجەم قازانجەکان بەتەنها بۆ خۆیان بووە لەگەڵ مەترسییەکانیشیدا، بۆ ئەمەش دەبوو مۆڵەتیان لەدەوڵەت وەربگرتایە کەدەستی گرتبوو بەسەر کاروباری تەواوی بازرگانی ولاتدا. "داماکار"ییەکان بازرگانییان لەژێر سەرپەرشتی گەورە بەرپرساندا ئەنجامدەدا کە پێیان دەگوترا (بریکاری داماکاری). ئەم بازرگانییە حکومییە سەرجەم لایەن و بەرهەم و شمەکە پێویستەکانی ژیانی دەگرتەوە، بەتایبەت خوری و ماسی. سەرباری بازرگانی بە کۆ، بازرگانی تاکیش هەبووە، کە بەداهاتێکی کەمەوە بازرگانییان کردووە و ئەو پارەیەش هەیانبووە لە گەورە دەوڵەمەندێك یان لە پەرستگا بەقەرزیان وەرگرتووە. یاساکان رێگەیان بەبازرگان دەدا کە لەبەرامبەر بازرگانییەکەیدا شتێك قازانجی دەست بکەوێت، چونکە ئەگەر بازرگانی نەمێنێت ولاتێ تووشی قەیرانی جۆراوجۆر دەبێتەوە. بەپێی "مادەی ١٠١"ی یاسای ولاتێ: ئەوەی قەرزێك لەگەورە بازرگانێك دەکات پێویستە بە زیادە قازانجەوە بۆی بگێڕێتەوە، تەنانەت ئەگەر قازانجی خۆشی کەم بێتەوە. تەنها "مادەی ١٠٣" دەیتوانی فریای قەرز وەرگر بکەوێت لە کەمکردنەوەی سوودی سەر قەرزەکەی، ئەویش یاسایەکی سەربازی بوو.

مێژووی یاسای حامورابی

یاساکانی "حامورابی" دەگەڕێنەوە بۆ "١٧٠٠ پ.ز"، لەپێشینەترین یاسا توند و وردەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە. لەو کۆمەڵە دەقە یاساییانەی تاوەکو ئێستا دۆزراونەتەوە جگە لەوەی "حامورابی" دەق و نەخشەڕێگای یاسایی "ئور-نامۆ"، "ئیشنونا"، "لبت-ئیشتار"ی پادشا "ئایسن"یشمان هەیە.

هەموو ئەمانە یاسان و سزا و پاداشتیان تیادا خراوەتەڕوو، بەزۆری تیشکیان خستۆتە سەر دزی و کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕ و مووڵکداری و، مافەکانی ئافرەت و منداڵ، مافەکانی کۆیلە، کوشتن، مردن، بریندارکردن. سزاکانیش بەپێی بار و چینی کۆمەڵایەتی کەسی سەرپێچی کار و قوربانی دەگۆڕدرا.

ئەم یاسایانە بیانوویان گەرەک نییە یاخود نایانەوێت ڕوونکردنەوە بدرێت لەبارەی هەڵەکانەوە گەر هاتوو ئەنجامدرا. هەمووان دەیانتوانی ئەم یاسا نوێیە ببینن بۆ ئەوەی هەڵەی تیادا نەکەن و بیانوش نەهێننەوە. بەڵام هەرچۆنێک بێت تەنها ژمارەیەکی زۆرکەمی خەڵک نەبێت باقی خەڵکەکان نەیاندەتوانی هیچ بخوێننەوە. ئەو دەمەی "حامورابی" ئەم ڕێگەیەی بەباشترین و شیاوترین شێواز دەزانی بۆ ڕازیکردنی خودا هەستا بە داڕشتنەوەی لەچوارچێوەی یاسادا.

وەکو گوتمان مادەکانی یاساکە لە "١ بۆ ٢٨٢" ڕیزبەندی کرابوون لەسەر میلێک "بەدرێژی ٨ پێ" پێکهاتوو لە بەردی دیۆرت. لەساڵی "١٩٠٩ز"دا لە "سوسا" ئەم بەردە دۆزرایەوە، ئێستاش وا لە "مۆزەخانەی لۆڤەر"ی پاریس لەفەڕەنسا.

بەهـەڵکۆڵینی ئـەم یاسـایانە لەسـەر بـەرد مانـای هەمیشـەیی بـوونی خـۆی دەگەیەنێت، بۆیە بەمەش چەمکی یاسابوونی خۆی سەلماندووە.
چی وای لە "حامورابی" کرد کە یاسا داڕێژراو و نوسراوەکانی سەرمیلەکەی بە پایامێك دابنێت بۆ خۆ نزیککردنەوە لەخواکان، ئەگەر "حامورابی" زۆر ئاشنای بابەتە یاساییە ئاینییەکان نەبوایە و دەستەلاتداریش نەبوایە ئەوا نەیدەتوانی پەیامەکەی بگەیەنێت و ئەم یاسایانەش بنوسێتەوە.
"حـامورابی" ئەوکاتـەی بووبـە پادشـای ولاّت نەیـدەزانی چـی بکـات بـۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم هـەموو شـوێنکەوتەی خوا جۆراوجۆرانە، بۆیە ناچـاربوو خـوای "مـەردۆخ" لـە "پلـەی سـێ" بەرزبکاتـەوە بیکـات بـەخوای سـەرەکی خەڵکەکـە و فـەرمانی بەپەرستگاش کـرد کـە نـاو و نازنـاوی جـوان و شیاوی بۆدابنێن، بەمەش توانی سەرجەم عێراقییەکان لەژێر ئالاّی یـەك خـوادا کۆبکاتەوە.
بەتێپەڕبوونی نزیکەی "٤٠٠٠ سالّ" بەسەر مردنی "حامورابی"دا زۆر گەورەی خێڵ و نەتـەوە دەیانـەوێت بەهـەمان ڕێگـەدا بڕۆن، بـەلاّم هەسـت بـە بۆشـییەکی زۆر دەکـەن لـەم نێوەنـدەدا. مێـژووی لای "حامورابی" ون نـەبووە، بـەلاّم بـەهای بنەماکانی خـۆی زانیـوە بۆیـە پشـتی بـە گـۆڕینی بنچینە بەستووە بەمەبەستی بـەدیهێنانی ئامانجـەکانی، نزیکـەی سـی سـاڵی پێویسـت بـووە تـاوەکو ئـەم یاسـایەی بـۆ خـەڵکی عێـراق نوسـیوەتەوە و چەسـپاندوونی و شۆڕشـێکی لەئاوەزی خەڵکی ناوچەکەدا دروست کردووە.
لـەمڕۆدا کێشـەیەکی زۆر مەترسـیدار هەیـە لـەوەی ئایـا کەسـێك بـە پاڵپشـتی پارتێك یان خێڵەکی و ئاینی هاتۆتـە سـەر دەسـتەلاّت چۆن دەتوانێت پشت لـە

پشتیوانەکانی هەڵبکات و یاسایەک دابنێت ئەوانیش پێوەی ملکەچ بن؟ لەماوەی ڕابردوودا زۆرمان بینیوە لەوەی چۆن شالیارەکان وازیان لە بڕواپارت چێتییەکانیان هێنا و تەنها بۆ هێشتنەوەی خۆیان لەو پۆستانەدا ئامادەی هەموو هەنگاوێك بوون، تەنانەت خودی بەرە ڕامیارییەکانی ولاتیش دابەشی چەند کەرتێك بوو، هەندێك چاکسازییان دەویست و ئەوانی تریش داوای هێشتنەوەی بارودۆخەکەیان دەکرد لەهەمان ئاستدا و ڕەتی گۆڕانکارییان دەکردەوە و بوون بە خەوش بەسەر سەرکردەکانیانەوە.

تائێستاش زۆر دەستەلاتدار و ڕامیارکار حەزیان لە دووبارەکردنەوەی کاروبارەکانی "حامورابی"یە بەلاڵم لە یاخی بوون دەترسن.

یاساکان بەپێی پێویستی دەگۆڕێن و ڕەنگڕێژ دەکرێنەوە، دووبارە ڕوانینەوە لە دەستووری ولاتە لەم کاتەدا زۆر گرنگە و هەلێکی زێڕینە و پێویستە تەنها لەڕوانگەی مافەکانەوە لێی نەڕوانرێت، بەڵکو لەو دەروازەیەوە لێی بڕوانێت کە ڕامیارکارەکان توانای جێبەجێکردنی بیرۆکە باشەکانیان هەبێت.

"حامورابی" لەکاتی نووسینەوەی دەقی یاساکانیدا هەرگیز یەك قوم خواردنەوەی هەڵنەلوشیوە، لەماوەی ٣٠ ساڵی فەرمانڕەوایەتیدا بەردەوام هەوڵی نووسینەوەی یاسای داوە و نوێی کردوونەتەوە و بەپێی بارودۆخەکە گونجاندوونی.

لەمڕۆدا زۆر لە دەربڕین و گوێگرتن لە بیرۆکە نوێیەکان دەترسین. ماوەی تەنها چوارسالٌ بۆ فەرمانڕەوایی ولاتە بەس نییە بۆ ئەوەی ڕامیارکارەکان بتوانن چاکسازیی تەواو بەدیبهێنن و بەباشی ئاشنای سەرجەم کێشە و گرفتەکانی ولاتە بن، زۆر کەسی ڕامیارکار دەتوانن بنچینەی کێشەکان بدۆزنەوە و

چارەسەری بۆ دابنێن، بەڵام لە بێ پشتیوان بوون دەترسن و غیرەتی هەنگاونانیان نییە بۆ جێبەجێکردن.

هەمووان لە پرۆسە و کاری ڕامیار ئەمڕۆی عێراق بێزارن، چونکە هەندێك نایانەوێت تێبگەن لەوەی کە حوکمڕانی پەیوەست نییە بە نەتەوە و ئاین و ڕێباز و ڕەنگەوە، بەڵکو پەیوەندە بە توانا و هێزی جێبەجێکردنەوە و لایەنگیری بۆ یەککگرتوویی بابەتییانە و، زۆری ڕەگەز و ئاین و ڕێبازە دەئینناییەکانی ولاتی عێراق مانای بوونی کێشە و ململانێ نییە، بەڵکو واتای زۆری توانایە بۆ هاوبەشکردنی یەکتر لەبەدیهێنانی بەرژەوەندی هاوبەشدا.

پێش "حامورابی" لەعێراقدا نەریتەکان فەرمانڕەوایی دەکرد، بەڵام ئەم پیاوە توانی پەنجەکانی بریندی دوژمنایەتی نەهێڵێت، پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك بەسەر فەرمانڕەواییەکەیدا سەنای خۆی دەکات و دەڵێت: (جێ دەستی دوژمنم لەباکورە بۆ باشوور پاك کردەوە، سنووریکم بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ دانا، ولاتم زیاتر پێشخست، خۆشەویستیم لەنێوان خەڵکیدا بلاوکردەوە، نەمهێشت چیدی کەس بیانترسێنێت).

پاش ئەوەی "حامورابی" توانی دەستەلاتی بەسەر هەموو شارە باکوری و باشوورییەکانی وەکو "وەرکل" و "وایسن" و "لارسا" (بەتحا)ی ولاتدا بچەسپێنێت، کەهەموویان کەوتنە ژێر دەستی پادشای گەورە "ریم سن"ەوە، دەیەیەکی نوێی فەرمانڕەوایەتی کردن لە بابلی گەورەدا بەدیهات. هەموو زەوییە بەپیت و فەڕ و ئازادەکان بۆ پادشا "حامورابی" دەبوو، داهاتی هەڵکوتانە سەرەکانیش بۆ کۆشکی بابل دەبوو. هەر کە "حامورابی" دەستی گرت بەسەر زەوییە بەرفراوان و بەفەڕەکانی وەکو ئەوانەی بەشی باشوری

ولاتی نێوان دوو ڕووبار پاشان دەستی دایە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە و پێشخستنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و داڕشتنی یاسای تایبەت بە ڕێکخستنی مواڵکداریێتی زەوی و دروستکردنی ناعور و بەنداو و دانانی یاسای ئاودان و ئاودێری، ئەمەش وایکرد بڕی بەرهەمی ساڵانە و داهاتیش زیادبکات.

"من پادشا حامورابی تەواوکارم، خوا منی بۆ ڕێکخستنی کاروباری مرۆڤایەتی داناوە، منیش دەستەکانم نەخستۆتە نێو گیرفانەکانمەوە و دەستەوەستان نەوەستاوم. قەرزی بەخشینم داهێنا و کۆتەکانی تۆندوتیژیم شکاند، ڕووناکی و ژیانم بەخشی بە گەلەکەم. بەو چەکی یارمەتییەی کە خواوەندی زبابا و عەشتار و مەردۆخ پێی بەخشیوم توانیم بەسەر هەموو جۆرە بەرەنگارییەکی دوژمنکارانەدا زاڵبم هەر لەباکورەوە بۆ باشووری ولاّت، هەموو ئەمانەشم کردووە تەنها لەپێناو خاك و ولاّت و نیشتمانەکەم. ژێردەستەکانم ئاکنجێی ماڵ و شاری ئارام وئاسایشدار کرد و ئەوەی ویستویەتی ئازاریان بدات لەناوم بردوون و لەدژی وەستاومەتەوە. من بریکاری خواکانم، ئەمەیە من، من ئەو شوانکارە بووم کە گۆچانەکەم هەمیشە ڕاست و ئامادە باش بووە، سێبەری من بەهەموو لاتەنیشتەکانی شارەکەمدا بلاّوە. گەلی سۆمەر و ئاکەدم لەخۆگرت و بەیارمەتی خواکان توانیم بیانکەم بەبەشێك لەدەروون و هەناوم. بەهێز ماق لاواز ناخوات، ماق بێوەژن و بێ باوکانیش ناخورێن، ئەم یاسایانەم داناوە بۆ بابل لەسایەی خوای "ئینلی"ل و "ئانو"ەوە کە بەرنامەکەمیان بۆ ئاسمانەکان بەرزکردەوە و لەزەویشدا چەسپاندیان و ماق ڕاستییان بە ڕاستگۆ بەخشی و درۆزن و تاوانباریشیان سزادا. وشەکانی خۆم لەسەر میلەکەم نوسیوە و بۆم

دەرکەوت من پادشایەکی دادگەرم. جیاوازترین پادشا لەنێوان هەمووانداا منم، حامورابی".

لەکۆتاییەکانی ساڵی "١٩٠١ز و سەرەتای ١٩٠٢ز"دا لێکۆڵەرانی فەرەنسی و بەسەرۆکایەتی بەڕێز "مۆرگان" لەشاری "سوسەی ئیلام"ی سێ تاتە بەردی گەورەی دیۆریتیان دۆزییەوە کە پێدەچێت "شوتروك ناخونتە" لەساڵی "١١٥٠پ.ز" و پاش پەلاماردانی بابل لەگەڵ خۆیدا بردبێتی. ئەوکاتەی پسپۆرانی شوێنەوارناسی توانییان هەرسێ پارچەکە یەکبخەنەوە بۆیان دەرکەوت شتێکی زۆرباشیان دۆزیوەتەوە: میلێکی گەورەی "٢,٥ م درێژ"، میلەکەی "حامورابی" بوو. لەبەشی سەرەوەی میلەکەوە پیاوێك کەوایەکی شۆڕی لەبەردایە و سەرۆێنێکی خڕی بەستۆتەوە بە ملکەچییەوە دەستی ڕاستی بەرز کردۆتەوە. لەپێشیدا خواوەندی خۆر دیارە، لەبەرئەوەی خۆر هەموو شتێك ڕوونناك دەکاتەوە و نهێنیگر و ڕاستی دەرخەری کونجە تاریکەکانە بۆیە بە خواوەندی ڕاست و دادگەری دەزانێت. بەڵام پاشینە بەشەکانی میلەکە دابەشی سێ بەش بووە: یەکەم پێشەکییە و دووەم مادە (بڕدەق) یاساییەکانە و سێیەمیش ڕاسپاردەکانیەتی. نووسینەکەی بەشێوەی ستونی نوسراوە و لە ڕاستەوە بۆ چەپ درێژدەبێتەوە. ئەم شێوە نووسینە پێچەوانەی باری ڕاستەقینەی نووسینەکانی بابل بووە لەوەی ئەوان لای چەپەوە بۆ ڕاستیان نوسیوە، بەڵام ئەم شێوازی داڕشتنەوەی ئەم نووسینە تایبەت بووە بە نووسینی سەر پەیکەرەکان.

ئەوکاتەی زانا زمانەوانییەکانی جیهان بڕیاریان دا کە بەڕێز "شایل" ڕابسپێرن بۆ وەرگێڕانی "میلەکەی حامورابی"، بڕیاری وەرگێڕانی بەشی دووەمی دا

وەکو دەقی یاسایی، چونکە وشەی "ئەگەر" و "دەبێت و دوایی" تێدایە کەمانەش زیاتر پەیوەستن بەیاساو بڕیاری یاساییەوە. پاش هەژماردنی دەقە یاساییەکان بۆی دەرکەوت "٢٨٢ مادە (بڕدەق)"ی یاسایی لەخۆگرتووە. کەی ئەم میلە نوسراوە هیچ کەسێك نازانێت، ئەوەی هەیە تەنها ئەوەیە کە زاناکان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی لە کۆتایی سەردەمی فەرمانڕەوایی "حامورابی"دا ئەم یاسایانە نوسراونەتەوە، ئەمەش بەپشت بەستن بووە بە هەردوو پێشەکی و پێسپاردەکانی "حامورابی" لە میلەکەیدا.

کەواتە پادشا "حامورابی" خۆی کێ بووە؟ چۆن فەرمانڕەوایەتی ولاتی کردووە؟ کۆمەڵگەی بابلی تاچەند توانیویانە خۆیان لەگەڵ ئەم یاسا تۆندانەیدا بگونجێنن؟ ئەم پادشا جودایە بەچی فەرمانمان پێ دەکات؟ ئایا دوا فەرمانەکانی نەفرەتن یان دانایی و پێویستە هەموو ئەو پادشایانەی دوای ئەو دێن بیگرنە گوێ و بەقەولی گوتە و قسەکانی بەڕێوەبچن؟

ئەودەمەی ژمارەیەکی زۆری "عاموری" کە بە "کەنعانییەکان"یش ناودەبرێن یان سامییەکانی ڕۆژئاوا، باکوری ڕۆژئاوایان بەجێ هێشت و بەرەو نیوە دوورگەی عەرەبی و ولاتی دوو ڕووبار بەڕێکەوتن لە ناوچە نزماییەکانی ناوەڕاست و باشوردا نیشتەجێ بوون بۆ ئەوەی بتوانن بەئاسانی کشتوکاڵ بکەن و بوون بەچینی کشتکار. ئەم چینە کشتکارە توانییان کۆتایی بەزنجیرە فەرمانڕەوایی "ئوری سێیەم" لە "٢٠١١-٢٠٠٣ ی پ.ز" بابل بهێنن، دانیشتووانی ولاتی "ئوری سێیەم" بەزمانی سۆمەری قسەیان دەکرد، بۆ ئەمەش چەندین بەڵگەنامە هەن کە بەزمانی سۆمەری نوسراونەتەوە و دەگەڕێنەوە بۆ هەمان سەردەم، بەڵام "عامورییەکان" زمانیان زیاتر لە

ئاکەدییەوە نزیک بووە و تێکەڵەیەک بووە لە ئاشوری و بابلی کۆن. ئەو کاتەی لەبارەی بابلی کۆنەوە دەدوێین مەبەستمان ئەو ولاتەیە کەبە ئاکەدی قسەدەکەن (بابلی–ئاشوری) کە لە سەدەی حەڤدەی پێش زایینداوە فەرمانڕەوای ولاتی نێوان دوو ڕووبار بوون.

ولاتی ئوری سێیەم دەوڵەتێکی بەهێز و بەرفراوان بووە و ئەوکاتەی ڕووخا دابەشی چەندین هەرێم و میرنشینی دژیەک بوو، هەندێکیان هەوڵی گێڕانەوەی دەستەلاتەکانی "ئوری سێیەمیان" دەدا بە یەکخستنەوەی هەموو پارچەکۆنەکانی ولات هەندێکی تریش بە شوێن سەروەت و سامان و کەیف و سەفا و دەستەلاتەوەبوون و ڕێگری یەکگرتن بوون.

بابل لەسەدەی دووی پێش زایینداوە ولات و ناوەندێکی گرنگی ئابوری یان ڕامیاری و ڕۆشنبیری نەبووە، بەڵکو ولاتێکی زۆر دواکەوتوو بووە و لەلایەن کەسێکی خۆ بە خوا زانەوە فەرمانڕەوایی کراوە. **عامورییەکان بەم ناوچەیەیان گوتووە (باب ئیلیم) واتە (دەروازەی خوا) و دواتریش یۆنانییەکان بە (بابلیۆن)یان وەرگێڕاوە کەمانای بابل دەدات.**

زنجیرەی فەرمانڕەوایی یەکەم جار لەبابلدا بە پادشا "سمواپوم" (١٨٩٤–١٨٨١پ.ز) دەست پێدەکات و نزیکەی "١٤ سال" حوکمی بابلی کردووە و دەستەلاتی تاوەکو ناوچەکانی کەناری بابل بووە. پادشا "سومولا ئیل" (١٨٨٠–١٨٤٥پ.ز) توانی شاری "کازالۆ" بگێڕێتەوە ژێردەستەلاتی خۆی و لەبەرامبەر ولاتی "کیش"دا وەستاوەتەوە. پادشا "سابیۆم" (١٨٤٤–١٨٣١پ.ز) لەناوچەی "سیبار" بووە بەجێنشین و میراتگری پادشا، میژوونوس و شوێنەوارناسان ئاماژە بەوەدەکەن کە توانیویەتی بەسەر

"لارسا"دا سەربکەوێت، بۆ ئەمەش خودی ئەم پادشایە دەڵێت:" بە هێزی چەك توانیم سەربکەوم بەسەر سوپاکەی لارسادا".

پادشا "ئابیل سن" (١٨٣٠-١٨١٣پ.ن) فەرمانڕەوای ناوچەکانی باکوری بابل و کیش و دلبات و بورسیبا و سیبار بووە و ژمارەیەکی زۆر شورای بەچواردەوری ئەم شارانەدا دروستکردووە. بەڵام پادشا" سن موباللیت" (١٨١٢-١٧٩٣ پ.ن) پێش "حامورابی" و باوکی هاتووە و چەندین شەڕی لەدژی "ئور" و "ئیسین" هەڵگیرساندووە، بەڵام لەبەرامبەر هێزەکانی لارسادا شکستی هێنا کە دواتر تواناییان دەستبگرن بەسەر "ئیسین"دا و داگیری بکەن. لارسا خاوەنی چەندین دەوڵەتۆچکەی بەهێزبووە و لەخۆگری بەشی باشوری نیشتمانی دووڕووبار بووە، هاوشێوەی دڕکێك بووە لەچاوی "حامورابی"دا و هەمیشە هەوڵی لابردن و سڕینەوەی داون، بە تێپەڕبوونی نیو سەدە پاش حوکمڕانی کردنی "باوکی حامورابی" ئەوپەڕی هەوڵی خۆیدا بۆ لەخۆگرتنی ئەو دەوڵەتۆچکانە و توانەوەی ولاتی "لارسا". "لارسا" لەودەمەدا لەژێر فەرمانڕەوایەتی خێڵی "جاموتبال/یموتبال"دا بووە کە لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەدا "ئاکنجێ" بوون و پادشاکەشیان ناوی "رم سن" بووە، بەڵام "خەزر مابووك"ی باوکی سەرگەورەی خێڵەکە بووە. پادشا "رم سن" بۆ ماوەی "٦٠ سال" فەرمانڕەوای "لارسا" بووە و بەناوبانگترین دەستکەوتەکانیشی سەرکەوتن بووە بەسەر ولاتی "ئیسین"دا لە سییەم سالّی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا،چەندین جەنگی لەدژی "ئۆر و وەرکا و کسورا و دیر" هەڵگیرساندووە.

پادشای عامورییەکان "شەمشی ئاداد" (١٨١٢-١٧٨٠پ.ز) لەباکوری بابلەوە فەرمانڕەوایەتی نیشتمانی دووڕووبارى دەکرد بەتایبەت لەناوچەکانی ئاشوورییەکان، یاخود باشترواید بڵێین: فەرمانڕەوای ئاشوورییەکان بووە. "شەمشی ئاداد" ناوچەی "کەوانەی بەپیت"ی لەدەسبت دابوو کە شوێن و پێگەیەکی بەپیتە بۆ ڕامیاری زەوی. ئەم پادشایە بەزۆری لە شاری "شوبات ئانلیل" دادەنیشت کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێت (گردی لەیلان). لەتەنشت و چواردەوری ئەم پادشا و وڵاتانەوە چەندین شا و دەوڵەتی دیکەش هەبوونە، لەوانەش: "ماری" کە دەکەوتە بەشی ناوەڕاستی ڕووبارى فوڕات و ناوەندێکی گرنگی بازرگانی بووە و لەژێر سایەی "شەمشی ئاداد"دا جوولاوەتەوە، وڵاتۆچکەی "ئاشنونە" دەکەوتە باکوری ڕۆژهەڵاتی بابلەوە کە لەڕووی ڕامیارییەوە سەربەخۆ بووە لە "ئوری سێیەم".

هەموو ئەم وڵاتۆچکانەی کەوتبوونە باکور و باشوری بابلەوە بەهۆی بەهێزییانەوە بووبوونەوە بەربەست لەبەردەم هەوڵەکانی "حامورابی" بۆیەکخستنەوەیان لەنێو یەک سنووری ڕامیاری و یەک ئاڵادا بەومەرجەی پایتەختی وڵات شاری بابل بێت. هەردوو پادشا "شەمشی ئاداد"ی ئاشوری و "رم سن"ی لارسایی لەبەهێزترین ململانێ کارانی "حامورابی" بوون. بەڵام بەهێزی ڕامیاریتی "حامورابی" و بیرتیژییەکەی لە بڕیاردان و ژێرێتی لەڕادەبەدەری لە داڕشتنی پلانی سەربازیدا بووە هۆی سەرکەوتنی بەسەر ئاشوری و لارساییەکان و وڵاتی بابلی گەورەی دروست کرد، ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی زانیاری و هێزی سەربازی هەردووڵاوە بووە لەدژی یەکتر، بەوەی هێزەکانی باکور (ئاشوورییەکان) دەیانتوانی لەناوخاکی ئەمەوە هێرش بکەنە

سەر هێزەکانی باشوور (لارسا و ئاشنونە)بەمەش هەردوو بەرە لاواز بوون و دواتر "حامورابی" توانی بەئاسانی دەستیان بەسەردا بگرێت. "حامورابی" لەکاتی لاوازیدا پەیماننامەی لەگەڵ پادشای لارسادا دەبەست بۆ ئەوەی سنووری ولاتەکەی نەبەزێنێت، لەهەمان کاتدا داوای لەپادشای ئاشورییەکان دەکرد یارمەتی و کۆمەکی بکات بۆ لەناوبردنی ولاتی" ئاشنونە" (گردە بۆرە- تل أسمر) و دواتریش توانی لەساڵی هەشتی فەرمانڕەوایەتیدا ولاتی "لارسا" لەناوبەرێت.

پاش مردنی "شەمشی ئاداد"ی پادشای بابل پشتیوانی ئاشورییەکان بۆ "حامورابی" پچڕا، بەتایبەت پاش ئەوەی پادشا "زمری لیم" توانی دەستەلات لە "جشماخ ئاداد"ی کوڕی "شەمشی ئاداد" وەربگرێتەوە کە فەرمانڕەوای دەوڵەتۆچکەکانی "ماری" بووە، بەڵام "حامورابی" تا دوا چرکەی دەستەلاتی توانی سوود لە دۆستەکانی وەربگرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سەربازی و بازرگانی.

ئەوکاتەی "حامورابی" بۆی دەرکەوت کە ئاشنونە لەگەڵ دەوڵەتی "ئیلام"دا یەکیانگرتووە ڕاستەوخۆ هێزە سەربازییەکانی ولاتی خستە باری ئامادەباشی و هێرشکردنەوە و توانی هێزی "عیلام" تێکبشکێنێت و دەست بگرێت بەسەر ئەم دوو ولاتەدا و دواتریش "سۆبارتۆ" لە ئاشوور و گوتیوم و گەلە چیاییەکانی تێکشکاندن و پاشان ڕووی کرده "ماگۆم"ی سەر ڕووباری دیجلە لە "سییەم ساڵ"ی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا. لەوکاتەی "حامورابی" هاتە سەر دەستەلات گەنج بوو ئامادەی جەنگ و پیلانگێڕان بوو، بەڵام لەبەرامبەردا "رم

سین"ێ پادشای "لارسا" پیربووبوو، "حامورابی" گەنج نەك هەر ڕێزی لێی نەدەگرت، بەڵکو ئامادەی داگیرکردنی ولاتەکەشی بوو.
لەگەڵ ولاتۆچکەی "ماری"دا بڕیاریاندا تۆمەتێك بۆ لارسا دروست بکەن بۆ ئەوەی ببێتە هاندەر و یارمەتیدەریان بۆ داگیرکردنی ئەو ولاتە، تۆمەتەکەش وەهابوو کە: پادشای لارسا رم سن" دەستدەگرێت بەسەر لادێ بابلییەکاندا و دانیشتووانەکەی وەکو کۆیلە دەبات بۆ لارسا و لەوێ دەیانفرۆشێت، بەم کارەی "حامورابی" ناوبانگی ئەم سەرۆك ولاتەی زڕاند و بەمشتێك و یەکجار لێدان بەناوی بەرگری کردن لەنیشتمانەوە لەناوی بردن.
"حامورابی" تەنها بەم دەستکەوت و جەنگانەی وازی نەهێنا، بەڵکو لە سییەم ساڵی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا ئاوڕی بەلای دەوڵەتۆچکەی "ماری"دا دایەوە و ویستی داگیری بکات، کە ناوچەیەکی گرنگی بازرگانی بوو و بابلی بە حەلەبەوە دەبەستەوە. هەموو پەیمانەکانی لەگەڵ "زمری لیم"ی پادشای "ماری"دا شکاند و نێردراوەکانی لەخاکەکەی هێنایەوە و هێزی تەواوی ولاتەکەی کۆکردەوە بۆ لەناوبردنی دەوڵەتۆچکەی "ماری".
لەبەرامبەر جووڵە سەربازییەکانی "حامورابی"دا ولاتۆچکەی "ماری" لەگەڵ هەرێم یان دەوڵەتۆچکەی "مالگۆم"دا یەکیانگرت و جەنگیان لەدژی بەرپاکرد. لە "ساڵی ٣٤"ی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا هێزەکانی "حامورابی" توانییان دیواری شارەکانی "مالگۆم و ماری" تێکبشکێنن و دەستیان بەسەردا بگرێت. پاش "سی و چوار ساڵ" لە جەنگ و هاوپەیمانی و پیلانگێڕان و تەڵەبۆنانەوە بۆدواجار ئەم پادشایە توانی سەرجەم دەوڵەتۆچکەکانی ولاتی دوو ڕووبار یەکبخاتەوە و بابل بکاتە پایتەختیان و خۆشی بوو بە فەرمانڕەوای ولاتی دوو

ڕووبـار و تاکـە دادگـەر و هێزبەدەسـتی ولاّت و یاسـادارێژەر بـۆ سـەرجەم پێکهاتەکانی ولاّت.

سیستمی ڕامیاریی و کارگێڕیی ولاّتی بابل (١٧٩٢-١٧٥٠پ.ن)

ئەو ناوچانەی خاکەکەی بەپیت بوو دانیشتووانێکی زۆری تێدا کۆبووبووەوە و ئەمەش بووبووە کێشەیەکی ڕاستەقینە لەولاّتی "حامورابی"دا. "حامورابی" ئەوپـەڕی هـەوڵی خـۆی دەدا بـۆ ئـەوەی یارمـەتی و کۆمـەکی خـۆراکی بـۆ دانیشتووانی ولاّتەکەی کەم نەبێتەوە و هەمیشە دەستەبەر بێت.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانەی ولاّت "حامورابی" بڕیاری دا ئەو زەوییانەشی پێشتر بەکارنەهێنراون دابچێنرێن و جۆگـەی ئاویـان بـۆ ڕابکێشـرێت و پیتییـان بەرز بکرێتەوە، بەمەش دەیتوانی خۆراك بـۆ سـەرجەم دانیشـتووانی ولاّت دابین بکات. بەمەش "حامورابی" توانی دیسانەوە دەستەلاّتی ناوەند بـەهێز بکات و شـێوازی تـازەی وەبـەرهێنانی زەوی دابڕێـژێت لەگـەڵ زیـادکردنی بەروبووم‌دا ناوەندێتی ئابووری هێنایەکایەوە، بۆ ئەمـەش چەندین بڕیاری گرنگی دەرکرد کە سەرجەم بەشەکانی ولاّت پێوەی پەیوەست بوون .

سیسـتمی سیاسـی ناوەنـدی بابـل بـە نـاوی فەرمانڕەوایەکـەوە دەناسـرێتەوە، ئـەویش "حـامورابی"یـە. سـەرکردەی گشـتی هێـزە چـەکدارەکانی ولاّت بـوو، دادگەری بالاّی نیشتمان هەرخۆی بوو، خاوەنی بەهێزترین دەستەلاّت بوو هیچ کـەس لـەو گـەورەتر نـەبوو، پادشـا "حـامورابی" خـۆی لەسـەرووی خواکانـەوە دادەنا، بەلاّم هەرگیز بەخۆی نەگوتووە خـوا یـان جێگـرەوەی خواوەند، بەڵگـەی بـۆ ئەمـە لەسـەرنەکردنی جامانەیـەکی خـڕی شـێوە سـپرینگی کـە ئامازەیـە بـۆ

خواکان، وەکو ئەوەی کە خوای شمس (خۆر) لەسەریەتی، سەرکردایەتی و بەڕێوەبەری ولاتی بابل توانای کارکردنە سەر پەرستگاشی هەبوو، هەموو ڕەبەن و مەلاکان کارمەندی دەوڵەت و ژێردەستەی پادشا بوون، پەرستگاش وەکو دامەزراوەیەکی حکومی لێ هاتبوو، تەنها فەرمانی دەوڵەتی جێبەجێ دەکرد. ئەم جۆرە دەستەلاتە نائاینی و زانست خوازییە لەسایەی جەنگی نێوان دەوڵەت و پەرستگاوە پەیدابووبوو، ئەمەش پاش سەرکەوتنی ولات بوو بەسەر دێوەڵدا. زاڵبوونی پادشا بەسەر کەشیشەکاندا واتای جیاکردنەوەی ولاتە لە ئاین، ئەم چەشنە فەرمانڕەوایەتییە بەردەوام بوو تاوەکو مردنی "حامورابی" و هاتنەسەر دەستەلاتی کوڕەکانی و پاش ئەوانیش بۆ ماوەیەکی زۆر هەر بەردەوامی هەبوو. بەڵام سیستمی کارگێڕی ناوەندی لە ولاتدا لەم دامودەزگایانە پێکهاتبوو:

دەستەلاتی دادوەریی و یاسادانان:

"حامورابی" بەتەنها پادشای ڕەهای بابل نەبووە، بەڵکو داڕێژەر و پێ سەلمێنەری یاساش بووە. خۆی لەیەك کاتدا خاوەنی دەستەلاتی یاسادانان و دادوەریش بووە. لەتەنیشت دەستەلاتە ڕەهاکەی خۆیەوە، ئەنجومەنی دادوەرانیش لەولاتدا هەبوو. هەر شارە و دادوەری تایبەت بەخۆی هەبوو، هەوڵی بەدیهێنانی دادگەری داوە لەناوچەکەی خۆیدا لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانەی کە لە پایتەختەوە بۆی دەهات، بەڵام هەندێك لەو دادوەرانە خاوەنی هیچ ڕێزێك نەبوون لەلایەن هاوڵاتیانی ناوچەکەوە، ئەمەش بەهۆی یاریکردنی بەو بڕیارانەی کە دەریدەکرد و جیاوازی زۆریشی لەنێوان

دەوڵەمەند و هەژاردا دەکرد، هەروەها بەرتیلی زۆریشیان لە دەوڵەمەند و گەورە بەرپرسانەوە وەردەگرت، هەر کارێك تایبەت بوایە بە چارەنووسی ولاتەوە ئەوا پادشا خۆی فەرمان و بڕیاری دەدا چی بکرێت و چی نەکرێت، بەڵام کاروباری ناوچەیی سپاردبوو بە دادوەرانی ناوچەکان. لەتەنیشتی دادگەرییەوە ئەنجومەنی پیران هەبوو، "حامورابی" هەڵدەستا بەڕاوێژپێکردنی بەتەمەنەکان و پسپۆڕانی بواری کارگێڕی و سەربازی و یاسایی و ئاینی و نهێنی دۆز و ئابووری و سوودی لە قسەکانیان وەردەگرت و هەوڵی دەدا هەر بڕیارێك بدات لەبەرژەوەندی گشتی ولاتەکەدا بێت. جگە لە ڕاوێژپێکردنی پادشا نەیاندەتوانی و بۆیان نەبوو هیچ جۆرە بڕیارێکی چارەنووسساز بدەن بەبێ گەڕانەوە بۆ پادشا.

دەستەلاتی جێبەجێکاریی:

پادشا "حامورابی" خاوەنی ژمارەیەکی زۆری پاسەوانی ولات و پۆلیسی ناوخۆیی و هێزی ئاسایش و نهێنی دز بوو. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ترسانی زۆری "حامورابی" لە ولاتە دراوسێکانی، لەوەی چاویان بڕیبووە پیت و فەڕی ولاتەکەی و ئارەزووی داگیرکردنیان لەلا دروست بووبوو. بۆیە پادشا ناچاربوو پاڵپشتی هێزی ئاسایش و ئاشتی پارێزی ولاتەکەی بکات بۆ بەرگریکردن لە ولاتە گەورەکەی. پاسەوانانی پادشا پێکهاتبوون لە گەورە ئەفسەر و سەربازی بێ پلە. دڵی ناوەندی سەربازی ولاتەکەش پاسەوانانی کۆشک بوون. ئەم پاسەوانانە بەشێوەیەکی تایبەتی مەشقیان پێکراوە و هەڵگری کۆمەڵێك چەکی ناوازە بوون، بەجۆرێك باقی هێزەکانی ولات هیچ کام

لەم چەکانەیان پێ نەبووە. پاسەوانی تایبەتی پادشا خاوەنی ڕووبەرێکی باشی زەوی و موچەیەکی بەرز بووە، هەموو ئەمانە لەبەرامبەر ئەمەکداری تەواوی بووە بۆ پادشا. پاسەوانانی پادشا دەبوو بەدرێژایی تەمەنیان خزمەتی پادشای بکردایە، بەڵام هاوڵاتیانی دیکەی وڵات تەنها دەبوو لەباری جەنگدا ببنە سەرباز جگە لە جوتیاران.

جوتیارەکان خاوەن پارێزگاری و تایبەتمەندییەکی باش بوون بەتایبەت گەر هاتوو جوتیاری زەوی میری بوونایە. لەکاتی پێویست بوونداا پادشا هێزی وڵاتانی دیکەی بەکرێ دەگرت بۆ بەگژاچوونەوەی وڵاتی مەترسیدار یان ئامانجدار، بۆ ئەمەش پێویستیان بە خۆراکی بەردەوام دەبێت لەکاتی هەڵمەتەکاندا، ئەمەش تەنها لەڕێگەی کشتکارانەوە دەستەبەر دەبێت.

"حامورابی" باش دەیزانی هەژاری و برسێتی هۆکارن بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ و ڕووبەڕووبوونەوەی بە کودەتا بۆیە ئەوپەڕی هەوڵی دەدا لەوەی خەڵکەکەی هەمیشە تێربن.

چەکی جەنگیی جۆراوجۆر لە وڵاتدا هەبوو؛ زرگ و ڕم و کەوان و تیر وشمشێر و قەڵغان و کوتەکی بکوژ باشترین ئامرازەکانی جەنگاندن بوون لەوڵاتدا. لە "دوو هەزاری پێش زایین"دا گالیسکەی جەنگیش دەرکەوت و دواتریش لە "هەزارەی پێش زایین"دا ئەسپ سواری پەرەیسەند. ئەم پێشکەوتنە گەورەیەی هێزەکەی "حامورابی" هانی زیاتر سەرکەوتنیدا، سەرباری ئەوەش سەربازەکان بەباشی ڕاهێنرابوون بۆ ئابڵۆقەدانی شارەکان. هەموو ئەمانەش لای خۆیەوە بەرەوپێشچوونێکی گەورەبوو لەبواری سەربازی و ڕێخۆشکاری بواری داگیرکاری و فراوانکردنی زەوییەکانی بابل بوو.

پادشا و خوداوەند لە بابلدا

سەرباری ئەوەی دەگوترێت پادشا "حامورابی" لەلایەن خواوەندەوە خەلاتی زیرەکی پێبەخشرابوو، بەلام هەرگیز بەخۆی نەگوتووە خوا. وەك لەپێشدا گوتمان هەرگیز سەرویننی خڕی خوایانەی لەسەر نەکردووە.

پەرستگاکان سەر بە ولات بوون، سەرجەم دەزگاکانی دیکەی ولاتیش ڕاستەوخۆ بە پادشاوە بەسترابوونەوە. "حامورابی" خۆی بەپادشای فەرمی ولات هەژمار دەکرد و وای دادەنا لەلایەن خودای خۆرەوە –خوای دادگەری و یاساو..هتد– ئەم پۆستەی پێبەخشراوە. ئەوکاتەی خۆر گەورەی زەوی و ئاسمان، خوای هەموو خواکان، بە تیلی درەوشانەوە لێی ڕوانیم و منیش پێمگووت: منم حامورابی، سەرکردەی خۆشەویست، ئەم زەوییەم پێ ببەخشە و پێگەکانی فەرمانڕەواییشم بدەرەدەست و نیشتمانەکەشم بکەرە هەمیشەیی، داوای لێکردم گەلی "سیبار" بپارێزم، فەرمانی پێکردم دیوارێك بۆ شاری "سیبار" دروست بکەم و لەسەر ڕووی دیوارەکەش بنوسم: " گەر خوای خۆر ویستی لێبێت ئەوا حامورابی هیچ دوژمنێکی نابێت ".

لەتەنیشتی خوای خۆرەوە دیسانەوە خواکانی "ئانو و ئنلیل و مەردۆخ و خوای بابل"یش هەبوون.

یاسا و بەڕێوەبردنی ولات

گرنگترین جیاکەرەوەی نیشتمانی دوو ڕووبار ڕێزگرتنی دانیشتووان بووە لە یاساکانی ولات، نزیکەی"٩٥٪"ی دەقە دۆزراوەکانی سۆمەری و ئەکادی

ئاماژەن بۆ بەڵگەنامە و گرێبەست و ڕێزگرتن لەیەکتر و هەژمارکاری، سەرباری گرێبەستەکانی تایبەت بە خانووبەرە و موڵک و مااڵ و زەوی، بەشێوەیەک کە لەبەرگرتنەوەی ئەو بەڵێننامانە و بەکارهێنانی بۆ مەبەستی درۆ و ناڕاست سزاکەی زۆر تووندبووە.

زۆر پادشا و میرزادە هەن ئاماژە بەهەوڵەکانی خۆیان دەکەن لەبواری بەدیهێنانی دادگەری و سەپاندنی یاسادا، هیچ گومانێکیش لەم بوارەدا نییە، سەرباری ئەوەی ماوەکانی سەرەتای نووسینەوەی یاسا نوسراوەکانیان بەڕوونی دیار نییە، هیچ بەڵگەیەک نییە ئاماژەبێت بۆ ئەوەی کە چاکسازییەکانی "ئۆرکا جینا" بۆ هەموو خەڵک بەدەقێکی نوسراو لەناوەڕاستی شاردا دانرابێت، ڕەنگیشە وەهای کردبێت، بۆ نموونە "هۆپس" دەڵێت: جگە لەیاسا سروشتییەکان، لە ناوەڕۆکی هەموو یاسایەکدا هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە داوای یاساکانی ولاّت بکات بۆ ئاشنابوون پێی جا بەشێوەی نوسراوبێت یان گوتە و پێویستە لەسەر هەمووانیش ملکەچی بۆ ئەو یاسا و دەستوورانە بنوێنن.

بۆ ماوەیەکی زۆر تاکە یاسای ناسراو دەقی یاساکانی "حامورابی" بووە و لێکچوونێکی زۆر هەبووە لەنێوان دەقی ئەم یاسایانە و یاساکانی پەیمانی کۆن (تەورات)، بۆ ماوەی "دەیان سال" گفتوگۆیەکی توند و دژبەر هەبووە لەبارەی ئەوەی ئایا بەڕاستی تەوراتی موسا لەیاساکانی "حامورابی"یەوە وەرگیراوە یان چی؟ تەنانەت یەکێک لەخوێندنگەکانی دەقە ئاینییەکان دانی بەوەدا ناوە کە خودی یاسا و پەیڕەوەکانی موسا لە "حامورابی"یەوە وەرگیراون و سەرجەم یاسای عیبرییەکان دەگەڕێتەوە بۆ "میلەکەی حامورابی".

بەڵام ئەو دەقانەی دواتر دۆزرانەوە نەختێك ئەم کێشەیەی دامرکاندەوە بەوەی، هەندێك دەقی یاسای دیکە دۆزراونەتەوە کە بە سەدان ساڵ دەگەڕێتەوە بۆ پێش "حامورابی"، هەروەها لە نیشتمانی حیسی و ئاشوریيەکانیشدا چەندین دەقی یاسا دۆزراونەتەوە کە هەمان تایبەتمەندییان هەیە، سەرباری بوونی چەندین کۆمەڵە یاسای بچووك لەچەندین ناوچەی دی.

زۆربەی زۆری ئەو یاسایانەی دۆزراونەتەوە جگە لەوەی "حامورابی" لەلایەن یاساناسانەوە بە دەقی یاسایی هەژمار ناکرێن، لەڕۆژهەڵاتی نزیکدا هەر گەلە و یاسایەکی تایبەت بەخۆی هەبووە، جاروباریش سوودیان لەدەقەکانی یەکدی وەرگرتووە بۆ زیاتر پتەوکردنی ولاّت و دەستوورەکانیان، ئەمەش هەمان کێشەی نێوان تەورات و بابلییەکانە.

ئەوەی گومانەکانی لێکدی دزینی یاساکانی بابلی و ئاشوری و عیبری ناهێڵێتەوە ئەوەیە کە سەرجەم ئەم نەتەوانە دەگەڕێنەوە بۆ یەك بنچینە ئەویش "سامی کوڕی نوح" بووە، کە ئێستا بە پاشماوەی زۆرینەی ئەم نەتەوانە دەگوترێت: عەرەب.

لەڕاستیدا زۆرینەی ئەم خێڵانە لەنیوە دوورگەی عەرەبیدا ژیاون و پاشان بە تەفروتوونایی بلاّوبوونەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆندا و هەریەکە بۆ خۆی بووە بەخاوەن شارستانییەتی جیاواز لەهاوشێوەی بابلی و ئاشوری (لەڕاستیدا نوسەری ئەم پەرتووکە بەهۆی بەرزی ڕادەی عەرەب چێتییەوەی زۆرجار ئاماژەکانی نووسینەکانی وەهان کە ئاشوری و گۆتی و بابلی و کەنعانی و عیبری و سۆمەری عەرەبن و لەنەتەوەی عەرەب جیابوونەتەوە، ئەوەی لێ شێواوە کە نەتەوەی عەرەب بەرەنجامی کارلێکی سۆمەری و

کەنعانییەکانە و بەس –وەرگێڕ) و لەم ناوچانەدا بنەماکانی شارستانییەت بەتەواوەتی دانراوە، بەپێی بارودۆخە ئابوری و کۆمەلایەتی و ڕامیارییەکان دەقی یاسا شارستانییەکانیان گۆڕدراون، بەلام لەڕووی زمانی نووسینەوە هەر یەك شتیان بەکارهێناوە کە ئەویش زمانی عەرەبی کۆن بووە لەشێوەی "ئەکادی و ئارامی و عیبری و..هتد"، کە لە تایبەتمەندییە گشتییەکانیاندا زۆر لێکچوون، کاریگەری خێڵە عەرەبە کۆنەکان گەیشتۆتە خێڵە "حیسی و حۆرییەکان و تەنانەت کاشیەکان" لەڕووی کاروباری تایبەتی و گشتی ولاتەوە بەتەواوەتی لاسایی عەرەبەکانی نیشتمانی بابلیان کردۆتەوە.

دادگەری کە بەزمانی "ئەکادی" واتای شتی ڕاست و ڕەوان دەدات یەکەمین هەنگاو بووە کە پادشاکان پێی هەستاون، "حامورابی"ش هەمان ڕێچکەی گرتۆتەبەر و سالی دووەمی پادشایەتییەکەی بۆ نووسینەوەی یاسای بواری دادگەری تەرخان کردبوو، بەلام دیسانەوە ناتوانرێت تەنها ئەو سالەی کاتی فەرمانڕەوایەتی "حامورابی" بەسالی دادگەری دابنێین نەخێر، بەڵکو چەندین سالی دیکەش بەڕێکخستنی بوارەکانی دادگەرییەوە سەرقاڵ بووە، تاوەکو توانیویەتی بەڕادەیەکی زۆرباش دادگەری لەولاتدا بچەسپێنێت. چاکسازیی و دادگەری لەسەردەمی سۆمەری و بابلییەکاندا بەزۆری لەبواری ئابوریدا بووە، وەکو هەنگاونان بۆ لێخۆشبوون لە باج و سنووردان بۆ کرینی زەوی لەلایەن خانەدانەکانەوە.

لەوکاتەوەی سیستمی سۆمەری پشتی بەستووە بە هاوبەشکاری ولات لە بەرهەمدا (ئاماژەی لاوازی ئەم سیستمە لەچاکسازییەکانی "ئۆرکاجینا"دا بەدیاردەکەوێت) جوتیار بووبووە خاوەنی مولکی تایبەت یان بەکرێگرتەی

زەوی لەبری ئەوەی ببێتە کۆیلەی پەرستگا و دووچاری کێشە و قەیرانی جۆراوجۆر ببێتەوە، دەبوو لەکاتی نەهامەتی و نەبوونیدا جوتیار دانەوێڵە لە پەرستگا بەقەرز وەربگرێت و بەسوودەوە دواتر بۆ پەرستگای بگێڕێتەوە.. بەتێپەڕبوونی چەندین ساڵ جوتیارێکی زۆر بوون بە قوربانی قەرز و سوودەکانی پەرستگا و نەشیاندەتوانی بەهیچ هەنگاونانێك چارەسەری بکەن، تەنانەت لە پەیمانی کۆندا شوێنەواری ئەم جۆرە بارودۆخە بەرجەستەن.

ساڵی دووەمی "حامورابی" بەساڵی چەسپاندنی دادگەری دادەنرێت لەولاتدا بەتایبەت لەڕووی نرخدانان و دیاریکردنی کرێ و ڕێگرتن لە قۆستنەوەی خەڵکی لەبەرژەوەندی پەرستگا و گەورە کاربەدەستان و ڕێگرتن لە کورتهێنانی ئابووری و ناسۆری ڕامیارێتی، "میلەکەی حامورابی" نرخی زۆر شمەك و کرێی بۆ دیاریکردوون، لەبەرامبەریشدا یاسانوسەکانی نیشتمانی "ئاشنونا" کە بەسەد ساڵ پێش "حامورابی" یاسایان نوسیوەتەوە ئەوانیش هەستاون بە دیاریکردنی نرخی هەندێك مادە (بڕەق)ی سەرەکی لەژیانی ئابوریدا (جۆ و ڕۆن و گۆشت و خوری و خوێ و بەهارات و مس)، پاشان کرێی گالیسکە و کەشتی و کرێی دەستی کاری کشتوکاڵیش بەهەموو جۆرەکانیەوە دەستنیشان کراوە.

فەرمانە پادشاییەکانی بواری چاکسازیی

باشتر وایە بۆ ئەم ڕێوشوێنانە زاراوەی (فەرمانی پادشایی) بەکاربهێنین، چونکە دەقی یاسایی نەبوون، یاخود چاکسازیی ماوەدرێژ بەڵکو فەرمان و بڕیارێکی لەناکاو و پێویستی پادشابووە لەبواری ئابوری و کۆمەڵایەتی و

ڕەتکردنەوەی کۆمەڵێك ڕێسا و دەقی یاسایی، زۆرێك لە پادشاکان لەسااڵی یەکەم و دووەمی فەرمانڕەوایەتییەکانیاندا ئەم جۆرە بڕیارانەیان دەردەکرد و پاشان لەسااڵنی دواتری فەرمانڕەوایەتییەکانیاندا بڕیاری دیکە و جێگرەوەیان بۆ دەردەکرد.

بەناوبانگترین فەرمانی پادشایانەش بریتین لە فەرمانەکانی پادشا: (ئمی صودقا و پادشا سمو ئیلونا لە زنجیرە پادشاکانی یەکەمی بابل) و بەزۆری تەنها یەك شار یاخود تاکە ناوچەیەك پێوەی پەیوەست دەبوون، بەتایبەت لەبوارەکانی لابردنی قەرزاری و باجێکی دیاریکراو یان کەمکردنەوە و لابردنی جۆرێکی تایبەتی گرێبەستی مواڵکداری نەگواستراوە، سەرباری هەموو ئەمانە ئەم فەرمانانە لەخۆگری هەندێك دەقی یاسایی گشتی هەمیشە کاریگەربوون.

وەك زانراوە کە "حامورابی" و جێگرەوەکانی چەندین فەرمانی پادشایانەیان بۆ کارمەندەکانیان دەرکردووە، وەکو ڕێنوێنی کارێك بۆ شێوازەکانی دادوەری و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی تایبەتن بە گرێبەست و... هتد، لەیەکێك لە بڕگەکانی نامەیەکی پادشایانەدا ئەم جۆرە دەقانە بەڕوونی دیارن، لەم نامە فەرمانی پادشایانەدا شای واڵت فەرمان بەکارمەندێك دەکات و پێی دەڵێت: بەپشت بەست بەدەقەکانی نێو ئەم نامەیەی من و دەقی یاساکانی بەردەستت ئەو کێشەیە یەکلایی بکەرەوە. ئەم بڕیارانە بەزۆری شێوەی فەرمانی ڕەت نەکراوەیان وەرگرتبوو لەسەرجەم کۆمەڵگەکاندا.

کۆنترین بڕگەی یاسایی تاوەکو ئێستا دۆزرابێتەوە یاخود شوێنەوارناسان دۆزیبیانەتەوە کۆمەڵە یاساکانی "ئور نامۆ"ی دامەزرێنەری بنەماڵەی "ئوری سێیەم" و یەکەمین پادشایی واڵتی "ئور"ە، ئەم دەقانە تاوەکو "ساڵی ۱۹۵۲ز"

هیچ کەس پێی نەزانیبوو یاخود بڵاو نەکرابۆوە، دەقی یاساکان لەپێشەکییەکەیدا باس لە مێژووی جیهان بە کورتی دەکات و بەرزی "شاری ئور" دەخاتەڕوو و پادشا و "ئورنامۆ" خۆیشی وەکو نوێنەری خوا دادەنێت لەشاری "نتا". "ئورنامۆ" پێمان ڕادەگەیەنێت کە پاش ئەوەی توانیویەتی هەردوو لایەنی سیاسی و سەربازی وڵآت پێشبخات ڕووی کردۆتە چاکسازیی بارودۆخی ئابووری و ڕاستکردنەوەی چەندین نادادپەروەری لە وڵآتدا.

هەرچی و هەرچۆنێك بێت، ڕێگەی بەهیچ کەس نەداوە بە پشتیوانی هێز و زۆردارێتی گا و کەر و پەلەوەر و مەڕ و مآلآتی کەس بەرێت و ئەوەشی دەستەبەرکردووە کە:

(هەتیوی بێ باوك چیتر خۆی نادات بەدەستی دەوڵەمەندەوە، بێوەژنیش خۆی نافرۆشێت بەزۆردار، هەژاری خاوەن شاقل خۆی ناداتە دەستی دەوڵەمەندی خاوەن "مەنا"وە).

لەڕاستیدا ئەو زاراوانەی لەسەردەمی ئاشوری و بابلییەکاندا لەبواری کێش و پێوانەدا بەکارهێنراون زۆرجار لە لێوەرگرتن دەچن و هەندێك جاریش لە وشەی نوێ و داڕێژراو دەچن. بەو مانایەی زۆرێك لەو وشانەی بەکارهاتوون لەزمانێکی وەکو عەرەبیدا بوونیان هەیە، وشەی "مەنا و موسقاڵ" (لەڕەگی سێیەمەوە وەرگیراوە) واتە کێش و قورسی کە هەمان وشەی "ئاکەدی شقال دەگرێتەوە و، حەبە (دانك-ناوك-دانەوێلە)ش هاوتای زاراوەی (حطة یان حنطة) (گەنم)ی "ئاکەدی"یە، بەڵآم ئەوەی تایبەتە بەبواری کێش ئەوا بەم شێوەیە دەبێت:

١ مینە= ٥٠٥ گم یاخود سەد پارچە زیو

١ شاقل یان شیقلّ= ٨/٤ گم

١ حطة= ٤٦/٧٥ گم

کور یان گور = ١٨٠ هۆقە یاخود ٣٠٠ جو یان کووە

ئیکوا=٨/١ فدان

پاش لەم دیباجەیە دێینەوە باسی مادە (بڕدەق) یاساییەکان، لەڕاستیدا دەقەکان ئەوەندە کۆن و تێکچوون بەزۆر توانراوە پێنج مادە (بڕدەق)ی بخوێندرێتەوە، ئەویش متمانەی تەواوی پێ ناکرێت.

دواتریش دووپارچە یان دوو لەبەرگیراوەی یاساکانی "ئورنامۆ" کە لەسەر دوو پارچە قوڕ نوسرابوو لەشاری "ئور"دا دۆزرایەوە و توانرا نزیکەی دوازدە مادە (بڕدەق)ی یاسایی لێبخوێندرێتەوە کەخۆی زیاتر لە سی مادە (بڕدەق)ی لەخۆگرتبوو، مادە (بڕدەق)کانیش بابەتی جۆراوجۆریان لەخۆگرتبوو بۆ نموونە مادە (بڕدەق)ی ٤-١٢ پەیوەستە بە بارودۆخی کەسێتییەوە لەکاتێکدا مادە (بڕدەق)ی ١٣ و ١٤ تایبەتە بە ڕاکردنی کۆیلە، بەڵام مادە (بڕدەق)ی ١٥-٢٣ تایبەت کراوە بە سزای دەستدرێژی کردنە سەر کەسەکان لەکاتێکدا هەردوو مادە (بڕدەق)ی ٢٥ و ٢٦ باسی شایەتی بە درۆ دەکەن و مادە (بڕدەق)کانی ٢٧-٢٩ باس لەبردنی زەوی کەسانی تر دەکات.

لەو پێنج دەقی مادە (بڕدەق) یاساییەی کە توانراوە لە یاساکانی "ئورنامۆ"دا شیکردنەوەی بۆ بکرێت تایبەتە بە ئازاردانی کەسەکان، وەک هاتووە:

" گەر کەسێک ئێسکی کەسێکی دیکەی شکاند ئەوا پێویستە یەک مەن زیو بدات بە کەسی ئێسک شکێنراو" ئەو مادە (بڕدەق)کانی دیکەش هاوتای ئەم مادە (بڕدەق)ەن لەڕووی بنەماوە، ئەوەی لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە

کە بنەمای "چاو بەرامبەر چاو" بوونێکی نییە و تەنانەت لە نیشتمانی "ئاشنونا"شدا هەروەها بووە، بەڵام لای بابلی و عیبری و ئاشوورییەکان گەر چاوی کەسێکت کوێر بکردایە ئەوا چاویان دەردەکرد، کەچی لای سۆمەرییەکان بە پارە و زێڕ و زیو قەرەبووی کەسی بریندار یان پێکراو دەکرایەوە، ئەمەش مانای دواکەوتوویی خێڵە سامییەکانی ناوچەکە دەگەیەنێت.

یاسای دیکەش هەن کە بە زمانی سۆمەری نوسراونەتەوە، یەکەمینی ئەم یاسایانەش دەقی یاساکانی "لبت عەشتاری" پادشای "ئیسن"ە، کە لەماوەی نێوانی "ئورنامۆ" و "حامورابی"دا فەرمانڕەوای ناوچەکە بووە، نوسراوەکەی حەوت پارچە گڵینە و لەخۆگری بەشی پێشەکی و کۆتایی و سی دەقی یاساییە و، هەندێك لەم پارچە گڵینانە شکاون و هەڵەی ئاڵۆزییان تیادا دەرکەوتووە، بەڵام سێ پارچەی گڵینی دۆزراوەی یاساکانی "لبت عەشتار" دەگەڕێنەوە بۆ یەك تابلۆی گەورە و یەکێك لە بڕگەکانی کۆتایی ئاماژە دەکات بەوەی کە ئەمە کۆپییەکی دەقە ڕاستەقینە لەسەر بەرد نوسراوەکەیە: (ئەو دەمەی خۆشگوزەرانی نیشتمانی سۆمەر و ئەکادی داپۆشی ئەم میلەش بۆ خەڵکی هەڵواسرا)، دەتوانین بابەتی دەقی یاساکانی "لبت عەشتار" بەم شێوەیە لێك بدەینەوە:

١-٦ تێکچووە.

٧-١١ تایبەتە بە زەوی و باخچە و بێستان.

١٢-١٤ کۆیلە.

١٥-١٦ کشتکاران.

١٧ ناڕوونە.

١٨ لابردنی خاوەندارێتی زەوی بە شێوەی دەرەبەگایەتی لەکاتی باش ئەنجامنەدانی کارەکان.

١٩-٢٠ تێکچووە.

٢١-٢٧ میرات و بەجێماو.

٢٨ فرە ژنی.

٢٩ نەشیاوی هاوسەرگیری ئافرەتێک لەگەڵ هاوڕێی دەزگیرانە کۆنەکەی.

٣٠ هاوسەرگیری لەگەڵ سۆزانی.

٣١-٣٣ دابەشکردنی بەجێماوی باوک لەنێوان میراتگرانیدا.

٣٤-٣٧ سزای پێویست لەکاتی زیانگەیاندن بە گای بەکرێگیراو.

ئەمەش وەرگێڕانی تەواوەتی هەندێک لە دەق و ماوتەی ئەو یاسایەش:

٨- ئەگەر کەسێک زەوییەکی دێمی دا بە کەسێک بۆ ئەوەی بیکات بە بێستان و ئەوەی دواین نەیتوانی بیکات بە بێستان، ئەوا کەسی یەکەم بۆی هەیە قەرەبووی زەوییەکەی لەکەسی دووەم وەربگرێتەوە.

١١-ئەگەر لەتەنیشتی خانووی کەسێکەوە زەوییەکی دێمی وشکەڵانی بەجێماو هەبوو، بەڵام ئەو زەوییە خاوەنی خۆی هەبوو، گەر هاتوو خاوەنی ماڵەکە بە خاوەنی زەوییەکەی گووت: ڕەنگە یەکێک لەنێو ئەو زەوییەی تۆوە بێتە نێو ماڵەکەی منەوە و بەپەندم بدات، بەڵام خاوەن زەوییەکە هیچ گوێی بۆ ئەو ئامۆژگارییە نەگرت ئەوا گەربێتو خاوەن ماڵەکە شتێکی لێ برا یان پەنێکی پیادا درا ئەوا دەبێت خاوەن زەوییەکە قەرەبووی بکاتەوە.

١٨- گەر هاتوو کەسێکی خاوەن زەوی و زار دواکەوت لەپێدانی باج و سەرانە و نەیتوانی بیدات و کەسێکی تر باجەکەی لەبریدا ئەوا بۆ ماوەی سێ ساڵ خاوەن زەوییە کۆنەکە بۆی هەیە لەسەری بمێنێتەوە، بەڵام دواتر کەسی باجدەر دەبێتە خاوەنی ئەو زەوییە، گەر ویستی.

٢٤- ئەگەر پیاوێک ژنی دووەمی هێنا ئەوا هەرچییەکی لەماڵی باوکی هێنا تەنها بۆ منداڵەکانی خۆی دەبێت و پیاوەکەش هەرچییەک بەجێ بهێڵێت بۆ هەموو منداڵەکان دەبێت بەبێ جیاوازی.

٢٥- گەر پیاوێک ژنێکی کۆیلەی هێنا و منداڵی لێبوو و ئەو منداڵانەش ژیان و باوکیان ئازادی کردن ئەوا بەجێماوەکانی باوک لەنێوان کوڕی ژنە کۆیلەکە و ژنی ڕەسەنی پیاوەکەدا وەکو یەک دابەش ناکرێت.

٢٧- ئەگەر ژنی خانەدانێک منداڵی نەبوو، داوای لە ئافرەتێکی سەرجادە کرد منداڵێکی بۆ بخاتەوە و ئەویش بۆی خستەوە، ئەوا دەبێت دایکی ئەو منداڵە لەبری پێدانی منداڵەکەی بە دانەوێڵە و ڕۆن و جل و بەرگ قەرەبوو بکرێتەوە و تاوەکو ژنی خانەدانەکە لە ژیاندا بێت بەهیچ شێوەیەک نابێت دایکە سۆزانییە ڕاستەقینەکەی منداڵەکە خۆی نیشانی وەچەکەی بدات.

٢٩- ئەگەر کوڕێک یان پیاوێک ئافرەتێک یاخود کچێکی ماڕەکرد، بەڵام دواتر ماڵە باوانی کچەکە پەشیمانبوونەوە ئەوا پێویستە زاوا چی پێداون بۆی بگێڕنەوە و ناشبێت ئەو کچە لەدۆست و هاوڕێی نزیکی زاوا ماڕەبکەنەوە.

٣٥- ئەگەر پیاوێک یان کەسێک گایەکی بەکرێ گرت و چاوی لەکاتی ئیش پێکردندا کوێر کرد ئەوا دەبێت نیوەی نرخی ئەو گایە بدات بەخاوەن گایەکە.

تابلۆی دەقە یاساییەکانی پادشای "ئیسن" دوانزە مادە (بڕدەق)ی یاسایی تایبەت بە کاروباری خێزانی لەخۆدەگرێت، ئەمەش دەقی وەرگێڕانەکەیەتی:
ئەگەر کوڕێک بە باوکی گووت: تۆ باوکی من نیت لەکاتێکدا باوکیشیەتی ئەوا ئەو باوکەی بۆی هەیە سەری ئەو کوڕەی بتاشێت و بیکات بەکۆیلە و بیفرۆشێت.
ئەگەر کوڕێک نکۆڵی لەدایکی خۆی کرد ئەوا هەموو سەری یاخودی نیوەی پرچی دەتاشێت و بەچواردووبەری شاردا سوڕ دەدرێت و دواتریش لەماڵ وەدەردەنرێت.
ئەگەر ژنێک بە پیاوەکەی خۆی گووت: تۆ نەشوومی نەمێرد، ئەوا ئەو ژنە فڕێدەدرێتە ڕووبارەوە و ئاوی ڕووبارەکە ڕادەی گوناهەکەی دیاری دەکات، واتا ئەگەر گوناهباربێت ئەوا دەخنکێت و ئەگەریش بێ گوناە ئەوا ڕزگاری دەبێت، بەتایبەت ئەگەر هۆکاری ئەم قسەیەی خیانەتی هاوسەرگیری و جووتبوون بێت لەگەڵ کەسێکی تردا.
ئەگەر پیاوێک بەژنەکەی گووت: تۆ ژنی من نیت ئەوا پێویستە نیو مینە زیوی پێبدات.
هەروەها چەندین مادە (بڕدەق)ی دیکەی یاسایی هەن کە بەزمانی "ئەکادی" لە چەرخی بابلی کۆندا نوسراونەتەوە بەتایبەت لەسەردەمی "لبت عشتار"دا.
زۆرێک لەزاناکان کۆڕان لەسەر ئەوەی هەندێک لەم جۆرە دەقی یاساییانە دەقی قەڵب و ناڕاستن و تەنها بۆ مەبەستێکی تایبەتی کۆنکراون، بەجۆرێک ڕەنگە لەو کاتەدا ساختەیان کردبێت بەناوی دەقی کۆنەوە بۆ ئەوەی ڕەوایی بەهەندێک کارو فەرمانیان بدەن. ئەگەر لەوە بەدەربێین ئەوا کۆنترین یاسای ناسراو تاوەکو

ئێستا یاسایەکە بەدەقی زمانی "ئەکادی" نوسراوەتەوە کە لە ساڵی "١٩٤٧ز"دا دۆزراوەتەوە لە گردی "حرمل"ی نزیك "بەغداد". ناوچەی گردی "حرمل" شوێنی شاری "شادوبوم"ی کۆنە کە لەنێو نیشتمانی "ئاشنونا"دا بووە، دەقەکان بەو شێوەیە دەرنەچوون کە هەندێك بۆچوونیان وەهابوو کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پادشا "بلالاما"، بۆیە دەتوانین مێژووی نووسینی بۆ ساتەوەختێکی نزیك لە سەردەمی "حامورابی" بگێڕینەوە، بەڵام ئاماژە زمانەوانییەکان نیشانەی ئەوەن کە چەند وەچەیەك پێش "حامورابی" نوسراونەتەوە، بەتێکڕای سەد بۆ دووسەد ساڵ پێش "حامورابی".

پاش ئەوەی لەپێشەکی دەقی ئەو یاسایانەدا باس لە نرخی کەرەستەی پێویست دەکات، دواتر چەندین دەقی تیادایە کە ئاماژەیە بۆ دیاریکردنی نرخی کرێ و خزمەتگوزاری و سزای پێویست بۆ هەندێك بارودۆخ.

دەتوانیت چل و هەشت ماده (بڕەق)کەی دیکەی دەقی یاساکان بەمشێوەیە ڕاڤەبکەین:

١٢-١٣ سزای تایبەت بە بازرگانی و قاچاخچێتی بەوەی لەڕۆژدا سزای دارایی دەدرێت بەشەویش کوشتن چاوەڕوانی ئەنجامدەریەتی.

١٤-٢١ بەڵێن و گرێبەستی بازرگانی جۆراوجۆر: کرێی گواستنەوەی دراو لەلایەن بریکارەوە، دەڵاڵەکان نابێت لەشمەکی سەرەکی و زیو لەبری کرێکانیان وەربگرن، نابێت قەرزبدرێتە کۆیلە و منداڵ. مارەیی پێشکەشکراو بە ماڵی بووکێ هی زاوا دەبێت تاوەکو ئەوکاتەی بووك دەچێتە ماڵی زاواوە، ئەگەر

کچەکە پێش ئەوەی منداڵ بۆ پیاوەکەی بخاتەوە گیانی لەدەستدا ئەوا پیاو دەتوانێت هەموو شتەکانی ژنەکەی بۆ خۆی هەڵبگرێتەوە.

٢٢-٢٤ بەزۆر گلدانەوەی دایك یان ژن کارێکی ڕێگە پێنەدراوە.

٢٥-٢٨ مارەبڕین و هاوسەرگیری: ئەو زاوایەی لەبری مارەیی خزمەتی باوکی کچەکە دەکات، ئافرەتەکە بۆی نییە داوای زیاتری لێ بکات. سزای دەستدرێژی کردنە سەر کچێکی مارەبڕ مردنە. هاوژیانی بێ گرێبەست مانای هاوسەرگیری ناگەیەنێت.

٢٩-٣٠ لەدەستدانی مێرد ماڵ تەواو دەدات بە هاوسەرەکەی بۆ دەستگرتن بەسەر موڵك و ماڵی مێردەکەیدا، بەڵام ئەگەر مێردەکەی دیل بوو ئەوا ئەو ئافرەتە ناتوانێت وەهابکات.

٣١ سزا بۆ ئەو کەسەی کە دایکی کەسێکی تر لەخۆی بگرێت و بەخێوی بکات.

٣٢-٣٥ ڕێنمایی تایبەت بۆ چۆنێتی پێدانی منداڵ بۆ بەخێوکردن و بەموڵکداربوونی منداڵ.

٣٦-٣٧ بەرپرسیارێتی لەکاتی پێسپاردنی خانوو و ماڵ وەکو سپاردە.

٣٨-٤١ ڕێنومایی تایبەت بە جۆرەکانی کڕین و فرۆشتن.

٤٢-٤٨ سزای ئازاردان و دەستدرێژی: پێویستە لەکێشە گرنگەکاندا تاوانبار دادگایی بکرێت و لەکاتی تاوانی گەورەشدا لەپێشی پادشادا سزادەدرێت بەمردن.

٤٩-٥٢ دزی و ڕاکردنی کۆیلە.

٥٣-٥٨ بەرپرسیارێتی زیانەکانی گا یان سەگ یاخود دیوارێکی داڕووخاو.

٥٩ ئەو پیاوەی بۆخۆشی و بەبێ هیچ بیانوییەك ژنەکەی تەلاق دەدات کەمندالّی بۆی هێناوەتە دونیاوە ئەوا مالّ و سامانەکەی لەدەست دەدات.
٦٠ (دەقەکە تاپرادەیەك تێکچووە) ڕەنگە تایبەت بووبێت بە سزای مردن لەسەر ئەو پاسەوانانەی بەباشی پاسەوانی مالّەکە ناکەن.

بۆ خستنەڕووی بۆچوونێك لەبەرامبەر شێواز و جۆر و ناوەڕۆکی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە ئەم دەقانە دەخەینەڕوو:
٢٥- ئەگەر کەسێك خزمەتی پیاوێکی کرد لەبەرامبەر کرێکەیدا کچێکی پێبدات و ئەوپیاوە کچەکەی دابە کەسێکی تر ئەوا دەبێت بە زیاتر لەو مارەییەی وەریگرتووە قەرەبووی خزمەتکارەکەی بکاتەوە (دەتوانین بەراوردی ئەم بارە بکەینەوە بەبارودۆخی یەعقوبی پێغەمبەر کاتێك بۆ پێدانی هەر کچێکی لەلایەن لابانی خەزووریەوە حەوت سالّ خزمەتی کردبوو)، سەیری سفر تەکوین ١ ئەصحاح بکە: پیاوێك کچی پیاوێکی دیکەی برد بەبێ ڕەزامەندی باوکی کچەکە ئەوا بەژنی نابێت تەنانەت گەر سالّێکیش لەگەلّیدا بژی.
٣٠ – ئەگەر پیاوێك ڕقی لەشار و دانیشتووانی ولاّتەکەی بێت و لەو ناوچەیە هەلّبێت و دواتر پەشیمان ببێتەوە و پاش گەڕانەوەی بینی ژنەکەی لای پیاوێکی تر ئەوا بۆی نییە داوای ژنەکەی بکاتەوە.
٣١- ئەگەر کەسێك دایکی فرۆشت بەکەسێکی تر ئەوا دەبێت سێ مینەی زیوی سزا بدرێت و دایکیشی بەمولّکی پیاوەکەی تر دەمێنێتەوە.
٣٣- ئەگەر دایکێکی کوێلە منداڵەکەی دا بە ژنێکی ئازاد بەشێوەی نایاسایی و دواتر خاوەنەکەی پێی زانی ئەوا دەتوانێت ئەو منداڵە بگێڕێتەوە و بیکات

بەکۆیلەی خۆی (ڕەنگە ئافرەتێك بیەوێت ئەو منداڵەی ئازاد بکات بۆ ئەوەی وەکو خۆی نەبێت بەکۆیلە و ژنی دووەمیش منداڵی نابێت بۆیە هەڵی دەگرێتەوە).

٣٩- ئەگەر کەسێك لەڕووی دارایییەوە هەرەسی هێنا و خانووەکەی فرۆشت و پاش ماوەیەك کڕیارەکە بیەوێت بیفرۆشێتەوە ئەوا خاوەنە کۆنەکەی مافی کڕینەوەی ئەو خانووەی دەبێت، ئەمەش هەمان ئەو شتەمان یاددەخاتەوە کە لە "سفری لاویین لە ئەصحاحی ٢٥:٢٩"دا هاتووە: ئەگەر کەسێك خانوویەکی لەناوشاردا فرۆشت ئەوا بۆی هەیە تاوەکو یەك ساڵ لەکڕینی ئەو خانووەی پەشیمان بێتەوە و بیکڕێتەوە، بەڵام لەبارەی خانووی دەرەوەی شاردا هیچ شتێکمان نییە، ئەمەش مانای وایە کە لە یاسای عیبریدا خاوەن ماڵ هیچ بەلایەوە گرنگ نابێت کە ئایا کڕیاری خانووەکەی دەیفرۆشێتەوە یاخود نا.

٤٢- ئەگەر کەسێك گازی لە لووتی کەسێکی تر گرت و قرتاندی ئەوا دەبێت یەك مەن لە زیو بدات بەکەسی لووت بڕاو، بۆ چاویش یەك مینا و بۆ زمان نیو مینا و لێدانی بۆکس لە چەناگەش سزاکەی دە شاقڵی زیوییە.

٥٤- ئەگەر گایەکە لەقە و شاخی وەشاند و حکومەت خاوەنەکەی ئاگادار کردەوە و ئەویش گوێی نەدایە (نازانرێت لەوەی ئاگادارکردنەوەی لەلایەن دەوڵەتەوە بەمانای بڕینی شاخەکانی دێت یاخود بەستنەوە) و دواتر شاخی لەکەسێکدا و کوشتی ئەوا دەبێت خاوەن گاکە سێ مینا لە زیو بدات (ئەم مادە (بڕدەق)ە زۆر لەدەقی مادە (بڕدەق)ی ٢٥١ی حامورابی دەچێت کە دیسانەوە سزای داناوە بۆ خاوەن گاکە، هەروەها لەوەی سفری خروج ئەصحاحی ٢١:٢٩ دەچێت کە گایەك خانەوەکەی دەکوژێت.

٥٦-٥٧ ئەگەر سەگەکە نەخۆشی هاری هەبوو، دەولّەت خاوەنەکەی ئاگەدارکردەوە، بەلاّم ئەو هیچ گوێی نەدایە و دواتر ئەو سەگە گازی لەکەسێك گرت و کوشتی ئەوا دەبێت خاوەنی ئەو سەگە سێ مەن زیو بدات و ئەگەر گازی لەکۆیلەیەك گرت ئەوا دەبێت پانزە شاقڵی زیوی بدات بەخاوەن کۆیلەکە.

٥٨- ئەگەر دیوارەکە لاربۆوە و ئەگەری داڕووخانی هەبوو، دەولّەت خاوەن دیوارەکەی ئاگادارکردەوە و ئەویش چاکی نەکردەوە و دواتر بەهۆی داڕووخانی دیوارەکەوە کەسێکی ئازاد گیانی لەدەستدا، ئەوا ئەمە دەبێتە کێشەیەکی گەورە و پادشا بڕیاری لەسەر دەدات.

٥٩- ئەگەر پیاوێك ژنەکەی تەلاّقدا پاش ئەوەی منداڵی لێ خستبۆوە و دواتر ژنی دووەمی هێنا ئەوا لەماڵ دەردەکرێت و هەرچی هەیە بەجێیدەهێڵێت.

لێرەوە دەتوانین گرنگی یاساکانی "ئاشنونا" ببینین کە بۆ ماوەیەکی زۆر تاکە سەرچاوەی یاسا بووە و تەنانەت پۆچووەتە نێو خودی "یاساکانی حامورابی"یەوە کە بەبنچینەی تۆڕێنەوەی یاساکانی پۆڕهەلاّت کۆن دانراوە و تاوەکو ئێستاش بەگرنگترین بەڵگەنامە دادەنرێت. تاکە جیاوازی نێوان "یاساکانی حامورابی" و ئەو یاسانەی پێشتر پوونمانکردنەوە ئەوەیە کە "یاساکانی حامورابی" زیاتر لەهەموو یاساکانی دی ڕێکخراوتر و پێکەوە گونجاوترە، لەڕاستیدا ماف خۆیەتی ناوی یاسای لێبنێین.

بەهۆی زۆری لێکچوونی "یاساکانی ئاشنونا" و "حامورابی"یەوە چەند و چوونییەکی زۆر دەرکەوت لەبارەی ئەوەی کە "حامورابی" لەوەوە دەقی یاساکانی وەرگرتبێت، بەلاّم دواتر دەرکەوت کە هەردووکیان یەك سەرچاوەی مێژوویی کۆنیان هەیە و کەسیان لەوی ترەوە دەقە یاساییەکانی وەرنەگرتووە.

کڕین و فرۆشتنی کۆیلە:

٢٧٨-٢٧٩ بەرپرسیارێتی کڕینی کۆیلەی نەخۆش یاخود کێ دەتوانێت سکالای یاسایی تۆماربکات لەم مامەلانەدا.

٢٨٠-٢٨٢ داواکردنەوەی ئەو کۆیلانەی کە لە دەرەوە کڕدراون و پاشان هێنراونەتە نێو بابلەوە.

لە پەرتووکەکەی "درایفرا و میلز"دا (یاساکانی بابلی کۆن) (لەهەردوو بەشی سەرەتای چاپی یەکەمی ساڵی ١٩٥٢ز و چاپی دووەمی ١٩٥٥ز)دا بەزمانی ئینگلیزی زۆر بەجوانی دەقی ئەم یاسایانە ڕوونکراونەتەوە، بۆ نموونە:

١- ئەگەر کەسێک تۆمەتی کۆشتنی دایە باڵ کەسێک و دواتر دەرکەوت درۆیە ئەوا خودی درۆ هەڵبەست دەکوژرێتەوە لەبری کەسی بێ گوناە.

٢٢-٢٣ ئەگەر کەسێک دزی کرد و گیرا ئەوا دەکوژرێت و ئەگەریش دەستگیر نەکرا ئەوا پێویستە کەسی ماڵبراو لەپێشی پەرستگا و شار و داوەرانی شاردا دان بەو شتانەدا بنێت کەلێی دزراون بۆ ئەوەی قەرەبوو وەربگرێتەوە.

٥٥- ئەگەر کەسێک جۆگەی ئاوەکەی بۆ کشتوکاڵەکەی کردەوە و لەبیریچوو دایبخاتەوە و ئەمەش بووە هۆی خراپکردنی بەرهەمەکانی جوتیاری دراوسێی، ئەوا پێویستە چی زیانی بەکەسی بەرامبەر گەیاندووە هەمووی بۆ قەرەبووبکاتەوە.

١١٧- ئەگەر کەسێک بەناچاری و لەبەر بێ پارەیی کچ و ژن و منداڵەکەی کرد بەکۆیلەی کەسێک ئەوا دەبێت لەماڵە کەسی کڕیاردا بەباشی کار و ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن و پاش سێ ساڵ خزمەتکردن و لەساڵی چوارەمدا ئازاد دەبن.

١٢٨- ئەگەر پیاوێك ژنی هێنا بەڵام گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ ئەنجام نەدا ئەوا ژنی پاستەقینەی نییە.

١٥٣- ئەگەر ئافرەتێك بووە هۆی مردنی پیاوەکەی ئەوا ئەو ژنە چوار مێخە بەزەویدا دەکوترێت.

١٧٠- ئەگەر ژنی پیاوێك منداڵی بۆ بخاتەوە و کەنیزەکەکەشی منداڵی بۆ خستەوە و باوکەکە پێی گووتن: هەمووتان منداڵی منن، ئەوا دەبێت هیچ جیاوازییەك نەکات لەنێوان منداڵەکانیدا. پاش مردنی باوك منداڵەکانی کەنیزەکەکە و ژنە پەسەنەکە مۆڵکەکەی باوکەکە وەکو یەك دابەش دەکەن، بەڵام جێگرەوە و جێنشینی باوکەکە کوڕە گەورەی ژنە پاستەقینەکە دەبێت.

١٨٥-١٨٦ ئەگەر کەسێك منداڵی هەڵگرتەوە با ناوی بنێت و بەخێوی بکات، دواتر هیچ کەسێك بۆی نییە داوای بکاتەوە. کاتێك کەسێك منداڵێك هەڵبگرێتەوە و دواتر منداڵەکە بۆ باوك و دایکی بگەڕێت ئەوا دەبێت ئەوا منداڵە پاش دۆزینەوەی باوك و دایکەکەی بگەڕێتەوە ماڵەوە (لەم مادە (بڕدەق)ەدا گومانێکی زۆر هەیە لە شیکردنەوەی ئەوەی ئایا بەپاستی منداڵەکە دەیەوێت بۆ لای باوك و دایکی بگەڕێتەوە و هەڵدێت، یاخود باوك و کەسی هەڵگرەوە حەزی لەهەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هەڵگرتنەوەکەیەتی).

٢٠٩-٢١٠ ئەگەر کەسێك لە کچی پیاوێکی ئازاد بدات و منداڵەکەی پێ لەبار بەرێت ئەوا پێویستە دە شاقڵی زیوی لەباتیدا بدات، خۆ ئەگەر کچەکە بەهۆی ئەو لێدانەوە مرد ئەوا دەبێت کچەکەی خۆی بکوژنەوە (خۆ ئەگەر ئەو کچەی دەستدرێژی کراوەتە سەر کچی جوتیار (مەسکینۆ) یاخود کۆیلە بووبێت ئەوا تەنها بەپارە سزا دەدرێت).

٢١٥-٢١٨ ئەگەر نەشتەرگەر کارێکی نەشتەرگەریی گەورەی بۆ پیاوێک ئەنجامدا بە ئامێری برۆنزی و ژیانی پزگارکرد لەمردن یاخود نەشتەرگەری چاوی بۆ ئەنجامدا و نەیهێشت کوێر بێت ئەوا دە شاقڵی زیوی پێ دەدرێت لەبری حەق دەستەکەی. بەڵام ئەگەر لەو نەشتەرگەرییەدا پیاوەکە مرد یاخود کوێری کرد ئەوا دەستەکانی دەبڕدرێنەوە.

٢٢٩-٢٣٠ ئەگەر وەستایەکی دیوار خانوویەکی دروستکرد و دواتر بەسەر خاوەن خانووەکەدا داڕووخا ئەوا وەستاکە دەکوژرێتەوە.

خۆ ئەگەر بەهۆی داڕووخانی دیواری ماڵەکەوە کوڕی خاوەن ماڵەکە گیانی لەدەستدا ئەوا کوڕی وەستاکە دەکوژرێتەوە.

لەڕاستیدا "یاساکانی حامورابی" هەرچەندە باشترینی نێو دەقە یاساییە میژوویییە دۆزراوەکانن، بەڵام ئەمیش لای خۆیەوە تەواوکراو و بێ کەم و کورتی نییە، بۆ نموونە هیچ باس لە کوشتنی خزمە نزیکەکان ناکات، یاخود لەکاتی دزینی مەڕدا دەبێت چی بکرێت؟ ئەدی لەکاتی ڕفاندنی کەسێکدا کە کوڕی پیاوێکی ئازاد نەبێت دەبێت چی بکرێت؟ بۆیە دەبینین و دەتوانین بڵێین کە: حامورابی هەوڵی چارەسەرکردنی زۆرێک لەو کێشانەی داوە کە کۆمەڵگەی ئەوکاتی بابلی پێوەی نالاندویەتی نەوەک هەمووی.

لەڕاستیدا زۆرێک لە یاساناسەکان بۆچوونیان وەهایە کە لەنێو هەزاران بەڵگە و ڕاپۆرتی دۆزراوەدا تاکە بارێک نییە بیسەلمێنێت کە یاسای تەواوەتی بوونی هەبووبێت، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە یاساکان هەرچییەک بووبێتن، بەڵام هەرگیز یاسایەکی تەواو ڕوونکراوە نین، بەڵکو لەخۆگری بنەمایەکی یاسایی بوون و لەچەند کاتێکی دیاریکراودا جێبەجێکراون و بەس.

جێبەجێکردنی یاسا لە نیشتمانی بابلدا تاوەکو هەزار ساڵ دوای "حامورابی" زۆر بەرووتی دیارە، بەتایبەت لەسایەی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە بڕیارەکانی دادگاوە. دەتوانین ئاماژە بۆ یەکێک لەم بەڵگەنامانە بکەینەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ "ساڵی ٥٢٧پ.ز" کە دوو کرێکار ڕاپێچی دادگا کراون بەتۆمەتی دزینی دوو مراوی پەرستگا، دادگاییەکە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی پەرستگا و نوێنەری پایتەخت ئەنجامدرا، ئەوەشی لە "یاساکانی حامورابی"دا هاتووە تیشک دەخاتە سەر جوولەی دەزگای دادوەری بەمشێوە تونده تەنها بەهۆی دزینی دوو مراوییەوە.

لە مادە (بڕدەق)ی شانزەی یاساکەدا هاتووە: ئەگەر کەسێک شتێکی دزی و ئەو شتە مووڵکی پەرستگا یاخود کۆشک بوو ئەوا ئەم کەسە دەکوژرێتەوە. لەکاتێکدا لە "مادەی هەشت"دا هاتووە: ئەگەر کەسێک گایەک یان مەڕێک یاخود بەراز یان کەشتییەکی دزی و شتی دزراو مووڵکی خواوەند یان کۆشک بوو ئەوا دەبێت سی ئەوەندەی نرخی ڕاستەقینەی شمەکەکە بۆ خواوەند یان کۆشک بگێڕێتەوە، لەڕاستیدا جیاوازی نێوان هەردوو بارودۆخەکە لەم دوو مادەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە: ئەگەر دزییەکە لەنێو خودی پەرستگا یان کۆشکدا ئەنجام بدرایە ئەوا سزا تونده‌کە چاوەڕوانی کەسی دز بوو، بەڵام ئەگەر ئەو شتانەی دەیدزێت لە دەرەوەی کۆشک و پەرستگا بوونایە بەو مەرجەی شتی دزراو مووڵکی کۆشک یان پەرستگا بووبێت ئەوا دەبوو بە سزای سی ئەوەندە سزا بدرێت. بۆ نموونە ئەو دووکەسەی بە تۆمەتی دزینی دوو مراوی دەستگیر کراون دەڵێن: (لەشەوی یانزەی مانگدا لەپشتەوەی دیواری پەرستگا و لەکەناری ڕووبارەکە چاڵێکمان هەڵکەند هەردوو مراویەکەمان لەچاڵ نا...پاش

ئەوەی سەرمان بڕی بوون)، وەک دیارە ئەم دووکەسە دانیان بەوەدا ناوە دزییان کردووە، بەڵام لەدەرەوەی دیوارەکانی پەرستگا، ئەمەش مانای وایە کە پیرۆزی پەرستگایان نەشکاندووە و دزییەکەیان لەدەرەوەی سنووری پەرستگا ئەنجامداوە، بەمەش لەبری ئەوەی بکوژرێن بە پارەی سی ئەوەندەی نرخی ڕاستەقینەی ئەو دوو مراوییە سزا دەدرێن.

کۆمەڵێک یاسای دیکە هەن کە زۆر گرنگن بەلای یاساناسانەوە، ئەم یاسایانە بەیاسای ئاشوری دەناسرێنەوە. ئەم یاسایانە تیمێکی شوێنەوارناسی ئەڵمانی لەکاتی هەڵکۆڵینی ناوچەکانی پایتەختی کۆنی ئاشووری "شاری ئاشوور"دا دۆزییانننەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ "سەدەی سیازدەی پێش زایین" (بەڕوونتر بۆ ساڵی ١٤٥٠-١٢٥٠پ.ز دەگەڕێتەوە). کەواتە ئەم یاسایانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی "ئاشوری ناوەند" و، بەشەکانی ئەم یاسایانە وەکو "یاساکانی حامورابی" نین و لەسەر میل نەنوسراونەتەوە، بەڵکو لەسەر کۆمەڵێک پارچە قوڕ نوسراونەتەوە و هەمووشیان یەک نوسەریان نییە و ناشگەڕێنەوە بۆ یەک سەردەم و مێژوو، هەروەها لەشێوازی نووسینی وشە و وەرگرتنی دەقی یاساکانیشدا جیاوازن لەیەکتری. هەروەها لەدەقەکاندا ئەوە نەهاتووە کە کێ هەستاوە بەکۆکردنەوەی ئەم دەقە یاساییانە، بەڵام دەقی یاساکان ئاماژە دەکەن بەتایبەتێتی ئەم یاسایانە بۆ شاری ئاشوور و دەوروبەری.

لەڕاستیدا پاش پێداچوونەوە و بەراورد کردنێکی وردی یاساییانە بۆ یاساناسان ڕوونبوویەوە کە دەقی یاسای ئاشوورییەکان سەر بەهیچ قوتابخانەیەکی ڕەسەنی یاسایی نییە، بەڵکو ئەو دەقانەی دۆزراونەتەوە تەنها

چەند نموونەیەکن بۆ فێرکردن و ڕاهێنان. دەبێت تێبینی ئەوەش بکەین کە یاسای ئاشوورییەکان لەخۆگری دەقی "یاساکانی حامورابی" یان "ئاشنونا" نییە بەشێوەی دەقاودەقی، بەڵام لەهەندێك یاسادا لێکچوونێکی کەم هەیە لەنێوان هەردوو یان سێ جۆرە یاساکەدا، دەشڵێن: "یاسای ئاشوورییەکان" هەمان دەقی"یاساکانی حامورابی"ن بەڵام پاش دەستکاری کردن و گونجاندنی بەپێی یاسای باوی کۆمەڵگای ئەوکاتی ئاشووری.

هەندێك لەدەقە یاساییەکان:

٢- ئەگەر ئافرەتێك بەقسەکردن هەوڵی ئازاوەگێڕیدا ئەوا گرنگ نییە کچی پیاوێکی خانەدان یان ژنی پیاوێکی ئازادە، گرنگ ئەوەیە دەبێت سزای تاوانەکەی وەربگرێت، ئەم سزایەش تەنها بەسەر خۆیدا دەسەپێندرێت نەوەك کوڕ و باوك و مێردەکەی.

٤- ئەگەر کۆیلەیەك یاخود کەنیزەیەك شتێکی لە ژنی پیاوەکە وەرگرت لەومااڵەی تیایدان، یاخود دەگەڕێتەوە بۆ پیاوەکە بەبێ ڕێگەپێدانی خاوەن ماڵی ڕاستەقینە ئەوا گوێ و لووتی کۆیلە و کەنیزەکە دەبڕن و ژنی پیاوەکەش گوێی لەبنەوە دەبڕدرێت، بەڵام ئەگەر پیاوەکە لە ژنەکەی خۆش بێت ئەوا نابێت گوێ و لووتی کۆیلە و کەنیزەکانیش بقرتێنێت.

٨- ئەگەر ئافرەتێك لەگونی پیاوێکی هەڵدا و تاکێك لەگوونی لەکارخست ئەوا لەبەرامبەردا پەنجەیەکی دەستی دەبڕنەوە، خۆ ئەگەر گوونی دووەمیشی بەهۆی ئەو شەڕ و لێدانەوە لەکارکەوت ئەوا هەردوو...دەبڕن (وشەکە نەماوە

لەوەی کوێی ژنەکە دەبڕنەوە لەم کاتەدا، بەڵام شیاوترین وشە بۆ ئەم بۆشاییە گۆی مەمك یاخود لێوی هەردوو مەمکیەتی).

١٥- ئەگەر مێردێك پیاوێکی دیکەی بەسەر ژنەکەیەوە گرت لەکاتی جووتبووندا و داوایەکی لەسەر بەرزکردەوە و توانی بیسەلمێنێت کە ڕاستە ئەوا هەردووکیان دەکوژرێن و کەسی سێیەمیش (مێردی ژنەکە) هیچ گوناهبار نابێت، خۆ ئەگەر ئەو پیاوەی گرت و هێنایە بەر دەرگای دادوەر و توانی بیسەلمێنێت کە ڕاستە ئەوا بۆی هەیە هەردووکیان بکوژێت، یاخود لووتی ژنەکەی ببڕێت و پیاوەکەش بخەسێنێت و ڕووخساریشی ناشیرین و تێکبدات، خۆ ئەگەر ژنەکەی ئازادکرد ئەوا پیاوەکەش ئازاد دەکرێت.

٢٠- ئەگەر پیاوێك پەلاماری هاوڕێیەکی خۆی دا و کاری جووتبوونی بەزۆر لەگەڵ ئەنجامدا، کەسی گیراویش توانی لە دادگاش بیسەلمێنێت ئەوا هەمان کار لەگەڵ کابرای خراپەکار (کە پەلاماری هاوڕێکەی داوە) دەکەنەوە و دواتریش دەیخەسێنن.

٢٦- ئەگەر ژنێك لەلایەن پیاوێکەوە مارەکرا و پێش ئەوەی بیگوازێتەوە پیاوەکە مرد و منداڵی دیکەی هەبوو، ئەوا کوڕ و وەچەکانی پیاوەکە بۆیان هەیە خشڵەکان لەژنە تازەکەی باوکیان وەربگرنەوە و بیبەن بۆ خۆیان، بەڵام ئەگەر هیچ کەسێکی نەبوو ئەوا ژنە تازەکەی خشڵەکان بۆ خۆی هەڵدەگرێتەوە.

٢٧- ئەگەر ئافرەتێك شووی کرد و لە ماڵەباوکی مابۆوە مێردەکەی جاربەجارێك دەهاتەلای، هەرچییەك مێردەکەی پێی دابوو بۆ خۆیەتی، بەڵام ئەوانەی ماڵە باوکی هیچی هی ئەو نییە، واتا ئەو لەماڵە باوکیدا وەکو میوان وایە نەوەك خاوەن مالْ (ئەم مادەیە و مادەکەی پێش ئەمیش ئاماژەن بۆ

جۆرێك له هاوسەرگیری سەرەتایی، کە ئافرەت تەنانەت پاش هاوسەرگیریش ماڵە باوکی بەجێ نەدەهێشت و تاوەکو نووسینی ئەم یاسایانە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لەنیشتمانی ئاشوردا باوبووە. ئەم جۆرە یاسایە لەدەقی ئیسرائیلییە سەرەتاییەکاندا باو بووە، بۆ نموونە: شەمشون ژنێکی هەبووە ماوەیەك جارێك چووەتە لای و ئەو ژنەی لەگەڵ ماڵە باوانیدا ژیاوە لە تیما، لەکاتێکدا خۆی لە زورا بووە، لە سفری قەزات: ئەصحاحی: ١:١٤ ئەصحاحی ٦:١٥ بڕوانە).

٣٤- ئەگەر پیاوێك بێوەژنێکی هێنا بەبێ ئەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری لەگەڵدا ببەستێت و دووساڵ لەگەڵیدا ژیاوە، ئەوا دەبێتە ژنی فەرمی ئەو پیاوە (ئەم مادەیە پێچەوانەی "یاساکانی ئاشنونا" و "حامورابی"یە کە دژی هاوژیانی دوور لە گرێبەستی هاوسەرگیرین. یاسای عیبری لەم دەقەدا هاوماناى یاسای ئاشوری و دژە یاسای بابلییە، بەجۆرێك بڕگەیەك لە مەشنا (kiddushim ,l) هەیە و دەڵێت: دەتوانیت بەسێ ڕێگە ئافرەت بەدەست بێنیت.. دەتوانیت بەپارە و بەگرێبەستی نوسراو و ماوەیەك لەگەڵدا ژیانکردن ئافرەت بەدەستبهێنیت).

٣٧- ئەگەر پیاوێك ژنێکی تەلاقدا و بەویستی خۆی بوو ئەوا شتێکی پێدەدات، بەڵام ئەگەر بەویستی خۆی نەبوو ئەوا هیچی پێنادات (و) بەدەستی بەتاڵەوە دەڕوات (ئەم مادەیە تاڕادەیەك لەشێوەی مادەی ژمارە ١٣٨-١٣٩ی "یاساکەی حامورابی"یە کە دەڵێت: ئافرەتی تەلاقدراو مارەییەکەی و یەك مینە زیوی زیادەی پێدەدرێت).

٤٠- (ئەم مادەیە خۆی زۆر درێژە، بەڵام بەکوورتی باس لەجل و بەرگی ئافرەت دەکات لەدەرەوە، بەوەی پێویستە ژنی پیاو لەدەرەوە خۆی بەجوانی دابپۆشێت و یاوەرە کەنیزەکەکانی خانەدانیش پێویستە لەدەرەوە پۆشراوبن. بەڵام داوێن پیس و لەشفرۆش دەبێت سەری بەڕووتی و دانەپۆشراوی بهێڵێتەوە و سزای سەرپێچی کردنی ئەمەش تونـدە ز قیری خۆشکراو دەرژێنرێتە سەر تەوقە سەری جێبەجێ نەکاری ئەم مادەیە).

٤١- ئەگەر پیاوێك ویستی کەنیزەکەکەی دابپۆشێت ئەوا پێویستە پێنج بۆ شەش هاوڕێی خۆی بانگهێشت بکات و لەپێشیاندا دایببۆشێت و بڵێت: ئەمە ژنی منە و بەمەش دەبێتە هاوسەری (باقی مادەکە دەڵێت: دۆست نابێتە ژن مەگەر بەم ڕێگەیە نەبێت، بەو مەرجەی ئەگەر ژنە داپۆشراوە ڕاستەقینەکەی پیاوەکە منداڵی نەبێت ئەوا منداڵەکانی دۆستەکە دەبنە میراتگری).

٤٧- ئەگەر پیاو یان ژنێك جادووی ڕەشی ئەنجامدا و بەدەستیەوە و بەبەڵگەی تەواوە گیرا و داوایان لەدژ بەرزکرایەوە و سەلمێنرا ئەوا ئەنجامدەری ئەم جۆرە جادووە دەکوژرێت. (باقی مادەکە پەیوەستە بە شێوازی چەسپاندنی ئەو داوایە، ڕەنگە مەبەستیش لێرەدا بەکارهێنانی ئەو جادووە بووبێت بۆ دەرکردنی گیانی خراپ لە لەشی مرۆڤ، یاخود گەواهیدەران لەترسی نەفرینی ئەو جۆرە جادووەدا شایەتییەکەیان نەدابێت و لێی پەشیمان بووبێتنەوە).

٥٣- ئەگەر ئافرەتێك خۆی منداڵەکەی خۆی لەباربرد و سکالایەکی لەدژ بەرزکرایەوە و سەلمێنرا کە بەئەنقەست ئەو منداڵەی سکی کوشتوە ئەوا دەکوژرێت بە داکوتانی بەزەویدا لەڕێگەی بەکارهێنانی مێخەوە و دواتریش لەگۆڕی نانێن و وازی لێ دەهێنن.

٥٥- لەکاتێ بەزۆر دەستدرێژی کردنەسەر کچێکی پەردەدار ئەوا باوکی کچەکە ژنی کەسی دەستدرێژکار دەبات و دەتوانێت ئەمیش مافی دەستدرێژیکردنی بدات بەهەرکەسێك کەخۆی بیەوێت بۆ ئەوەی ئابڕووی بەرن و دواتریش مێردی ژنەکە بۆی نییە داوای ژنەکەی بکاتەوە و باوکەکەش کچەکەی خۆی دەدات بە کەسی دەستدرێژکار و دەبێتە ژنی ڕاستەقینەی. خۆ ئەگەر دەستدرێژیکاری زۆردار ژنی نەبوو ئەوا دەبێت مارەیی بدات و مەرجیش نییە باوکی کچەکە کچەکەی بدات بە کەسی ستەمکار، بەڵکو دەتوانێت مارەیی لێ وەربگرێت و بەکەسێکی تری بدات، بەڵام ئەگەر کچەکە بەئارەزووی خۆی ئەوکارەی کردبوو ئەوا پاش سوێند خواردنی کچەکە دەستکاری ژنی دەستدرێژیکار ناکرێت، بەڵام سێ پارچە زیو لەبری لابردنی پەردەی کچێنی دەدات بەباوکی کچەکە و باوکەکەش بەئارەزووی خۆی چی بوێت دەتوانێت لەکچەکەی بکات.

٥٩- سەرباری ئەو سزایانەی کە بۆ ژنی پیاو دانراوە مێرد بۆی هەیە لەژنەکەی بدات و قژی بتاشێت و زوڵفی ببڕێت و پیاویش هیچ بەرپرسیار نابێت لەبەرامبەر کارەکانیدا.

لەدوای ئەم تابلۆ یاساییەوە تابلۆیەکی دیکەی نۆزدەخاڵی دێت کەتایبەتە بە میرات و فرۆشتنی زەوی و بردنی زەوی کەسانی تر بەزۆر و مافی ئاودێری، ئەمەش وەرگێڕانی هەندێك لەدەقی ئەو یاسایانەیە:

٨- ئەگەر کەسێك بەزیادەڕۆیی چووە نێو زەوی کەسێکی دراوسێیەوە و، ئەویش سکاڵای لەسەر تۆمارکرد و سەلمێنرا کە داگیری کردووە؛ ئەوا سێ ئەوەندەی ئەو زەوییەی داگیری کردووە دەیداتەوە بەکەسی زوڵم لێکراو و

پەنجەیەکی دەبڕدرێتەوە و سەد شەلاقی لێدەدرێت و بۆ ماوەی یەک مانگیش دەبێتە کرێکاری بەردەستی پادشا.

۱۷- ئەگەر تاکە بیرێک هەبوو بۆ ئاودانی چەند کێڵگەیەکی کشتوکاڵی و خاوەنی ئەو کێڵگانە مافی یەکتریان پێشێلکرد؛ ئەوا کەسی مافخوراو بۆی هەیە بچێتە دادگا و داوای مافی خۆی بکات، دادگای کاتێکی بۆ دیاری دەکات بۆ ئاو هەڵکێشان لەوبیرە و هیچ کەسیش بۆی نییە چیتر مافەکەی پێشێل بکاتەوە.

مادە یاساییەکانی تر پەیوەستن بە قەرز (بە بارمتەگرتنی کەسەکان) و دزینی مالاّت و هەندێک بارودۆخی وەکو دەستدرێژی و کرێ و ئاودانەوە.

بەڵام لەبارەی شێواز و چۆنێتی چەسپاندنی دادگەرییەوە لای هاوڵاتیان، ناتوانین وێنەیەکی تەواوی ئەم بوارەمان دەستبکەوێت.

بەپێی تێڕوانینی پێشینان یەکێک لەکارە گرنگەکانی پادشا بەوپێیەی نوێنەری خواوەندە ئەوەیە کە: هەوڵی چەسپاندنی دادگەری بدات لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەکەیدا.

لە وڵاتی دوو ڕووباردا زۆرێک لەفەرمانەکان لەلایەن ئەنجومەنێکەوە سەرپەرشتی جێبەجێکردنی دەکرا، سەرباری ئەوەی بۆ بڕیارە یەکلاکەرەوە گرنگەکان تەنها پادشا مافی بڕیاردانی هەبووە، بەڵام بەچەسپاندنی فەرمانەکانی پادشا ئەو ئەنجومەنە ڕۆڵێکی کارایان گێڕاوە و تاوەکو کۆتایی "چەرخی بابلی نوێ"ش ئەم شتە بەردەوام بووە. بەڵام لە نیشتمانی ئاشوردا لە "هەزارەی یەکەمی پێش زایین"دا تەواوی بڕیارەکانی تایبەت بە کاروباری دانیشتووان

جگــە لەپادشــا لەلایــەن گــەورە کارمەندێکــەوە دەردەکــراو سەرپەرشــتی جێبەجێکردنیشی کراوە.

ئامـادەبوون لـەدادگایی کەسـێکدا لـە نیشـتمانی بـابلی دوو پووبـاردا کـارێکی ئاسایی و شتێکی باوبووە بەتایبەت بۆ نێرینـە ئازادە خانەدانەکان، یەکێك لە بەڵگەنامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە هاوڵاتیان ئارەزووی ئامادەبوونی ئەم جۆرە دادگاییکردنانەیان نەبووە و گووتویانە: (نەڕۆیت بۆ ئەوەی لـە کۆبوونەوەکـەدا ئامادەبیـت، لـەو جێگەیـەدا مەبـە کـە شـوێنی هەڵسـوڕاندنی کێشـە و ئاژاوەیـە ڕەنگە تۆش تێوەی بگلێیت و گـەواهیت لێـوەربگرن... ڕەنگـە تـۆش شـایەتی بـۆ کێشەیەك بدەیت کە هیچ پەیوەندی بەتۆوە نییە..).

یەکێك لە ژمارە تابلۆ قوڕینەکانی تایبەت بە تۆمارکردنی دادگاییـەکی کوشـتنی کەسێك لە سەردەمی "ئیسن"ی پێش "حامورابی" بەڕوونی ئـەو ڕۆڵـەی پادشـا و ئەو ڕۆڵەشی کە ئەنجومەن هەیبووە لە چەسپاندنی دادپەروەریدا بۆمان ڕوون دەکاتەوە و دەیخاتڕوو.

(ئ) ی منـــدالّی (ف)، (ب)ی کـــوڕی (و)ی ســـەرتاش. (س)ی کۆیلـــە و (م)ی باخچەوان (د)ی کوڕی (ی)ی "چیاکو"ی کارمەندیان کوشتووە، پاش ئەوەی (د)یان کوشت بە(ئ) ژنەکەی (د)یان گووت کە (د)ی مێردی کوژراوە، بەڵام (ئ) دەمی داخست و هیچی نەگووت.

ئەم کێشەیەیان هێنایە لای پادشای "ئیسن" و...ئەمیش بڕیاریـدا کـە کێشـەکە بنێرێتە لای ئەنجومەنی "شاری تیبور" و لەوێدا لەگەڵ هەریـەك لـە (ف)..و (ك) و..(ھ)دا قسـەکرا. (ج و ك و ل و م و ن و و و ئەنجومـەن)بڕیاریانـدا و گوتیـان:

ئەوەی ئەم پیاوەی کوشتووە مافی ئەوەی نییە بژی و دەبێت ئەو دووکەسە و ژنەکەشی بکوژرێنەوە...

دواتریش (ب و ق) لەگەڵ ئەنجومەندا قسەیان کرد و گوتیان: ئایا (ئ) مێردەکەی خۆی کوشتووە تاوەکو بکوژرێتەوە؟

دواتر ئەنجومەنی "شاری تیبۆر" بەو کەسانەیان گووت: (ڕەنگە) ژنەکە بەتەواوەتی مێردەکەی خۆی نەویستبێت و زانیاری بە دوژمنەکانی دابێت بۆ ئەوەی پیاوەکەی بکوژن..

(بەڵام) مێردەکەی کوژراوە؟...ئەوانن مێردەکەیان کوشتووە. دواتریش بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی "شاری تیبۆر" هەریەکە لە (ئ و ب و س) ڕەوانەی شوێنی کوشتن کران.

لەم دەقەدا ئاماژەی وشەی دادوەر بوونی نییە، بەڵام لەوێدا دەستەیەکی ئەنجومەن هەن کە لەبری داوەرێکی تاک و تەنها کێشەکان بەڕەو چارەسەری گونجاو دەبەن، ئەمەش لەسەردەمی "سەرجۆنی ئەکادی" (نزیکەی ٢٣٧٠پ.ن) هوە هەبووە و ڕەنگە پێشتریش هەروەها بووبێت.

هەندێك لەمێژوونوسانی دادوەری بڕوای وایە کە لەو سەردەمەدا دادگای تاکە دادوەری بوونی نەبووە، بەڵکو دادگا پێکهاتووە لە ئەنجومەنێك و بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری دروست دەدرا، بەڵام هەندێکی دیکەش ئاماژە بەبوونی دوو دادگا دەکەن لەوڵاتدا لەیەك کاتدا، واتا داگایەکی تایبەت بووە بە بواری ئاین و ئەوی دیکەش تایبەت بووە بە بواری گێتی و دوور لە دەئینا، زۆرێکیش ئەم پێشنیار و بۆچوونەی دووەم ڕەتدەکەنەوە، بەڵکو زیاتر دادگای بەکۆمەڵ باوبووە.

"حامورابی" لە دەقی یەکێك لەمادەکانیدا لەبارەی دادوەرەوە دەڵێت: (ئەگەر دادوەرێك بەهەڵە فەرمانێکی دەرکرد و بەسەر تۆمەتباریدا سەپاند و دواتر دەرکەوت کەهەڵەبووە، ئەوا پێویستە لەسەر ئەنجومەن ڕاستی و هەڵەی ئەو بڕیارەی دادوەر دەربخەن و بۆ ئەمەش دەبێت بەراوردی بکەن لەگەڵ دوانزە نموونەی هاوشێوەی ئەمەدا و دواتریش ئەو دادوەرە لە ئەسکەملی دادوەریی لە ئەنجومەنەکە دەردەکرێت و دووبارە و جارێکی تر بۆی نییە ببێتەوە دادوەر و لەئەنجومەن لەگەڵ دادوەرانی دیکەدا دابنیشێت).

لەسەردەمی بابلی کۆندا هیچ بەڵگەیەك نییە بیسەلمێنێت کە هەموو ئەندامانی ئەنجومەنەکە دادوەر بووبن، بەڵکو زۆرێك دەڵێن: تەنها سەرکردەی ئەنجومەنەکە دادوەر بووە.

لەکاتی دادگاییکردنەکەدا ئەنجومەن یاخود داگا بڕیاردەدات، ئەوکاتەی بەڵگەی دژبەر لەنێوان لایەنە ناکۆکەکاندا دەخرێتەڕوو، پێویستە لە پەرستگادا سوێندی ڕاستێتی قسەکردن بخۆن. لەم جۆرە نموونەیەش:

کەسێك داوای خانوویەك دەکات کە (ئ) کچی(س) لە (ب)ی کچی(ی) داگیری کردووە، بەمەش (ب) سکالاّی لەدژی (ئ) تۆمارکردووە...

دادگا لە پەرستگای شەمش بڕیاریدا کە (ئ) بە ژیانی خواوەندی "ئەیا" سوێند بخوات ئەویش وەهای کرد و دژی بانگەشەکانی (ب) وەستایەوە.

تاوەکو (ئ) لەسوێندەکەی پەشیمان نەبێتەوە (ب) بۆی نییە داوای ماڵەکەی یاخود میرات و بەجێماوی باوکی بکاتەوە لە (ئ)، جا هەرچییەك بێت لە "کا"وە تاوەکو "ئاڵتوون".

(ب) سوێند دەخوات بە خواوەندی "شەمش و ئەیا و مەردۆخ و پادشا سمولایل" کە بەو بڕیارە قایل بێت. دادوەرانی پەرستگای شەمش (ت)ی کوڕی (د)، (ق) کوڕی (ف) (ئەمانە ناوی دادوەرانن) بەئامادەبوونی (ج) کوڕی (هـ) و (ل)ی کوڕی (ك). ئەمانە ناوی شایەتەکانی دادگاییەکەن، یاخود ئامادەبووانی کۆڕەکەن بەئامادەبوونی کچەکەی (م) و نوسەر.

هەندێك جار لایەکیان سوێند ناخوات بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی و دەستکەوت، وەکو:

شایەتەکانی (أ) لە پێش دادگادا گەواهییاندا کە (ب) لێی داوە و بەزۆر گاکەی بردووە. بۆیە دادگا داوای لە (ب) کردووە کە سوێند بخوات لەدژی گەواهیدەران، بەلأم (ب) سوێند ناخوات و دان بەتاوانەکەیدا دەنێت. (ب) لەخواوەند ترساوە بۆیە (أ) دەیباتەوە و دادگاش پێویستی کردووە لەسەر (ب) کە ٣٠ شاقڵی زیوی بدات بە (أ).

ئەگەر لەکاتی دادگاییەکەدا بەڵگەی دژەیەك هەبوون و سوێند خواردن یەکلایی نەکردەوە ئەوا تاقیکردنەوەی ڕووباریان بەکاردەهێنا بەوەی لایەنی تۆمەتبارکراو دەخرایە نێو ڕووبارێکەوە ئەگەر گوناهبار بوایە دەخنکا و ئەگەریش بێ تاوان بایە ئەوا بەساغی دەهاتە دەرەوە، ئەمەش لە ئینگلترا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تارادەیەك جێبەجێکراوە. "حامورابی" زیاتر بۆ بوار و دۆسیەی جادووکاران ئەم شێوازەی بەکارهێناوە.

ئەگەر کەسێك یەکێکی دیکەی بە ئەنجامدانی جادووی ڕەش تۆمەتبار بکردایە و نەیتوانی بیسەلمێنێت کە جادووکارە، ئەوا پێویست بوو کەسی تۆمەتبارکار بڕوات و بازبداتە نێو ڕووباری ڕەوان و پیرۆزەوە، خۆ ئەگەر تاوانباربێت ئەوا

ڕووبارەکە دەیخنکێنێت و تۆمەتبارکراویش مۆڵک و ماڵەکەی دەبات، بەڵام ئەگەر نەمرد ئەوا مۆڵک و ماڵی ئەفسونگەرەکە دەبات بۆ خۆی.

لە مادەیەکی پێش لە مادەی تایبەت بە جادووکردن ئەوکەسە دەکوژرێتەوە کە تۆمەتی کوشتن دەداتە پاڵ کەسێک و ناتوانێت بیسەلمێنێت کە تاوانبارە، بەڵام لە کات و دۆسیەی جادووکرندا باسەکە جیاوازە لەمە، چونکە ڕەنگە سکاڵاکار لەترسی جادووی ڕەشدا نەوێرێت بەڕاستی پاڵپشتی داواکارییەکەی بکات و بیسەلمێنێت، بۆیە تاقیکردنەوەی ڕووباری پێ ئەنجام دەدرێت، ئەمەش لەدەقی یاساکانی ئاشوورییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. هەمیشە تاقیکردنەوەی ڕووبار وەکو دواچارە دانراوە بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشانەی کە نە بەڵگە و نەسوێندی دەستە ڕاست دەتوانێت یەکلاییان بکاتەوە، نموونەی ئەمەش نامەیەکی "پادشا کرکمیش"ە بۆ پادشای "ماری"، کە تاڕادەیەکی باش تیشک دەخاتەسەر ئەنجامدانی ئەم کارە، ئەو بەشەی کە لەم نامەیەدا بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە کە هاوچەرخی سەردەمی "حامورابی" بووە. لەنامەکەدا هاتووە: بەڵام سەبارەت بەو دووکەسەی کە لەگەڵ (أ)دا ناردوومن..تۆمەتبارن بەم شێوەیە: (لەگەڵ (ب)ی کۆیلەی(س)دا قسەمان کردووە و زانیاریی هەیە لەبارەی کوشتنی کەسێکەوە کە لەشارەکەیاندا ئەنجامدراوە، ڕەنگە ئەمانە تۆمەتبار بن بەو تاوانی کوشتنە و بۆیە دەیانبەیت بۆ ڕووباری پیرۆز و ئێستاش لەژێر چاودێری پاسەواندا دەبن. با یەکێک لەپیاوەکانت، کە زۆر لێی دڵنیایت ئەم دوو پیاوە بەیاوەری (أ) بباتە سەر ڕووبارە پیرۆزەکە و ئەگەر ئەم کەسانە بە ساخی هاتنەوە ئەوا ئەو کەسەی تۆمەتی بۆ هەڵبەستوون بە ئاگر

دەسوتێنرێت، خۆ ئەگەر ئەم دوانە مردن ئەوا مولّك و مالّ و خێزانەکەیان دەدەم بە تۆمەتبار کراو)، تکایە لە ئەنجامەکەی دڵنیام بکەرەوە.

ئامانج لەم ڕێوشوێنە یاساییە بابلییانە لەخۆگرتن و چەسپاندنی ڕادەی پێویستی دادوەرییە لەوڵاتدا. بۆیە ئەو خاتوونەی کە لە دادگادا دۆڕا سوێندی خوارد کە بە فەرمانەکانی دادگا قایل بێت. بەشێوەیەکی گشتی ئامانج لەم شێوە دادگاییانە دووبارە ئەنجام نەدانەوەی دادگایی بووە پاش یەکلایی کردنەوەی دۆسیەکە.

لە دەقی فەرمانەکانی پادشا "ریم سن"دا وادیاربووە کە کوڕ بۆی هەبووە داوای بەشی خۆی بکات لە مولّکی فرۆشراوی باوك بکات هەرچەندە لەلایەن خودی باوکەکەوە فرۆشرابێتیش، زۆرجاریش بەپێی چەند فەرمانێکی پادشایانە وەچەی پیاوێك یان بنەماڵەیەك دەیتوانی زەوییەکانی باوباپیرانی وەربگرێتەوە و سەرلەنوێ دایبچێنێتەوە بۆ بنەماڵەکەی و خۆی، ڕەنگە فەرمانەکانی "ڕیم سن" سەرلەنوێ گێڕانەوە و تازەکردنەوەی ئەم دەقە باسانە بووبێت کە وەخت بووە لەناوبچێت.

ئەگەر بچینە ماوەیەکی دواترەوە، چەندین بەڵگەنامەی یاسایی "سەدەی چواردەیەمی پێش زایین"ی تایبەت بە شاری "نوزی" (شارێکە دەکەوێتە نزیك شاری کەرکووکی ئێستاوە) دەبینین. سەرباری ئەوەی ئەم بەڵگەنامانە بەزووبانی "ئەکادی" نوسراونەتەوە، بەڵام ناتوانرێت وەکو نمونەیەکی تەواوی "یاسای ساماییەت" بەکاربهێنرێت، بەو پێیەی "نوزی" لەژێر کاریگەری تەواوی حوریەکاندا بووە (حوریەکان نەتەوەگەلێکی ناسامین). لەگەڵ ئەمەشدا ئەم بەڵگەنامانە گرنگی گەیشتن بە ڕێککەوتننامە و دووبارە

نەکردنـەوەی ئـەم دۆسـیانە ڕوون دەکاتـەوە. یـەکێك لـەژمارەکان ئامـاژەن بـۆ دادگاییکردنێك کە لەپێشی پادشادا ئەنجامدراوە، بەجۆرێك سکالاّکار داواکاری لەدژی گەورە بەرپرسێك بەرزدەکاتەوە کە سەد و هەشتا سەر مەڕی لێ بردووە، سکالاّ لێکراویش سەلماندی کە ئەو مەڕانە لەبری ئەو سزایە براوە کە لەلایەن دادگاوە بەسەر باوکیدا سەپێنراوە، بۆیە دادگا بڕیاریدا کە پێویستە داواکار بە پێـدانی یـەك کۆیلـە قـەرەبووی سـکالاّ لێکـراو بکاتـەوە، چـونکە داوایـەکی بەرزکردۆتەوە کە پێشتر یەکلایی کراوەتەوە.

لـە ولاّتـی ئاشوور و لـە "هـەزارەی پـێش زایین"دا کـە دەسـتەلاّت ناوەندخوازی بووە و سیستمی کارگێڕیش سیستمێکی گونجاو بووە، بەشێوەیەکی گشتی جێبەجێکردنی یاساکان بە کارمەندانی پادشا سەپێنراوە،چەندین بەڵگەنامەی گرنگی ئەم بوارە یاساییە هـەن، بـۆ نموونـە لەهـەندێك دەقـدا دەگوترێـت: (ئـەو بڕیارەی کە (هینی کوڕی هینی کارمەند دەریکردووە)، کاریگەری دەقی یاسـا و چەسپاندنی پێش لەهـەموو دەستورەکانی تری کۆمەڵگـە نموونـەی بـاڵای ئـەو کات بووە، بۆ نموونە:

(ئەو کێشەیەی کە (ا) لەگـەڵ (ب) دا دروستی کردووە لەسـەر خانووەکـە. (ب) بەتـەواوەتی ئـەو زیانانـەی بـژاردووە کـە بـە (ا)ی گەیاندووە، ئێستاش ئاشتی لەنێوانیاندا بەرقەرارە، بۆیە چیتر لەسەر ئەم بابەتە هیچ کامێکیان لەدژی ئەوی تر ناوەستێتەوە. هەرکەسێکیش دەستدرێژی بکاتە سـەر ئـەوی تـر دەبێـت "١٠ ئەوەنـدە"ی نرخـی ڕاستەقینەی ئـەو خـانووە بـە زیـو بدات بەکەسـی بەرامبـەر، خـواوەنـدەکانی ئاشـور و شـەمش و بعـل و نـابو شـایەت و گەواهیـدەری ئـەم دۆسیە و دادگاییکردنەن).

هەمان مەرج بۆ حاڵەتەکانی کڕین و فرۆشتن بەرجەستەیە، بەتایبەت گەر لایەنێکیان سکاڵای لەوی تر بکردایە بەتۆمەتی ناڕاستگۆیی کردن لەبەستنی ئەو گرێبەستەدا، بۆیە دادگاش پاش یەکلایی کردنەوەی کێشەی دۆسیەکە سزایەکی قورسی بەسەر تاوانباردا دەسەپاند. ئەم جۆرە بەڵگانە لەچەندین شوێنی دیکەدا دۆزراوەتەوە کە بۆ مەبەستی چەسپاندنی بازرگانی و ئابووری وڵات بەکارهاتوون.

دادگەریی تەنها بۆ باشترکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە نەبووە، بەڵکو ئاسۆی دادگەری زۆر لەوە فراوانتر بووە و سنووری پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکانیشی گرتۆتەوە، بەتایبەت لەجۆری یاسای نێودەوڵەتی و پرۆتۆکۆڵدا دەرکەوتووە، وەکو ئەوەی ئەمە ویستێکی خواوەندە و پێویستە لەسەر هەمووان پێوەی پابەند بن. هەموو وڵاتانی ناوچەکە و لێکنزیك لەسەر چەند خاڵێکی گونجاو ڕێکدەکەوتن بەچەشنێك کە ئەمە یاسای خواوەندە و خواوەندەکان ئاشتی و ئارامی نێوان دانیشتووانی وڵاتانی دەوێت.

ئێستاکە چەندین هەژماری بزماریمان هەیە کە پەیوەستن بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی "هەزارەی دووەمی پێش زایین"، بەشێوەیەکی گشتی دووجۆر یان بەڵگەنامەی دوو سەردەمی تایبەت بەم بوارە لەلایەن لێکۆڵەرەوە فەرەنسییەکانەوە لەشاری "ماری" دۆزراونەتەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ "هەزارەی دووەمی پێش زایین" و دووەمیش دەگەڕێتەوە بۆ "پێنج سەد ساڵ" دواتر واتە "ساڵی ١٤٠٠ پ.ز".

لە ناوەندی میسریش لە نزیکی "عمارنە" دۆزراوەتەوە کە خۆی لە کۆمەڵێك دەقی دیبلۆماسی تایبەت بە "فرعەونی میسر"ی ئەوکات "ئەخناتۆن"ی لاچوو لە ڕێبازەکە سەرەکییەکەی خۆی دەنوێنێت.

کۆمەڵەی دووەمی دەقە دۆزراوە دیبلۆماسییەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە زمانی نووسین و کاریگەری بابلی زۆر بەهێز بووە لەسەر ناوچەکە و زۆربەی گرێبەستە دیبلۆماسییەکانی ناوچەکە بەزمانی "ئەکادی" نوسیویانەتەوە تەنانەت لەگەڵ ئەو سەرکردانەشی کە زمانی فەرمییان "ئەکادی" نەبووە، ئەمەش هەمان حاڵەتی نێوان فەرمانڕەواکانی میسر و حیسییەکان بووە. چەندین نموونەی دیکەی بچووکی نووسینی بزماری پەیوەست بە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی نێوان وڵاتانی "هەزارەی دووەمی پێش زایین" هەیە، کە دەکەونە ناوچەی جۆراوجۆر و لێکجیاوازەوە، لەوانەش "بوغاز کوی" لەتورکیا و "سەری شەمرە" (ئۆگاریتی کۆن) لەسەر کەناری باکوری سوریا، لەم باری دووەمەدا سەرباری ئەوەی زمانی فەرمی وڵات "ئەکادی" نەبووە، بەڵام لەکاتی گرێبەست و پەیمانی دیبلۆماسیدا زمانی "ئەکادی"یان بەکارهێناوە کە بە زمانی بزماری بڕگە بڕگە ناسراوە و لەوکاتەدا زمانێکی باو بووە.

هەر لەسەرەتای دەرکەوتنی بنەماڵەکانەوە چەندین ڕێوشوێنی گشتی هەن کە لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا شایەنی گونجاوی و ڕێك لەسەر بوونن، ئەمەش لەچەندین داستانەوە باشتر دەردەکەوێت. بۆیە دەبینین لەو ململانێیەی کە لەنێوان "ئەنمرکاری" فەرمانڕەوای "وەرکا" و فەرمانڕەواکەی "ئەراتا" (نیشتمانێکە لەچیاکانی ڕۆژهەڵات لەنزیك لوڕستان) ڕوویداوە لەنێوان هەردوو لادا کۆبوونەوەی نوێنەران هەبووە، واتە هەرچەندە کوشت و بڕی یەکتریان

کردبێت، بەڵام ڕێزیشیان لە ئاشتی گرتووە، تەنانەت لەداستانی گەمارۆدانی "شاری وەرکا" لەلایەن "پادشای کیش"ەوە دەبینین کە "گلگامشی" حاکمی "وەرکا" دوای ئەوەی دوژمنەکەی -کە پادشای کیش بووە- شکاندووە هیچی پێ نەگوتووە و بەسەلامەتی بۆ نیشتمانەکەی خۆی گێڕاویەتییەوە.

لەسەردەمی "حامورابی"دا بەهۆی بچووکی دەوڵەتەکانەوە بەناچاری پەنایان بۆ هاوپەیمانی و یەکگرتن بردووە چ لەئاستی سەربازی و ئابووریدا بووبێت، یاخود لەئاستی کۆبوونەوە لەنێو چوارچێوەی یەک وڵاتێ، بەمانای یەکگرتنی تەواوەتی و ئەم هاوپەیمانی و یەکگرتنەش بەزۆری لەنێوان دە بۆ بیست میرنشین یان دەوڵەتۆچکەدا بەستراوە و کاری پێکراوە لەبەرامبەر دوژمنە هاوبەشەکانیان.

هەر وڵاتێکی بچووکیش نەهاتایەتە نێو ئەم هاوپەیمانێتییەوە ئەوا خۆی لەژێر هەڕەشە و سایەی وڵاتێکی زەبەلاحی دراوسێیدا دەبینییەوە کە بەپێی خواستی خۆی یاری پێ دەکرد و بڕیاری پێدەردەکردن سەرباری ناچارکردنی بەپێدانی باج، لەم نامەیەشدا باشتر لەم دۆخە تێدەگەین:

(بۆ یەخدۆلیم: ئابی -سامار دەڵێت: ببە هاوپەیمانم!.. ئەو شارانەی کەپێشتر داگیر نەکرابوو وائێستاکە خەریکی دەست بەسەردا گرتنین. ئەم شارانەم بەهۆی کارە خراپەکانی پادشای خاشووم یان فەرمانڕەوای کەرکەمیش یان یەم خەدە کاول نەبوون، بەڵکو بەهۆی هێرشە دوژمنکارانەکانی شەمشی ئادادی پادشای ئاشوورەوە وێران و داڕووخان...).

لەنامەیەکی دیکەدا "ئابی-سامار" بە "یەخدۆ-لیم" دەڵێت:

(ئەگەر واز لەشارەکانی من بهێنیت ئەوا شارەکانی خۆت لەدەست دەدەیت. ڕەنگە بڵێیت ئابی-سامار خۆ کوڕی من نییە و ناوچە و هەرێمەکەی منیش هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە، لەڕاستیدا هەرێمەکەی من هی تۆیە و منیش کوڕی تۆم).

ئەمەش مانای وایە کە "ئابی-سامار" لەپێناو ڕزگارکردنی ناوچەکانیدا ئامادەبووە خۆی بکات بەژێردەستەی ئەو کەسەی یارمەتی دەدات، بێگومان هۆکاری لەم جۆرانە فەرمانڕەواکانی ناوچەکەی ناچارکردووە هاوپەیمانی پێکبهێنن و ئامادەی بەرگری بن لەهەموو ئەندامانی هاوپەیمانێتییەکە.

لەکاتی بەستنی ئەم جۆرە هاوپەیمانێتییەدا بەچەکەکەرێك دەکوژرا و ئەندامەکانی هاوپەیمانێتییەکە دەستایان لە قوڕگی یەکتر دەدا وەکو ئەوەی ئێستاش زۆرێك لەمندالّەکان لەکاتی قسەکردن لەسەر شتێکی پیرۆزدا ئەنجامی دەدەن، واتا ئەو دەمەش بۆ هەمان پیرۆزی بەکارهێنراوە.

لە بەشی دووەمی نامەیەکدا کەیەکێك لەکارمەندەکان بۆ شای نوسیوە بەمشێوەیە باسی ئەم نەریتە دەکات و تێیدا هاتووە:

پەیماننامەکەی "ئابال-ئەدد" لەشاری "ئەشلاکۆوەم" پێگەیشت و منیش چووم بۆ "ئەشلاکۆ" بۆ بەقوربانی کردنی کەرێك لەنێوان پیاوەکانی "خانا و پیاوەکانی "ئادا-مارزا". جگە لەو کەرە چەندین جوجك و تولەئاژەڵی دیکەشیان هێنابوو. دەبوو جاشەکەرەکە سەر ببڕم و بەمشێوەیە هاوپەیمانی لەنێوان پیاوانی "خانا" و پیاوەکانی "ئادا -مارزا"دا دروست دەبوو...).

زۆرجاریش جگە لەکوشتنی ئاژەڵ پێویست بوو بەرەی لاواز و ئاتاج چمکی کراسی بەرەی بەهێز و بەهاناوەچوو بگرێت، وەکو ئامازەیەک بۆ ملکەچی و پێویست بوون بەو کەسەی دیکە.

لەسەرووی هەر هاوپەیمانێتییەکەوە دەبوو پاش ئەوەی سەرکردەی بالاّی ولاّتەکان ئەم ڕێککەوتننامەیە مۆردەکەن بەتەواوەتی پەیوەندی لەگەڵ دوژمنەکانی یەکتردا بپچڕێنن و لەکاتی جەنگدا بەتەواوی تفاق و پێویستییەوە یارمەتی و کۆمەکی یەکتر بکەن. بەمشێوەیە دەبینین کە "شەمشی –ئادد"ی پادشای "ئاشور" فەرمان دەکات بە "سمخ–ئادد"ی جێگری پادشای "ماری" و خودی کوڕەکەی" شەمشی–ئادد" خۆی کە هەموو هێز و سەربازەکانی بخاتە ژێر دەستەلاّتی "شەمشی–ئادد"ەوە و دەڵێت:

(بە "سمخ–ئادد" بڵێن باوکت "شەمشی–ئادد" دەڵێت: جارێك یان دووجار نامەم بۆ ناردوویت بۆ ئەوەی بێیت بۆ "توتوڵ". ئێستاش لە "شوبات–ئینلیل"م و ئەم پەیماننامەیەت بۆ دەنێرم بۆیە تۆش خۆت و سەرجەم و کارمەند و دەوروبەرەکان و هێز و سوپای ناوچەکەت کۆبکەرەوە و ئەوانەشی لەگەڵ "سامیدخم"دا ڕۆیشتوون بیانکشێنەوە و وەرە بۆ "شوبات–ئانلیل").

لەکاتێکدا سوپایەك ڕەوانە دەکرا بۆ یارمەتیدانی لایەنی بەرامبەر تەنها بۆماوەیەکی کاتی ئەو سوپایە گوێ ڕایەڵی بەرەی داواکار و یارمەتی خواز دەبووو زۆرجاریش ئەمە کێشەی بۆ دروست دەکردن، ڕەنگ بوو ئەو ماوەیەی کە ئەوان دایاننابێت بۆ کۆتایی هێنان بەو بارە لەناکاوە بەو وادەیە کۆتایی نەهاتایە، بۆیە دەبینین یەکێك لەنێردراوەکان بەناوی "ئابال–بی–ئیل"ە بۆ

"زمری-لیم"ی پادشای "ماری" لەوکاتەی سوپاکەی بۆ "حامورابی" ناردبوو دەنوسێت:

(بە گەورەکەم بڵێ وەها دەڵێت "ئاباب-بی-ئیل"ی خزمەتکارت: بەپێی ئەو شتانەی بینیومن ئەم نامەیەم بۆ ناردوویت، لەگەڵ "حامورابی"دا بەباشی قسەم کردووە و پێمگووت: لەبەرئەوەی دوژمن لەناوچووە و زستان هاتووە بۆچی ئەم خزمەتکارانەی براکەت (بەواتای سوپای هاوپەیمانەکەت) دەهێڵیتەوە؟ منیش دەڵێم: ڕێگەم پێبدە لەگەڵ سەرکردەی گشتی هێزەکەماندا بگەڕێمەوە پێش ئەوەی سەرما دا بکات).

لە نامەکەی دوای ئەوەدا "حامورابی" داوا لە "پادشای ماری" دەکات هێزەکانی لەناوچەکەدا بهێڵێتەوە تاوەکو دڵنیابێتەوە بە نەمانی چالاکی هێزەکانی "ئاشنونا" یاخود لە کاردانەوەکانیان دڵنیابێتەوە.

ئەمەش مانای وایە کە نێردراوەکان بەهەمان شێوەی نێردەی ولاتان لەنێو یەکترا گرنگییان پێدراوە، زۆرێك لەنێردەکان دەهاتنە ناوچەکانی یەکتر ڕێزی باشیان لێ دەگیرا و بەڕێزبوون و تەنها ئەوکارەیان ئەنجام دەدا کە بۆی هاتبوون، کەچی زۆرێکی دیکەشیان خەریکی فرت و فێڵ و سیخوڕی کردن بوون بەسەر یەکترەوە، پێش ئەوەی بڕیاری هاوپەیمانێتی بدرایە دەبوو هەر لایەك کەسێکی گرنگ و باڵا بنێرن بۆ ولاتەکەی دیکە وەکو بارمتە بۆ سەرکەوتنی هاوپەیمانێتییەکە و لەکاتی شکستهێنانی ئەو پەیمانیەتییەدا بارمتەکانی هەردوولا دەکوژران، لەم نامەیەدا ئەمە دەردەکەوێت لەکاتێکدا "شەمشی -ئادد" سەرلەنوێ بۆ "یەسمخ-ئادد"ی کوڕی دەنوسێت:

(سەبارەت بەو کەسانەی لە "ویلانم"دوە هاتوون و لە ژێر فەرمانی تۆدان، فەرمانم پێ کردوویت کە پایانبگریت و بەندیان بکەیت تاوەکو پەیماننامەکە یەکلایی دەبێتەوە، بەڵام ئێستاکە هیچ پەیماننامەیەکمان لەگەڵ "ویلانم"دا نەماوە بۆیە فەرمانت پێدەکەم کە هەر ئەمشەو هەموویان بکوژیت).

لەڕاستیدا تاکە قوربانی ئەم جۆرە هاوپەیمانێتییانە کەسانی بارمتە بوون، کە ڕەنگە زۆرکات لەبری ئەوەی شازادەیەک یان کەسێکی پلەبەرز بنێردرایە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی پلە خوارتر دەنێردران و لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەم هاوپەیمانێتییەدا هەموویان دەکوژران.

ئەگەر هاوپەیمانێتییەکە بەسەرکەوتووی ئەنجام بدرایە ئەوا هاوسەرگیری لەنێوان هەردوو بنەماڵی پادشادا ئەنجام دەدرا، ئەم نامەیەش بەڵگەی ئەو بارەیە:

(ئەشمسی–داکان کوڕی ئەشمشی –ئاددی گەورە) لەگەڵ "تورکبین"دا پەیمانی ئاشتی بەستووە و بڕیاری داوە "زازایا"ی کچی (پادشای تورکبین) بکاتە هاوسەری کوڕەکەی "موت – ئەسقەر". بۆیە "ئەشمسی–داکان" زێڕ و زیوی وەکو دیاری هاوسەرگیری ناردووە بۆ "زازایا").

هاوپەیمانێتی نێوان ولاّتان تەنها لایەنی سەربازی و ئابووری نەگرتبۆوە، بەڵکو ئاڵوگۆڕکردنی تاوانباران و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشی دەگرتەوە. هاوپەیمانێتییەکانی کۆتایی "هەزارەی دووەمی پێش زایین" –وەک دەبینین– لەخۆگری دەقی تایبەتی ئاڵوگۆڕکردنی تاوانبارانە، بەڵام لە "سەردەمی ماری" و هاوچەرخانیدا شتی وەها نەبینراوە، بەڵام ئەم نامەیە بۆنی ئەم بابەتەی لێ دێت:

((به یسمخ-ئادد بڵێ که شەمشی-ئاددی باوکت وەها دەڵێت: ئەشتان-شری نوروکانی که دوورخراوەتەوە له بابل و لەشاری "ساکاراتم" ە، له ئێستادا لێی خۆش بووین و سەربازی بەدوودا بنێرە بۆ ئەوەی بیهێنن بۆ شاری "شوبات-ئانلیل"، ئەمەش لەسەرداوای پیاوێکی بابل بووە، واتا پادشای بابل)).

پادشاکان دەبوو پابەندبوونایە بەسنووری یەکترەوە بەتایبەت لەبواری بازرگانیدا، بۆ نموونە: بازرگانە "ماریەکان" پێویست بوو کاتێک بۆ سەر کەندواوی عەرەبی بڕۆیشتنایە پرسیان بە پاسەوانانی سنووری "حامورابی" بکردایە، نامەیەک لە "یسمخ-ئاددی جێگری پادشای ماری"یەوە بۆ "حامورابی" پادشای بابل نێردراوە لەبارەی ئەو کاروانە بازرگانییەی کە لە ولاتی "ماری"یەوە بۆ "دلمون" (دەریای کوردان) ڕۆیشتووە و لەکاتی گەڕانەوەیدا لەولاتی "حامورابی" ئەو کاروانەیان ڕاگرتووە و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کردوون بەهۆی بەکارهێنانی بیری ئاوەوە. بۆیە "یسمخ-ئادد" نوێنەرێک دەنێرێتە لای "حامورابی" بۆ ئەوەی کاروانەکەیان بەسەلامەتی لە سنوورەکەی دەربازبن.

لەباریکی دیکەدا "شەمشی -ئادد" بۆ "یسمخ-ئاددی کوڕی و جێگری پادشای ماری" (کە لێهاتوویەکی زۆری نەبوو) بەتوڕەییەوە نوسیویەتی: هەندێک خەڵکی بازرگانی "یەخمد" نەیانتوانیوە لەڕووباری فوراتدا بپەڕنەوە لە سنووری "ماری"دا بەهۆی نەبوونی بەلەمەوە. "شەمشی-ئادد" داوای لێدەکات بە زووترین کات بەلەمیان بۆ دابین بکات، بۆ ئەوەی هەرکەسێک دێتە ناوچەکە بەخێرایی بتوانێت بپەڕێتەوە بەبێ دواکەوتن.

پێویست بوو فەرمانڕەوایان بەرپرسی هاوڵاتیانی خۆیان بن لەدەرەوەی سنووری‌کانیش، چەندین بار و جاری دیارمان هەیە کە پادشایەك ناڕەزایەتی دەردەبڕێت لەبەرامبەر پادشایەکی دیکەدا بەهۆی هەندێك تاوانەوە.

"یەسمخ-ئادد" لە "ماری" گلەیی لە "ئەبلاخندا لە کەرکەمیش" دەکات کە پاسەوانانی سنووری کەرکەمیش خاتوونێکی سەر سنووری "ماری"یان بردووە لەکاتی هەڵکوتانەسەر ناوچە سنوورییەکانی "ماری"دا، "ئەبلاخندا" بەپرسەوە وەڵامی دانەوە: ناوی ئەو خاتوونە چییە و ئەوی کەسەش بردویەتی ناوی چییە و ئەوەشی تۆمەتبارە بە شاردنەوەی؟ لەنامەیەکی دواتردا کە وادیار دەکەوێت کە "ئەبلاخندا" لێکۆڵینەوەکانی هیچ ئەنجامێکی نەبووبێت، داوا دەکات مێردی خاتوونە دزراوەکە بێتە "کرکمیش"ەوە بۆ ئەوەی بەڵکو بەیارمەتی ئەو بتوانین ژن و ئابڕووە دزراوەکەی بدۆزینەوە.

ئەگەر بچینە "نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین"ەوە دەبینین لە سەدەی چواردەی بەرلەدایك بوونداباردۆخی سەرکردە و شوێنکەوتووانیان هەمان بارودۆخی دەستەبەری نیشتمانی دووڕووباری بووە بەچەند سەدەیەك.

لەبەڵگەنامەیەکدا کە لە سەری "شەمسرا یان ئۆگاریتی" کۆنی سوریادا دۆزراوەتەوە، سەرکردەی گەورەی ناوچەکە لەو ماوەیەدا پادشا حاتی (نیشتمانی حیسییەکان) بووە کە بە "شەمس" ناسراوبوو. لە نامەیەکدا "پادشای حیسییەکان" "شوبیلۆمای گەورە نەقمندای پادشای ئۆگاریت" هاندەدات بەبرەودان بەو پەیوەندییە کلاسیکییەی کە لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەیە و دەڵێت:

((شەمسی پادشای گەورە وەها دەڵێت: بەنقمدا بڵێن: تا ئەو کاتەی نیشتمانی نخاش و نیشتمانی مەگیش لەگەڵمدا لەباری جەنگدا بن نەقمندا ئایا تۆ ناترسیت لێیان؟... وەک چۆن پێشتر باوباپیرانت هاوەڵی ئێمەی حیسی بوون نەوەک دوژمن. ئێستاش نەقمندا پێمباشە ببیتە دوژمنی دوژمنەکانم و دۆستی دۆستەکانم؟ ئێستاش ئەی نەقمندا گوێ لەم پادشا گەورەیەت بگرە و گوێڕایەڵی خۆتمان بۆ دووپات بکەرەوە و دواتر دەبینیت کەچی ناز و فەرییەکت بەسەردا دادەبارێت...بەڵام سەبارەت بە هەردوو وڵاتی "نخاش و موکیش"یش بەهۆی ڕەتکردنەوەی بوون بە هاوپەیمان ئێستا بوونەتە دوژمنی ئێمەی حیسی و منی پادشاش هەموو ڕێوشوێنێکی پێویستیان لەبەرامبەردا دەگرمەبەر.

کەواتە ئەی نەقمندا تەنانەت ئەگەر هەموو پادشاکانی ناوچەکە بەهێزی سەربازییەوە پەلاماریاندایت هیچ خۆت نیگەران مەکە تەنها ئەوە نەبێت هەرئێستا نوێنەرێک بنێرە بۆلای ئێمە)).

ئەوەی پادشای حیسییەکان پێشبینی کردبوو ڕوویدا، واتا هێزەکانی هەردوو وڵاتی نخاش و مەگیش هێرشی سنووورەکانی "نەقمندا"یان کردبوو، ئەمەش لەبۆنەیەکدا دەردەکەوێت کە پادشا "شۆبیلۆما" ڕێکیخستووە و تێیدا دەڵێت: ((مـاڵ و سـەروەتەکانی "نەقمـندای پادشـای ئۆگاریـت"یـان بـەتاڵانبرد و ئۆگاریتیان کاولکرد، بۆیە لەم کاتەشدا نەقمندا پاکێتی و گوێڕایەڵی خۆی بۆ پادشاکەی دەربڕی)). دواتریش دەڵێت:

((پادشا نەقمندای پادشای ئۆگاریت هاتە شۆبیلۆما و نامەیەکی بۆ پادشای گەورەی نارد و تێیدا گوتبووی: (شەمسی پادشا گەورە، گەورەم بەڵکو بتوانیت

لەدەستی دوژمنان ڕزگارم بکەیت. من خزمەتکاری شەمسی پادشای گەورەم. گەورەم من دوژمنی دوژمنەکان و دۆستەکانتم. ئەو پادشایانە گوشیاریان خستۆتە سەرم)، بۆیە پادشای حیسییەکان بڕیاریدا یارمەتی و کۆمەکی نەقمندا بکات و خەڵکی ولاتەکەی خۆی بۆ کۆمەکی کردنی ناردبوو، توانیان دوژمنان لە ئۆگاریت وەدەرنێن و هەموو ئەو شتانەشیان لێوەرگرتنەوە کە لە ناوچەکانی ژێر دەستەلاتی نقمندایان بردبوو، وەکو دیاری هەموویان بۆ گێڕایەوە...)).

دواتر بەڵگەنامەکە ئاماژە بە دیاریکردنی سنووری "ئۆگاریت" دەدات:

سەرکردەی ناوچەکە تەنها بەرگری کار و حەق وەرگرەوەی تاکەکانی ولاتەکەی نییە، بەڵکو لەکاتی بوونی ناکۆکی لەنێوان شوێنکەوتووانیشیدا بارودۆخەکە هەڵدەسەنگێنێت و چارەسەریشی بۆ دەدۆزێتەوە (ئەمەش لەهەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە لە ولاتی سۆمەردا شتێکی باوبووە). بۆیە لەباری دووەمدا دەبینین کە "مەرسیلسی دووەمی پادشای حاتی" (١٣٣٤-١٣٠٦ پ.ز) کێشەی سنوور لەگەڵ ئەو ولاتانەی دراوسێدا چارەسەر دەکات کە هاوپەیمانین و دەڵێت:

((مەرسیلسی پادشای گەورەی نیشتمانی حاتی و وەچەی شوبیلومای پادشای گەورە دەڵێت: ((پادشای ئۆگاریت و پادشای سیانۆ لەمێژەوە دۆستبوون. ئێستاکش پاش تێپەڕبوونی ئەم ماوە زۆرە ئابدی-ئاناتی پادشای سیانۆ دوور کەوتۆتەوە لە نەقمیبای پادشای ئۆگاریت و ڕووی بەرەو لای پادشای کرکمیش وەرچەرخاندووە. ئێستاش ئابدی-ئاناتی پادشای سیانۆ داوا لە نەقمیبای پادشای ئۆگاریت دەکات لەپێش پادشای گەورەدا ئامادەبێت لەنیشتمانی

حاتیدا، بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی ئەم شارانە (لەکۆتایی بەڵگەنامەکەدا ناوی هەموو شارەکان هاتووە)...)).

دواتر پادشای گەورە ئەوە یەکلایی دەکاتەوە کە کام شار دەگەڕێتەوە بۆ نەقمیبا و کامیشیان بۆ ئابدی-ئاناتی: وادیارە بارودۆخەکە زیاتر بە بەرژەوەندی نەقمیبادا شکاوەتەوە. لەبەڵگەنامەیەکی دیکەشدا دوای دانانی بەردی سنووری دەکات لەنێوان هەردوو ولاتدا، بەم مەرجە:

((چیتر پادشای سیانۆ یان وەچە و وەچەی وەچەکانی سەرلەنوێ داوای ناوچە یەکلایی کراوەکان ناکەن و چیتر ئەو ناوچانەی ئێستا بەر ئەوان نەکەوتووە بۆیان ناگەڕێندرێتەوە و کێشە بۆ پادشای ئۆگاریت و وەچەکانی دروست ناکەن لەسەر ئەو سنوورەی ئێستادا دیاریکراوە)).

زۆرجار کێشەی سنوور بڕین هەرچەندە بەشێوەیەکی کەمیش بووبێت، بەڵام ئاژاوەی گەورە و جەنگی بەدووی خۆیدا هێناوە، وەک لەم نامەیەدا دەبینین:

((بڵێ بە پادشای ئۆگاریت ئانور لیمی پادشای..(شوێنەکە کوژاوەتەوە) دەڵێت: پاش سڵاوڵێکردنت..خەڵکەکەی تۆ سنووری منیان بەزاندووە...ئێستاش پێم بڵێ بۆچی سنووری منت بڕیوە؟ ئەگەر ژێر دەستەکانت سنووری منیان پێشێلکردووە ئەی تۆ بۆچی ئاگادارینت نەکردۆتەوە؟ تۆ بەم کارەت کێشەی گەورە بۆهەردوولامان دروستدەکەیت..ئەگەر جارێکی تر کارێکی وەها ئەنجام بدەنەوە ئێمەش ئەنجامی دەدەین..با ئەوە بەباشی بزانیت؟)).

چەندین بەڵگەنامەی ئاشتەوایی نێوان پاشەکانیش هەن، لەوانەش:

((لەمڕۆدا نەقمندای پادشای ئۆگاریت و ئازیرای پادشای ئاموری سوێندی دڵسۆزیان بۆ یەکتر خوارد...لەمڕۆ بەدواوە هەرچی سکالاێەکی پێشتر هەبووە لەنێوان سەرکردەکانی ئەم دوو وڵاتە و دانیشتووواندا هەمووی دەسڕدرێتەوە و سەرلەنوێ دەست پێ دەکەنەوە..)).

بە مەرجی ئەوەی ٥٠٠٠ پارچە زیو بدرێتە ئازیرۆ و، مەرجی ئەوەشی کە ئەگەر پادشایەك ویستی پەلاماری ئۆگاریت بدات ئەوا ئازیرۆ بەهەموو گالیسکە و هێزەکانیەوە پەلاماری دوژمنی ئۆگاریت دەدات، ئەگەر هێرشی دوژمنان بۆسەر ئۆگاریت نەما ئەوا دیسانەوە هێزەکانی ئازیرۆ لەجەنگەکانی دیکەشدا یارمەتی ئۆگاریت دەداتەوە.

هەندێك ڕێککەوتننامە هەبووە کە تایبەت بووە بە گۆڕینەوەی تاوانباران و هەڵهاتووانی یەکتر، بۆیە لە ڕێککەوتننامەیەکدا کە بەزمانی ئەکادی نوسراوەتەوە لەنێوان حتوسیلیسی سێیەم پادشای حاتی (١٢٧٥-١٢٥٠پ.ز) و ڕەمسیسی دووەمی میسردا مۆرکراوە، هاتووە:

((ئەگەر کەسێك یان دوو کەس یاخود سێ کەس لە وڵاتی حاتییەوە هەڵهاتن و چوونە نێو خاکی ڕەمسیسی خۆشەویستی خوای ئامونەوە، پادشای گەورە، پادشای میسر، ڕەمسیسی برام بۆمیان دەگێڕێتەوە. خۆ ئەگەر یەکێك یان دوو یاخود سێ کەس لە وڵاتی میسرەوە ڕایانکرد بۆ حتوسیلیس، پادشای گەورە، پادشای وڵاتی حاتی بۆ، هەڵهاتووان دەگێڕێتەوە بۆ لای ڕەمسیسی خۆشەویستی خوای ئامون و پادشای گەورە، پادشای میسر)).

هەروەها لەکاتی دزینی ماڵێك و هەڵهاتن بۆ ولاتی دراوسێ یاخود لەکاتی کوشتنی کەسێك و ڕاکردن بۆ دەوڵەتی هاوسێدا پەیماننامەیەك مۆردەکرا، بۆ گێڕانەوەی تاوانباران:

((ئینی-چوب، پادشای کرکمیش، لەگەڵ پیاوەکانی ئۆگاریتدا ڕێککەوتننامەیەکی مۆرکردووە: ئەگەر کەسێکی کرکمیشی هاوڵاتییەکی ئۆگاریتی کوشت لەخاکی کرکمیشدا و ئەوانیش تواناییان بکوژەکە دەستگیر بکەن، ئەوا سێ ئەوەندەی نرخی شمەکی دزراو و خوێنی کەسێکی ئاسایی لە بکوژەکە وەردەگرنەوە. بەڵام ئەگەر ئەوانە نەدۆزرایەوە کە کەسەکەیان کوشتووە ئەوا تەنها نرخی خوێنی ئەو هاوڵاتە دەدرێت کە خەڵکی ولاتەکەی ترو لەولاتی ئەوی دیکەدا کوژراوە و بەپێی نرخی ئەو شمەکانەشی پێی بووە قەرەبووی ولاتی زیان لێکەوتوو دەکرێتەوە، ئەمەش بۆهەردوو ولات وەکو یەکە)).

زۆرجار لەکاتی بەستنی پەیماننامەی نێو دەوڵەتیدا سوێندیان بە چەندین نیشانەی ئاینی دەخوارد و چەندین دەقی ئالۆزیان بەکاردەهێنا، بۆ نموونە:

((ئەگەر "ماتی-ئیل" ئەم پەیماننامەی شکاند ئەوا وەکو ئەم بەرانەی کەسەر دەبڕدرێت بەهەمان شێوە خۆی و وەچە و خێزان و بنەماڵەکەی لەناودەبرێن و گەلەکەشی بەکۆیلە دەبرێن و چیتر ناگەڕێندرێنەوە بۆ نێو ئەو ولاتە)).

ئەم سەرەی بەدەستی منەوەیە سەری بەران نییە، بەڵکو سەری "ماتی-ئیل"ە...خۆئەگەر ماتی-ئیل ئەم پەیماننامەیەی شکاند ئەوا وەکو چۆن بەدەستەکانی خۆم سەری ئەم بەرانەم بڕی.. بەهەمان شێوە سەری "ماتی-ئیل" لە لەشی دەکەمەوە...)).

هەموو رێککەوتننامەکان لەشێوەی ئەو پەیماننامەیەی پێشووتر توند نییە، بۆ نموونە: لەنامەیەکی "سەرجۆن"ی پادشای ئاشوری بۆ "سەنحاریبی کوڕی" ئاماژە بە بڕەو پێدانی پەیوەندییەکانی نێوان خۆی و "میتا"ی فەرمانڕەوای مەشکۆی ئاسیای بچووک دەکات، کەپێشتر دوژمنی سەرسەختی ئاشوورییەکان بووە، یاخود هەرگیز لایەنگریان نەبووە، ئەم هەنگاونانەی بەڕەو پەیوەندی دروستکردن خۆشحاڵی زۆری بەخشی بوو بە پادشا "سەرجۆن" و ڕێنمایی بەکوڕەکەی دابوو بۆ زیاتر بڕەو پێدانی ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ مشکۆدا.

مۆڵکداریی:

مۆڵکییەتی خانووبەرە و زەوی لە "سۆمەر و ئەکاد"دا لەدەستی تاك و گروپی کۆمەڵایەتیدا بووە، لە پێش "سەردەمی سەرجۆن"ەوە بەڵگەنامەی تایبەت بە کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانووبەرە تۆمارکراوە، پەرستگا خاوەنی کێڵگە و گوڵزارگەی تایبەت بەخۆی بووە، ژن و منداڵەکانی ئیشاکۆ خاوەنی زەوی و ماڵ و مۆڵکی تایبەت بەخۆیان بوون، لەوکاتەدا تەنها ئەوە نەبووە کە هەوڵبدرێت خانووەکانی هەژاران لەلایەن دەوڵەمەندەکانەوە لەناونەبرێت، یاخود دەستی تەواو بەسەر هەژاراندا نەگرن، بەڵکو کەشیشی واهەبووە تەنانەت لەبێستانەکەی دایکی دزی کردووە، لەڕاستیدا باشترین دیاری بەخشراو لەکۆنەوە پێدانی پارچە زەوییەك بووە بەکەسی چاکەکار لەلایەن دەوڵەمەندێکەوە چ بۆکێڵان بووبێت -واتا بەشێوەی کاتی- یان بۆ حەساندنەوە و پێدانی تەواوەتی.

ئەو گرێبەستەی کە پادشا "مانیشتوسو" ئەنجامی دابوو لەکڕینی زەوی و مۆڵکەکەی ئامارْەیە بۆ ڕووبەری ئەو دووپارچە زەوییەی کە دوو کەنالْ سنووورەکەیان دیاری دەکات و ڕووبەری زەوی یەکەمیان "۱۳۵۰هێکتار"ە لەکاتێکدا ئەوەی دووەم ناگاتە "۳۵ هێکتار" زەوی.

"یاساکانی حامورابی" جیاوازی کردووە لەنێوان مۆڵکی تایبەتی و مۆڵکەکانی ئیلکۆ". پادشا لە مۆڵکی "ئیلکۆ" خۆش دەبوو وەکو پاداشتێك لەبری ئەو خزمەتەی بەپادشا کراوە، بەڵام ناتوانرێت نەبفرۆشرێت نە بەناوی کەسێکی دیکەوە بکرێت و کەسیش نابێتە میراتگری ئەو زەویانە مەگەر بەڵێن بدات کەبەهەمان مەرج بەکاری بهێنێتەوە، بەکارهێنانی مۆڵکی تایبەتیش پەیوەست بووە بەچەندین کۆت و مەرجی باشترین بەکارهێنانی خێزانییەوە، ژن دوای مردنی مێردەکەی ئەگەر منداڵی نەبوایە ئەوا تەنها ئەو مۆڵك و زەوییانەی بەردەکەوت کە بەناوی خۆیەوەن، یان ئەو مالأنەی دەبرد کە لە ماڵە باوکیەوە بەریکەوتووە؛ ئەگینا ئەوانی دیکەی جێدەهێشت بۆ برا و خزمەکانی مێردەکەی، ئەگەر خۆی کوڕ و منداڵی نەبوایە لە مێردە خاوەن مۆڵکە مردووەکەی، بەڵام ئەگەر باوکەکە لەبەڵێن و دوا داواکارییە نوسراوەکانیدا مافەکانی کچە ڕەبەنە کەشیشەکەی یان کچە لەشفرۆشەکەی دیاری بکردایە ئەوا تەواوی مافەکانیان بەردەکەوت، بەڵام ئەگەر وانەبوایە ئەوا بڕێکی کەمتریان بەردەکەوت.

زۆرێك لەدانیشتووانی شار لە سەردەمی "کاسییەکان"دا خاوەن مۆڵکی زۆر فراوان بوون، وەك چۆن لەنێو چەندین بنەماڵەی "سۆمەری کۆن"یشدا ئەم شتە باوبووە بەتایبەت لەنزیکی کەنداوی عەرەبی، پادشا و گەورە کاربەدەستان

ڕێگەیان بەزیادە کرینی خانووبەرە دەدا لەشارەکانیاندا بۆ ئەو کەسانەی کە خزمەتێکی باش و زۆری پادشایان کردووە، یاخود بەئامانجی پێشکەشکردنی خزمەتێك بەخواوەند یان زیادکردنی مۆڵکایەتی کوڕ و وەچەکانیان. پادشاکان خۆیان زۆرینەی زەوی و مۆڵکە باش و فراوانەکانیان دەکرێ، ئەم کڕین و پێبەخشینەی زەوی و مۆڵکەکان بە کوڕانی پادشا تەنها لەڕێگەی گرێبەستی نهێنی و ئاشکراوە نەبووە، بەڵکو ئاهەنگێکی گرنگی بۆ ڕێکدەخرا و بەشایەتی کەشیشان و خواوەندەکان ئەو گرێبەستە مۆردەکرا، بۆ ئەمەش تابلۆیەکی شێوە هێلکەیی لەبەرد یان قوڕ دروستکراو دەهێنرا و گرێبەستەکەیان لەسەر دەنوسییەوە و مۆردەکرد و نەفرەتیشیان لەو بەرەیە دەکرد کەدواتر لەو گرێبەستە پەشیمان دەبێتەوە، بەم تابلۆ و بۆردی گرێبەستانە گوتراوە کودور و (بەردەکانی سنوور) و "بابلی"یەکان بەم تابلۆیانەیان گوتووە نارۆ (تابلۆ) و وادیارە کە باشترین شوێنی هەڵگرتنی ئەم تابلۆ و گرێبەستانە پەرستگا بووبێت. لە "باشوری بابل"ەوە هەرخێڵە و بەپێی بەهێزی و لاوازی خۆی ڕووبەری زەویەکانی ژێر دەستی لەقەبارە درابوو یاخود دیاریکرابوو.

ئەم خێڵانە خاوەنی بەشێك لەزەوی تایبەت بەخۆیان بوون، ئەمەش هەمان باودۆخی شار و گوندەکانیش بووە، زەوی ولاّت دابەشکرابوو بۆ پارچەی لێك جیاواز و هەر پارچەیەکی هی کەسێك بووە و زۆری شەڕ و ئاژاوە لەسەر زەوی یارمەتیدەر بووە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ دەستنیشان کردنی سنووری زەوییەکانیان، ئەو کاتەی پارچە زەویەکی زۆر یان ناوچەیەك دەبووە مۆڵکی پادشا ئیتر ئەو زەوییە دەبووە مۆڵکایەتی تایبەت، هەر کە پادشا یان خاوەنی زەوییەکەش فەرمانی فرۆشتنی دەربکردایە و هەرکەسێك بیکڕیایە ئەوا کڕیار

پاش واژووکردنی بەڵگەنامەی کۆین پارەی ئەو زەوییەی دەدا بەخاوەنەکەی پێشووتری و ئەگەر دراوسێی ئەو زەوییانەش هەر مافێکیان هەبوایە لەسەر ئەو زەوییە ئەوا قەرەبوو دەکرانەوە.

دەرەبەگایەتی زۆر باوبووە بەو جۆرەی کە پادشا یان دەستەڵاتداری ناوچەکە دەبووە خاوەنی هەمیشەیی زەوییەکان بەمەرجی دووبارە نەفرۆشتنەوە و دابەش نەکردنی وەکو میرات، ئەوکەسەشی زەوی پێدەبەخشرا پێویست بووە لەسەری پابەندی تەواوی بۆیارەکانی دەوڵەت و باجدان بێت، جاربەجاریش بۆیاری لێخۆشبوونیان بۆ دەردەکرا.

زەوی دێم هیچ کەس خاوەنی نەبووە و ئەوەی زۆر بەزووبی بیکێلاێیە و بیچاندایە ئەوە ئەو دەبووە خاوەنی، پادشا "ملیشیباك" لەکەناری دەریادا پارچە زەوییەکی بەخشی بە "هەونوبات نانای کچی" چونکە چاکسازیی لەو زەوییەدا ئەنجام دابوو، تۆڕی ئاوی بۆ ڕاکێشا لەگەڵ دروستکردنی چەندین ئاو کۆکەرەوە و شیان پێدانی زەویەکە بۆ داچاندن و دروستکردنی سێ گوند لەو ناوچەیەدا، بۆیە پادشاش بڕیاریدا کە ئەو زەوییانە بێتە موڵکی ئەو کچەی.

موڵکییەتی مانڵ و زەوی پەیوەست بووە بە مافەکانی سوود وەرگرتنی دراوسێ بەتایبەت بواری ئاودێری و، فەرمانڕەوا مافی پاوەنکردنی زەوی و بردنی نۆبەرەی بەرهەم و بانگهێشتکردنی دەستی کار بۆ ناوچەکە و هێنانی ئاژەڵ و گالیسکە و چاککردنەوەی کەناڵەکانی ئاودان و باشترکردنی ڕێگاکانی هەبوو.

لە بەڵگەیەکی ڕوونکردنەوەدا ڕادەی پابەند بوون بەبڕیارەکانی پادشای تایبەت بەبەرژەوەندی گشتی دەبینین بەتایبەت بڕیاری بەخشین، لەوەش ئەو بڕیارەی "کودور و میلیشباك" لەبەرژەوەندی کچەکەی دەریکردبوو: بەهۆی هێنانی

بێچـووە مـەڕ و مـەڕی گـەورە و پاککردنـەوە و ئـاودێری و کـەنالْ و ئـەمبار دروستکردن و کۆکردنەوەی دەستی کار بۆ داچاندن و زەوی کێلاْن و ئاودێری و هێنـانی گالیسـکەوە، بۆیـە بڕیـاردرا لەهـەموو جـۆرە بـاج و سـەرانەیەکی پادشایەتی ببەخشرێت و ئەو لادێیانەش دەبنە هی ئەو.

پادشا بـۆ ئـەوەی بڕیارەکـانی زیـاتر کاریگەربوونایـە نـاوی خواوەندەکانیشـی لەپاڵ بڕیارەکانیدا بەکاردەهێنا بەتایبەت بۆ یەکلایی کردنـەوەی باجی بەرخ و مەڕ و هەرجۆرە باج و سەرانەیەکی دیکە.

"مالیشباکی کوڕی مـەردۆك ئابال ئـادین" دەرەبەگایـەتی بـێ هێزکرد لەڕێگـەی ئـەو بڕیـاری لێخۆشـبوونانەی کـە دەریکردبـوون، ئـەوانیش بریتـی بـوون لـە: لێخۆشـبوونەکە ئاسـانکاری دەکـات بـەم شـێوەیە: بـاج وەرناگیرێـت لەسـەر نۆبـەرەی بەرهـەم و دەیـەکیش وەرناگیرێت و پیـاوانی جوتیـار بانگهێشـتی ئـەو کاروبارانـە نـاکرێن کـە لـە "نینـا ئاجـادە"دا ئـەنجام دەدرێـت لەشـێوەی دروستکردنی بەربەست و چاککردنەوەی ڕێگـەوبان و پـرد و کـەناڵی ئـاوی بـۆ پادشـا یـان پاراسـتنی شـارەکان و پاککردنـەوەی بنکـی کەناڵـەکان و، بـۆ هـیچ فەرمانڕەوایـەك نییـە کـە لـە ناوچـەکەی ژێـر دەسـتیدا هـیچ جـۆرە کشـتکارێکی ناوخۆیی و بیانی وەدەربنێت، هـیچ کەسێکیش بـۆی نییـە بێتـە خاوەنی زەوی یـان دەسـت بەسـەر زەوی کەسـی دیکـەدا بگرێـت بـەبڕیاری فـەرمانڕەوای ناوچەکەشـی، هـیچ کەسێك بـۆی نیـە هەڵبسـێت بەبڕینـەوەی داروداڕەخـت و دورینەوەی خەڵە و چێندراوی کەسی دیکە و بردنـی کـەر و ئاژەڵی جوتیـارانی تر، ناشبێت ئاو لەو بیرەوە دەربکرێت کە ئاوی تەواوی ئاودانی تیادا نییـە و دەکەوێتـە نێـوان راتـی ئـەنزانیم و کـەناڵی هـەرێمی پادشـاوە، هـەروەها نابێـت

کەنالّی ئاودێری بکرێتە دووبەشەوە، هەروەها مەرج نییە خەڵکی ئاسایی ببنە شوانی ئاژەڵەکانی پادشا، فەرمانڕەوای ناوچەکە و جوتیاران دەتوانن بەشداریش نەبن لەڕاکێشانی ڕێگە و پردی تایبەت بە پادشا و فەرمانڕەوا، یاخود هەرجۆرە فەرمانێکی زۆردارانەی دیکە کە دواتر پادشاکان بەسەر ئەو خەڵکە جوتیارەی دەسەپێنن، تەنانەت هەرجۆرە بڕیارێکی بارگرانکاریش کەخۆم بمەوێت بەسەرتاندا بیسەپێنم.

زەوییە لافاوکردەکانی دەشتەکانی دیجلە و فوڕات لەدێر زەمانەوە بەشێوەیەکی خۆکردە و سروشتی بەپیت و فەڕبوون و کۆنترین دانیشتووانەکەشی بەباشی ئەمەیان زانیوە و دەبینین "ئیشاکۆ" لە لاگش لەسەردەمی پادشا "ئورنینا"وە شانازی بەوەوە کردووە کە کەنالّی لێدابێت بۆ ئاوادنی ئەم زەوییانە و بۆ ئەمەش هەوڵێکی زۆری بۆداوە، لەڕاستیدا باشترکردن و پاراستن و پاککردنەوە و ڕێکخستنی ئاودێری ئەم دوو ڕووبارە پێویستی بەپلانێکی ئەندازیاری پشوودرێژ یان ماوەدرێژ هەبووە و زۆرینەی کارە ئەنجامدراوەکانیش لەڕێگەی بەندکراوەکانەوە بووە، کە لەبری تێهەڵدان و ئازاردانیان ئیشی باشترکردنی ئەم دوو ڕووبارەیان پێکراوە.

زۆرجار پلانی جۆراوجۆر دانراون بۆ پێوانی زەوی ناوچەکە و باشترین بەکارهێنان و ڕێککردنەوەی تەپ و گردۆڵکەکانی ناوچەکە و نووسینەوەی ئەنجامی هەڵمارکاری و پێوانەکانی پێویست بەجێبەجێکردن، هەندێك لە پلانی باشترکردنی جۆگە و ڕووبارۆچکەکان لەسەردەمی "سەرجۆن"ەوە بەڕوونی دیارە، بۆ نموونە: لە تابلۆیەکی سێ گۆشەدا وێنەی کەنالّی "حومادمشا" کێشراوە کە بە فەرمانی "ئایاناتۆوم" لێدراوە و ئاوگرەوەیەکیش

لەتەنیشتییەوەیەتی توانای لەخۆگرتنی "هەزار هیکتۆلیتر" ئاوی هەیە، "ئەنتمینا"ی برازای "ئایاناتۆوم" پاڵپشتی دروستکردنی ئەم ئاوگرەیەی کردووە و کەناڵێکی دیکەشی لێداوە کە هەردوو پووبارەکە پێکەوە گرێ دەدات، دیسانەوە لەلایەن پادشا "ئۆرکاجینا"وە پاڵپشتی ئەم پرۆژانەی ئاودێری کراوە کە هەستا بەلێدانی کەناڵی "جرسۆنی" ناسراو بە نەنگرسۆ- شازادەی- نیپۆر.

یەکێك لە تابلۆکان شێوازی کارکردنەکە دەخاتەروو: کاری پێویست و سەپێندراو بەسەر چاڵ هەڵکەنەرانی شارەزادا زۆر گرانتر و پێویستتر بووە لە کاری سپێردراو بە کرێکارە ئاساییەکان. درێژی ئەم کەناڵە "٢٨٠ م" بووە و بەپێی پلانێکی بابەتی تەواوکراوە، بەڵام "گۆدیا" تەنها گرنگی بەکاروباری ئاینی و دروستکردنی پەرستگادابوو سەرباری ئەمەش کەناڵێکی لێدا بەناوی "نەنگرسۆ ئوشۆ مەجال"، ئەمەش پروداو یان دەستکەوتێکی گرنگی ئەو پادشایە بووە سەرباری هەوڵەکانی بۆ هێشتنەوەی کەناڵە پووبارییە دروستکراوەکانی پادشاکانی پێش خۆی بەشیاوی بۆ ئەوەی بتوانرێت کەشتی ڕانی تیادا ئەنجام بدرێت، چونکە زۆرینەی مەواده گواستراوەکانی دروستکردنی خانووبەرە پێویستی بەڕێگەی گواستنەوەی ئاوی هەبووە.

"ئورانگۆر"ی پادشای "ئور" هەستا بەلێدانی کەناڵێکی سنووری بەناونیشانی "نانا گوگال"، بەڵگەیەك هەیە ئاماژەی پێدانی حەقدەستی ئەو ئافرەتانەیە کە لە دروستکردنی بەنداوێکی قامیش چندا لەسەرووی کەناڵەوە کاریان کردووە، "سن ئیدینام" لە "لاساب" هەستا بە هەڵکەندنی زیاتری پووباری دیجلە و

پانکردنەوەی بۆ زیادکردنی بڕی ئاوی وەرگرتووی پێویست بۆ کشتوکاڵ و دانیشتووانی شار و ناوچەکەی.

پاش ئەوەی "حامورابی" هەستا بە یەکخستنەوەی سەرجەم پارچەکانی ولاّت، چەندین کاری گرنگی لەم بوارەدا ئەنجامدا، نموونەش هەڵکەندنی ڕووباری "حامورابی" بڕێکی باشی ئاوی بۆ "سۆمەر" و "ئاکاد" دەستەبەرکرد و، گۆڕینی کەناراوەکانی بۆ کێڵگە و داچێنراو و کەڵەکەکردنی خەرمانەی خۆراك لەسایەیدا بەرئەنجام دەبێت بۆ گەلانی "سۆمەر" و "ئەکاد"، ڕووبارەکەی "حامورابی" هەموو ناوچەکانی نەتەنیەوە، بەڵکو لە "فوراتی خوار کیش"ەوە لە ئاستی "بورسیبا"وە دەستی پێدەکرد بەئاڕاستەی "ئوما تراکا" لەلای چەپیەوە و پاش ئەوەی دەگەیشتە "لارسا" دەڕژایە "کەنداوی عەرەبی"یەوە.

لەڕێگەی ئەو فەرمانە تابلۆنوسراوانەی بۆمان بەجێماون بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە فەرمان و دەستەلاّتی سەرەکی لەولاّتدا دەستەلاّتی ناوەندی بووە، بۆ نموونە جارێکیان پادشا فەرمان بە" سن ئەدینام"ی فەرمانڕەوای "لارسا" دەکات کە: هەموو ئەو کەسانەی زەوی و کێڵگەکانیان دەکەوێتە سەر کەناری ڕووبارەکانەوە پێویستە کۆببنەوە بەمەبەستی پاکژکردنەوەی کەنالّی دامانومەوە، بەکۆتایی هاتنی ئەو مانگەش پێویستە لە پاکژکردنەوەی ئەو کەنالّە ببنەوە، لە بۆنە یان فەرمانێکی دیکەدا دەبینین کە هەمان پاش فەرمان بەهەمان بەرپرس دەکاتەوە بۆ پاکژکردنەوەی ئەو کەنالّەی کە دەگاتە "ئوروك" لەماوەی سێ ڕۆژدا.

لەسەردەمی "بابلی نوێ"دا "نابوخەزنەسەری دووەم" لەڕێگەی دیواری "میدی"یەوە کە کەناری کەنالّەکە بووە گەیشتە نێوان ڕووباری دیجلە و فوڕات

و ئەم دیوارە دەگاتە کەناری "ئەراهتو" لە بابل و تەواوکاری ئەوکەنالّە دەبێت کە باوکی دەستی پێکردبوو.

لەڕاستیدا لێدانی کەنالّی ئاوی پڕۆژەیەکی نیشتمانی بووە لەبنچینەدا و ئەرك و پلان و ماندووبونی زۆری گەرەك بووە بەتایبەت لەکاتی پاککردنەوەیدا، چونکە زەوییەکانی ناوچەکە نەرم بووە و کەناری کەنالّەکانیش زەوییەکانی فشەلّ بوون، سەرباری ئەو قوڕولیتەیەی بەردەوام لەناوچەکانی دەوروبەرەوە لەڕێگەی ئەم ڕووبارانەوە دەگەیشتنە "بابل"، ڕووباری فورات لەکاتی ئاساییدا بۆ هەر مەتر سێجایەك یەك کیلۆگرام قوڕ و مەواد لەگەلّ خۆیدا دەهێنێت، بەلاّم لەکاتی لافاودا ئەو بڕە دەگاتە "٢٥کگم" بۆ هەر مەترێك سێجا.

کەنالّە لاوەکییەکانیش لەڕووبارەکانەوە ئاوی دەگەیاندە کێلّگە و مەزراکان، ئەمەش لەڕێگەی ئامێرێکی ئاوبەرزکردنەوەوە دەبوو کە گاکان دەیانجوولاّند یاخود لەڕێگەی دۆلّچە و جەنجەڕی دەستیەوە دەبوو، بەتایبەت دوای سەردەمی "سەرجۆنییەت".

ئەو ئامڕازە کشتوکالّییانەی بۆ بەڕێکردنی ژیانی ڕۆژانە بەکاردەهات لەسەر مستیلەك وێنەیان دەکێشرا، ئەم ئامڕاز و شێوە بەکارهێنانە تەنها ڕۆژهەلاّتی نەگرتبۆوە، بەلّکو لەچەندین هەرێمی "فەرەنسا"شدا هەر وابووە بەتایبەت دۆلّی "وار" لەنێوان "ئەنجیە و نانت"دا. "حامورابی" بڕیاری دابوو ئەو کەسەی ئامڕازەکانی کشتوکالّی بدزێت ئەوا پێویستە بۆ ئەو ئامێرانەی کە گای بۆبەکاردەهێنن پێنج شاقلّ بدات و بۆ دۆلّچە و ئامێرە سادەکانی دیکەش دەبێت سێ شاقلّ بدات. لەسەردەمی دارای دووەمدا دانیشتووانی "نیبور"

ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە بۆ هەرشتێکی دزراو چوار ئاژەڵ قەرەبووەکەی دەبێت.

لە وەرزی زستاندا بۆ هەر هێکتارێك لەزەوی نزیکەی "٢٠٠ متر سێجا" ئاو بەکاردەهێنرا بەئاودان بەسێ جار.

بەپێی یاساکانی "حامورابی" ئەوەی زیان بە کێڵگەی دراوسێکەی بگەیەنێت ئەوا دەبێت چی زیانی داوە بۆ دراوسێکەی ببڕێرێت، ئەوەشی بەهۆی دانەخستنی بەربەستی ئاوەکەوە لافاوی دروستکرد ئەوا دیسانەوە پێویستە قەرەبووی هەموو ئەو بەرهەمانە بکاتە کە خراپ و تێکچوون.

پاوەن و ناوچەکانی لەوەڕ تەنها پێویستیان بەئاودانێکی ئاسایی هەبووە و دواتر گا و کەر و مەڕەکانی تێبەردەدرا بۆ ئەوەی لەوێدا بلەوەڕێن، شوانەکان کرێی سالأنەیان "٨ جور لە جۆ" (٢٠,٢ هکتولتر) بووە لەسەردەمی "حامورابی"دا، ئەوەی مەڕێکی ون ببوایە لەکاتی لەوەڕاندنیدا ئەوا دەبوو شوانەکە مەڕێکی بکڕیایە و لەجێگەی مەڕە ونبووەکەی خاوەن ماڵەکەی دابنایە، شوان پارێزگاری مەڕەکانە و نابێت هیچ دانەیەکیان بۆ بەرژەوەندی خۆی سەر بپرێت یان بفرۆشێت بەبێ ڕەزامەندی خاوەن مەڕ، خۆ ئەگەر کاری وەهای ئەنجامدا ئەوا دەبێت بە دەهێندە قەرەبووی خاوەن مەڕەکە بکاتەوە، خۆ ئەگەر لەلایەن کەسانی دیکەشەوە دزرا و نەیتوانی خۆی لێ بەری بکات ئەوا دەبێت ببڕێرێت، بەلأم ئەگەر فەتارەتێکی لەدەستەلأتی شوان بەدەر ڕوویدا ئەوا لە دەرئەنجامە خراپەکانی ئەو ڕووداوە بەرپرسیار نابێت.

کێڵانی زەوی بەبەکارهێنانی گاسن و ڕاکێشانی لەلایەن گاوە بووە، لە مستیلەیەکی وێنەداردا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە گایەك خەریکی ڕاکێشانی

گاسنەکەیە و کەسێکیش لەدواوە کلکی گاسنەکەی بەدەستەوە گرتووە و زۆری بەسەردا دەدات و چەند کەسێکیش هەن کە قامچی و جەڵدیان بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی لەمانگاکە بدەن و باشتر جووتی پێبکەن، کرێی گای کێڵەر لەسەردەمی "حامورابی"دا بە "چوار جور" بۆ ساڵێك دیاری کرابوو،بەو مەرجەی ئەو گایە هەرچییەکی لێبهاتایە دەبوو کەسی بەکرێ گرتە بیبژاردایە، بڕی بەرهەم لە تابلۆکانی "ئیشاکۆ لۆجالان"دا دەگەیشتە "٢٢هکتولترا لە جۆ" بۆ هەر هێکتارێك.

بەپێی "یاساکانی حامورابی" هەرکەسێك زەوییەکی بەکرێ بگرتایە و نەیچاندایە ئەوا پێویست بوو قەرەبووی خاوەن زەوییەکە بکاتەوە بەپێی بڕی بەرهەمی زەوییەکانی دراوسێی، بەڵام ئەگەر هەرگیز و پێشتر ئەو زەوییە نەچێندرابێت ئەوا تەنها لەسەریەتی چاکی بکاتەوە، خۆ ئەگەر لەگەڵ خاوەن زەوییەکەدا بۆ ماوەی "سێ ساڵ" بڕیاری بەکرێ گرتنی ئەو زەوییەی دابوو بەڵام هێشتاکە زەویەیکە چاك و توانای بەرهەمدانی نەبووبێت ئەوا لەساڵی چوارەمدا تۆو بەزەوییەکەدا دەکات و دەدرێتەوە بەخاوەن زەوی، ئەو بڕەش پێویست بووە جوتیار بەخاوەن زەوی بدات بۆهەر "جانێك یەك جور" بووە، واتە بۆ هەر "هێکتارێك نزیکەی ١٦،٧ جور" بووە.

ئەگەر گێژەڵۆکە یان بۆرانێکی لەناکاو بەرهەمە دوراوەکەی لەناوبرد و، بەشی خاوەن زەوی درابوو تەنها ئەوەی مابۆوە یان لەناوچووبوو هی جوتیارەکە بوو ئەوا مافی هەڵگرتنەوەی بەرهەمەکانی خۆی لەدەست داوە و بۆی نییە داوای گێڕانەوەی بەشێك لەبەرهەمی خاوەن زەوییەکە بکات، بەڵام ئەگەر هیچ یەکێکیان بەرهەمی خۆیان جیانەکردبۆوە و بەسێ یان چواریەك زەوییەکە

درابووە جوتیارەکە ئەوا هەرچی لەناوچوو براوبەشن و هەرچییەکیش مابۆوە هەروەکو لەسەری ڕێککەوتوون دابەشی دەکەن.

لەسەردەمی فەرمانڕەوایانی "ئەکسیمینی"دا –بەهەمان شێوەی باری خێزانی یەکەمی فەرمانڕەوا– گرێبەستی بەکرێگرتن و بەکرێدانی زەوی بۆ ماوەی "سێ ساڵ" بووە، ئەمەش مانای وایە خوڵی بەرهەمی کشتوکاڵییان پەیڕەوکردووە، کرێکەش هەندێکی بە زیو و ئەوی دیکەشی خواردنەوە و گەنم و ئارد و ئاژەڵ لەبریدا دەدرایە خاوەن زەوییەکە، ئەگەر کەسی بەکرێ گرتە لەماوەی کەمتر لەو ماوەیەی کە بەڵێنیان دابوو بۆ بەکرێدان زەوییەکەی گێڕایەوە بۆ خاوەن زەوییەکە ئەوا شایەنی پێدانی پارە و بەخشش دەبێت.

لەکاتی کۆکردنەوەی بەرهەمدا خەڵکەکە دوای بڕینەوەی بەرهەمەکە و کوتاندنی لەڕێگەی ئاژەڵەوە دیسانەوە خۆیان بەجوانی بەرهەمەکانیان پاکدەکردەوە، بۆ ئەمەش "حامورابی" هەستابوو بەدانانی هەندێك دەقی یاسایی بۆ دیاریکردنی نرخی ئەو مانگایانەی بەرهەمەکانیان پێ دەکوترێت، بۆ نموونە بۆ تەنها گایەك "٢٠ قا لە جۆ" دەبێت ڕۆژانە بدرێت و کرێی کەریش "١٠ قا"یە، بەڵام گوێرەکە و جاشەکەر بە "١ قا بەکرێ دەدرێن، کرێی گالیسکەیەك و لێخوڕەکەشی "١٨٠ قا" بووە، بەڵام کرێی گالیسکەیەك بەتەنها و بەبێ لێخوڕەکەی ڕۆژانە تەنها "٤٠ قا" بووە و، کرێکاریش بەپێی جۆری بەرهەم و وەرزەکانی کارکردن کرێکەی جیاواز بووە، بۆ نموونە شەش گەنمە زیوی بۆ "٦ مانگی یەکەمی وەرز" و "٥ گەنمە زیویش بۆ حەوت مانگی کۆتایی".

بێستان؛ جۆرێکی دیکەی مۆڵك بووە لەپاش مۆڵکی خانوو و زەوی و کێڵگەوە، لەبەرئەوەی کەمتر بەرفراوانە وەك لە لەوەڕگە و کێڵگە و زەوی کشتوکاڵی بۆیە بەشێوەیەکی وردتر پێوراوە و، ئەمەش لە سەردەمی پێش "سەرجۆنییەت"ەوە بەردەوام بووە، لە بێستانەکاندا سەوزەمەنی و بەتایبەت پیاز ودواتریش درەخت دەچێنرا، لە "سەردەمی ئاجادە"شدا هەمان شت بووە بەجۆرێك لە دەقێکدا باس لە چاندنی"١ جان" لە زەوی دەکات بە پیاز.

"حامورابی" کرێی بێستانی بەسێ یەکی بەرهەمی تەواوی بێستانەکە داناوە لەکاتی بەرهەمدانی تەواوەتیدا، خۆ ئەگەر بەهۆی کەسی بەکرێگرتەوە بڕی بەرهەمی بێستانەکە کەم بوو ئەوا پێویستە قەرەبووی خاوەن بێستانەکە بکرێتەوە بەپێوان و بەراوردکردنی لەگەڵ بێستانێکی دیکەی تایبەتمەندی نزیك لێوەی، ماوەی بەکرێگرتنی بێستانیش "پێنج سال" بووە، چوار ساڵی یەکەم بۆ چاندن و بەرهەم هێنان، ساڵی پێنجەمیش بۆ دابەشکردنی بەرهەمەکان، ئەگەر زەوییەکە باش نەبوو بۆ تیاچاندن ئەوا پێویستە کەسی بەکرێگرتە پاش ئەو ماوەیە قەرەبووی خاوەن زەوییەکە بکاتەوە بەبڕێك پارە، چونکە پێویست بووە لەو ماوەیەی دەستی بەسەر ئەو زەوییەدا گرتووە، یاخود بەکرێ بەکاری دەهێنێت چاکسازیی تیادا بکردایە، بۆیە خاوەن زەوی هیچ بەرپرسیار نابێت لەکەمی بەرهەم، بڕینی هەر درەختێکی نێو بێستانەکە بەبێ ئاگادارکردنەوەی خاوەنی ئەو بێستانە ئەوا "٣٠ شاقڵی زیو"ی سزاکەی بووە، بێستانیش وەکو هەموو جۆرە مۆڵکەکانی دیکە لەبری بارمتە وەردەگیرا و ئەمەش بەردەوام بوو تاوەکو کۆتایی هاتنی "سەردەمی بابلی نوێ".

نرخی فرۆشتنی زەوی و مولّك وەکو ئەمرۆ دیسانەوە بەپێی پووبەر و شوێنەکەی بووە، زۆرینەی دانیشتووانی کۆن لە لادێ و گوندەکاندا ژیاون لەنێو کوخی قوڕ و نەیجە و قامیش و زۆرجاریش دەوار و چادرنشین بوون، هەندێك جاریش ئەشکەوتیان لێدەدا و بە قامیش و زەل سەریاندەگرت و دەروازەیەکیان لێدەهێشەوە بە مەبەستی خۆپاراستن لەگەرما.

کۆنترین خانوو تاوەکو ئێستا دۆزرابێتەوە لەنێو پاشماوەکانی "شوروباك" بووە کە پێکهاتووە لە چەندین ژووری بچووکی لەقوور دروستکراو، بنمیچەکانی بە کۆڵەکەی تەختە بەهێزکرابوو، بەڵام دەرگا و پەنجەرەکان لە تەختە دروست نەکراون، چونکە لەو ناوچەیەدا تەختە کەم بووە، بەڵکو لە مادەی گران دروستکراون بەجۆرێك لەکاتی فرۆشتنی خانووەکەدا زۆرجار دەرگاکەی بەجیا دەفرۆشراو خانووەکانیش زۆرینەیان یەك نهۆم بوون و دانە دانەیەکیشیان دوونهۆم بووە، زۆرینەی خانووەکان پرۆیان بەسەر کۆڵانەوە بووە و دانە دانەیەکیشیان پرانیویانەتە سەر مولّکی کەسانی دیکە.

لە "لاگش و لەسەردەمی سەرجۆن"دا هەندێك خانوو فرۆشراون کە پرووبەرەکەیان "٣/٢، ٣/١١ سار (٥٢،٢٣ بۆ ٢٩،٥٢م چوارگۆشە)بووە، نێوەندی نرخیش لە "سەردەمی حامورابی"دا "١٥ شاقڵ" بووە بۆ هەر ساریّك و زۆرجاریش گەیشتۆتە "٧١ شاقڵ" یان نزمتریش بووەتەوە بۆ "سێ شاقڵ"، نرخی زەوی لەشاردا بۆ خانوو دروستکردن نزیکەی "٢٢٥ هێندە"ی هەمان پرووبەری زەوی بووە بۆ کشتوکاڵکردن لەلادێ و گوندەکاندا.

"حامورابی" ماندوویی ئەندازیارانی بۆ هەر ساریّك لە زەوی بە "دوو شاقڵ" هەژماردووە، دیسانەوە هەر کێشەیەك دروست بێت دوای دروستکردنی

خانووبەرە و پڕۆژەکە ئەوا ئەو ئەندازیار و وەستایانە تەواوی دەرئەنجامە خراپەکان دەگرنە ئەستۆ و لەهەموو ڕووداوێکی ناسروشتیدا ئەمان بەرپرسیارن لەو شوێنەی کە ئەمان خانووبەرەکەی تیادا دەکەنەوە، بۆیە پێویست بوو لەسەریان لەبری ئەوەی خانووە لەسەر بنچینەیەکی لاواز دروست بکەن کە زوو دەڕووخێت، دەبوو لەسەر بنەڕەتێکی زۆر بەهێز دروستی بکەن بەجۆرێك بەرگەی هەموو کارەساتێك بگرێت، بۆ دیوار و بنمیچەکانیش بەهەمان شێوە، ئەگینا ئەگەر کۆیلەیەکیش لەژێر داڕووخانی ئەو خانووەدا بمردایە ئەوا دەبوو دروستکارانی کۆیلەیەك بۆ خاوەن خانووەکە پەیدابکەن و وەك قەرەبوو بیدەن بەو. زۆرجاریش خانوو دەکرایە بارمتە و هەندێك جار خاوەن قەرز تیایدا نیشتەجێ دەبوو هەندێك جاریش دەیهێشت کابرای قەرزار بەکاریبهێنێت.

پیشەسازیی لەبابل

هەر لە دەستپێکردنی مێژووەوە ڕێکخستنێکی سەرەتایی هەبووە لەکاروباری پیشەوەریدا، لەسەردەمی "دونجی"دا پڕۆسەی ڕستن و چنین لەژێر چاودێری کۆمەڵێك سەرکردە لەلایەن پادشاوە ڕاسپێردراو بووە، یاساکانی "حامورابی" نرخی کرێی کرێکاری بەپێی جۆری کارەکەی دیاریکردووە، بۆ نموونە کرێکاری ئاسایی "چوار بۆ پێنج پارچە زیو"بووە، هەروەها نرخی جێ دەستی ئەندازیار و وەستای خانوو دروستکردنی دیاری کردووە بەبێ لەبیرکردنی سزا بۆ هەڵەکانیان، دیسانەوە لە "کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زایین"دا ئەگەر وەستایەك بیتوانایە منداڵێك فێری پیشەیەك بکات ئەوا باوك و دایکی ئەو

منداڵە بۆیان نەبووە داوای بکەنەوە، چونکە پێشتر خۆیان بەویستی خۆیان ئەو منداڵەیان پێداوە بۆ ئەوەی فێری بکات؛ ئاوهاش پێویستە ئازاری دووری منداڵەکەیان بچێژن و پێی قایل بن، بەڵام ئەگەر منداڵە هیچ فێر نەبوو بوو ئەوا بۆی هەبوو و دەیتوانی بگەڕێتەوە ماڵی باوکی.

لەسەردەمی "بابلی نوێ" و پادشاکانی فارسیشدا خاوەن کۆیلەکان هەڵدەستان بە ناردنی کۆیلەکانیان بۆ لای کەسێکی پیشەوەر بۆ ئەوەی فێری پیشەی بکات، ئەگەر مامۆستا یان وەستاکە نەیتوانیایە بەباشی منداڵەکە فێر بکات ئەوا دەبوو قەرەبووی خاوەنی منداڵ یان کۆیلەکەی بکردایەتەوە، دیسانەوە ئەو منداڵەی دەخرایە بەر دەست پیشەوەرێك مافی داواکردنی پارەی نەبووە لەبری حەق دەستی کارەکەی، بەڵکو پێویست بووە لەسەرووی ئەوەشەوە دیاری پێشکەشی وەستاکەی بکات بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی، خۆ ئەگەر منداڵەکە لەلایەن وەستاکەوە شتێکی پێبدرایە ئەوا تەنها لە باشی خودی وەستاکە بووە.

لەسالّی "حەوتی فەرمانڕەوایەتی کیرۆش"دا کوڕێکی کۆیلە خرابووە بەردەستی کۆیلەیەکی دیکەی نانەوە بۆ ئەوەی لەماوەی "شەش مانگ"دا فێری بکات، بەڵام ئەگەر نەیتوانی فێری بکات بەهۆی گوێ نەدان بە شاگردەکە و بەئەنقەست فێرنەکردنی ئەوا دەبێ وەستاکە ڕۆژانە "٦ قا لە جۆ" بدات بە خاوەنی ئەو کۆیلەیە وەکو قەرەبوو.

لەسالّی دواتردا "حاشدا"ی هەستا بەوەرگرتنی کۆیلەیەك لە "ئاتی ماردۆك بالانۆ" بەڵێنی پێدەدات کە فێری پیشەی بەردتاشینی بکات خۆ ئەگەر نەیتوانی ئەوا دەبێت "١/٣ مینا زیو" بدات بە "ئاتی ماردۆم بالاتۆ"، لەهەمان

سالّدا ژن و مێردێك كۆیلەیەكیان دەسپێرن بە كارمەندێكیان بۆ ئەوەی فێری خزمەتكردنی گەورە كارمەندانی بكات لە ماوەی "شەش سالّ"دا خۆ ئەگەر سەركەوتوو بێت ئەوا جلێكی گرانبەها بۆ مامۆستاكەی دەكرن بە نرخی "٤ شاقلّ"، بەلاّم ئەگەر سەركەوتوو نەبوو ئەوا بەپێی "٣ قا" بۆ ڕۆژێك بۆ ماوەی شەش سالّ سزای مامۆستاكە دەدرێت.

مەرج نەبوو هەموو جارێك مامۆستاكە سەركەوتوو بوایە لەفێركردنی خوێندكار و شاگردەكەی بەو پیشەیەی كە دەیزانی، بۆیە بەوپەڕی تواناوە هەوڵدەدرا كە شاگرد و ژێردەستەكان فێربكرێن بۆ ئەوەی خۆیان سزاكەی وەرنەگرن.

لە "بیستی تشرینی سالّی هەشتەمی فەرمانڕەوایەتی كیرۆش"دا "نوبتا" داوای لە "بل ئەتیر" كرد بۆ ئەوەی "ئەنامارداوك" بۆ ماوەی "پێنج سالّ" فێری چنین بكات، هەموو ڕۆژێك شاگردەكە لەگەلّ خۆیدا "١ قا لە جۆ"ی دەهێنا، گرێبەستی فێركردنی ئەو منداڵە بەمجۆرە بوو: ئەگەر وەستاكە نەیتوانی لەماوەی پێنج سالّدا ئەو شاگردە فێر بكات ئەوا بۆ هەر ڕۆژێك "٦ قا" سزا دەدرێت سەرباری دانانی "٢٠ شاقلّ زیو" بۆ ئەو كەسەی ئەم پەیمانە ناباتەسەر، بەتێپەڕبوونی "١٠ مانگ بەسەر پێنج سالّ"ەكەشدا هێشتاكە كۆیلە منداڵەكە لای وەستاكە مابۆوە و فێرنەبوو چۆن شت بچنێت، بۆیە بەناچاری وەستاكە "پێنج شاقلّ"ی دا بە "نوبتا" وەكو قەرەبوو.

فرۆشتن؛ گۆڕینەوەی ئەو شتەی ئامادەی فرۆشتن بووە بە پارە یان –كەم جاریش– بە جۆ، دەبوو بۆ هەر كڕین و فرۆشتنێك گرێبەستێك مۆربكرایە و سێ شتی بنچینەیی لەخۆبگرتایە لەوانەش ناوی كڕیار و فرۆشیار و نرخ.

زۆرێـك لـەو گرێبەسـتانەی کـرین و فرۆشـتن کـە ماونەتـەوە دەگەڕێنـەوە بـۆ سـەردەمی پـێش "ئـۆر نینـای پادشـای لـەگش" لـە شـاری "شـوروباك"، تێیـدا دەبینین زەوییەك نرخەکەی بۆ هەر "جانێك دوو شاقڵ و نیو" دانراوە، هـەروەها دەبینین بـۆ ئـەو دروستکراوانەی کـە سـەر بـە کێڵگـە فرۆشـراوەکەن دانـراون بـە نرخـی "پێـنج یـان دە شـاقڵی زیـو" -یـاخود تەنانـەت بـە دە شـاقڵی مـس- لەڕاستیدا بیرۆکەیەکی تەواو ورد و ڕوونمان لەبەردەستدا نییە بـۆ دیـاریکردنی نرخـی تـەواوی زەوی و شمەکـە فرۆشـراوەکانی ئـەو کاتـە، چـونکە هـەر کـرین و فرۆشتنێك بەند بـووە بـە جـۆری کـۆیلـە و پێگـەی خـانوو لـە شـار و پانتـایی و فراوانـی و پیتـی زەوی لـە لادێ و تەنانـەت ئـارەزووی کڕیـارانیش کاریگـەری هەبووە لەسەر دیاریکردنی نرخەکە.

تابلۆیـەکی کـۆن هەیـە بـاس لـە فرۆشـتن و کڕینـی پارچـە زەوییـەك دەکـات بـە دراوی زیوی لە "ئورۆك"، هەندێك لەژمارەکانی تێکچوون، بـەڵام وادیـارە کـە بـۆ هـەر "جانێـك لـە زەوی شـەش شـاقڵ" دانـراوە، لـە "لـەگش"یـش لەسـەردەمی "ئـەنهجال"ی بـاپیرانی "ئۆرنینـا"دا دەبیـنین کـە "لۆجـال کیجـالا"ی گـەورە کەشیشـی وڵاتـ لـە "ننجرسـۆ" زەوی و مـوڵکێکی زۆر دەکڕێـت بـە ڕووبـەری "٤٨،٩٠٠ هێکتار" زەوی، لـەبری ئـەم ڕووبـەرە زەوییـەدا بڕێکـی زۆر لـە مس و جۆ و گەنم و هەندێك بەرهەمی دیکەی کشتوکاڵی داوە.

کەنیزەیـەك لـە سـەردەمی "ئـەنتمینا"دا بـە "دە شـاقڵی زیـوی و ١٢٠ قـا جـۆ" فرۆشراوە و دانەیەکی دیکەش لەگەڵ کوڕەکەیدا بە "بیست شاقڵی زیوی و یەك جـور لـە جـۆ و ئـاوی ئـارەق" فرۆشـراوە لەکاتێکـدا نرخـی فـەرمی کۆیلـە "٤٣ شاقڵ" بووە.

نرخی کەر "٢٠ شاقڵ" و بەرازیش "٤-٥" و نرخی یەک سار زەوی بەهەموو ئەو شتانەی لەسەری دروستکراوە "١٥ بۆ ٥،٢٢ شاقڵ" بووە بەپێی شوێن و پێگەکەی، نرخی یەک "جان" زەوی چێندراو "٢ جور جۆ" بووە و ئەو خانووانەشی لەناو یان دەوروبەری ئەو زەویەدان بە نرخی زێدەبار لە نرخی زەوییەکە هەژمار دەکرێن، بۆ بەستنی هەر گرێبەستێکی مامەڵەی کڕین و فرۆشتن پێویست بووە چەندین شایەت ئامادەبن لە خێزانی فرۆشیار -هەندێك جاریش لەخێزانی کڕیار- و چەندین کەسی دیکەی بڕواپێکراو و بنوسێك و چەندین پیاوی خاوەنکار و کارمەندیش، دواتر دیاریپەکیش بەهەریەك لەمانە دەدرا پاش ئەوەی سوێندی بوون بە گەواهیدەری ڕاستەقینەیان دەخوارد، دیسانەوە بەمۆرێکی بازنەیی گرێبەستەکە مۆردەکرا.

ئەو دەمەی کەسێك لە مامەڵەی کڕین و فرۆشتنەکە پاشگەز دەبوویەوە ئەوا بانگهێشتی دادگا دەکراو ناچاری سوێندخواردن و هێنانی بەڵگەنامە و گەواهیدەرانی ئەو مامەڵەیە دەکرا، ئەمەش لە "سێیەم سالّ"ی فەرمانڕەوایەتی "جیمیل سن"دا دەرکەوت؛ ئەو دەمەی پیاوێك بە نرخی "سێ شاقڵ" شوێنی چاندنی "١٢ دار خورمای گەورە"ی دابووە کەسێکی دیکە، بەڵام نکۆڵی لەو فرۆشتنە دەکرد.

لەسەردەمی ئامورییەکانی پێش "حامورابی"دا کڕین و فرۆشتن باس نەدەکرا، چونکە بە نەخت کڕین و فرۆشتن کراوە نەوەك بەقەرز و بارمتە، بۆیە گرێبەستەکە زورجار نرخەکەی تیادا نەدەنوسرا، بەڵام لەسەردەمی "حامورابی"یەوە دەستکرا بە نووسینەوە و تۆمارکردنی نرخەکان، بەڵام دەمچەورانە و دەڵاڵی نەدەنوسرایەوە.

"واراد سن" و "بل رم ئیلی" پێکەوە گایەکیان کڕی بە "٨ شاقڵ" و لەبەڵێننامەکەدا هاتبوو کە لەکاتی فرۆشتنیشدا هاوبەش دەبن و دەستکەوتیان دابەشی نێوان هەردووکیان دەکرێت.

زۆرجار لەکاتی کڕین و فرۆشتنی کۆیلەدا بەباشی پرسیاری ساغ و سەلامەتی کۆیلەکە دەکرا خۆ ئەگەر کێشەیەکی هەبوایە ئەوا دەگەڕێندرایەوە بۆ خاوەنەکەی -پێش لە نووسینەوەی یاساکانی حامورابی- ئەمەش لەسایەی کات و بارمتەیەکی دیاریکراوەوە دەبێت، بەدیاری کردنی ماوەیەک لەنێوان هەردوولادا بە ئامادەبوونی لایەنی سێیەم بۆ ئەوەی لە خەوش و کەم و کورتییەکانی ئەو کۆیلە یان شمەک یان ئاژەڵە بکۆڵێتەوە، ئەو ماوەیە کە کڕیار دەتوانێت شمەکەکەی بۆ فرۆشیارەکە بگێڕێتەوە بە پێی یاسای "٢٧٨ی حامورابی" یەک مانگ بووە.

لە گرێبەستی کڕین و فرۆشتنی زەوی و ماڵ و خانوودا پووبەر و ناوی کڕیار و فرۆشیار و نرخی پێدراو و سوێندخواردن بە خواوەند و پادشا و لیستی گەواهیدەران و مێژوو و بەرواری کڕین و فرۆشتنەکەش دەنوسرایەوە، بەمشێوەیە دەبینین لە سەردەمی "سامسو ئیلونا"دا خانوویەک کە دەکەوێتە شاری "سیبار"ەوە لەسەر ڕێگای سەرەکی دەفرۆشرێت: "٢ سار و ٤جان" زەوی کراوەتە خانوو لەتەنیشتی ماڵی "ئیلی ئەویلیم رابی کوڕی شماش ناتسی" و لەتەنیشتێکییەوە شەقامێک هەیە و لەولاشیەوە خانووەکەی "سینی دینام" هەیە، ئەم خانووە لە "ئیلی ئەویلیم ڕابی کوڕی شماش ناتسیر" و "شماش بانی کوڕی کشتی ننجزی"دا کڕدراوە، نرخەکەی بە نەخت دراوە بە پێدانی "٢/٣ مینە و ٩ شاقڵ زیو"، ئەم گرێبەستە بەدڵکراوەییەوە ئەنجام

دراوە، هیچ کامێکیشیان بۆی نییە شکایەت لەوی دیکە بکات، بۆیە هەردوولا سوێندیان خواردووە بە "شماش و ئایا" و مەردۆك و پادشا سامسو ئیلوّنا"، دواتریش ناوی دوانزە گەواهیدەر نوسراوەتەوە.

لەکاتی فرۆشتنی مولّکێکدا پێویست بووە تاپۆکە بە کەسی کڕیار بدرایە ئەگەر ون نەبوایە، خۆ ئەگەر تاپۆی زەوی یان خانووەکە ون بوایە ئەوا فرۆشیار بە شایەتی گەواهیدەران بەلّێنی دەدا بە هێنانەوەی ئەو تاپۆیە بۆ ئەو کڕیارە ئەگەر دۆزییەوە بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە کێشەیەکی بۆ دروست بکات. لەکاتی تەواوکردنی هەر گرێبەستێکدا ئاهەنگێك دەگێڕدرا بۆ سەلماندنی ئەوەی کە پەشیمانبوونەوە نییە و هیچ لا و بەرەیەکیان بۆی نییە داوای هێنانەوەی شتە فرۆشراوەکەی یان پێدانەوەی شتە کڕدراوەکەی بکات بەوی تر، لە هەندێك "سەردەمی سۆمەرییەکان"دا بۆ چەسپاندنی نییەتی پەشیمانی کڕیار و فرۆشیار هەریەکەیان بزماریّکیان بەدیواریّکدا دەکوتا، لەسەردەمی "ئەنتمینا" -ئەشاکۆ لاگش- دا زۆرجار دانی کەسی پەشیمان بووەوە بە بزمار دەشکێندرا ئەگەر دەرکەوت لەوەی دەیەوێت فێلّبکات.

قەرز لە بابل

لەهەموو کۆمەلّگەیەکدا دەبینیت تاکەکانی بەناچاری خۆیان لەبەردەم پەنابردنە بەر ئەوانی دیکە دەبینەوە بەمەبەستی قەرز لێوەرگرتن جا بۆ ماوەیەکی کەم بێت یان دوور مەودا، جا ئەم قەرزە بەمەبەستی بەکارهێنانی بێت بۆ ئیش پێکردن، یاخود کڕینی خواردەمەنی و پێویستییەکانی دیکەی مرۆڤ.

لەکۆنەوە تەنانەت لە ئیمپراتۆریەتی فارسییەوە تاوەکو ئەمرۆ و دواتر لەپێشتریش ئەم شتە بوونی هەبووە و دەبێت، زۆرێك لەقەرزەکان بە وەرگرتنی سوود دەدرێت بە کەسی نەدار، ئەم سوودەش بەتێپەڕبوونی ماوە زیاتر دەبێت و بەسوود دەگوترا سبتو (گەشە–زیایەی سەرمایە)، دەرکەوتنی سوودی پارە هۆکارێك بووە بۆ دەرکەوتنی سەرمایەداری کە پێشتر هیچ هۆکارنەبووە بۆ ئەوەی سەرمایەکان بەشێوەیەکی خۆکردە زیادبکەن.

"یاساکانی حامورابی" دانی بەو یاسانەدا ناوە لەسەردەمی پادشاکانی "ئور"دا پەیرەوکراوە، بۆ ئەمەش "حامورابی" لە یاساکانیدا دوو مادەی خۆراکی دەستنیشان کرد کە دەتوانرێت وەك جێگرەوە سوودیان لێوەربگیرێت ئەوانیش "جۆ" و "زیو" بوون، جۆ لێرەدا واتای هەموو جۆرە دانەوێلەیەکە، بەڵکو سەرجەم بەرهەمەکانی تری وەکو خورماشە، لە "ساڵی سێیەم"ی فەرمانڕەوایەتییەکەی "حامورابی"دا گرێبەستێك دەبینین کە باس لە قەرزکردنی جۆ و خورما دەکات.

جۆ گرنگترین شمەکی دەستاودەستکراوی هەرێمە کشتوکاڵییەکە بووە بەجۆرێك بەرهەمی یەکەی پووبەر تیایدا دەگەیشتە "٣٠ بۆ ٤٠ ئەوەندەی بنەتۆو"، سەرباری ئەوەی جۆ خۆراکی سەرەکی مرۆڤ و ئاژەڵ بووە، تانەنەت لەبری کرێی مرۆڤ و ئاژەڵی کێڵەریش دەدرا، هەتاوەکو جاربەجاریش وەکو کرێی مانگانەی کارمەندان دەدرا.

لەسەردەمی "ئور"دا نرخی سوودی قەرزکردنی جۆ "٣،٣٣٪" بووە، واتە یەك لەسەر سێی بڕی سەرمایە بووە بۆ یەك ساڵ، ئەم نرخە لە "یاساکانی حامورابی"دا هەبووە، بەڵام دواتر کەم بۆتەوە بەتایبەت لەسەردەمی

فەرمانڕەوایەتی "بنەماڵەی نوێی بابل"دا گەیشتە "٢٠٪"ی بڕی بەقەرزدراو، واتە پێنج یەکی دەست قەرز.

هەندێك جار داوای سوودێکی زیاتر دەکرا، نموونەشمان بۆ ئەمە لە "سەردەمی ئور" و "سەردەمی بابلییەکان"دایە کە نرخی سوودی زیو گەیشتۆتە "٢٥٪" و زۆرجاریش خاوەن قەرز بەکەمتریش لەو پشکە قایل بووە، هەندێك جار لەلایەن دەوڵەتەوە "١٢٪" وەکو دوا سنووری سوود دیاری دەکرا، قەرزی پەرستگا کەمتر بووە لەوانی دیکە لەرووی سوود خستنەسەر، بۆ نموونە ئەو دەمەی ڕێژەی سوودی جۆ "٢٥٪" بووە خواوەندی "شماشی خوای سیبار" ڕاهاتبوو کە بە "٢٠٪" قەرزی دەدا و بۆ زیویش "١٦/١"ی سەرمایەکە بووە.

بۆ پاراستنی قەرزار و قەرزدەریش لەیەکتر "حامورابی" بڕیاریدا کە گرێبەستی نێوانیان بەهەموو وردەکارییەك و ئامادەبوونی گەواهیدەران بنوسرێتەوە، بۆیە دوای مۆرکردنی ئەو پەیماننامەیە خاوەن قەرز بۆی نەبووە لەماوەیەکی پێشتر و کەمتر لەو ماوەیەدا داوای قەرزەکەی بکاتەوە کە بۆی دیاری کردووە و قەرزاریش بۆی نەبووە نکۆڵی لەو قەرزەی بکات.

ئەگەر ڕێژەی سوودی ڕێککەوتن لەنێوان قەرزار و قەرزدەردا زیاتر بێت لە ڕێژەی باوی دیاریکراوی ولأت ئەوا قەرزار قەرزەکەی دەبات، بەلأم قەرزدەر دەستکەوتی نابێت.

ئەگەر خاوەن قەرز فرت و فێڵی بکردایە بەبیانوی ئەوەی قەرزار سوودەکەی بۆی نەگێڕاوەتەوە ئەوا دەدرایە دادگا، خۆ ئەگەر بەڵگەی هەبوایە کە نەیداوەتەوە ئەوا کەسی قەرزار دەبوو دیسانەوە سوودەکە بداتەوە خاوەن قەرز، بەلأم ئەگەر بەڵگەی نەبوایە ئەوا دەبوو چەندین ئەوەندەی نرخ و ڕێژەی

سوودەکە قەرەبووی کەسی قەرزار بکاتەوە، بەکارهێنانی کێشانە و پێوانەی ناڕاست لەکاتی وەرگرتنەوەی قەرزدا خاوەن قەرزی ناچاری دەست هەڵگرتن لە مافەکەی خۆی دەکرد.

ئەو کاتەی قەرزار هیچی نابێت بیداتەوە بە خاوەن قەرز ئەوا دەبێت خاوەن سوود قایل بێت بەو شتەی کەسی قەرزار هەیەتی جا جۆ بێت یان گەنم یاخود زیو یان خورما و هەر شمەکێکی دیکە، خۆ ئەگەر هیچی نەبوو بیداتەوە ئەوا دیسانەوە دەتوانن گرێبەستێکی نوێ مۆربکەنەوە و ماوەیەکی زیاتر بەسوودێکی کەمتر‌ەوە خاوەن قەرز چاوەڕوان بێت بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکەی.

بارمتە

یاسای باوی ولاّت بۆ پێدانی قەرز تەنها لایەنگیری قەرزاری نەکردووە، بەڵکو ناوبژیوانی هەردوولا بووە، بۆیە ڕێگەی بەخاوەن قەرز داوە بۆ وەرگرتنی بارمتەیەك لەبری قەرزەکەی، ئەگەر قەرزار لەماوەیەکی دیاریکراودا ئەو قەرزەی بۆ خاوەن قەرز بەسوودی تەواوەوە نەگێڕایەوە ئەوا ئەو بارمتەیە دەبێتە مولکی کەسی قەرزدەر.

ئەو کەسەی کێڵگەیەکی دانەچێندراوی لەبری بارمتە وەردەگرت لەکاتی چاندن و دواتر بەرهەمدانیدا دەیتوانی لەبەرهەمی ئەو کێڵگەیە قەرز و سوودەکەی خۆی بباتەوە، بەڵام ئەگەر کێڵگەکە پێش ئەوەی خاوەنەکەی قەرزی لێبکات داچێنرابوو ئەوا قەرزدەر بۆی نییە لەبەرهەمی ئەو کێڵگەیە ببات لەبری قەرز و سوودەکەی مەگەر خاوەنەکەی قایل بێت.

لە سەردەمی "بنەماڵەی یەکەمی بابل"دا تەنها "سێ ساڵ" دیاری کرابوو وەکو دوا ماوە بۆ بە کۆیلەبوون لەبری قەرز، بەڵام دواتر ئەو ماوەیە درێژکرایەوە بۆ ماوەیەکی کۆتا نەهاتوو بەپێی قەرزەکە، نموونەی ئەمەش ئەو کوڕە نانەوایەی کە لەبری ئەوەی باوکی "٤٢ شاقڵی زیو"ی قەرزٌ کردووە بۆ ماوەی زیاتر لە "دە ساڵ" خزمەتی خاتوو "ئەهاتا"ی کرد تا ئەو کاتەی باوکی مرد، پۆژانەی دیاریکراوی ئیشەکەی بریتی بووە لە "٦ قا" بەڵام کە باوکی مرد ئەم کوڕە توانی بەهۆی ئەو دەساڵ کارکردنە و نەختێك پارەی دیکەوە خۆی لەو قەرز و سوودەی پزگار بکات. زۆرجار شێوازی جۆراوجۆری قەرزمان دەبینی کە تایبەت بوون بە موڵك و ماڵ، بۆ نموونە: لەسەردەمی "سامسوئیلونا"دا ڕەبەنێکی خواپەرست، بڕێك قەرزی دا بە هاوڵێکی خۆی بەو مەرجەی کە ئەو موڵکەی دەیکڕێت دەبێتە بارمتەی قەرزەکەی تاوەکو ئەو دەیداتەوە، چونکە بڕی پارەی قەرزدراو ئەوەندەی بڕی پارەی کڕینی ئەو خانووە بووە کە هاوڵەکەی کڕیویەتی.

دەتوانرا کوڕ و کچ و ژنیش لەبری بارمتە بەکاربهێنرێت جگە لە موڵك و ماڵی وەکو کێڵگە و خانوو و شمەکی نێو ماڵ..هتد، لە یانزدەیەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتی "نابوخەزنەسەری دووەم"دا "بابیا و شاناناش"ی مێردی مینەیەك زیویان بەقەرز لە "نابوبان ئاهی" وەرگرت، بۆ ئەمەش دەرگایەکی لە تەختە دروستکراوی خانووەکەیان بەبارمتە نوسی. هەر شتێك بکرایەتە بارمتە هەرگیز کەسی دیکە بۆی نەبووە بیکڕێتەوە، یاخود داوای بوون بەخاوەندارێتی بکات.

ئەگەر هاتوو کەسێک چەند جارێک لەسەر یەک قەرزی لەیەک کەسی دیاریکراو بکردایە بەبێ ئەوەی قەرزەکانی پێشووتری بدایەتەوە ئەوا بۆ هەر قەرزێک گرێبەستی تایبەت بەخۆی مۆردەکرا، زۆرجاریش هەموویان لەنێو یەک گرێبەستدا کۆدەکرانەوە بە شایەتی چەند گەواهیدەرێک و بەپێی جۆری شمەکەکان رێژەی سوود و بڕی قەرز و ماوەی قەرزەکان بەجیادەنوسرانەوە.

"شابیک زر" قەرزی لە "شۆلا" کرد بەلأم نەیدەتوانی بیداتەوە بۆیە "شۆلا" پۆشتە نێو خانووەکەی دانیشت لەبری کرێی مانگانە سوودی قەرزەکە دادەشکێندرا و ئەمەش رێگەیەکی دیکە بووە بۆ سوود و قەرزدانەوە، لەسالّی "سێیەمی فەرمانڕەوایەتی کیرۆش"دا "بعل ئۆباللیت" مینەیەک و ١٣شاقلّی دا بە "نابو زر ئقیشا" ئەویش لەبری سوود کۆیلەیەکی دا بە "بعل ئۆباللیت".

لە نۆیەمین سالّی فەرمانڕەوایەتی دارا"دا کێلّگەیەک لەبری سوودی قەرز برا بەو مەرجەی ئەگەر بەرهەمی کێلّگەکە کەمتربێت لەرێژەی دیاریکراوی سوودەکە ئەوا پێویستە لەسەر کەسی قەرزار ئەوەی دەمێنێتەوە لە سوود بۆ خاوەن قەرزی بگێڕێتەوە بێجگە لە بەرهەمی کێلّگەکە. بارمتە دەتوانرا بدرایە بەکەسی سێیەم بەبێ ئەوەی کەسی یەکەم و قەرزار هیچ جۆرە ناڕەزایەتییەکی دەربڕیبایە، بەتایبەت ئەگەر بارمتەکە کۆیلە بوایە یان کێلّگە و خانوو، بەلأم پێویست بوو لەسەر خاوەن قەرزەکە بەتەواوبوونی ماوەی قەرزەکە و وەرگرتنەوەی سوود و قەرزەکەی بارمتەکە بگێڕێتەوە بۆ کەسی یەکەم و قەرزار، بەبێ بوونی هیچ خەوشییەک تیایدا.

پێسپاردە

سپاردە ئەو پرۆسەیەیە کە کەسێك شمەکێك بە یەکێکی دیکە دەسپێرێت بۆ ئەوەی لای خۆی هەڵیبگرێت و لەکاتی پێویستدا بۆ خاوەنەکەی بگێڕێتەوە، بۆ ئەمەش "یاساکانی حامورابی" شێوازی پاراستنی سپاردەی دیاریکردووە.

دووجۆر سپاردە هەبووە: سپاردەی بەرهەم و سپاردەی شمەکەکانی دیکە. ئەوەی پەیوەستە بەسپاردەی بەرهەمی کشتوکاڵییەوە ئەوا زیاتر گرنگی دراوە بە کاروباری "شوون" یان "ئەمبار"، بۆ نموونە یاساکە کرێی "شوون" یان "ئەمبار"ی بە "پێنج قا بۆ جور"ێك (٣/٢ ١٪) داناوە، بەڵام خاوەن ئەمبارەکە بەرپرس دەبێت لەهەر خراپبوونێك لەبەرهەمەکە بکەوێتەوە.

ئەوەی تایبەتە بە سپاردنی شمەکەکانی دیکەوە ئەوا یاساکە داوای نووسینەوەی پەیماننامەیەکی کردووە بە ئامادەبوونی گەواهیدەران بەجۆرێك ناوی شمەکی پێ سپێردراو و ناوی خاوەن سپاردە و سپاردە وەرگر و گەواهیدەران دەنوسرایەوە، ئەو کەسەی شمەکەکەی پێ دەسپێردرا بۆی نەبووە بەئارەزوو و تاقەتی خۆی بەکاریبهێنێت، دیسانەوە کەسی پێسپێردراو بەرپرس دەبوو لە ون بوونی ئەسپاردەکە، دەشتوانرا لەگەڵ خاوەن سپاردەکەدا رێك بکەوتنایە بۆ بەکارهێنانی ئەو سپاردەیە تا کاتی دانەوەی، بەو مەرجەی لەکاتی پێویست بوونی خاوەن ئەسپاردەکە بەشمەکەکەی دەبێت کەسی بەکارهێنەری شمەکی پێویست بەهەمان قەبارە و شێوەوە بۆ خاوەن سپاردەکە دابین بکاتەوە.

پەرستگا

پەرستگا لەبابلدا تەنها شوێنک نەبووە بۆ خواپەرستی و نوێژدابەستن، بەڵکو ڕەگەزێک یان دەزگایەکی گرنگیش بووە بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی وڵات. بەڕێوەبردنی پەرستگا پێویستی بەداهاتێکی زۆر هەبووە بۆ خۆراک پێدانی کارمەندان و خۆبەخشانی خوا خزمەتکار و ئەنجامدانی چاکسازیی لە دروستکردنی خانوو و پەرستگای نوێدا. خواوەند خاوەنی زەوی تایبەت بەخۆی بووە لەگەڵ چەندین ڕانەمەڕی زۆر، لەشارەکانیشدا خاوەنی گەنجینەی تایبەت بەخۆی هەبووە و لە هەر هێرش و پەلامارێکیشدا پشکێک لەدەستکەوتەکانی وڵاتی بەرکەوتووە.

لەسەردەمی "لوجالاندا"دا هەندێک هەژماری ڕێکخراوی ئاینیمان بۆ بەجێماوە کە لەخۆگری پێدراوەکانی مانگانەی خزمەتکارانی باو و خستنەڕووی دەرکردنی جۆی پێویستە لە ئەمبارەکانەوە، هەروەها لەتۆمارێکیشدا ناوی ١٤٥ پیاو و ٣١ ئافرەت هاتووە کە خزمەتی خواوەندیان کردووە، لەگەڵ خستنەڕووی بڕی داهات و بەرکەوتەی سالانە و مانگانەیان، لەگەڵ بوونی ٤٤ ڕاوچی و ناوی چەندین گالیسکە و خۆراکی تایبەت بە ئاژەڵەکان.

"پەرستگای ئانلیل" لە چەرخی "ئور"دا سەیرانگایەکی گەورەبوو بەجۆرێک نیو کاتژمێر لە "نیپوڕ"وە بەپێ دوور بووە، لە هەموو جۆرە باجدانێکیش بەخشرابوو، زۆرجاریش ئەمباری پەرستگا دەکرایەوە بۆ پێدانی قەرز و وام بەو کۆیلانەی دەیانویست ئازاد بوونی خۆیان بکڕن، جاربەجاریش پەرستگا

داوەتی بێبەرامبەری بۆ زۆرێك لەهەژاران رێکدەخست، لەکاتی قەرز پێدانیشدا بە هەژار و نەخۆش دواتر داوای زیادە سوود نەدەکرایەوە، ئەو کاتەشی قەرزێك لە پەرستگاوە بە سوود وەردەگیرا زۆرکەم هەبووە کە پەرستگا سوودی تەواوی قەرزەکەی بردبێت، بەڵکو زۆرینەی جارەکان نیوەی سوودەکەی بۆ کەسی قەرزار گێڕاوەتەوە. پەرستگاکان بووبوونە ناوەندێکی گرنگی چەسپاندنی دادگەری و کەشیشان لە پێشی دەرگای پەرستگاوە سکالای شکایەتکارانیان وەردەگرت و دواتریش بڕیاری دروستیان لەبارەوە دەردەکرد، لەو جۆرە سکالاّیانەشی کە لە "دادگای سڤیلی"دا یەکلایی نەدەکرایەوە بە ناچاری بۆ سوێند خواردن ڕوویان لە پەرستگا دەکرد.

زۆرێك لە ئیش و کارەکانی پەرستگا وەچە بەوەچە بە میراتی وەردەگیرا و زۆرجاریش پلەیەك بە کرێ دەدرا، یاخود دەفرۆشرا بەتایبەت لەسەردەمی "حامورابی"دا. "باشیهۆ" هەبووە -لە پەرستگادا ئیش و کاری پاککردنەوەی پەیکەری خواکان بووە بە ڕۆنی نەڕچیو- ئیشەکەی فرۆشتووە بە "دە شاقڵی زیوی"، زۆرێك لە گەورە کارمەندانی ولاّتیش بە شانازییان دادەنا لەوەی لە پەرستگای خواوەندە بەناوبانگەکاندا ئیش و خزمەت بکەن، لەسایەی پەرستگاکانەوە پەرتووکی خوێندن بۆ قوتابخانەکان ئامادە دەکرا و دەنوسرایەوە، کەواتە زۆرینەی ئەو کەسانەی لە پەرستگاکاندا بوون خوێندەوار بوون.

بەشی سێیەم

نابوخەزنەسەر[1] و وێرانکردنی نەینەوا-٦١٢پ.ز

١) بەپێی هەندێك لەسەرچاوەكان نەبوخەزنەسەری كلدانی(كردانی) لەپاشماوەی كاشییەكانەوە سەریهەڵداوە و بۆ خۆی ناوی (گودەرز یان گیو)بووە و لەلایەن (بەهمەن گیانی) نێردراوە بۆ وێرانكردنی قودس، نەوەكانی ئەم گودەرزی یاخود پوهامە بە پادشاكانی گۆران ناسراون. نەبوخەزنەسەر بۆخۆی زاوای پادشا (ئیختوگۆیی)پادشای ماد بووە، هەر لەبەر خاتوونی ژنیشی بوو كە باخچە هەڵواسراوەكانی بابلی دروستكردووە.
مانای ناوەكەیشی بەكوردی ئەمرۆ: نەبو بە خەزنەسەر: نەبووە خەزنەسەر، نەیتوانی مێشكی پڕبكات لە زانیاری یاخود هەر بە نەخوێندەواری مایەوە. منبوخەزنەسەر، ونبو خەزنەسەر، نەوخەزنەسەر، نوێخەزنەسەر، بەخت ناسۆر= بەخت خراپ، بەخت نە سەر= بەخت خوار= بێ بەخت. نەبو یان نابو هەسارەیەكی گەڕۆكە و لای بابلییەكان ئەوكات پیرۆزبووە، واتە نەبو پێشگرێكە و ڕەنگە پاش بە پادشابوونی پێی درابێت و خۆی ناوی ((خەزنە سەر)) بووبێت و باوكیشی ((پۆلاّ سەر))بووە.

لەبەشی پێشووتردا باسمان لە گێڕانەوەکانی مێژوونووسانکرد دەربارەی خاکی دوو ڕووبار و شارستانییەتی عێراقی کۆن و ئەو دەوڵەتۆچکانەی لەو ناوچانەدا بنیاتنراون لەلایەن سۆمەری و ئەکادی و بابلییە سەرەتاییەکان و ئاشووریی و کلدانیی و بابلییەکانی تردوە. لەم بەشەشدا باس لە ئاشوورییەکان و شکستخواردنیان دەکەین لەسەردەستی سەرکردە گەنجەکەی کلدانی (نابوخەزنەسەر) لەساڵی ٦١٢پ.ز، لەگەڵ گرنگترین ئەو ڕووداوانەی هاوتەکی ئەم داگیرکارییە کلدانییانە بوو، لەگەڵ شکانی پادشای میسر (نخو) لەسەردەستی نابوخەزنەسەر.

١-دەوڵەتی ئاشوری ١١٠٠پ.ز

بەپێی هەندێك لە سەرچاوەکان بنچینەی ئاشوورییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سامی کوڕی نوح، بەمەیش دەبنە بنچینەی ئەو خێڵە عەرەبییانەی لەنزیکی ڕووباری دیجلەدا گیرساونەتەوە[1]، ئەم خێڵانە شاری ئاشورییان دامەزراند، بۆ یەکەمین

---

١) ئاسوورییەکان (ئاشوورییەکان) بەهیچ شێوەیەك عەرەب نەبوون و نین، تەنانەت لە ڕووی جینایەتیشەوە یەك نین، بەڵام لەڕووی بوونی هەندێك هاو وشەوە نزیکی عەرەبن، یاخود ناچارکراون ئێستا ئەو وشانە بەکاربهێنن بەهاوشێوەی ڕێنوس و زمانی کوردیی سەدەی هەژدە و نۆزدە و تەنانەت بیستیش. هەرچی وشەی ئاشورە پێشتر بەمانای (دوژمن)

بەکارهێنراوە، هەرچی وشەی (ئا سور)یشە بەکوردی واتە(ئا و یاخود ئاگری سور)، ڕەنگیشە ناوی سوریا لەمانەوە هاتبێت و ناوی ئەمانیش لە خوا سوری کاشییەکانی کاردونیازەوە هاتبێت کە خوای گەلی کوردی ڕۆژهەڵاتنشین بووە، هەوەها ناوی سریانەکانیش لە (سورس= شورش+یان) یان (سور+یان) یاخود (سیروس)ەوە هاتووە کە هەمان سەرچاوەی خوای کاشییە کوردەکانی فەرمانڕەوای بابلە، هەروەها لەوانەشە لە (سوری)ییەوە هاتبێت کە نازناوی (هۆری یان خوری= میتانەکان) بووە لای میسرییەکان، گەر بە (ئاتور)یش بنوسرێتەوە ئەوا مانای (ئاگر) دەدات کە خودای پێشووی سۆبارییەکانە و هەمان ڕەنگی سوریشی تێدازاڵە، بەڵام کە خاکیان لەلایەن پاشماوەی ئەکەدییە کۆچکردووەکانی بەرەو بابلەوە پێشتر داگیرکراوە چینی دەستەڵاتداریان خۆیان بە خودا دەزانن و ناوی ئاشور بۆ خۆیان زەوت دەکەن ،و دواتر بەسەر گەلی ژێردەستەشیاندا –واتە کوردەکاندا– دایدەتاشن، ئینجا گۆڕاوە بۆ ناولێنانی ئەوانەی دانیشتووی نەینەوان بێ جیاوازیی نەتەوایەتی، بۆ یەکەمین جاریش ئەکەدییە داگیرکارەکان کە دواتر ناوی ئاشوریان پێبڕا لە (شارا گۆت یاخود شار گات)ەوە هاتنە ناوچەکەوە، بەڵام دوای ئەوەی گۆتییەکان لە باشور لەدەستەڵاتیان خستن هەرچۆنێك بوو برەویان بەمانەوەیان لە باکور دابوو!، بەڵام وشەی (ئاشور) بەم زمانەی ئێستای خۆیان بە گێڕانەوەی بۆ سەر (ئاسر= ئاشر= ئاسور= ئاشور) واتە: (نهێنی مەزنی خودا) و، بەڵام بەکوردیش (ئاس+ئاوری یاخود ئاش+ئاوری) واتە: (شوێنی ئاگر، یاخود ئاشی ئاگر، یان ئاگری ئاگران یان ئاگری ڕووت و ئاگری هاڕەر)، یان (ئاسۆری= ئاسۆ+ڕێ، ئات+و+ری=ڕێگەی خۆر)، یاخود لە (سورباتو= شوبارتو= ئاشوبارتو= ئاشورباتو)ەوە هاتبێت بەواتای (ناوچەی چیایی یان باکوور و بەرزایی) و هەرچی سۆبارتۆییەکانە دواتر بە نایری ناسران کە بنچینەیان گۆتییەکانە و بە نەخشەی ئێستایش شوێنی بونیان شاری بۆتانی باکوری کوردستان دەکات، بەڵام بەگشتی

بەهاوسەردەمی سۆمەرییەکان بەوانەی لەباکوری سۆمەرییەکانەوە ژیاون (هەر چوار پارچەی کوردستان ئێستا) بە سۆباری ناسراون، بەتایبەت ناوچە کێشە لەسەرەکانی ئێستای وەکو (دوز+کەرکوك+ناوچەکانی نوێنەوا)، هەروەها ناوی (ئاشور) لە وشەی (ئاشارێ)ی ئەکەدییەوە هاتووە بەمانای (سەرەتا) یان (خودا)،ئەم وشەیەش لە(ئاسەرێ= ها لەسەرێ= هەم لەسەرێ، دیسانەوە لەسەرەتاوە)ی کوردییەوە نزیکە. بەڵگەی زۆر هەیە بە تیاچوونی دەوڵەتی ئاشوری نەتەوەکەش تیاچووبێت و ئەمانەی ئێستا سەر بە نەتەوەی دیکەی زمان گۆڕاوبن، بەتایبەت پاش ئەو هەموو جەنگەی لەمێژووی ناوچەکەدا هەیە دەبینین هەرجارە و نەتەوەیەکی تێدا بالأدەست دەبێت، بەڵام بەگشتی تا سەدەی حەڤدەیەمیش هەر کورد زۆرینەی بالأدەست بووە، تەنانەت کاتێك زینەفون بە دووسەد سالێ پاش کەوتنی ئاشور دێتە ناوچەکە وای دەبینێت کۆنە دانیشتووانی ناوچەی ئاشور هەر کوردە میدەکان بووە، واتە تەنها چینێکی دەستەلأتداری غەیرە میدی تیابراون بەهاوشێوەی دەرکردنی سوپای عێراقی عەرەبی لە "ساڵی ١٩٩١ز" لە خاکی باشوری کوردستان، گرنگترین خوداکانی شاری نوێنەوای پایتەختی ئاشوریان بریتی بوون لە: (ئاتور، ئەشتار= ئەستار، شێروا، نەنەیە، نێرکەڵ یان نر کاڵ= پادشای نێرینە، نیرگاڵ، دەم ون) کە وشەکانی بۆ کوردی ئێستایش مانادارن. یاقوبییەکانیش زۆرینەیان گومان لەکوردبوونیان ناکرێت، تەنها ئەوەیە زمانی کتێبی ئاینەکەیان بەسەریاندا زاڵە و هیچی تر، زۆرینەی ئاشوورییە کۆنەکان پاش هاتنی ئیسلام گۆڕاون بۆ عەرەب، بەڵام ئەم ئاشوری و سریانانەی ئەمڕۆ زۆرینەیان کوردن و زمانی ئاینیان بەسەردا زاڵە و هیچی دیکە، هەروەها پاش ئەو جەنگەی لەساڵی (٣٣٦ز) لەنێوان ساسانییە کوردەکان و ڕۆمەکاندا ڕوویاندا هەرچی پاشماوەی ئاشوری هەبوو بەکەوتنی شاری (ئاوری) ڕۆمی لەو جەنگەدا پێچرایەوە و ئەوەی لە دوا سنووریشدا مابوویەوە و خۆی بە ئاشوری دەزانی بەهۆی ئایینی مەسیحییەتەوە لەگەڵ کشانەوەی ڕۆمدا کشانەوە و

جگە لەوەش زۆرێك لەمانەی ئەمرۆ خۆیان بە (کلد و ئاشور و سوریان)ی دەزانن لەبنچینەدا مەسیحییە کوردەکانی هەڵهاتووەکانی کوشتارگەی سوپای حەمیدییەی عوسمانین نەوەك لەبنەڕەتەوە خۆیان خاوەنی ئەو مێژووەبن کە باسی دەکەن. مەبەست لە سامییەکان ئەوە نییە کە هەموویان لە منداڵی سامی کوڕی نوح بن، نەخێر، بەڵکو ئەوەیە کە سەر بە کۆمەڵە زمانی سامی کوڕی نوحن و ئەو خێڵانەن کە وشەی هاوبەشیان هەیە. سامی کوڕی نوح ژنەکەی لەبنەماڵەی قابیلی خراپەکارە بەم شێوەیە: هاوسەری سام کچی تەباویلی کوڕی ماویلی کوڕی حانوخی کوڕی قین (قابیل)ی کوڕی ئادەمە. کوردیش بەبنچینە دەگەڕێتەوە بۆ سەر یافسی کوڕی نوح و بەتایبەت جامر و دواتریش ئایرەگی کوڕی فەرەیدون پادشا (ئەسکەندەری دوو شاخ یاخود نوح). گەر واش نەبێت ئەوا دروستتر وایە کە کورد نەوەی (گئوش یان کوش (کوس= کوسی= گوتی= کورد)ی کوڕی حامی کوڕی نوحە، یاخود نەوەی ((هۆشەنگ، ئۆشەنك، ئۆشەنگ، ئوشەهنق، پادشا هاوشانگ))، پادشای دوای کیومەرس یاخود پێغەمبەر شیس بووە و کوڕی ئەفروالی کوڕی سیامەکی کوڕی میشانی کوڕی شیسی کوڕی ئادەمین، دەشڵێن ئۆشەنگ کوڕی ئادەم و حەوایە و بۆ پێغەمبەر شیشە و پێشی دەگوترێت: ئیکش هوش: پەرزان، کوڕی فەرداکی کوڕی شەرلکی دووەمین پادشای گۆتییەکان یاخود سیامك بووە و، ئەمیش کوڕی مشیانی کوڕی کیومرس بووە.

بوونی ڕاستەقینەی عەرەب لە خاکی عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ دوای ساڵی (١٦کۆچی) و هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر خاکەکە بەناوی ڕزگارکاری و فتوحاتی ئیسلامەوە. تەنانەت یەکێك لەخەونەکانی ئیمامی عومەر ئەوەبوو بزانێت چی لەعێراقدا دەگوزەرێت. لەشاری میدیانی پایتەختی ساسانیشدا گەڕەکی ((کورداوا)) هەبووە. لەم خاکەی کە ناومانناوە عێراق -یاخود ئاراك کە دروستترە- تاوەکو پێش ساڵی "٦٣٢ز" شتێك نەبووە بەناوی عەرەب، بەبەڵگەی ئەوەی پاش داگیرکردنی باخی داد (بەخداد) و وەدەرنانی کوردان

لەوشارە شاری باخی داد دەپوخێنن و دواتریش کە حوسێن دێت بەرەو کوفە دەڕوات، چونکە ناوچەیەکە لەسنوری ئێرانەوە نزیکترە و عەرەبەکان لەپێشدا کەناراوی کوردیۆمیان گرتبوو، دوای ڕووخاندنی دەوڵەتی ساسانی کوردی. هۆکاری دەرکەوتنی عەرەب لە خاکی سعودیەدا سمایلی کوڕی برایمنەی کوردە کە هاجەرەی دایکی بەمەرجی فێرکردنی کوڕەکەی بەزمانی عەرەبی ڕێگەی بە وشتر سوارە عەرەبییەکان دابوو لەو خاکەدا و لەنزیکی کانیاوەکە نیشتەجێ بن. بەرلەوەی محەمەدی پێغەمبەر (د.خ) لەنێو عەرەبەکاندا دەربکەوێت عەرەب لەناوچەیەکدا نیشتەجێ بوون کەپێی دەگوترا "بیابانی ئەحقاف" و بنەماڵەی عادیش یەکێک لەو بنەماڵە بنچینەییانەی عەرەبن. "ناوچەی ئەحقاف" دەکەوێتە بەشی باشوری دوورگەی عەرەبەوە. بەڵام دوای دەرکەوتنی موحەمەد (د.خ) ناوچەی عەرەب بەسەر جیهانی ئیسلامیدا دابڕێندرا و لەهەر کوێیەک ئیسلامێک هەبوو ناویان دەبرد بەخاکی عەرەب؛ ئەم خاکەیش لەخۆگرتەی زەوی کوردان و ئەمازیغ و بەربەر و ئاشور و سریان و نەتەوەی لوبنان و عیبری یوو. بەپێی هەندێک لە بەڵگە مێژوویییەکان تاوەکو سەدەی چواردەیەمی زاینی زیاد لە نیوەی دانیشتووانی شاری حلە (بابل) کوردبوون و بەکوردی دووان و نیوەکەی تری نەتەوەی هەمەجۆربوون و بەبیانوی جیاوازەوە هاتوونەتە ناوچەکە. تەنانەت مەسعودیش لە سەدەی دەیەمدا باس لە کوردانی کوفە و بەسرە دەکات بەوەی خۆیان دەگێڕنەوە سەر بنەماڵەی پێغەمبەر (د.خ). ئەگەر لەو کاتەدا ئەوەندە کورد سنووری بوونی فراوانبووبێت ئەی باشە بۆچی نابێت پێشتریش لەسەردەمی ساسانییەکان و پێشتریش کلدانی و ئاشوری و بابلی و گۆتی و سۆمەرییەکاندا لەو خاکانەی باشووردا نیشتەجێ بووبن؟. ئاشورییەکان بەپێی زۆر سەرچاوەی باوەڕپێکراو گەلی تێکەڵاوی زاگرۆسی-سامی بوون، بەهاوشێوەی دۆخی ئێستای ناوچەکانی میسل. هەروەها ناوی ئاشوریش جگە لە خودای ئاشور نزیکە لە وشەی کوردی ((ئاسور، ئاهور، ئاتور= ئاگر).

جاربوو خێڵگەلی بیابانی لەناوچەکانی باکوور و شاخاوییدا بگیرسێنەوە، بە دارستانی چڕ و هەوای سارد ئاشنابن، ئەم کەشوهەوایەیش وایکرد ئاشوورییەکان ببن بە خێڵگەلی توندوتیژ و بەهێزی بواری سەربازیی، هێرشیان کردووەتە سە دراوسێکانیان بۆ دەستگرتن بەسەر بەرهەمەکانیاندا.

ئاشوورییەکان لەسەر بنەمای هێز دەوڵەتی خۆیان دامەزراند، سوپایەکی مەزنیان دروستکردبوو، لەکاتێکدا کشتوکاڵ و خاوەن پیشەکانیان کەمتربوو، دەوڵەتی ئاشوورییەکان توانی دەستبگرێت بەسەر هەموو خاکی عێراقدا، بۆ ماوەی چەندین سەدە وەکو سەردار مانەوە، سنووری خۆیان فراوانترکرد و سوریا و میسریشیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، شاری نوێنەوایان کردە پایتەختیان.

٢- کەوتنی نوێنەوا ٦١٢پ.ز: کەوتنی نوێنەوای پایتەختی ئاشوورییەکان لەسەر هێزێکی هاوپەیمانی سێ قۆڵی بوو، کە ئەم هێزانەش بریتی بوون لە:

أ- بابلییەکان: خاوەنی شێوەیەکی کراوەبوون، ڕەگەزیان بەدەستەوە گرتبوو، کلاوی قوچەکیان لەسەرکردبوو، کەلوپەلی ڕازاوە بە پوولەکەی کانزایی پێکداچوو لەبەرکردبوو، سەرکردەکەشیان نابوخەزنەسەر بوو[1].

دانیشتووانی ئاشووری نوێنەوا سۆباریی (زێباریی)یەکانی پێشووتربوون، بەڵام پەرستەکاری خودای ئاشوور بوون (گەرمیان).

١) گومانی زۆر هەیە بەوەی کلدانییەکان پاشماوەی کاشییە کوردەکان بووبن کە دەوڵەتەکەی حامورابییان خست و بۆ ماوەی پتر لە "٤٠٠ ساڵ" گەورەی بابل بوون، حکومەتی بابل لەو کاتەدا ناوی (کوردیاس) بووە و ئاینەکەشیان (سوریاش)بووە.

لەمێژووی گەلانی بیاباندا شوێنەوارێك نییە لەپێشتر بێت لە "٢٠٠٠ پ.ز"، واتە خاوەنی هیچ شارستانییەتێك نەبوون. بەگشتی ململانێی دەستەلآت لەسەر ناوچەی دوو ڕووبار بەمشێوەیە بووە: "سۆمەری" بەنوێنەرایەتی کوردی خاوەن مالٖ بۆ ماوەیەکی زۆر سەرفەرمانڕەوا و تاکەبوونی ناوچەکەبوون و دواتر "ئەکەدییەکان" وەك میوان و مەیگێڕ و خزمەتکار تاوەکو بوونەتە هاوڵآتی و دواتر ئەنجامدانی شێوەیەك لە کودەتا، ئینجا گۆتییەکان هاتن و "ئەکەدییەکان"یان لەناوبرد، دوای ئەمانیش "هیتییەکان" بە نوێنەرایەتی گەلانی دژە کورد گەڕانەوە ناوچەکە و "میتانی و هۆری و گۆتییەکان"یان لاوازکرد، دواتر "کاشییەکان" بۆ وەرگرتنەوەی دەستەلآتی کوردان گەڕانەوە، دواتر لاوازتربوون و "کلدان"یان لێ دەرکەوت، لەولایشەوە "ئاشوورییەکان" کە خەڵکەکەی زۆرینەی "سۆباری" و "کوردی هوری" بوون و سەرکردەکانیان پاشماوەی "ئەکەدییەکان" بوون و، هەندێك خەڵکی تری تازەی هاتووشیان تیابوو شەڕیان بە "مانی و میدەکان" دەفرۆشت، هەربۆیە بەیارمەتی "کلدانەکان"ی بابلی شوێنگرەوەی "کاشییە کوردەکان" بۆ هەتاهەتایە کۆتاییان بەدەستەلآتی دەستەلآتدارانی "ئاشووری" هێنا. دواتر "ئەخمینەکان" بەڕابەرایەتی "کۆرش"ی باوك ئیلامی (کورد) و دایك ماد(کورد) هاتنەسەر دەستەلآت و پاش سێ نەوە "دارای پارس"ی کودەتای ئەنجامدا و پارس بوونە دەستەلآتداری سەرزەمینی "ماد و مانی و بابل هەتا میسر"، دواتر "ئەسکەندەر" هات و لەناویبردن، دەوڵەتی "سەلوسییان" دامەزراند، ئەسکەندەریش مرد، کورد بە ڕابەرایەتی "ئەردەشێر" خۆیان کۆکردەوە و دەوڵەتی "ساسانیان" دامەزراند، بۆ ماوەیەکی زۆر سەرداری ناوچەکەبوون، عەرەب بە ناوی ئیسلامەوە گەڕانەوە و بوونەوە دەستەلآتدار، دواتر "سەلآحەدین"ی کوردان بووبە گەورەی ناوچەکە و سەروەریی بۆ کورد گێڕایەوە، "تورکان" هاتن و فەرمانڕەوایی خۆیان کرد، هەمووی ڕووخا، کوردیش پەرتبوو، وا خەریکە یەکدەگرێتەوە بەوهاوشێوەی سەردەمی مانی ومیدە پەرتبووەکان.. گەر وابڕوات دەبێت بەلای کەمەوە لە ماوەی (٥٠ سالٖ)ی داهاتوودا کورد ببێتەوە دەستەلآتداری ناوچەکە، چونکە هەموو (٢٠٠ سالٖ) جارێك ئالٖوگۆڕی دەستەلآتی نەتەوەکانی ناوچەکە ڕوویداوە (گەرمیان).

ب- میدییەکان: کەسانی قەڵەمی و باڵابەرز و جوان بوون، جلەکانیان بەناوقەدیانەوە دەبەست و لەشیشیان کەتە و بەهێزبوون.
ج- سکیت (هکسۆسەکان): خێڵگەلی ئەسپسواری ڕووخسار ناشرینی پرچ لول و کراس و شەوارێ ڕەنگاوییی لە پێستە دروستکراوبوون کە لە کاتی غاردانی ئەسپدا فووی تیادەچوو، بەتایبەت ئەوکاتەی خۆیان بەسەر ئەسپەکانیانەوە ئامادەکردبوو بۆ غاردان[1].

---

١) سەدان خێڵی کۆچەری بوون پێکەوە، بە زۆر ناو دەناسران ((کیمیری، سکیت، سیت، سکاک (شکاک)، هیکۆس، کاسپی، ئەسکیتە)): ئەم خێڵانە لە باشووری ڕۆژئاوای دەریای کاسپینەوە سەریانهەڵدابوو، لە "٣٠٠٠ پ.ز" گەیشتنە هەندێک ناوچەی ڕۆژئاوای زاگرۆس و لە "١٨٠٠پ.ز" بە بەکارهێنانی پێشکەوتووترین چەک میسریان گرت، هەروەها یەکەمین گەلیش بوون پادشای خۆیان مۆمیابکەن، لەساڵی "١٦٤٧پ.ز" بەڕاستی بوونە دانیشتووان و دەستەڵاتداری تەواوی خاکی میسر، پادشاکانیشیان هەمان جلی فیرعەونەکانیان پۆشی و بەناوی ئەوانەوە سەردارێتییان بەڕوپێدا؟! دواتر مەمفیس کرایە پایتەخت و بۆ ماوەی پتر لە سەد ساڵ فەرمانڕەوای خواروی میسربوون، بەڵام میسری سەروی هەر بەدەست فیرعەونەکانی تەوە مابوو، بەڵام دوای "١٥٥٥پ.ز" لەلایەن ئەحمیسی فیرعەونەوە لەمیسر دەرکراون و گەڕاونەتەوە بەرەو زاگرۆس و کوردستان، ئەم هێزە دواتر بوونە پشتیوانی "ماننییەکان" دژبە "ئاشوورییەکان"، بەڵام کە سەرکەوتن دووربوو هەربۆیە دواتر چوونەپاڵ ئاشوورییەکان و دژ بە کوردان وەستانەوە، سکاکان هێزی سەرەکی مانەوەی ئاشورییان بوو ئەگینا دەمێک پێشتر تیاچووبوون بەدەستی "مادەکان"ەوە، هەر بەم هۆیەوە بوو "مادەکان" لەهێرشی یەکەمیاندا بۆ سەر نەینەوا نەیانتوانی بیگرن.. "سکاکان" دواتر بوون بەچەند بەشێکەوە، هەندێک چوونەپاڵ "مادەکان" و هەندێکی تریشیان لای "ئاشوورییەکان"، بەڵام "کیاکساری مید" بەهێمنی زۆربەی سەرکردەسەربازییە "سکیتەکان"ی نێو سوپاکەی خۆی کوشت، بەڵام دیسانەوە یەکی خستنەوە بۆ پەلاماردانی نوێنەوای داگیرکراو لەلایەن

هاوپەیمانێتی ئەم گەلانە چوار سالّ لە جەنگی توندوتیژ بەردەوامبوو، تاوەکو لەکۆتاییدا توانییان نوێنەوا بگرن و دەوڵەتی ئاشور تێکوپێکبدەن.
لەو کاتەدا ژمارەی دانیشتووانی نوێنەوا نزیکەی "٣٠٠ هەزار کەس"بووە، نزیکەی یەک سەدە دەبوو هیچ کەسێك بوێری هێرش هێنانەسەری نەکردبوو. بەلاّم ژمارەی هێرشبەرانی ئەمجارە نزیکەی "٤٠٠ هەزار" بووە، هەندێکیان سوارە و ئەوانی تریش پیادە و بەشێکی تریان کەشتی سوار و گالیسکەوان.
لەوکاتەدا دواین پادشای نوێنەوا "سین شار شیگۆن" بوو، کە بیستەمین بەروەچەی زنجیرە بنەماڵە فەرمانڕەوایەتییەکە بوو، لەسەربانی کۆشکەکەیدا سوتانگەیەکی گەورە ئەنجامدرا، ئەمیش پاش کۆکردنەوەی گەنجەکانی و

ئاشوورییەکانەوە، بەم شێوەیەش سکاکییەکان بوون بە هۆزێکی مید و دواتریش بوون بە بەشێك لە نەتەوەی کورد. ئەم خێڵە ژنانیان وەکو پیاوانیان بەشداری شەڕەکان دەبوون، داهێنەری زۆر کەرەستەی نوێی جەنگی بوون. دواتر و لە سەردەمی "هەخامەنشییەکان"دا -بەهۆی خراپەی زۆری پارتەکانەوە-سکیت و میدەکان بەشێکیان بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئێران کۆچیان کرد و ئەشکانیان دامەزراند. ئەگەری هەیە کاسپییەکان یاخود سکیتەکان هەر لەبنچینەوە بەشێك بووبن لە نەتەوەی کورد وبەتایبەت گۆتی بەهۆی ئەوەی ناوی دەریای کاسپیانی ئوروپی لەگۆتییەوە سەرچاوەی گرتووە: کاسپی، دەریای کسپ، کیسپین، ناوی ئەم دەریایە لە خێڵی: گوتی= کوتی= کوسی= کاسۆ= کیسی= کاسپینەوە هاتووە، هەمان وشەی کەزوین یان قەزوینە. لەئاڤێستایشدا وشەی (کوسی) بە (گئوش) و بەمانای گا هاتووە، بەهاوتەکی و هاوماناى وشەی (گوتە= گئوتمە= گوتمە)، هەربۆیە دواتریش لە ئەفغانستاندا خێڵی (پیرگوتی) دەرکەوتن بەتایبەت لەهەرێمی وەزیرستانیدا بەنزیکی هیندستان. وەرگێڕ.

کەنیزەک و خزمەتکارانی بەدەوری خۆیدا لە ژوورێکی گەورەی کۆشکەکەیدا بە ترسەوە لێی دانیشتبوو.

هۆکارەکانی کەوتنی نوێنەوا:

کەوتنی نەینەوا پاش ماندووبوونێکی زۆر لەسەر گۆڕەپانی ئێراکدا، چەندین فاکتەر و هۆبەندی هەبوون کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدەکەین:

١- ڕقی گەلانی ژێردەستەی ئاشوورییەکان لەئەنجامی ڕامیارێتی توندوتیژی و وێرانکاریی.

٢- ئەنجامدانی شۆڕش و ڕاپەڕین لەلایەن گەلانی ژێر دەستەلاتی ئاشورەوە بەشێوەی یەک لەدوای یەک، لە ئەنجامی شیاو بەکارنەخستنی سامانە هەمە جۆرەکانی ئەو گەلانە لەلایەن ئاشوورییەکانەوە.

٣- کەوتنی ئاشور بەدەستی مادەکان و لەناوبردنی سەربەخۆیی لەساڵی "٦١٧پ.ز"دا.

٤- درز کەوتنە نێو شورای باکووری شارەکەوە بەهۆی لافاوی دیجلەوە.

بەڵێشاوهاتنی جەماوەری داگیرکار بۆ سەر نوێنەوا بەجۆرێک کۆڵانەکانی پڕبوون لە لاشە و پاشماوەی ڕووخاوی دیوارەکان، کاتێک سەربازەکان لەنێو شەقامەکاندا پێشدەکەوتن بەهۆی زۆری جەستەوە پێیان بەملاولادا دادەنا و دەڕۆیشتن و سەرسمیان دەدا و دەستیان بەخۆیانەوە دەگرت لەترسی خۆبەدوورگرتن لە دیوارەِ داڕووخاوەکانی شاری هاوشێوە دارستانێکی سووتاو، کە بەهۆی لێشاوی ئاوی "نخون سۆر"ەوە بوو کە ئاوەکەی هێندەی

بـەرزی شـوراکان بـووە و دایڕووخانـدبوون، بـەهاوکاتیش کشـانی ئاوەکـە پاڵپشـتی هـەموو سـەربازە سـەرکەوتووەکان بـوو بـۆ چـوونە نـاو شـارەکەوە... ئـەوەی لـەم لـەم کاتـەدا بـیری نابوخەزنەسـەری بـۆڵای خـۆی پەلکێشـابوو هاوپەیمانەکانی بوو –سکت و میدییەکان– بەجۆرێك دەیویست ئەنجامی ئەم سەرکەوتن و هێرشە بۆ خۆی بێت.

لەبەرئـەوەی سـکیتەکان خـەڵکی دەشـتەکی و چـەتەبوون هەربۆیـە ئەوپـەڕی هەوڵـدەدەن بـۆ دزینـی زۆرتـرین شـتومەك و دەسـتی دارایـی دیکـە و بەمـەیش لـەکۆڵی دەبنـەوە، بـەڵام میـدەکان بەشـە خاکیـان دەوێـت، دەشـبێت بەختناسـۆر هاوپەیمانێتییـەکی نوێیـان لەگەڵـدا واژوو بکـات، جـا بۆنـا خـۆ هـیچ نـەبێت دەیتوانی چاوی میدەکان لەسـەر بابل لابـەرێت و تیشـکی تـەماحیان بخاتەسـەر ئـەو زەوییانـەی ڕۆژئـاوای پـڕ لـە نهێنـی، جگـە لەمـەیش دوو سـاڵ پێشـتر نابوخەزنەسـەر شـازادە "ئـامیتز"ی کچـی پادشـا "کیاکسـار–کەیخاسـرەو"ی پادشای میدەکانی هێنابوو و باخچەی هەڵواسراویشی بۆ ئـەو دروستکردبوو، بـوونی ئـەم شـازادەیە لـەبابل باشـترین هۆیـە بـۆ دڵنیـایی کـە میـدەکان هێـرش ناکەنە سەر بابل.

بێگومـان، ئیمپراتۆریـەتی ئاشـوورییەکان دابەشـکرا، ناوچـەکانی بـاکوری ڕۆژهەڵاتی نوێنەوا بۆ میدەکان و باشوریش بۆ بەختناسۆر بوو.

٣– نابوخەزنەسەر (بەختناسۆر) فیرعەونی میسریش دەبەزێنێت

پـاش ئـەوەی بەختناسـۆر ڕزگـاری بـوو لـە "ئاشـوربانیت"ی پادشـای نوێنـەوا، ڕووخسـاری بـوونی ئاشـوورییەکانی لەناوچـەکەدا بنـدڕاوکرد، هـەنگاوی بـەرەو

نوێکردنەوەی سنووری ولاتەکەی -بابل- دەدا، لەم کاتەیشدا" نخۆ"ی فیرعەونی میسری لە دژیدا دەرکەوت کە لەلایەن پادشای ئاشوورییەکانەوە داوای کۆمەکی لێ کرابوو.

بەلأم باشە بۆچی "نخۆ"ی فیرعەونی میسر بڕیاریدابوو جەنگ لە دژی کلدانەکان هەلبگیرسێنێت؟ ئایا لەبەرئەوەبوو ئارەزووی داگیرکاری و سنووركێشیی هەبوو؟

وەلأمەکەیش ئەوەیە کە لەو کلدانانە دەترسا، بەوەی دواتر نۆرەی ئەمە هێرشی بکەنەسەر.

هەربۆیە بۆ ئەم مەبەستە هەستا بە ڕێکخستنی سوپاکەی، بەکرێگیراوانی یۆنانی پارەدارکرد، کەنالی سوێسی کردەوە و بەمەیش هاوهەنگاویی گەورەی زنجیرەی هەژدەیەمی بنەماڵەی فیرعەونیانی پیادەکرد، لەڕێگەیدا بەرەو لای کلدانەکان فەلەستینی بێ شەڕگرت و دواتریش فینیقیا و سوریا و گەیشتە ڕووباری فورات لە نزیکی شاری کەرکەمێش (قرقامیش).

یوشیای پادشای یەهودای هاوپەیمانی بابل هەوڵی ڕێلێگرتنی دا، بەلأم هەر زۆر بەئاسانی لەناوبرا، بەمەیش ڕێگەی گەیشتنی سوپای فیرعەون بەرەو بابل کرایەوە.

لەم کاتەدا " نەبو پۆلأسەر"ی باوکی" بەختناسۆر" دیسانەوە سوپای ولاتەکەی خستەوە ژێر دەستەلأتی بەختناسۆری کوڕییەوە، هەرچی بەختناسۆریش بوو لەگەلّ سوپاکەیدا کشان تاوەکو لە کەرکەمێش (نزیک کۆبانێی ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان: وەرگێڕ) گەیشتنە "نخۆ"ی فیرعەونی میسری و تێکیان شکاند، ناچاریان کرد زۆر بەخێرایی بەکەناراوەکاندا

بکشـــێتەوە،" نابوخەزنەســـەر" یـــش بـــەخێرایی شـــوێنی ســـوپا شکستخواردووەکەی میسر دەکەوت، تاوەکو توانی فینیقیا و فەڵەستین و یەهودا و مواب و ئامونیش بگرێتەوە، تەنانەت بەردەوام بوو تاوەکو گەیشتە ڕووباری نیل کە گەورەترین سوپای سروشتیی میسر بووە لەدژی داگیرکاران، کە پێشتریش هەریەکە لە " ئا سەر حەتون" و "سەنخاریب"ی ئاشوورییەکان هەمان ڕێگەیان گرتبوو و گەیشتبوونە نزیکی هەمان ناوچە.

" نەبو خەزنە سەر " گەیشتە قەلای "پیلۆز"[1] و میل و پەیکەرەکانی، لەگەڵ ئەوەی "نابوخەزنەسەر" پێشتر قەلای زۆری داگیرکردبوو، بەڵام وای هەست دەکرد گرتنی ئەم قەلایە شکۆمەندییەکی گەورەی پێ دەبەخشێت، گەر پیلۆزیش بگرێت ئەوا ڕێگەی گەیشتنە مەمفیسی بۆ دەکرێتەوە کە پێشتر بۆ "ئاسەر حەتون" و "ئاشور بانی پال"یش کرابوویەوە.

- ئامادەکاری بۆ جەنگ و مردنی "نابۆ پۆلاسەر"

لەوکاتەی "نابوخەزنەسەر" خۆی و سوپاکەی بۆ جەنگێکی یەکلاکەرەوە ئامادە دەکرد کە پێشتر ئامادەکاری تەواوی بۆ کردبوو، لەناکاو دەنگی دەهۆڵی

---

١) قەلای پیلۆز: قەلایەکی میسرییەکان بوو کە بۆ بەرگری دژی داگیرکاران دروستیان کردبوو، بۆ ئەوەی هەمان ڕووداوی سەردەمی ئاشوورییەکانیان بەسەردا ڕوونەداتەوە، هەربۆیە پیلۆزیان پتەوترینکرد، بەجۆرێك هیچ داگیرکارێك نەتوانێت بیگرێت، قەلایەکی تەواو سەربازیی و ناوەندێکی گرنگی بازرگانی ئەوکاتی جیهان بوو، بەندەرەکانی پربوون لە کەشتی بازرگانی فینیقی و سوری و یۆنانی و قوبرسی.

گەیشتنی نامەبەرێکی لەبابلەوە گەیشت، نامەبەر لەپێش "نابوخەزنەسەر"دا ڕاوەستا و هەواڵی مردنی باوکی (نەبۆ پۆلاسەر)ی پێ ڕاگەیاند.
ئەم هەموو ژاوەژاوە وتی و واتێکی زۆری لەنێو سەربازگەی هێزی کلدانەکاندا نایەوە و هەمووان زانییان کە نامەبەر هەواڵی مردنی پادشای گەورەیانی بۆ هێناون.
"نابوخەزنەسەر" لە((نابۆ شۆ ملی شێر))ی بڕای دەترسا بەوەی کە تاوەکو ئەمی لێ نییە و باوکیان کۆچی دوایی کردووە دەستبگرێت بەسەر کورسی دەستەلاتدا و زۆری خۆی تیا پیادەکات و بالادەستی بەسەر بابلدا بگرێت.
ئەم هەواڵە پڕ ئازارە تیژبیریی "نابوخەزنەسەر"ی تێکدا، بەڕاستی کاری لێکرد و سەرەنجکێشی کرد، چونکە سەرکەوتن بەسەر فیرعەون و میسر و بەدیهێنانی خەونەکانی لە تێپەڕاندنی دۆڵی نیل کە هەموو خەونێکیەتی کەلکێکی نابێت گەر کورسی دەستەلاتەکەی لە مەترسیدابێت.
چارەیەکی بۆ ئەم دۆخەی دۆزییەوە، بینی کە باشترین چارەی ئەم دۆخە نەخوازراوە ئەنجامدانی ئاگربەستێکی کاتییە لەگەڵ فیرعونی (نخۆ)، ئەم جەنگ ڕاوەستاندنە بۆ "نخۆ"یش هەندێك بنەمای ڕازی بوونی تێدابوو، بۆ "نابوخەزنەسەر"یش دەستکراوەی دەکات بۆ ڕێکخستنەوە و چەسپاندنی کۆڵەکەکانی مەملەکەتەکەی، لەگەڵ دانانی بنەمای ڕاستەقینە و جێگیر بۆ دەوڵەتی بابلی داهاتوو، بەجۆرێك کە ئەو شارەی دووبارە کردە پایتەخت و گەورەی شارانی ناوچەکە. هەرچی "نخۆ"ی میسرە ڕازی بوو؛ چونکە ئاگربەستەکەی بە پڕۆژەیەکی ئاشتەوایی بینی.. فیرعەون بەباشی هەموو شتێکی لێکدابوویەوە پاش ئەوەی لە کەرگامێش (کەرکەمێش= قەرقەمیش)

سەرکەوتنی کلدانییەکانی بەسەر پێکهاتە و هێزەجیاوازەکانی میسری تەی کردبوو، ئەم زیاتر لە "نابوخەزنەسەر" ئارەزووی ئاگربەستی دەکرد بۆ ئەوەی دووبارە زاڵێتی خۆی بەسەر تەواوی میسردا بۆ بگەڕێتەوە.

"نخۆ" لە هەمان کاتیشدا پێی وابوو کە هیچ سەرکردەیەکی ناوچەکە بەدەر لەخۆی ناتوانێت بەردەوامێتی بە جەنگێکی لەم شێوەیە بدات و، ئەوەی بیەوێت لەم جەنگە براوە بێت پێویستە بالأدەستیی بەسەر دەریادا هەبێت، بابلیش بەهێزە داگیرخوازەکەیەوە هیچ کات توانایی فراوانبوونی نابێت گەر دەرچەیەکی دەریایی نەبێت.

هەربۆیە "نخۆ" هەوڵیدا ئەم چەند ساڵەی ئاگربەست کەڵکداربکات و میسر بە گەلە کەشتییەکی گەورەی سێ ڕیزە سەوڵی و کەشتی چارۆکەداری جەنگیی پتەوی زۆربەرگەگر چەکداربکات.

لەسایەی ئەم گەلە کەشتییەوە "نخۆ" دەبووە گەورەی دەریای ناوەڕاست، ئەم گەورەییەی لەدەریادا پێبەخشەری زاڵێتییەتی بەسەر هەموو گەلانی نیشتەجێی ئەم کەنار دەریایە لەشێوەی: فینیقی و ئیسرائیلییەکان و تەنانەت گەلانی باکوریش.

بەدیهێنانی ئەم خەونەی پێویستی بە دووبارە هەڵکەندنەوەی کەنالی"سمیتا"یە کە دەریای ناوەڕاست و دەریای سویر پێکەوە دەبەستێتەوە..ئەمەش دەستخەری سەرپەرشتیکاریی میسرییەکانە بۆ ئالۆگۆڕە سەرەکییەکانی جیهان و بێگومان ئاگربەستیش ئەنجامدرا، لەسایەی ئەم ئاگربەستەوە تەواوی خاکی سوریا و ڕووباری فوڕات و تاوەکو کەناری شاری

ئاریش (عەریش) بۆ بابلییەان بوو، بەمەیش سوپای میسر تاوەکو دۆڵی نیل کشایەوە.
بۆ زیاتر چەسپاندنی ئەم ئاگربەستە فیرعەون "نخۆ" کچەکەی (نیتوکریس) پێشکەشی "نابوخەزنەسەر" کرد بۆ ئەوەی بیکاتە ژنی دووەمی.

٤- نابوخەزنەسەر دەگەڕێتەوە بابل

پاش ئەوەی "نابوخەزنەسەر" ئاگربەستی لەگەڵ فیرعەنی میسر "نخۆ"دا ئەنجامدا سوپا و دەستکەوتەکانی لای گەورە فەرماندەکانی بەجێهێشت و بڕیاریدا بەخێرایی بگەڕێتەوە بابل بۆ لەناوبردنی هەر دەسکیسەیەک لەدژی بەپادشابوونی بێت، هەستی بەوە دەکرد هێزێک یان نیازێک هەیە دەیانەوێت پشتی تێبکەن و نەهێڵن ببێتە پادشا، هەربۆیە بەسەر ڕێگە خواروخێچەکەی کەرگامێش-ولاتی دوو ڕووباردا نەگەڕایەوە بەڵکو بەنێو دوورگەی عەرەبنشیندا کەوتەڕێ، ناوچەکانی تەنیشت دەریای ئاکادۆری مەزنی بڕی تاوەکو گەیشتە ولاتی ئادوم و لەویاوە بەلای ڕاستدا پێچیکردەوە بەئاڕاستەی بیابانی عەرەبی و لەکاتی دیاریکراودا گەیشتە بابل و کۆشکی پادشایەتی.
"نابوخەزنەسەر" بۆ سەرەنجڕاکێشانی کاهین و خودایانی لەلایەکەوە و لەلایەکی تریشەوە بۆ دابینکردنی سەقامگیری و دەستگەیشتن بە سنووری مەبەستی هەنگاوی مەزنی هاویشت.

بۆ ئەمەش:

یەکەمجار ڕووی لە پەرستگاکان کرد و فەرمانیدا کۆنبووەکانی نوێبکرێنەوە و ڕووبەریشیان فراوانتر بکرێت بەجۆرێك:

- ڕۆیشتە سەر قەلاّی ئەستار (عەشتار-عەستار=عەشتار/ وەرگێڕ) و فەرمانی بە کاهینێك کرد بنوسێت:

"نابوخەزنەسەر"ی پادشای بابلی کوڕی "نەبوپۆلاّسەر"ی پادشای بابل بەڵێن دەدەم بە دروستکردنی دەرگای نانا (ناوێکی عەشتارە) بە خشتی سووری ڕووپۆشکراو بە مینای شین لەپێناو مەردۆکی گەورەمدا، لەهەمانکاتیشدا لەسەر دەرگاکانیشی گاگەڵی بەهێزی مسین و ماری کۆکۆڕ دادەنێم! " .

هەروەها فەرمانیشیکرد کە تاوەرەکانی بەرزتر و پتەوتر بکرێن.

٢- پەیکەری ئیزاگێل یان بەعل-مەردۆك: کە پەیکەرێکی ڕووپۆشکراوە بە پارچەی زێڕین و یەکەمین کاری دروستکردنی خودای بێ وێنە بووە، کە لە ئاریدۆوە "حامورابی" گواستوویەتییەوە بۆ بابل و دواتر بوو بە خانەی خودای هەموو گەورەسەردار و پادشا ناوداره‌کانی ناوچەکە و دەهاتنە سەردانی و داوای سەرکەوتن و بەدیهێنانی مەرامەکانیان لێ داوادەکرد، لەگەڵ خەرمانداركردنی کاره گەشەکردەوەکانیان بە خەرمانەیەکی پیرۆزیی، ئەوپادشایانەی کە زۆر پابەندی نزاکردن بووە لای ئەم خودایە دیارترینیان بریتین لە: پادشا "دوو جێ= دۆن جێ"ی پادشای ئاور (ئور=ئاگر) کە لەساڵی "٢٤٠٠پ.ز" هەموو سامانەکەی وەك تاڵاّن براو خستەپێشخزمەتی ئەم خوداوەندە و دواتریش "ئاگۆم کاك ڕیما "ی کاشی (١٧٠٠ پ.ز) هێنای بۆ

پەرستگای باسکراو و پادشای ئاشوریش "شەلمانسەر"ی دووەم کە لەدەوروپشتی ساڵی "٨٦٠ پ.ز"وەکو داگیرکەر ڕۆیشتە بابلەوە، بەڵام سەخاوەتیی پیشاندا لە بەرامبەر پەیکەری "بەعل=مەردوك" و پادشای بابلیش "مار داخ پالاڵ دان" و "سەنحاریب"ی ئاشوری و ئینجا "ئەسەرحەدون" و "ئاشور بانی پال" و هەموویان دەستکراوەیی خۆیان پیشانداوە و بەباشی کاریانکردووە بۆ نوێکردنەوەی پەیکەری "ئیزاگیل" خانووی لوتکەی بەرز.

باوکی "نابوخەزنەسەر "یش –مەبەست نەبۆ پۆڵاسەرە– بەڵێنی بەخۆیدا کە باشتر لەکاری ئەوانی تر بۆ "ئیزاگیل" ئەنجامبدات، بەڵام "نابوخەزنەسەر " دواین شوێندەستی پادشایانەی خۆی بۆ خوداوەندەکەی بەمەزنتر لە باوانی دەرخست ئەمەش بۆ مەزنتر پیشاندانی هێز و پەیکەری ئەو خودایەی پادشا پشت و پەنای پێدەگرێت بەدرێژایی چەرخەکانی فەرمانڕەوایەتییەکەی، هەربۆیە "نابوخەزنەسەر" فەرمانی بە گەورە و پتەوترکردنی دیوارەکانی "ئیزاگیل" کرد.

٣– دواتر ڕوویکردە شاری خودایان کە دیوارێکی بەرز و پتەوی هەبوو کە لەهەمووانی دادەبڕی و تەواو لەئاساییش و دووربوو لەهەموو مەترسییەکانی وەرچەرخانی ڕۆژگار و دۆخەکان و هیچ دوژمنێکیش نەیدەتوانی پاکێتی نوێژەکانی لێڵ بکات کە شوێنەکە چوارگۆشەیەکی گەورەی ئاسمانی دەورگیراو بە شورای بەرزی بنگیراو بە درەختی خورمابوو.

نابوخەزنەسەر کۆمەڵێك پیاوی لە کێڵگە و بێستانەکان بینی، جلەکانیان دەرخەری تایبەتمەندی کاهینێتییان بوو، نابوخەزنەسەر کەوتەژێرکاریگەری

ئاماژەکانی پووخساریان کە بەڵگەدەری بەسەربازبوویی کاهینێتیی سەرانسەرێتی ولاتەکەین.

"بەعل مەردوک" هەموویانی لەیەک بۆتەدا داڕشتۆتەوە و خەونەکانی خۆی و ئەوانی پێکەوە گرێداوە و بەمەیش جۆشی یەکدی بوون و هێزی ولاتی لێ پێکهاتووە.

پەرستگا جۆراوجۆرەکان و کاروانی کاهینەکان لە پەرستگادا کۆبوونەوە و چاوەڕوانی "نابوخەزنەسەر" بوون و دڵیان لای بڕیارەکانی بوو، ئەم کاهینانە لێی چوونەپێش بە پێشەوایەتی "نێرگا لۆڕ وەجەڕ" کە بڕیارەکانی لەوکاتەدا هاوئاستی پادشای بابل بوو، هەروەها خاوەنی چاکەی پاراستنی مافدارێتی "نابوخەزنەسەر" بوو بۆ بوون بەپادشا لەوکاتەی لەجەنگدابوو و باوکی کۆچی دوایی کردبوو.

"نابوخەزنەسەر" لەگەڵ "نێرگالۆڕوەجەڕ" و کاروانێک لەکاهینانداً چوونە ناو پەرستگا، گالۆ و میوانەکان ڕاوەستان و بە تەپڵ کوتین دڵی خودا تووڕەکەیان خۆشدەکرد، ئینجا "نابوخەزنەسەر" و خودا مەزنەکەیان دەرکەوتن کە لەخۆگری خودا مەردوک بوو، "نابوخەزنەسەر" لە پێشی پەیکەرە مەزنەکەیدا ڕاوەستا و دەستەکانی بەرزکردەوە و گوتی:

"کاری خۆم بە خودا مەردۆك ڕاسپارد. چمکی کراسەیم گرت بۆ پشکنینی حەزە شاردراوەکانی دڵم" [1].

دواتر هەستایە سەرپێ و دەستی ڕاستی بەدرێژیی جلی خوداوەند بەرزکردەوە و دووبارە سوژدەی بۆ بردەوە و گوتی:

"دەستم لەپێشی گەورەی گەوراندا بەرزدەکەمەوە بۆ ئەوەی دەنگم بگاتە خودا مەردۆك"، " ئەی گەورەی بەتوانا بمکەرە پادشایەکی ناوازە و تەمەنم تەواو درێژبکە و وەچەکانم بکەرە شەش هێندە و کورسی دەستەڵاتم جێگیر بکە و سەرکەوتن بکەرە هاودۆستی شمشێرەکەم بۆ هەمیشە".

دواتر "نابوخەزنەسەر" ڕۆیشتە گۆڕەپانی پەرستگاکە لەکاتێکدا سەرجەم کاهینەکان لەچاوەڕوانی ئەودابوون، گا و ئاسك و کاوڕ و گوێرەکە درابوون لەبەر، بەرەو شوێنی سەربڕگە و گەورەی کاهینان چەقۆی تیژی پیرۆزی پێشکەشی پادشاکرد کە جێنشینی خودایە لەسەر زەویدا و دەبێت خۆی بەدەستەکانی خۆینی قوربانییەکە بڕێژێت وەکو گەواهیدانێك لەسەر شوکرانەبژێری و زانینی چاکەکانی خوداکەی بەسەریەوە کە توانا و زاتی تەواوی لێیەوە وەرگرتووە، ئەوجا درێژەی بەقسەکانیدا و گوتی:" ئەی مەردۆك بەسۆزبە بۆ ئەو پادشایەی مەزنتکردووە و ناویت بەرز ڕاگرتووە و پەنای

---

[1] گرتنی چمکی کراس تا ئێستایش لەناوچەی گەرمیاندا بوونێکی کزی هەیە بەو مانایەی کەسێك چمکی کراسی کەسێکی تر دەگرێت و پەنای خۆی پێ دەگرێت یاخود چمکی کراسی شێخێك یان پەنجەرەی ئیمامێك دەگرێت و هاوار دەکات بۆ فریادڕەسیی (وەرگێڕ).

پێگرتووی و دادگەرییت پێبەخشیوە، سوپاست دەکەم ئەی گەورەم من دروستکراوی دەستی تۆم و هەرتۆیش بوێت منت کردە سەرداری ڕەوە مرۆڤ".
لەپێشی دەروازەی مەردۆخدا ئاپۆڕای جەماوەری دانیشتووانی بابل کۆبووبوون، هەر کە پادشا بە مەزنی و کەشخەیی تەواوەوە دەرکەوت هیچ هوتافکێشان و بانگ و سەلاێك نەبوو چونکە کاتی خۆی نەهاتبوو، "نابوخەزنەسەر" خەونی بە ڕێوڕەسمی چڕەوە دەبینی و ئۆریگالیش دەستی بۆ درێژکرد و هەندێك سرودی ئایینی بۆ وترا و دڵی پادشا خۆشکرا و هاواری بۆ دەکرا:
"ترس و بیم لەتۆ دووربێت، ناپۆ بەردەوام لێت پیرۆزدەکات و دوژمنەکانت هەلاهەلادەبن و کێبڕکێخوازانت لەناودەبات"، کاهینەکانیش بەسرودئاساوە دەیانگوت:
"دەستەلاّت و سنووردکەت فراوانبێت کوڕی ئەو گەورەیەی یەکەمین لەدایکبووی ئاشورە. ناوت بەدرێژایی سەردەمەکان مەزن بێت، ناپۆی مەزنی شکۆمەند و خۆشەویست لەسەر تابلۆی ناپۆی مەزن هەموو چاکەیەکت بۆ بنووسێت".
لەدەریشەوە کات بووبووە شەو و دەنگی شکۆمەند زانین بەرزبویەوە بەئاڕاستەی ئەو گۆپە (قوبە) شینانەی بە ملیۆنان ئەستێرە دەدرەوشانەوە، وەها دیاربوو کە "نابوخەزنەسەر" دووبارە سەرکەوتنێکی نوێی بەبەش بووە، ئەوجا نابوخەزنەسەر بەدوای کۆمەلێك کاهیندا دەڕۆیشت کە ئەوانیش بەشوێنی نێرگالۆسەرەوە بوون.

ئەوکاتەی کاروانەکە گەیشتە نهۆمی پێش کۆتایی پرۆیانکردە هۆڵێکی تەواو تاریک، "نابوخەزنەسەر" لەم هۆڵەدا کۆمەڵێك تابلۆی ئەستێرەناسیی بەناوبانگی بەرچاوکەوت کە بەدیواری هۆڵەکەدا هەڵواسرابوون، لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆریش کە لەسەر پەفگەلی تەواو درێژ دانرابوون.

تابلۆگەلی بچکۆلانەبوون کە پێشتر بۆخۆی داهاتێکی زۆری مولکداریی پێبەخشیبوون، لەپێشی وێنەیەکی ناجۆردا کە رێگەی بەخۆیدا پاڤەی بکات "سەنحاریب"ی ملشکێن کە خۆی ئامادەی هێرشبردنەسەر سوسییەکان دەکرد بکشێتەوە، بەدەستهەڵگرتن لەحەزخوازی خۆی و بۆ بەرجەستەکردنی زاڵێتییەکەی. "نابوخەزنەسەر" حەفتا تابلۆی دیکەی هاوشێوەی بینی، نێرگالۆرۆسەر گوتی کە لێرەدا تابلۆکانی سەرجۆنی بەناوبانگیش هەیە کە بەشی سەرەکی و بنچینەیی هەموو زانستەکانی ئەستێرەزانییە. ئەم پادشایە پێشتر لەدەوروبەری ساڵی "۲۷۵۰پ.ز" توانیبووی هەموو خاکی کلدانەکان بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە. نێرگالۆرۆسەر دەستی دایە ناونان و وەرگێڕانی ئەم تابلۆیانە بۆ "نابوخەزنەسەر" وەك ئەوەی سەلاواتی ئایینی بن:

– فاڵی خۆر و مانگ ئەوکاتەی لەیەك کاتدا دیاردەبن.

– فاڵی مانگ.

– فاڵی مانگ کاتێك لە سیی مانگی ((گیسلاڤ))دا دیاردەبێت.

– فاڵی مانگ کاتێك لە دیمەنی بیست و هەشتی مانگدا دەبێت هاوشێوەیە بە هەمان شێوەی لە یەکی مانگدا.

لە پەفەکەی دیکە ئەم تابلۆیانەش هەبوو:

فاڵی ئاسمانیی هەمەجۆر.

- کاریگەری ئەستێرە جێگیرەکان.
- کاریگەری ئەستێرە جێگیرەکان و ئەستێرە گەڕۆکەکان.
- جووڵە و کاریگەری هەسارەی زوهرەی گەڕۆک.
- کاریگەرییەکانی تر بەسەر هەسارەی زوهرەوە.
- فاڵی هەموو مانگێک.
- کاریگەری دۆخە گشتییەکان بۆ ئاسمان.

لەکۆتاییشدا لەسەر ئەو دوو ڕەفەکەی دیکە:

- فاڵی خۆر گیرانەکان.
- فاڵی خۆر و مانگ لەیەک کاتدا دیاردەکەون.
- فاڵی مانگ بەتەنها.
- پێشبینییەکانی دەرهاویشتە لەو خەرمانەیەی دەوری مانگی داوە.
- فاڵیٔ هەسارەی نابۆ.
- فاڵی هەسارەی گەڕۆکی مەردۆک.

هیچ بنسوچێکی دیوارەکە نەبوو کە بە تابلۆ نەچنرابێت و بە نووسین و نەخشی مێژوویی بارقورس نەکرابێت.

لەسەردەمی پادشا "سەرجۆن"ەوە زانا کلدانییەکان هەستاون بەئەنجامدانی چاکسازیی لە زانستەکانی گەردوونناسیدا، ئەمەش لەسایەی داهێنانە مەزنەکانیانەوە؛ لەهاوشێوەی کەناری کاتژمێری خۆرین و کاتی دیاریکردنی کاتژمێر بەسێبەر، لەگەڵ کاتژمێری ئاویی. بەڵام خۆ گەر تابلۆ شوێنەوارییەکان تاڕادەیەک بە پوچ بینرابن لەڕووی بنچینەی زانستییەوە ئەوا ئەو بنەمایانەی کە پشت ئەستوور بوون بە ڕاڤەکارییەکانیان بۆ دیاردە ئاسمانییەکانی ئەوکاتەی

کۆن –واتە پێش لافاوەکەی نوح– تەواو هەڵگری بەها و نرخی خۆیەتی، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لێیان دەکرا کاهینەکان ناچار پەنایان دەبردە ئەو تابلۆ کۆنانەی هێشتاکە نەیدەتوانی نوێنەری و دەرخەری ڕاستەقینەی بنەماکانی زانستی گەردوونناسی بێت، هەرچەندە بیردۆکە گەردونییەکانیش لەسایەی پێشکەوتنی زانستەوە بۆیان مابوویەوە.

٥– زانستی گەردوونناسیی و سێ پیرۆزیی لە بابلدا

"نابوخەزنەسەر" پرسیارێکی لەکەسێکی دانا و گەورەسالّ کرد و زاناکەیش زانی کە پادشا لەوکاتەوەی ڕۆیشتۆتە نێو پەیکەرەوە ڕانەوەستاوە لە چاودێریکردنی ئەو تریشقانەی دەدرەوشێنەوە و ئاسمان دەقڵیشێنن و پوختەی تێبینییەکانی بەشێوازێکی زانستانەی بۆ دەرخست و ئەمەی پێگوت:

– گەر خودا لەمانگی نیزان (نوێزان= نوێ زایین= وەرگێڕ)دا شوێنەواری ژاوەژاوی بەدەوری خۆیدا کۆکردەوە ئەوا پێویستە لەتێکچوونی ولاّت بترسێین و گەر ئەمە لە ئایاردا ڕوویدا ئەوا ڕقەکان دەتەقن و گەر لەمانگی سیڤاندا ڕوویدا ئەوا بەرهەمەکان باش دەبن و گەر لە تەموزدا بوو ئەوا بەرهەمدان زۆر مەزن دەبن و گەر لەمانگی گیسلاّڤدا ڕوویدا ئەوا شارەکان دەڕووخێن و گەر لەمانگی ساباندا ڕوویدا ئەوا ڕەوە کوللە ولاّت دەپۆشێت، گەر لەمانگی ئازاردا ڕوویدا ئەوا ولاّت لەدژی پادشا هەڵدەستن.

لەم کاتەیشدا ئەستێرەناسەکە بەوردییەوە تێبینی و ڕا و وەڵامە داناییەکانی پادشای دەنوسییەوە و ئەمەش لەچوارچێوەی یەک خەوندابوو لە پارێزبەندیی لە گێژەڵۆکەکانی ژیان.

بابلییەکان باوەڕیان وەهابوو کە هەسارەکان دیاردەیەکی دەرەکی ڕاستەقینەن بۆ ئەم یەک خوداییە و بەیاریدەی زانست و توانایەکیش کاهینەکانی بابل بەخت و فاڵی تایبەت بە ڕزگارکردنی مرۆڤ لە ناخۆشییەکان و ڕەشێتی چارەنووس فێربوون.

ئەم یەکەمین بنەمایەی خودایەکییە ئەوەی کە یەکە لە سروشتیدا و فرە لەدەربڕینیدا، ئەویش ئیلۆیە، واتە خودای زاڵی خاوەن پایە.

"نابوخەزنەسەر" باوەڕی وەهابوو کە ئەم خودایە بابلی دەستنیشانکردووە بۆ ئەوەی ببێتە پایتەختی زەوییەکەی واتە پایتەختی: باب=ئیلۆ.

هەروەها بابلییەکان باوەڕیان وەهابوو کە هەردوو خودای" ئەنشار و گیشار" هاوسەرگیرییان کردووە، پاش تێپەڕینی چەندڕۆژی پڕ شکۆ ((ئانو))، ((بەعل))، (ئایا))یان لێ پەیدابووە، هەرسێ پیرۆزەکە و سێ بوون لەنێو یەک خودادا، یەک سروشت، باوەڕداریی مەسیحییەکان کەوتۆتەژێر کاریگەری ئەم باوەڕبەندییەوە لەڕێگەی داڕشتنەوەی عەقیدەی مەسیحییەت لە چەرخی کۆمەڵە مسکۆنییەکان[1].

بەعل دروستکاری سەرەکی جیهانە، سەرداری دیارترین هەسارەی جووڵەداری ڕووناکە و هەڵگری ناوەکەیەتی.

---

[1] ئەم بیروباوەڕییە کۆنە زیاتر لە بیروباوەڕیی مەسیحییەکانەوە نزیکە لە سروشتی خوادا بەجۆرێک باوەڕیان وەهایە کە خودای تاک لەسروشتیدا فرەیە –سێییە– لە تایبەتمەندی و دەربڕین و کردارەکانیدا.

لەم سێ پیرۆزییەوە کۆمەڵێك دەرهاویشتەی خودای لقگرتووە بۆ ئەوەی بەئاسانی بەمرۆڤ بگەن و بۆ ئەمەش شێوەی هەسارەیان گرتووە، پێشکەشی مرۆڤ کراون بۆ پەرستنیان لەچەشنی خودای خۆر: خۆر، کوپری سین، ئەو ئاوەزەی ئاڕاستەکاری هەموو گەردوون و زیندەکارییەتی، لەگەڵ سن: مانگ، کوپری ئانلیل. لەگەڵ کوپری ئانو، لەژێر ئەمانە و پاشی پێنج هەسارە گەڕۆکە سەرەکییە ئەمانەیان دیاریکردووە: نێرگاڵ، عەشتار، مەردۆك، نابۆ، کۆمەڵێکی دیکەی نەژمێردراوی خودای وەچەڕێژەری یەك بەدووی یەك هاتوون و هەن کە زنجیرەی بنەماڵەییان هەڵگرتەی نەریتی کاهینیەتییە، بەمەیش چینی کاهینان بووبوونە تاکە چینی مەتەڵ هەڵهێنەر و دۆزەرەوەی ولأمی نهێنییە شاردراوەکان، ئەوان هەسارەیان دابەش دەکرد بۆ:

١- هەسارەی ورچ لە باکوور: ورچی بچووك لە باکوری ڕۆژئاوا، ورچی گەورە، شێر لەگەڵ هەسارەی ڕاگیڵیس لە ڕۆژهەلأت.

هەسارەی سەماکار لە باشوری ڕۆژهەلأتی هەسارەی دووپشك، لەگەڵ ئەستێرەی ئەنتاریس کە بریقەکەی ڕەنگدەرەوەی ڕووناکییەکی سووری خوێن ئاسایە بەهاوچەشنی ڕووناکی ئەستێرەی بۆڤ کە لە باکوری ڕۆژهەلأتدا لەنزیکی زینیت دەدرەوشێتەوە، مار و ئافیرشۆس.

٣- هەسارەی داڵ لەگەڵ ئەستێرەی ڤانا و قازدا.

٤- هەسارە گەڕۆکە بینراوەکان: ئاداران (زوحەل) لە دووپشک و مەردۆک (ژوپیتێر) لەنێوان چنگەکانی دووپشکدا، بەڵام عەشتار (زوهرە) و نێرگاڵ (خودای جەنگ) نەبینراون[1].

باوەڕیشیان وابوو کە:

١- گەر مەردۆک -کە ڕێڕەوی خۆر دەپێوێت- ئەم شەو درەوشیاوە بە درەوشانەوەیەکی هاوشێوەی کاتی ڕۆژ، گەر بەشێوەی تەڵکی درەوشەکی دەرکەوت کە شێوەی شمشێرێکی دوو نوک بدات، ئەوا مانای وایە کە لەو ڕۆژەوەی ئەو پادشایە دێتەسەر دەستەڵات بەختەوەری وڵات دەگرێتەوە، هیچ بیانییەکیش ناتوانێت دەستەڵاتی بخاتە سەر ئەو شارونیشتمانە.

٢- ئەمە و سەرباری ئەوەی یەکێک لەو چوار حەسارە (ڕاگریلیس) پادشاییانەی بەرەو بورجی شێر دەڕوات ئامازەدەری ئەم هێز و دادگەرییەیە.

٣- گەر هاتوو زوحەل بەجوانی و لە بورجی دووپشکدا لەسەرووی مەردۆکەوە درەوشیاوە بەتایبەت لەنێوەڕاستی ئاسمان و ئاسۆی ڕۆژهەڵاتدا ئەوا مانای وایە لەم لایەوە مەترسییەک ڕووی پادشایە، جێماوەکانی دەبێتەهۆی ململانێیەکی توند.

٤- بەڵام دەربارەی خودای خۆر ئەوا نیشانەی شۆڕش و شکۆیە، لە بورجی کەشکەشاندا گەر خۆی پەنادا ئەو مانای بوونی هێزێکە لە دارودەستەکانی پادشا کە پادشا ئاڕاستە دەکات.

---

١) بازنەیان دابەشی ٣٦٠ پلەکردووە، پلەیش بۆ ٦٠ خولەک، خولەکیش بۆ ٦٠چرکە، بڕیاریا ندابوو هەموو شەش ساڵ جارێک یەک مانگ بۆ ساڵەکە زیادبکەن بۆ ئەوەی ساڵەکە ببێتە ١٣مانگ لەبری ١٢، ئەم مانگەشیان ناولێنابوو مانگی لقگرتوو لە ئازار.

٥- خوا نێرگاڵی خودای جەنگ، باوەڕیان وەهابوو لە بورج یان کەلووی گادا هەیە، خودای مانگیش لە بورجی کەوان.

نابوخەزنەسەر بەختی خۆی بە ئەستێرەکان دەگرتەوە و ڕاوێژی بە کاهینە تایبەتەکانی دەکرد بۆ پێشبیکردن بۆ چارەنووسی جەنگەکانی.

ڕۆژێکیان پرسیاری لە " نێرگاڵۆ ڕووسەر" کرد دەربارەی بەختی هەسارەکان:

١- لێی پرسی دەربارەی ولاتی کلدانییەکان، ولاتی پادشا، کاهینەکەیش پێی گوت کە لەژێر کاریگەری کەلوی کەنیشکدایە، بەلاّم دوژمنەکانی: سۆر و سیدۆن لەژێرکاریگەری بورجی شێردان ئەوا مانای وایە دەبنە ژێردەستەی بابل.

٢- دەربارەی میسر لێی پرسی:

وەلاّمی دایەوە کە لەژێر کارتێکاریی بورجی کەشکەشاندایە، هەربۆیە تووشی شکست و خاك دۆڕان دەبێتەوە، بەلاّم تەواو ڕووخێنەرنابێت.

٣- دەربارەی ئەوکاتی نیوە دوورگەی عەرەب لێی پرسی بوو، وەلاّمی دابوویەوە کە لەژێر کاریگەری بورجی گادایە، نیشانەی جوتیار و هێز، واتە کاتی جەنگکردن لەگەلّ ئەواندا نەهاتووە[1].

---

١) هەڵبەتە ئەوکاتە دوورگەی عەرەب تەنها ولاّتانی خەلیجی ئێستابووە و تاوەکو سەردەمی فتوحاتیش هەر ئەوە سنووریان بووە و دوای فتوحات عەرەب هاتنە عێراق و سوریا و لوبنان و میسر و جەزائیر و تونس و مەغریب و لیبیا و دواتر بەرەبەرە بوون بەخاوەن مالّ، بەپشتیوانی ئایینی ئیسلام بۆ زمان گۆڕینی دانیشتووانە ڕەسەنەکەی ولاّتەکە.



بەشی چوارەم

نابوخەزنەسەر کێیە؟



لەبەشـــەکانی پێشـــوودا هەســـتاین بـــە ڕوونکردنـــەوەی بنـــەما ســـەرەکی و گشتییەکانی شارستانییەتی بابل و نیشتمانی نێوان دوو ڕووبار، باسی ئەو پادشا و حکومەتانـەشمانکرد کـە تێیـدا هاتنەســەر دەســتەلآت و دەرکـەوتن، ڕوونیشمان کردەوە کە چۆن نەبوپۆلآسەر هەستاوە بە مەزنترکردنی کوڕەکەی و ئاڕاستەکردنی بـەبیری داگیرکـاری، لەگـەڵ چۆنێتی پەرچـدانەوەی هێرشـەکانی ((نخۆ))ی میسر و تێکشکاندنی، باسی ئەوەشمانکرد چۆن ئاساییشی بۆ بابل بەدیهێناوە دوای کۆچی نەبوپۆلآسەری پادشای باوکی.

ئێستاش وەختـی ئەوەیـە تیشـکی ڕاستەقینە بخەینەســەر ئـەم پادشـا گەنجـە – نابوخەزنەســـەر– لەگـــەڵ چـــۆن چـــۆنی بـــوونی ژیـــانی و دەرخســـتنی تایبەتمەندییـــەکانی و ڕادەی فراوانبـــوونی ولآتۆچـــکەکەی و کردنـــی بـــە ئیمپڕاتۆریـەت، کـام خـودای پەرستووە؟ ئایـا بەدرێـژایی تەمـەنی بت پەرسـت بـووە؟ یـان هاتۆتەسـەر ڕێگـەی خـودای ئیسـرائیلیان –خـودای تاقانـە– و ئایـا دواتـر دەسـتبەردارى خـودا کۆنەکـەی بـووە کـە هەمیشـە پـەنای پێگرتـووە و قوربـانی پێشکەشـکردووە؟ ئـەی دەربـارەی هێـرش و داگیرکاریـیـەکانی چـی؟ سیاسەتی لە فەرمانڕەوایەتیدا چۆن بووە؟!!

کەواتە...

١- نابو خەزنەسەر کێیە؟:

ئەو "نابوخەزنەسەر"ی دووەمی کوڕی نابو پۆلاسەری کوڕی نابوخەزنەسەری یەکەمە، پادشایەکە لە پادشایانی بابل، دەشڵێن سەرگەورەی سوپای ولاّت بووە و خاوەنی هێزێکی سەربازیی بەهێز بووە، هەستاوە بە هێرشکردنەسەر قودس و جولەکەی تیادەرکردووە و منداڵ و ژن و کچیانی وەک دەستکەوتی جەنگ بردووە و سامانە جۆراوجۆرەکانیانی تاڵانکردووە، کۆتایی بە دەوڵەتی یەهودا هێناوە لە قودس. بەهاوسەردەمی "نابوخەزنەسەر" کۆمەڵێک پێغەمبەر ژیاون لەوانەیش: ئارمیا و حەزقیال و دانیال و یەهویاقیم و یەهویاکینی پادشایش.

هەندێک نازناوی ناپلیۆنی کردان (کلدان)ی لێ دەنێن و سەرەنجراکێشی لەبەرگرەوەکانی پەرتووکە پیرۆزەکان بووە، هەستاوە بەپەلامارادانی میسر و تەفروتونا کردنی ئۆرشەلیم کە پێشتر ئازادی کردبوو، ئەوجا گەلی ئیسرائیلی وڕکنی بەرەو بابل دیلکرد.

پاش پتەوکردنی کۆڵەکەکانی پایتەختەکەی بەهەموو ئاڕاستەیەکدا هەستا بە بنیاتنانی بەرزترین و سەیرترین باڵەخانەکانی ئەوسەردەمە، دواجاریش ئاڕاستەی سوپاکەی کردە دوورگەی عەرەبەکان و هەرچی توانی دەستکەوتی لێهێنان و پاش کەمتر لە سی سالّ کۆتایی بەفەرمانڕەوایەتییەکەی هات، کەوتنی "نابوخەزنەسەر" کە پاش لێی "ئەحشویروشی پادشای پارس و کوڕی داریۆشیش" کەوت هۆکاری کەوتنی تەواوی کیشوەری ئاسیابوو، ئەمەش بواریێکی ئازادی بۆ فراوانبوونی خاوەن شارستانییەتەکانی دەریای ناوەڕاست ڕەخساند.

٢- تایبەتمەندییەکانی وەکو مرۆڤ و پادشایەک:

"نابوخەزنەسەر" بە سەرکردەیەکی جیهانیی و مێژوویی دەناسرێت، بەباشی دەیزانی ئەو گەلانە بەکاربهێنێت کە داگیری دەکردن، ئەوکاتەشی گەلێکی ژێردەستە دەکرد هەموو جۆرە سامانێکی لێ دادەڕنین و تەنانەت ژیانیشیانی دەکردە مولکی خۆی، بەڵام لەهەمان کاتیشدا جۆرێك لەڕێگەدان لە ئازادیی هەڵبژاردنی خودای بۆ گەلانی ژێردەستەکراوی هێشتۆتەوە و تەنانەت لەبۆنە ئاینییەکانیشیاندا هاوبەشیان بووە و ڕێزی خوداکەیانی گرتووە.

لەڕۆژی گرتنی دەوڵەتی یەهودا لە باشووری فەڵەستینیدا خودای تاك ئاشنابووە، خودایش پیرۆزییەکی پێبەخشی بوو، لە جەنگەکانیدا سەری دەخست و لەسەرکەوتنێکەوە بۆ مەزنتر ئاڕاستەی دەکرد -وەك سەرچاوە تەوراتییەکان دەیڵێن- و بە مەزنترین پادشای بابل دادەنرێت. نازناویشی ((شار بنیاتنەر))بوو، چونکە شارەکانی ئازاد دەکرد نەوەك وێرانکردنی و بەشداربووە لە بلاوپێکردنی ئایینی خودای تاك -خودای وەچەکانی ئیسرائیل- وەك سفرەکانی تەورات باسی دەکەن.

بەڵام لەهەمان کاتدا خۆی بە نیوە خودایەك زانیوە و دەستوپێوەندەکەی هانیانداوە بۆ دروستکردنی پەیکەرێکی زێڕین و سوژدە بۆبردنی لەلایەن هەمووانەوە، هەربۆیە تووشی لوتبەرزییەکی گێلانەبوو، بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە کورسی دەستەڵات دوورکەوتەوە، زۆریش گرنگی دەدا بە ڕاوێژی ڕاوێژکارەکانی و خاوەنی گوتەیەکی بەناوبانگیشە: " لوتبەرزی لەڕادەبەدەر کاولکاری دەروونە"، بەڵام هەرچۆنێك بێت دواجار گەڕایەوە بۆ سەر یەك خوا پەرستیی و ئاوەزیشی بۆ گەڕایەوە، کەواتە لێرەوە "نابوخەزنەسەر" بوو بە

شکۆمەندترین پادشای سەردەمەکەی و هەموو کردارەکانیشی ڕاست ئاڕاستەکراوی ڕووخێنەری لوتبەرزان بوون.

"نابوخەزنەسەر" خەوێکی بینی کە بێزاری کرد هەربۆیە داوای لە زانایانی بابل کرد نەك بۆی شیبکەنەوە؛ بەڵکو خودی خەوەکەی بەتەواوەتی بۆ بگێڕنەوە، بەڵام نەیانتوانی، ئەوکاتەی بێ توانایی زاناکانی بۆ دەرکەوت کە ناتوانن خەوەکەی وەك خۆی بۆ بگێڕنەوە فەرمانیکرد هەموویان لەناوبەرن، بەڵام بەختیاوەریان بوو دانیالی بەچکە جووی بەدیلبراو فریایان کەوت، پاش ئەوەی ڕوویکردە خودای تاقانە و نزای کرد خودا خەوەکەی وەك خۆی لە مێشکی دانیالدا وێناکرد، هەروەها ڕاڤەکردنەکەشی پێ ئاشناکرد، ئەم خەوە ئاماژەیەکە بۆ پەرجو، ئەمەش دەقی خەوەکەیە لە سفر دانیالدا:

١- لەسالّی دووەمی پادشایەتی "نابوخەزنەسەر"دا خەوێکی بینی کە پێی بێزاربوو، خەوی لێ نەدەکەوت و دووبارە و دووبارە هەمان خەوی دەدیتەوە.

٢- پادشا فەرمانیکرد هەموو مەگئوش و فاڵچی و جادووباز و خەوزانەکان بهێنن، ئەوانیش هاتن و لەپێشی پادشادا ڕاوەستان.

٣- پادشا گوتی: خەوێکی ناخۆشم بینی و گیانی بێزارکردووم.

٤- کلدانییەکان هاتنە قسە و بە پادشایان گوت: پادشامان بۆ هەتا هەتایە بۆمان بمێنیت و بژیت، ئەو خەوەمان بۆ بگێڕەوە کە بێزاری کردووین، ئێمەیش ڕاڤەکەیت بۆ دەگێڕینەوە.

٥- پادشا وەڵامیدانەوە: گەر خودی خەوەکەم بۆ نەگێڕنەوە و ڕاڤەشی نەکەن ئەوا خۆتان پارچەپارچە دەکەم و خانووەکەشتان دەکەمە زبڵدان.

٦- خۆ ئەگەر خەوەکەتان زانی و ڕاڤەکەشتان ڕاست بوو ئەوا دیاری گەورەتان پێشکەش دەکەم، کەواتە ئادەی خەوەکەم بۆ بڵێن و ڕاڤەشی بکەن.

٧- دووبارە وەڵامدرایەوە و گوتیان: پادشای گەورەمان خەوەکەی خۆت بۆ ئەم بەندانەت بگێڕەوە، ئێمەیش ڕاڤەی دەکەین.

٨- پادشا وەڵامی دانەوە: من بێگومانانە دەزانم کە دەتانەوێت کاتی زیاترتان هەبێت بۆیە وا دەڵێن، خۆتان باش دەزانن کە من لەقسەی خۆم پەشیمان نابمەوە.

٩- خۆ ئەگەر پێشبینی خەوەکەم بۆ نەکەن ئەوا هەموتان یەک سزا دەدەم چونکە هەموتان کۆکن و ڕێککەوتوون لەسەر درۆگەلێک کە دەتانەوێت منی پێ بخەڵەتێنن و کاتی زیاترتان هەبێت، کەواتە دەی خودی خەوەکە و ڕاڤەکەشیم پێ بڵێن.

١٠- ئاپۆڕای جادووباز و زانایان وەڵامی پادشایاندایەوە: هیچ مرۆڤێکی سەرزەوی نییە کە بتوانێت ئەمە بۆ پادشا ڕوونبکاتەوە، هەربۆیە وای دادەنێنین کە پادشای گەورەمان ئەم پرسیارەی لە ئێمە نەکردووە.

١١- ئەوەشی پادشا داوای دەکات زۆر قورسە، جگە لەخودا هیچ کەسێک ناتوانێت وەڵامتان بداتەوە، بەدەر لەو مرۆڤانەی خودا لەنێویاندا جێنشین بووە.

١٢- هەربۆیە پادشا تووڕەبوو، فەرمانی کوشتنی هەموو زانایانی بابلی دەرکرد.

١٣- دۆخەکە لەدەست دەرچوو، زاناکانی بابل دەکوژران، بانگی دانیال و هاوەڵانی کرا تاوەکو بیانکوژن.

١٤- لەوکاتـەدا دانیـال بەداناییـەوە وەلأمـی ئـاریۆخی سـەرۆکی هێزەکـانی پادشـای دایـەوە کـە هـاتبوو بـۆ کوشـتنی دانایـانی بابل. وەلأمـی دایـەوە و بـە ئاریۆخی فەرماندەی پادشای گوت:

١٥- باشە بۆچی پادشا وەها کارەکـەی لەسـەرتان قورس کـردووە؟ ئاریۆخیش هۆکارەکەی بۆ دانیال درکاند.

١٦- دانیال ڕۆیشتە ژوور و داوای لەپادشاکرد نـەختێك کاتی پێبدات تاوەکو خەوەکە و ڕاڤەکەشی بۆ ڕوونـدەکاتەوە.

١٧- ئینجا دانیال بەرەو ماڵەکەی خۆی ڕۆیشت و بانگی حـەننیا و میشائیل و عەزریا و هاوڵانی تری کرد و شتەکەی پێ گوتن.

١٨- بۆ ئەوەی داوای سۆز و بەزەیی لە خودای ئاسمانەکان بکـەن تاوەکو ئـەم نهێنییـەیان بۆ ڕوون بکاتەوە و دانیال و سەرجەم زانایانی بابلیش نەکوژرێن.

١٩- لەوکاتـەدا و لەخـەوی شـەودا دانیـال نهێنییـەکـەی دۆزییـەوە، دانیـال سوپاسی خودای ئاسمانەکانی کرد.

٢٠- دنیال وەلأمی دایەوە: با ناوی خودا لەئەزەلـەوە بـۆ ئەبـەد پیرۆز بمێنێت، چونکە خاوەنی توانایی لەبن نەهاتوو و هێزی دوانەهاتووە.

٢١- هەر ئەویشە کاتەکان دەگۆڕێت و پادشاکان لادەبات و تـازە دادەنێتـەوە و دانایی بە زانایان دەبەخشێت، کەواتە با بزانەکان نەختێکی تر تێبگەن.

٢٢- هەر خودایە دەرخـەری نهێنییـە قوولّـەکان، دەشزانێت تـاریکی ڕاستەقینە چییە و ڕووناکی لای خۆیەتی.

٢٣- هەر تەنها تۆ پشت و پەناپێگیراویت، ئەی خودای شکۆمەندی باوانم کە داناییت بەمن بەخشیوە ئەوەمان فێربکە کە بۆی پاڕاوینەتەوە، هەرتۆ خۆت بوویت بە هاتنی ئەم پادشایەت ئاشناکردین.

٢٤- دانیال ڕۆیشت بۆ لای ئاریۆخ کە پادشا تایبەت دابنابوو بۆ کوشتنی تەواوی زاناکانی بابل، پێی گوت: زاناکانی بابل مەکوژە، ئێستایش بمبە بۆلای پادشا تاوەکو ئەوەی خۆی دەیەوێت پێشکەشی بکەم و بۆی ڕوون بکەمەوە.

٣- ژیانی سەربازیی نابوخەزنەسەر و ماوەی حوکمڕانییەتی بابل:

نابوخەزنەسەر بۆ ماوەی چل و سێ ساڵ لەسەر کورسی دەستەلآت بووە، خەونکی بینی کە بەهۆی لوتبەرزییەکەیەوە خودا سزای دەدات، بێگومان بۆ ماوەی حەوت ساڵ تووشی شێتی هات و لەدارستانێکی دوور لە کورسی دەستەلآتدا دەژیا، بەلآم تۆبەی کرد و گەڕایەوە بۆ سەر کورسی دەستەلآت، پێغەمبەریش ڕۆیشتە خزمەتی و داوای لێکرد خودای تاقانە بپەرستێت، ئەوجا لەساڵی "٦٠٥پ.ز"دا هەستا بە گرتنی ئۆرشەلیم و لەساڵی "٥٦٢ پ.ز" بەیەکجاری چاوی لەژیان داخست و کۆچی دوایی کرد.

پاش خۆیشی کوڕەکەی" ئەول مەردۆخ" بۆ ماوەی دوو ساڵ (٥٦٢-٥٦٠ پ.ز) فەرمانڕەوایەتی کرد و ئینجا زاواکەی "نێرگلآسەر" بۆ ماوەی چوار ساڵ (٥٦٠-٥٥٦پ.ز) فەرمانداری ولآت بووە، ئینجا پادشا "مەردۆخ" بۆ ماوەی دوومانگ لەساڵی (٥٥٦پ.ز)دا فەرمانڕەوایەتی کرد، دوای ئەمیش" نابو نیەدۆس" لەساڵی (٥٥٦ پ.ز بۆ ٥٣٩ پ.ز) فەرمانڕەوایەتی کردووە، دانیال پێغەمبەر پیرێکی جوو بووە کە پادشا بۆ ڕاڤەکردنی خەوەکانی پشتی

پێبەستووە و خەلأتی گەورەی پێشکەش دەکرد، خەوەکەی بە تەواوی ڕاستییەکانیەوە ڕووندەکردەوە تەنانەت گەر لایەنی بەرامبەر حەزیشی بەو وشانە نەکردایە.

لەسەردەمیدا شاری شوشان (لە ئێران) پایتەختی زستانەی بابلییەکان بووە، ناوەندی دەرکردنی یاساکان بووە و تێیدا "یاساکانی حامورابی" دۆزرایەوە کە یەکەمین یاسای زانراوی مرۆڤ کردەیە.

هێرشی نابوخەزنەسەر بۆسەر وەچەکانی ئیسرائیل تەمبێکردنێکی خودایانەبوو، چونکە سەرباری ئەو هەموو بەلأیانەی بەسەریاندا هاتبوو کەچی ڕەتیان دەکردەوە ملکەچی خوداوەندیان بن.

نابوخەزنەسەر دووەمین پادشای خێڵی کلدانییە کە فەرمانڕەوایەتی بابلی کردووە، ناسراوترین پادشای زنجیرە بنەماڵەی کلدانییان بووە، بەناوبانگ بووە بە تۆکمەیی هێزی سەربازیی و سەختیی پایتەختەکەی کە شاری بابل بووە، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لەگۆڕینی ڕێڕەوی مێژووی جولەکە.

نابوخەزنەسەر منداڵی گەورەی نابوپۆلأسەر و جێنشینی بووە، نابو پۆلأسەریش دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی کلدانییە..زانیارییەکانی تایبەت بەم دامەزرێنەرە لە کتێبە ئاسمانییەکان و نووسینە بزماریيەکان و سەرچاوەکانی ئەم دواییەی جولەکەکانەوە لەشێوەی تەلمود و مەشنادا بەردەستمان دەبێت،

ناوی-نابو خەزنەسەر- بەزمانی ئەکەدی" نابو -کوو دوو ری-ئەوسور"ە بەمانای" نابو جێنشینەکەم دەپارێزێت"[1].

سەرباری ئەوەی باوکی بانگەشەی ئەوەی نەکردووە کە لەبنەماڵەی پادشایان بووبێت، بەڵام نابوخەزنەسەر وەهای بانگەشەکردووە کە " نارام سین"ی فەرمانڕەوای ئەکەدی کە لە سێ هەزارەی پێش زایینەدا ژیاوە باپیرە گەورەیەتی، بەڵام سااڵی لەدایکبوونیشی بەتەواوەتی دیارنییە.

ئەگەری زۆرە لەدەوروبەری ساڵی "٦٣٠پ.ز" لەدایکبووبێت، یەکێک لەچیرۆکەکان وای دەگێڕنەوە کە ژیانی سەربازیی لەدەوروبەری ساڵی"٦١٠پ.ز" دەستی پێکردووە کە وەکو فەرماندەیەکی ئاسایی سوپا

---

[1] بەڵام " کوو دوور ی" بە کوردی کۆن مانای ((بەردی سنور))یشە و کەواتە ناوەکەی واتە: "نابوی خودا سنورم دەپارێزێت" یشە. بنەماڵەی نابو پۆڵاسەر لەشاری ئاوری باشووری میزۆپۆتامیاوە بەرەو بابل هاتوون، چونکە باپیریان وەکو فەرماندارێ قەڵاکە دەستنیشانکراوە و نێردراوە بۆ بەڕێوەبردنی، دواتر و پاش ماوەیەکی نزیکەی سەدساڵی لەقەڵاکەدا و مردنی "قەندالانۆ"ی نوێنەری ئاشوریی بۆ فەرمانڕەوایەتی، باپیری نەبوخەزنەسەر دەبێتە پادشا و سەربەخۆیی بابل ڕادەگەیەنێت و خۆی کۆدەکاتەوە بۆ تەواو تێکشکاندنی ئاشوور. نەبوخەزنەسەر بۆخۆی لە ناوچەی کەنار دەریایی باشوور (کەنداوی کوردیۆم) لەدایکبووە و لەگەڵ "نابۆ شۆم لێ شێر"ی برای و دایکیدا هەرجارە و لەشارێک بوون بەهۆی شێوازی کارەکەی باوک و باوانیانەوە کە هەمیشە وەک سەردارەکان نێردراون بۆ قەڵا جیاوازەکانی وڵات و بەتایبەت لەنێوان شارەکانی: ئور و ئەریدۆ و مێشن و بابلدا و دوای ئەوەی باوکیان بوو بە دەستەڵاتداری ڕاستەقینەی بابل بەتەواوەتی لەبابلدا گیرسانەوە. (وەرگێڕ).

دەردەکەوێت، یەکەمین کەسێکیش باسی کردبێت باوکی خۆی بووە کە ناویهێناوە وەک ئەوانەی بەشداربوون لە نوێکردنەوەی پەرستگای مەردۆکدا، خودای سەرەکی شاری بابل، لەساڵی(٦٠٧-٦٠٦پ.ز)دا لەوکاتەی نابوخەزنەسەر جێنشین بوو بەشداربوو لەسەرکردایەتی جەنگەکانی باکووری دەوڵەتی ئاشووری ڕووخاو، پاشانیش بەردەوامبوو لە بڕەودان بەئازادکردنی شارەکانی دیکە و بەهێزکردنی دەستەلاتەکەی باوکی بەتایبەت پاش ئەوەی باوکی گەڕابویەوە بۆ بابل و خۆی سەرکردایەتی هەموو سوپاکەی دەکرد.

پاش شکستەکەی سوپای بابلییەکان بەدەستی میسرییەکان لەساڵی "٦٠٦-٦٠٥پ.ز" سەرکردایەتی سوپایەکی گەورەی کرد و لەبری باوکی ڕۆیشت و بە سەرکردایەتییە لێهاتووانەکەی توانی لە کەرکەمێش و حەمادا بەسەر میسرییەکاندا سەربکەوێت و تەواوی خاکی سوریای ئێستا (نیشتمانی حاتی) بخاتەژێر دەستەلاتی خۆیەوە و سوپاکە بەردەوام بوو لەشوێنکەوتنی سوپای شکاوی میسر تا شاری بیلۆسیۆم کە نخۆی دووەم فیرعەونییان بوو (٦١٠-٥٩٥ پ.ز)، ئەوکاتەی نابوخەزنەسەر دەگاتە دەمی دەلتای نیل هەواڵی مردنی باوکی بۆ دێت و لێرەوە جەنگ دەوەستێت و دەگەڕێتەوە.

پاش مردنی باوکی لە "١٦ ی ئابی ساڵی ٦٠٥پ.ز" نابو خەزنەسەر گەڕایەوە بۆ شاری بابل و لەماوەی سێ هەفتەدا کورسی دەستەلاتی وەرگرت.

ئەم خێرا دانانەی وەک پادشا کە بەخێراییش لە سوریاوە گەڕایەوە بابل ئامازەدەری زاڵێتی بووە بەسەر تەواوی ئیمپراتۆرییەتیەکەدا.

لەهێرشەکانیدا بۆ سەر سوریا و فەڵەستین لە حوزەیران تاوەکو کانونی یەکەمی ساڵی "٦٠٤پ.ز" زیاتر لە بیست دەوڵەتەشار ملکەچییان بۆ نواند لەوانەیش

دەوڵەتەشاری یەهودا. بەڵام شاری عەسقلان ڕەتیکردەوە، هەربۆیە بۆ ماوەی سێ ساڵ لەسەریەک هێرشی کردەسەر و دواجارگرتی، دواتریش لەهێرشەکانی بۆ سەر تەواوی خاکی فەڵەستین بەردەوامبوو، هەروەها لەنێو سوپاکەشیدا بەکرێگیراوی یۆنانیش هەبوو. لەکۆتایی ئەو هەڵمەتانەدا "٦٠١-٦٠٠پ.ز" نابوخەزنەسەر کێشای بە سوپای میسردا، زیانەکانی هەردولا زۆربوون، ئەمەش وای کرد چەندین دەوڵەتەشاری ملکەچ سەربەخۆیی خۆیانی لێ ڕابگەیەنن، لەوانەیش دەوڵەتەشاری یەهودا، هەروەک چۆن ئەمەش بووە هۆی بڕینی زنجیرە هێرشەکانی لەنێوان ساڵانی "٥٩٩-٦٠٠ پ.ز" بەجۆرێک نابوخەزنەسەر ناچاربوو بگەڕێتەوە بابل و دەستبکاتەوە بە دروستکردن و نوێکردنەوەی گالیسکە جەنگییەکانی، هەربۆیە لەکۆتایی ساڵی "٥٩٩ پ.ز" و سەرەتای "٥٩٨ پ.ز"دا دەستی دایەوە هێرش بۆ گرتنەوەی ئەو ناوچانەی لەدەستی ڕۆیشتبوون و ئەمەشی لەکانونی یەکەم تا ئازار بەئەنجام گەیاند.

زیرەکی و ژیری نابوخەزنەسەر لەوەدا دەرکەوت کە بۆ گرتنەوەی دەوڵەتەشاری یەهودا ڕۆیشت لەسەرەتاوە هێرشی خێڵە عەرەبییەکانی باکوری دوورگەی عەرەبی کرد وەک ڕێگە پاککردنەوەیەک بۆ ئاسان گرتنەوەی یەهودا، دوای ساڵێک هێرشی یەهودای کرد و لە "١٦ی ئازاری ساڵی ٥٩٧ پ.ز"دا قودسی گرتەوە، پادشا یەهویاقینیشی بۆ شاری بابل دوورخستەوە. دواتریش لەساڵی "٥٩٥ پ.ز" هێرشی بۆسەر خاکی سوریا دەستپێکردەوە. دەشبوو کارێک بکات کە ڕێگە بە داگیرکارانی ڕۆژهەڵاتی ولاتەکەی نەدەن هێرشی بابل بکەن و بەتایبەت ئیلام، دەشتوانین بەڵگەی ئەم زۆر گوشارخرانەسەرەی بەوە ئاشنابین کە لەساڵی "٥٩٣ پ.ز" هەندێک لەسوپاکەی لێی یاخیبوون، بەڵام شکستیان

هێنا. دوای ئەم سەرکەوتنانەی لەساڵی " ٥٩٣ پ.ز" دووبارە هێرشی سوریای کردەوە...چالاکییە سەربازییەکانی نابوخەزنەسەر زۆرن، بەڵام مێژوو نەیگێڕاونەتەوە یان تیاچوون و لەکتێبە پیرۆزەکانیشدا تەنها ئەمانە باسکراون، هەروەها باسی هێرشێکی دیکەی دەکات بۆ سەر قودس و گەمارۆدانی شاری سور بۆ ماوەی سیازدە ساڵ –بەپێی گوتەی مێژونووسی جولەکە فلافیۆس یوسفیۆس– سەرباری ئامادەگەلی تایبەت بە هێرشبردنەسەر میسر. گەمارۆدانی قودس بەگرتنی لەساڵی "٥٨٢پ.ز" کۆتایی هات و هاوڵاتییە دیارەکانی کوشت و هەندێکیشیانی وەک کۆیلە و کەنیزەک بردە بابل لەساڵی "٥٨٢ پ.ز" لەم کارەیدا هاوشێوەی ئاشوورییەکان ڕەفتاری دەکرد، هەروەها دەشیزانی کە ئەوکاتەی ئیمپڕاتۆرییەتیەکەی فراوانتر دەبێت پێویستە هاوشێوەی ئاشوورییەکان بکات و سڵ لەکەس نەکاتەوە، وەهای دەدایە قەڵەم کە لەلایەن خودا –مەردۆک–وە دەستکراوە کراوە و ناشبێت لەسەرزەویدا ڕکابەری هەبێت، تەنانەت لەسەرزەوی تا بنی ئاسمانیش کەسێک بۆی نییە دژایەتی بکات و بەپێی دەقە بزماریییەکان لەساڵی "٥٦٧پ.ز" هەوڵی گرتنی میسری داوە، کە ئەمکارەی تڕۆپکی چێژبینییەکانی بووە لە سیاسەتی فراوانخوازیدا.

سەرباری ئەوەی بۆ خۆی کەسێکی نەخشەدانەری تەکتیکی و ستراتیژانیش بووە، هەروەها لەبواری سیاسەتی نێو دەوڵەتیشدا لێهاتوو بووە. ئەمەش لەناردنی نوێنەرێکییەوە دەردەکەوێت کە ناردویەتی بۆ ناوبژیوانی مید و لیدییەکان لە ئاسیای بچووکدا و ئەو باڵیۆزەشی ناوی (نەبو ناییید)بووە.

٤- نابوخەزنەسەر و ئەو خودایەی دەیپەرست:

وەك پێشتر باسمانکرد نابوخەزنەسەر بت پەرست بووە، ئەوکاتەی بوو بە پادشای بابل دەستیکرد بە فراوانترکردنی پەرستگاگەلی نا تایبەت بە بت پەرستیی بەهاوشێوەی پەرستگای خودای مەردۆك و عەشتار و خودای خۆر و خوای مانگ[1].

سوژدەی بۆ دەبرد و قوربانیی پێشکەش دەکرد، پەنای پێدەگرت و دانی بەچاکەکانیدا دەنا. باوەڕیشی وەهابوو کە سەرکەوتن و هێز و ترس بەخشەرەوەکەی ئەنجامی قاییلێتی خواوەندە بەم، بەڵام کتێبی پیرۆز - تەورات- و سەرچاوە یەهودییەکانی دیکە پێمانڕادەگەیەنن کە ڕووی

---

١) ئەشتار یان عەشتار یان ئەستار خوای ڕەگەزی خۆشەویستی و جوانی و قوربانیدانی بابلیەکان بووە و، لای سۆمەرییەکانیش پێی گوتراوە ئینانا لای فینیقییەکانیش ئەشتارۆتەوە و ئەفرۆدیتە لای یۆنانەکان ڤینۆسە لای ڕۆمانەکان و ئەستێرەی بەیان و شەوانە کە بە زوهرە ناسراوە و نیشانەکەشی ئەستێرەیەکی هەشت تیشکی سەر پشتی شێرێکە، لە ناوچەوانیدا زوهرە بەرجەستەکراوە و چەپکێك گوڵیشی بەدەستەوەیە، بەڕوونتر ئافرەتێکە پێیەکانی لەهی دالّ دەچن و مەمکی قوتکراوە و دەستەکانی کردۆتەوە و لەسەر پشتی دووشێر وەستاوە کە هەر پێیەکی لەسەر پشتی شێرێکە و دوو کوندەپەپوویش لەتەنیشی شێرەکانەوەن، کۆکارەوەی سێکسی ئابڕوبەرانە و تاوانی خوێناوییە، هەروەها ئەناتیشی پێ دەگوترێت. بەپێی ئەفسانەی سۆمەرییەکان عەشتار کچی خوا سین (مانگ)ە و دایکیشی خواوەند نەنگاڵە و براکەیشی خواوەند (ئۆتۆ)یە کە دەکاتە خۆر، خوشکەکەیشی خواوەند (ئارش گێچاڵ)ی خواوەندی ژێر زەوییە. وەرگێڕ.

لەپەرستنی خودای وەچەکانی ئیسرائیل کردووە، خواوەندی ڕاستەقینە و بەمەیش ڕێبازی تاکپەرستیی وەرگرتووە.

ئەمەش بە دوو قۆناغ بووە:

یەکەم: ئەوکاتەی دانیال پێغەمبەر خەوەکەی بۆ ڕوونکردەوە، لەوکاتەدا نابوخەزنەسەر بەسەردەمدا نوشتایەوە و سوژدەی بۆ دانیال برد و فەرمانیشی کرد هەموو شتێکی دڵخۆشکەری پێببەخشن. پادشا وەڵامی دانیالی دایەوە و پێی گوت: بەڕاستی خوداکەی ئێوە خواوەندی خواکانە، خوای پادشایان و نهێنی دەرخەریشە، چونکە توانیویەتی بەڕێی تۆ ئەم نهێنییەم بۆ دەربخات، لەوکاتەیشدا پادشا دانیالی مەزنترکرد و دەستەڵاتی زاڵێتی بەسەر خودی بابلدا پێبەخشی (دانیال: ٢:٤٦-٤٩).

بەڵام دواتر لەخودا یاخی بوو و شەیتان فریویدا، فەرمانیدا بە دروستکردنی پەیکەرێك لە زێڕ و هەموو ئەو گەلانەشی لەژێر دەستەڵاتیدابوون ناچاریکردن سوژدەی بۆ بەرن.

دووەم: ئەوکاتەی سێ گەنج ڕەتیانکردەوە سوژدە بۆ ئەو پەیکەرە بەرن و نابوخەزنەسەر فەرمانیکرد بیانسوتێنن، خستیانە ئاگرەوە، بەڵام نەسووتان، ئەمەش وای لێکرد پتر توانایی و هێزی خواوەندی تاکی بۆ دەربکەوێت.

نابوخەزنەسەر ئەو پەیکەرەی دروستیکرد دریژییەکەی شەست باڵ بوو، پانییەکەشی شەش باڵ و لەناوچەی (دووڕا) لە بابل داینا، دواتر نابوخەزنەسەر فەرمانی کۆکردنەوەی مەرزەبان و دادوەر و یاسادانەر و زاناکان و پارێزگاری شارەکانی دەرکرد بۆ ئەوەی بێن و بە شان و باڵی ئەم پەیکەرەی خودایدا هەڵبدەن.

جارێدەر بەدەنگی بەرز جارێیدا: فەرمانتان بەسەرداکراوە ئەی گەل و نەتەوە و زمانەکان، کاتێک گوێبیستی دەنگی نای و سەنتور و ڕەبابە و عود دەبن دەسودەم ملکەچ دەکەن و سوژدە بۆ ئەو پەیکەرە زێڕینەدەبەن کە نابوخەزنەسەری پادشا جێگیریکردووە، ئەوەی ملکەچی نەنوێنێت و سوژدەنەبات ئەوا لەهەمان کاتدا دەخرێتە ئاتونێکەوە، لەپێناو ئەمەدا هەرکاتێک هەر گەلێک گوێی لەدەنگی هەر ئامێرێکی مۆزیکیی پیرۆزدەگرت ملیان کەچدەکرد و سوژدەیان بۆ ئەو پەیکەرە زێڕینە دەبرد کە نابوخەزنەسەر داینابوو.

لەوکاتەدا هەندێک لە سەرانی کلدانی سکالاًیان لای پادشا لە کۆمەڵێک جولەکە کرد و بەپادشایان گوت:" ئەی پادشامان بۆ هەتاهەتایە بژیت، تۆ ئەی پادشا فەرمانتکردووە کە هەر کەسێک گوێی لەدەنگی نای و عود و ئامێرەکانی تر بێت ئەوا ملکەچ بکات و سوژدە بۆ ئەو پەیکەرە زێڕینە بەرێت، ئەوەی وەها نەکات ئەوا دەخرێتە نێو ئاتونێکی ئاگری داگیرساو، هەندێک لەپیاوانی جولەکە هەن کە خەریکی ئیشن و ناویان ((شدرخ و مشیخ و ئەبدنەغو))وە، کە سوژدە نابەن بۆ ئەو پەیکەرەی تۆ داتناوە، نرخ بۆ خوداوەندەکەت دانانێن و ناپەرستن".

لەوکاتەدا نابوخەزنەسەر بە تووڕەییەوە فەرمانیکرد کە ئەو سێ کەسەی بۆ بهێنن. کە هێنایانن نابوخەزنەسەر لێیان تووڕەبوو پێی گوتن: شدرخ و میشخ و ئەبدنەغۆ خوداکەی من ناپەرستن و سوژدەیش بۆ ئەو پەیکەرە نابەن کە من دامناوە، ئەوا ئێستا ئامادەبن، کاتێک گوێبیستی دەنگی نای و..دەبن سوژدەبەرن بۆ ئەو پەیکەرەی دروستمکردووە، خۆ ئەگەر نەچنە سوژدە بۆی ئەوا لەهەمان کاتدا خۆتان لەنێو ئاتونێکی داگیرساودا دەبیننەوە، جا چ

خوایەك دەتوانێت ئێوە لەدەستی من ڕزگار بکات، ئەوانیش وەڵامی پادشایان دایەوە:

– ئەی نابوخەزنەسەر بۆ وەڵامدانەوەی تۆ هیچمان پێویست نییە، گرنگیش نییە بەڵامانەوە، خودایەکمان هەیە کە دەتوانین پشتی پێببەستین و دەتوانێت بەسەڵامەتی لە ئاتونی ئاگری داگیرساویش و لەتۆش ڕزگارمان بکات، ئەوەش بزانە ئەی پادشا ئێمە خوداکەت ناپەرستین و هیچ کاتێکیش سوژدە بۆ ئەو پەیکەرە نابەین کە تۆ دروستتکردووە.

لەوکاتەدا نابوخەزنەسەر تەواو پڕقین و تووڕەیی بوو، وەڵامی دانەوە بەوەی فەرمانی کرد ئاتونەکە بە حەوتهێندەی دۆخی ئاسایی ئاگرداربکەن، بەهێزترینەکانی نێوسوپاکەیشی فەرماندا کە بێن و پەت و زنجیری شدرخ و میشخ و ئەبدنەغو بکەن و بیانخەنە ئاگرە داگیرساوەکەوە.

دواتر ئەم سێ پیاوە لەجل دامآڵران و فڕێدرانە ناوەڕاستی ئاگرە داگیرساوەکەوە، لەم کاتەدا ناخی پادشا لە ئاتونەکە گەرمتربوو، هەم ئاگر و هەمیش پادشا چاوەڕوانی سووتاندنی ئەم کەسانەبوون.

هەرسێکیان فڕێدرانە ناوەڕاستی ئاتونەکەوە، نابوخەزنەسەر لەناکاو بەسەرسوڕمانەوە هەستایە سەرپێ و لە ڕاوێژکارانی پرسی: باشە ئێمە ئەو پیاوانەمان نەخستە ئاگرەکەوە؟، وەڵامدرایەوە: بەڵێ، ئەی کەواتە ئەو چوارکەسە کێن کە بەنێو ئاگرەکەدا پیاسەدەکەن، دیمەنی چوارەمیان لەکوڕی خودا دەچێت!

دواتر نابوخەزنەسەر لە دەمی ئاتونەکە نزیک کەوتەوە و گوتی: ئەی شدرخ و میشخ و ئەبدنەغوی بەندەی خودای تاکی بالآ، وەرنەدەر، ئەوانیش یەک بەدوای یەک لەئاگرەکە هاتنەدەر.

نابوخەزنەسەر لەم کاتەدا گوتی: بەرزو پیرۆزبێت خودای شدرخ و میشخ و ئەبدنەغو کە فریشتەکانی ناردووە و بەندەکانی پزگارکردووە کە پشتیان تێبەستووە و وشەکانی پادشایان گۆڕیوە و جەستەی خۆیان بەخشییە خودا بۆ ئەوەی سوژدە بۆ هیچ خودایەکی بەدەر لەوەی خۆیان نەبەن. لێرەوە بەڵێن دەدەم هەرکەس و گەل و نەتەوە و زمانێک بەخراپ باسی خودای شدرخ و میشخ و ئەبدنەغو بکات ئەوا پارچەپارچەی دەکەم و ماڵەکەیان دەکەمە زبڵدان، بەجۆرێک لایەنگری هیچ خودایەکی دیکە ناتوانێت ئاوها پزگاری بێت.

لە ئەسحاحی چواردا دەبینین نابوخەزنەسەر نامەیەکی پادشایانە ئاڕاستەی هەموو گەلانی زێردەستەی کرد و پێی ڕاگەیاندن کە خودا-خوداکەی پێغەمبەر دانیال- ئایات و پەرجووی زۆری بەرهەمخستووە، ڕاشیگەیاند هە خەوێکی دیوە و دانیالی پێغەمبەر بۆی ڕاڤەکردووە و ئەمیش باوەڕی بەخوداکەی هێناوە.

٥- سیاسەتی نابوخەزنەسەر لە جەنگ و فەرمانڕەوایەتییدا:

سیاسەتی نابوخەزنەسەر لە جەنگ و فەرمانڕەوایەتیدا چۆن بووە؟

ئایا هەمیشە هێزی بەکارهێناوە؟

سنووری برسێتی پێشچاوی بۆ دەستگرتن بەسەر مەمالیکەکانی دراوسێیدا تا چ ڕادەیەک بووە؟

ئایا سنووری ولاّتەکەی گەیشتۆتە کوێ؟ ئەو گەلانە کامانە بوون کە ملکەچی بوون؟

کام گەلێك لای لەپێش و گرنگتر بووە کە مەترسی بوون لەسەر بیرە داگیرکارەکەی؟

بۆ پوونکردنەوەی ئەمانەیش:

نابوخەزنەسەر بەشێوەیەکی گشتی هێزی بۆ یەکلاییکردنەوەی هەلّمەت و کارەکانی پیادەکردووە، بەگشتی بابلییەکان باوەڕیان وابووە خودا لەگەلّ بەهێزەکاندایە، لەبەرئەوەی سیاسەتی ئاشتخوازیی و بەستنی پەیماننامە هیچێکی ئەوتۆی لە خواستە داگیرخوازەکانی بۆ دەستگرتن بەسەر گەلانی دەوروبەریدا بۆ بەدینەدەهێنان.

لەبەرئەوەی هیچ کات ئەوە بە عەقلّەوە ناچێت کە بەئاشتی گەلەکان خۆیان و چارەنووسیان و هەمووشتێکیان بخەنە ژێر دەستی داگیرکارێك، تەنها مەگەر هێزی داگیرکارەکە زۆر تۆقێنەر و ناچارکاربێت.

جارێکیان نابوخەزنەسەر لەگەلّ نخۆی فیرعەونی میسردا پەیماننامەیەکی ئاشتی مۆرکرد ئەمەش بەهۆی لاوازی ئەمەوە نەبوو، بەلّکو جەنگکردنی لەگەلّ فیرعەوندا بە گرنگ نەدەزانی چونکە عەرشەکەی لەبابل لەمەترسیدابوو، هەوری ڕەشی دەسکیسە دەوری دابوو، دەترسا براکەی کورسی دەستەلاّتەکەی بەرێت. کە مافی ئەمە بێتە پادشا نەوەك برا بچووکەکەی. هەروەها نابوخەزنەسەر خەونی بەگرتنی جیهانەوە دەبینی، ئەمەش بەدینایەت تەنها بە شمشێر نەبێت. پاش ئەوەی دلّنیابوو لەوەی ئیتر پادشا و دیوی ناوەوەی مەملەکەتی پتەوکرد، بیری لە دووشت دەکردەوە:

یەکەم: ئەو دەوڵەتەشارانەی لەدەوروپشتین چۆن بتوانێت دەستیان بەسەردا بگرێت؟ قەبارەی ڕاستەقینەیان چەندە؟ هێزیان چەندە؟ توانایی هەریەکەیان بۆ بەرگەگرتنی گەمارۆ و جەنگ؟.

دووەم: ئایا بابل بەرگە دەگرێت؟ یاخود هاوشێوەی دەوڵەتەشارەکانی دیکە دەکەوێت کە لە لوتکەی هێزدا داکەوتوون، لەکاتێکدا هێزیان چەند هێندەی نابوخەزنەسەر بووە؟.

بۆ ئەمەش:

یەکەم: نابوخەزنەسەر دەستی دابووە چاودێریکردنی دەوڵەتەشارەکانی دەوروبەری بەتایبەت:

١- دەوڵەتەشاری یەهودا[1]:

بەئاسانی دەتوانرێت دگیربکرێت چونکە لەناوەوە داڕووخاوە و ڕۆژبەدوای ڕۆژ بەهۆی ململانێی نێوان دەستەلاتدارانیانەوە کێشەکانیان قوولتر دەبێت و بەرەو ڕووخاندنی تەواودەچن، سەرباری شکستیان لەبەرجەستەکردنی ئاساییشدا، بەجۆرێك ولاتیان پڕبووە لە دز و جەردە.

ئۆرشەلیم لەڕووی سیاسیەوە ئامڕازێکی گرنگ و پێویست بووە بۆ چاوبرسێتییەکانی میسرییەکان کە هەمیشە باش زانیویانە چۆن

---

١) یەهودی: یەهو+دی= ئەوەی خوا یەهوی بینیوە، ئەوانەی سەربەخوای یەهون، یەهوییەکان، سەربە خوای یەهو، جوو،جولەکە. وەرگێڕ.

هاوپەیمانێتییەکی ئاوهایان لەگەڵ دەبەستن کە چاوبرسێتییەکانی پادشایانی یەهودا تێربکەن و بۆخۆشیان دەستەلآتیان بەسەریاندا بمێنێت.
ئاشوورییەکانیش باش ئەم ڕاستییە تێگەیشتوون، بەلآم شکستیان هێنا لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ وەچەکانی ئیسرائیلدا، چونکە ئەوانی تر شارەکانیان نەڕووخاندن و هەموو پەیکەرەکانیان نەشکاندن و هەموو گەلی ولآتیان وەک تالآنی نەبرد، وەک چۆن شەلمەنسەر لە سامرە ئەنجامیدا.
لەم کاتەدا دەبێت داوای چی لە یەهوەی خودایان بکەن کە بەڵێنی پێداون بیانکاتە گەلی خودای بژاردە و لەپێشی گەلانی تری جیهانەوە دایانبنێت لەکاتێکدا ئەم خودایە کەڵکێکی بۆیان نابێت تەنها کاری تێکدان وکاولکردنی بەدەستهاتووەکانی خۆشیانە؟
ئەو هێزە ڕۆحییەی گەلان لە یاساکانی خودا و بەڵێنەکانیەوە وەریدەگرن هیچ کات وەکو خۆی سودمەندنەبوون و گفتەکانیان بەدینەهاتوون، هیچ کاتێکیش ناتوانن بەرگەی نەکەوتن بگرن، لەکاتی کەوتنی بنەما مادییەکانی ئەم نموونە بالآیەدا.

٢- شاری سور دوای ئۆرشەلیم:

ئەم شارە سامانی جۆراوجۆر و هەمەچەشنی تێدایە و بەهۆیەوە خاوەنی ئابوورییەکی بەهێزە، لەلایەن فینیقییەکانەوە فەرمانڕەوایەتی دەکرێت.
پادشاکانی ئاشور لەهاوجۆری: شەلمەنسەر و سەنحاریب نەیانتوانیوە بەسەریدا زاڵبن، بەڵکو لەگەڵ پادشاکانیدا هاوپەیمانێتییان گرێداوە، کەڵکیان لەسامانەکانیان بینیوە و بەهۆیەوە جوولەی بازرگانییان بەرەو پێشتر بردووە،

لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا پاش کەوتنی نوێنەوا پادشا "ئیتۆ بەعل"ی سور ملکەچێتی خۆی بۆ بابل پیشاندا تاوەکو بەدووربێت لە ڕووداوی کێ بردن و بەتالأنچوونی ولأتەکەی.

هەندێکیش وەهای دەبینن کە پادشا "ئیتۆ بەعل"هاوپەیمانی فیرعەونی میسر-نخۆ- بووە، هەروەها خاوەنی گەلە کەشتی مەزنی دەریاییش بووە، نابوخەزنەسەریش لەوە ترساوە بەمانا ڕاستەقینەکەی سور و میسر هاوپەیمانێتی ببەستن و تەوقی بابل بکەن و بیخنکێنن.

٣-نیوە دوورگەی عەرەب:

بەو هەموو تواناییەی هەیەتی لەڕووی پێگەی جوگرافییەوە، ئەوا گەر بیخاتەژێر فەرمانڕەوایەتی خۆیەوە مانای وایە دەستی گرتووە بەسەر دەریای سور و دەریای ناوەڕاستیشدا، هەروەها تەوقی خنکێنەریش دەخاتە گەردنی فیرعەونی میسر، بەمەیش فیرعەونی میسر تەنها دوو هەڵی لەپێشدا دەبێت یان ملکەچێتی بۆ بابل، یاخود بەردەوامیدان بەشەڕ تا شکست، سەرباری ئەوەی بەم هۆیەوە ئەو هەموو خاکە تازەیەی لە دوورگەی عەرەبدا دەستی بەسەردا گرتووە، هەندێك لەو دەوڵەتەشارانەی لە دوورگەی عەرەبدا دیارترین بوون بریتین لە: دەوڵەتەشاری دۆما، دەوڵەتەشاری نەجدی بەناوبانگ بە لەوەڕگە، دەوڵەتەشارێك لە ئوردنی ئێستا و، لەوپەڕی باشوریش دەوڵەتەشاری سەبا.

دووەم: ئەوەشی زۆرتر مێشکی نابوخەزنەسەری سەرقاڵکردبوو: ئایا بابلیش هاوشێوەی پێشینەکانی خۆی دەکەوێت؟ هاوشێوەی نەینەوا کە بەیارمەتی میدییەکان وێرانکرا؟

باشە گەر نابوخەزنەسەر بوو بە پادشای هەمووی جیهان بەهاوشێوەی ئاشوربانیپاڵ ئایا هەمان شێوەی دەوڵەتەکەی شوربانیپاڵ دەپووخێت؟ یاخود ئایا وڵاتی سۆمەری و حامورابی-بابلی یەکەم-ی دامەزرێنەری بابلی مەزنیش نەپووخا؟

کلدانییەکان زاڵبوون بەسەر شارەکانی "لاگاش، ئاورۆك، ئاریدۆ، ئاور"، ئایا پادشا "سۆمۆ ئابوم"ی بابلی هەڵنەستا بە یەکخستنەوەی تەواوی سۆمەر، بەڵام دواتر لەساڵی ٢٢٢٥پ.ز) لەناوبرا.

حامورابیش کە بەناوبانگترین پادشای دەوڵەتی بابلی یەکەم بوو (٢١٢٣-٢٠٨٠پ.ز) و هەموو جیهان ئاشنای پایە و گەورەیی بوون، باشە "تەگلاتف لاسار"ی پادشای ئاشور نەبوو کە تەواوی خاکیانی داگیرکرد؟ [1].

---

١) لەساڵی (١٢٧٠پ.ز) پادشا "تەگلاتف لاسار"ی ئاشوور هەموو خاکی بابلییەکانی داگیرکرد. بەڵام نەبوخەزنەسەری یەکەم (١١٥٠پ.ز) یاخیبوونی خۆی لێ ڕاگەیاندن و سەربەخۆیی پیادەکرد، دوای ئەمیش لەساڵی (٧٢١پ.ز) پادشا (ماروداخ بالاْ دان)ی پاڵەوانی ئەو سەردەمە بۆ ماوەی (٦٠ساڵ) ڕقابەرێتی سەنحاریبی ئاشوریانی کرد و دوای خۆیشی ((نابو زێر-کیفیش لی شێر)) و ((نا ئیدئا مردۆگ)) و کوڕەبچووکەکەشی "نابو پیلزی کری)) لەگەل ئیلامییەکاندا هاوپەیمانێتییەکی توندوتۆڵی بەست لەدژی نوێنەوا، بەڵام دۆڕا و بەهۆیەوە بابل تووشی چەرمەسەری سەخت بوویەوە، لەهەمان کاتدا ئەسەرحەدونی ئاشوری پادشایەکی بەجێگری ئەم دانا کە ناوی شەمش شوموکین بووە،

هەموو ئەمانە ترسیان خستبووە دڵی نابوخەزنەسەرەوە، هەربۆیە بڕیاریدا بابل بپارێزێت لەڕێی بەخاوەنبوونی گەلە کەشتی جەنگیی گەورەوە، ئەمەش ئەو شتەبوو کە نوێنەوا لێی بێبەش بوو، لەلایەکی تریشەوە بڕیاری کەمکردنەوەی ئاوی کەندراوی کوردیۆم (فارسی) دا بۆ ئاستێك کە بۆ لەنگەرگرتن بشێت و شوراکانی بابلیشی پتەوترکرد، بەمەش هەموو گەلەکەشتییەکی جیهان سەردانی دەکەن و لەوێدا لەنگەردەگرن، بەمەش دەستەلاتی نەك هەر دەگاتە تەواوی وشکانی بەڵکو تەواوی کەناری دەریاکانی ناوچەکەش لەژێر سێبەری دەستی ئەمدا دەبێت.

٦- داگیرکردنی زەوی عەرەب و جولەکە لەلایەن نابوخەزنەسەرەوە:

وەك گوتمان کە نابوخەزنەسەر بیری لەگرتنی نیوە دوورگەی عەرەب و سەرزەمینی جولەکەکان دەکردەوە، بەجۆرێك سێجار هەستاوە بەگرتنی زەوی یەهودەکان و دووجار لەسەریەکتریش زەوی عەرەبەکانی گرتووە کە دواینیان سالی "٥٨٧ پ.ز" بووە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەمە:

بەزەبری هێز فەرمانڕەوایەتی شاری کردووە، جارێکی تریش هەوڵی سەربەخۆ ڕاگەیاندنی بابلی داوە، بەڵام ئەسەرحەدون گرتویەتی و بەندیکردووە و دواجاریش لەگەردنی دراوە، ئەمەش لەسالی "٦٥٠ پ.ز" بووە، پاشان ئاشوربانیپاڵ هەستاوە بەدیاریکردنی نابو پۆڵاسەری باوکی نابو خەزنەسەر وەکو جێنشینی پادشا و دواجار ئەمان بەژیرانە سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاندووە= وەرگێڕ.

یەکەم: هێرش و گرتنی زەوی یەهودەکان:

ئارمیای پێغەمبەر پێشبینی کردبوو -بەپێی پێدراوەکانی پەرتووکی پیرۆز- کە خوداوەند وەچەکانی ئیسرائیل سزادەدات بەهۆی تاوانەکانیانەوە بەوەی وەکو کۆیلە بۆ ماوەی حەفتاساڵ دەبرێنە بابلەوە دەستاودەستیان پێ دەکرێت. "هەربۆیە خودای سەربازەکان ئاوەای گوت لەبەرئەوەی گوێتان لەقسەکانم نەگرت، ئەوەتا هەموو خێڵەکانی باکوور کۆببوونەتەوە، خودایش دەڵێت کە فەرمانم بە نابوخەزنەسەری بەندەی خۆم و پادشای بابلییەکان کردووە کە بێت و هێرشی ئەم زەوییە و دانیشتووانەکەی بکات، لەگەڵ هەموو گەلانی دەوروبەریدا بیکەرە وێرانەیەکی هەمیشەیی، دەنگی سەماوموزیکیان لێ ببڕە و با بە بیستنی بەدەنگی خۆشی و شادی تووشی سەرسامی بین، بە وشەی بووک و زاوا بحەپەسێن، ڕووناکی چراکانیان بکوژێنەرەوە و ئەم زەوییە بکەرە وێرانە، ئەم گەلانە ئێرە بۆ ماوەی حەفتا ساڵ دەبنە خزمەتکاری پادشای بابل"، (دانیال: ٢٥:٨:١١). نابوخەزنەسەریش هاتە ئۆرشەلیم و سێجار ئابلۆقەی دا تاوەکو بەتەواوی کاولیکرد و پەیکەری سولەیمانیشی شکاند و سوتاند.

١- لەساڵی "٦٠٥پ.ز"دا شارەکەی گرت و ڕێگەیدا بە یەهویاقیم وەك نوێنەری ئەم فەرمانڕەوایەتی بکات بەومەرجەی ملکەچی تەواوی فەرمانەکانی بێت.

هەندێك گەنجینەی پەیکەری سلێمان و کۆمەڵێك گەنجی بەروەچەی ئیسرائیل و بەتایبەت خزمە نزیکەکانی پادشای لەگەڵ خۆیدا برد بۆ بابل و لەنێو ئەوانەدا دانیالی پێغەمبەریش هەبوو. کتێبی پیرۆز -مەبەست تەوراتە- لەبارەی ئەمجارەیانەوە دەڵێت: " لەسێ ساڵەی فەرمانڕەوایەتی پادشا یەهویاقیمی

پادشای یەهودا، نابوخەزنەسەری پادشای بابل پووی لە ئۆرشەلیم[1] کرد و تەوقیدا، خودا یەهویاقیم و هەندێك شمەکی خانەی خودای لەدەستی پزگارکرد، ئەویش هاتەوە بۆ شەنگار[2] بۆ خانەی خودا، شمەکەکانی خستە گەنجینەکەیەوە و پادشا فەرمانی کرد بە ئاشفنزی سەرۆکی خەسێندراوەکانی کە لە بەروەچەی پادشای گەورەی کوڕانی ئیسرائیل گەنجولاوی باشیان لێ بهێنێت، لەگەڵ کوڕی خانەدانەکانیان بەو مەرجەی هەم جوان و هەمیش بیرتیژ و تەواو زانای هەمەبواربن، ئەوانەشی توانایی پاوەستانیان هەیە لە کۆشکی پادشا، دەبێت فێری نووسینی کلدانی بکرێن و زمانەکەشیان بگۆڕدرێت و پادشا بۆ ماوەی سێ ساڵ هەموو جۆرە خواردن و خواردنەوەیەك و بەخششێکی پێشکەشی ئەو لاوانەکرد تا ئەوکاتەی خوێندن تەواودەکەن و لەپێشی پادشادا پادەوەستن، لەنێو ئەو گەنجانەشدا: دانیال و حەننیا و میشائیل و عەزریا هەبوون"، (دانیال: ١: ١-٦).

٢- لەساڵی "٥٩٧ پ.ز" دووبارە نابوخەزنەسەر گەڕایەوە بۆ گیانی جولەکەکان و هەرچی گەنجینەیەك لەنێو پەیکەرەکەدا بوو لەگەڵ خۆیدا بردنیەوە بۆ بابل و

---

١) ئۆرشەلیم: ئاور سەلیم= ئاگری سەلاّمەت، ئیگوشلاییم: سەرزەمینی باوەڕداران، ئیگوشلاییم= ئیجوشلاّیم= جوی خاوەن باوەڕ، سەرزەمینی ئاشتی. وەرگێڕ.

٢) لەم دەقەی تەوڕاتدا شەنگار وەکو ناوەندی دەستەلاّتی نابوخەزنەسەر ئاماژەی پێدراوە نەوەك بابلی ئەمڕۆ کە حلەیە، لەزۆر شوێنی دیکەشدا هەمان شت دووبارەبووەتەوە، لێرەوە بۆمان ڕوونەدەبێتەوە: یان سەردەمانێك بابلی ئەمڕۆ ناوی شەنگار بووە یاخود بابلی کۆن شەنگالی ئەمڕۆ بووە= وەرگێڕ.

لەهەمان کاتیشدا نزیکەی "١٠ هەزار" لە منداڵی خانەدانانی جولەکە و بەچکە وەزیر و گزیر و پیاوە بەتواناکانی دەوڵەتی یەهوەی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ بابل. هەر لەبەرئەمەش بوو کە یەهویاقیم بەتەواوەتی بڕیاریدا لێی یاخی بێت. کتێبی پیرۆزیش لەبارەی ئەمجارەیانەوە دەڵێت: " نابو خەزنەسەری پادشای بابل ڕووی لەشارەکە کرد و کۆیلەکانی دەوری شاریان گرت، یەهویاکینی پادشاش بەخۆی و دایکی و کۆیلە و سەرکردە و خەسێندراوەکانیەوە بۆی ڕۆیشتنەدەر، ئەویش گرتنی و بردنی بۆ بابل، ئەمەش لەهەشتەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتی پادشا یەهویاکیندا بوو. هەر ئەوکاتیش هەموو گەنجینەکانی خانەی خودا دەرهێنران و دزران، پەیکەرشکێندرا، هەموو ئەو دەفرانەشی سلێمانی پێغەمبەر دروستی کردبوون ئەمان وێرانیان کرد و وەکو دەفرەکۆنە بردیانەوە بابل، هەموو ئۆرشەلیم و سەرکردە بەبزاوتەکانی وەک کۆیلە بردران... دە هەزار کچ بەتالأنی برا، هەموو پیشەوەرانیش، تەنها زۆر هەژار و پیرەکان لە گەلی خودا مانەوە" (٢مل ٢٤: ١١-١٦).

٣- لەساڵی "٥٨٦ پ.ز" دا بۆجاری سێیەم نەبووخەزنەسەر گەڕایەوە بۆ سزادانی سەدقیای پادشا، چونکە لێی یاخی بووبوو، دەوری شاری گرت و شوارەکانی تێکشکاند. تەورات لەبارەی ئەمەوە دەڵێت:

"لە مانگی پێنج و حەوتی مانگدا کە نۆزدەیەمین ساڵی پادشایەتی نابوخەزنەسەری پادشای بابلییەکان بوو، نابو زڕادانی سەرۆکی هێزی کۆیلەکانی بابل هات بۆ ئۆرشەلیم و خانەی خودای گڕتێبەردا و ماڵی پادشایشی سووتاند و هەموو خانووەکانی ئۆرشەلیمی کردە قەڵەپروت و سەرجەم شورای ئۆرشەلیمی تێکوپێکدا، لەگەڵ کوشتنی هەموو ئەوانەی

لەخەڵك لەشاردا مابوونەوە، جگە لەوانەی پایانکردبوو بۆلای پادشای بابل"، (٢مل ٢٥: ٨-١١).

لەوکاتە بەدواوە شاری یەهودا هیچ کات فەرمانڕەوایەتی بەخۆوە نەبینییەوە.

* ڕووداوی کۆچبردن و ونبوونی تەورات:

تەورات زیاتر لەجارێك لە وەچەکانی ئیسرائیل ونبووە، پێش و پاشی ڕووداوی کۆچبردنەکەی\ش. لەجەنگەکانیدا لەگەڵ گەلانی تری فەڵەستینییەکان ئەمانە ڕوویانداوە و تەنانەت تابووتی گفت -هەڵگری تەورات-یشان لێ ونبوو ("١" سەموئیل ٤:١١)، ("١" پادشایان ٨:٩) [1].

هەروەها ئەوکاتەشی ئۆرشەلیم لەسالی "٩٤٥ پ.ز" تووشی داگیرکاری هاتەوە لەلایەن شیشکی پادشای میسرەوە، ئەم داگیرکارییە بەس بوو بۆ ونبوونی هەموو ئەو شتانەی لەنێو پەیکەری سولێماندایە لە لەبەرگیراوەی تەورات: ("١" ١٤:٢٥ -٢٦).

جگە لەمانە چەندین جاری تری مێژووی پر لە چارەڕەشیی گەلی ئیسرائیل کە هەمان شتیان لێ قەوماوە، بەڵام لێرەدا ئەمە باسی سەرەکی ئێمە نییە، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە کە لەسالی "٦٠٦ پ.ز" و لەکاتی هێرشەکەی نابوخەزنەسەر بۆ سەر ئۆرشەلیم تەورات ونبوبەوە.

هەرچی مێژوونووس" کلیمی ئەسکەندەریانۆس"ە دەڵێت: کتێبە ئاسمانییەکە ونبوو، ئەمەش حەفتا سالْ مەینەتی بەخشییە عەزرا تاوەکو دووبارە

---

١) تابووتێکە هەندێك جلی پێغەمبەر موسا و گۆچانەکەی تێدایە- وەرگێڕ.

نوسییەوە. هەروەها" تهیوفلکت"دەڵێت: کتێبی پیرۆز دەسودەم ونبوو، بەڵام عەزرا بە سروش دیتییەوە". هەرچی عەرزراشە ئەوا پاش ڕزگارکردنیان لەلایەن کۆرشی ئیلامییەوە و کەوتنی دەوڵەتی بابل و ڕێگەدان بە جولەکەکان بۆ گەڕانەوەیان بۆ خاکی خۆیان و دووبارە نووسینەوەی تەورات، ئەوا ئەم ئەرکە قورس و گرنگە بە عەزرای کاهین بەخشرا و ئەو لەئەستۆی گرت.

عەرزرایش بۆ ڕەوان و بەهێز نووسینەوەی تەورات پشتی بەچوار سەرچاوە بەستبوو، ئەوانەیش:

١- سەرچاوە جولەکەییەکان، ئەو دەقانەی لەنێوان سەدەی دەیەم و هەشتەمی پێش زایینداا نوسرابوون، هەندێکیش ئەو دەقانە دەگێڕنەوە بۆ سەدەی نۆی پێش زایین، نووسینەکەشی لە دەوڵەتەشاری یەهودای باشوریی بوو. زمانی ئەم دەقانە کۆنبوون، بەوێنەیەکی مرۆڤانە لەخودا دواوە، ئەم دەقانە باسی سەرەتای ئافراندن دەکەن تاوەکو مردنی یەعقوبی پێغەمبەر. هەر لێرەدایە کە خودا گفت بە جوولەکەکان دەدات سەرزەمینی کەنعانیان پێ ببەخشێت.

ئەم دەقە سفری تەکوینی پۆشیوە، هاوبەشیشە لەگەڵ دو و چواری سفری خروج و ژمارەکان، ئەم سەرچاوەیەیە کە ناوی "یەهوە"ی لەخودا ناوە، سەرچاوەی دەقەکەیش ئەوەیە کە خودا (یەهوە)بە ئەدۆنای گوتووە لە تەنیشتم دابنیشە...، ئەم دەقانە بەگشتی هی سەردەمی پێغەمبەر سولەیمانە "٩٧٠-٩٣١ پ.ز"، پێش دووکەرتبوونی دەوڵەتەکە لەسالی "٩٣١ پ.ز"، هەروەها ئەم دەقانە هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندین لەوانەیش: تایبەتمەندیی ئەدەبی و مێژوویی و ڕاڤەکاریی ناوی هاتوو لە دەقەکاندا.

٢- دووەم سەرچاوە: ئیلوهیمی[1] شارەزایان ئەم سەرچاوەیە بە تازەتر لەوەی یەکەم دادەنێن، بەجۆرێك دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەم یان حەوتەی پێش زایین، ئەم دەقانە تایبەت بە خوداوەند و لاگرتەیی بۆ چالاکییەکانی مرۆڤ. ئەم سەرچاوەیە باسی (ئیلۆهیم) دەکات کە خۆی پیشانی موسا داوە و ناوی خۆی (یەهوە) پێ درکاندووە. ئەم سەرچاوەیە تایبەتە بە پووداوەکانی تایبەت بە ئیبراهیم و یەعقوب و یوسف، ئەم سەرچاوەیە لەسێ سفردا کۆکراونەتەوە (تەکوین، خروج، ژمارە)، ئەم سەرچاوەیە ناوی خودای وەچەکانی ئیسرائیلی بە (ئالوهیم) هێناوە، بۆ نموونە: " لەسەرەتای ئافراندندا -ئالوهیم- ئاسمان و زەوی.. ".

٣- سەرچاوەی سێیەم: سفری دووجارکردن

هەندێك لەزاناکان دەڵێن ئەم سەرچاوەیە تەنها لە سفری دووجارکردندایە، هەر بەناوی ئەمیشەوە ناونراوە، میژووی بوونیشی دەگەڕێتەوە سەدەی هەشتەمی پێش زایین، ئەم سەرچاوەیە دەناسرێتەوە بە خۆراگریی شوێنکەوتووانی یاسای خودایی و ئاماژەی کۆمەڵێك یاسایە، ئەم سەرچاوەیە خراوەتەژێر

---

١) ئیلۆهیم: پێدەچێت بنچینەی وشەی (الە-ئیلاە) ی عەرەبی و قورئان بێت= وەرگێڕ. وشەی(یەهوە)ش تاوەکو ئێستا لەناو کورددا باوە بەتایبەت لەخۆشی دەربڕینی زۆردا بەدەم هەڵقونینەوە دەوترێت: یەهو بردمەوە، یەهو یەهو: کە دڵم خۆشە خوایەگیان. بەڵام لای عەرەب بۆ خۆکوتان و شیوەن و قریژاندنی کاتی تەنگانە و ناخۆشی بەرامبەر وشەی (یاو یلی) بەکاردێت.

چاکسازییەوە و دەتواندرێت بەراوردبکرێت بەهەر سفرێك لەسفرەکانی تەوراتی موسا[1].

٤- سەرچاوەی چوارەم: دەقی کاهینان (کاهینەکان)

نووسینەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی پێش زایین، ئەمەش دەستکاری چەند بیرتێژێك بووە، بابەتەکانیشی تایبەتن بە گێڕانەوەی یاساکان و فێرکارییە پیرۆزییەکان و چۆنێتی جێبەجێکردنیان، ئەم سەرچاوەیە پڕۆلی گرنگی هەیە لە سفری لاوین و ژمارەدا، هەربۆیە هەندێك لە وەرگێڕانەکانی کتێبی پیرۆز سفر (بەشباس)ی لاوین بە بەشباسی ئەحبار (زانا)کان ناودەبەن لەشێوەی وەرگێڕانەکانی باوکە یەسوعییەکان.

---

[1]) سفر: کتێب یان کتێبی گەورە، سفرەکانی موسا: پێنج کتێبی سەرەتای تەورات و مانای سورەتیش دەدات، یان: بەشەباس، بەشەماوە، پوونپێدەر.

بەشی پێنجەم

کارتێکراویی جولەکە بە بیروباوەڕی بابلییەکان

جولەکەکان زیاتر لەجارێك وەك کۆیلە بران و هێنران بۆ زەوی دوو ڕووبار، بابلییەکان و پێش ئەوانیش ئاشوورییەکان ئەنجامدەری ئەمکارەبوون، جولەکەکان پاش ئەوەی لەوڵاتەکەدا مانەوە کەوتنەژێر کاریگەری هزر و کلتوور و ڕۆشنبیری وڵاتەکەوە و زۆرشتیان لێ وەرگرت. ئەم وەرگیراوانەش لە کتێبی پیرۆزیاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەت لەوکاتەی عەزرا لەبابل بووە و پاش ئازادبوونی هەستاوە بەدووبارە نووسینەوەی تەورات.

زانا و بیرمەندانی یەهوەیی بەدرێژایی سەدەکانی ڕابردوو باوەڕیان ئاوهابوو کە کتێبی پەیمانی کۆن سەرچاوەیەکی مێژوویی ئاوهایە کە خۆڵی گومان لەخۆی ناگرێت. هەموو مێژوویەکی کۆنیشی بۆ دەگێڕنەوە و بەسەرچاوەی سەرەکی دادەنێن بێ گەڕانەوەی ورد بۆ شوێنی ڕووداوەکان، یاخود ناو و بەروار و مێژووی ڕووداوەکان.

جولەکەکان باوەڕیان ئاوهایە کە تەورات بەرهەمی بیر و ڕۆشنبیریی خۆیانە کە ڕاوپڕە بە سەرچاوەیەکی ڕۆحی و سروشیی لەخوداوە بۆ هاتوو. هەر ئەوانیش سەرچاوەی یەکەمین چاکەن بۆ مرۆڤایەتی. بەڵام بەڵێ جەرگبڕەکە هات و لەخەوی نازکردنی بەئاگاهێنانەوە، بەوەی لەڕێگەی لێکۆڵینەوە شوێنەواریەکانی ناوچەی دوو ڕووبار لەسەدەی نۆزدەیەمدا بەڵگەی سەرچاوەی زۆر باوەڕی جولەکەیان لەم خاکەدا دووپاتکردەوە بەوەی ئەوان لەدانیشتووانی ئێرەیان وەرگرتووە، بەتایبەت لە کلتوور و ڕۆشنبیری بابلی و

ئاشوورییە کۆنەکانە، زۆرینەی ئەوەی لەنێو کتێبی پەیمانی کۆندایە (تەورات) بەرهەمی بیر و پووداو و نوسراوەکانی خەڵکی دوو پووبارە و هیچی تر؟!
لەکاتێکدا "یەعقوب کلانزکیم" دەڵێت: جولەکە سیستمێکی ئەخلاقیی و نموونەی بااڵی دادگەریی کۆمەاڵیەتییە"، بەاڵم نازانین ئایا تاچەند وەهایە لەکاتێکدا تەورات کە دەقی ئەخلاقیی تێدایە هێندەش پڕە لە دەقی گەندەاڵبەخش و قەدەغەخواز و کوشتن؛ دەرحەقی ئەوانەی جولەکەنین، بەاڵم ئەمە بابەتی سەرەکی باسی ئێمە نییە.
لێکۆڵەری جولەکە " تڕۆد فایس ڕۆزمارین" لەکتێبی ((مانەوەی جولەکە))دا دەڵێت: "جولەکە گەلێکی ناوازەن و هەرئەوانیشن پێبەخشەری ڕۆژئاوا بەهەموو باوەڕییەکی ئایینی و نمونەی بااڵی ئافرێندراوانن، بەشداریش بوون لە سەرچاوەگرتنی شارستانییەتی مرۆیی بە ئەدەب و ئاکاری ناوازەی ناواخنی شارستانییەتەکانی جوولەکەکان".
لەڕێگەی توێژینەوە میژوویی نوێیەکانەوە و بە پشتبەستن بە سەرچاوە کۆنەکانی دیکە گوماندارین ڕاستێتی ناواخنی تەوراتمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە لەڕوانگەیەکی میژوویی‌یەوە. زۆر شارەزا و هزرمەندی جولەکەش دانیان بەم ڕاستیەدا ناوە، لەوانەیش:
پڕۆفیسۆری جولەکە "زئیف هرتزوگ" دانی بەوەدا ناوە کە چیرۆکەکانی نێو پەیمانی کۆن دەربارەی باوانی گەلانی ئیسرائیل و نیشتەجێبوونیان لە میسر و دواتر دەرکەوتنیان و نیشتەجێبوونیان لە زەوی فەڵەستیندا گومانی ڕاستێتی لەسەرە. بەجۆرێك هەموو شتێکیان لە شارستانییەتەکانی تڕەوە بردووە"، لەساڵی "١٨٦٩ ز"دا لێکۆڵەر" ئۆبێرت" هەندێك دەقی بەردەستکەوتبوو کە

بەزمانێکی دوور لە شێوەی ئاشوری و کلدانی و بابلی نوسرابوو، بۆی دەرکەوت ئەم دەقانە ئاماژەن بۆ بوونی گەلێك پێش ئەکەدی و بابلییەکان لە عێراق و هەر ئەمانن سەرچاوەی هەموو شارستانییەتەکانی دواتریان.

ئەوکاتەی لێکۆڵەری جولەکە "جۆزیف هالیفی" قسەکانی ئۆبرتی بیست بە دووپاتییەوە ڕایگەیاند کە هیچ گەلێك جگە لە سامییەکان نەبوون کە شارستانییەت لەعێراقدا بنیات بنێت، هەرچی زمانی سۆمەریشە ئەوا دەستکردی خودی سامییەکانە و بۆ مەبەستی نهێنی و کاهینبازیی بەکاریان هێناوە؟!

لەکاتێکدا ڕاستییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە گەلی سۆمەر و ئەوانەشی دواتر وەکو کۆچەر لە دوورگەی عەرەبەکانەوە هاتوونەتە عێراقەوە بنیاتنەری ئەم شارستانییەتە بوون و بەسەرهات و چیرۆکەکانی ئەمانە بووەتە بەشێك لەناواخنی کتێبی پیرۆزی ئەوان. بەجۆرێك سفرەکانی تەورات و بەتایبەت سفری تەکوین زۆر بیروباوەڕیی ئاینیی تێدایە کە بنچینەکەی سۆمەری و بابلییە، ئەمەش هانی زانای شوێنەوارناسی ئەڵمانی "فریدریك دیلبج"یدا کە لە گوتارێکیدا بەناوی " بابل و تەورات"دا بڵێت کە سفری تەکوین پڕاوپڕە لەگوناحی دەق دزین، دەشتوانرێت ئەم کارتێکراوییە بگێڕدرێتەوە بۆ باوکانی سەرەتای جولەکە لەشێوەی ئیبراهیم و لوت کە وەچەی یەکەمی کلدانییەکانن و لە باکوری عێراقەوە بەرەو فەڵەستین ڕۆیشتوون.

ئەم کۆچبەرانە لەگەڵ خۆیاندا هەمبانەیەکی پڕ میل لە شارستانییەتیان لەزەوی لەدایکبوونیانەوە بۆ جولەکەکان هێناوە، کە ڕاڤەی زۆر ڕووداو و چیرۆکی سەردەمەکەی خۆیانی تێدابووە و لە بەشە سەرەتاییەکانی سفری

تەکویندا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام هەندێك لە لێکۆڵەرانی جولەکە باوەڕیان وایە کە بوونی بەڵگەداریی پەیوەندیی نێوان بەرئەنجامی شارستانییەتی دوو ڕووبار و تەوراتدا ئاماژەی بوونی پەیوەندییەکی قووڵی مێژوویی نێوان گەلانی هەردوو ناوچەکەن، ئەمە گەر باوکی گەورەی جولەکەکان کە ئیبراهیمە لە دۆڵی دوو ڕووبارەوە هاتبێت، وەك چۆن تەورات ئەمە دووپات دەکاتەوە، هەربۆیە بەڕای ئەوان بوونی دەقێکی هاوشێوە لە سفری تەکویندا ئاماژەی هاویەکیی پەیوەندییەکان و خەڵکەکانی ناوچەکەیە نەوەك دزینی دەق، بۆ نموونە ڕۆیشتنی ئیبراهیم و لوت لە خاکی دوو ڕووبارەوە بۆڵای جولەکەکان و بردنی مێژوو و شارستانییەتی ولاتەکەیان و گێڕانەوەی بۆ ئەوان.

ئەم خشتەیە ئاماژەپێدەری لێکچوونی نێوان دەقەکانی دوو ڕووبار و تەوراتی جولەکەکانە:

دەقەکانی دوو ڕووبار	هاتوو لە تەوراتی جولەکەکان
- چیرۆکی ئینۆما ئیلش.	- بەشی یەکەم و دووەم لە سفری تەکوین.
- چیرۆکی داستانی گل گامێش	- چیرۆکی لافاوەکە.
- یەهوەی خودای بابلیانی کۆن بۆ ماوەیەك دەست لەپەرستنی هەڵگیرابوو کاتێك جولەکەکان هێنرانە بابلەوە.	- خودا یەهوەی جولەکە.
- چیرۆکی ئادەم و حەوا لەسەر مۆری خڕ وێناکراون بەجۆرێك پیاوێك دانیشتووە و ئافرەتێکیش لەپێشیدایە و	- چیرۆکی ئادەم و حەوا.

درەختێـــك لـــەنێوانیان و لەپشـــتی درەختەکەوە ماریّك هەیە.	
– وەزیرانـــی پادشـــای ئاشـــوریيان سـەرجۆن و ســەنحاریب کــە پەنــد و داناییەکـــەی بـــەزمانی ئـــارامی نوسراوەتەوە.	– دانا ئەحیقاری کوڕە مامی "تۆبیا"، کەسێکی دانابووە.
– دانـــایی ئـــەحیقاری ئاشـــوری، لـــە دوورگـەی فیلـە لـە میسـر دۆزرایـەوە.	– سفری یەشوع، دانایی.
کۆپییـەکی لـە سـەدەی پێنجـی پـێش زاییندا بوونی هەبووە.	– ســفری ســروودی ســروودەکان بــۆ سلێمان
– چیرۆکی هۆنراوەی هاوسەرگیری پیرۆز لـەبابل. لـە هاوسـەرگیرییە پیرۆزەکانـدا لەلایەن کاهینانەوە دەوترایەوە.	

لەکۆتاییدا:

هـیچ لێکۆڵـەرێکی مێـژووی وەچـەکانی ئیسـرائیل و مێـژووی دووردرێـژیان ناتوانێت نکۆڵی لەوەبکات کە دواین ڕووداوی کۆچبردنیان لەلایەن بابلییەکانەوە کاریگـەری گـەورەی هـەبووە لەسـەر بیرۆکەبەنـدیی ئاینییـان بەتایبـەت پـاش تێکەڵبوونیان لەگەڵ دانیشتووانی ڕەسەنی بابلدا.

لەڕێگـەی ئـەم پەیوەندییـەوە بیروباوەڕە ئاینییـەکانی بابلییـەکان گوازرانـەوە و بوون بەبەشێکی گرنگی تەورات. لەکاتی بوونیاندا لەبابل توانیویانە بەڵگەنامە بزماریيە نوسراو بـە سۆمەری و بابلی کۆنی تایبـەت بە ئافراندنی گـەردوون و

مـرۆڤ و مـردن بخوێننـەوە و زانیـاری لـێ وەربگـرن و پـاش گەڕانـەوەیان و ئازادبوونیـان لـە بابـل هەسـتاون بـە نووسـینەوەی پێشـبینییەکان و پێـدانی جۆرێـك لـە ڕاستێتی، هـەڵگرانی ئـایینی جولەکـە شـانازی بـەوەوە دەکـەن کـە پێشبینییەکانی تەورات ڕاستی گفتی خودای بۆ سەلماندوون.

بۆ قسەکردنی زیاتر لەمبارەوە هەندێك دەقی هاوجۆر لێرەدا دەخەینەڕوو:

١- ئافراندنی گەردوون و مرۆڤ لەنێوان تەورات و شارستانییەتی دوو ڕووباردا

ئەو بەڵگانـەی تـاوەکو ئێستا دۆزراونەتـەوە و وەرگێڕدراون سـەلمێنەری ئـەوەن کە سۆمەرییەکان زۆر بەقوولی لە تێڕامانی سروشتیدا ڕۆچووبوون.

بیریـان لـە دروسـتکاری گـەردوون و چـۆنێتی بـەڕپاکردنی و هەڵسـوڕاندنی کردبۆوە. هەندێك بەڵگە و سەلمێنەر هەن دەیسەلمێنن کە بیرمەندانی سۆمەریی لـە هـەزارەی سـێیەمی پـێش زایینـدا بنەماگـەلی گـەردوونبازیی و بیروبـاوەڕە ئاینییـەکانیان دارشـتۆتەوە. سـۆمەرییەکان باوەڕیـان وەهـابووە گـرنگترین ئـەو دوو یەکـەی گـەردوونی لـێ پێکـدێت ئاسمان و زەویـن -ئـین کـەی- و لـەنێوان زەوی و ئاسماندا توخمێکی تریش هەیە و ناوی -لێل-یان لـێ نابوو بەمانای: هـەوا، دەروون، گیان[1]. گـرنگترین تایبەتمەندیی ئـەم توخمـەش جوولـەداریی و

---

١) وشـەی ((لێـل)) تـاوەکو ئێستا لەکوردیـدا و بەتایبـەت لەناوچـەی گەرمیانـدا بـەکاردێت بـەمانای ((لەگـەڵ، وەتـەك، ئێـرە: لـێلا یـان لـەیلا))، بـۆ نمـوونـە: گـەرمیان هـا لێل (لەگـەڵ) چیاڤانا، تـۆ لێلیـا (لەگەڵیدا) بڕۆ، دێوی هـا لێلا، خـوا لێیایـەتی. شـەنە هـا لـەیلا (لێرەیـە).. کـە هـەمان مانای دەروون و گیان دەگەیەنێت کە بەتەنها هیچ مانایەکیان نییە و دەبێت لێل جەستە یـان بوونێکی تـردا بـن، هـەوا بۆخۆی هیچ نییە ئەگەر شتێکی تری وەکو ئاسمان و زەوی لەگەڵدا نەبێت..

زووبلاوبوونەوە، باوەڕیشیان ئاوهابوو کە تەنە ئاسمانییەکانی هاوشێوەی خۆر و مانگ و هەسارە و ئەستێرەکان هەموویان لە توخمی ئەم بەرگە لێلە پێکهاتوون، ئاسمان و زەوی لە هەموو لایەکەوە دەورگیراون بەدەریایەکی لەبن نەهاتوو، گەردوونیش لەنێو ئەم زەریا مەزنەدا جێگیرە. بەم شێوەیە سۆمەرییەکان سەلماندیان کە بنەمای گەردوونی یەکەم ئەم دەریا مەزنەیە کە ئاسمان و زەوی لێ پەیدابووە، لەنێوان ئەم دوانەیشدا هەوای بەرگە زەپۆش هەیە، دەشڵێن پاش لێکجیابوونەوەی ئاسمان لە زەوی و پێکهاتنی تەنە ئاسمانییەکان ژیان لەسەر زەوی پەیدابووە.

سۆمەری و بابلییەکان چیرۆك و ئەفسانەی زۆریان دارشتۆتەوە کە تایبەتن بە بابەتی ئافراندنی گەردوون و مرۆڤ و بەتایبەت داستانی "گل گامێش و ئەنکیدۆ".

لەکاتێکدا بیرۆکەبەندی سۆمەرییەکانی تایبەت بە ئافراندنی گەردوون وەستاوەتە سەر ئەوەی کە لەدەستپێکدا ئاوی دەریا هەبووە، لەم ئاوەوە –ئاوی دەریای هەربوو (ئەزەل)– چیایەکی گەردوونیی دروستبووە کە خۆی لە ئاسمان و زەوی بەپێکەوە بەستراویدا بینیوە، لەئەنجامی یەکگرتنی زەوی و ئاسمان خودای هەوا =ئان لێل= دروستبووە، ئەم خودایەیش ئاسمانی لەزەوی جیاکردۆتەوە، بۆخۆی زەوی هەڵگرتووە و ئاسمانیش لەجێی خۆی ماوەتەوە.

هەروەها ئافراندنی مرۆڤیش یەکێك بووە لەو بابەتانەی ئەفسانە سۆمەری و بابلییەکان و تەورات پێکەوە بەزۆری لێی دواون. لە ئایینی بابلییەکاندا ئافراندن و چیرۆکی تۆفانەکە لەو سەرچاوە سەرەکییانەن کە تایبەتن بە بابەتی ئافراندنی مرۆڤ. ئافراندنی مرۆڤ بۆخۆی ئامانج نییە، یاخود بەرئەنجامێکی

تـەواوکراو بـۆ هـەموو قۆناغـەکانی ئافرانـدنی کـەون، بـەڵکو پرۆیـداوە و دەرکـەوتووە بـەهۆی ئـەو ماندووبوونـەی کـە خـودا دووچـاری هـاتبوو لـەکاتی کـارکردنی لـە زەویـدا، هـەربۆیـە بڕیاریـدا بۆخـۆی بحەسـێتەوە و بوونـەوەرێك بئافرێنێت کە قورسییەکانی سەرشانی ئـەم هـەڵبگرێت و کارەکانی سـەر زەوی بۆ ئەنجام بدات، هـەربۆیـە مـرۆڤ ئافرێنـدراوە بـۆ کارکردن لەسـەرزەوی، تـاوەکو خـودا بـۆ خـۆی بحەسـێتەوە لـەکارکردن و مـرۆڤ خـۆراك و قوربـانی پێشـکەش بکات.

ئافرانـدنی گـەردوون لـە بیروبـاوەڕی سـۆمەری و بابلییەکانـدا لەسـەرەتای پاربەشەکانی سفری تەکویندا بەچڕی ڕەنگی داوەتـەوە، بـەجۆرێك تـەورات ئـاو بـە بنچـینەی بـوون دادەنێـت، ئاسمـان و زەوی ئافرێنـدراون پـاش کردەیـەکی جیاکردنەوەی ئەو ئاوانەی لەژێرپێستن لەو ئاوانەی لەسەر پێستن.

بەڵام سەبارەت بەوەی مرۆڤ ئافرێندراوە بۆ هـەڵگرتنی قورسایی و باری شانی خودا ئەوا چارەنووسی بەپێی تەورات هاوشێوەی ئەمەیە. بەجۆرێك لە تەوراتدا باسکراوە کـە " مـرۆڤ لـەو زەویـەدا کاردەکـات کـە لێـی بـردووە، تێدەکۆشـێت و لەناویدا ماندووەدەبێت".

لێرەدا بەشێکی ئەسحاحی یەکـەم لـە سفری تەکویـندا کـە تایبـەتن بـە ئافراندن دەخەینەڕوو.

"لە دەستپێکدا خودا ئاسمانەکان و زەوی ئافراند، زەوی کـەلاوە و خۆڵەکـەوان بـووە، بـوونی تاریکسـتان بـووە، گیـانی خـودایش لەسـەر ئـاودا شـەپۆلی دەدا، خوداش گوتی با ڕووناکی دروستبێت ئەوجا ڕۆشنایی ئافرێندرا، خودا بینـی ڕووناکی باشبەخشە. خـودا نێـوان ڕووناکی و تـاریکی جیـاکردەوە، خـودا

لەڕۆژدا بانگهێشتی ڕووناکی کرد و تاریکیشی لە شەودا بانگکرد لەکاتێکدا پێشتر ئێواران و بەیانیان یەك شت بوون. خودا گوتی با پێست بکەوێتە سەر ئاو، با ببێتە جیاکاری نێوان ئاو و ئاو. خودا پێستی ئافراند و ئەو ئاوانەی جیاکردەوە لەژێرپێستن لەگەڵ ئەو ئاوانەی لەسەر پێستن..خودا بانگی پێستی ئاسمانی کرد.

ئێوارە و بەیان بوون بە دوو"، (تەکوین ١: ١-٨).

"ئاسمانەکان و زەوی تەواوکرد، سەربازەکانیشی ئافراند، خودا لەڕۆژی حەوتی کاریدا لەهەموو کارەکانی حەسایەوە" (تەکوین٢: ١-٣).

٢- بەهەشتی بەرین

ئەو دەقانەی سۆمەر کە لەسەر قوڕ نەخشێندراون لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین، کە دواتر ناوبرا بە تابلۆ سۆمەرییەکانی دۆزراوە لە دۆڵی دوو ڕووبار، بەوەی بەهەشتی نەمران بێ تاوان و دوورە لەبوونی نەخۆشی و ئازار و پیرێتی، بەهەشتی ئاشتی و تەندروستی و ئاوی زۆرە... ئەفسانەکانیان بە پاك و خاوێن ئامارۆپێداوە. تەنانەت بابلی و کەنعانییەکان بە ژیانی هەمیشەیی لێی دواون.

لە دەقی سۆمەرییەکاندا بەمشێوەیە باسکراوە:

- ئەو شوێنە پاکە ئەو جێیە درەوشاوەترە.
- لە دەلموندا قەلەڕەش بێدەنگە.
- شێر درندە نییە و گورگ سکی مەڕ هەڵنادڕێت.
- نەخۆشی چاو دەڵێت من نەخۆشی چاوم نییە.
- ئەوەی بەدەست ئازاری سەرەوە دەنالێنێت دەڵێت من نانالێنم.

- ئافرەتی پیر نالێت وا پیربووم.
- گۆرانی بێژ ناگری.

یەکەمین دەق کە باسی دەلمۆنی کردووە دەقێکی تایبەت بووە بەسەردەمی زنجیرە بنەماڵەی لەگشی یەکەم لە چەرخی سۆمەرییەکانی کۆندا، کە باسی لەوەکردووە کەشتییە گەورەکان وەکو سەرانە لە ولاتانی بێگانەوە تەختەیان بۆ هێناون. ئەفسانەکە باسی پەیوەندی خودا -ئینکی- بە ژنەکەیەوە دەکات لە دەلمۆن، دواتر خودا ئوتو -خوا خۆر- فەرمانی پێدەکات دوورگەکە پڕبکات لەئاوی شیرین، ئەوەی ویستی پێی بەخشرا و دوورگەکە گۆڕا بۆ بەهەشتێکی سەوزی پڕ لە کێڵگە و گوڵزار.

لە داستانی گەلگامێش و لە ئەفسانەی لافاوی سۆمەرییەکاندا بە دەلمۆن گوتراوە: زەوی تێپەڕین، دوورگەکە بوو بە بارەگای ((ئوتو نا پیشتم))ی پاڵەوانی لافاوی سۆمەرییەکان کە خودا پاش تۆفانەکە نەمریی پێبەخشی. بەمشێوەیەش بێت ئەوا پاڵەوانەکەی سۆمەرییەکان ملی ڕێگەی گرتبێتەبەر و کەنداوی خواروو بڕیبێت تاوەکو گەیشتۆتە دەلمۆن کە هەندێك بەبەحرەینی ئێستا ناوزەندی دەکەن، کە لەوێدا پادشای ئاورۆك (گێلگامێش) چاوی بە "ئوتونا پیشتم" دەکەوێت کە دەستی لەپادشایەتی هەڵگرتووە و بەدوای نەمریدا گەڕاوە -مەبەست گەلگامیشە-، بە بیروباوەڕێکی پتەوی هێندەی چیاکان پتەو بەدوای نەمریدا دەگەڕا و بێگومان بوو لەوەی بەدەستی دەهێنێت، ئەمەش لەپشتی ئەم جیهانە دڕندەخوازەوەیە. لەئەنجامی ئەو گەڕانە زۆرەی ئەنجامیدا بۆی دەرکەوت ژیانی نەمریی کە باوەڕی پێی هەبووە و بانگەوازی لێکردووە لەم جیهانەدا نییە، بەڵکو لە بەهەشتی ونبووداید،

بـەباوەڕی جولەکـەکان بەهەشـتی بـەرین سـەرزەمینێکی ماددییـەتی ڕووتـە، دەشێت ئەو بەهەشتە سەرزەمینی کەنعان بێت کە پڕاوپڕە لـە هـەنگوین و شیر، یاخود بەهەشتی بەرینە بەهەر چوار ڕووبارەکەیەوە[1].

---

١) ناشێت بەهەشتی بەرین یان ئیدن شوێنی بەحرەینی نێستا بێت بەهۆی: کاتێك لافاوەکە هەستاوە و نەختەنەختە نیشتۆتەوە سەرزەمینە نزمەکانی وەکو بەحرەین و خواروی عێراق تا چەند هەزار پاش ئەوە بێ ژیان بووە یان بەتاڵبووە لەژیان، ناگونجێت بە ماوەیەکی کەم پاش لافاوەکە گلگامش لە بەحرەینی نێستا نوحی دۆزیبێتەوە، چونکە بەپێی هەموو بەڵگە ئایینی و میژوویـیە سـەلمێندراوە ڕاستەقینەکان کەشـتییەکەی نـوح لەکوردستاندا ماوەتەوە یان نیشتۆتەوە و لێرەوە ژیان دەستی پێکردووە، بەپێی قورئان لە چیای جودی و بەپێی تەورات لە ئارارات و بەپێی دەقی خودی سۆمەرییەکان لە نیسیر کە چیای پیرەمەگرونە لەپشتی سلێمانی کەشتییەکە ڕاوەستاوە و لەنگەری گرتووە، هـەروەها گـەلگامێش بۆخۆی پادشا نـەبووە، بـەڵکو پاڵـەوانێك بـووە هاتۆتـە ئاورۆك و لەوێـدا بـەهۆی پاڵەوانێتییەکەیـەوە کراوەتـە پادشـا، بەدڵنیاییـەوە لـە گەشـتی گەلگامشـدا بـۆ لای نـوح بەناوچـەی چیای فراوانـدا دەڕوات، هـەروەها سـەرزەویەکە ئاوەکـەی شیرینە نـەوەك سـوێر، بەرەو ڕۆژهـەڵات دەڕوات نـەوەك باشور، دەشبێت دەڵمۆن لـە چیای پشتکوەمی ڕۆژهـەڵاتی کوردستان بووبێت، بەڵام هەندێکی تر دەڵێن لە هندستانە، بەگشتی دەشبێت دوو بەهەشتی ئیدن هـەبووبێت یەکـەمینیان شوێنی کەشتییەکەی نوحـە کـە کوردستانە و دووەمینیشیان گۆڕستانی سۆمەرییەکان بـووە لـە خـواروی عێـراق. دەشبێت ناوچـەی گردەبـۆرەی دەیاڵـە بێت کە پێشتر سۆمەرنشین بووە، یان هەر جێیەکی دیکەی کوردستان، هەروەها ناشگونجێت سۆمەرییەکان بۆخۆیان لە دەیاڵە و زێی قاپی نێستا بووبێتن و گۆڕەکانیان لە بـەحرەین بێت کـە نزیکـەی (٤٠٠ کـم) لێیـان دوورە، لەوکاتـەدا بـەلای کەمـەوە بـۆ سـەفەر هـەر سـەرێك یـان گەیشتنە ئەوێ (١٠-١٥) ڕۆژی ویستووە و گەڕانەوەشی هەمان شت، ئەمە تەنها بۆ ناشتنی مردوویەك؟!. جگە لەوەیش بەحرەین چوار ڕووباری نییە، بەڵکو ئەوە کوردستانە پڕاوپڕە لـە

پووبار و دارستانی چڕ و ئاژەڵی دڕندە و بیروباوەڕی فرەجۆر. ئەگەر زەوی بەحرەین ئەوکاتە وشکانی بوایە ئەوا بێگومان سۆمەرییەکان کە لە باشوری کوردستانەوە بەرەو خواروی کوردستانی ئەوکات پۆیشتوون لە ناوچەی ناسرێی ئێستا نەدەگیرسانەوە، بەڵکو دەڕۆیشتنە بەحرەین و لەوێدا شارستانییەتیان دروستەدکرد. جگە لەوەش لەوکاتەی نوح لە چیای جودی گیرساوەتەوە بێگومان ناوچەی گەرمیانی باشوری کوردستان ئاوبووە، یاخود دەریا کە بە دەریای تایشەیی یان تایشس ناسراوە، ئەو گۆڕستانەی لە بەحرەین دۆزراونەتەوە هی پێش لافاوەکەیە و ڕەنگە شارستانییەتی تیابووبێت، بەڵام بەهۆی لافاوەکەوە کە سەرزەوی گرتۆتەوە ئەوان کە نزمترن لە زەوی کوردستان بێگومان خنکاون و بوون بەژێر گڵەوە، یاخود گۆڕستانی میلەتانی پێش لافاوەکەن و ئەوانی تریان بەلافاوەکە تیاچوون، هەروەها لەدەقی سۆمەرییەکاندا وەها باس لە دەلمۆن کراوە کە چیای نزیکە، یاخود بۆخۆی چیایە و لەنێو چیادا و هەمیشە وەها دەنوسرێتەوە (AKK KUR-DILMUN) واتە چیای دلمۆن، هەروەها شوێنێکە سێوی تێدایە، سێویش تەنها لەناوچەی چیایی و ساردا بوونی هەیە نەوەک گەرمی وەک بەحرەین، دەگونجێت پاش (١٥٠٠ سالّ پ.ن) ئاو لەبەحرەین کەمی کردبێت و مرۆڤی تێدا نیشتەجێ بووبێت و نازناوی دەلمۆنیان لەخۆیان نابێت یان بەمانای بەهەشتی خێڵێک ئامارەیان پێدابێت، هاوشێوەی ئەو کۆچەرانەی ڕۆیشتن بۆ ئوسترالیا و ئەمەریکا و ناوی شوێنەکانیان بەناوی شوێنە کۆنەکانی خۆیانەوە ناونا، هەروەها لە ورمێی ڕۆژهەلاّتی کوردستان شوێنەوارێک هەیە بە دەلمان ناسراوە، تاوەکو ئێستا لەناو کورددا ناوی دلمان و دلیمان و دیلمان لە کوڕ دەنرێت، هەروەها هیچ کات بەحرەین شوێنی هەناردەکردنی تەختە نەبووە و ئەوەی هەیبووە تەنها داری خورمابووە نەوەک تەختە کە بینێرێت بۆ پادشا (نور نان شا)ی پادشای لەگش، هەربۆیە بە بێگومانییەوە سەرچاوەی تەختە ڕووەکەکانی چیای زاگرۆس بووە، هەرچی تایبەتیشە بە عومان و یەمەن ئەوا هەندێک ناوی ناوچەیان هەیە کە ڕێک لە ناوی ناوچەکانی کوردستان دەچن ئەمەش بەهۆی کۆچی ئەو دانیشتووانەیەوە لەکوردستانەوە بۆ ئەوێ و ناونانی ناوچە نوێیەکانیان بەو ناوانە بۆ نموونە: (جودیا)لە عەمان و چیای (جودی) لە کوردستان، وەک

بەپێی هەندێك لە لێکۆڵینەوەکان لە بەحرەین دەرکەوتووە کە ئەوەندە گۆڕی تێدایە دەتوانرێت بە گەورەترین گۆڕستانی جیهان هەژماربکرێت، ئەمەش ڕەنگە وەهای لەسۆمەرەکان کردبێت باوەڕ بەوە بهێنن کە دەلمۆن بەهەشتی نەبراوەیە، هەربۆیە پیاوی لافاوی سۆمەرییەکان (نۆتۆنا بیشتم) کە نوحی پێغەمبەرە دوای لافاوەکە وەکو بارەگای خۆی دەستنیشانی کردووە.

هەڵکۆڵین و دۆزینەوە شوێنەوارییەکانی نیشتمانی دوو ڕووبار دەرخەری گرنگی ئەو نەریتەماوەی ڕۆحی و کلتوورانەیە کە وەچەکانی ڕابردوو بۆیان بەجێهێشتووین، ئەم زانیارییانەش پاشخانێکی گرنگی زانیارییە بەردەستەکانی کتێبی پەیمانی کۆنن.

ئەمەش وەهای لە زانایان کردووە بێگومان بن لەوەی ئەوەی لەتەورات و پەرتووکە عیبرییەکاندا هاتووە شتێکی نوێ و دابڕاوی پێش خۆی نەبووە، ڕەگەکەشی لەو شوێن و کاتەدایە کە لەئامێزیان گرتووە، نوسەری جولەکە ((ساموێل نوح کریمەر) لە کتێبەکەیدا ((مێژوو لە سۆمەرەوە دەست پێدەکات))، دەڵێت: " کلتووری سۆمەر بە ڕوونی کاریگەرییەکەی لە تەوراتدا

دەزانین جودی لە گودی و گۆتییەوە هاتووە کە لە کوردستاندا بوون نەوەك عەمان، هەروەها چیای هەمەدان و مید لە یەمەن کە لە ماد و میدەکانی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە و ئەوان لەکوردستاندا ژیاون و ڕۆیشتوون و ناوەکەیان لێناوە. مامۆستا عەبدولاّ زەهاوی لە ساڵی "١٩٨٤ ز" بۆ گۆڤاری ئەهرامی میسری دەڵێت: بەروەچەیەکی نوح بەناوی (براسۆز) کتێبێکی خوایانەی نوسیوەتەوە کە بەسروش بۆی هاتووە و کەلامی خوداوەند بووە، کە زمانی نوسینەکەی کوردی و خودی نوح فەرمانی بە براسۆز کردووە ئەو شتانەی بۆ بنوسێتەوە، هەندێك لەو دەقانە لەمۆزەخانەکانی بەریتانیادا هەن (وەرگێڕ= گەرمیان).

هەست پێدەکرێت، ئەم کلتوورەیش ڕاستەوخۆ نەگوازراوەتەوە بۆ عیبرییەکان چونکە دەمێکی زۆر پێشتر لە هەبوونی عیبرییەکان ئەم کەلەپوور و نەریتانە هەبوون، کلتووری سۆمەرییەکان لەڕێگەی کەنعانییەکانەوە کە دانیشتووانی فەڵەستین بوون و پێش ئەوەی جولەکەکان دەستی بەسەردابگرن؛ بەجۆرێك کلتووری سۆمەر و پەیمانی کۆن هەموو ئەوەن کە لە چیرۆکە هۆنراوەییەکی "٢٧٨ دێڕ"یدا هاتوون، کە لەسەر تابلۆیەکی قوڕین لە مۆزەخانەی زانکۆی "پەنسلڤانی"دا هەیە".

ناواخنی ئەو چیرۆکە تایبەتە بەشاری دەلمۆنی پاك و خاوێن، نیشتمانی ژیان کە مردن و ناخۆشی تیانییە، بەمەش دەلمۆن بوو بە بەهەشتی ئاسمان و بە باخە پڕ درەختە بەردارەکانی و چیمەنە سەوزەکانی. سفری تەکوین لە هەردوو ئەسحاحی دووەم و سێیەمدا بە وردی باسی بەهەشتی ئیدن یان عەدەن و ڕووبارەکانیمان بۆ دەکات، ئەمانەش بەگشتی ڕەگێکی سۆمەری بابلییان هەیە و تەنانەت وشەی ئیدن لە وشەیەکی کۆنی سۆمەرییەوە براوە (عیدن) کە بەکارهاتووە بۆ ئاماژەدان بە تەختانیی، یاخود زەوی کشتوکاڵی تەخت، تەورات وای گریمانە کردووە بەهەشتی ئیدن لە باشوری دۆڵی دوو ڕووبارە واتە لە سۆمەرە. دەقی سۆمەرییەکانی تایبەت بە لافاوەکە باسیکردووە کە خودا ئەوکاتەی نەمریی بەخشیوەتە پیاوی لافاوەکە لەبەرامبەر ڕزگارکردنی وەچەکانی مرۆڤ لە تیاچوون، لە نیشتمانێك و لەسەردەریا لە ڕۆژهەلاتی دەلمۆن نیشتەجێی کردووە. سۆمەرییەکانیش ئەویایان بە بەهەشت پێشبینی کردووە، لەهەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەبوو کە دەلمۆن سەرزەمینی ئاشتی و سەلامەتی بووە، زەوییەکە دانیشتووانەکەی نەخۆشی و پیرێتی نازانن،

دواجاریش سەرزەمینی نەمرییە. ئەم وێنەکارییەی سۆمەرییەکان بۆ بەهەشت لە دەلمۆندا لە دەقەکانی سفری ئەشعیا لە تەوراتدا ڕەنگیانداوەتەوە، تەنانەت ئەو سەرزەمینە وەهابووە کە دوژمنایەتی لەنێوان ئاژەڵەکانیشدا نەبووە، گورگ و مەڕ پێکەوە ئاویان خواردۆتەوە و گیسک و پڵنگ پێکەوە گەورەبوون، لەوێدا شێریش وەکو مانگاکان کا و هەنجیری خواردووە..

ئەمە ڕوونترین وێنەکارییە بۆ بەهەشتی ئیدن یان عەدەن وەک لە ئەسحاحەکانی سەرەتای ئەشعیادا هاتووە، ئەم چیرۆکە سۆمەرییەکان دەبات بۆ دروستکردنی چەرخێکی زێڕین و دووپاتیشی دەکاتەوە کە تەنانەت داماوترینەکانیشیان لەڕادەبەدەر چێژوەردەگرن، لەسایەی فەرمانڕەوایی ساهیۆنی پاڵەوانی ڕزگارکەردا (ئەشعیا ١١: ١-٥). [1]

---

١) بەپێی تەورات خودا بەهەشتی لە ڕۆژهەڵات لە ئیدن ئافراندووە، لەنێوان چوار ڕووباردا بووە ئەوانیش: دیجلە و فورات و فیشون و جیحون (ئاراس)، کە بە گشتی کوردستان دەگرێتەوە، کۆشیش کە زەوی بەهەشتەکەیە بەگشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە، بەتایبەت پارێزگای کوردستان و ئاتەرپایگان، کە باکورەکەی پێشتر پێی گوتراوە (ئاراتا) و دواتریش (ئیدن)، کە هەمان پەسنی تەورات دەگرێتەوە، بەڵام بەگشتی بەهەشتەکە لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە شۆڕدەبێتەوە تاوەکو باشوری کوردستان و لە باکورەوە بەرەو ڕۆژئاوا و ڕووباری فورات درێژدەبێتەوە، هەروەها ڕووباری بیشۆنیش هەمان ڕووباری ئاویزۆنە و لەو نزیکانەش گوندێک هەیە بەناوی (نوخدی) کە لە تەوراتدا وشەی (نود)ی هاتووە، هەروەها بەپێی دەقی تەورات بۆ گەیشتن بە بەهەشتی ڕاستەقینە دەبێت حەوت بەهەشتی دیکە یان دەرگا بڕیت، بێگومانیش یەکەمین دەرگا شاری شوش یان سوسە (سوزە-سەوزە) و دواتریش دەرگای دووەم کوردمانشانە (گرمسین: (کرمسین، کرمشین، کرماشان، کوردمانشان،کوردمادشان، قرمسین، ناوی کۆنی کوردمانشایە. کورمادشان،

کوردماد شا، کور ما شا ن- کوڕی مادی شا ن: کە بەمەبەست لە دەوڵەتی کوئاتانزی سەدەی شەشەمی زایینە کە تێیدا فەرمانڕەوابوون و ئاتەرپاتانیش بەشێکی بووە. کوردمانجان- کورد ماوە بە جیان- گیانی کوردی ماو، کورماشان- چیای بەرز و بڵندی کوردان، کوردانی بیادشا ئاسای بوتبۆکەس نەخەوێنەر) لەوێش چیای بێستون و سەرچاوەی ئاوی ڕووباری کەرخە هەیە، کە ناوچەکە هاوشێوەی بەهەشتە، لەوێدا ئاوزو یان "ئاوڕێژێك"ی بەرزی تاقگەیی هەیە، دواتریش تەختی سولێمان و پەرستگەی خواوەند ئانکی سۆمەریان دێت، دواتر ناوچەی حەوت بەهەشت دێت کە چیاگەلی فراوانن و دەشتی میان دوو ئاو لەخواریانەوەیە، لەوێشدا دەچیتە دڵی سەرزەمینی ئیدنەوە، لەنزیکی دەریاچەی ئورمیە، دواتر و هێشتاکە دیواری شاری (ئاراتا)ماوە، هەروەها لە نزیکی تەورێزی کۆنە کوردنشینی ئێستا بە تورك بوو چیای سەهەند هەیە کە ئەگەری هەیە ئادەم لەوێوە دابەزیبێتە سەرزەوی، یان ئەوێ بەهەشتەکەی بووە و لێی دەرکراوە، کە بەگشتی خۆرتێیدا درەوشاوەی سوورە و هاوواتای ناوی ئادەم بەزمانی عیبری کە مانای سەرزەمینی سور یان خۆراوییە، بەکورتییەکەی بەهەشتی ئیدن شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە ونەغەدەیش هەمان بۆچوونی لەسەرە. بەهەشتی ئیدن بەپێی تۆماری نوسراوەکانی پادشا (مانیس تۆسۆ)ی کوڕی سەرجۆنی ئەکەدی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەنشانەوە کە ئەنشانیش لە ئیلامە و لە شاری سۆزە کۆنترە، واتە بەرەو قووڵایی لوڕستان یان بەرەو پاکستان و دۆڵی ڕووباری سەند کە لەوێدا دەوڵەتێك هەبووە لەسەدەی حەوتی پێش زایین بەناوی (ئیدن یان ئیتن)، بەڵام لەدقەکانی سەرجۆنی گەورە و سەرجۆنی ئەکەدیدا هاتووە کە ئەو ناوچانەی دەکەونە ڕۆژهەڵاتی دوو ڕووبارەکەوە دەناسرێن بە (سوبارتۆ) کە هەمان کوردستانی باشورە، کەواتە ئیدن لەپاکستان و سەند نییە، بەهەشتی ئیدنی دۆڵی سەند لاسایی کاری بەهەشتی ئیدنی کوردستان بووە، چونکە دانیشتووانی هند لە ڕۆژئاوای ولاتەکەیانەوە سەرچاوەیان گرتووە کە بەڵگەن (دراودیۆن)ە دانیشتووانە سەرەتاییەکانی هند لەکوردستانەوە ڕۆیشتبن و تاوەکو ئێستایش هەزاران وشەی هاوبەشمان هەیە. هەروەها بەپێی هەندێك لەسەرچاوەکان بەهەشتی شاردراوە یان هەڵگیراو لەناوچەی گەڕکەمێش

١- دیارترین ڕووەدیارە سەرەتاییەکانی بەهەشت وەک تەورات پێشبینیکردووە، بیرۆکەگەلی سۆمەرین، خودی دلمۆنیش بووەتە سەرزەمینی ژیان و نەمریی لای بابلییەکان کە دواتر هاتوونەتە سەرتەخت. هەروەها ئەگەریشی هەیە ئەو بەهەشتەی کتێبەکانی جولەکە باسیان کردووە، کە بە بەهەشتی نەمرانیان ناساندووە و چوار گەورەترین ڕووباری دونیای پێدا تێپەڕدەبێت و بە دیجلە و فوراتیشەوە هەمان بەهەشتی سۆمەرییەکان بووبێت کە دواتر بە فیردەوسی بابلییەکان ناوبرا.

٢- چیرۆکە هۆنراوەیەک هەیە باسی ئاودانی ولاّت دەکات لەڕێگەی هێنانی ئاو لە زەوییەوە لەلایەن خوای خۆرەوە، ئەمەش ئەوەمان بیردەخاتەوە لە پەیمانی کۆندا هاتووە کە دەڵێت" ئینجا تەمێک لەزەوی بەرزدەبوویەوە و هەموو زەوی ئاودەدا".

٣- هەروەها لایەنێکی تری هاوبەشی لە چیرۆکەکانی سۆمەر و دەقەکانی تەوراتدا هەیە، بەجۆرێک چیرۆکەکانی سۆمەر باسی پەراسوی خوا ((ئینکی)) نەخۆش دەکات، کە خۆی بۆ ئەوە ئافرێندرا تاوەکو بیهێنێتەوە ژیان، هەڵگری ناوێکی سۆمەریی سەر بە ئادەم و حەوایە و ئەمەش لەو دەقانەی پەیمانی کۆندا بەرجەستەن کە پەیوەندن بە ئافراندنی حەوا لە پەراسووی ئادەم.

(گەلکەمێش)ی پۆژئاوای کوردستانە، کە سەر بە شانشایەتی حوری/میتانی بووە کە پایتەختی واشوکانی بووە، ئێستاکە نزیکی جەرابلوسە لەنێوان عەفرین و کۆبانی، سەردەمێک بەشێک بووە لە دەوڵەتی میدیا، ناوی گلگامشیش پێدەچێت هەڵگری ناوی هەمان ناوچە بێت کە هەردوکیان مانای گەلەگامێش یان گەلی گێلی گامێش ئاسا، یاخود کەڵگامێش بەمانای فرەکوێخا یان گەلی زۆر...هتد دێن: وەرگێر= گەرمیان.

هەروەها وەرگرتنی بێبارەیی بە پۆژی دوایی لە نەریتی سۆمەرییەکانەوە وەرگیراوە. لێرەوە دەبینین وەک "مکریمەر" دەڵێت: سۆمەرییەکان بەهێز و حەزێکی تونددەوە دەستیان بە ژیانەوە گرتبوو، دڵیان پڕوناک نەکردبۆوە و گیانیان پڕبار نەکردبوو بە ئومێدی ژیانکردن لە بەهەشتدا، بەڵکو شەیدای ژیان بوون لەزەویدا، سەرباری ئەم عیشقەشیان بۆ ژیان بەهایەکی بالای هۆکارگەلی خۆشگوزەرانی ماددییەت بوو (بابلی و کەنعانییەکانیش کە جولەکەکان کلتوورەکانیان وەرگرتوون، ئەوانەش لای خۆیانەوە شتێکی ئەوتۆیان لێ جێنەماوە گەشێنەرەوەی دەروون بێت بۆ ئەو دونیا). "ویل یۆرانت" لەکتێبی ((چیرۆکی شارستانییەت))دا دەڵێت: کە ئایینی سۆمەریی و بابلییەکان ئاینێکی زەمینی کردەیی بووە. گەر بابلییەک نوێژی بکردایە ئەوا داوای پاداشتی بەهەشتی نەدەکرد، بەڵکو نزای باشتربوونی ژیانی زەمینیی دەکرد. بەجۆرێک زەوی بەهەشتی بەڵێن پێدراوی جولەکەکان و پڕۆژەی خودای جولەکە و گەلی بەروەچانی ئیسرائیلە.

جولەکەکان بڕەوپێدەری بیرۆکەی پۆژی زیندووبوونەوە و نەمریی نەبوون، ئەم دوو بیردۆکەگەلە نەریتی ئاینییان نەبووە. هەرچی "جاك لیندسی"یە دەڵێت: کە عیبرانییەکان بیرۆکەی پۆژی زیندووبوونەوە و دەرچوونی گیانیان بۆیەکەمجار لەسەدەی دووی پێش زایینداا خستۆتە نێو ئایینەکەیانەوە، ئەمەش لەژێر کاریگەری شکستەکانی پێشوویان و کاریگەری ئایینی زەردەشتییەوە بووە کە جولەکەکان بەچەمکگەلی کۆتایی جیهان و چەرخی پزگاریی و پۆژی زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە وەریانگرتووە، لەگەڵ دروستبوونی جیهانێکی پاك لەلایەکی دیکەوە. هەرچی "برتراند رسل" باسی

ئەوە دەکات کە جولەکایەتی هاوبەشی مەسیحییەکانە لە دووپاتکاریی بیرۆکەی جیهانێکی تر لە دونیادا، ئەمانەش بیرۆکەگەلی ئەفلاتۆنیی نوێیە لە بنچینەدا. ئەوەشی ئەم دوو بیرۆکەیەی لەیەکتری نزیك کردۆتەوە "فیلۆن"ی فەیلەسوفە لە چەرخی یەکەمی زایینداا.

لە فەرهەنگەزانیاریی مێژووی شارستانییەتی گشتی فەرەنسیدا هاتووە: "بیرۆکەی ڕۆژی زیندووبوونەوە و دونیاخوازیی لای جولەکەکان لە چوارچێوەی بیردۆکەبەندیی دەستەیەك دەرنەپەڕیوە و پشتیوانییەکی فەرمی نییە".

بەڵام "سومبارت" لە کتێبی" جولەکە و سەرمایەداری"دا و لەبارەی چۆنێتی ڕاڤەکردنی جولەکە بۆ بیرۆکەی زیندووکردنەوە و ژیانی تر دەڵێت: " جولەکە ڕۆژی زیندووبوونەوە و هەستانەوەیان لەمردن بەو شێوەیە ڕاڤەکردووە کە لەگەڵ حەزەخرۆشی دونیاییاندا دەگونجێت، بەجۆرێك هەستاون بە تەوقدانی مافی ژیانەکەی دیکە بەو لە خواترسانەی بەسامانەکانیان لەدونیادا سەرکەوتوودەبن، سەرکەوتن و دەوڵەمەندبوون لەم دونیایەدا بەلای جولەکەوە بەڵگەی بێگومانبین بۆ ئەوەی کە ژیانی مرۆڤی دونیایی ژیانێکی خودا ویستانەیە، ئەو ئەنجامەی لێرەدا دەستدەکەوێت ئەوەیە کە دواڕۆژ لەبەرژەوەندی ڕزگاربووان و دەوڵەمەندانی ژیانی دونیایە، واتە: هەرکەسێك دەوڵەمەندبێت ئەوە بەهەشتییە".

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سۆمەرییەکان ڕێگەی ڕۆیشتنی بەهەشتیان زانیوە، دەشیانزانی لەکوێیە، لەپێناو ئەمەشدا نەخشەیان بۆ داڕشتۆتەوە و نێردەیان

بۆ ناردووە. تۆڕێنەوەکان باسی ئەوە دەکەن بەهەشت باخێکی گەورەی سەرزەوی بووە، بەڵام ئایینەکان پێگەکەیان گواستۆتەوە بۆ ئاسمان.

٣- چیرۆکی لافاوەکە:

هەندێك لەو تابلۆیانەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا لە نوێنەوا دۆزرانەوە، دانەیەکیان دەگەڕایەوە بۆ کتێبخانەکەی ئاشور بانیپاڵ کە لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین فەرمانڕەوایەتی کردووە، ئەم تابلۆیە چیرۆکێکی تێدایە هاوشێوەی ئەوەیە کە لەباسی لافاوەکەی نوحدا هاتووە لە سفری تەکویندا، پاش وەرگێڕانی ئەم تابلۆیانە دەرکەوت چیرۆکی لافاوەکە پێکهاتووی بەشێکی دوورودرێژی داستانی گێلگامێشە، بەجۆرێك تابلۆی یازدە بەشێکی مەزنی چیرۆکی لافاوەکەی تێدایە. تابلۆکانی دیکە ئەوەیان لەخۆگرتووە کە ئەو داستانە لەماوەی بابلی کۆندا نوسراونەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەیەمی پێش زایین، هەروەها ئەو داستانە بە وەرگێڕدراوی بەزمانی حوریی و حیسیش ماون. لێرەوە بۆمان ڕوونەدەبێتەوە ئەو داستانە وەرگێڕدراوەتە سەرزمانە کۆنەکان، هەر لەکۆنەوە لەناوچە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناسراوە. ڕووداوی لافاوەکە لە بیروباوەڕەکانی سۆمەریی و بابلی کە بە سێ چیرۆکی سەرەکی گێڕدراوەتەوە و لەم چیرۆکانەش سەرگوزەشتەی "ئەتراخاسیس"ە کە مرۆڤایەتی لە مەترسی تەواوتیاچوون ڕزگارکردووە لەو لافاوە مەزن و ترسناکەی سەرانسەری زەوی تەنی بوو. چیرۆکەکە دەڵێت خوداکان کۆبوونەوە بە هاندانی خودای کەش و هەوا (ئانلیل) بۆ ڕوودانی لافاوەکە، وەك سزایەك بۆ ئەو خەڵکەی کە

بێشومارانە لەزەویدا بلاوبوونەوە، بەڵام خودای دادوەریی-ئایا- کە ناسرابوو بەوەی خەڵکی خۆشدەوێت و پێی گرانبوو مرۆڤ تیابچێت، هەربۆیە وشیاری بە پیاوێکی لەخواترسدا بەوەی کەشتییەك دروستبکات و پێی گوت: "خانووەکەت بڕووخێنە و کەشتییەك دروستبکە، پارە جێبهێڵە و ژیان بنیات بنێ، لە کەشتییەکەدا تۆوی هەمووی بوونێکی زیندوو هەڵبگرە"، پیاوە لەخواترسەکەش فەرمانی خودای بەجێهێنا، دەسودەم وزەی پێویستی کۆکردەوە تاوەکو لەماوەی حەوت ڕۆژدا کارەکەی ئەنجامبدات. دوای لێبوونەوەی لە دروستکردنی کەشتییەکە کاتی بارلێدانی هات بەپێی ڕۆشنەڕێدەرەکانی خودا "ئایا" بە شمەك و تۆو و مرۆڤ و ئاژەڵەکان، ئینجا خودا لەگەڵ پیاوە لەخواترسەکەدا کەوتەقسە و گوتی: " کاتی دیاریکراو چاوەڕوانبە، کە پێم گوتی ڕاستەوخۆ بڕۆرە کەشتییەکەتەوە و دەرگاکانی دابخە لەسەر خۆت و ژن و هاوڵ و نزیکانت و ئەو کرێکارانەشی بەهرەدارن، جۆو و سامانەکانیشت بیرنەکەیت".

دواتر لافاوە مەزنەکە هات و هەورەبروسکە ئاسمانەکانی دەدڕی، گێژەڵۆکەی وێرانکار هەمووشتێکی لەناودەبرد، لافاوێکی گشتبەر، تاریکییەکی چاو ونکار، هەموو جێیەك وێران بوو، تەنانەت خودی خوداکەش بە ترساوییەوە بەرەو ئاسمانێکی دوور کشایەوە، دۆخەکە بۆماوەی حەوت ڕۆژ و شەو بەردەوام بوو، لافاوەکە هەموو بوونەکانی سەرزەوی داپۆشی و دەریاکان پڕبوون لەخەڵکی مردوو، وەکو ماسی بچووك ئاوها ئاو دەیهێنان و دەیبردن، وەك چۆن پیاوی لافاوەکە ئاوها باسی دەکات. لەلایەکی تریشەوە تیاچوونی خەڵك بەم شێوەیە بووبووە هۆی خەمبارکردنی خوداکان، بەتایبەت ئەو

خودایەی خەڵکی خۆشدەویست زۆر داخی بۆ دەخواردن، هاوشێوەی خودای ئانکی و عەشتار. دواجار دەریا گیرسایەوە و هێمن بوو، گێژەبا و گێژەئاوەکان وەستانەوە، لافاو نەما. پیاوی لافاوەکە دەڵێت لە کەشتییەکەیەوە لە دەرەوەی ڕوانیوە بینیویەتی هێمنی بااڵی بەسەر هەموو جێیەکدا کێشایەوە، هەموو مرۆڤەکان گۆڕاون بۆ قوڕ. لەم کاتەیشدا کەشتییەکە لەسەر چیایەك ڕاوەستاوە کە ناوی (نیسیر) بووە و لەکۆتاییدا کەشتییەکە گەیشتە لەنگەرگەکەی[1]. هیچ

---

١) ((ئەتراخاسیس))بە: ((زیو سۆدرا+ئۆتناپیشتم و نوحیش دەناسرێت)).

نیسیر (بیە سیر= نیە سەر=نو سەر= نوخ سەر= لوتکەی نوح)، چیای پیرەمەگرونی ئێستایە، ڕەنگە چیاکانی دەوروبەری دوکانیش بگرێتەوە. لەکۆتاییشدا نوح لەدەمی ڕووبارەکان نیشتەجێ بووە نەوەك لە دەڵتا و کلکی ڕووبارەکان، واتە لەکوردستاندا گیرساوەتەوە، بەاڵم ڕەنگە لەسەروو تربێت لەوشوێنەی لێی دابەزیبێت، بۆ سەلماندنی ئەوەی چیای نیسیر هەمان پیرەمەگرونە ئەوا بەپێی نوسراوی جێماوی پادشای ئاشوری ((ناسەر بااڵی دووەم ٨٨٢-٨٥٩ پ.ن)) کە ناوچەکەی گۆتییەکانی دەستنیشان کردووە، بەوەی ئەو چیایەی وەها دەستنیشانکردووە کە دەکەوێتە باشوری ڕووباری زێی بچووکی ئێستاوە، بەوەی لەدەقەکەی ئەودا بەچیای (کین پا) ناوی هاتووە و دواتر ئەکەدییەکان ناویان لێ ناوە ((چیای گۆتی)) کە دەکەوتە نیشتمانی لۆلۆ و لەسەر ڕووباری زێی بچووك بوو، ئەوجێگەیە ئێستا چیاکانی دەوروپشتی پیرەمەگرونە (ناوی پیرەمەگرونیش = پیر+مە+گورو ن= پیری ئێمە شکۆمەندە). بەپێی قسەی میژوونوسی کلدانی ((بیرۆسۆو)) کە لە سەدەی سێیەمی پێش زایین ژیاوە دەڵێت کە کەشتییەکە لەسەر چیای ((گوردۆیان)) لەنگەری گرتووە.. چیرۆك و داستانی لافاوەکەش لەلایەن سۆمەرییانی کوردی نیشتەجێی باکور و باشوری کۆچکردوو بۆ خواروی کوردستان و کەندای کوردیۆمەوە نوسراونەتەوە، ئێستاش هەزاران وشەی کوردیی ڕوون لە دەستنوسی سۆمەرییەکاندا هەیە= گەرمیان.

هیوایەکیش نییە بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخەدا، هەربۆیە لەڕۆژی حەوتەمدا کۆترێکی لەکەشتییەکەی دەرهێنا و هەڵیدا، بەڵام زۆری نەبرد گەڕایەوە، واتە وشکانی نەدۆزییەوە. دواتر پەڕەسێلکەیەکی هەڵدا، بەڵام ئەمیش زۆری نەبرد و گەڕایەوە، بەڵام ئەوکاتەی قەلەڕەشکەی لە قەفەز دەرهێنا و ئازادیکرد نەگەڕایەوە.

چیرۆکی لافاو لە دۆڵی-دوو ڕووباردا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر تەورات جێهێشتووە، بەجۆرێك دەبینین لە سفر تەکویندا بەوردی باسی لافاوەکە کراوە. لە بەراوردکردنی چیرۆکی لافاوەکە لە سەرچاوە بزماریەکان و تەوراتدا لێکچوونی زۆریان لێ بەدیدێت. بەهەمان شێوەش باسی تەورات و قەلەڕەشکە کراوە، هەروەها باسی ئەوەش کراوە کەشتییەکە لەسەرچیای ئارارات گیرساوەتەوە. دەقێکی بزماری ئەوەش باسدەکات پیاوی لافاوەکە ((ئەتراخاسیس)) مەڵی ئاسمانی بالّداریی ڕاوکردووە و کردویەتییە نێو کەشتییەکەوە، ئەمەش لە تەوراتدا بوونی هەیە.

٤- جیهانی مردووەکان:

دانیشتووانی کۆنی عێراق لە خەڵکی بابل و سۆمەر باوەڕیان وەهابووە کە مردن کۆتایی هەموو مرۆڤەکانە، نەمرییش بوونێکی نییە جگە لەخودا کەس نەمر نییە. داستانی گلگامشیش تەنها پاڵپشتی ئەم باوەڕ و هزرەیە کە دانیشتووانی دۆڵی دوو ڕووبار بە قوولی باوەڕیان پێی هەبووە. گلگامش لەکۆتایی ڕێگەیدا باوەڕی پێکردووە، پاش ئەوەی شکستی چنگ هێنا لە بەدەستهێنانی نەمریی، سەرباری ئەوەی هەڵگری هەموو تایبەتمەندییەکی

سەروودەسەلآت بووە. مردن لە ئایینی بابلییەکاندا جیابوونەوەی گیانە لەجەستە نەوەك جیابوونەوەیەکی رەهای مرۆڤ، بەجۆرێك باوەڕیان وەهابووە کە لەوکاتەی لاشە لە گۆڕدا دەحەسێتەوە گیان بەرەو جیهانی خوارێ دادەبەزێت کە جیهانی مردووەکانە، ئەمەش لای سۆمەرییەکان ناسرابوو بە "کوور" یان جیهانی خوارەوە، بۆ ئەوەی تاوەکو ماوەی بێ کۆتا لەوێدا بمێنێت، بەجۆرێك باوەڕیان بە بوونی ژۆژی زیندووبوونەوە نەبووە. مردووەکانیش لەڕێگەی بەلەمێکەوە لەلایەن بەلەمەوانێکەوە و لەڕێگەی ڕووبارێکی شەپۆلدارەوە دەگوازرایەوە، سەبارى ئەوەی ئەمە جیهانی مردووەکانە، بەلآم خالّی نەبووە لە دیاردەکانی جیهان، چونکە بەپێی باوەڕی ئەوان ئەمە جێی هەمیشەیی مانەوە بووە.

لەوێدا گیانی مرۆڤەکان بێ جیاوازی تەمەن و خراپەکاریی و دەولّەمەند و هەژارانەوە و خانەدانییەوە دەمێنێتەوە، هەروەها جێگیرکارە بۆ گیانی پادشا و مەزنانی زەوی، بەجۆرێك تابلۆ سۆمەرییەکان بۆمان ڕوونەدەکەنەوە کە پادشا "ئاور نامۆ" پاش مردن دادەبەزێتە خوارەوە، بەجۆرێك دەگاتە ئەو پەلّەیەی بەرپرسان لەوێدا وەکو جێ و شوێنی مانەوەی دەستەبەریان کردووە، مردووەکان بەڕێزەوە سلاّوی لێ دەکەن، ئەویش وەها هەست دەکات لەمالّی خۆیدایە.

"ئاو نامۆ" دەبینێت گەلگامێشی پالّەوان کە مردووە لەوێدا بووەتە دادەر، بەجۆرێك بەخێرا دەچێتە خزمەتی و هەموو سیستم و ڕێنماییەکی تایبەتی بە فەرمانڕەوایی جیهانی مردووەکانی پێ ئاشنا دەکات. لەتەوراتیشدا هاوشێوەی ئەو دەقە سۆمەرییە هاتووە کە لە تابلۆی سۆمەرییەکاندا باسکراوە، بەتایبەت

دابەزینە خوارەوەی پادشای بابلییەکان بۆ جیهانی مردووان و پێشوازی لێکردنی لەلایەن دەستەیەك لە گەورەکانی زەوییەوە، ئەم چاڵەی خوارەوە بۆ هاتن ئامادەکراوە، هەموو مەزنانی زەوی لەسەر پێ وەك ڕێز بۆت ڕادەوەستن، هەموو پادشای نەتەوەکان لەسەر کورسییەکانیان هەڵدەستن و دەڵێن بەخێرهاتی، پشتیوانەکەمان لاوازبوو و هاوشێوەی ئێمەی لێهاتووە.دابەزە خوارەوە، ئەوانەی دەتبینن لێت دەنواڕن و ڕادەمێنن و دەڵێن ئەمە ئەو پیاوەیە کە زەوی هێنابووە لەرزین و دەوڵەتەشارانی هێنابووە کەناری تیاچوون (ئەشعیا ١٤).

بەجۆرێك ئەو دەقانەی لە تابلۆکانی سۆمەرییەکاندا هاتووە بە "٣٠٠سال" بەلای کەمەوە پێش تەوراتن، هەروەها دانیشتووانی کۆنی عێراق باوەڕیان بە پەیوەندییەکی پتەوهەبووە لەنێوان گیانی مردوو لە جیهانی خوارێ و لەشی لە گۆڕەکەیدا. سۆمەرییەکان ناوی زۆریان لە جیهانی مردووان ناوە بەناوبانگترینیان ((زەوی نەگەڕانەوە)).

باوەڕییان ئاوهابووە کە هەرکات گیان دابەزییە ئەو شوێنەوە ئەوا بۆ هەتاهەتایە بەزیندانی دەمێنێتەوە. جیهانی خواریشەوە بەپێی بیروباوەڕەکانی سۆمەریی و بابلییەکان شوێن جێیەکی تاریکە، دەکەوێتە خواروی زەوییەوە و حەوت دەرگای هەیە و خوداوەندگەلی تایبەت دەیانپارێزن.

لەتەوراتدا وشەی" شیۆل" هاتووە بۆ ئاماژەدان بە جیهانی مردووان، کەواتە ئەم شیۆلە چییە؟ کە ئایینی یەهوا بەپشتیوانی ئەفسانە سۆمەری و بابلییەکانی تایبەت بەجێگەی گیانی مردووەکان بەکاریهێناوە.

ئەم چەمکە لە تەوراتی کۆن یان پەیمانی کۆندا (٦٥) جار هاتووە، (٣١)جار مانای قەبر (گەور=گۆڕ)ی لێنراوە، (٣١)جاری دیکەیش بەمانای کۆگەی مردووان، (٣)جاری دیکەش بەواتای چاڵ. وەرگێڕەکانی تەورات وشەی چاڵیان بەکارهێناوە بۆ ڕوونکردنەوەی دەقی وەرگێڕدراویان، بەوەرگرتنی مانای دۆزەخ بەشێوە و تەرزی مەسیحییەکان کە ئەویش لە دەریای ئاگری میسرییەکانەوە وەریانگرتووە، بەتایبەت لەسفری ئەمسالدا کە لەبری شیۆل هەستاون وشەی ئەخلیە (دێو یان تارمایی)یان بەکارهێناوە، بەوەی لەبری ئەوەی بڵێن" لە شیۆلدا دەمێنێتەوە" نوسیویانە "لەنێو ئەخلییەکاندا دەمێنێتەوە".

ئەم دێڕەیان بەم دوادواییە وەرگێڕاوە. هەرچی جولەکەکانە باوەڕیان ئاوها بووە کە جیهانی مردووەکان (شیۆل) دەکەوێتە ناوسکی زەوییەوە و لەژێر ئاوی دەریادایە، ئەمەش لەسفری ئەیوبدا دیارە ((ئەخەلییە دەلەرزێت لەژێر ئاو و دانیشتووانییەوە. چاڵە دۆزەخەکە پێشی کراوەیە و تیاچوونیش پۆشەری نییە)).

هەروەك چۆن باوەڕیشیان وەهابوو کە جیهانی خوارەوە جێیەکی تاریکە و بەهاوسۆزی بابلییەکان ئەمانیش باوەڕیان بەوە هەبوو کە دۆزەخ دەرگای هەیە ((خۆ چەند ڕۆژێکم هەیە کەواتە مۆڵەتبدە بابحەسێمەوە پێش ئەوەی بڕۆم و چیتر نەگەڕێمەوە لە سەرزەمینی تاریکی و سێبەری مردن، زەمینی تاریکستان و گەورەترین ڕووناکی تێیدا تاریکترین بێت و هیچ کەسێك سەرگەورە نەبێت)) (سفری ئەیوب).

((ئایا بە دەرگاکانی مردن ئاشنابوویت یاخود نالاّندت بەدەست دەرگاکانی سێبەری مردنەوە)) (سفری ئەیوب)، زۆر دێڕی تایبەت بە دەرگای دۆزەخ لە تەوراتدا هەیە بەتایبەت لە سفری ئەیوب و ئەشعیادا، هیچ سفرێکی تەورات کە باسی چاڵەکە دەکات بێ وشە نابێت لەوەی ئەو نەبوونەیە کە هیچ ژیانێکی تری بەدواوە نییە. سفرەکانی تەورات خاڵییە لە باسکردنی زیندووکردنەوە و پۆژی دوایی و لێپرسینەوە بەشێوەی پڕێک و پاست، لەسەرەتاوە باوەڕیان ئەوەبوو کە پۆژی لێپرسینەوە دەکەوێتە زەوی خوارەوە، ئەوکاتەی برایانی یوسف هاتن بۆلای یەعقوب و کراسی براکەیان بۆ هێنابوویەوە بە خوێن سورکرابوو، یەعقوب خەمباربوو و جلەکانی درێ، و گوتی" من دادەبەزمە لای کوڕەکەم بە خەوتوویی و تێر بۆی دەگریم" (تەکوین: ٣٥-٣٧)، هەروەها لە تەکویندا هاتووە "بەلاّم خودا داهێنانێکی مەزنی ئەنجامدا و زەوی دەمی کردەوە و هەموویانی قوتدا لەگەڵ سامانەکانیاندا دابەزینە چاڵەکەوە...لە چڵەکەیشدا پەیوەندی مرۆڤ بەخوداوە دەپچڕێت،چونکە مردن باسکردنەوەی نییە، لە چاڵەکەدا کێ سوپاست بکات" (مزمور ٥-٦)، لەسفری ئەشعیادا باسی چاڵەکە لەچەندین بابەتدا هاتووە ئەوانیش" (٤-٥)، (٣٨-١٠)، (١٤-٩)، (١٥،٢٨). هەرچۆنێک بێت ئەوا ئێمە پێشبینی ئەوە ناکەین هاوچوونی مردن لە باوەڕی جولەکەکان و دانیشتووانە کۆنەکەی خەڵکی دوو پووباردا کتومت پڕێک وەکوێک بن. بەلاّم ئەمە مانای ئەوەنییە کە بابلی و سۆمەرییەکان بێبەشن لە ئاودانی باسەکانی جولەکەکانی تایبەت بە مردن و جیهانی خوارەوە کە نەختە نەختە پۆچووەتە ناو تەوراتەوە. بەمکارەش ئایینی جولەکە ئەو بۆشاییەی پڕکردۆتەوە کە تایبەتن بە مردن و گۆڕ و بۆ ئەمەش کەڵکی تەواوی لە

دەقەکانی بابلییەکان وەرگرتووە و نەختێکی باش گۆڕیویانە بۆ ئەوەی نەیناسنەوە.

لە میسۆلۆجیا (ئەفسانەناسی)ی بابلییەکاندا مردن هەڵوەشاندنەوە و بلاوبوونەوەی جەستەی مرۆڤە، گۆڕیش تاریکستانێکی زۆر ترسێنەرە، ئەو چاڵە قوواڵەشە هەرکەسێکی تێکەوت لێی نایاتەدەرەوە و ئەو شوێنەیە پڕپڕە لەخەم. بابلی و سۆمەرییەکان باوەڕیان وەهابووە کە تاکە ڕێگەی ڕزگاریی لە پرژ و بلاوبوونی مردن و تاریکی چاڵە قوواڵەکە دەستخستنی ڕەزامەندی خوا مەردۆخە کە دەتوانێت مرۆڤی زیندوو ڕزگاربکات لەدابەزینە نێو گۆڕەوە. بابلییەکان باوەڕیشیان وەهابوو کە لێپرسینەوەی خودا بۆ مرۆڤ لێپرسینەوەیەکی زەمینی پاراوە، سەرئەنجامەکەشی بە باشبێت یان خراپ هەر لەزەویدا ئەنجامدەدرێت. ئەو پاداشتە بەجۆرێکە ڕزگاربوونە لە نەخۆشی و دوژمن و زاڵبوونیشە بەسەریاندا، لەگەڵ بوون بەخاوەنی سامان و پێگەی باڵا. لە سفری مەزامیردا وشەی "سەلاە" ٧٣ جار هاتووە وەکو ئاماژەیەک بۆ جیهانی مردووانی بابلییەکان، هاوواتای ئەم وشەیەش چاڵەقوواڵەکەیە. لەئایینی جولەکەدا باوەڕیان بەبوونی جیهانێکی تر نەبووە، بەوەی دوای مردن مرۆڤی تێدا دادگایی بکرێت، پاداشت و سزای لێ وەربگرن. لە مەزموری "١١٥"دا دەڵێت: " ئاسمان بۆ خودایە، بەاڵم زەوی بەخشیوە بە وەچەکانی ئادەم، مردووەکانیش تەزبیحاتی خودا ناکەن... ". ئایینی جولەکە پەیڕەوکاری ئەو بۆچوونە بابلییەیە، مانەوەش پاش مردن تەنها بە ئێسقان و خوێن و ناوی مردووەکە دەبێت، تاوەکو ئێستاش جولەکەکان باوەڕیان وایە کە کرۆکی مرۆڤ تەنها ناوەکەیەتی، جووگەرایی تاکە ئایینی یەک خواییە کە

بیرۆکەی زیندووبوونەوەی دوای مردنی تێدانییە. بەهیچ شێوەیەک لە تەوراتدا باسی نەمریی رۆح و چەمکی زیندووبوونەوە بوونێکی نییە، بێگومانیش بیرۆکەی جولەکە بۆ جیهانی دوای مردن لەو ڕووەوەیە کە مردن مانای تەواو کۆتابوونی ژیانە، یاخود کوژاندنەوەی هۆشە، ئەوەی لەبارەی مردنەوە هاتووە لەئایینی جولەکەکاندا تازە دانراوی ئەم دوادواییەن. زانایانی جولەکە لە نووسینەکانی ئەم ماوەی کۆتاییاندا کە بەشێکیش نین لە کتێبی پەیمانی کۆن(تەورات) باسی بەهەشت و دۆزەخ دەکەن. ئەوەشی هەیە لە دەقە کۆنەکانی پەیمانی کۆندا تایبەت بە مردن و دۆزەخ و بەهەشت و دادگایی ڕۆژی دوایی ناڕوون و لێڵن، یاخود بەلایەکدا نەخراون، لەکۆتاییدا گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی مرۆڤ دوای مردنی تووشی جیهانێکی جیاوازتر دەبێت لەمەی تێیدا بووە، بەگشتی مرۆڤ لەڕوانگەی جولەکەکانەوە پاش مردن ناو و خوێن و ئێسکی مرۆڤ لە شوێنێکدا دەمێنێتەوە کە ناوی " شیۆل" ە، بەمانای ((جیهانی مانەوە))، جیهانێکە ژیان تێیدا بەردەوامە، بەڵام بێ جەستە، لەمەشیاندا دیسانەوە لاسایی بیروباوەڕی بابلییەکان بوون، بەتایبەت بیرۆکەی مردنی دوای مردن، بەوەی هەرکەسێك خراپبێت و لەدادگایی سزابدرێت دیسانەوە لەناو مردنەکەیدا دەمرێتەوە.

٥- پەندەکانی سۆمەرییەکان:

عیبرانییەکان هەمووشتێکیان لە سۆمەرییەکانەوە وەرگرتووە، تەنانەت پەندەکانیشیان، دواتریش خزاندویانەتە نێو تەوراتی پیرۆزەوە. پەند گەلی سسۆمەری پێش سێ هەزار و پێنج سەد ساڵ نوسراون، بێگومانیش پێش

نووسینەوەی ماوەیەکی زۆر بنێشتەخۆشەی دەمی خەڵکی ناوچەکەبووە. نوسەر و لێکۆڵەر"کریمەر" لە کتێبی"مێژوو لە سۆمەرەوە دەست پێ دەکات" دەڵێت: " ئەوپەندانەی لە پەیمانی کۆندا هاتوون بەیەکەمین کۆمەڵە پەندگەلی بەمرۆڤ ناسێندراوبوون تاوەکو شارستانی کۆنی میسر دۆزرایەوە و زانرا کە ئەوانیش خاوەنی کۆمەڵێکی باش پەند و قسەبوون کە مێژووەکەیان زۆر لەتەورات کۆنترە، بەڵام بەچەند سالێك دواتر کە شارستانییەتی دوو ڕووبار دۆزرایەوە دەستگەیشتە کۆمەڵە پەندگەلێکی ئاوهای سۆمەری لەسەر تابلۆی قوڕین کە بە چەندین سەدە لەوانەی میسرییەکان کۆنتربوو".

٦- زمانی یەکگرتووی مرۆڤ [1]:

---

[1] دەڵێن خودا لەپێشدا ئادەمی فێری هەموو زمانەکانی سەرزەوی کردووە، ئەویش منداڵەکانی فێرکردووە، بەڵام پاش مردنی هەر منداڵە و ئاراستەیەکی گرتووە، کام زمانیان بەباش زانیوە وەریانگرتووە، ئەمە پێش نوح بووە، دوای لافاوەکە تاکە زمانی سەرزەوی هی نوح و هاوەڵانی بووە، دواتر کە وردە وردە زۆربوون بڵاوەیانکرد و هەر گەلێك وردە وردە زمانی خۆی دروستکرد، بەڵام بەگشتی زمانی جێماوی نوح زمانی کوردییە و دایکی زمانەکانە، وشەی کوردیی لەزۆرینەی زمانەکانی دونیادا بوونی هەیە، پاش ئەوەی نوح لە کەشتییەکە دادەبەزێت گوندی (هەشتا)ی دروستکردووە کە ئێستاش لەدامێنی چیای جودییە لەباکوری کوردستان، ئێستا ئەو گوندە ناوی ((هەشتیان=هەشتایان)) و سەربەشاری ((شەر ناخ))ە بەمانای ((شار نوخ= شاری نوح))، بەڵام تاوەکو ئێستا نازانرێت کە ئادەم بە چ زمانێك قسەی کردووە، دەشڵێن ئەوانەی ناو کەشتییەکە بوون بەزمانی جیاواز قسەیانکردووە و نوح وەرگێڕیان بووە، یاخود ڕەنگە هەموویان زمانی نوحیان زانی بێت کە زمانی کتێبی پیرۆز و ئایین بووە (وەرگێڕ).

لەنێو ئەو تابلۆ قوڕینانەی سۆمەردا تابلۆیەك دۆزرایەوە کە ئاماژەی بە یەکەمین بیرۆکەی بەمێشك مرۆڤدا هاتووی سۆمەرییەکان بوو دەربارەی چەرخی ئالتونی، کە وەك لە میسۆلۆجیای کۆندا ناسراوە ئەو چەرخەیە کە مرۆڤ بە بەختەوەری تەواوی پڕ ئاساییش و بەهەشت ژیانەوە دەژی و، هیچ مەترسییەکی تێدانییە، لەو تابلۆیەدا هاتووە:

هەبوو نەبوو سەردەمانێك لەسەرزەمینی سۆمەر -زەوی دانانی یاسا ئاسمانییەکان-دا ئاشتی و ئاساییش بەرپابوو هەموو جیهان بە تاك و تەرایی دەژیان و نوێژیان بۆ " ئانیلی"دەکرد بەیەك زمان.

ئەو ڕستەیەی کە دەڵێت " بەیەك زمان" کتومت دەیسەلمێنێت کە سۆمەرییەکان بوون یەکەمجار و پێش عیبرانییەکان گوتوویانە کە دانیشتووانی زەوی هەموویان بەیەك زمان قسەیان کردووە، پێش ئەوەی زمان بترازێت و زمانی زۆر پەیدابێت، هەر سۆمەرییەکان بوون کە یەکەمجار لەبارەی بەهەشتی تێدا ژیاوی مرۆڤەوە دواون، سەردەمێك پێش لە داکەوتنە خوارەوەی بەهۆی تووڕەیی خوداوەندەوە.

٧- کۆڕگەی خوداوەند:

ئایینی بابلییەکان هەڵگری جۆرێك لە ئالۆزییە، لەم ئایینەدا فرەخوایی پەیڕەودەکرا وەك چۆن کۆڕگەی خوداوەندی بابلییەکانیش کە ئەم بیروباوەڕەی لەخۆگرتبوو پڕبوو لە خوداگەلی دژبەیەك. کۆڕگەی خوداوەند لای بابلییەکان

ئاماژەی هاوسەرگیری نێوان جووت خودایەك و خستنەوەی کۆمەڵێك منداڵە خواوەندی بووە و بەم ڕێگەیەش خێزانە خوداوەندی هاتۆتەئاراوە، لێرەشەوە بیرۆکەی" کۆڕگەی خوداوەند" هاتۆتەبوون، پاش ئەوەی بەتێپەڕینی کات ژمارەشیان زیادبوو سێ بوونی هەڵسوڕێنەر بۆ ئاسمان و زەوی و بارگەی ئاو دەرکەوتن.

یەکێك لەم بوونە خوداوەندییانەش خواوەندی ئاسمان بوو کە هەموو ئەوانەی لەبوونی زەوی و ئاسماندان لەژێر دەستی ئەمدان. خودا " ئانو"یش کەسێتی زاڵی کۆڕگەی ئاسمانە، دوای ئەمیش خواوەند " ئانیلیل" دێت و ئینجا "ئانکی" خواوەندی جیهانی ژێرەوە کە دواتر بووبە خواوەندی ئاوی چاڵێك کە هەرگیز هێورنابێتەوە. هەرچی ئانووە لای سۆمەرییەکان لەهەموو خواوەندەکانی دیکە گرنگتربووە، سەباری بوونی خواوەندی دیکەش لە ئاسماندا –هەڵبەتە بەپێی باوەڕی ئەوان– بەڵام ئەم بەو هێز و پێگە و شکۆیەی هەیبوو وەك خودای بێ ڕکابەری ئاسمان مایەوە.

تاوەکو سەردەمی سۆمەریی تازە وەکو مەزنترین خوداوەند سەیرکراوە. ئاسمانەکەی ئانو بەباشترین شوێنی کۆبوونەوەی خواوەندەکانە لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا.

هەرچی عیبرانییەکانیشە ئەم جۆرە بیرۆکانەی تایبەت بە کۆڕگەی خواوەندیان لەمانەوە وەرگرتووە، بەتایبەت لە مەزموری (٨٢)دا بەڕوونی دیارە کە تێیداهاتووە: "خودا لەسەر کۆڕگەی خوداوەند وەستاوە، لەناوەڕاستی خوداکاندا و دادوەری دەکات"، ئەمەش فرەخودایی لەئاییینی جولەکەکاندا دەردەخات کە وەرگیراوی سۆمەرییەکانە.

٨- بیرۆکەی ڕزگارکەر:

بیرۆکەی ڕزگارکەر لە بابلی و ئێرانییەکانەوە وەرگیراوە، هەرچی بابلییەکانە ئەوا باوەڕیان وابووە هەرکات گەندەڵی و بەڵا و خراپە زەوی تەنی ئەوکات "ماردۆك" بۆیان دەگەڕێتەوە بۆ پاکژکردنەوەیان لە گەندەڵییەکان و تێراویان دەکات لەباشە و خۆشیی. هەرچی ئایینی زەردەشتە (زەرئوشتر- زەرئوستر- زەردەئەستێر- ئەستێرە زەردە- خۆر- وەرگێڕ) کە لەڕێگەی زەردەشتەوە لە (٦٦٠-٥٨٣ پ.ز)دانراوە، باوەڕی بەوە هەیە کە هەموو هەزارسالْ جارێك ڕزگارکارێك لە خانەی زەرئوستراندە دەردەکەوێت بۆ یارمەتیدانی "هورمازدا= ئاهورامازدا"ی خودای چاکە لەدژی براکەی "هورمان= ئەهریمەن"ی خودای خراپە. بەمشێوەیەش ئەم بیرۆکەیە گواستراوەتەوە بۆ نوسەرانی تەورات، باوەڕیان وایە کە "یەهوە"ی خودایان کەسێکیان بۆ دەنێرێت لە دیلیی ڕزگاریان دەکات و دەیانگێڕێتەوە بۆ فەڵستین بە پەرجوگەلێك خۆشیان بە خەیاڵیاندا نەهاتووە..عیبرییەکان باوەڕیان وایە کە خودا بەڵێنی پێداون زەوی فەڵەستین هی وەچەکانی ئیسرائیل (یەعقوبی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم) بێت، هەروەها باوەڕیشیان بە ڕزگارکاریان هەیە کە لەسایەیدا خەونی مانەوەی یەکجارەکی لە زەوی بۆ نوسراویان و زاڵبوون بەسەر ئەو گەلانەی جولەکەکانیان ئازارداوە بەدیدێت. ئەم ڕزگارکارەش لەپێناو هەموو مرۆڤایەتیدا نایەت، بەڵکو تەنها لەبەر وەچەکانی ئیسرائیل دێت، جولەکەکان لە ستەمی گەلان ڕزگار دەکات، هەروەها دەیانکاتە سەرداری هەردوو جیهان، خانەدانان دەکاتە کۆیلە و دەستشۆردەریان. ئەم ڕزگارکارەش درێژەوەبووی نەوەکانی

خێزانی داوده، بارەگای فەرمانڕەوایەتییەکەشی قودسە پایتەختی جیهان. ئەو ڕزگارکارەش لەکۆتایی زەماندا دێت هەڵگری تایبەتمەندییەکانی خودا یەهوەیە کە دەناسرێتەوە بە خودای گرکان و گێژەڵۆکە، ئەمانەش تایبەتمەندییەکانی "ئانلیل"ی خودا سۆمەرین.

هەروەها چەمکی گرێبەست یان پەیمان کە عیبرییەکان بە خودا "یەهوە"وە دەبەستێتەوە چەمکێکی باوی لای گەلانی ڕۆژهەڵاتی بووە بە بیر و ئەنجامدراوەکەیەوە. بەجۆرێك "کارین ئارمسترۆنگ" دەڵێت: " گفت و پەیمانبەستنی نێوان یەهوە و گەلەکەی شوێنکەوتەی نموونەی سۆمەرییەکانە. گەوهەریش لە پەیمان و گفتی سۆمەرییانی کۆندا داواکردنی وەلای ڕەهایە، ئەمەش هەمان ئەو وەلایەیە کە یەهوە لە گەلەکەی دەوێت لەبەرامبەردا ئەمیش گفت دەدات لای خۆیەوە چاوی لێیان بێت و بیانپارێزێت". بیروباوەڕی جولەکە دەربارەی ئەوەی پەیوەندی تایبەتییان لەگەڵ خوای تایبەتییاندا هەیە، لەگەردوونیشدا لەجێیەکی ناوەندین و گەلی لەلایەن خوداوە بژاردەن و ئامانجی مێژوو و کاتن، قودسیش لەباوەڕی ئەواندا ناوکی زەوی و چەقی گەردوونە، ئەمە هەمان باوەڕی کۆنی سۆمەرییەکان بووە بەوەی سۆمەرییەکان باوەڕیان وابووە کە سەرزەمینەکەیان بە پیرۆزی هەڵبژێردراوە، زەویشیان وەها وێناکردووە کە قاپێکی ڕووتەختە و لەسەر ڕووی مانگ شەپۆل دەدات، لەناوەڕاستی ئەم زەوییەشدا گردێك یاخود تاتەبەردێکی مەزن هەیە کە ناوی "ناوی زەوی"یە، بەمانای ناوەندی زەوی کە جێ ناوچەی ئەوانە. هەروەها سۆمەرییەکان باوەڕیان وابووە کە ولاتی دوو ڕووبار لە سنووری وشکانییەوە بەرزەدەبێتەوە و ئینجا چاڵە ئاوێکی گەورە بەدوایەوە دێت، عیبرانییەکانیش

بۆچوونیان وابووە کە قودس لەسەرووی چاڵێکی ئاوییەوەیە و بەرز ڕاوەستاوە.

قودس لای عیبرانییەکان و پێغەمبەر حەزقیال ناوک یان چەقی زەوین، وەک چۆن لەهەندێک ئەدەبیاتی ئیسلامیشدا قودس بە ناوکی زەوی دانراوە لەکاتێکدا لای ئیسلامی ڕاستەقینە ناوک مەککەیە نەک قودس. بەجۆرێک باوەڕیان وایە یەکەمین پەڵەی دروستبوونی زەوی ئەو بەردەیە کە خانەی پیرۆز (بیت المقدس)ی لەسەر هەڵکەوتووە، هەروەها باوەڕیشیان وایە کە نەتەوەی جولەکە چەقی کات و شوێنن، دەرکەوتنەوەشیان وەکو دەوڵەت و نەتەوە لەم ناوەندەدا مەرجی جێگیربوونی سیسمی گەردوونە.

٩- دژایەتی هێزی خراپە:

دروستبوونی گەردوون بەپێی بیروباوەڕی دانیشتووانی نێوان دوو ڕووبار هەروا بەهێمنی و سادەیی نەهاتۆتە کایەوە، بەڵکو پاش جەنگێکی ڕامانێنەری نێوان هێزی خودایانی گەنج لەدژی کۆمەڵێک خودای ڕقاویی بووە کە بە خودا کۆنەکان ناسراون.

بەپێی بیروباوەڕە ئاینییەکانی ئەوان پێش دروستبوونی گەردوون و مرۆڤ جەنگ ناسراوبووە و کۆنە بەکۆنی خودی خودا. چیرۆکی ئافراندنی بابلیی وێنەیەکی ڕوونی ئەو چەکانەمان پیشان دەدات کە خوداکان لەجەنگیاندا دژبەیەکدی دروستیانکردووە و بەکاریانهێناوە، هەندێک لەو چەکانە پێکهاتوون لە ئاژەڵی ئەفسانەیی کەتە و ترسێنەر، هاوشێوەی مار و شاماری ژەهراوی زل بالگرتوو و بای وێرانکار..دیارترین خاڵی ململانێ لە چیرۆکی ئافراندنی

بابلییەکاندا ئەوەیە کە مەردۆخ خودای چاکەیە و لەگەڵ تیامەی خراپە و سەربازەکانیدا لەجەنگدایە. ئاوی نەمری شەڕ لای بابلییەکان تیامەیە بەمانای دەریا، چیرۆکی ئافراندنی بابلیی بە بوونەوەرێکی کەتەی ترسێنەری خاوەن هێزی ڕادەبەدەر وێناکردووە، بەجۆرێك تیامە لە جەنگیدا دژ بە مەردۆخ بوونەوەری زل و ترسهێنەری بەسەرباز گرتووە، ئەوانیش هەژدیهای باڵندە و شاماری کەتە، لەکاتێکدا مەردۆخ با و گێژەڵۆکەی وێرانکاری وەکو چەکی خۆی بەکارهێناوە.

لە میسۆلۆجیای بابلیدا مەردۆخی -کەی سەرا=پادشای گەورە- خودا بەسەر هەژدیهای کوێرا سەردەکەوێت و گەردوون ڕێکدەخاتەوە.

ئاشوریش لە میسۆلۆجیای ئاشوریدا هەمان شتی دووبارە باسکردۆتەوە، لە میسۆلۆجیای کەنعانییەکاندا هاوشێوەیە لەوەی مارە پێچخواردووە حەوت سەرەکە، لویاسانی پێچخواردووی هەڵهاتوو ((بەعل)) ی خواوەند کوشتویەتی پێش پڕۆسەی ئەنجامدانی پێکهێنان و ڕێکخستنی بوون.. ئەوکاتەی جولەکەکان لەوەختی دوورخراوەیی و دیلێتیدا بوون دووبارە دەستیان دایەوە بە نووسینەوەی میژوو و تەورات زۆر شتیان لە بابل و کەنعانییەکان وەرگرت، بەتایبەت لە چیرۆکی پێکهێنان و ئافراندندا، هەربۆیە شتێکی ئاسایی بوو کە ڕۆڵی بکوژی هەژدیهای کوێر ببەخشن بە یەهوەی خودایان، ئەمەش لە "سفری ئەیوب:٤١"دا ڕەنگی داوەتەوە، هەموو ئەم چیرۆکانەی بابلی و سۆمەری تێکەڵاوی سفرەکانی تەورات بوون و، بوون بە بەشێکی گەورە لە ڕۆڵگێڕانی خودا بۆ دژایەتیکردنی هێزی خراپە کە خۆیان لە هەژدیها و شامارا مەڵاسداوە.. هەروەها دەریاش وەکو سەرچاوەی ئەم هێزە خراپانە ناسێنراوە،

باسی ئەوەش کراوە کە خودا بەسەر دەریادا زاڵبووە و شەپۆلەکانی هێورکردووەتەوە، بەهاوشێوەی ئەوەی تیامە لەسەر دەستی مەردۆخی خوای چاکە لێی بەسەرهات لە تەوراتدا هاتووە: " لەو ڕۆژەدا خودا بە شمشێری تیژ و بەهێزی لویاسانی ماری پێچخواردوو سزادەدات و ئەو هەژدیهایەش دەکوژێت کە لە دەریایە" (ئەشعیا). هەرچی تایبەتیشە بە (لویاسان)ەوە ئەوا ئاژەڵێکی ئەفسانەییە و باوەڕ وابووە هەندێك جادوکاری بەهێز دەتوانن بەئاگای بهێننەوە و ئەم ئاژەڵە هۆکاری خۆرگیرانە چونکە بەر تیشکی خۆر دەگرێت و تەنانەت توانای هەیە هەسارەکانیش قوتبدات –ئەم ئەفسانەیە لای هەندێك نوسەری کۆنی ئیسلامیش بوونی بەهێزی هەبووە:وەرگێڕ–.

هەروەها لەبارەی پەسەندکردنی خۆریشەوە زۆر دەقی نێو تەورات هی ئەفسانەی بابلییەکانە، ئەمەش لای باوکە یەسوعییەکان دانی پێدانراوە.

١٠–چیرۆکی ئەستێری جولەکە و ئەشتیری بابلی:

نوسیاری سفر ئەستیر لە پەیمانی کۆندا سوودی لەچیرۆکێکی کۆنی بابلییەکان وەرگرتووە، بەجۆرێك سفرەکە باسی ئەستێر و مەردخای ئامۆزای دەکات، لەگەڵ تۆڵەکردنەوەیان لەهامان و شالیار (وەزیر)ی پادشای پارس ئەحشویرس. چیرۆکەکان زۆر لە یەکتر دەچن بەتایبەت لە داستانی بابلی و ئیلامییەکان. هەر پاڵەوانێکی چیرۆکەکەی تەورات بەرامبەرە بە پاڵەوانێکی ئەفسانەیی بابلیی هاوشێوەی:

– ئەستێری جولەکە هەمان عەشتر و عەشتیر و ئەشتیری بابلییە.

– هامانی شالیاری ئەحشویرس خودای ئیلامییەکانە.

- "مەردخای" هاوتایە بە "مەردۆك"ی بابلی.

ئەوەی دووپاتکەرەوەی ئەم لێ وەرگرتنە تەوراتییەیە لە کلتووری بابلیدا، ئەوەیە کە مێژووی ئێران باسی هیچ پاڵەوانێکی چیرۆکەکانی تەورات ناکات، بەتایبەت ئەستێر و شازنە فشنی.

هەرچی تایبەتە بە مەزامیرە یەتیمەکان -بۆیە وایان پێ دەگوترێت چونکە نوسەرەکانی دیارنین- زۆر لە سروود و دەقە ئاینییەکانی هی میسر و گەلانی تـرە، بـۆ نموونـە "مـەزموری ١٠٤" هـەمان دەقـی سـروودەکەی ئەخناتونـە بەتایبەت بڕگەکانی (٢٠-٣٠).

هـەروەها "مـەزموری ٢٩" لـە چیرۆکی ئۆگاریـت بـۆ بەعلـەوە وەرگیراوە لەگـەڵ گۆڕینی ناوی بەعل بۆ یەهوە، هەروەها "مەزموری ١٩"یش ئەو لاڵانەوانەیـە کـە پێشکەشـی خـودای خـۆر دەکـرا. هەرچـی تایبەتیشـە بـە سـفری سـروودی سروودەکان "ویل دیۆرانت" باوەڕی وایە ئەوانەی ئەم دێڕانـەیان داڕشتۆتەوە کـارتێکراوبوون بـە گیـانێکی هیلینـی کـە لەگـەڵ داگیرکـاریی ئەسـکەندەردا لەناوچـەکەدا بلاّوبووەتـەوە، ڕەنگیشـە ئـەم سـفرە لـە ئـادابی میسـرییەوە وەرگیرابێت بەبەڵگەی ئەوەی عاشقەکان لەکۆنی میسردا بە: برا، خوشکم بانگی یـەکتریان کـردووە، ئەمـە لای عاشـقە میسـرییە کۆنـەکان باوبووە -تەنانـەت لای خـەڵکی شـەنگال و بـابلیش هـەمان شـت بـاوبووە وەك چـۆن بـرایم بـە سـارای خێزانی گوتبوو خوشکمە: وەرگێڕ-.

ئەمن حـەوتب دەڵێت:" هاوڕێیـەتی پیـاوی تـووڕە مەکـە، کەسێکیش حـەزت بـە قسـەکردنی نـەبێت" لـە سـفری ئەمسـالدا هـاتووە:" بـرادەری تـووڕە مەکـە" (ئەمسال ٢٢/٢٤).

ئەمن حەوتب دەڵێت:"نوسەری لێهاتوو لەکارەکەیدا خۆی بە بەخێرهاتن لێکراوی لەکۆشکی پادشایاندا دەبینێتەوە".

سفری ئەمسال: "کەسێکی تێکۆشەرت بینیوە کە لە پێش دەرکی پادشایان پەکی کەوتبێت" (ئەمسال ٢٩/٢٢).

هەروەها لەنێوان تەورات و یاساکانی حامورابیشدا لێکچوونێکی زۆر هەن کە دەقی یاساگەلی حامورابی زۆر لەپێش تەوراتەوە هەبووە، بۆ نموونە لە (سفر خروج ٢١/٢٨-٣٢)دا هاتووە:

"گەرهاتوو گایەك پیاوێك یان ئافرەتێکی پێشێلەکرد و کەسەکە گیانی لەدەستدا ئەوا گاکە سەردەبڕدرێت و گۆشتەکەی دەخورێت، ئەمە گەر خاوەن گایەکە بێگوناە بێت، بەڵام گەر گاکە پێشتر ئازاری کەسی دیکەی دابێت و گەواهیش هەبوو لەسەر خاوەنەکەی کە باش پەتی نەکردووە و بەهۆیەوە پیاوێك یان ژنێك مردووە، ئەوا گاکە بەبەرد مردار دەکرێتەوە و خاوەنەکەشی دەکوژرێت".

لەبەرامبەردا لە یاساکانی حامورابیدا و لە مادەی (٢٥٠-٢٥٢)دا هاتووە:

"گەر هاتوو گایەك لەسەر ڕێگە قۆچێکی دا لە کابرایەك و کوشتی، ئەوا هیچ کەسێك بۆی نییە داوای هیچ بکات، بەڵام گەر بێتو پێشتر گاکە لەخەڵکی تری دابێت و خاوەنەکەشی ئەم ڕاستییەی زانیبێت و شاخەکانی نەشکاندبێت یاخود دای نەبەستبێتەوە و ئەم گایە لەکەسێکی ئازادی دا و کوشتی ئەوا پێویستە لەسەر خاوەن گا سی شاقڵی زیوی بدات، بەڵام گەر کۆیلەیەکی کوشت ئەوا بیست شاقڵی زیوین دەدات"، لەبەرامبەریشدا لەتەوراتدا هاتووە:" گەر هاتوو گایەك کۆیلەیەك یان کەنیزەیەکی کوشت ئەوا خاوەنەکەی سی

شـــاقڵ زیـــوی دەدات" (خـــر ٢١/٢٨-٣٢). بەشـــێوەیەکی گشـــتی هەنـــدێک لەمادەکانی یاساگەلی حامورابی هاوشێوەی بەشێکی تەوراتن بۆ نموونە:

یاساکانی حامورابی	ئەوەی لەتەوراتدا هاتووە
- مادەی ١٢٤	- خروج ٢٢/٧
- مادەکانی ٢٤٤-٢٤٦-٢٦٦	- خروج ٢٢/١٠-١٢
- مادەی ٢٠٦	- خروج٢١/١٨-١٩
- مادەی ٢٠٩	- خروج٢١/٢٢

بەمشێوەیە دەبینین لێکچوونێکی زۆر هەیە لەنێوان بابەت و بڕیارەکانی یاسای ئایینی موسا و یاسازەمینی حامورابی، ناشکرێت بڵێین ئەو لێکچوونەی هەیە ڕێکەوت و بێ مەبەست بووە، چونکە شتێکی ئاسایی بوو ئەوکاتەی نەوەکانی ئیسرائیل وەک دیل هێنرانە خاکی دوو ڕووبارەوە هەرچییەک لەیاسا و دەقی گرنگ هەبوو بۆ خۆیانی وەربگرن و سوودی لێ ببینن.

NEBUCHADNEZZAR AND THE KINGDOM OF BABYLON

پەڕەکانی ئەم کتێبە تایبەتە بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ژیانی پادشایەک کە دەستەڵاتەکەی هەر چوار ئاراستەی ژیاریی کۆنەکانی دۆڵی جووت چۆمانی تەنیوە. لەسەر پاشماوەی گەلانی جۆراوجۆر خۆی بەهێزترکردووە، زۆریش سوودی لەو گەلانە دەبینی کە داگیری دەکردن، هەموو جۆرە توانایەکی مرۆیی و دارایی ئەو میللەتانەی قازانج دەکرد، تارادەی گەمەکردن بەژیانیانەوە هەلیدەسوراندن، ئەم پادشایەیش(نابوخەزنەسەر)ی پادشای بابلە، لەکاتێکدا لەودەمەدا بابل بۆ خۆی یەکێک بووە لە شارستانییەتە مەزنەکانی مێژووی کۆنی ئەوکاتی جیهان کە تاوەکو ئێستاش زۆر بیرتیژەزانای تووشی حەپەسانکردووە لە تێگەیشتنی. ئەم پیاوە – نابەختناسۆر یان نابو خەزنەسەر– هیچ کات نە لەیادگەی مێژووکراوە و نە لەبیریشدەکرێت.. بەڵام باشە بۆچی؟ چونکە بە کارەکانی جێ پەنجەی خۆی لای گەلانی جیاواز بەجێهێشتووە و ئەوانیش لەمێژوو و تۆمارنامەکانیاندا ناو و بەسەرهاتیان هەڵگرتووە. هەر ئەم پادشایە بوو کە ڕۆیشتە ئۆرشەلیم و خەڵکەکەی ملکەچکرد، سێ جار لەسەر یەکدی گەمارۆی ئۆرشەلیمی داوە تاوەکو وێرانیکرد، پەیکەری پیرۆزی سلێمان ی–کە هی جووەکانە– تێکشاند.

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

نرخ (٨٠٠٠) دینار